152

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی چواردە/ کانوونی دووەمی ٢٠١٠

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان


● **سەروتار**

- با لە سەرەتاوە وەرگێڕانەکانمان بەپێی پێویستییەکانمان بێ/ سەرنووسەر/ 3

● **دەق**

- کۆکتێلە شینەکانی ئۆرفیۆس/ هاشم سەڕاج/ 6
- تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ/ کەریم دەشتی/ 9
- تیشکە پڕەکان/ سەباح ڕەنجدەر/ 11
- کۆتەل/ عیرفان ئامیدا/ 14
- چوارینە ڕاستەقینەکانی خەییام/ لە فارسییەوە: جەلال زەنگابادی/ 15
- شەوی ژیانەوەی ئەوان/ سارا سادق زادە/ 17
- بەرەواژ/ حەکیم کاکەوەیس/ 28
- ها، کە گەڕامەوە لاتان/ دیدار مەسیفی/ 32
- خادیم/ سەلاحەتین بولوت/ 38
- خەون بە ئەبەدییەتەوە/ لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی/ 40

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ شاعیر و ڕووناکبیر (ڕەزا عەلی پوور)/ ئا: ڕابەر فاریق/ 43

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- ئیحسان مستەفا: پێشڕەوێکی نوێخوازی چیرۆکی کوردی/ سابیر ڕەشید/ 59
- کاریگەری (وێرانە خاک) لەسەر (سترانی نێرگز)/ سامان دزەیی/ 70
- سەردەمی شەیدایی زمان/ محەمەد ڕەحیمیان/ 78
- هەردی و قوتابخانەی ئەزموونی شیعر/ عومەر محەمەدی/ 86

● **بیرەوەری**

- بووم بە مامۆستای زانستگا و خاوەن قوتابی/ مارف خەزنەدار/ 92

● **هزر و فەلسەفە**

- ویلیەم ئۆکامی، جێگیربوونی ڕێبازی نۆمینالیزم/ د. حەمید عەزیز/ 96
- دەروازەیەک بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەوبینین/ سەعید محەمەد نووری/ 104

● **وتار**

- نالی و چاوەکانی حەبیبە/ ئەحمەد چاک/ 110
- چەمکی گریان لە بازنەی شیعریی حەوت شاعیردا/ ئەحمەد حوسێن ئەحمەد/ 114

● **مێژوو**

- هۆزی کەڵهوڕ لە مێژوودا/ عەباس سلێمان سمایل/ 118

● **هونەر**

- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 124
- بەداخەوە دۆستان عیشقیان لە بیر کرد/ لە فارسییەوە: ناسر کەریمی/ 130

● **خوێندنەوەی کتێب**

- ئەو چرکانەی لە موچڕک و تەزوو موتربە کراون/ ئەمین گەردیگلانی/ 135
- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ/ عبدوڵلا مەحموود زەنگنە/ 139
- ماسکە و ڕوح لە ڕۆمانی عەتردا/ لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا/ 144

● **ڕاپۆرت**

- لە هەولێر ئانری دۆلو وی میوانی گۆڤاری ڕامان بوو/ ئا: ڕامان/ 148

● **زاراوەسازی**

- باوهاوس/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 156

● **نرخاندن**

- تا ئێستاش (ڕامان)م بە سەنگینترین و ڕاقیترین گۆڤارەکانی بواری ڕۆشنبیری کوردی زانیوە/ زانا خەلیل/ 158

● **نامە**

- نامەیەکی گۆران بۆ د. مارف خەزنەدار/ ئا: ڕامان/ 159

● **سووکە لەنگەر**

- ئەدەبی نەوەی نوێ/ ئارام سدیق/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# با لە سەرەتاوە وەرگێڕانەکانمان بەپێی پێویستییەکانمان بێ

**(٢ - ٣)**

**سەرنووسەر**

* کاری «وەرگێڕ» ئەگەر لەوپەڕی کارامەیی و دەسڕەنگینی و دەسەڵاتیشەوە ئەنجام درابێ، لەوە تێناپەڕێ کە نیگارێکی لە تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگەوە کردبێتە تابلۆیەکی ڕەش و سپی، بۆیە وەرگێڕانی دەقی داهێنەرانە، بە تایبەتی دەقی شیعر، ئەگەر لە دەستی دووەم و زمانی دووەمەوە وەربگیرێ، لەوە زیاتر نییە کە ئەو دەقە لە تابلۆ ڕەش و سپییەکەوە وەرگیراوە، لەبەر ئەوەیە ئەم کارە پەسەند نییە و ناکرێ شیعر لە دەستی دووەم و زمانی دووەمەوە وەربگێڕین. ئەگەر ئەمە حاڵی وەرگێڕان لە زمانی دووەم و دەستی دووەمەوە بێ، مانای وایە وەرگێڕانی شیعر لە زمانی سێیەم و دەستی سێیەمەوە زۆر «گوناح»ـە و زوڵم و ستەمێکی گەورەیە دەرهەق بە شیعرەکە دەکرێ، خۆ ئەگەر ئەو شیعرە کە لە دەستی سێیەمەوە پێمان گەیشتووە، وەربگێڕینەوە سەر زمانی ئەسڵیی خۆی کە یەکەم جار شیعرەکەی پێ نووسراوە، ئەوە هەرگیز باوەڕ ناکەم خاوەنەکەی ئەو شیعرەی خۆی بناسێتەوە و ئەو «دەقە»ـە بەهی خۆی بزانێ. بەڵام لە دەربڕینی ئەو بیروڕایەدا باوەڕم بە ڕەهایی نییە، چونکە دەبێ ئەو زمانانەی لێ دەرهاوێین کە دوورە دەست و زەحمەتن بۆ فێربوون، یان کەمتر وەرگێڕیان تێدا هەڵکەوتووە و خەڵکیی بە دەگمەن هەوڵی فێربوونیانی داوە، وەک وەرگێڕانی ئەو دەقە نەمرانەی بە زمانی هیندی و چینی و ژاپۆنی نووسراون، کە زۆر زەحمەتە بتوانین ڕاستەوخۆ و لە زمانی یەکەمەوە بەرهەمەکانیان بکەین بە کوردی و بیانخوێنینەوە، چونکە نەک هەر وەرگێڕان لەو زمانانەوە بۆ سەر زمانی کوردی، بگرە بۆ سەر زمانی عەرەبی و زمانەکانی دیکەش لە ڕیزی نەبوان دەژمێردرێ، یان زۆر دەگمەن و دانسقە و کەم بەرچاو دەکەوێ. بێجگە لەو سێ زمانە، زمانانی دیکەش هەن وەک نیپاڵی، ئەلبانی، تایلاندی، مەنگۆلی، فلیپینی، ڤێتنامی، ئەندەنووسی، بۆرمی، پاشتوویی، ئۆردوویی، دلفی، مالیزی، بهازی، کەمبۆدیایی، لاوی، کۆریایی، سنهالی، مەقدۆنی، سوبوکوانی، سلۆفاکی، بوهیمی، فلایشی، ئەمهەری، سەواحلی، تایلەندی، تامیلی، مەلایی و تاد.. ئەمانە زمانن و هەن و خەڵکانێکی زۆر قسەیان پێ دەکەن و شیعر و ئەدەبی نەتەوەییان پێ نووسیوە، ناشکرێ ئێمە بەچاوی نزم و کەم بایەخ تەماشایان بکەین.

* کە دەڵێین ئەو زمانانەی زۆر دەگمەن خەڵکی فێریان بووە و لێیانەوە وەریانگێڕاوە، بە تایبەتی لای ئێمەی کورد کە جارێ بە تەواوی مافی زمانە زیندووەکانی دنیامان نەداوە کە ئەو زمانانە شاکار و داهێنانی گەورەیان پێ نووسراوە و کتێبخانەی ئەو زمانانە پڕن لە کاری گرنگ و کاریگەر بەسەر ئەدەبیاتی گەلانی دنیاوە، لای ئێمە جارێ نەکراون بە کوردی، بۆیە دەتوانرێ لە وڵاتێکی وەک ئەفغانستان کە دوو زمانی وەک (پاشتوو) و (فارسی) قسەیان پێ دەکرێ، لەوێ زمانی (پاشتوو)یی زمانی ڕەسمییانە، دەکرێ فارسی زانێکی ئەوێ کە ئەدەبی نووسراوی بەزمانی پاشتوویی وەرگێڕابێ بۆ سەر زمانی فارسی، ئێمەش کە فارسی زانی زۆرمان هەیە، دەتوانن ئەو ئەدەبەمان بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی کوردی، چونکە کەس ڕاستەوخۆ (پاشتوو)یی نازانێ، یان هەوڵ نادا فێری ببێ، یان کە لە کەمبۆدیا دەبینین زمانی کەمبۆدی، زمانی ڕەسمی ئەو وڵاتەیە، کەچی لە پاڵ ئەویشدا شان بە شان لەگەڵ زمانی فەڕەنسی قسەی پێ دەکرێ، بۆیە ئەدەبیاتی کەمبۆدی کە بە زمانی خۆیان دەنووسن و نووسراوە، ئەگەر وەربگێڕدرێنە سەر زمانی فەڕەنسی، دەکارێ فەڕەنسی زانێک بیانکاتە کوردی، یان کە دەبینین لە پاکستان زمانی (ئۆردوویی) لە پاڵ زمانی ئینگلیزی بەکاردێت، دەکرێ لە ڕێگەی زمانی دووەمەوە کە ئینگلیزییە لە (ئۆردوویی) نزیک ببینەوە، هەروەها بۆ زمانی فیلیپینی کە ئەوانیش لە تەکیدا زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، یان بەرازیل-یەکان کە بە پورتووگالی قسە دەکەن، یان فنلاندییەکان کە زمانی فنلاندی و سوێدی

پێکەوە بەکاردەهێنن، یان چیکۆسلۆڤاکییەکان کە سلۆڤاکی و بوهیمیی بەکاردەهێنن، یان بەلجیکا کە زمانی فلایشی و فەرەنسی پێکەوە بەکاردەهێنن، یان تانزانییەکان کە زمانی سەواحلی و فەرەنسایی بەکاردەهێنن، یان ئەسیوبیاییەکان کە ئەمهەری و ئینگلیزی لە تەک یەکتری بەکاردەهێنن، یان سەنگافۆرە کە زمانی چینی و ئینگلیزی و مەلای و تامیلی بەکاردەهێنن.... تاد. وەک سەرنج دەدرێ لە هەموو ئەو زمانانەی لەلای ئەو میللەتانەدا بەکاردەهێنرێن، زمانێکی دیکەی زیندوو هەیە کە بەکار دێت و شان بە شانی زمانی خۆیان دەڕوا، دەکرێ ئێمە لە ڕێگەی ئەو زمانانەوە کە باون و خەڵکی لای ئێمە دەیانزانێ، لە زمانەکانی دیکەی ئەو میللەتانە نزیک ببێتەوە و ئەدەبیات و شاکار و کارە جوان و ناوازەکانیان پێمان بناسێنن و وەربگێڕن.

* هەن وەرگێڕی زۆر گەورە و بەدەسەڵاتن، زۆر داهێنەرانە شاکاری گەورەیان وەرگێڕاوە، وەک ئەو وەرگێڕەی وەک سەربازێکی نەناسراو لە لای ئێمەی کورد ماوەتەوە کە لە زمانی فەرەنساییەوە سەرجەمی شاکارەکانی دۆستۆیڤیسکی لە زمانی ڕووسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی و دواتر کەسێکی فەرەنسی زانی وەک (سامی دروبی) هەر لە دەستی دووەم و زمانی دووەمەوە ئەو شاکارانەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و دەتوانم بڵێیم کوردەکان بە قەدەر عەرەبەکان لە ڕێی ئەو وەرگێڕانانەوە داهێنەرێکی گەورەی وەک دۆیستۆیڤسکی-یان ناسی و سوودی گەورەیان لێ وەرگرت. هەر بەهۆی وەرگێڕانەکانی ئەو وەرگێڕە عەرەبەوە بوو کە سەرجەمی شاکارەکانی دۆیستۆیڤسکی کرانە عەرەبی، دواتر بڕیاری دابوو سەرجەم بەرهەم و شاکارەکانی (لیو تۆلستۆی)ش وەربگێڕێ، بەڵام مەرگ بواری نەدا و بێجگە لە چەند شاکارێکی تۆلستۆی فریا نەکەوت هەموو ئەوانی دیکەش وەربگێڕێ، کە گومان لەوەدا نییە ئەو شاکارانە کاریگەریی زۆریان بەسەر ڕۆشنبیرانی عەرەب و کوردەوە بەجێ هێشتووە و تا ڕۆژی ئەمڕۆکەمان بۆ خوێندنەوەی بەرهەمی (دۆیستۆیڤسکی) و (تۆلستۆی) پتر ئەو وەرگێڕانانە جێی متمانەن و دەخوێنرێنەوە کە دەسپاکی و وردی زۆری تێدا ڕەچاو کراوە و لەناو ڕۆشنبیرانیشدا بەوە ناسراوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەو وەرگێڕە وەک خێزانەکەی سەبارەت بە (سامی دروبی) نووسیویەتی ئەوەیە کە تا بەرەبەیانی بە دیار وەرگێڕانەکانییەوە ماوەتەوە و دەڵێ بەیانییان کە لە خەو هەڵدەستام دەمبینی سەری خستووەتە سەر ئەو مێزەی کاری لەسەر دەکرد و سەری ناوەتەوە و خەوتووە، تەپڵەکەکەی بەردەمیشی لە قنچکە جگەرە قەڵاچن بووە. ئەو کاتانەی بەو وەرگێڕانانەوە خەریک بووە قەراغەکانی چاوی خوێنی تێزاوە و شین بووەتەوە. پێشی وایە هەر ئەو شێوازی کارکردنەی بووە کە تووشی نەخۆشیی دڵی کردووە و دواجار کۆچی دوایی کردووە و نەیتوانیوە شاکارەکانی دیکەی تۆلستۆی بە تەواوی وەربگێڕێ. (سامی دروبی) نموونەی کەسێکی داهێنەری بواری وەرگێڕانە کە لەپێناوی وەرگێڕانێکی پاک و جواندا خوێنی خۆی کردووە بە ئاو و داهێنانی کردووە، نەک خۆی بە وەرگێڕانی جەڵەبی و نەکولۆک و شێواو و هەڵبزڕکاوەوە خەریک بکات کە بۆ خاتری بەجێ گەیاندنی «گرێبەستێک»، یان بەرانبەر وەرگرتنی بڕێک خەڵات و پووڵ و پارە بکەوێ بەسەر وەرگێڕانێکدا کە نە پێوەندیی بەوەوە هەیە و نە دەرەقەتی وەرگێڕانیشی دێ. بە داخەوە ئەمڕۆکە زۆر کەس هەن کە کەسانی ناشارەزان و لە هەردوو زمانەکەدا کۆڵەوارن، پەلاماری کاری زۆر گەورە دەدەن و پێشی ناوێرن و تەنیا ئەوەیان بەلاوە مەبەستە ناویان لەسەر کتێبێکدا ببینن، یان بەرانبەر وەرگێڕانە سەقەتەکەیان خەڵات و بەرات و شیرینییەکەیان وەچنگ بکەوێ، ئیدی بە لایانەوە گرنگ نییە چ کارێک دەخەنە نێو کتێبخانەی کوردییەوە و چەندە هەقی بەرهەمەکە دەدەن و چەند خوێنەران و ڕۆشنبیران ڕازی دەکەن و تینوێتییان دەشکێنن؟

* پێش هەر شتێک ئەرک و پەیامی وەرگێڕ، بە تایبەتی وەرگێڕی «شیعر» ئەوەیە کە بە وردی شوێن پێی جووڵانەوەی ناو چامەکە بکەوێت، بایەخ بە ناوەوەی شیعرەکە بدات کە فۆرمەکەی دەست نیشان کردووە، چونکە بەبێ ئەو شوێن پێ کەوتنە وەرگێڕ زۆر کلیلی گرنگی کردنەوەی کۆدەکانی دەقەکە ون دەکات و زەفەری پێ نابات. ئەزرا پاوەندی شاعیری نوێخواز داوای دەکرد (ڕەخنەی شیعر) لەسەر بنەڕەتی ناسینی چاکی شیعرەکانی جیهان دابمەزرێ، واتە باشتر ناسینی شیعرەکە لەسەر بنچینەی (بەراورد کردن) و (وەرگێڕان)ەوە ئەنجام بدرێ، ئەمەشی بەیەکێک لە شێوەکانی (ڕەخنەی شیعر) ژماردووە. پاشان ئیلیەت هات و گوتی شاعیر دەبێ کاتێک شیعر بنووسێ کە بە تەواوەتی لە شاعیرە هاوچەرخەکانی خۆی تێگەیشتبێ، تەنانەت دەڵێ دەبێ ئەو شاعیرە لەناوەوەی خۆیدا هەست بە بوونی هەموو ئەدەبیاتی ئەوروپا بکات، هەر لە هۆمیرۆس-ەوە تا سەردەمی خۆی دەور بکاتەوە، بەڵام ئیزرا پاوەند ئەو چوارچێوەیەی فراوانتر کرد و لێی تێپەڕاند بەوەی چووە دەرەوەی ئەوروپا و پەلی بۆ وڵاتانی وەک چین و یابان و میسر هاوێشت، هەر ئەمەش وا دەکات بڵێین ڕۆشنبیریی شاعیری هاوچەرخ، هیچ سنوورێکی نییە و سنوورێک ناناسێ. بەم شێوەیە (پووشکین)ی شاعیری ڕووسیایی، بەرهەمی فەرەنساییەکان و شەکسپیر و بایرۆن و دانتی و قورئانی پیرۆز و شیعری حافزی شیرازی خوێندەوە. بە هەمان شێوەش گووتێ و ماثیۆ ئارنۆڵد و دی. ئێچ. لۆرەنس ڕوویان کردە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئەوروپا و بە تەنیا لەسەر خوێندنەوەی ئەدەبیاتی نووسراو بە زمانەکانی خۆیان و نەتەوەکانی خۆیان نەگیرسانەوە و دانەسەکنان، بگرە ئیلیەت ڕووی کردە کولتووری هیندیش، بە هەمان شێوە ڕووی کردە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئیتاڵیایی و فەرەنسایی. هەر ئەو شاعیر و داهێنەرە گەورانە بوون کارێکی وایان کرد خوێنەرەکانی وڵاتەکانیان ناچار بکەن، تەماشای دەرەوەی وڵاتەکانی خۆیان بکەن، تا لە ناو پتر لە کولتوور و ڕۆشنبیرییەکدا بژین، لێرەوە ڕۆشنبیری و تێگەیشتنیان لەخوێندنەوە و لێ وردبوونەوە لەو ئەدەبیاتەی دەرەوەی وڵاتەکانیان پێویستی بە بوونی هەستێکی بەراوردکارانە دەبێ، کە ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی (وەرگێڕان)ەوە دێتە دی، چونکە ئەوانەی خۆیان لەو کولتوورەی لە دەرەوەی خۆیان نووسراوە و بەردەوام دەنووسرێ گێل و نەبان دەکەن، ئەوە هەر زوو ئەو کولتوورەی خۆیان دەبێتە کولتوورێکی ئیقلیمگیر و سنووردار و لاوازی و مایەپووچی خۆی ڕادەگەیەنێ.

* لەلای ئەو میللەتانەی دنیا کە دەمێکە و بە بەرنامەوە کار بۆ چالاککردنی بزاڤی وەرگێڕانی میللەتی خۆیان دەکەن، نەک هەر شاکارە گەورە و نەمرەکانی گەلان، بگرە گەرما و گەرم هەر

ناوێکی نوێ که داهێنانێکی نوێی خۆی خستەبازاڕەوە، یەکسەر ئەو بەرهەمە جوان و سەرنجڕاکیشە دەقۆزنەوە و بۆ سەر زمانەکەی خۆیانی وەردەگێڕن. واز لەوە بێنە شاکارە دانسقەکانی گەورە داهێنەرانیش بۆ سەری چەندەم جار وەردەگێڕنەوە سەر زمانە نەتەوەییەکەی خۆیان، بۆ نموونە عەرەبەکان ئەوەندەی من ئاگام لێیە پتر لە (٥-٦) کەڕەت شاکارە شانۆییەکانی شکسپیریان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و هەریەکەیان بەپێی چێژ و سەلیقە و تێگەیشتن و توانایی خۆی کارەکەی کردووە. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەو میللەتانە هەستیان بەوە کردووە کە لەبەر ئەوەی زمان بوونەوەرێکی زیندووە و بەردەوام لەگەشە کردن و نەشونما کردندایە و نوێ دەبێتەوە و بەپێی پێداویستی و پێشکەوتنەکانی سەردەم خۆی دەگونجێنێ، بۆیە کە شاکارێک لە پەنجایەکان، یان لە شەستەکان و حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوودا وەرگێڕدراوە، ئەوان هەست دەکەن ئەو وەرگێڕانانە پێویستییان بە وەرگێڕانێکی دیکەی نوێ هەیە، تا بەزمانێکی نوێ و حەساسیەتێکی نوێ و چێژ و تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی نوێوە وەری بگێڕن و جارێکی دیکە بیخەنەوە بەردەستی نەوەی نوێوە، بۆیە ئەوان لەوە دەرچوون تەنیا شاکارە نەمر و گەورە و بەناوبانگەکان وەربگێڕن، لەبەر ئەوەی بزاڤی وەرگێڕانەکەیان ئەوەندە گورجوگۆڵ و چالاکە هەوڵ دەدەن بە شاکار و بەرهەمە ناوازە و درەوشاوەکانی ڕۆژیش ڕابگەن و خوێنەرانی زمانەکەی خۆیانی لێ بێ بەش نەکەن و بەم فرە وەرگێڕانییە لەلایەک بەردەوام و لە هەموو سەردەمێکدا مافی تەواوی بەرهەمە شاکارەکە دەدەن، لەلایەکی دیکەشەوە بە پیر چێژ و فەرهەنگ و زمانی سەردەمیانەی نەوەیەکی دیکەوە دەچن، کە لەم ڕووەوە وەرگێڕانی لای ئێمە تاکوتەرایەکی لێ دەرکەی، ڕووی لەم فرە وەرگێڕانییەش وەرگێڕاوە، کە هەندێک لە لای ئێمە بەفرە چاپ کردنەوەی بەرهەمێکی وەرگێڕاوی تێ دەگەن. بێ گومان دەبێ ئەم سەرلەنوێ وەرگێڕانە بە هۆشیارییەوە بکرێ و مەبەست لێی دەوڵەمەند کردنی دەقەکە و نوێ کردنەوەی زمانەکەیە، نەک وەک دەبینین لەلای ئێمە ئەم دووبارە وەرگێڕانەوەیە جۆرێک غافڵ بوون لە کارەکانی ڕابردوو بێ، یان بێ ئاگایی بێ لەوەی نەوەی پێشوو ئەنجامی داوە، ئینجا وەرگێڕانەکەش بە هەموو پێوەرەکان گەڕانەوە بێ بۆ دواوە، هەر لە هەڵبزرکاوی زمانەکەی، تا نەزانینی ئەوەی چی بۆ دووبارە وەرگێڕان هەڵبژێرن.

* ئەگەر ئامانج لە پرۆسەی «وەرگێڕان» خزمەت گەیاندن بێ بە زمانی نەتەوە و بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی نەتەوایەتی ئەنجام بدرێ، دەبێ خۆ لە کاری ڕووکەش و سەرپێی ڕزگار بکەین. ئەو کاتەی دەمانەوێ ئەدەبیاتی میللەتێک وەربگێڕین و بناسێنین، پێویستە بە تەواوی ئاوڕ لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەو میللەتە بدرێتەوە، کە بەرهەمی شاعیرێک، چیرۆکنووسێک، ڕۆماننووسێک، شانۆنامەنووسێک وەردەگێڕین جوانترین و شاکارترین بەرهەمی ئەو شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسانە وەربگێڕین، ئەوەش ئەوکاتە دێتە دی کە بەهۆی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگران و باسکارانی میللەتەکە خۆی دەست نیشان کرابن، یان ڕەخنەگرانی دنیا ئەو کارەیان کردبێ. لەوانەیە هەڵبژاردنی تاکە شیعرێکی شاعیرێک، یان تاکە چیرۆکی چیرۆکنووسێک باشترینی ئەو شیعر و چیرۆکانە نەبن کە شاعیرەکە، یان چیرۆکنووسەکە نووسیویانە، ئەوکاتە باری سەرنجێکی ناتەواو و نەشیاو لە بارەی ئەو شاعیر و چیرۆکنووسەوە لە مێشکی خوێنەرانی زمانی دووەم دروست دەبێ و دەچەسپێ، چونکە لەوانەیە ئەو بەرهەمەی لە قۆناغی سەرەتاو دەسپێکی نووسینی شیعری و چیرۆکنووسیی خۆیاندا نووسیبێ، ئەو شیعرە، یان ئەو چیرۆکە وەرگێڕدراوەش قەت ناکرێتە پێوەر بۆ شاعیری و چیرۆکنووس بوونیان، بۆیە من چەپکە شیعری شاعیرێک، یان وەرگێڕانی چەند چیرۆکێکی چیرۆکنووسێک بە باشتر دەزانم بۆ وەرگێڕان، کە باری سەرنجێکی پێگەییوانەتر دەداتە خوێنەران، خۆ ئەگەر بایەخدانەکە لەجیاتی ئەوەی بۆ وەرگێڕانی چەپکە شیعرێکی ئەو شاعیرە، یان چەند چیرۆکێکی ئەو چیرۆکنووسە بێ و بکەوینە وەرگێڕانی کۆشیعرێکی شاعیرەکە، یان کۆچیرۆکێکی چیرۆکنووسەکە ئەوە زۆر چاکتر ئامانجەکە دەپێکێ، وەک ئەو بایەخدان و لەسەر وەستانەی لەم ساڵانەی دوایی ڕزگار شێخانی لەسەر شیعری شاعیرێکی سوێدی کردوویەتی و دەیکات.

* باسی کێشە و گرفتەکانی وەرگێڕان لە زمانە زیندووەکانەوە بۆ سەر زمانی کوردی و گرفتی زمان پاراوی و یەکخستنی زاراوە و نووسین بە ڕێنووسێکی تۆکمە و یەکگرتوو با لەولا بوەستێ، گرنگی نەدان بە جۆری ئەو بابەتەی بۆ «وەرگێڕان» دەستنیشان دەکرێ و دوورکەوتنەوە لە خۆپێدادانی وەرگێڕەکانمان بەسەر هەر باس و بابەتێک کە بە ڕێکەوت دەکەوێتە بەردەستیان، ئینجا بە تەواوی دەرەقەتی بێن، یان نەیەن، ئەوەیان زۆر بەلاوە گرنگ نییە، یان تێکوپێکدان و ستەم کردن لەبەرهەم و داهێنانی نووسەرانی دیکە، تەنانەت دوورکەوتنەوە لە بواری شارەزایی و پسپۆڕی نووسەرەکە و گیرسانەوە لەسەر وەرگێڕانی باس و بابەتی دوور لە پسپۆڕایەتی و شارەزایی خۆی و کەوتنە سەر کەڵکەڵەی وەرگێڕانی بابەتێک کە پێی نامۆیە و ناتوانێ بەسەر زمانەکەیدا زاڵ ببێ کە بابەتەکەی پێ نووسراوە. وەک دەبینین بابەتێکی فەلسەفی بەزمانێکی ئەدەبیانە وەردەگێڕدرێ، کە زمانی ئەدەبیات بۆ خۆی زمانێکی میتافۆری- مەجازییە. فەلسەفە، یان زانست زمانی تایبەت بەخۆیان و بەزاراوەکانی خۆیان هەیە، بێجگە لەو هەموو کێشە و گرفتانەی لە ناو وەرگێڕانی کوردیدا هەیە، ئەمڕۆکە بەزمی ئەوەش پەیدا بووە کەسانێک زمانێک نازانن و ئیدیعای زانینیشی دەکەن و دەڵێن لەو زمانەوە بابەتەکەیان وەرگێڕاوە. بۆ نموونە ڕۆمان لە زمانی عەرەبییەوە وەردەگێڕدرێ، پێیان وایە نزمییە بۆ شان و شکۆی ئەوان بنووسن لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی، بۆیە دێن و دەنووسن لە فارسییەوە کراوە بە کوردی، یان لە عەرەبییەوە وەردەگێڕن و دەنووسن لە ئینگلیزی، یان سوێدی، یان فەرەنسییەوە کراوە بە کوردی، تەنانەت بێزیان نایە بڵێن لەگەڵ چاپە عەرەبییەکەی بەراوردیان کردووە، ئەوەش بۆ خۆی جۆرێکی دیکەیە لە بەفیڕۆدانی کات و لە دەستدانی ڕاستگۆیی، کە یەکە مەرجی هەر نووسەر و وەرگێڕێکە. دواجار پێم وا نییە ئەو جۆرە کارانە بۆ کەس بچێتە سەر، چونکە زۆر درێژە ناکێشێ کە دەستەکە دەکەوێتە ڕوو و ڕاستی و دروستی مەسەلەکان بۆ هەموو لایەک ڕوون دەبێتەوە.

# کۆکتێلە شینەکانی ئۆرفیۆس

هاشم سەڕاج

(١)
زمانی شیعر کرانەوەی
پیاڵەیەک
چبسی وشەیە
لەزەیتی تێڕامان و
پڕانی بەهرەو
ئاگری عیشق و
گەمەی گۆشەنیگا
غەمبار و جوان و
جیاوازەکان
لە
زنجیرەبەستنی
ئیقاعگەلێکی
حەلەزوونیدا

(٢)
ئەو دەمەی دەسبەرداری
جوانییەکانی ژیان دەبین
ماڵئاوایی لە گورزە
خەیاڵێکی ئاڵۆز و جووڵەداری
شین شین دەکەین!

(٣)
سەرەتا
بە پەیژە کریستاڵەکانی
بەختەوەرمان دەکا
پاشان بە
سەکۆ ڕکەکانی سزامان دەدا
ئەو تارماییە شینەی کە هەمیشە
پێمان پێدەکەنێ و دەسگیر نابێ!



(٤)
سرووشت باخچەیەکە
لەکانزا و
کانێک لەگوڵە لۆتس
گۆڕستانێکی بێ کۆتاش
لەوەهمی سپی

(٥)
من لە شکارگەی وشەدا
مامزی پیت ڕاودەکەم
تۆ لە شەڕگەی کولتووردا
گورگی شوناس!

(٦)
ئیستە زانیم
مردن خەوێکی
قووڵ قووڵ قووڵی
هەمیشەییە
لەکانگای پیاڵەیەک
دەنگی شین شین و
ئاوێتەدا

(٧)
برێ جار بەخۆم دەڵێم
زەمەن سەتڵێکی سەوزی
پڕاوپڕ لە
کەف و مەرجان و
میلۆدییە
لەپڕێکا
لە پەنجەرەی
هەورەبانێکی
قاوەڕەنگەوە
دەڕژێندرێ!

(٨)
پیلانەکانی
بیرکردنەوەی
جەنگ
گەلێ
فراوانترە لە
پانتایی
بیرکردنەوەکانی
من!

(٩)
بوونی من لەپێناو
سەرڕێژکردنی
دەفری زەردی زمانە
بە کەپسوولە
شین شینەکانی جوانی و
لەتە حەشیشەکانی
ئاخاوتن

(١٠)
ئەشێ سروشت
بێ هیوا و ئامانجێک
ئەو هەموو
گەمە وەرزییانە
ئەنجام بدا

(١١)
کە گەردوون
بەرکەماڵ نەبێ
هەمیشە
دەق و مرۆڤ
بە ناکامڵی
دەمێننەوە

(١٢)
شوێنکەوتووانی تەریقەتی شیعر
بێ هەستی خەتەرناکی
عیشق و جوانی و
هەڵوەدابوون
بە چرپە مەستییەکانی دەنگ
چ دەکەن؟!

(١٣)
سروشت پیتێکە
لە هێشووی وشەی گەردوون
گەردوونیش ئاڵۆزاوترین
ڕستەیەک
لە ناوی ئەزەل

(١٤)
ژیان تەنکە خەونێکی وەنەوشەییە
چەشنی لەخچەی پاپیرۆسێکی شین
لە گەردەلوولخانەیەکی هاروهاجی
خۆڵەمێشیدا
موبتەلاو سەرگەردان

(١٥)
ئەی گیانی ئاڵی ئاگر
مەگەر منی لەتە سەڵسالی شین
لەچرکە ڤیانییەکانی پەرستندا
دیدەنی چاوە زەردەکانت بکەم

(١٦)
من دەزانم
ئیرۆتیک ڕۆحی زمان
بە فەنتازیا دێنێ
ڕێسا ئاوییەکانی زیندانی
ئەبستراکت و گشتاندن
تێکدەشکێنێ

(١٧)
جوانی
هەڵێنانی چاوە زەردەکانی
مەعشووقە بە ناز و عیشوەوە
لە شەوە خوماراوییەکانی دڵ و
چرکە پەشۆکاوەکانی
زەین و هۆش و خەیاڵ
بەرجەستەکردنی
سەدای
تەنافە مۆسیقییەکانی
جەستەی پرووکاوە
لە قووڵایی ڕۆح و لەش و
دەنگە وەنەوشەییەکانی
ئەزەلدا

(١٨)
دەرگای ئاسۆکانی دەنگم لێ واز کە
ئەی شیرین گوفتارترین بوونەوەری خودا
با فۆنیمە شینەکانی ڕۆح
ئاوێزانی پرشنگەکانی جەستە بکەین

٢٠٠٨/٥/٣

# تۆ لە هەموو شوێنێکی تۆ

کەریم دەشتی

پێم بڵێ چیت؟ تۆ بریقەی دڵی نانی
یا ڕەونەقی گوڵی ژاڵەی
بای ناو دارستانەکانی یا بارانی
تۆ خودای یاخود ئینسانی؟
ئاخ تۆ لە هەموو شوێنێکی و
لەهیچ شوێنێکیش نیت
هەموو شوێنەکان گەڕام
تۆ بووی.. تۆ نەبووی
لە دەریا بووی بە مرواری
بەڵام چۆنت بناسمەوە
کە مرواری بنی دەریای داگرتووە
لە دارستان بووی بە ئاسک
بەڵام چۆنت بگرمەوە
کە ئاسک لە من باڵ بگرێ
ناکرێ بەدوای برووسک ڕابکەم؟
لە بارەکان بووی بە مەی
بەڵام چەند جام بخۆمەوە
تا بزانم تۆ ترمیسکی کام دڵۆپەی؟
من هەمیشە بەدوای تۆدا دێم
وا هەست دەکەم تۆ لە هەموو شوێنێکی
وەک خوداوەند زەوی و ئاسمانت گرتووە
چۆن باوەشت پێدا بکەم
کە بزانم دەستم پێت کەوێ دەسووتێم
لە گۆڕستانەکان نووری
کە بۆ لات دێم لێم ون دەبی
کە دوور دەکەومەوە دادەگیرسێی
لە خەراباتەکان ساقی
دەنگی پیاڵەکانت سەمای کەونە
زیوی ئەوین دەوەرێنێ
وا هەست دەکەم لە بەهەشتام



که دووباره دونیا تەی دەکەم
کانیاوەکان بانگم دەکەن
لێرەوەیە ئەوەی دەیبینی هەر خەونە
لەنێو دۆڵەکاندا ڕەنگی
لەنێو تابلۆی مانیدا
هەر کەمەند نیت هەزار ڕەنگی
لە جەنگەکان زام و برین
لە ئەویندا سووتان
ئۆف ئۆف تەنها لەنێو دڵی مندا شین و گرین
ئاخ تۆ لە هەموو شوێنێکی وەک خودا
جارجار لە باکوور بانگم دەکەی
وەک بەفر دەبریسکێیتەوە
هەندێ جاریش لەوسەری باشوور
وەک کەروێشکەی شکارتەی گیا
لە خۆرهەڵات لەتە سێوێکی
لە دەمی هەزاران شمشێر سوور دەچیتەوە
لەخۆراوا لە دەستی هەزاران ئاشق
ئاخ تۆ لە هەموو شوێنێکی ئەی ساز و نەی
لەهیچ شوێنێکیش نیت
هەندێ جار وەک با هەڵدەکەی
دەڵێم کۆتایی دونیایە
هەندێ جار وەک ئاو هەڵدەقوڵێی
دوای تەواوکردنی هەموو کتێبەکانی ئەوین
دێمەوە سەر یەکەمین دێر
دەڵێم نا نا تازە تەونی سەرەتایە
هەندێ جاریش لەناو لەپم دادەگیرسێی
ئاخ تۆ لە هەموو شوێنێکی و
لەهیچ شوێنێکیش نیت
لە
هیچ شوێنێکیش
نیت

# تیشکە پڕەکان

**سەباح ڕەنجدەر**

سامانی سروشت چێشتی خودایە
بۆ ئادەمیزاد و ئاژەڵ و پەلەوەر و زیندەوەری لێ ناوە
ئەمڕۆ لە حەکایەتی شارێکدا
لە وێنەی گۆڕێک وردبوومەوە
لە چ دەرگایەکەوە بێمە ناوت
کە شوێن هەمووی دەرگای تۆیە
دەرگا لەگەڵمدا نەرمی نانوێنێت
لە سەربانی ماڵی باپیرانم نووستووم
ئەستێرە و مانگ کوڕ و کیژی منن
بە ئەسپ سواری دەچنە
سەردانی شارە مێرووڵەی ناو مۆزەخانە و شوێنەواری
دێرین
پەیامی چیتان پێیە
چاوی هەڵۆی تووڕە زوو کوێر دەبێت
ئەوانەی چوون
دەنگیان هاتەوە و ڕەنگیان لەگەڵ باران
چووەوە ناو هەموو شوێنێک
بای بە گوڕ و گەرمی هاوین تامی چێشت دەگۆڕێت

* * *

لە دەرەوەی پەنجەرەوە
گۆڕەپانێکی پڕ بەروبووم دەبینم
بیر لە ڕەنج و ژیان دەکاتەوە
ڕووناکی لە ژوورەکەمدا گەڕا
چاوی بەچکە پشیلە پشکووت
بەڵام هێلکەی مریشکەکانی ماڵی نەخوارد
دەستم لەسەر دڵمە
چاو خێرا خێرا دەترووکێ
وا خەریکە ڕووداوێکی گرینگ دەبێتە مێژوو
پەنجەرە خەڵکەکەی بە ناو خۆیدا
تێدەپەڕێنێت بچنە ناو مێژوو
بەهەشت یەک دوو مەتر لە پەنجەرەوە دوورە
دەنگی باران نزم دێتە گوێ
دەنگی بەرز نیازخراپە



ئەو ناوە دەباتە کەناری چارەڕشییەوە
بکەوم کەس شوێنم ناگرێتەوە
لە سێبەری درەختی باویدا
ئارەزووی خواردن و خواردنەوە ناکەم
سێبەری درەختی ئاسوودەیی و دوعای یەکتر دۆزینەوە
چاو و دڵتان ڕوون
نانم گەرمە و ئاوم سارد
خاچی مەسیح و پاچی فەرهاد
جوانترین کەلوپەلی گۆڕەپانی ئاگربازین
ئەی ئاگرباز
لە دەرەوەی پەنجەرەوە گۆڕەپانێکی پڕ بەروبووم
بە دڵنیاییەکی زۆرەوە بانگمان دەکات
دەنگتان گەرمە و ڕووخۆشی بخوورن
وەرنە ئاهەنگ و ژوان
دوا مەکەون
لە بارەی مۆمی جەژنی سەری ساڵەوە دەدوێین
ئاگری دیدار دەسووتێت
گەرم گەرمە وەک لمی داخی بیابان

* * *

ئێوارەیەکی نە ساردە نە گەرم
گلێنەی چاوم لە سپێنەیدا
ئاوازی هەڵاتنی مانگ
لە سەرەتای ئێوارەوە بۆ دوا بەشی شەو دەپەڕێنێتەوە
دەنگ لە دوور و نزیکەوە دێت
دەربرینەکانی دەموچاو
شێوازی دڵن
تەماشایان کەیت وەک گوڵی خومار
چاویان دەکەنەوە و ساکارانە دەدوێن
حیکمەتی ساکاریی چییە ئەی دڵ
دنیا تەنیا بە خۆر ڕووناک نابێتەوە
دڵ وزەیەکی سەیری تێدایە بۆ ڕوونبوونەوەی
دەنگی زەنگوڵەی ملی بەرخ و کرانەوەی چاوی بەچکە
کەروێشک
هەموو بوونەوەرەکانی خودا جوانن
خوداش سێبەری لە زەویدا نییە
لە ناو دڵ و چاوی بوونەوەرەکان درێژ دەبێتەوە و دەبێتە چەتر

* * *

باڵندەیەک هۆگر بە سینی دانەوێڵە بژارکردنمان بووە
دانەوێڵە بژارکراوەکان دەخوات
باڵ لێک دەدا
قاچی بەرز و نزم لە زەوی دادەنێ
دەنووکی ڕووەو ئاسمان دەکاتەوە
ناز بەم لا و ئەو لادا هەڵدەدا
ناشزانم چۆن بیر دەکاتەوە
چوومە بن باڵەکانی و بە گەرمایی خوێنی نووستم
بیرکردنەوە لە چۆنیەتی بیرکردنەوەت
خەوی لە چاو سارکردوومەتەوە
سینی دانەوێڵە بژارکردنم هێنایەوە ناو خێزان
بڕوا بەوە دەهێنم چرا لە ئەستێرە گەورەترە
ئەڵماس بڕوای هێنا
دوای مردن هیچ درەوشانەوەیەک نییە
سینی دانەوێڵە بژارکردن
لێواری ئاوێنەیە و یادەوەری ماندووە
بەردەوامیش گلێنەی دەفڕێت
ئاخاوتن لەگەڵ خاڵخاڵۆکە فەرامۆشی چاوفڕینە

* * *

لە ماوەیەکی کەمدا
ناتواندرێت ژیان و مەرگ ببینی
دێوجامەش تابلۆیە
لە تەنیشت ڕووبارێکی بێ پێچی وەک
شیری تازە هەوێنکراو خەوتوو
بنەماڵەیەک لە سەیران و وەرگرتنی چێژی تەواودان
ماسی لە ئاودا خۆی نقوم کرد
لە لەخۆباییبوونێکی بێ ئەندازەدا
کلکی هەڵدەبڕی و هێڵی دەکێشا و گازی دەگرت
لە دووری یەک دوو مەترێکیش لەسەر ڕەژوو گۆشتیان
دەفرۆشرا
کفەکف و قرچەی برژان
ئاهی حەز لە ژیانبوونە دەدرکێندرێن
بە چاویلکەیەکی هەتاوییەوە لە کەنار وەستاوە
هەر بەو شێوە نەرمونیانە
دەبێت قسەکانمان لەگەڵ ژیان و مردندا بکەین
باڵندەیەک بە باڵی بای ڕژاندە ئەم ناوەوە
ئاهەکان بە گۆرانی دەڵێ

* * *

لە مندالی سێوێکم کرد بە دوو کەرتەوە
کەرتێکی بەهەشت
کەرتێکی دۆزەخ
هەتا ئێستاش لە کەرتی بەهەشت دەخۆم و تەواو نەبووە
چاوم ڕۆشنتر بکەوە دەچمە ناو پەڕەکانی تاووسەوە
کەرتی دۆزەخ نایەتە ناو دەستەوە
قەل لە نزیکییەوەیە و دەیەوێت دەنووکی لە ناو تەڕ بکات

پاشان لە سەر قوڵفی گۆزەی شەراب
پشوو بدات و خەیاڵی بە دەوروبەردا بسووڕێنێت
پیلان بۆ شێواندنی پەلکەزێڕینە دابنێت و گیا
بشکێنێتەوە
سێبەری قەل خۆری نایەتە ناو
پەری لە سێبەردا نین
ناوی نهێنی سەرپەرشتیاری بەهەشت پەرییە
ناوی نهێنی پەریش خۆرە
ئەی منداڵیی سێوێکم بە دەستەوەیە
چاوم دادەخەم و دەیهاوێمە ناو ڕووبارێکی بێگەردەوە
کێ بە من دەچێت
بیگرێتەوە بۆ تا هەتایە لە کەرتی بەهەشت دەخوات
ئەی شاعیری ناو پەڕەکانی تاووس
بەهەشت و منداڵی دوو لاروومەتی دەموچاوێکی خوداییین

* * *

نازی چاو هێشووە ترێیەکی پڕ و مەستە
ڕژایە ناو ئەو کووپەیەی
لەسەر سێپای منداڵی و گەنجی و پیری وەستاوە
کزەی جەرگ و بەیاد ژیان
بینینی لە نێوان زەوی و ئاسمان ڕاگرتووە
بینین هەڵدەچێت و دادەکەوێت
چۆکی دادایە سەر زەوی و دەستی خانەدانی ماچ کرد
هاواری کرد تکایە دایک و باوکم مەکوژن
ئەو هاوارەیە درێژ بووەتەوە
ئێمەش بە ناویدا تێ دەپەڕین
لەرزینێک لە گەروودا ماوە

* * *

ئەم وشە داستانییانە چین لە باڵتەوە دەرژێن
ئەی باڵندەی خێرا فڕیوی ناو ئەفسانە پاشاییەکان
ئەڵماس نابریسکێتەوە
چ گلێنەیەکە لە ناو چاویدا ڕسکاوە
جاڵجاڵۆکە تەونی بە دەوریدا چنی
پاشان بە سەرنجێکی قووڵەوە تەماشای کرد و ڕۆیشت
باڵندە یادەوەرییەکی بەهێزی
لە چنینی مووورووی شاڵی پاشاژن هەیە
مووورووی شاڵی پاشاژنیش دەزانێت
باڵندە چۆن ماندووە و چ گلێنەیەک لە چاویدا ڕسکاوە

* * *

مەسیح لە سووڕانەوەی بە دەوری زەویدا خوڵتا
لە بەهرەی ناوچەوانی شاعیرێکی خودایی
سووڕی ژیانی تەواو کرد و خاکی حەڵاڵزادە وەری گرت

هاتە ناو خوێنی زێوان و فێرە لێبووردەیی بوو
یەکەم ژەم خواردنی لە خوانی ماڵی مندا خوارد
لێوی بە زمان سڕییەوە و ڕوخساری بە یادگاری
درەوشایەوە
خوێدانێکی وەک پەند و حیکمەت کردە دیاریم
دەستی لە سەر دڵم دانا
دڵێکی خۆڕسک و شیرپاکە
تاسە لە زەوی دەچنێتەوە
لە شەقامەکان دووربکەرەوە
بە سەر شۆستەدا بڕۆ و سڵاو بکە و دڵبگێڕە
تەمەنی جوامێریت لە سووڕانەوە بە دەوری زەویدا درێژ
دەبێتەوە
لە پێناو ئاسوودەیی گژوگیا بڕوادار بە
وێنەی زۆردارشکێنێکی سروشتخواز لە ئەلبوومت
چاو هەڵدەهێنێ و هەموومان دەبینێ
هەتاوی نیوەڕۆی بەهار هەقیقەت نییە
گۆرانی ناڵێ و نانووسێت
لە ئاخاوتن لەگەڵ تەمدا زاووزێ دەکا و دەفتەری ژیانی
لە سەر دووگردی نوێژ لە بیرچووە
لە ئاوڕدانەوەیەکیدا چاوی ڕژا
ئێستا لە هەموو کاتێک خێراتر لە پردەکان دەپەڕێتەوە

* * *

گەنجینەی نادیار مێژووی بۆ چاخی جوانی دەگەڕێتەوە
چاخی جوانی واتە کە گورگ زانی کون بۆ خۆی لێ بدات
مەمکی بۆ بێچووەکانی داگیرسێنێت
مەمک بەڕاستی مەشخەڵە
چوارچێوەی وێنەی پیاوی ئەدەب و جەنگ مەرجانە
چاوی لەسەر هەموو شت هەڵگرت
گیانی داماوی لە ناو چوارچێوەی مەرجان
سەرقاڵی ئەوەیە
چ ڕێگایەک مشتوماڵ بکات
گەنجینەی نادیاری لێ هەڵگرێتەوە
ڕێگاش دوژمنداری دەکات
گەنجینەی نادیار لە ناو خۆتدا جێم بهێڵە
دەتوانم بژیم و زەوی بۆ بۆنخۆشبوون ئاوڕشێن بکەم

# كۆتەل

**عیرفان ئامیدا**
**(مێردین)**



تلیێن لنگێن من
دناڤا خوینا من دە قەشا گرتیە
ب بایێ کور
د نێچیرەکە شەوات دە باسکشکەستی مە
هەوتەهەوتا سەیان دەڤ برینا من دکە
دحەلم د ناڤا شەوقا هەیڤێ دە
چرووساندنا ستێرکان
کو ل تاحتان دکەڤە
د خورینم
د توورکێن زەوێدیان دە گەلاوێژ قووتێ من
قووتێ من
ژ من دوورە
تو ژ من دوور

گوندێن تسی ب سەر من دە دکومشن
هەفت تەبەقان د بنێ عەردێ دە دهەڕم
ل دۆژەها نێچیرڤانان
دبن چاڤێن غەزالان
تاما barووdێ هێسرێ من دبارینە
هێسرێ من
ژ من دوورە
تو ژ من دوور
کولینا عەشیرەکێ
ل کۆلانا خوە دکم
د کۆچکەرییێ دە بەرێ داوی مە
و د ئاخکۆلکان دە
خوینیێ ڤەشارتی
پەشکەکە بارانێ
ل ئەنیا من دکەڤە
کو نایێ زانین
ژ کیژان دەمسالێ مایی
دەمسال
ژ من دوورە
تو ژ من دوور
ب کەڤرێن شەهنەکری
ئاڤا دبە مەزەلێ من
کەڤژال
پێچییێن خوە مەڤرەد دکن
ل دار دبە کۆتەل
مرن نێزیک دبە
ئیریش دوور
ئیریش نێزیک دبە
مرن دوور
و زەلال
مینا سیبیا من
سیبیا من ژ من دوورە
تو ژ من دوور

**ژ پەرتووکا (دیمەنێن دەرزی) رووپەلێن ٤٠- ٤٢ هاتیە وەرگرتن. ئەڤ پەرتووک ژ وەشانێن (سی)یە و ل سالا ٢٠٠٢ل ستەنبول چاپ و بەلاڤ بوویە.**

# چوارینە ڕاستەقینەکانی خەییام

**(بەرچنێک)**

**لە فارسییەوە: جەلال زەنگابادی**



**(١)**

وا سپێدەیە، دە ڕابە ئەی مایەی ناز
هێدی هێدی مەی بنۆش و چەنگ بژەنە
چکو هیچ کەس نامێنێ لە وانەی لێرەنە
کەسیش نایەتەوە لەوانەی کە ڕۆیشتنە

**(٢)**

ئەی پیری ئەروەند بلەزتر ڕابە
بخەزرێنە ئەو کوڕیژگە خاکبێژە
پەندی بدەو بێژە: هێدی هێدی
مەژگی قوباد و چاوی پەرویز دابێژە

**(٣)**

دوێ شەو چوومە کارگەی گۆزەسازێ
دیتم دوو هەزار گۆزەڵەی وێژاو خامۆش
لنشکا لە دەسکی هەر گۆزەڵەیە هاتە خرۆش
هاواری سەد گۆزەساز و گۆزەسێن و گۆزە فرۆش

**(٤)**

ڕۆژانی زەمانە لۆ کەسێ هەیتیان نەنگ
لە خەمی ڕۆژگارا دۆش داماوە دڵتەنگ
مەی بنۆشە ژ شووشە وەل ناڵەی چەنگ
پێشی کە شووشە بکوترێتە سەر سەنگ

**(٥)**

لە هەسارەی ڕەش گڵ تا کەشکەڵانی زوحەل
هەموو ئاریشەکانی ئەزەلم شی کردەوە
گرێکانی هەر وێمێکم بەچێن کردەوە
هەر گرێیەک کرایەوە جگە لە گرێی ئەجەل

(٦)

ئای چەند گەڕام ئەڕای جامی جەم
نە ڕۆژێ سرەوتم، نە شەوێ خەفتم
تا لە سەیدایە ڕازی جامی جەم ژنەفتم
کە هەر خۆمم جامی گێتی نمای جەم

(٧)

کە مەی نانۆشم، نەک لەبەر تەنگدەستی
یا لە ئاکامی ڕسوایی یان ترسی بەدمەستی
من مەیم ئەڕا دڵشادیی دەنۆشی
نهۆ، ئیتر نانۆشم، چکو لە دڵما نشتی

(٨)

هەرگیز ناتوانم خۆر بە قوڕ بشێرم
ناشوێرم نهێنییێن گەردوون بدرکێنم
ئاوەز مرواریییەکی دەرهێنا ژ دەریای هزرم
کەچی ناوێرم لە ترسا کونیکەم

(٩)

هەر ماوەیەک یەکێ دەردەکەفێ کە: ئەزم
بە تەنتەنە و زیووزێڕ دەنازێ کە: ئەزم
گەرچی کاروباری چاک ڕێک دەکەفێ، هاکا
مەرگ ژ بۆسە ڕۆژێ بۆی دەردەپەڕێ: ئەزم

(١٠)

دە هەڵسە لە خەو، تا شەراوێ بنۆشین
پێشی کە ڕۆژگار بۆ نیستی بمانپێچێتەوە
هاکا ڕۆژێکیان ئەم چەرخە شەڕاشۆیە
دەلیڤەیەکمان ناداتێ ئاویش بنۆشین

**فەرهەنگیلە:**

ئاریشە: کێشە، وێم.
ئاوەز: عەقڵ.
ئەڕا: بۆ، لۆ.
ئەروەند: ئاوەزمەند، عاقڵ.
بخەزرێنە: بەتووڕەیییەوە سەیر بکە.
بشێرم: بشێرمەوە.
بلەزتر: زووتر، خێراتر.
بێژە: بڵێ
چڤ: فێڵ
چکو: چونکە.
خەفتم: نووستم
دەلیڤە: هەل.
ڕابە: هەڵسە.
ژ: لە.
ژنەفتم: بیستم.
سەیدا: مامۆستا.
لنشکا: لە ناکاوە، نشکێڤا.
مەژگ: مێشک، مەغز.
نەنگ: عەیب.
نهۆ: ئێستا.
نیستی: نەبوون، عەدەم.
وەل: لەگەڵ.
وێژا: بگۆ، ناتق.
وێم: کێشە، ئاریشە.
قوباد و پەروێز: دوو پادشای بەناوبانگی ئێرانی دێرین.
جامی جەم: جامی جیهان پیشاندەرە، بەپێی ئەفسانەی ئێرانی گوایە جەمشید شای ئێران دنیای تێدا دەبینی.
چەنگ: ئامێرێکی مۆسیقایی ژێدارە (Harp)
زوحەل: (کەیوان) دووەم ئەستێرەی گرۆی خۆرە.

**ژێدەر:**

**دانشنامەء خیامی/ بە اهتمام: رحیم رزازاده ملک، چ١/ تهران/ ١٣٧٧ش**



# شەوی ژیانەوەی ئەوان (١)

**سارا سادق زادە**
**(بۆکان)**

وەک شەوانی دیکە سەری لەژێر لێفەکەوە هێناوەتە دەرێ و چاوی لە دەستی بڕیوە، ئەمەیان دوایین چاییە دەزانم.

– دەی دایەگەورە گیان وەرە، ئەوە پێنجەمین جارە لەژێر لێوەوە ئەم داوایە لە دایەگەورەی دەکات، بەڵام لەوە دەچێ دایەگەورە بەم زووانە لە چایی خواردنەوە نەبێتەوە. خۆی پێ ڕاناگیرێ بە هێواشی لێفەکە لەسەر خۆی لادەدا و لەسەر چۆک دەڕواتە پێشێ. دایەگەورە هێشتا هەر چاوی لە ژێرپیاڵەکەیە. سەری دەنێتە سەر ڕانی. دایەگەورە چاوی لە ژێرپیاڵەکە دەخزێ و پێدەکەنێ: دەمزانی خۆناگری چاوشین گیان.

– دایەگەورە ئەی چاوڕەش گیان بۆچی دوێ شەو کوتت چاوڕەش گیان.

– دەی باشە ئێستا چیت دەوێ گۆرانی، یان حەقایەت؟

دایەگەورە ئیستیکان و ژێرپیاڵەکەی دەنێتە ئەولاوە و هەر وەکو هەمیشە دەست دەنێتە نێو پرچەکانی: قوربانت بم بەخۆمەوە بە چل و چوارماڵەی دۆمەوە.

– دایەگیان دەتەوێ بمخەوێنی تا حەقایەتەکەی شەوانم بۆ نەگێڕییەوە، ناخەوم.

– ڕۆژێک بوو ڕۆژێک نەبوو، بزنێک بوو سێ کاژیلەی جوانی هەبوو؛ تیتل و بیبل و..

– نانا دایەگەورە حەقایەتەکەی شەوان

– دەی کچی خۆم چەن کەڕەت ئەم حەقایەتەم بۆ گێڕاویەتەوە، بەس نییە؟

– نا بەس نییە، من هەر ئەوم پێ خۆشە.

دایەگەورە چاو دەبڕێتە چاوەکانی، جوانی ئەو چاوانە دڵی دەلەرزێنێ.

– زۆر ماندوو بووم ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارێ کێشک بووم، شەویش هاوکارەکەم گیروگرفتی بۆ هاتبووە پێشێ و من لەباتی ئەو مابوومەوە.

ئەو ڕۆژەش وەک ڕۆژانی دیکە بەشی ژنانی نەخۆشخانە زۆر شلووق بوو، لای ئێوارێ لە خاوێن کردنەوەی دوایەمین ژوور (ژووری ژمارە سێزدە) تەواو بووم، مەلافە پیسەکانم لە قەرتاڵەکە خست و ویستم بیبەمە دەرێ، یەکێک بەنێو

بانگی کردم.
هەروا کە قەرتاڵەکەم بەدەستەوە بوو بە لاقیش دەرگای دیوەکەم پێوەدا و ئاوڕم دایەوە بزانم کێیە.
کاتی خواردنی شێو بوو. کەس لە داڵانەکە دیار نەبوو، زۆر بایەخم پێ نەدا و درێژەم بە کارەکانی خۆم دا. دوایین قەرتاڵەی مەلافەکانم خستە ناو ماشێنی جل شۆرییەکەوە، برسیەتی برستی لێ بڕیبووم. دەستم شت و بەرەو شوێنی نانخواردن وەڕێ کەوتم.
شەوانی نەخۆشخانە زۆر دوور و درێژە، ئەو شەوەش یەکێک لە شەوانی هەرە درێژی تەمەنم بوو، تازە سەرم نابووە سەر باڵنج و دەمویست بخەوم، دیسان دەنگێک هات بە گوێمدا.
درۆ ناکەم ئەم جارە ئیدی زۆر ترسام، بۆ چەندەمین کەڕەت بوو بانگیان دەکردم، هەستامە سەرپێ، چراکانیان کوژاندبۆوە، نێو داڵانەکە تاریک و ڕوون بوو، چاوم لەم سەر تا ئەو سەری داڵانەکە کرد. کەس دیار نەبوو، چوومە دیوی پەرەستارەکان، تەنیا پەرەستاری کێشک خەوتبوو، بە ئاستەمێک بەرێدا دەڕۆیشتم، تەنانەت هەناسە هەڵکێشانم لەبیر چووبۆوە، سەرم بە تەواوی دیوەکاندا کرد. نەخۆشەکان جارنەجارێک دەیاننالاند. کوتم ڕەنگبێ ناڵە ناڵی ئەوان بووە و من نێوی خۆم بەگوێدا زرنگاوەتەوە.
– چاوشین گیان؟
کچەکە سەری لەسەر کۆشی هەڵێنا و دەم بەپێکەنین کوتی: نەخەوتووم دایەگەورەگیان.
– ئاخە زۆر بێ دەنگ بووی قەت ئاوام نەدیبووی، دەی لەکوێدا بووین؟
– لەو جێیەی وا دەگەڕای بۆ دەنگەکە.
– بەڵێ تازە خەوم لێ کەوتبوو بە دەنگە دەنگی چەند کەسێک وەخەبەر هاتم. سەعات لە دووی نیوەشەو تێپەڕیبوو. پەرەستارەکە دەیویست بێ دەنگیان کا، بێ سوود بوو نەخۆشەکەیان حاڵی باش نەبوو، هەموو بۆی بەپەرۆش بوون، مێردەکەی لە هەمووان خراپتر. چوومە فریای پەرەستارەکە و نەخۆشەکەمان بردە ژووری منداڵبوون.
«کار کردن لە نەخۆشخانە ڕوحی بەزەیی لە مرۆڤدا دەکوژێ» کە سەرم هەڵێنا چاوم کەوتە نێو چاوی مێردەکەی. ئەمەی کوت و بە تووڕەیی لە ژوورەکە چووە دەرێ.
ئەو شەوە مامانی کێشک نەهاتبوو. من و پەرەستارەکەش ئەوەی دەمانتوانی کردمان، بەڵام بێ کەڵک بوو. چاوە شینەکانی ڕەنگی تێدا نەمابوو، دەمزانی نامێنێ.
– دایەگەورە چاوەکانی چی لێ هاتبوو؟ چۆن ڕەنگی تێدا نەمابوو؟
کچی خۆم ڕەنگی مردوو جوان دیارە، پەردەیەک دەکشێتە سەرچاوی، ئەویش ئەو چاوانە! بەڕاستی حەیف دەتکوت شووشەیە.
وڵات بێ دەنگ بوو، کچەکە سەری هەڵێنا لەسەر کۆشی دایەگەورە ڕووبەڕووی لەسەر ئەژنۆ دانیشت.
چاوەکانی دایەگەورە پڕ بوون لە ئاو. چووە پێشێ و ڕوومەتە قەڵەوەکانی دایەگەورەی بە لێو هەڵمژی.
فرمێسکەکانی دایەگەورەش بەربوونەوە سەر لێوی.
– بۆ ئەم شەو ئیدی بەسە. بە گوتەی کابرای تەلەفزیۆنەکە (پاشماوەی چیرۆک بۆ سبەی شەو) ماچێکی دەکا و دەستی دەگرێ و دەیباتە نێو جێگاکەی، وەک هەمیشە دەستێکی بۆ دەکاتە باڵنج و ئەویش دەستە چکۆلانەکانی دەنێتە ملی و چاوەکانی دەقووچێنێ.
– دایەگەورە ئەو ژنە نێوی چی بوو؟
– ئەوە نەخەوتووی فێڵباز؟
– چاوەکانی لە تاریکیشدا دەدرەوشێن.
– نێوی.. نێوی ئەوت بۆ چیبە چاوشین گیان؟
– ئاخە ئەویش چاوی شین بوو.. نا؟
– بەڵێ بەڵێ، بەڵام نێوی نازانم، یانی ئەوندەی نەخایاند تا من نێوی بپرسم، هەناسەیەکی دوورودرێژی هەڵکێشا و چاوی بڕییە چاوەکانی. یەکەمین گزنگی خۆرەتاو یانی کاتی تەواوبوونی کاری من، جلوبەرگم لەبەر کرد و بەرەو ماڵێ وەڕێ کەوتم. ماڵەکەم زۆر لە نەخۆشخانە دوور نەبوو.
– هەر ئێرە دەڵێی دایەگەورەگیان؟
– نانا کچی خۆم ئێرەم دوایی کڕی، دوایی (دیسان هەناسەیەک هەڵدەکێشێ)
هاتنەوەم بۆ ماڵێ و ساردوسڕی نێوماڵەکە هەموو ڕۆژێ خەم و خەفەتێکی زۆری دەخستە نێو دڵم، بەڵام ئەو ڕۆژە کە چوومەوە ماڵێ هەستم بە ڕوح سووکی و ئازادییەکی تایبەت دەکرد، لەوەی کە ناچار نەبووم ئازاری دایک بوون بکێشم.
تەنیا دوو پارووم نان خوارد و بە شەکەتی سەرم نایە سەر سەرین، نازانم چەندە خەوتم، بەڵام بە دەنگی دەرگا وەخەبەر هاتم. کە کردمەوە کەس لەپشت درگاکە نەبوو، هاتمەوە ژوورێ. هێشتا دوور نەکەوتبوومەوە دیسان کوتایان، ئەم جار بەخێرایی کردمەوە. دیسان کەس نەبوو . ویستم پێوەی دەم دەستێک پاڵی پێوەنا و نەیهێشت. بەنێو بانگی کردم. ڕواڵەتی دیار نەبوو، کڵاوێکی

زەلامی لەســەر بوو. تەنیــا چاوەکــانی، وەی لەبەر ئەو چاوانە چەند ترسهێنەر بوون.
– چۆن بوون، وەک دێوی نێو چیرۆکەکەی ئەو شەوە چاوی داقلێشابوو؟
– نا ئیــدی ڕۆڵەگــیــان. جــۆرێک بوون، جــۆرێکی تایبەت، دەنگیشی بۆم ئاشنا بوو، دەتکوت جارێکی کە گوێم لەو دەنگە بووە، بەپاڕانەوەوە تکای لێکردم لەگەڵی بڕۆم.
منیش بەبێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ وەشوێنی کەوتم، زۆر ڕۆیشتین، لە شار چووینە دەرێ. ڕاوەستام، کەم کەم وەبیرم هاتەوە لەکوێ ئەو دەنگەم بیستبوو.
– لەکوێ دایەگەورە گیان؟ کچەکە بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە ئەمەی کوت و خۆی لە باوەشی دایەگەورە توند کرد.
– وەبیرت دێ کوتم لە نەخۆشخانە دوو سێ جار بەنێو بانگیان کردم، هەر ئەو دەنگە بوو کە ئەوەم وەبیر هاتەوە لەجێی خۆم وشک بووم. ترسێکی سەیر ڕژایە نێو جەستەم. ئەژنۆم دەلەرزی، بە دەست خۆم نەبوو، بیرم لەوە دەکردەوە کە مێردی ژنەکە بێ و هاتبێ تۆڵەی ژنەکەی لە من بکاتەوە، بەدەم پاڕانەوەوە بانگم کرد:
هۆی کاکە باوەڕکە خەتای من نەبوو، خۆ من ئەسڵەن مامان نیم، من خزمەتکارێکی نەخۆشخانەم ئەوەی لە دەستیشمان دەهات بۆ ژنەکەتمان کرد، ئاوڕی دایەوە لە چاوقووچاندنێکدا هاتە بەردەمم، کڵاوەکەی لەسەر لابرد و زۆر بە ئارامی کوتی مەترسە تکات لێ دەکەم لەگەڵم وەرە.
– بۆخۆی بوو دایەگەورە مێردی ژنەکە؟!
– نا ڕۆڵە، نا ئەو نەبوو، دڵنیابە کە ئەو نەبوو، هەر وەکو تێفکرابوو دوو سێ جار ئەم قسەیەی دووپات کردەوە، خۆشم نازانم بۆچی دیسان متمانەم پێ کرد و لەگەڵی وەڕێ کەوتم.
دایەگەورە بێ دەنگ بوو. کچەکە دوو سێ جاری کوت: دایەگەورە، بەڵام دایەگەورە وەڵامی نەدایەوە. لەوەدەچوو خەوتبێ، ئەویش دەیزانی دەبێ ڕاوەستێ تا سبەی شەو، خەو چاوەکانی ئەویشی قورس کردبوو.

* * *

بە ئاستەمێک دەستی لەژێر سەری دەرهێنا، ماوەیەکیش بەسەرییەوە دانیشت تا بزانێ جوان خەوی لێکەوتووە. لێفەکەی دایەوە بەسەریدا، قژەکانی لەسەر ڕوومەتی لادا و سووک ماچێکی لە ڕوومەتی کرد.
یەکەمین شەوی زستانە، سەرما دەرگا و پەنجەرەی جەڕ داوە، دایەگەورە هەڵدەستێتە سەرپێ، دەست دەداتە جامێک شیر و لەبەر درگای ژوورەکەی دادەنێ.
بە جیرەی دەرگاکە دا زانی هاتۆتە ژوورێ. وەک هەمیشە سەری بە سەری کچەکەیدا هێنا و پەنجەی بە ڕوومەتیدا. دوو فرمێسکیش لەچاوەکانی ڕژانە خوارێ
– دایەگەورە ئەمەی کوت و (لەسەر دۆشەکەڵەکەی وا دایەگەورە بۆی دانابوو هەڵتووتا).
– دایەگەورە ئەم شەو حەقایەتەکەت بۆ تەواو کرد؟
– نانا ناوێرم جارێ زۆر منداڵە دەترسم. دەترسم دڵی بتۆقێ.
– تاکەی. دەمی نا بەنێو جامە شیرەکە و بە زمان بەربووە خواردن.
سەری هەڵێنا و ڕووی کردەوە دایەگەورە.
– دوێ شەو تەمام وابوو لەناکاودا بێم و خۆمی پێ بناسێنم، ئەو دەبێ هەموو شتێک بزانێ.
چاوەکانی دایەگەورە لە ترسان دەرپەڕیبوون.
– نەکەی کاری وابکەی دەمرێ. دڵنیابە دڵی دەتۆقێ، ئەو هێشتا زۆر منداڵە.
– بەڵام تۆ دەبێ حاڵیی کەی. ئەو مرۆڤ نییە، لەگەڵ تۆدا جیاوازە، گیانی لە مەترسی دایە.
دایەگەورە بە ترسەوە کوتی: پێی دەڵێم، دڵنیابە، هەر بەم زووانە.
جامە شیرەکەی لابرد، دەرگاکەشی پێوەدا، هاژە و هوژەی با دەرگا و پەنجەرەی ڕادەژاند.
چووەوە نێو جێگاکەی، لێفەکەی بەسەر خۆیدا کێشا، دەلەرزی نەک لە سەرما، لە ترسا.

* * *

ئەها لەکوێدا بووین؟ ئەرێ لەگەڵی وەڕێ کەوتم. قەت پێم وانەبوو ناڵەشکێنە ئەشکەوتی هەبێ. من منداڵی ئەم شارەم، بەڵام قەت ئەم ئەشکەوتەم نەدیبوو.
لە ئەشکەوتەکە چووینە ژوورێ، لە یەکەمین هەنگاودا وام هەست کرد بەرەو قووڵاییەک دەڕۆین. تاریکی و سەرما وەک ڕەشمار تێم هاڵابوون، ترسیش تەواوی گیانی داگرتبووم.
دوای ماوەیەک کە ڕۆیشتین هەستم کرد لاقم لە عەرز جیا دەبێتەوە و بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەفڕین. نازانم چۆنی بڵێم؟ دەفڕین، یان دەخلیسکاین. ئەوندە دەزانم دەتکوت غارەکە دەمی کردۆتەوە و هەڵمان دەلووشێ، نازانم چەندەی خایاند. گەرمایەکی خۆش تەواوی جەستەمی داگرت، لەدوای ئەو هەموو ڕۆیشتن و ئەو سەرما لەرزهێنەرە هەستی گەرما خۆشترین هەستی دنیا بوو. سەرم لەگێژەوە دەهات، بەردێکی لێبوو، لەسەر بەردەکە دانیشتم. نانا لەبیرم چوو بڵێم بۆ ماوەیەک ئەو

کابرایەم لێ گوم بوو، واتە هەر نەمزانی چۆن و بە کوێدا ڕۆیشت.
- دایەگەورە تۆ پێت وایە کارێکی باشە وەشوێن کەسێ کەوی کە نایناسی؟ ترسهێنەر نییە؟
ئەو پرسیارە متمانەی پێدا کاتی ئەوە هاتووە هەموو شتێکی پێبلێ. دایەگەورە بەخێرایییەوە وەڵامی دایەوە: کچی خۆم هەڵبەت ئەمە کارێکی باش نەبوو، بەڵام من پێم وایە ئەو کابرایە منی بە سیحر و جادوو وەشوێن خۆی خستبوو. مۆڵەتی بیرکردنەوەشی پێ نەدام، تەنیا بیرکردنەوەشە دەتوانێ کاری باش، یان خراپ بە ئینسان بسەلمێنێ! تۆش پێت وا نییە؟!
کچەکە پێدەکەنی، دایەگەورە پێی وایە ئەم پێکەنینەش وەها سیحراوییە کە بەبێ ئەو ژیانیش جادووەکەی بەتاڵ دەبێ. هەناسەیەک لە ناخی دڵییەوە هەڵدەکێشێ، پێی وایە کۆتایی ئەم چیرۆکە، واتە کۆتایی هاتن بە ژیانی خۆی!
چاییەک تێدەکا و ڕوو دەکاتەوە کچەکە:
- دەی وەبیرت دێ لەکوێدا بووین؟ نازانم چەندەی خایاند، بەڵام ئەو گەرمایە جەستەی ماندوومی خاو کردبۆوە. پێم خۆش بوو هەر لەوێ چاوم بخەمە سەریەک و بخەوم. جەستەم قورس بوو دەتکوت بە زەوییەوە دووراوم. نێو مێشکم هەر جارنەجارێ تەزوویەکی پێدا دەهات، تا ماوەیەک لەبیرم چووبۆوە لەکوێم! هەستم دەکرد ئیختیاری جەستەی خۆم نییە، دەست و لاقم وشک ببوون، لەپڕ دەنگێک کوتی:
- بۆ ئەوەندەت ئارەق کردووە؟! ئێرە زۆر گەرمە؟!
هەمان دەنگە ناسیاوەکە بوو، بەئەسپایی لێم هاتە پێشێ و دەستی گرتم. هێزێکی سەیر ئازا هاتەوە نێو جەستەم و هەستامە سەرپێ.
دەنگی ناڵە ناڵی ژنێک زوو سەرنجی ڕاکێشام؛ کە چاوم کەوت بە چاوی لە ترسان تف لە دەممدا وشک بوو. چاوە شینەکانی هەر تروسکەیان دەهات دەتکوت مەرمەری ڕەنگا و ڕەنگن ئیدی ڕەنگی مردوویان لێ نەنیشتبوو.
یارمەتیم دا تا لێ بۆوە؛ کچێکی جوان، چاوێکی ڕەش و چاوێکی شین.
هەروا کە هێنابوومی بردمییەوە دەرێ، کە گەیشتینە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە ڕۆژ ببۆوە.
کابراکە دەستی گرتم و کوتی: ئێمە متمانەمان بە تۆ هەیە بۆیە هەڵمانبژاردی! ئەمەی کوت و شتێکی لەنێو مستم نا، نەمزانی بەکوێدا گوم بوو، منیش ملی ڕێگام گرت و هاتمەوە.

- چی پێدای دایەگەورەگیان؟
- نازانم ڕۆڵە هێندە ماندوو بووم، ئێستەش نەمزانی لەکوێ مستم کردبۆوە.
کە هاتمەوە ماڵێ یەکسەر خەوتم، خەوێکی شیرین، نازانم چەند شەووڕۆژ، بەڵام تێرتێر، بە قەرا تەواوی ماندووییەکانی عومرم حەسابوومەوە، کە چاوم کردەوە تۆ لە پەنامەوە بووی چاوڕەشی چاوشین گیان.
دایەگەورە هەناسەیەکی لەناخی دڵییەوە هەڵکێشا، وەک ئەوەی بڵێ ئۆخەی ڕزگار بووم.

* * *

شەو لە نیوەی تێپەڕیبوو، وەک شەوانی دیکە درگاکەی کردەوە، جامە ڕوحەکەی پڕ کرد لە شیر، دۆشەکەڵەکەشی ڕاخست.
چاوەکانی هەدادانییان نەبوو، نەیدەزانی دەبێ چاوەنواڕی چی بکا؟ چاوی لە دەرگاکە بڕیبوو. لەناو کۆشی دایەگەورەدا پتر لە هەموو جێیەک هەستی بە حەسانەوە دەکرد، بەڵام دەستەکانی دایەگەورەش دەلەرزین. دەرگاکە کرایەوە، سەرما کەلێن و قوژبنی ماڵەکەی دەپشکنی. دایەگەورە بەبەری دەست چاوەکانی کچەکەی گرت.
دۆشەکەڵەکە بە دوو جێ پێ قووڵ بوو، بۆ خۆشی چاوەکانی قووچاند.
- چاوڕەشی چاوشین گیان نەترسی، چاوی هەڵێنا، ژنەکە ڕووبەڕووی ئەوان دانیشتبوو و پێدەکەنی. باوەشی بۆ کچەکەی کردەوە، دایەگەورە دەستەکانی شل بۆوە، کچەکە چاوێکی لە دایەگەورە کرد:
- دایەگەورە ئەوە هەر ئەو ژنەیە؟
دایەگەورە بە سەر وەڵامی دایەوە.
- دایەگەورە مەگەم ئەو نەمرد؟!
دایەگەورە فرمێسکەکانی بەربوونەوە، چی دیکە خۆی پێ ڕانەدەگیرا، ئەم جار بەجێی دایەگەورە دایکی وەڵامی دایەوە: کچی خۆم ژیانی من لەلای ئەو ئینسانە تەواو بوو، ئێمە خەریک بوو لەناو دەچووین، ئێستەش ژیانمان لە مەترسیدایە، بۆیە تۆشمان بۆ ماوەیەک سپاردە دەست دایەگەورە.
شەو لە کۆتاییدا بوو، بەڵام مشتومڕی دایک و کچ هەر تەواو نەدەبوو، کچەچکۆلەکەی ئەی هەر لەبیر نەمابوو.

* * *

- دایەگەورە کچەکەی لەگەڵ خۆی برد؟
- ئەدی. ئەرێ وەڵڵا ڕۆڵەگیان بردی.
- دایەگەورە دایکی چۆن دەبوو بە پشیلە؟

– نازانم ڕۆڵەگیان ئەوە لە زاتی خۆیاندایە.
کچەکە جامە شۆرباوەکەی بۆ دەباتە پێشێ تا دەستی لێ دەدرێ.
دایەگەورەگیان ئەم جامە شۆرباوە دایکم بۆی ناردووی بۆت تێ کوشم، ئەوە دەڵێ و نانەکەش دەباتە بەردەمی.
دایەگەورە نانەکەی هەڵگرت و کوتی: نا ڕۆڵەگیان بۆخۆم تێی دەکوشم، ئاواش درێژەی بە قسەکانی دا:
دایکەکەی دەیگوت چونکە ئێستا نیوە بنیادەم و نیوە لە خۆیانن بە بیسمیللا غەیب نابن؛ هەر وەک ئێمە و لەگەڵ ئێمەن.
دایەگەورە سبەینێش بە دایکم دەڵێم شۆرباوت بۆ لێنێ، دیسان چیرۆکم بۆ دەگێڕییەوە؟
دایەگەورە پێدەکەنێ.
کچەکە دەست دەداتە ئاوێنەکەی؛ چاوێکی ڕەش چاوێکی شین. ئەویش پێدەکەنێ.

**شەوی ژیانەوەی ئەوان۲**

یەکەم کارێک کە بەتەمابوو بیکا، چوونە بازاڕ بوو. بیری لەوەش دەکردەوە چۆن پیرێژنەکە لەناو ببا! پەیتاپەیتا ئەوەی بەخۆی دەکوتەوە (ئەو دەیەوێ کەسایەتی من بۆ خەڵک ڕوون کاتەوە). ئیدی باوەڕی بەوە کردبوو کە ئەو مرۆڤ نییە! (ئەگەریش بێ، مرۆڤێکی جیاوازە، هەستی بە گەورەییەکی زۆر دەکرد، بەڵام شتێک بیر و هزری ئاڵۆز دەکرد، ئەویش ئەوەبوو کە بۆچی تا ئێستا بەویان ڕانەگەیاندووە؟ هەڵبەت بۆخۆی جاروبارەیەک جیاوازییەکی لە نێوان خۆی و هاوالەکانیدا هەست پێ دەکرد.
دەرگای کومێدەکەی کردەوە و ئەوەی جلوبەرگی بوو ڕشتنیە دەرێ، ماوەیەک بەسەریانەوە ڕاوەستا؛ هەر وەکو دەستی نابووە ژێر چەناگەی و بە حاڵەتێکی تێفکرانییەوە دەیڕوانییە جلەکانی، بەخۆی کوت: دەبێ جلەکانیشم لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا جیاوازی هەبێ، کە یەکەم هەنگاوی لە دەرگای حەوشە ختسە دەرێ، هەستی کرد تەنانەت پشیلە سوورەکەی سەر زبڵەکەش جۆرێکی دیکەی چاو لێ دەکا. لووتی لە حەوا کرد و دەستی لەنێو گیرفانی مانتۆکەی خنی و بە بێ ئەوەی بایەخێک بە ڕوانینە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بدا بەرەو شەقام وەڕێ کەوت.
هەروا کە بە نێو خەڵکدا دەڕۆیشت زیاتر جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەواندا هەست پێ دەکرد. جارجارەیەکیش یەک دووانێکی دەدی کە ڕەنگی چاویان شینە سەرنجی دەدا تا بزانێ هەردوو چاویان ئەم ڕەنگەیە!

تەنیا بازاڕی شار زۆر لە گەڕەکی ئەوانەوە دوور نەبوو، دوو سێ هەنگاوی مابوو بگاتە دەرمانفرۆشی، تووشی یەکێک لە هاوالەکانی قوتابخانەی بوو، زۆر بە ناقابیلییەوە ڕاوەستا و لە وەڵامی دۆستەکەیدا کە پرسیبووی:
ئەم جلانە چییە؟ خۆ تۆ هەرگیز ئاوا جلت لەبەر نەدەکرد.
کوتی: وام پێخۆش بوو.
دۆستەکەی بە ناڕەحەتییەوە ماڵئاوایی لێ کرد، بەڵام بۆ ئەو هیچ گرنگ نەبوو! بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر دۆستانی بزانن ئەو... چی دەکەن؟
چەند پیاوی بەرگ سپی لەناو دەرمانخانەکە بوون، نەیدەزانی کامەیان دکتۆرە، لە پشت سەری یەکێکیان نووسرابوو (نووسخە پێچ)، کوتی وا دیارە ئەوەیانە. چووە پێشێ سڵاوی کرد و کوتی: ئاغای دکتۆر لێنزی ڕەنگیتان هەیە؟
دکتۆر چاوێکی پێدا خشاند و وەڵامی دایەوە: بەڵێ چ ڕەنگێکتان دەوێ؟ هەڵبەت لێنزی ئاساییمان هەیە.
ئەویش بەپەلە کوتی: منیش هەر هی ئاساییم دەوێ، بێ زەحمەت دانەیەکی ئاوی.
لە دەرمانفرۆشییەکە بەرەو ماڵێ وەڕێ کەوت لە یەکەمین هەنگاودا سەرکەوتوو بوو. دەبوو زوو بڕواتەوە تا دایک و باوکی بە پرسیار ڕاپێچی نەدەن. کە گەیشتەوە ماڵێ هێشتا نەهاتبوونەوە بەخێرایی جلەکانی دەرهێنا و بەستەکەشی شاردەوە.
لەدوای نانی نیوەڕۆ، هاتەوە ژوورەکەی خۆی و چووە بەر ئاوێنەکە. تا ئەو دەمە بۆ خۆیشی جادووی ئەم چاوانەی فارس گوتەنی نەدۆزیبووەوە.
نەیزانی چەندەی خایاندووە چاوی کە لە ئاوێنەکە هەڵبڕی هەردوو دەستی لەژێر چەناگەی تەزیبوون.
لەنێو قوتووی لێنزەکە نووسرابوو چۆن کەڵکی لێ وەرگیرێ، ئەویش موو بەموو جێبەجێی کرد.
هەڵبەت ئەو پێویستی هەر بە دانەیەکیان بوو.
چاوی دەکزایەوە، بەرچاوی لێڵ بوو، چەند جار چاوەکانی قووچاند و کردنییەوە، ئەوە ئیدی هەردوو چاوی یەک ڕەنگ بوون.
لە یەکەم دەرفەتدا دەبێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ لەناوبردنی ئەو پیرێژنە.
– (دەبێ تۆزێک دەرمان لەنێو چێشتەکەی کەم) ئەوانەی کوت و چووە سەر یەخچاڵەکە و ئەوندەی دەرمانیان بوو، هەڵیرشت و پشتەکانی خوێندنەوە، زۆر جۆراوجۆر بوون، لە هەرکامێکیان و دانەیەکی جیا

کردەوە، نێو مستی پڕبوو لە حەب.
دایکی سینییەکەی دایە دەستی و هەر چاوی لە چاویشی نەکرد، ئەویش بەخێرایی لەبەرچاو لاچوو.
دەرگای ماڵی دایەگەورە کرابۆوە، بە ئەسپایی چووە ژوورێ. بەلاق دەرگاکەی لە پشت سەری خۆی داخست، دەترسا یەکێک لەناکاو خۆ بکا بە ژووریدا.
سینییەکەی لە پشت دەرگاکە دانا، حەبەکانی خستە نێو شۆرباوەکە و جوان شێواندی. ڕەنگی شۆرباوەکە تێکچوو، بەڵام لای گرنگ نەبوو، خۆ ئەو چاوی نابینێ.
دایەگەورە لە سەرووی دیوەکەدا لە پەنای سەماوەرەکە دانیشتبوو، لێی چووە پێشێ و سڵاوی کرد و سینییەکەی دانا. دەستی دەلەرزی، بۆخۆشی نەیدەزانی بۆ.
– چاییەکت بۆ تێکەم چاوشین؟
سەری هەڵێنا دەنگی دایەگەورە گۆڕابوو.
پاشەوپاش دوو سێ هەنگاو کشایەوە، وای هەست دەکرد یەکێک لە پشتە سەریەتی. بە پەشۆکاوی ئاوڕی دایەوە کەس دیارنەبوو. چاوەکانیشی وەک جاران نەبوو، دڵی وەک تەپڵ دەیکوتا، هەردوو دەستیان لەدواوە گرت و هەڵیان پێکا بە هەموو هێزیەوە قیژاندی.
دایەگەورە زۆر بە ئارامی دانیشتبوو. دەستی کێشا و شۆرباوەکەی بردە بەردەمی خۆی.
هەر وەکو چاوی لە چاوی بڕیبوو نانەکەی لەتوکوت دەکرد و دەیخستە نێو شۆرباوەکەوە.
جوان خووساندی، بە دەست ئاماژەی پێکرد بچێتە پێشێ.
بە پاڵ پێوەنان بردیانە پێشێ و لەبەر دەمی خستیانە سەر چۆک.
لە پێشەوە چاوی کە بە چاوی کەوت لەوانە بوو دڵی بتۆقێ، دوو گۆمی خوێن زەق زەق لێی دەڕوانی.
دایەگەورە دەستی برد کەوچکێکی لە تریتەکە هەڵگرت، لێی بردە پێشێ. بە تەواوی هێزیەوە دەمی قووچاندبوو، ئەویش پەیتا پەیتا کەوچکەکەی تێ دەکوتا کەم کەم خوێن شۆڕاوگەی بەست و بە دەمو لێویدا هاتە خوارێ.
کەوچکەکەی دانا و بە خێراییەکی سەیر قامکی کرد بە چاویدا، سووڕاندی تا لە بنەوە چاوی هێنا دەرێ. (ئەو چاوەی وا لێنزی دانابوو) گەرماییەک بە لاچاویدا هاتە خوارێ بەڵام سەیر ئەوە بوو هیچ ئێشێکی نەبوو، دەتکوت هەر چاوی ئەویش نییە.
هەستایە سەرپێ، زەردەیەکی مەرگاویش بەلا لێوییەوە، زۆر سەیر بوو، شەڵوارێکی تەنگ و کورتی لەبەردا بوو. مانتۆکەی لە سەرووی ئەژنۆیەوە بە ڕانییەوە نووسابوو. باوەکو زۆر دەترسا، بەڵام بە دەستی خۆی نەبوو لەو حاڵەشدا پێکەنینی دەهات.
لەچکەیەکی سووریشی بەسەرەوەیە کە سووری چاوی دەگرێتەوە. دانەوی و چاوەکەی لە نێو شۆرباوەکە دەرهێنا، لێنزەکەی لێکردەوە و سەری خست بە پشتدا و لەسەر چاوی خۆی دانا، ئەم جار ڕووی کردەوە ئەو و هەروا کە دەڕۆیشت کوتی: شۆرباوەکەی بدەنێ بیخوا، ئاخر من دەبێ بڕۆم. یەکێکی دیکە چاوەڕێمە.

* * *

دوایین دێری (چیرۆکەکەم) دەنووسم.
وڵات بێ دەنگە، کە سەر هەڵدێنم: کاتژمێرەکە لەسەر سێی نیوەشەوە.
دەستەکانم ماندوو و شەکەتن، بەڵام نە هەست بە ماندوویی دەکەم نە خەویشم دێ.
تەلەڤزیۆنەکە هەروا ڕەنگ دەگۆڕێ، دەنگەکەیم گرتۆتەوە، نازانم بۆ سام دەمگرێت، واتە بەڕاستی دەترسم؟
وا هەست دەکەم دیوەکە پڕە لە حەشامەت، چاو کە لە ڕووبەڕووم دەکەم سێبەریان لە قولینچکی چاوم دەجوولێتەوە ژوورەکەم تاریکە، تەنیا گلۆپی نێو دالانەکە و شەوقی تەلەڤزیۆنەکە ئیزنی نووسینم دەدەنێ.
دیسان دەست دەدەمەوە قەڵەمەکەم، زۆر سەیرە زەینم دەڵێی هەڵدەقوولێ. ئەوانیش دێن و دەچن ئێستا وەک یەکەم جار ناترسم، پێم وایە کاریان پێم نییە. ڕەنگە تۆزێک تووڕە بن، چونکە لە دەروونم تووڕم هەڵداون. هی وایە دەڵێ بێتو ڕقیان هەستێ بنیادەم شێت دەکەن، بەڵام من پێم وا نییە هەروەک چەند ساڵ لە دەروونمدا ژیاون، ڕەنگە چەند ساڵیش لە دەرەوە پێکەوە بژین! کێ چوزانێ؟

### شەوی ژیانەوەی ئەوان3

چاوم کە دەکەمەوە ڕۆشناییەکی سەیر دەمڕەنجێنێ. دیسان دەیقووچێنمەوە، دەمەوڕوو بەسەر جێگاکەدا کەوتووم. هەردوو دەستم شۆڕبۆتەوە، بێ هێزترم لەوەی کۆیان کەمەوە، تەواوی وزەم دەخەمە چاوم. دەڕوانمە ئەو لایەی وا سەرم کەوتووە بەسەریدا و دەمێکە تێیدا ماوم.
بێ دەنگییەکی سەیر هەناسەکانم دەبڕێ، لەوە دەچێ بەرەو ڕووی تاو بم، تاوێکی بێ تین.
دەبێ بەسەر زەینمدا زاڵ بم، لەسەر کامە خاڵ ڕاوەستم؟ لەبیرمە لەوەوپێش دەبوو بگەڕایەم تەنیا بۆ یەک خاڵ، دەی گرنگ نییە، ئەوە خاڵی نێوەڕاست،

بۆشاییەک ڕووبەڕووە. واتە لەوەوپێشیش هەر ئاوا بووە؟ دڵنیا نیم، درێژەی پێدەدەم کەم کەم سووک دەبم. دەستەکانم هەڵدەکێشمەوە، دەسوورێم و چاوم دەکەمەوە (دیسان) ڕووناکییەکی بەهێز چاوم پێ تەنگ دەکاتەوە.
دەستەکانم سێبەرێکی باش نین و لەوەی کە نازانم لەکوێم وەڕسم. دەبێ بیر بکەمەوە، (ئێرە کوێیە)؟ (من بۆ لێرەم؟) ناتوانم بەسەر خۆمدا زاڵ بم، پێکەنینم دێ، زایەڵەی پێکەنینەکەم دەگەڕێتەوە، لە ترسی ڕۆچوون ناوێرم پێ لەسەر زەوی دانێم. ژێر پێم خاڵییە. دەبێ کارێک بکەم تاکەی ئاوا دەوام دێنم؟ دەبێ ترس لەخۆم دوور خەمەوە، کەم کەم هێز بەرەو کەم بوون دەچێ دەبێ دەستم، ئەها دەست، دەبێ دەست لێدەم (لەوە دەچێ مەلەوانێکی باش بووبێتم) بە تەواوی هێزمەوە مەلەباسکە دەڕۆم لەنێو شڵپەی ئاودام.
- لەوە دەچێ وەهۆش هاتبێتەوە.
دەمەوێ هەستم.
(بە دوو دەست دەمگرن): نانا، لەجێی خۆت ڕاکشێ جارێ کارمان پێتە.
دەنگەکە سەیر ناسیاوە، ڕامدەکێشنەوە.
خۆم وێڵ دەکەم، هەست بە ئەرخەیانییەکی تایبەت دەکەم. پێم وایە ئەگەر خۆشم نەزانم کێم، ئەوان بە تەواوی دەمناسن.
- چییە نووسەری ئازیز؟ وەڕەزی؟ وا زوو ماندوو بووی؟ ماندوو بوون لەتۆ ناوەشێتەوە. (کەوایە من نووسەرم)!
- بە بڕوای من هەر لێرەدا بەڕەڵڵای کەین، ڕەنگە ئەوە هەر ئەو داهاتووە بێ وا بۆخۆی دەیویست.
بە ئەستەم لەسەر جێگاکەم دادەنیشم، من دەبێ بزانم ئەوانە کێن وا داهاتووی من دەزانن، سێبەرەکانیان دەبینم، هەر دێن و دەچن. چاوم تیژە، ئاویان لێ دێتە خوارێ. هەست دەکەم ڕەشێنەکەشی دەتکێتە خوارێ. زوو چاوم دەقووچێنمەوە، نابێ وا زوو چۆک دادەم، ڕەنگە ئەوان هەر ئەوەیان بوێ.
- ئەم کارانە بێ کەڵکن، چۆک دادان بە نووسەر، جەماعەت کارێکی زۆر وەخت گرە، لەوانەشە هەر زۆر مەحاڵ بێ.
خۆم بێ هەست و خوست دەکەم.
- پێت چۆنە لەگەڵی بدوێین؟ هەرچەن لەباری لێدوانیش زۆر بلیمەتن، بەڵام تاقیکردنەوەی لەوانەیە زەرەری نەبێ.
(خۆشم ئاوام پێ باشترە) خۆشی وەک خوێن دەڕژێتە جەستەم.

بە زللە تێم دەسرەوێنن (پێیان وایە دیسان لەهۆش چوومەتەوە)
لەسەرخۆ چاو هەڵدێنم بەسەرمدا کەوتوون. سێبەرێکی قورسیان هەیە، من ئەوانە دەناسم، ڕەواڵەتیان بۆم ئاشنایە، زۆریش وەک یەک دەچن. نانا هەردووکیان هەر یەکن. بە دەست چاوم هەڵدەگلۆفم، لەوە دەچێ ئاواڵ دووانە بن.
- بمبوورن من ئێوە دەناسم؟
دەدەنە قاقای پێکەنین، وێڕای ئەوان پێدەکەنم، ڕوویان گرژ دەبێتەوە. بەخێرایی دەڵێم:
- یانی دەزانن چۆنە.. من.. من لە حاڵەتێکی سەیردام، نازانم لەکوێم. تکایە ئێوە بۆم ڕوون کەنەوە.
لێم دێنە پێشتر
- نازانی، چۆن نازانی.. ئێرە بۆت ئاشنا نییە؟ ئەم سپیاییە هیچت وەبیر ناهێنێتەوە؟
- هەڵبەت شتێکی سەیریش نییە ئەگەر نەزانی، ئاخە تۆ هەمیشە لەوبەری شانۆ بووی.
- تازە تێگەیشتم، لەوە دەچێ ئێوە منتان بەهەڵە هێنابێ. مەگەر ناڵێن من نووسەرم؟ نووسەر و شانۆ؟ ئەوەندەی من بزانم شانۆ و شانۆگەر و ئەکتەر لەسەر شانۆن، لەوەدەچێ بۆخۆتان شانۆگەر بن، ئەمانەش مەشقە دەیکەن.. وا لێم دەڕوانن کە لە قسەکانی خۆم پەشیمانم. دەترسم لە نووسەربوونیشم بە شک بن. ماوەیەکە بێ دەنگی بەسەرماندا زاڵە، نازانم بیر لەچی دەکەنەوە.. بەڵام بۆخۆم هیچ فکرێک بە مێشکمدا نایە. لەوەدەچێ تەڕایی لە مێشکم بڕابێ.
- بێ سوودە دەبێ.. (سرتە دەکەن)
(دەستێک دێ بەسەر چاومدا) چاوشین.. چاوشینی چاوڕەش، ئەوە ئێوەن
- خەون نییە لەخۆت مەدە. یەکیان ئەوە دەڵێ و سەری دێنێتە پێشتر (لەوانەیە لەسەرمی بدا)
- بەڵێ ئێمەین، بە بڕوای تۆ ئێمە لێرە چی دەکەین؟
(لەوە دەچێ زۆر تووڕە بێ)
- من، من نازانم... ئەوەندە دەزانم چیرۆکێکم نووسیوە و ئێوەش لەنێو چیرۆکەکەمدان.
- چۆن دەتوانی هێندە متمانەت بەخۆت، یان بە نووسراوەکەت هەبێ. (ئەوە، ئەوەی کەیان کوتی)
بە دەنگێ زرینگە لەسەرم هەڵدەستێ!!
- دەست مەخە سەرگوێت، بێ سەربوون لە نووسەربوون ئەرکێکی زۆر گرانترە.. وا نییە؟
(لەبەر ئەوەی هەست بە ترسەکەم نەکەن) بە هێواشی دەڵێم: ئێمە دەتوانین لەگەڵ یەک بدوێین

- قەت باوەڕت نەدەکرد ئاوا وەچنگت خەین.. دەمانەوەێ وەک خۆت مامەڵەت لەگەڵدا بکەین (پێم وایە ئەوەیان یەکەم کەسی چیرۆکەکەم بێ) تۆزێک ئارامترە.

- بەڕەڵلاکردن، چۆنت توانی؟ منت وەبیر دێ؟

(هەروا کە لە پەنامەوە دادەنیشێ): ناردمت پیرێژن بکوژم، کاتی بیرکردنەوەشت پێ نەدام بەخێرایی لە جوغزێکی نەناسراودا - داتنام. من هەستم بە بوونی تۆ دەکرد، لە نێو دیوەکەدا هەر ئەوکاتەی وا لە دواوە دەستمت گرت.

- نانا لێرەدا لە هەڵەدای، من نەبووم دەستم گرتی، من تەنیا نووسەر بووم، هیچ دەورێکم لە ڕووداوی نێو چیرۆکەکەدا نەبووە، بڕوام پێ بکە!

- ئەی بۆ وێڵت کردم؟ بۆ ئەو دایەگەورە میهرەبانەت ئاوا بێ بەزەیی کرد؟ چاوم لێکە، جوان چاو لێکە (جێگای چاوەکەی هەروا قووڵە)

- دەزانی چییە چاوشین ئەوە دنیای چیرۆکە، ڕاستەقینە نییە، تۆم بەڕەڵلا نەکرد، من تۆم دایە دەستی خوێنەر، واتە ئەوە پێی دەڵێین تەکنیکی چیرۆک نووسین، تۆ...

- من چی؟ کە وایە بۆخۆت بڕوات بە ئێمە نییە؟ بۆ تۆ تەنیا چیرۆکێکی نووسراوەین و بەس، (هەستا سەر پێ) ئێستا چی؟ ئێستاش بڕوات بە ئێمە نییە و پێت وایە لە دنیای چیرۆکداین. (ئەوندە بەدەورمدا خولاوەتەوە سەرم لەگێژەوە دێ)

- پێم وایە ئەوە خەونە! هەڵبەت خەونێکی خۆش. ئەوە ئاواتی هەموو چیرۆکنووسێکە بچێتە ناو دنیای چیرۆکەکەی، بەڵام.

- کە وایە ئێمەش دەتوانین لە دنیای چیرۆکدا تۆ بەڕەڵلاکەین، ئەوە شێوازی کاری خۆتە.

کوتم: دەتەوێ بمترسێنی؟

- ناترسی چۆن ناترسی؟ تۆ هێشتا ناتوانی درۆیەکی باشیش بڵێی.

(من نابێ گوێ بدەمە ئەم دەنگانە، دەبێ هەستم ئەم خەونە ئازارم دەدا)

سپیایی، تا چاو هەتەر دەکا سپیایی.

بە دەست و بە دامێنی کراس و خولاسە بەهەر جۆرێکە دەموچاو و شتم خاوێن دەکەمەوە، ماوەیەکی زۆرە لە بێ دەنگی و لە قووڵایی سپیاییەکەدام.

تەواوی کەلێن و قوژبنی مێشکم دەپشکنم، دەڵێی نێو مێشکمیان (بە گەسکێکی کارەبایی) خاوێن کردۆتەوە! تەنانەت تۆزیشی لێ هەڵناستێ، من دەبێ بنووسم، قەڵەم، من قەڵەمم دەوێ، ژێر دۆشەکەکەم، ئەو پێخەفەی وا پێیان داداوم، سەرینەکەم، وەختە فجە بکەم (هیوا تەنیا شتێکە وا لێم دوورە)

- دەتەوێ بێیە جێگای یەکێک لە ئێمە؟ هەڵبەت ئەگەر بەڕاستی بڕوات بەبوونی ئێمە هەیە.

(هەر دێ و دەچێ). باوەکو لەوەی کە گوێم لە دەنگێکە زۆر شادمانم بەڵام لەناکاو دەڵێی لە خەویان هەستاندم.

بە دەنگی بەرز دەڵێم: لێرە چ باسە؟ ئەگەر گاڵتەیە.

- گاڵتە.. ئەوە نەخەوە نە گاڵتە.

- ئەی من لێرە چی دەکەم؟ چیرۆکێکی تازەیە، ئەوانە هەمووی لە درێژایی چیرۆکەکەی خۆمدایە و لێرەدا من کارەکتەری ئێوەم و لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدام؟

(بە پێکەنینەوە) دەڵێ: ئێمە بە درێژایی تەمەنی جیهان لەگەڵ ئێوەدا ژیاوین، زۆریەک لە ئێوەش هەوڵتان داوە ئێمە بناسن، لە حەقایەتەکاندا ئێمە هەمیشە بووین، بەڵام تاکو... واتە تا ئەم چیرۆکەی تۆ ئێمە تەنیا ڕواڵەتێکی ترسهێنەرمان بووە، ئەم بڕوایەی تۆ (ئەڵبەت ئەگەر بەڕاستی بڕوات هەبێ) کە ئێمە وەک خۆتانین و دەتوانین لەگەڵتان بژین، ڕواڵەتێکی نوێ بوو کە تاڕادەیەک وایە.

لە دوای قەدەرێک بێ دەنگی (بەڵام ئیدی تەنانەت زەردەیەکیش بەسەر لێویەوە نییە):

- ئەوەی ئێستا دەیبینی نە خەوە، نە چیرۆک، تۆش کارەکتەر نی، بەڵام دەتوانی بەپێی لێزانین و توانینی خۆت دەورت هەبێ، ئەگەریش ئەم کارەت پێ خۆش نییە.

(بە دڵەکوتێوە گوێ دەگرم) ئەویش دەزانێ، بە وردی لێم دەڕوانێ و دەڵێ:

دەگەڕێیەوە بۆ دنیای خۆت، هەڵبەت بەبێ هیچ نووسراوەیەک، نە لەوەپێش و نە لە داهاتوودا.

پێشنیارێکی زاڵمانەیە، بەڵام ئەوەی ڕاست بێ، ئەوە یەکێک لەبیروباوەڕەکانی خۆشمە.

لە چەند نووسراوەشمدا نووسیومە (ئەو نووسەرەی باوەڕی بە نووسراوەکەی نییە وا باشترە هەر نەنووسێ)

بەڵام من نەنووسینم پێ مەرگە.

(ڕوو دەکەمە چاوشین): من ئەگەر بمەوێ بێمە جێگای یەکێک لە ئێوە دەبێ چی بکەم؟

- لەوانەیە کارێکی ئاسان نەبێ.

- فارس گوتەنی لە ڕەش بەولاوە (کە دەبینێ ئارخەیانم لێم دێتە پێشتر، هەروا کە چاوی لە چاوم بڕیوە، دەیەوێ لە تەختەکە بێمە خوارێ (نازانم لەکەیەوە زمانی نیگاشی حاڵی دەبم.)

(ترسێک دڵم دادەخورپێنێ، پێم وایە ئەویش هەستی بەو ترسەم کردووە، بەڵام لەولاشەوە پێم خۆشە دنیای ڕاستەقینەی ئەوان ببینم)

* * *

چاوەکانم قورسن، پێم خۆشە لێمگەڕێن بخەوم، (بەڵام) یەکێک هەر ڕام دەوەشێنێ، بە ناچاری چاوم دەکەمەوە، دەڕوانمە وڵات، چاو بە چواردەورمدا دەگێڕم، بیر لەوە دەکەمەوە: بڵێی خەونم دیبێ، لە جێگاکەم جوێ دەبمەوە بەپێی خووخدە یەکەم کارم کۆکردنەوەی جێگاوبانەکەمە، دەست دەدەمە پەتووەکەم، بە دەستمەوە نایە، دیسان هەوڵ دەدەم پێکەنینم دێ، وەبیر فیلمی (کابرای نەدیار) دەکەوم، بەخێرایی دەچمە بەر ئاوێنە. نازانم چ ماوەیەکە بە پەشۆکاوی ماومەتەوە، چاو لە کاتژمێر دەکەم (لەسەر دەیە) زۆری نەماوە خێزانەکەم بێنەوە بۆ ماڵێ، لەبیرم نییە کە ڕۆیشتبوون، بەڵام پێم وایە دەبێ بۆ نیوەڕۆ بێنەوە. دەچمە ئاشپەزخانە – لەوەتەی ئەو بەڵایەم بەسەر خۆم هێناوە ڕقم لەخۆم هەڵدەستێ.

(بریا ئێستا چاوشین لێرە بوایە) لەپڕ دەرگای هۆڵەکە دەکرێتەوە و خۆم دێمە ژوورێ. لێی دەچمە پێشێ، دەستی بۆ دەبەم، لێم ڕەت دەبێ، ئاوڕ دەدەمەوە دەڵێی هیچی نەدیوە، بۆخۆی خەریکی کاری خۆی دەبێ. دانیشتووم . سەیری خێزانەکەم دەکەم. بە دڵێکی خۆش و بێ غەم لەسەر کەوڵەنانەکە کۆبوونەتەوە و نان دەخۆن. داماوم چی بکەم؟ ئەوەبوو ئەو دنیایەی چاوشین باسی دەکرد؟

حەتمەن وا نییە!

(دەبێ بگەڕێم کاغەز و کتێبەکانم بدۆزمەوە) تەواوی دیوەکان دەگەڕێم، هەموو شتێک لەجێی خۆیەتی نووسراوەکانی من نەبێ!

تا ئێستا سێ ڕۆژ و (چەن سەعات و چەن خولەکە) دەست لەسەر ئەژنۆ دانیشتووم، پێم وایە ئەگەر سی ساڵیش بەم جۆرە دانیشم هیچ گۆڕانکارییەک لەمندا بەدی نەیا (نە لە منی ئێرەم و لە ئەوەی نێو خێزانەکەم)، بەڵام ئەگەر بەم جۆرە ئەو ڕواڵەتەی دیکەی خۆمم نەدیبایە تێ نەدەگەیشتم کە چۆن تەنیا وەک (مرۆڤی ئاسنی) لەڕووی بەرنامەیەکی دووپاتەوە چەند پاتە داڕێژراوم.

دەبێ خۆم بەجێ بێڵم، واتە پێویستم بە هەڵاتنە!

ئیدی هیچ دەرگایەک، یان دیوارێک، یان تەنانەت پەنجەرەیەکیش ناتوانن بەرم پێ بگرن، سنوورەکان تەنیا دەتوانن تابلۆیەکی خەت خەتی بن کە من لە نوقتەی ماڵێوە دەمەوێ جەمسەرەکەی بگرم و هەڵیوەشێنم.

ئەم هزرانە دەمخەنەوە یادی نووسین، لەوەی کە ناتوانم بنووسم هەستێکی ناخۆش ئازارم دەدا، بیری شیعرەکانم دەکەم (لەپڕ دەنگێک دەڵێ)

– نووسین، ئەوە تەنیا داوای تۆیە؟

(بە پەشۆکاوی دەڵێم): بەڵێ بەڵێ بەڕاستی یەکێ لە داواکانی منە...

– یەکێ لە داواکانت؟! هەروایە، ئینسان هەمیشە هەر وابووە، لە کاتی تەنگانەدا داوایەکتان هەیە، بەڵام کە ئاوڕیان لێ دانەوە داواکانتان پەرەدەستێنێ.

– بەڵام ئەوە ئاساییە، ئێوە بۆخۆتان دەتوانن بڵێن تەنیا پێویستی ژیان نان خواردنە، یان ئاو، یان هەناسە هەڵکێشان.

– من دەتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، بەڵام بە مەرجی... (بێ دەنگ دەبێ)

چاوەڕێم مەرجەکەی بڵێ و ئەویش کە دەبینێ بێ دەنگم دەڵێ: تەنیا مەرجم ئەوەی بە مێشکتدا هات، بیهێنییە سەر زمانت، گوێت لێ نەبێ چاکە، یان خراپە، ئەسڵەن بیاننووسە هەر ئەو کارەی وا بۆخۆت پێت خۆشە.

(بە پێکەنینەوە) دەڵێم: بەکام پێنووس و بە کام لێنووس؟ گاڵتەم پێ دەکەی، تەنانەت ئەگەر ئەوانەشم پێ بدەی خۆ من ناتوانم هەستیشیان کەم.

(لە قاقا دەداتەوە): ببوورە ئەوە یەکێک لە عەیبە گەورەکانی ئێوەیە کە هێشتا یەخسیری پێست و ئێسقانن.

(هەست بە کەنفت بوون دەکەم، لەوە دەچێ هەقی بێ، من هەر پێم وایە ئەو بنیادەمەی جارانم)

– دەی باشە ئێستا دەڵێی چی مەرجەکەم قەبووڵ دەکەی؟

– بەڵێ بەڵێ.. بەڵام تکایە.

– ئیدی قەرار نییە داوایەکی دیکەم لێ بکەی، چون ئەگەر بیشی کەی بێ کەڵکە، لەوانەیە لە دەستم نەیەت.

نازانم بڵێم چی؟ نووسین هەر ئەو خەونە خۆشەیە وا دایمە پێم خۆشە لەنێویدا بم.

– مەڵێ بینووسە.

– (لەوە دەچێ هزریشم بخوێنێتەوە)

لە نێو باوەشیدا وەک زەڕنەقووتەیەکی بێ دەسەڵات واقم وڕماوە، شینایییەکەی هێدیم دەکات و گەورەیییەکەی دەمترسێنێ!

– ئەوە گەورەترین لێنووسە چیت پێ خۆشە بینووسە (پێت وایە هەر خۆت شاعیری؟)

– گاڵتەم پێ دەکەی؟

– بۆ دەبێ گاڵتەت پێ بکەم؟ چ سوودێکی هەیە ئەم گاڵتەیە... بۆخۆت بەتاقی کەوە!
– دەی ئەوە گریمان وایە، ئەم ئاسمانە، ئاسمانێکی تایبەتە و من دەتوانم بینووسم، بەڵام بەچی؟
– بەخۆت بنوسە.
– ئیدی بەڕاستی گاڵتەم پێ دەکەی، ئاخە چۆن؟ کێ تا ئێستا بەخۆی ئاسمانی نووسیوە؟
– قەرار نییە تۆ کارێک بکەی وا لەوەپێش کراوە.
بێ هەست و خوست لە جێی خۆم ڕاوەستاوم، سەرم لێ شێواوە و نازانم چ وەڵامێکی بدەمەوە.
دەڵێم: من پێویستم بە بیرکردنەوەیە، دەبێ بیری لێ بکەمەوە.
– ئەوەندەی پێت خۆشە بیر بکەوە، ئێمە تا کۆتایی ژیانمان مۆڵەتمان هەیە بیر بکەینەوە، بەڵام ئەوەش بزانە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکانمان کاتمان کەم دەبێ.
– بۆخۆشم نازانم لەچی دەترسم.. ناتوانم بەسەر زەینمدا زاڵ بم، تەنیا دەتوانم بیر لەوە بکەمەوە کە تا ئاخری تەمەن چەندم ماوە؟!
(بە تانەوە دەڵێ): چییە نووسەری ئازیز کەوتوویتە بیری مەودای تەمەنت، ئیدی دڵەکوتەی نووسینت نییە!
– نانا بیر لە نووسینیش دەکەمەوە، بەڵام دەمەوێ بزانم ئەوندەم مۆڵەت هەیە هەم بیر بکەمەوە، هەم بنووسم.
(دیسان لە قاقا دەدا، هەر ئەوشتەی وا من قینم لێ بووە و لێیەتی، ئەو قاقایانە لەوانەیە مێشکم بپرژێنن، بە هەردوو دەست سەرم دەگرم و چاوم دەقووچێنم.)
نازانم چەندەی خایاندووە، بەڵام لەوە دەچێ وڵات بێ دەنگ بێ، دەستم لەسەر سەرم لادەبەم، چاوەکانیشم دەکەمەوە.
– ئەوە شاکاری تۆیە، بۆخۆشت باوەڕ دەکەی ئەو تابلۆیە کاری تۆ بێ؟
جێ پێیەکانم ڕوخی ئاسمان و لمی تێکەڵاو کردووە (جوغزێکی زێڕین)
– بە بڕوای تۆ دیسان دەتوانم بەسەر جێ پێیەکاندا بێمە دەرێ؟ (ئاخە تەنیایی دەمترسێنێ)
دەڵێ: بیر کردنەوەکەت کۆتایی پێ هات؟ (لەوە دەچێ هەر گوێی لە پرسیارەکەم نەبووە)
دەڵێم: ئیدی لە بیرکردنەوە ماندوو بووم، بەڕاشکاوی دەڵێم نازانم چی بکەم؟
– نازانی! چۆن نازانی؟ تۆ ئاسمانت بەجێ هێشت بۆ بیرکردنەوە، دەتەوێ عەرزیشت لەکیس بچێ؟
(ترس وەک خوێن دەڕژێتە جەستەم) بەپەلە دەڵێم: من دەتوانم بنووسم هەر ئا ئێستا چاو لێکە، (نازانم ئەم هزرە چۆن کەوتە مێشکم. بەخێرایی ددان دەنێمە سەر شاڕەگی دەستم و بە توندی دەیگەزم، چاوەڕێم خوێن بێتە خوارێ...

* * *

چەند کەڕەت تەمام گرت هەرچی کتێب و وانەیە، یەک جێ ئاوریان تێبەردەم.
قەت باوەڕم نەدەکرد ئاوای لێ بێ.
– ئەم دەنگە، چەندە بۆم ئاشنایە (دیسان ڕووناکایی دەمرەنجێنێ)
دەقیژێنم: چاوشین چاوشینی چاوڕەش.
– چیت دەوێ من لێرەم
– ئەم ڕووناکاییە دەمرەنجێنێ. ئەزموونەکانم تەواو بوو دەتوانم بێمە ناوتان؟.
– بە ئەرخەیانی شوکور بۆ خودا حاڵت باشترە.
(ئەم دەنگە گۆڕاوە، من ئەرخەیانم ئەوە دەنگی چاوشین نییە): دەکرێ بتبینم؟
– ئاغای دکتۆر چۆن دەتوانم لەنێو چیرۆکەکەی بیهێنمە دەرێ؟ ئەو هەر باسی کەسایەتییەکانی نێو چیرۆکەکەی دەکا.

* * *

(ئاخ سەرم) دەنگە دەنگ دەمەوێ بخەوم، تکایە.
– کاتی خەو بەسەر چووە، چاوت هەڵێنە
– چاوشین بۆخۆتی (ڕاست دەبمەوە و لەسەر جێی خۆم دادەنیشم دەڵێی سەرم دەکوتن) ئاخ.
خۆ بەڕاستی سەرم دەکوتن (دەست دەگرم بە سەرمەوە)
– ئەوە چییە؟ ئێرە چ باسە؟
– چاوت هەڵێنە جا دەزانی!
– ئاخ.. ئێرە کوێیە.. ئەمانە چین (چەند دەعبای وردیلە، دانەیەکیان دەیەوێ قامک بە چاومدا بکا) ئێرە.. ئێرە خۆ هەر ماڵەکەی خۆمە ئەی ئەوانە کێن؟!
(زیاتر لە دە دانە لەو دەعبا وردیلانە هەر دێن و دەچن، یەکیان ختیلکەم دەدا)
– وا مەکەن.. دەست لە یەخەم کەنەوە، (زگم ژان دەکا، دەست بە زگمەوە دەگرم) بەڕاستی نازانم چەند ساڵە ئەوەندە پێنەکەنیوم. باش بوو زوو فریام کەوتی، دەنا پێکەنین دەیخنکاندم!
– دەبینی دنیای ئێوە، دنیای ئێمەشە، ئێمە هەین، لە پەناتانەوەین، بەڵام ئێوە تەنیا لەبەر ئەوەی ناتوانن بمان بینن لە بوونمان بە شکن. ئێستا بینووسە، ئەوەی دەیبینی، چۆنیەتی ژیانی ئێمە لە پەنای ژیانی ڕۆژانەی خۆتان. ها ئەوەش ئەوانەی پێویستە بۆ نووسین.

* * *

– خۆ هێشتا هیچت نەنووسیوە.

( هەروا کە پاڵم داوە بە دیوارەکەوە)

بەڕاستی لای ئێوە هەموو شتێک لەجێی خۆیەتی، نازانم چی بنووسم، لای ئێوە منداڵ منداڵە، دایک دایکە و باوک باوکە و...

- بۆخۆت پێکەنینت نایە، ئەوە دەڵێی چی؟ ئەگەر بتەوێ دەتوانی بنووسی، ئەوە دەبێتە نووسراوەیەکی نوێ.

(لە پەنامەوە دادەنیشێ)

- تۆ دەزانی دەڵێم چی، تۆ مانای هەموویان دەزانی، تۆ بۆخۆت لەنێو ئێمەدا ژیاوی (سەرم دەنێمە سەر شانی) پێم خۆش بوو منداڵەکانم وەک ئەو منداڵانە منداڵ بوایەن، منیش دایک و هاوسەرەکەشم بیزانیبایە باوک بوون چەند ئاسانە! باوەڕ دەکەی من زۆرجار لەبیرم دەچوو دایکم، زۆرتر لە کارەکەر، یان چۆن بڵێم وا باشترە بڵێم چێشتێکی خۆش، گسکێکی باش، قاپ شۆرێک.. هەموویان تا دەهاتنەوە هەواڵی چێشتەکەیان دەپرسی.. باوکیشیان (بێچارە) تا لە دەرێ قوتاری دەبوو لە ماڵێ دەگەڕا بۆ حەسانەوە، ئەویش بە نرخی گرانی بێ دەنگ بوونی ئێمە. باوکیەتی تەنیا بەڕێ چوونی ژیان مانا دەدا، منداڵەکانیش بەبێ هیچ پرسیارێک تەنیا دەبێ گەورە بن، ئەوانیش گەورەیی لەنێو تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر و هەرچییەکی وا دەسەڵاتی بەسەریاندا نەبێ دەبیننەوە. ئێستاکە بیر دەکەمەوە دەزانم چەندەم بابەت لەدەست داوە بۆ نووسین. لە ڕاستیدا لای ئێمە پڕە لەو شتە نائاساییانەی وا پێویستیان بە نووسینە.

- ئیدی ناترسی؟

- دیارە ڕواڵەتەکان لەوانەیە ترسهێنەر بن، بەڵام گرنگ کەسایەتییەکانیانە کە هەستی متمانەم پێدەبەخشن، تۆ پێت وایە ئەگەر بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە بوایە ترسهێنەرتر نەدەبوو؟

- بەڕاستی بەتەما نیت بنووسی؟

- نووسین تەنیا بۆ ئەوەیە ئاگاداری ببەخشێ بە مرۆڤ، تا ئەوانەی وا نازانن، یان دەزانن و خۆیان لە نەزانی داوە، وشیار بنەوە (چاوی لە چاوم بڕیوە) - تەنیا پرسیارێکم هەیە. (چاوی لە چاوم دوور دەخاتەوە): دەزانم پرسیارەکەت چییە، دەشمزانی ئەوەم لێ دەپرسی، پێم سەیرە تۆ کە نووسەری ئەو نووسراوانەی (ئاماژە بە چیرۆکەکانم دەکا) بڕوات ئاوایە.

وای بەحاڵی خوێنەرەکانت.

- ئەگەر ڕاستت بوێ، لەوەی کە نووسیومە گومانم هەیە، بەڕاستی وایە، یان نا؟

- هەر باشە لانی کەم ددانت بە نەزانی خۆتدا هێنا، ئاخە ئێوە (مەبەستم بنیادەمە) پێتان وایە ئەوەی عەقڵ و کەماڵە خودا داویەتی بە ئێوە، خۆتان گەورەتر لە هەموان دەبینن، دیارە خودا ئێوەی کردووە بە فەخری بوونەوەران، بەڵام پێتان وا نییە کەم کەم بەرەو کەمی دەڕۆن (لە بارەی عەقڵەوە) ئەوەی ئێوە دەیکەن هیچ گیانلەبەرێک لەگەڵ یەکی ناکا. بۆخۆتان خەریکن خۆتان لەناو دەبەن. زانستەکانیشتان بە پێچەوانە کەڵکی لێ وەردەگرن، من تۆم بە دنیای خۆمان ئاشناکرد تا بە چاوی خۆت بیبینی ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن (مرۆڤایەتی) چ مانایەکی هەیە.

بەڵێ تۆ چاکی بۆچوویت، ئێمە دەمانەوێ زەوی لە دەست ئێوە ڕزگارکەین، بەڵام هەروەک بۆخۆت دەزانی زۆربەی ئیمکانات بۆ ئێوەیە، ئێوەی گۆشت و پێست و ئێسقان، بۆیە دەبوو لەگەڵتان تێکەڵاو بین.

(دوای ماوەیەک بێ دەنگی لەلایەن هەردوو لامانەوە): یەکەم کارێکی کە دەیکەی چییە؟ مەبەستم دوای گەڕانەوەتە؟

- دەنووسم، ئەوندە دەنووسم تا هەموو بابەتەکانم تەواو دەبێ.

- باسی ئەم ڕووداوانەش دەکەی؟

- کێ باوەڕم پێ دەکا؟ لەوانەیە بە شێتیشم بزانن (سەرم هەڵدێنم) چاوشین من ئەگەر بگەڕێمەوە، دەتوانم بتبینمەوە، یان گوێم لە دەنگت بێ؟

(تۆزێک چاوم لێ دەکا و ڕوودەکاتەوە ئەوبەری خۆی)

- تا داخوازی خۆت چی بێ.

- بەسە تکاتان لێ دەکەم ئیدی دەرزی لێ مەدەن، گێژ و کاستان کردووە.

(ئەم دەنگە لە دەنگی دایکم دەچێ)

یەکێکی کە دەڵێ: حاڵی باش نییە هەر دێتەوەخۆ ئازار بەخۆی دەگەیەنێ.

(بە توندی دەقیژێنم) خۆ من وەڵامیم نەداوە و داخوازی خۆم پێ نەکوت.


- دەتبەمەوە ماڵێ، لە ماڵێ، پێی بڵێ (شتێک دەکاتە ملم) - ئەو نووشتەی ئەبوو دووجانەیە(*)، مامۆستا فەرمووی دەستیان لێ وەشاندوویت.

(قاقا دەکێشم) - نەمکوت، نەمکوت، چاوشین ئاخری بە شێتیان زانیم!

*** (نووشتەی ئەبوو دووجانە خوڕافەی قەدیمیانە بۆ ترس «لەوان» دەیاننووسی).**

**١٣٨٥/١١/٢٤**

# بەرەواژ



**حەکیم کاکەوەیس**
**(کەرکووک – حەسار)**

ئێستا، بەسەر سەری ئەو خەڵکەوەیە. بەرێزەوە بەرەو گۆڕستانەکەی دەبەن. ئەو خەڵکە، لەسەر سەری خۆیان هەڵیانگرتووە و نۆرە دەکەن.. تا دەیگەیەننە گۆڕستانەکە، هەموو کەسێک، بۆ ماوەی چەند چرکەیەکیش بێ دەچێتە بن دارەمەیتەکەیەوە. کەس ناگرێ.. کەس خەفەتی پێوە دیار نییە. نا، خەفەتی چی؟! هەموویان بەختەوەرن! هەموویان، وەک ئەوەی بۆیان ڕۆکرابێ، گورج ڕێ دەکەن. هەر کەسێ بۆ ناشتنی مردوو نەڕوا، لە گەڵیاندا دەرنابا. کەس نازانێ مردووی داهاتوو کامەیان دەبێ و کێیان دەخرێتە بان سەران. من؟! تۆ بڵێی نۆرەی من نەبێ؟! بۆچی نا؟! من خاو ڕێ دەکەم تا درەنگ بگەم، بەڵام هەر دەبێ بگەم. چەند درەنگتر بگەمە گۆڕستانەکە باشترە. هەموو کەسێ لە سەرەتاوە خاو دەبێ، ئەوجا دەخرێتە سەر دارەمەیت و بان سەران. شتێک کە خودا بۆ گەشەکردن و کوژاندنەوەی من دروستی کردبوو، کۆتایی هات. منیش کۆتاییم هاتووە! بۆ گەشەکردنی من؟! نا، نا! بۆ گەشەکردنی ڕووەک دروستی کردبوو. ڕاستە بۆ من و هەموو ئەو خەڵکەی بن دارەمەیتەکە دلبەر و دینبەر بوو و هەمیشە چاومان لە دوای بوو، بەڵام کارگەیەکی بەردەوامیش بوو بۆ ڕووەک... کاهوو و تۆڵەکە و... کە لەبەرهەمهێنانیش کەوت، خۆی بە هەموو جەستەوە دەبێتە خۆراکی تۆڵەکە و کاهوو و سڵق و... ئەم بازنەی بەرهەمهێنان و بە بەرهەمبوونەش خواپەرستییە... خزمەتی سروشتە. بزانە کەس دەتوانێ لەو بازنە ئەزەلییە دەرچێ!

بەر لەوەی بیخەنە سەر دارەمەیتەکە، شووشتیان. مردووشۆر، کە لە ڕاستیدا مردووترێنە، دەست بە زگی مردوودا دێنێ هەتا چ بژوبایەکی لە زگیدا هەبێ دەرچێ، ئەوجا کفنی دەکەن و بۆ ئەوەی هەتا دەینێژن دەستنوێژی نەشکێ، بە پەلەپرووزێ دەیگەیەننە گۆڕستانەکە. دەستیان بڕوا دوو ڕکات نوێژیشی پێ دەکەن، بەڵام خۆشیان بکوژن نایکا.

دەبیـەن. لە ڕۆیشتن و ناشـتنیـدا پەلەیانە! دوای ئەوەی لەناو ئەلحەدی گۆڕەکە دریژی دەکەن، مەنفەزبڕی دەکەن. ئیـدی لەو سـاتەوە: سـڕی خـۆی و تڕی خـۆی! پاش مـاوەیەکـیش دەسـتنویژەکـەی لە هەزار لاوە دەشکێ. جـەسـتـە بێ دەسـتنویژەکـە دەئاوسێ و دەئاوسێ تا ئەلحەدەکە پڕ دەکاتەوە. ئەلحەدەکە، لەسەر شێوەی قاڵبە سەهۆڵە و جەسـتـەی ئەویش شـێـوەی قـاڵبـە سەهۆڵ وەردەگرێ و تەوژم دەخاتە سەر هەموو لایەکی ئەلحەدەکە. ئەلحەدەکە یەک بێتەوە یا لاشەکە پڕی بکاتەوە، ئەنجام هەر یەکێکە! ئەنجام پاڵەپەستۆی جێبوونەوەیە. هەر کـونێک لە بەهەشـتـەوە بای فـێنکی پێـدا بێ یا لە دۆزەخـەوە هەڵاوی ئاگـر بێنێ، هەندێ لە جـەسـتـە ئاوساوەکە توند دەیگرێ. جەستەکە هەر دەئاوسێ و دەئاوسێ... لە ئەنجامدا کرتەکرتی لێوە دێ و هەر جارە و لەلایەکەوە درزی تێ دەکەوێ و دەتەقێ... لە ئەنجامدا ئەلحـەدەکـە وەک چووپ پڕ دەبێ لە غـاز و هەوا و بۆگەنی....

ئێستا بە بان سەریانەوەیە. بەر لەوەی مـردووشۆر بیـتـرێنێ، لە گـیـانەڵادا بوو... لە ئاسـتی پێـڵاوی ئەو خەڵکە دریژ کرابوو. هەرچییـەک پەکی بکەوێ، ئەگەر مرۆڤ بێ دەگاتە ئاستی پێڵاو و مەڕ بێ گورگ دەیخوا و چۆلەکە بێ پشیلە دەیبا. نابێ پەکت بکەوێ! دەبێ لەگەڵ ڕەوتی ئەو خەڵکەدا دەربەریت! چار نییە دەبێ دەست بە چاوتەوە بگریت! ئەویش پەکی کەوتبوو، بۆیە دەوری بە پێڵاو گیرابوو. هەر لە داخی ئەو هەموو پێڵاوەی دەوری، گـیـانی لە دەست دا. دەتگوت لەسـەر ئەوەی دەسـتی بە چاوەوە نەگرتبوو، بە پێڵاو «ڕەجم» کراوە... پێڵاوباران کـوشـتی. ئەو کە هەمـیشـە لەسەر دڵان بوو، چۆن بەوە نامرێ دابەزێتە ئاستی پێڵاو؟!

پێڵاو: کڵاشی کوردی، بنی تاکێکیان تەڕ بوو و لمۆزی بەرەو چەنەگەی خاوەنەکەی هەڵگەڕابۆوە. پێڵاوی چینی لە پێستی سەگی ڕەش... ڕەشی بریقەدار... سووری مـەیلەو پەمـەیی، پێـسـتی سـەگی بازگ.. نەعلی عـارەبی.. قـۆندەرەی پەنجـەرەداری پێی نەخـۆشـێکی شەکرە... شەکرە، خـۆشـترین ناوە بۆ نەخـۆشـییـەکی ناخـۆش. نەخـۆشـەکـان لەبەریان گـرانە ناوی نەخـۆشـییـەکـەیان بکەنە ژەهرە! دڵی خـۆیان بە شیـرینییـەکەی خۆش دەکەن! وەک دەردەپاشا کە لە دڵ دەدا، نەخۆشییەکی باڵایە با کوشندەش بێ!

ئەو هەمـوو پێـڵاوە دەوریان دابوو. ڕیزێ سـەری بێ جەستەش لە ئاستێکی بەرزتردا لە مۆلەق وەستابوون و بە چاوی ئەبڵەقەوە لێیـان دەڕوانی. سەرە لە مـۆڵەق وەستاوەکـان، جاروبار بزر دەبوون و چاوەکان دەمـانەوە. چاوی خڕی وەک گوڵەبەرد، چاوی ڕەش، چاوی شین.. بە دەوری خۆیاندا دەخولانەوە و هەموویان بە دەوری جەستە ڕاکشاوەکەی ئەویشدا دەخولانەوە.. چاوەکان، بە چاوی گـوێرەکـە دەچوون... بە چاوی مـەڕی سـەربڕاویش دەچوون... چاوی مـەڕی سـەربڕاویش بە چاوی مـەست دەچێ! دیقـقـەتتـان داوە؟! چاوی کـەللەی سـەروپێ، لە کـەللەکـان دەرهاتبـوون و دەسـووڕانەوە. هەندێ جـار چاوەکـان دیدی خۆیان ئاراستـەی سەر سینگی دەکرد. پەتووەکـەیان دەسـمی و ئاوێزانی مـەمکەکـانی دەبوون. مـەمکی سپی گـۆپکە پەمـەیی دەمـبـەگـوڵی، هێندەی سێوێک... سێوێکی بە قەدەر گونێکی قۆڕ!

ئەوە کێ بوو لە ئاستی پێڵاوەکانتاندا بوو؟ ئەوە کێ بوو تڕانتـان؟ ئەوە کـێیە لە سەر دارەمەیتە و لە ئاسـتی سـەری هەمـووتان بەرزترە؟ ئەوە هەر ئەو ژنە بوو کـە بە کراسێکی تەنک و ڕوونی سوورەوە، کە مەمکەکانی لێوە دەبیندران، تووشی یووسف بوو. کراسەکەی یووسفی لە بەرۆکەوە دڕاند و یووسفیش کە گوێی لە ترپەی پێی پاشا بوو، گورج دەرپەڕی و بە دەم ڕاکردنەوە، سیاسەتبازانە، کراسەکەی بەرووپشت کرد! نەخێر خەتای ژنەکەیە! ئەوەتا کـراسـەکەی کـاکـە یووسف لە پاشـەوە دڕاوە! خـوایە لە گوناهم خۆش بە لێکدانەوەم هەیە! خوایە لە گوناهم خۆش بە بیر دەکەمـەوە! خوایە لە گوناهم خۆش بە نابارێنم! نە باراندن و بیرکردنەوە و لێکدانەوە، لە گوناهە گەورەکانی مەڕەکانن.... باااع!!

ئەوە کـێـیـە کـردووتانەتە تاجی بان سـەرتان و بۆ هەڵگرتنی نۆرە دەکەن!

ئەوە هەر ئەو ژنە بوو مێشکی بەقەدەر مەمکێکی بوو و مـەمکی بە قـەدەر سێوێک بوو و سێوەکەش بەقـەدەر گـونێکی قـۆڕە و بڕینی مـردنە! ئەوە هەر ئەو ژنە بوو مـارێکی لە بن زمـانی خـۆی شـاردبۆوە و مـارەکـەش شەیتانی لە بن زمانی خۆیدا شاردبۆوە.. ئەو ژنە بوو کە بە مار و شەیتانەوە هات و لە دەوری گون و دڵ و زمانی هەمـووتان ئاڵا و بۆ گەورەگوناه دنەی دان... لە زمـانی

منیش ئالاّ و منیش بە دزییەوە گەیاندمە ناو نوێن.... گەیاندمە دووڕییانی ژیان و مەرگ... گەیاندمە ئاستی پێڵاوەکان... زمانم هەر دەزانێ بڵێ: ژن! واتە مار... واتە سێو... واتە مەمک.... واتە بەهەشت. کۆی دۆزەخ و بەهەشت و مەرگ و هەموو بوون، بە جەنگ و ئاشتی و بە هەموو تاوانەکانیشەوە، دەکاتە ژن! دۆزەخ ئەندامێکە لە ئەندامەکانی جەستەی ژن! بەهەشتیش بەشێکە لە جەستەی!. سەیر نییە ئەشکەنجەدان و ئیعدامکردن و شەڕی بەرەیی و پارتیزانی ئەندامەکانی جەستەی ژن بن؟! سەیر نییە تاوانێکی وەک ئەنفال لەبەر تیشکی بزەی ژن ئەنجام بدرێ؟ هەواڵی کیمیاباران بەشێ بێ لە دەنگی ژن؟! سەیر نییە دیمەنی قەنارە بەشێ بێ لە گەردەنی ژن؟!... فایل، فایل! سەیر نییە فایلیش بەشێ بێ لە ئامێزی ژن و لەگەڵتدا بچێتە ناو نوێنەوە؟!

مێشکێک هێندەی مەمکێک... مەمکێک هێندەی سێوێک... سێوێک هێندەی گونێکی قۆڕ ئەو هەموو کارەساتە لەخۆ دەگرێ! ئەو هەموو خۆشییە دەبەخشێ! ئەو هەموو داچەمین و خۆدۆڕاندن و ڕاپەڕین و دەرپەڕینە لە بن سەری ژندان! هەی ئۆینباز! کارەساتی هێنانی مار و شەیتان لەبن زمانی ژندا بۆ ناو بەهەشتی پیاوی قەومی لووت! ئەو بوونەوەرە کە خۆی گونی قۆڕە و مێشکی هێندەی گونێکی قۆڕە، بەبێ ئەوەی هیچ بکا ئەو هەموو ئازارەت پێ دەگەیەنێ! بزەکەی، کوشندەیە و لە هەمان کاتدا ژیانبەخشە! چییە؟! کێ سەر لە مەتەڵی ژن دەردەکا؟! ڕەق بی نەرمە، نەرم بی ڕەقە، ڕابکەی دێ، بچی ڕادەکا.. گورج بیت خاوە، خاو بیت گورجە... ڕاوێژکارە گاوانە، دەرگاوانە، نانکەرە، مامۆستایە، ماستاوچییە، هارە، خوێندەوارە، هەرچییەکە، ژنە... ژنە ئەو هەموو ئۆینباز و قومارباز و خوێنبەخش و جاش و باشەی لێ کەوتوونەتەوە!

ئەوە هەر ئەو ژنە بوو لەناو گلێنەی چاوتاندا هەڵتاندەگرت؟ هەر ئەو بوو کە جەوهەری خەنجەرتان بوو؟ جوانییەکەی وەک بەز بان دڵی گرتبوون.

هەر ئەو ژنەی کە مێشکی بە قەدەر مەمکی بوو و مەمکی بە قەدەر سێوێک بوو، کراسی بە یووسفی ئازیزی بابی خۆی بەروپشت کرد. ئەدی ئەگەر مێشکی لە مەمکی خۆی گەورەتر بوایە چی دەکرد؟ یووسف.. یووسفی بابی خۆی، کە خۆر و مانگ و ئەستێرە کڕنۆشیان بۆی دەبرد، لە دەست مێشکێکی هێندەی مەمکێکی هێندەی سێوێکی هێندەی گونێکی قۆڕ، کراسەکەی بەروپشت لەبەر کرد. گونێکی قۆڕ کراسی پێ بەروپشت کرد! بەو یووسفە نازدارەی بەروپشت کرد کە خۆر کڕنۆشی بۆ دەبرد!... بەوی بکا بە منی ناکا؟! بە تۆی ناکا؟! لەو بازاڕانە، هەزاران کراس بەروپشت لەبەر کراون! هەمووشیان، بێ ئەوەی خۆر کڕنۆشیان بۆ ببا، لە خێڵی بەرزەکی بانانن و دەمی خۆیان دەلێسنەوە! ئەو هەموو سیاسەتمەدارە ساختەکارەی کراسیان بەروپشت کردووە، لە کونی کام ئاودەستەوە هەڵقولاّون؟!

ئەوە کێیە ناوتانەتە بان سەرتانەوە؟ ئەوە ئەو ژنەیە لە بان سەرتان نەبێ کەستان نابێتە پاشا. هەر ئەویش بوو لە بنی هەر کامتان بوایە دەیکردە پاشای پاشایان! ئەو نەبێ دەبنە مێگەلە مەڕێکی بێ بەران و لەبەرەوە دەخورێن و دەبڕێن و دەدزرێن تا دواتان دەبڕێتەوە. بیخەنە بان سەرتانەوە. بە پێڵاو مراندتان... بە مەبەستی پاککردنەوە و دەستنوێژ و نوێژتڕانتان... بەلاّم ئەو، بە چاوداگرتنێک هەزارتانی بە دوانتان بەکوشت دەدا. ئەو مار و شەیتانی پێ بوو و دەروازەی هەموو بەهەشتێکی بۆ والاّ بوو. دەروازەی وەزیر و مودیری بۆ لەسەر پشت بوون... دەروازەی دۆست و دوژمن بۆی بێ چاودێر بوون. دەروازەی دڵی پیاوانی کراس بەروپشت وەک دەمی ماکەر بۆی دەقەوچی! ژنێک شووشتی و دەستی بە زگیدا هێنا، جاروبارێ بە لاچاو تەماشای ئامێری زاوزێی دەکرد. بە مردوویش بەخێلی پێدا دەهات! وای کە جوان بوو!!

ئەو ژنە نازدارەی کە مێشکی بە قەدەر مەمکی بوو و مەمکی بەقەدەر سێوێکی هێندەی گونێکی قۆڕ بوو بۆ کوێ دەبەن؟ تا پێتان کرا لە ناوەڕاستی پێڵاوەکانتاندا کردتان بە چەق. ئەوجا تڕاندتان. هەر ئەویش بوو، کە ئێستا لە بان سەرتانە، بۆ ئەوەی بیخەنە بنتان، سەری بابی خۆتان بە کلاّو و جامانەوە بۆ بە ڕەهن دەدا. بە ڕەهنتان نەدا و سەریتان کۆت نەکرد؟! ها؟! وەک جاشک بۆی دەکەوتنە سەر چوارپەل! ئەو مێشکەی کە هێندەی مەمکێکی، هێندەی سێوێک بوو، مێشکە زلەکەی ئێوەی لەکار دەخست و وای لێ دەکردن بزەڕن. بۆ کوێی دەبەن؟! مێشکی ئەو ئیسفەنجێکی گوشراو بوو و هی ئێوە نەگوشراو! کێوەی دەبەن؟!

تەلیسمێک بە دەوری ئەو مەمکانەوە بوو. دوو مەمک کە هەموو وزە موگناتیزییەکەی گۆی زەوییان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو، زەلامی بە مێشکێکی گەورەوە وەک وشتر یخ دەدا. چاوی چ تەلیسمێکیان تێدابوو. چاوی، ئاوێنەیەک بوو ڕەنگی حەزی بێ برانەوەی دەدایەوە، یا زەنگی جەنگی لێدەدا. ژن، بەو مێشکەوە کە هێندەی مەمکێکی بە قەدەر سێوێکە، دەبێتە نووسەر و داهێنەر و ئەکتەر و وەزیر و مامۆستای بیرکاری! ئەوە توانای مێشکی نییە، بەڵکو ئیرادەی چاو و مەمکێتی داهێنانی پێ دەکا. هەموو جەستەی ژن مێشکە و لەکاردایە... پەنجە تووتەی مێشکە! قژە بێگیانەکەی مێشکە. مەچەکی... دەمی... لێوی... هەموویان لە کاری پەکخستنی هەموو مێشکێکی نێردان بە مێشکی ئانیشتاینیشەوە. بیخەنە بان سەرتان! ئەو ژنە بخەنە بان سەرتان کە هەموو جەستە نەرموشلەکەی مێشک بوو! بیکەنە تاجی سەرتان! ئەو ژنە مێشکی لە دەرەوەی بوونی فیزیکیشەوە هەبوو و لە دوورەوە وزەی نێرایەتی لێ دەمژین! ئەو لە ماڵی خۆی بوو، ئاژاوەی لە ماڵان بە پیاو دەگێڕا و کۆبوونەوەی بێ برانەوەی بە نێرینە بۆن تەگەورەکان ئەنجام دەدا. ئاخر مار بە شەیتانی بن زمانییەوە چووبووە بن زمانییەوە، ئەویش لە زمانی هەمووتان ئاڵابوو... لە زمانی منیش ئاڵابوو.... باسی مێیاتی ئەو بەسەر هەموو باسێکدا زاڵ بوو... لە ئێستا بە دواوە چ دەکەن؟! خۆتان سەرقاڵی چی دەکەن؟! پەلەتانە داپیۆشن تا هەموو حەزەکانتان لەگەڵیدا، لە چاوی یەکتر بشارنەوە. هەمووتان، بە هەموو کەتنێکی یەکتر دەزانن، بەڵام دەشیشارنەوە. لە ناو ئەلحەدێکی لادرِدا بیشارنەوە نەک یەکێکتان لە نیوەشەودا، ئەو دەمەی بۆن تەگەوەری زیاد دەکا، بێتە سەری و هەڵیکۆڵێ. بیشارنەوە تا ئابڕووتانی نەبردووە! ئەلحەدی ژن لە ترسی دەستدرێژی کردنی ئێوە لادرە! ئەوەش هەر بیرۆکەی ئەوانەی بن دارەمەیتەکەیە، دەنا کێ بیر لە هەڵکۆڵینی گۆڕ دەکاتەوە؟!


ئێستاکە وا بە بان سەرتانەوە ئۆغر دەکا، تا جێ بۆ کەسێکی تر چۆڵ بکا مێشکی هێندەی مەمکێکی بێ و مەمکی هێندەی نارنجۆکێک بێ و لە ناوگەڵتانەوە دابرژێتە ناو سەنگەرەوە... نارنجۆکیش هێندەی گونێکی قۆرە و نەیبری بەڵایە و بیبری دەمری! بیبەن، بە بان سەرتانەوە ئەو چاوگەشە گەردن درێژە مەمک سێوە ببەن کە هەموو جەستەی مێشکێک بوو و وزەی ماگنەتیکی گۆی زەوی لەخۆ دەگرت... و... بە داماڵاندنی لەچکەکەی نەبوایە هەرگیز سیحرەکەی بەتاڵ نەدەبوو! منیش وەک هەمووتان، دە ساڵ چاوەڕوانی داماڵاندنی لەچکەکەی بووم، بەڵام کە دایماڵاند، سیحرەکەی بەتاڵ بووەوە و یەک خولەک چاوەڕوانی ئیزن نەبووم. هەموو تەمەنی چاوەڕوانیم لە پێنج خولەکدا بەتاڵ بوو! کات چڕ چڕ ببۆوە... جوانی چڕ چڕ ببۆوە! حەز چڕ چڕ ببۆوە! هەموو شتێک لە دەمی تەقینەوە دابوو و تەقیبیەوە!

کەچی بەسەر شانی منەوە نییە! بەسەر شانی ئێوەوەیە!

وا دەیبەن... هەر جارە و یەکێ دەکەوێتە بان سەران و ئێستا نۆرەی ئەوە بە بان سەرتانەوە بێ. بە بان سەرتانەوە دەیبەن تا ڕێ بۆ گەشێکی لەخۆی گەشتر چۆڵ بکا. دەیبەن. تا یووسفێکتان پەلاماری نازدارێکی تر بدا و کراسەکەی بەروپشت لەبەر بکا. دەیبەن تا ناپلیۆن کەرایەتییەکی تر بکا... بیبەن بێ! با فایلێک، وەک فایلەکەی یووسف لە پێناوی ئامێزی کەسێکی لەو نازدارتر دروست بکرێ و ئاشکرا بێ!

کێ دیویەتی ئەو مردووە ترێندراوەی بان سەرتان لەچکەکەی داماڵێنێ؟!

زمانی ئاگرتان دیوە چۆن هۆنهۆن بەرەو ئاسمان تەکان دەدا؟! پرچەکەی ئەویش ئاوها تەکانی دەدا. ئەو خۆی دەڕوا تا لە جێی ئەو، کەسێکی لەو نازدارتر کراسێکی تەنک و ڕوونی سوور لەبەر بکا، کە گۆی مەمکی لێوە دیار بن و یووسف لە حەژمەتدا کراسی خۆی بەروپشت بکا. ئاخر ئەگەر ئەو نەڕوا، شوێن نامێنێ کچەکەی پێخەفی خۆی لێ ڕابخا... ئەو دەڕوا تا بیبێتە خۆراکی تۆڵەکە و کاهوو... وای لەو بازنە نەفرەتییە!



# ها، كە گەڕامەوە لاتان

**دیدار مەسیفی**
**(كەنەدا)**

بۆ دایكم و بەلقیس

ئەو ڕۆژە كە هاتمە دەرەوە، شار لە بێ دەنگیدا نوقم ببوو، كەچی دەنگێك لە پشتمەوە بە گوڕ دەهات و لێم دەپاڕایەوە كە لەوە زیاتر هەنگاو بۆ پێشەوە نەهاوێژم نەوەك منیش بە دەردی ئەو بچم. هەستم دەكرد دەنگەكە دەنگی بە سۆزی دایكمە كە ماوەیەكی دوور بوو وا زیندوو نە هاتبووە ناو گوێچكەكانم، بەڵام ئەوەی من لام سەیر بوو دڵڕەقی و گوێنەدانم بوو بۆ فەرمانەكانی خاوەن ئەو دەنگە كە دەیەویست هەرچی زووترە پەژیوانم بكاتەوە. من بە باوەڕێكی پتەوەوە دەڕۆیشتم و بە خۆم دەگوت كە ئیتر هێزێك نییە بتگەڕێنێتەوە دواوە. وەك ئەوەی من جیابم لە تەواوی خەڵكە مەلوول و چاوەڕوان و دانیشووەكەی ناو ماڵان و بە تاقی تەنیا بمەوێت پاڵەوانیەتییەك بنوێنم. من هەمووی چەند مانگێك بوو گەڕابوومەوە ماڵی چۆڵ. لە بەختی من ئەوە هاوكات بوو لەگەڵ هەواڵی گەردەلوولە ژەهراوییەكە، كە بە قسەی هەواڵ خەریك بوو هەڵكوتێتە سەر ئەو شارەی یادەوەری منداڵیم و گۆڕە هێشتا تازەكەی دایكمی لێبوو. ڕێكەوتێكی سەیر و ناخۆش بوو شارەكە وا شڵەژاو ببینمەوە كە هیچی لەو بەهەشتەی سەردەمی منداڵیم نەدەچوو كە بە دار و درەختی سەوز و گوڵی هەمیشە ڕەنگاوڕەنگ داپۆشرابوو. من هەموو جارێك لە تەلەفۆنەكانمدا لەگەڵ دایكم نەغمەیەكی غەمگینم لە دەنگی نووساو و پڕ لە گریەی ئەودا هەست پێدەكرد. وام مەزەندە دەكرد كە زۆر شت لە شارەكەدا ڕوویان داوە و ئەو نایەوێت چتاقیانم پێ بڵێت. لە نیوە شەوێكدا دڵم تەواو گوشرا بوو وەك ئەوەی هەواڵی شتێكی ناخۆشم زانیبێت. لە پڕ دەستم دا تەلەفۆن و بە زەنگێكی ناوەختم دایكمم لە شیرینی خەو بە ئاگا هێنا و بە چاوی بە خەویەوە بۆ دڵنەوایی خۆم هێنامە قسە. سەرەتا هەزار و یەك بەڵێن و گفتم لێ وەرگرت كە ڕاستی هەموو شتێكم پێ بڵێت، بەڵكو خۆم لە دیوێكی دیكەی خەمەوە دەبینمەوە و كەمێك باری گرانی دووری و غوربەتم سووك دەبێت، وەك كەسێكی بریندار كە بیەوێت بە برینێكی تازەوە برینە كۆنەكەی دیكەی

له یاد بکات. دایکم به هەنسک و گریانەوە پێمی دەگوت: "ڕۆڵەی شیرینم خەفەت مەخۆ و دڵت هیچ نەکات. هیچ شتێکی وا ڕووی نەداوە. شار هەر له جێگای خۆیەتی، دایکی دڵسۆزت هەر له ماڵەکەی جارانە و تامەزرۆیە بۆ دیدەنیت." من تەلەفۆنەکەم داخستەوە، دڵنیا لەوەی هەزار جاری دیکەش هەر کە دڵم تەنگ بوو، دەتوانم دایکی شیرینم له خەو بە ئاگا بهێنم و سۆزی له بن نەهاتووی ئەو بهێنمە هانای خۆم.

بەڵی، زۆر بێ باکانە تەلەفۆنەکەم داخستەوە و هەرگیز نەمزانی کە ئەوە دوا تەلەفۆنکردن و ئاخاوتنمە لەگەڵ دایکم. مخابن، دوای نۆ مانگ، ڕێک بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی کە من پارچەیەک بووم له ئەو، دایکم بە گوللەیەکی وێڵەوە گیانی دەرچوو. بەهۆی تەقینی کلاشینکۆفێک کە فیشەکەکانی هەناوی هەردەم بۆ سنگی برا ساناتر دەردەپەڕن لەوەی بۆ سنگی نەیار. من هەواڵەکەم لە یەکێک له خزم و ناسیاو و کەسەکانمەوە نەبیست، چونکە هەموویان ڕێک کەوتبوون کە ئەو هەواڵە له من بشارنەوە تا ئەو ڕۆژەی دەگەڕێمەوە. نۆ مانگ بەسەر چوو و من بێ ئاگا بووم لە هەواڵی تاڵترین ڕووداوی ژیانم. دوا جار کەسێک بە تەوسەوە ژمارەکەمی پەیداکردبوو و بڕیاری دا ڕۆژێک لەم خەوە بە ئاگام بهێنێت. له تەلەفۆنەکەدا ئەو کەسەم بە دەنگە تیژەکەی ناسییەوە کە دۆست و هاوسێ و ڕکەبەرێکی گەمەکانی سەردەمی منداڵیم بوو. ئەو بێ پێچوپەنا یەکسەر وەک زرمەی ئەو بەردەی کە بیست ساڵ لەمەوبەر سەریم پێی شکاندبوو، هەواڵەکەی بە گوێم دادا و منی کردەوە ئەو منداڵەی کە بە دیار خوێنی ڕژاوی سەری ئەو لە پڕمەی گریانم دابوو و ڕام کردبووە پەنای دایکم. کە گەڕامەوە ئەو دۆستەی سەردەمی منداڵیشم وەک هەموو ئەوانە کوژرابوو کە یادەوەری تاڵ و شیرین کۆی دەکردینەوە، بەڵام مەرگی دایکم له سەرووی گشت خەمێکدا بوو و بۆشاییەکی گەلێک مەزنی له ژیانی من چێ کردبوو، وای لێکردم کە ئیتر نامۆ بم و هیچ شتێکی شارەکەم نەناسمەوە. بەشی زۆری خەڵکی شارەکە له نێو ماڵەکانیاندا خۆیان حەشار دابوو و له چاوەڕوانی هاتن و تێپەڕینی گەردەلوولە ژەهراوییەکە دابوون. کە گەڕامەوە بینیم تاکە شت کە ئەوانی خەریک کردبوو، بریتییە له داپۆشینی دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانیان. من پاش دە ساڵ دووری لەو ماڵەی تێیدا گەورە ببووم وەک خەڵکەکە چەکوشێکم دابووە دەست و گیرفانەکانیشم پڕ کردبوو له بزمار. ماڵەکەی ئێمە خانوویەکی گەورەی دوو نهۆمی چۆڵوهۆڵ بوو کە سەرەڕای ژمارە زۆریی پەنجەرەکانی کە له بیست دانە تێپەڕی دەکرد، بۆنی دایکم هێشتا لە کونوقوژبنەکانی ماڵەکە دەهات. داپۆشینی دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵ زیاتر له حەفتەیەکی خایاند و من لەگەڵ خەڵکەکە ئاڵوودەی گێژاو و هەواڵی گەردەلوولەکە. لەو ماوەیەدا من بۆ چەند جارێک سەردانی گۆڕی دایکمم کردبوو و چەپکە گوڵم له ژێر سەر و پێیەکانی دانابوو. شەوانیش له ماڵە خزمەکانم گوێگری ئەو ڕووداو و هەواڵانە دەبووم کە له نائامادەبوونی دە ساڵەی من له باخچە و کۆڵان و گۆڕەپان و سەر جادەکانی شارەکەدا قەومابوون. دواییش ڕۆڵی من دەهات له ئاست پرسیارە نەپساوەکانی ئەوان دامێنم و نەتوانم بەرسڤێک بهێنمە سەر زوبان. من تەنیا بووم له ئاست پرسیارە ژمارە زۆر و نەبڕاوەکانی ئەوان، کەچی وەڵامەکانی ئەوانیش بۆ من جوایەز و له یەکتر نەچوو بوون و وەک دیمەنی ڕووە شێواو و ئاڵۆزکاوەکانیان هەزار و یەک شتیان پێدەگوتم. هەریەکە گلەیی و لۆمەی له ئەوی تر دەکرد و کەس نەیدەزانی شانەی شکاوی کێشە و شەڕ و نەهامەتییەکانی شار له سەری کێ بشکێنێت، بەڵام دواتر ئەوەی دڵی منی تەژی خۆشی دەکرد، کۆک بوون و داکۆکی کردنی ئەوان بوو له ڕۆڵی دایکم کاتێک چاونەترسانە بە نێو گوللە باراندا ڕەت ببوو و چوو بوو بۆ بەرەڤانی برا بە شەڕ چووەکان.

دەیانگوت ئەو بە درێژایی ڕۆژانی شەڕ دەیەویست بچێت له قاپی فەرماندەی هەرتک بەرەی شەڕی بدات و لێیان بپاڕێتەوە کە نەچنە سەر کەلی شەیتان و شەڕی تر دامەزرێنن. من له دانیشتنەکانمدا لەگەڵ خزم و کەسانم پرسیای ورد و درشتم سەبارەت بە دایکم دەکرد و ئەوانیش پەرسڤی دوورودرێژیان دەدامەوە و هەردەم پەسنی کردەوەکانی ئەویان دەکرد. ئەوان دەچوونە نێو قووڵایی باسەکان و تارمایی دایکمیان بە وشەکانیان زیندووتر له بوون ڕادەگرت، کەچی چتاقیان چاوی ناخ و دڵی منی نەدەبینی کە چۆن لە غوربەتدا له بری بە بەرد بوون ئێستا ئاوە و ناتوانێت وا بە سادەیی گوێ لەو جۆرە باسانە ڕابگرێت. بە تایبەت کاتێک وردەکاری ئەو ڕۆژە گەرمەی شەڕیان دەگێڕایەوە کە ئەو کۆڵانەی ماڵەکەی ئێمەی لێ بوو وەک شووتی ببوو بە دوو لەت و تەنەکانی

ناوی لە گۆمێکی سوور سوور مەلەیان دەکرد. لە نێوانیشیاندا هەورییەکەی سەری دایکم لە سپی سپیتر دیار بوو کاتێک خاوەنەکەی بە هەموو جورئەتەوە ئەو هێڵە سوورەی بەزاندبوو و چوو بوو لە مابەینی لوولەی تفەنگی برا بە شەڕ چووەکاندا وەستابوو. بە ئامادەبوونی دایکم لەو شوێنە پڕ لە مەترسییەدا تەقە بۆ ماوەیەک کپ ببوو و خەڵک پەردەی پەنجەرەی ماڵەکەنیان هەڵبڕیبوو و چەپڵەی ئافەرینیان بۆ لێدا بوو. من کە گەڕامەوە نە دایکم مابوو، نە دەنگی ئەو گوللانەی کە لەشی ئەو و هەزاران کەسی دیکەیان کون کون و خەڵتانی خوێن کرد، بەڵام ترسێکی دیکە ڕووی خەڵکەکەی داپۆشیبوو و هەواڵی هەواڵی گەردەلوولە ژەهراوییەکە بوو، بۆیە دووبارە وەک ڕۆژانی شەڕ خەڵک لە ماڵەکانیان خۆیان حەشار دابوو و نەیاندەوێرا سەر دەربهێنن. من دەمێک بوو ناخم پڕ ببوو لە بێزاری و دەمەویست بچمە دەرەوەو تا ڕاستی و نا ڕاستی هەواڵی گەردەلوولەکە بزانم. خزم و کەس و ناسیاوەکانم کەمێک لە چاونەترسی و سۆزداری دایکمیان لە کەسێتی من دەبینییەوە و نیگەران بوون لەوەی نەوەک منیش ببم لە چوونە دەرەوەیەکی لە پڕ بکەمەوە و وەک دایکم سەری خۆمی تێدا بچووێنم. ئەوان بە هۆی ساڵانی درێژی شەڕەوە ناخیان پڕ ببوو لە ڕەشبینی و وایان دەزانی هەر کەسێک سەری بۆ گوڕانێک هەڵبڕی دواتر بە لەشی بە خوێنەوە بۆیان دەگەڕێتەوە. من ئەو ڕۆژەی بڕیارم دا بچمە دەرەوە بە خێرایی هەنگاوم دەنا بەر لەوەی نیگەرانی و پەرۆشی خەڵکەکە پەژیوانم بکاتەوە، یان پاڕانەوە و سۆزی ئەو دەنگەی لە پشتمەوە دەهاتە ناو گوێچکەکانم ببێتە هۆی سست کردنەوەی ئەژنۆکانم. خێرا بە کۆڵانە چۆڵەکاندا هەنگاوم دەنا، پاش ئەوەی تاوێک لەو شوێنە وەستام کە خوێنی دایکمی لەسەر ڕژابوو. ڕۆندک بە لێشاو پڕ بوونە چاوەکانم و منیان وەک دارێکی بێ بەری وشک وەستاند. نووشتامەوە و لەو بێ دەنگییەی کۆڵانەکەدا پڕ بە زارم ماچێکی بە دەنگ و تەڕم لە کۆنکریتی گەرم و وشکی جادەکە کرد. لێوەکانم چووزانەوە و گڕی سووتانێک هەتا بنەبانی دڵ و دەروونم چوو. من بە نووشتانەوەی لە شێوەی کڕنۆش بردن زیاتر لێوەکانم بە سکی جادەکەوە دەنووساند و دەمەویست گڕی هەمان ئازار لە جەستەم بەردەم کە گوللە خستبوویە گیانی دایکم. کە هەڵستامەوە سەر پێ، هەستم کرد کاتێکی

زۆر بەسەر چووە دوای ئەوەی قاپی یەکێک لە ماڵە خزمەکانم جێ هێشت و بڕیاری هاتنە دەرەوەم دا. بۆ ئەوەی سەرە داوێکی ڕاستی و ناڕاستی هەواڵی ئەو گەردەلوولەم چنگ کەوێت و وەک پەیامهێنەرێکی دەروون شاد بگەڕێمەوە نێو خەڵکە گیرخواردووەکەی نێو ماڵەکان. گەیشتمە ناو بازاڕ و بە جادە و شەقام و گۆڕەپان و باخچەکانیدا سووڕامەوە. هەموو شوێنەکان داخراو و چۆڵ بوون، دەتگوت شارەکە زەمانێکە نە کەسی تێدا ژیاوە، نە کەسیشی پێدا تێپەڕ بووە. دوکانەکان گشتیان داخراو بوون، لە چەند دانەیەک بترازێت کە لە بەردەم هەریەکێکیاندا زەلامێک بە قەڵافەتی شەکەت و دەموچاوی پێچراوەوە دانیشتبوو و نەیدەزانی ئەو کارەی بە ئازایەتی ناوزەد بکات، یان بێ ئاگایی. ئەو پیاوە سەر و ڕوو پێچراوانەی کە مۆڵەتیان پێدرابوو دووکانەکانیان بکەنەوە، چەند حەفتەیەک بوو خەریکی فرۆشتنی نایلۆن و چەکوش و بزمار بوون.

من بە سەلامکردنی پڕ لە پرسیار و وەڵام لەبەردەمیان ڕەتبووم و بە ڕووی کراوە و دوو لێوی سووتاوەوە، ئازایەتی خۆم نیشانیان دا. وەک ئەوەی بمەوێت بە ئەوان و داروبەرد بڵێم: "ئەی ئێوەی سەر ڕێگام، ئایا دەزانن من زادەی ئەو ژنەم کە ڕۆژگارێک خۆی بۆ خەڵک و ئەو شارە کردە قوربانی؟"

هەستم دەکرد دووکانداره ڕوو داپۆشراوەکان لە ژێر سمێڵەکانیانەوە پێدەکەنن و گاڵتەیان بە عەقڵی من دەهات کە هێشتا پڕە لە وشەی لە چەشنی قوربانی، خەڵک، شار و وڵات. من زۆر بە باوەڕەوە هەنگاوم دەنا و هەرگیز گوێم بۆ ئەو لێکدانەوە شێوێنەرانەی ناخم ڕانەگرت، بەڵام لە ئاست ئەو دەنگە بە سۆزەی هەردەم بەدوامەوە بوو کەمتر دەمتوانی بەرگە بگرم و لە سستبوونی ئەژنۆکانم و خاوبوونەوەی هەنگاوەکانم دەترسام. زیاتر بە نێو جەرگەی شاردا چوومە خوار و بینیم وەزارەتی ڕاگەیاندنی لێ دەرچێ، گشت وەزارەتەکانی دیکە دەرگاکانیان قوفڵ درابوو. بەوە هەڵوەستەیەکم کرد و لەشم لێ بوو بە نیشانەیەکی گەورەی پرسیار، کاتێ دەمویست هێواش هێواش ڕێ بکەم و خۆم لە بەر چاوی ئەو چەکدارانە بدزمەوە کە بە سەر دار و دیوار و ناو گۆڕەپان و سەربانەکانی وەزارەتەکەدا بڵاو ببوونەوە. لە پێش دەرگای دەرەوە کۆمەڵێک خەریکی جگەرە کێشان و پێکەنینی بە دەنگ

بوون، من نەمتوانی ئیتر خۆم بشارمەوە. بۆیە ئەوجارە خۆم کردە نیشانەی سەرسوڕمان و بە سەرە پەنجان ڕەت بووم و ڕووی خۆم لێ وەرگێڕان، نەوەک بمدەنە بەر لێشاوی پرسیار و لوولەی تفەنگەکانیان. من تاقە گیان بووم بەو بەیانییە زووە بە کۆڵان و جادە و گۆڕەپانەکانی شاردا دەخولامەوە. من خۆم پرسیار بووم و لە ڕاستی و ناڕاستی هەواڵی گەردەلوولەکە دەگەڕام. کە باڵەخانەی وەزارەتی ڕاگەیاندنم جێ هێشت، لە پڕ بە دەنگی چەکدارێک ڕاچڵەکیم کە لە نێو تاوەری سەر دیواری باڵەخانەی تەلەفزیۆنی گشتی سەر و لوولەی تفەنگەکەی پێکەوە بەرز کردەوە و گوتی: "کاکی سەر لێشواو بەو بەیانە زووە و ڕۆژگارە شوومە لە چی دەگەڕێیت؟" من بە "هیچ" وەڵامیم دایەوە و ملی ڕێگام گرت و لە شوێنەکە دوور کەوتمەوە کە زیاتر بەرەو ناو جەرگەی شار ڕێگام بڕی، بینیم جگە لە باڵەخانەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن، دەرگای دوو ئوتێلی پێنج ئەستێرەش کراوە بوون. لەبەر دەرگای ئەوانیش چەکدار وەستابوون، بەڵام بە ژمارەی کەمتر. گۆڕەپانی هەردوو ئوتێلەکە پڕ بوو لە ئۆتۆمبێل و پیکاپی ژمارە بیانی کە هی دەزگا جیهانییەکانی ڕاگەیاندن بوون وەک ڕۆیتەر و بی بی سی و سی ئێن ئێن، هەروەها لە سەر دەرگای گەلێکیشیان لۆگۆی کەناڵە خۆماڵی و وڵاتەکانی ناوچەکە هەبوون. من هێواش هێواش بەرەو گۆڕەپانی ئوتێلە بیست نهۆمییە شووشەکە چووم و لە گۆڕەپانەکەیدا خۆم لە پەنای ئۆتۆمبێلەکان مات و حەشاردا، بەڵکو لەو شوێنە سەرە داوێکی هەواڵی ڕاستی و ناڕاستی گەردەلوولەکەم دەست کەوێت و بتوانم بگەڕێمەوە لای ئەو خەڵکە مەلوولەی نێو ماڵەکان. ئەوانەی ماوەیەک بوو ببوون بە یەخسیری شاشەکانی تەلەفزیۆن و شەپۆلەکانی ئێف - ئێم و ئەی - ئێمی ڕادیۆ. لە گۆڕەپانی ئوتێلەکە و لە پەنای ئوتۆمبێلەکان ماوەی چارەکە سەعاتێک مامەوە. ئینجا بینیم ژنێکی باڵابەرزی چاوشین و مووزەرد وەک ئەوەی شتێکی بیر چووبێت بەرەو یەکێک لەو تۆیۆتا لاندکروزەرانە دەچوو کە لۆگۆی ڕۆیتەر لە دەرگاکەی درابوو. کە منی بینی وا خەریکە ڕووبەڕووی خۆم دەردەخەم کەمێک سڵەمییەوە و هەنگاوەکانی سست کردن. لە دوورەوە لە چاوەکانی من ڕاما و بزەیەکی پڕ لە پرسیاری خستە سەر لێوەکانی. من پاش دە ساڵ ژیان لە دەرەوە وەک جاران نەمابووم بە بینینی کەسی بیانی مووزەرد و چاوشین شاگەشکە بم وەک ئەوەی کەسی نامۆی سەر ئەستێرەیەکی دیکەم بینیبێت، بەڵام لە یەکەم نیگام بۆ نێو چاوە شینەکانی ئەو ژنە هەستێک چووە نێو دڵمەوە و وای لێکردم کە کلیلی گشت پرسیارەکانم سەبارەت بە ڕاستی و ناڕاستی گەردەلوولەکە لە زاری ئەو ژنەدا ببینمەوە، بۆیە هەر کە ویستی بە تەنیشتم دا ڕەت بێت، من بزەیەکی لە هی ئەو گەورەترم خستە سەر لێوەکانم و بە زمانە پاراوەکەم سەرنجیم ڕاکێشا و لە تەنیشت خۆم ڕامگرت. ئەو دەتگوت ساڵانێکە تامەزرۆی بینینی کەسێکی وەک من بووە، بۆیە زۆر بە خێرایی دەستمی گرت و یەکسەر منی بردە ناو لاندکروزەرەکە. پاش تاوێک دانیشتن ئەو هیچ قسەیەکی نەکرد، ئەو دیار بوو وەک من بە زۆر شت نیگەرانە. دەتگوت چاوە شینەکانی ئەو دوو گۆمی مەنگن و پڕن لە نهێنی گرنگ و نەزانراو. ئەو سەرەتا بە چەند پرسیارێکی کورت و بەربڵاو تاقی کردمەوە و منی زۆر بە هێمنی دواند. لە بەرانبەریدا من ڕاستی کەسێتی خۆم بێ پێچوپەنا وەک هێلکەیەکی سپی کراو دایە دەستی ئەو. نەمویست لەو ساتە گرنگ و دژوارەدا گومانی هیچ شتێکم لێبکات و چەکدار و خەڵکی ناو ئوتێلەکەم بهێنێتە دیار. من کاتێک قسەکانم دەکرد، ئەو بە دڵنیاییەوە خەریک بوو چاوە شینەکانی لە سەرم هەڵبگرێت. دواتر بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، دەستم لە سەر شانی ئەودا بوو کە دەمەویست ئاخاوتنەکەم وا بە کۆتا بهێنم و بڵێم: "خانمی جوان، ئایا دەزانی من کوڕی ژنێکم کە ساڵانێک بەر لە ئێستا لەشی خەڵتانی خوێن بوو، کاتێک ویستی خەڵک لە دژوارییەکی گەورە ڕزگار بکات؟"

ژنەکە دوو چاوە جوانەکانی بە دیارمەوە بوون بە دوو گۆمی شین و دەستی کردە ملم و گوتی: "بەڕێز، کەمێک ئارام بە من تەنیا پێنج دەقیقەم پێدەچێت و دەگەڕێمەوە لات. شتێکی گرنگ هەیە پێت بڵێم". من لە نێو لاندکروزەرەکەدا مامەوە و ژنەکە بە خێرایی بەرەو دەرگای سەرەکی ئوتێلەکە چوو. کە گەڕایەوە دووبارە هەستم کرد ماوەیەکی زۆر بەسەر چووە لەوەتەی من سەر لە بەیانی هاتبوومە دەرەوە. شەوی پێشوو من لە ماڵی یەکێک لە خزمەکانم مابوومەوە کە دیواری ماڵەکەیان بە ماڵی ئێمەوە بوو. ئەو بەیانییە بە سکی برسی هاتمە دەرەوە و نەمویست کەس لەو بڕیارەم ئاگادار بکەمەوە کە چەند حەفتەیەک بوو لە مێشکمدا دەخولایەوە و ئازاری دەدام.

ماڵەکانی گەڕەک و کوچەکانی شار لە ماوەی ئەو چەند مانگەی بڵاوبوونەی هەواڵی گەردەلوولەکە وەک تەونی جاڵجاڵۆکە بەیەکتری بەسترابوونەوە. هەر ماڵەی شێوەی توونێلێکی بە نایلۆن، مقەبا، یان پلاستیک لەگەڵ ماڵی هاوسێکەی دروست کردبوو. لە نێو ئەو توونێلانەدا خەڵک سەردانی یەکتریان دەکرد، منداڵ بۆ یاری کردن بە غار پێیاندا دەچوون و چاوشارکێیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد. لە هەمووی گرنگتر خەڵک لە کاتی پێویستدا لە نێو ئەو توونێلانەدا خواردن و ئاو و پێداویستییەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانەیان ئاڵۆگۆڕ دەکرد. من پێشتر لە ماڵی خزم و کەسەکانم چەند جارێک میوانداری کرابووم و خوانچەی پڕ لە خواردن و خۆراکم بۆ ئامادە کرابوو، بەڵام لە چەند مانگی دواییدا و پاش ڕاگەیاندنی هەواڵی گەردەلوولە ژەهراوییەکە و دروستکردنی توونێلەکان، من وەک ڕۆژگارە درێژەکانی ژیانی غوربەت گەڕابوومەوە تەنیاییەکی کوشندە و ناخی خۆمم بە سەد چەشن دەخوارد. تا ڕۆژێکیان خزمە هاوسێکەی دوا شەوی هاتنە دەرەوەم لە ماڵیان بووم، بە سەر و کەللەی پێچراوەوە لێم وەژوور کەوت و منی بردەوە ماڵەکەی خۆی. دواتر ئەو خزمانەی من وەک تەواوی خەڵکەکە هێواش هێواش خۆیان لە ماڵەکانیان ئاخنی و کەوتنە بارێکی دەروونی پڕ لە ترس و نیگەرانی. شار بەرە بەرە چۆڵ بوو، پێش هەموویان دکتۆرەکان نۆرینگەکانیان داخست، ئەندازیارەکان پرۆژەکانیان بە نیوەچڵی جێ هێشت، مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکانیان چوونەوە ماڵەوە، زانکۆ ئاوی تێوەرکرا و دواتر بازاڕ بە تەواوی چۆڵ بوو لە خەڵک، خەڵک بە شەووڕۆژی درێژ بە ڕووی پڕ لە پرسیارەوە لە ماڵەکانیان بەرانبەر یەکتری دادەنیشتن و هەزار و یەک لێکدانەوەی سەیریان لە بەرانبەر هەواڵی گەردەلوولە ژەهراوییەکە بۆ دەهات. من لە زاری ئەو خزم و خەڵکانەی کە شەوان لە نێو توونێلەکاندا هاتوچۆیان دەکرد هەستم بە زۆر شتی سەیر و شاراوە دەکرد لە پەنای هەواڵێک کە ئەو هەموو خەڵکەی لە ماڵەکانیاندا ئاخنیبوو، کەچی نەمدەویست خۆم بکەم بە دەمڕاستی خەڵک و بۆ شتێکی نادیار هانیان بدەم. من سەرەتا تەنیا بۆ بینینی گۆڕی دایکم گەڕابوومەوە و هەرگیز لە خەیاڵدا نەبووم کە تووشی پێشهاتێکی وا سەیر و نادیار دێم. لە ماوەی مانەوەم لە ماڵی خزمەکەمدا هەستم دەکرد کەوا چەندین کێشە و گرفت ڕوودەدەن کە بە مانەوە لە ماڵەکاندا تا دەهات چارەسەرکردنیان ئەستەم و گرانتر دەبوو. بۆ نموونە:

* خۆراک بەرەو کەمی دەچوو.

* ئاو بۆڕییەکانی وەک جاران پڕ نەکرد.

* ئاوەڕۆ و زێرابەکان خەریک بوو دەگیران و بۆنیان دەگرت.

* نەخۆشی لە نێو منداڵان بڵاوبووەوە و دایک و باوکانی هەراسان کردبوو.

* کێشە و ناخۆشی لە نێو ئەو خەڵکانە دروست ببوو کە پێشتر خوشک و برای پشتی یەکتر بوون.

* بەرگریکردنی خەڵک بە تەواوی هەرەسی هێنابوو و کەس نە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی لا بوو، نە دەیتوانی قسەیەکی دروست بۆ ئەوی تر بکات. شەوێک لە بێزاری ئەو بارە قورسە، من بێ ئەوەی دەمامک لە ڕووم ببەستم بە دزییەوە چوومە سەربانی ماڵە خزمەکەمان. سەرەتا ئاوڕێکم لە ماڵی خۆمان دایەوە و لە ناخی خۆم تەنیاتر و چۆڵترم بینی. دواتر سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی و لە ئەستێرە دوورونزیکەکان ڕامام، لە بەرانبەر درەوشاوە و ڕەنگاوڕەنگەکاندا ماوەیەکی درێژتر نیگای چاوەکانم ڕاگرت و پرسیارەکانی دڵی خۆمم لێکردن. ئەو شەوە ڕووی ئەستێرەکان لە هی خەڵکەکەی ناو ماڵان خێراتر چوونە نێو دڵمەوە و ئەوانم ئاشنا و نزیکتر بینی لە خۆم.

بۆ شەوی دواتر هەمان کارم دووبارە کردەوە و بڕیارم دا کە ئەوە دوا شەوە وەک ئەو خەڵکە خۆم دەکەم بە زیندانی ناو ماڵ و هەواڵێکی نادیار. بۆ سەرلەبەیانی، بێ ئەوەی پەیامێک بۆ ماڵە خزمەکەم جێ بهێڵم و ڕووم داپۆشم دەرگای دەرەوەم کردەوە و لە ماڵەکە دەرکەوتم.

لە نێو لانکرۆزەرەکەدا ژنە بیانییە مووزەردەکەی ڕۆیتەر بە پەلە کەوتە وەگڕخستنی ئۆتۆمبیلەکەی و ئەو خەیاڵانەی لێ پساندم. کاتێک خەریک بوو گۆڕەپانی ئوتێلەکە جێ بهێڵێن، ڕووی کردە من و گوتی: "بەڕێز، من دەمەوێت لە نهێنییەکی گەورە ئاگادارت بکەمەوە، کە ماوەیەکە منیشی هەراسان کردووە، بەڵام من بە لەبەر چاودێری و ترس هەرگیز نەمتوانیوە لە هاوڕێکانم داببڕێم بە تەنیا دوای شتێک بکەوم" من بە ترس و گومانەوە سەیری چاوەکانی ژنەکەم کرد و لە پشتەوەی ئاخاوتنەکانی لێڵی و ناڕوونی ڕووداوێکی بێ وێنەم بەدی کرد.

دوای ماوەیەکی درێژ لە ئاخاوتنی ژنەکە، ئەو لە رووی من نیشانەی پەشۆکان و نیگەرانی خوێندەوە، بۆیە زوو دەستێکی لەسەر رانم دانا و گوتی: "بەرێز، من لە پەرۆشی ئەو خەڵکە بەو جۆرە دەئاخفم و دەمەوێت ئەو نهێنییەت بۆ بدرکێنم. من شتێک دەزانم ئێوە هەمووتان لێی بێ ئاگان!"

هێشتا دەستی هەر لەسەر رانم بوو کە پێم گوت: "خانم، تۆ هیچ لە کەسێکی رۆژئاوایی ناچیت. ئەو هەموو پێشەکییەی بۆ چییە. یەکسەر راست و دروست ئەو شتەم پێ بڵێ"

ئەو یەکسەر دوای پرسیارەکەی من دەستەکەی لەسەر رانم کەمێک داگرت و گوتی: "نا بەرێز، پەلە مەکە ئەو شتە کارێکی وا سادە و ساکار نییە بۆ هەر کەسێکی بدرکێنیت. ئەوەی من دەمەوێت پێت بڵێم لە کردەوەیەکی گەورە دەچێت و کەسانێکی زۆر تێیدا بەشدارن."

ئەو لاندکرۆزەرەکەی بە خێرایی لێدەخوڕی دەتگوت دە ئەوەندەی من شارەزای ئەو شارەیە کە گۆڕی دایکم و یادەوەرییەکانی منداڵیم و سەردەمی دواترمی لێبوو. بەو کۆڵانانەدا دەچوو کە چۆڵ و بێ بازگەی لێپرسینەوە و پشکنین بوون. دواتر کە گەیشتە سەر ئۆتۆبانە سەرەکییەکەی دەرەوەی شار زیاتر پێی لەسەر شوێنی بەنزین داگرت و لاندکرۆزەرەکەی خێراتر هاژووا. من یەکەم جاری ژیانم بوو لە دوای دانیشتنی ناو فرۆکە لە شتێکی وا خێرا سواربم، لەگەڵ ئەوەشدا دەمتوانی ئەو ئۆتۆبانە بناسمەوە کە بەر لە چەند مانگێک لە فرگەی نێو دەوڵەتی شارەوە پێیدا هاتبوومەوە ماڵ. سەر ئۆتۆبانەکە لەبەری دەست چۆڵتر بوو، هەرگیز لەو شەقامە پانوبەرین و فرەیەی ئەو رۆژە نەدەچوو کە ئینجێکی چوارگۆشەی قیرتاوەکەی دیار نەبوو لەبەر ژمارەی ئۆتۆمبێل و پیکاب و لۆرییەکانی سەری.

بە نووسراوەکانی سەر رێگا دیار بوو چەند کیلۆمەترێکی کەم ماوە بگەین بە دەرگای دەرەوەی فرگەی نێو دەوڵەتی شار. کاتێ ژنەکە رێگا سەرەکییەکەی بۆ تووڵەرێیەک جێ هێشت و چوو لە لاچەپێک لاندکرۆزەرەکەی راگرت. من لە جێگای خۆم نەبزفتم تا ئەو بە شێوەیەکی سەیر سووڕایەوە لای من و دەرگاکەمی کردەوە. هێشتا من لەشم لە نێو لاندکرۆزەرەکەدا بوو کە بە شێنەیی پێی گوتم: "کە هاتیتە خوار خۆت بنووشتێنەوە و بە دوام بکەوە." من وەک ئەکتەرێکی تازە پێگرتوو بە دوای ئەو جووڵام و بە لێزانی لاساییم کردەوە. تا هەردووکمان بە زگەخشکێ گەیشتینە سەر گردۆڵەیەک و لە پەنای بەردێکدا خۆمان مەڵاس دا. کە دانیشتین ئەو خێرا جانتا دەستییەکەی کردەوە و دووربینێکی دەرهێنا کە لە شێوەکەیدا زۆر قورس و پڕ نرخ دیار بوو. ئەو بەر لەوەی هیچ شتێک بە من بڵێت، دوو چاوە خڕ و روونەکانی دووربینەکەی خستە سەر چاوم و پێی گوتم: "ئەی بەرێز، زۆر جوان بڕوانە ئیتر هەموو شتێکت بۆ روون دەبێتەوە.". من بە تەوسەوە دەستەکانم لە ملی دووربینەکە کرد وەک ئەوەی داری نەجات بێت و لە دژواریدا رزگارم بکات. ئەوەی لە چاوەکانی دووربینەکە دەمبینی گەلێک سەیرتر بوو لە رووداوی ئەو فیلمە خەمناک و ئاڵۆزانە کە مەبەستی خراپیان لە پشتەوەیە. لە گۆڕەپانی فرگەکەدا بینیم ئەوەی ئۆتۆمبیل و پیکابی جوانە وەستاوە. ئەوەی پیاوی بە چاکەت و پانتۆڵی دەسەڵاتدارە لەوێیە، ئەوەی ژنی زێڕدار و پارەدار و بە بڕیارە دەستی کوڕ و کچەکانی گرتووە و لە پاڵ جانتاکانیدا چاوەڕوانە. من لە یەکەم نیگام بۆ ئەو دیمەنە و باڵەکانی ئەو فرۆکەیەی کە خەریک بوو زەمینی فرگەکەی جێ دەهێشت زانیم چیرۆکی ئەو گەردەلوولە ژەهراوییە چییە. بۆیە نەمویست لەوە زیاتر ئەو ژنە چاوشین و مووزەردەی رۆیتەر هیچم پێ بڵێت، بەڵام خوازیار بووم کە ئەو چۆن منی هێنابووە سەر گردۆڵەکە، بە هەمان شێوەش بە زیندوویی بمگەیەنێتەوە ماڵ، لای ئەو خەڵکەی نهێنییەکی گەورەیان لێ ونە، بۆیە من کە دووربینەکەم لە چاوەکانم داگرت، ئاورێکی پڕ لە پرسیارم لە ژنەکەی رۆیتەر دایەوە و پێم گوت: "خانمی ئازیز، زۆر زۆر سوپاس. دووربینەکەت دەڵێیت گڕە لەنێو دەستم!".

**زستانی ٢٠٠٧**



# خادیم

**سەلاحەتین بولوت**
**(ستەنبۆل)**

وێ سبەهێ ل مالا خەلیل بەگ تە ئاخ بێاڤێتا ل عەردێ نەدکەت، ب زارۆکێن خوە رە کەچ، بووک و زاڤاییێن وی، تەڤی کەچ، لاو، بووک، زاڤا و تۆرنێن خوە خوشک و برایێن وی؛ ب مالی ژن و مێرێن ژ ئالیێ مالباتا خوەسوو و خوەزووریێ وی، ب گەوربوونا سەرێ سبەهێ رە گشی هاتبوون مالا وی. ب بلندبوونا رۆژێ رە هاتنا مەرڤان، ناس و دۆستان هەر کو دچوو زێدە دبوو. ل بەر دەری لۆندەرەک سۆل چێبوو بوو. نە روونشتی نە ژی ل سەر نگا د مال دە چکی ڤالا نەمابوو. ژ وێ ساعەتێ و ب شوون دە یێن کو هاتن پیرەکا خەلیل بەگ بەرفێ، ئەو ل سەر گیهاشینکا بەرگیا مالێ و ل بەر دیوارێن خێنی ب جی کرن.

بەرفێ وێ رۆژێ ل تەڤ عەمرێ وێ یی دەرباسبوویی، وێ هلمەکێ نگ د بن خوە دە ڤەنەکر و خوە نەدا عەردێ. ئەو ئیرۆ بوو بوو سڤکا مالێ. نگەکی وێ ل هوندر یێ دنێ ل دەرڤە بوو. تەژ و خالیچێن هلاندی یێن کو هێ نایلۆنێن وان ڤەنەبووبوون دبر ل بەر دیوارێن خێنی رادخست، کولاڤێن نەشوغولاندی دەردخست سەر مێرگێ، بالیف و یاستوخێن روویێن وان ب مۆتیفێن گول و تەیرکان نەخشکری، هریان وان نوو ڤەچری و گوهکێن وان ڕەنگڕەنگی ل بەر پال و ئەنیشکێن مێڤانان رێز دکر. تەمبی ل قیز و بووکێن خوە دکر، ئەمر ددا لاو و زاڤاییێن خوە، سوخرە ب تۆرنێن خوە دکر، باز ددا مدباخێ خوارنێن کو پلقە پلقا وان بوو دکەلیان ل هەڤ دخست، ب کەڤچییێن جهێ جهێ تاهم دکر. ئاگرێ بن دیزک و بەرۆشان کێم و زێدە دکر و خوە ب خوە: «هێ چەند کەل پێ مایە..» دگۆت. زارۆکێن دگریان نوێ هێسرێ چاڤێ وان، خیلک و گرێزا دەڤ و پۆزێ وان پاقژ دکر، هەر یەکێ پەرچەیەک نانێ فرنێ کو لۆقەق حەلاو دانیبوو سەر ددا دەستێ وان و ئەو ئاش دکرن. لێ زارۆک نەدسەکنین، بیستکەک دچوو جارەک دن

تاهمساری دکرن. ڤزک شاقوولێن هەڤدوو درەڤاندن، پتکێن هەڤدوو یێ پاچکی و نایلۆنی دچراندن، بالۆنێن هەڤدوو دتەقاندن، ب پۆرەنیکێن هەڤدوو دگرتن و دکشاندن، د دەڤێ دەری رە خوە دبەر هەڤدوو رە رادکرن. خوە ل ناڤا کۆمێن سۆلان دخستن، بازددان دەرڤە و ددان چرڤیتکان.

کەچ، خورت، زاڤا و بووکێن مالێ هەر یەک ژ ئالیێ خوە دە دەستێن خوە دئاڤێتن تشتەکی و کارەک دکرن. هنەک دچوون مارکێتێ. هنان بەر ب فرنێ دلەزاندن، هنان ل میدباخێ هەزریا ناڤرۆژێ دکرن و هنان ژی خولیدانکێن ل بەر زلامان یێن کو هەما وێ گاڤێ تژە دبوون ڤالا دکرن بچووکان ئاڤ، دەوێ جەمدی، ڤەخوارنێن د شووشان دە یێن سۆر و زەر، چەند کچکێن فرۆکە ژی چایێ و قەهوە بەلا دکرن. زلامان تووتن ئیکرامی هەڤ دکرن، جغارە ل سەر جغارێ دکێشاندن، بەری وان ل تەلەڤزیۆنێ ل خەبەرێن سبەهێ گوهداری دکرن، ل سەر رەنگ و رێبێن خەباتێ دشتەغلین و قرک و گەوری ل هەڤ دقەتاندن. هن پیرەکێن ناڤسالە ژی کو هەما ب چۆنگێن خوە گرتبوون و ئوویە ئوویا وان بوو ب ئوزر نگێن خوە یێن باوی درێژ کربوون. ژ هەڤدوو رە قالا هن نەخوەشیێن کو دناڤ سالێن داویێ دە ل جانێ وان پەیدا بووبوون دکرن و ژ ڤر و ور دپەیڤین.

خەلیل بەگ پشتی کو ل ساعەتا خوە یا ژ زەندێ وی خوە بەرا سەر قرپکا دەستێ وی دا بوو نێری، تەمیا تشتێ د هەشێ وی رە دەرباس بوو بوو ل پیرەکا خوە کر، کوژێن کورتکێ خوە خستە بن کەمبەرا پانتۆرێ خوە، هنەک لەوانتە د روویێ خوە دا، پۆرێ خوە یێ مایی یێ کو وەک پەمبۆیی ل بەر رێسێ بوو ب کەفا دەستێ خوە دووز کر، شەوقێ خوە یێ رەنگکەوی چارقۆزی دا سەرێ خوە. قۆندەرا خوە ب کەڤنەپاچەکی برقاند، هنەک پەرەیێ هوور ل زارۆکێن کو خوە ب چۆنگێن وی ڤە گرتبوون بەلاکر و ب لاو و برایەکی خوە رە دەرکەتن دەرڤە. ل بەر قۆزیا خێنی بوورایێ خەلیل بەگ دتەخسیێ دە ل بەندی وان بوو، سوار بوون و ب رێ کەتن.

**ئەڤ دەقا سلال یەکەمین بەشا چیرۆکا (خادم)ە، کو چاپا وێ یا یەکەم ل سالا (٢٠٠٨)ێ ل ستەنبۆلێ چاپ و بەلاڤ بوویە، چیرۆک ژ (١٥) بەش و فەرهەنگۆکەکێ پێکهاتییە. هەژییە بێتە گوتن کو (سەلاحەتتن بولوت) ل سالا (١٩٥٤)ێ ل (دێرکێ) ژ دایکبوویە. خوەندنا خوە ل ئەنستیتویا پەروەردێ ل مێردینێ ب داوی ئینایە. دویڤرا دوو سالان مامۆستاتی ل دێرک و قەرسێ کریە. ل سالا (١٩٩٧) ل ستەنبۆلێ کتێبخانەیا مەدیایێ ئاڤاکریە. ل سەر ژیانا (حافز ئاکدەمیر) و (ئەدیپ کاراهان) سێ کتێب ئامادەکرنە. یەکەمین کتێبا وی یا چیرۆکان ب ناڤێ (بهوشتا لال) چاپبوویە. ژبلی کو چیرۆک و نڤیسینێن وی د چەندین رۆژنامە و گۆڤاراندا بەلاڤ بوونە.**

**«رامان»**



# خەون بە ئەبەدییەتەوە

**یالمار سۆدێرباری**
**لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی**
**(سوید)**

کاتێ کە هێشتا زۆر گەنج بووم، تەواو بە ڕۆشنی پێم وابوو کە من خاوەن ڕوحێکی نەمرم. مەزەندەم دەکرد کە ئەوە بەهرەیەکی پیرۆز و گرانبەهایە و منیش پێی بەختەوەر بووم و شانازیم پێوە دەکرد.

– ئەم ژیانەی کە دەژیم خەونێکی تاریک و خۆ ونکردەیە. جارێک لە جاران بەسەر خەونێکی تردا وەئاگادێمەوە کە نزیکترە لە واقیعەوە و مانایەکی قووڵتر لەم خەونەی هەیە، لەم خەونەشەوە بەسەر خەونی سێیەم و چوارەمدا وەئاگادێم و هەموو خەونێکی نوێش لە خەونەکەی پێشووتر لە حەقیقەت نزیکترە. ئەم نزیکبوونەوەیەش لەحەقیقەت مانای ژیان پێکدێنێت و دەی ئەمەش شتێکی تیژ هۆشانە و قووڵە.

بە شادمانی زانینی ئەوەشەوە کە من لە ڕوحە نەمرەکەمدا خاوەنی سەرمایەیەکم لە قوماردا نادۆڕێ و وەک قەرز دەستی بەسەردا ناگیرێت، ژیانێکی هەرزانە دەژیام و وەک شازادەیەک ئەوەی هەمبوو نەمبوو تەخشان و پەخشانم دەکرد.

بەڵام ڕۆژێکیان لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانمدا لە هۆڵێکی گەورەدا خۆم بینییەوە کە بە زێڕ و ڕووناکی ئەلەکتریکی دەدرەوشایەوە و لە درز و قەڵەشی ئەرزەکەیەوە بۆنێکی گەنیو بەرز دەبۆوە. دوو کچی گەنجی خۆ میکیاژکردە و ژنێکی بە تەمەن بە چرچولۆچی پڕ لە سپیاوەوە لەسەر سەحنەیەک سەمایان دەکرد، بە شەرابی ئۆرکیستراکە و هاوار هاواری پەسەنەندانەی پیاوان و زرەی شکانی پەرداخ هاوڕایی دەکران. ئێمە تەماشای ئەو ژنانەمان دەکرد، زۆرمان خواردبۆوە و لە بارەی نەمریی ڕوحەوە قسانمان دەکرد.

یەکێک لە هاوڕێکانم کە لە من بە تەمەنتر بوو، گوتی: جێی داخە باوەڕت وابێ ئەوە بەختەوەرییە کە خاوەن ڕوحێکی نەمر بیت. تۆ تەماشای ئەو پیرێژنە بکە کە لەو دوورەوە سەما دەکا، کاتێ بۆ ساتێک بێ جووڵە دەبێ،

سەر و دەستی دەلەرزن، مرۆڤ دەسبەجێ دەبینێت کە ئەو شەڕانگێز و دزێو و تەواوێک تووڕەهاتە و هەموو ڕۆژێکیش لەو شەڕانگێزی و دزێوی و تووڕەهاتییەی زیاتر دەبێت. چ پێکەنیناوییە پێت وابێ کە ئەو خاوەن ڕوحێکی نەمرە! بەڵام ئەویش تەواوێک وەک من و تۆ و هەموومان ڕەفتار دەکات. چ گاڵتەیەکی بێ تامە کە ئەوە ئەبەدییەتمان پێببەخشێت.

من وەڵامیم دایەوە: ئەوەی زیاتر کە دڵگیرم دەکات لەوەی دەیلێیت ئەوە نییە کە تۆ نەمریی ڕوح ڕەت دەکەیتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ لەزەت لە ڕەتکردنەوەی دەبەیت. خەڵک وەک منداڵ وەهان کە لە باغێکدا گەمە دەکەن و بە شوورەیەکی بەرز دەورە دراون. جار دوای جار دەرگایەک لە شوورەکەدا دەکرێتەوە، یەکێک لە منداڵەکان لەو دەرگایەوە دیار نامینێت. کەسێک بەوانی تر دەڵێ ئەو دەرگایە دەچێتەوە سەر باغێکی تر کە لەم باغەیان گەورەتر و جوانترە: ئەوسا بۆ ساتێک لە بێ دەنگیدا گوێ ڕادەدێرن، پاشان لە ناو گوڵەکاندا درێژە بە گەمەی خۆیان دەدەن.. هەنووکە مەزەندە بکە یەکێک لە کوڕەکانی لەوانی تر پەیجۆرتر بێت و بەشوورەکەدا هەڵزنێ تا ببینێت کە ئاخۆ هاوڕێکەیان بۆ کوێ چووە و کەی دێتەوە خوارەوە، ئەو شتە بۆ هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە کە بینویەتی: دێوێک لەبەر دەروازەکەدا دانیشتووە و ئەو منداڵانە دەخوا کە دەچنە دەرەوە. دەی ئەوانیش دەبێ بە ڕیز لە دەرگاکەوە بێنە دەرەوە! مارتین تۆ ئەو کوڕەیت، منیش ئەوە لە ڕادەبەدەر گاڵتەجاڕانە دەبینم کاتێ ئەو شتە دەگێڕیتەوە کە پێت وایە بینیوتە، ئەوە پڕ نییە لە خونکردەیی، بەڵکو شتێکی سەربەرز و شادمانانەیە کە زۆر لەوانی تر بزانیت.

مارتین وەڵامی دامەوە: ئەو کچە گەنجەیان زۆر جوانە.

یەکێک لە هاوڕێکانمان گوتی: چەند ترسناکە لەناوچوون، هەروەها چەند ترسناکیشە لەناو نەچوون.

مارتین جڵەوی بۆ ڕەوتی بیرکردنەوەی شل کردبوو، گوتی:

– ئا، مرۆڤ دەبێ سازشێک بکات. گۆڕانکاری لە خۆتدا بکە و بچۆ دەرێ و بەدوای هاوئەندازەیی لەنێوان زەمەن و ئەبەدییەتدا بگەڕێ. ئەوەی ئەوە بدۆزێتەوە، دەتوانێ ئایینێکی تازە ڕۆ بنێ، لەبەر ئەوەی ئەوکات لە دەسەڵاتیدا باشترین چەشنە تەڵە هەیە کە تا ئێستا مرۆڕاوکەرێک خاوەنی بووبێ.

ئۆرکیستراکە بە زرمەیەک تەواو بوو. زێڕی هۆڵەکە لە میانەی دووکەڵی جگەرەوە کزتر دەدرەوشایەوە و لەمیانەی درزی ئەرزەکەشەوە بەردەوام بۆگەنێک لە ڕزیوی بەرز دەبۆوە.

ئێمە هەستاین و هەریەکەمان بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت. من سەرگەردان بۆ ئەوسەر دەڕۆیشتم و هەمدیس بە جادەکاندا دەگەڕامەوە، دەکەوتمە جادەگەلێکەوە کە نەمدەناسینەوە و لەوەوپێش هەرگیز نەمبینیبوون، جادەگەلێکی سەیر و چۆڵ بوون، پێدەچوو خانووەکانی ئەڵقەکانیان بکەنەوە تا جێگەیەکم بدەنێ، هەنگاوەکانم بەرەو هەر کوێ دەنا دەگەیشتمەوە لای خۆم. بەرلەوەی لەناکاوێکدا لەبەر دەرگای ماڵەکەمدا نەوەستم، نەمدەزانی لە کوێم. دەرگاکە لەسەر پشت بوو. لە دەرگاکەوە ئاودیو بووم و بە پێپلیکانەکاندا سەرکەوتم. لە پەنجەرەی یەکێک لە پێپلیکانەکاندا ڕاوەستام و لە مانگم ڕووانی، لەوەوبەر سەرنجم نەدابوو کە ئەمشەو مانگەشەوە.

بەڵام من هەرگیز لەوەوبەر، نە پێشتر و نە دواتر مانگی ئاوهام نەبینیبوو. بنیادەم ناتوانێ بڵێ کە دەدرەوشایەوە. مانگ ڕەساسی و ڕەنگپەڕیو و بە تەرزێکی ناسروشتی گەورە بوو. قەیرێک ڕاوەستام و لەو مانگەم دەنۆڕی ئەگەرچیش بێ ئەندازە ماندوو بووم و تامەزرۆی ئەوە بووم بڕۆم و بنووم.

من لە نهۆمی سێیەم دەژیام. دوای ئەوەی پێپلیکانەی دوو نهۆمم بڕی، سوپاسی خودام کرد کە تەنیا دانەیەکم ماوە، بەڵام کاتێ پیپلیکانەی ئەو نهۆمەشم بڕی، سەرنجم دا کە دالانەکە تاریک نییە کە وەکی تر هەمیشە تاریک بووە، بەڵکو بە ڕووناکییەکی کز ڕۆشن بوّوە وەک ئەو نهۆمانەی تر کە تریفەی مانگ لە پەنجەرەی پێپلیکانەکانیانەوە ڕووناکی کردبوونەوە، بەڵام ئاخر بێجگە لە پێپلیکانەی هەورەبانەکە، تەنیا سێ پێپلیکانە لەم بینایەدا هەیە، لەبەر ئەوە دالانەکەی سەرەوە هەمیشە تاریکە.

بەخۆم گوت: دەرگای هەورەبانەکە کراوەتەوە. ڕووناکییەکە لە دەرگای هەورەبانەکەوە دێت. ئەو کارگوزارانە جێی بەخشین نین کە ئاوها دەرگای هەورەبانەکەیان بە کراوەیی جێ هێشتووە، ئاخر دز دەتوانن سەرکەونە سەربان، بەڵام چ دەرگای هەورەبانێک نەبوو، بەڵکو تەنیا پێپلیکانەیەکی ئاسایی بوو، وەک

پێپلیکانەکانی تر.
کـەواتە مـن حـسـێـبـەکـەم هەڵە بووە، هێـشـتـا پێپلیکانەیەکم ماوە.
بەڵام کـاتێـک بەو پێـپلیکانـەیەشـدا سـەرکـەوتم و لە داڵانەکـەدا ڕاوەسـتـام، دەبوو خۆم کـۆنترۆڵ کـەم تا هاوار نەکـەم، لەبەر ئەوەی داڵانی ئەم نـهـۆمـەش هەر ڕووناک و چ دەرگـای هەورەبانـێکی لێنەبوو کـە کـرابێـتـەوە، بەڵام وەک تاوێ لەوەبەر پێپلیکانەیەکی تر دەچۆوە سەرێ. لە میانەی پەنجەرەی پێپلیکانەکەشەوە تریفەی مانگ دزەی دەکردە ژوورێ، مـانگێکی ڕەسـاسی و بێ درەوشـە و بە تەرزێکی ناسروشتی گەورە.
بە پەلە بەسەر پێپلیکانەکەدا سەرکەوتم. نەمدەتوانی لەوە زیـاتر بیـربکەمـەوە. بەسـەرسـمـدانەوە بە پێپلیکانەیەکی تریشدا سەرکەوتم، پاشان یەکێکی تر، ئیتر بۆم نەدەژمێردران.
دەمویست هاوار بکەم، دەمویست ئەو ئاپارتمانە جادوو لێکراوە لە خەو هەستێنم و خەڵکم لێ کۆبنەوە، بەڵام قوڕگم لێکدوورابوو.
کـتـوپڕ بە خـەیاڵـمـدا هات کـە نـاوی سـەر دەرگـاکـان بخـوێنمـەوە، بزانم چ کەسـانێ لەم بورجی بـابلەدا دەژین؟ تریفـەی مـانـگ زۆر لاواز بوو، تەڵە شـخـارتەیەکم داگیرساند و نامە بەر تابلۆیەکی کانزایی.
ناوی هاوڕێیەکەم لەسەری خوێندەوە کە مردبوو.
بەندی زمانم کرایەوە و هاوارم کرد:
- یارمەتی! یارمەتی! یارمەتی!
ئەو هاوارە بووە مـایەی ڕزگـاربـوونم، لەبەر ئەوەی لەو خـەونە ناخـۆشـە وەئاگای هێنامـەوە کـە بە ئەبەدییـەتەوە دەمبینی.

**سەرچاوە:**

**Hjalmar Soderberg**
**Noveller**
**1994 Almqvist o Wiksell Forlag**



## ڕەزا عەلی پوور:
## حەز دەکەم دیدێکی ڕەخنەییم بۆ چەمکەکان و خۆم هەبێت.. هیچ سنوورێکیش جگە لە مەرجە ناوخۆییەکانی دەق لە کاتی نووسیندا بوونی نییە

**ئا: ڕابەر فاریق**

**(١ - ٢)**

ڕەزا عەلی پوور یەکێکە لەو شاعیرانەی خاوەن زمان و تایبەتمەندی و فۆرم و ڕوانینی خۆیەتی، ئەمانەیش لە خوێندنەوەی دەقە شیعری و گوتارە هزری و ڕۆشنبیرییەکانیدا، وەدەرکەوتوون. لە خوێندنەوەی شیعرەکانی ویدا، هەست دەکەین ئەزموونێکی دەوڵەمەند و فرەدیدگا لە ڕۆنانی بنیادەکانیدا بەشدارە. شیعر لە کن وی لە زمانەوە سەردەکەوێ، بە هزر و مانا و وێنەو ئێستێتیکادا تێدەپەڕێ، لەوێشەوە دەڕوات، دواجار لە شیعرییەتدا نیشتەجێ دەبێ، لە دوای هەموو ئەمانەیش بە ئەفراندن دەگا. جوداوازبوون یەکێکە لەو هەنگاوانەی دەبێ بە کۆمەککار تا لە نوێبوونەوەیەکی بەردەوامدا بین، واتە؛ لە تاکئەزموونی و تاکڕەهەندیی بیرکردنەوە و دەقنووسیندا چەق نەبەستین، دەشێ هەر ئەمەیش بووبێ بە یەکێک لەو هەوڵانەی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ گەلێک لێکۆڵینەوە و وتارگەل لە بارەی شیعرەکانی وییەوە بنووسرێن. ئەگەر تەماشای ئەزموونی ئەم شاعیرە بکەین، دەبینین دەقگەلێکی باشی بڵاوکردووەتەوە و لەو هەموو ساکارنووسی و قەرەباڵغییانەی ئەمڕۆ دوورە، کە دۆخەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەڤانی کوردییان گرتووەتەوە، هەر نووسەرێکیش بە شێوەیەکی وەها بنووسێ، هەڵبەت بیرکردنەوەیەکی قووڵیش لە پشت نووسینەکانییەوە دەبێ، کورتبڕی و خەڵقکردنی جوانیی جوداواز بەرهەم دەهێنێ.

لەم هەڤپەیڤینەدا، لە بارەی گەلێک پرسی تایبەت بە ئەدەب و ڕۆشنبیری لەگەڵ (ڕەزا عەلی پوور) دەدوێین و هەڵوێستەگەلی جیددیانە خراونەتە ڕوو؛ بە وردی لەسەر ئەدەبی کلاسیک و هاوچەرخ وەستاوە، هاوکاتیش لە بارەی گەلێک پرسی دیکەی وەکو فەلسەفە و تیۆرییە ئەدەبییەکان و ڕەخنە و گەلێک لایەنی دیکەش، ڕوانینەکانی خستوونەتەڕوو، هەڵبەت هەموو ئەمانەیش لە ناو بۆتەی وەڵامەکانیدا پێکهەڵپژێنراون و لە ئەنجامیشدا دیدگەلێکی جوداواز، خۆیانمان پیشان دەدەن.

بیۆگۆافیا:

– ڕەزا عەلی پوور لە ساڵی (١٩٧٨) لە شاری سەقز لە دایک بووە و پێشتر لە سنە دەژیا، ئێستەش لە (تاران)ە.

– بەرپرسی بەشی کوردی هەفتەنامەی (سیروان) و لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەق) بووە، هەروەها لە هەفتەنامەی (ڕۆژهەڵات)یش بەرپرسی بەشی کوردی بووە.

– چەندین شیعری لە گۆڤار و هەفتەنامەکاندا بڵاوکردووەتەوە و سەرنجی ڕەخنەگران و شاعیرانی بە لای دەقەکانیدا ڕاکێشاوە. ئەم شاعیرە جۆرە شیعر و نووسینێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە هەندێک لە گەنجەکان ڕوویان لێی کردووەو پێشوازی لێ دەکەن.

– کتێبێکی شیعریی کە ناوی (قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە)یە، بڵاوکردووەتەوە، هاوکاتیش کتێبی (ئم) و گەلێک کتێبی دیکەشی، بۆ چاپ ئامادەن.

– چەند چیرۆکێکی بە زمانی کوردی و فارسی بڵاوکردووەتەوە، ئێستەش کۆمەڵە چیرۆکێکی بۆ چاپ ئامادەیە.

– کۆمەڵێک وتار و یادداشتی هزری و تیۆری نووسیون، هاوکاتیش لە گۆڤار و هەفتەنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

* ئەگەر تەماشای شیعر بکەین لە جیهاندا، ئێستە بەردەوام بەرەو سادەیی (نەک ساکاری) هەڵدەکشێ، بەڵام ئێوە و کۆمەڵێک کەسانی دیکەیش بە فۆرمی گران دەنووسن، هۆکاری نووسین بەم جۆرە فۆرمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

– پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی بەدحاڵیبوونێک سەبارەت بە فۆرم لە لای ئێمە هەیە، لێرەدا هەوڵ دەدەم سەرەتا سەبارەت بە فۆرم، بەو مانایەی بڕوام پێیەتی بدوێم، دواجار هەر لەسەر بنەمای ئەو باوەڕە هەمەگیرەی سەبارەت بە فۆرم هەیە، وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە.

فۆرم لە دەق و بەرهەمی هونەریدا بوونێکی پارادۆکسیکاڵ و تاقانەی هەیە، هەر دەق و بەرهەمێکی هونەری خاوەن فۆرمێکی تایبەتە (یان دەبێ وابێ)، ناکرێ لە دواجاردا تەواو لەو فۆرمە تێ بگەین و بە جودا لێکی بدەینەوە. تێگەیشتن لە فۆرم بەو شێوەیەی فۆرمالیستەکان لێی تێگەیشتبوون، یان تەنانەت بنەماخوازەکان هەوڵیان دەدا لە ژێر ناوی بنەما هاوبەشەکاندا پێی بگەن، لە هەمان لۆژیک (بازارۆف) پێڕەوی دەکات، کە بۆ پەی بردن و دۆزینەوەی گیانی دەق، هەلا هەلای بکەین... لەم نموونەیەوە دەتوانم بڵێم کە فۆرمی دەق بریتییە لە گیانی دەق، واتە ئەو شتەیە کە کارکرد بە هەموو توخم و ئەندامەکان دەدات، هەر هەوڵێک بۆ جودا کردنەوەی ئەم فۆرمە دەتوانێ گەلێک مەترسیی دیکەی بە شوێنەوە بێ. کەواتە؛ ئەگەر ئەم ڕیسکە بکەم و بمەوێ پێناسەیەک لە فۆرم ئاراستە بکەم، کە دەزانم پێناسەیەکی ناتەواو دەبێ، ئەوە فۆرم دەبێتە ئەو توخمە نەبینراو و ئامادەیەی کە کارکردی تایبەتی دەدات بە هەموو توخمەکانی دیکە و ژیانیان پێ دەدات، ئەم دیدگایەش سەبارەت بە فۆرم ڕێک بە پێچەوانەی دیدی میکانیکی و هەژارانەی فۆرمالیستەکانە سەبارەت بە فۆرم. فۆرم لێرەدا لە خۆگر و ڕێکخەری ناوەڕۆک (مێژوویی، فەلسەفی، ئەدەبی و...) مانا و بابەت و شێواز و بنەمایە، هەروەها هەموو ئەمانە پێکەوە فۆرم پێکدێنن، ناکرێ بە لۆژیکی ئەرستۆیی لەم پێوەندییە دوولایەنە تێ بگەین، واتە (ڕوودان) و (ڕووداو) لە لای ئەرستۆ یەکێک نین.

بە هەرحاڵ، دەمەوێ بڵێم کە فۆرمی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی، هاوکات کۆی هەموو توخمەکانە و هیچ کامیشیان نییە. با بێمە سەر ئەو وێنایەی لای ئێمە بە زۆری لە بارەی فۆرمەوە هەیە، من بێ ئەوەی لێرەدا بمەوێ لەسەر ئەو مانایە لە فۆرم بدوێم، تەنیا ئەوندە دەڵێم کە لەم پێناسەیەدا بە شێوەیەکی نێگەتیڤ، فۆرم بریتییە لەو شتەی ناوەڕۆک نییە، واتە بریتییە لە شێوەی ڕێکخستن

و چنین، دیارە هەندێک جـــــار، هـەنـدێـک بـاسـی بـە ڕواڵـەت پێــشکەوتووانەش دەکــرێن، وەک ئەوەی فـۆرم دابەش دەکـرێ بە سـەر فۆرمی دەرەکی و ناوەکیدا، بەڵام بە ڕای من، ئەمە پێش ئەوەی فۆرم بێ، بریتییە لە ناوەڕۆک، لە هەندێک حاڵەتیشدا بنەما یان ستـراکـتـۆرمـان لە بری فـۆرم داناوە... با ئەو پێناسـە ناتەواو و نادیاردەیە بکەم بە بنەڕەتی باسەکە و لەوێوە وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە. دیارە ئەمە باسێکی سواوە کە بڵێم: بۆ من لە کاتی نووسیندا جوداوازییەک لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا نییە و ئەوەی بە ناوی فۆرمەوە دەردەکەوێ، ڕەنگە ناوەڕۆک بێ، پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە ناوەڕۆک و فۆرم و ستراکتۆر پێکەوە لە بزاوتدان.

**شیعر و ئەدەب قایمترین سەنگەرن بۆ ململانێ لەگەڵ ئەو هێزانەی مرۆڤ بەرەو بوونێکی خاڵی و بۆش دەبەن.**

بۆ من پێش وەخت هیچ سنوورێک جگە لە مەرجە ناوخۆییەکانی دەق لە کاتی نووسیندا بوونی نییە، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا هەوڵدانە بە ئاراستەی (کەشف) و (داهێنان)ەوە، لەم حاڵەتەدا، گرنگ تەنیا ئەو فۆرمە دەرەکییە نییە کە پێش وەخت بڕوام پێی بووە، یان حەزم کردووە وەک قاڵبێک کەڵکی لێ وەربگرم، گرنگ ئەو یەکانگیرییەیە کە لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆک و توخمەکانی دیکەوە دروست دەبێ. داهێنەر ناتوانێ پێش وەخت بڕیار بدات بە فۆرمێک کە دژوار یان سانا بنووسێ، ئەوەی ئەم بڕیارەی دابێ و تا دوا ئەنجامی دەقیش پێبەندی بووبێ، لەو هەوڵەی دەقێکی زیندوو ناکەوێتەوە، چونکە پرۆسەی داهێنان هەمووی پلانێکی لە پێشدا دیاریکراو نییە، ناکرێ بەسەر هەموو لایەکیدا زاڵ بین، بەڵام دیارە جۆرێک لە مەبەست و نییەت هەیە، ناکرێ حاشا لە ڕۆڵی گرنگی بکەین، ئەمەش باسێکی جوداوازە.

سەبارەت بە فۆرم، وەک گوتم؛ هەوڵی من ئەوەیە لە نێوان داهێنان و کەشفدا بەلانسێک دروست بکەم و بە پێی میدیۆمێک کە ناوی ئەدەبە، هەروەها ژانرێک کە ناوی شیعرە، هەندێک ئیمکان و سنوور دێتە بەردەم و هەڵبژاردنی ئەو ئیمکانانە، هەروەها شێوەی خۆ دوورخستنەوە لە هەندێک لەو ئاستەنگانە و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە (وەک دیدی شاعیر بۆ شیعر و داوای چی لێ دەکات، هەروەها توانای خەیاڵاندن و بەهرە و...) تا ئاستێک قەدەری شیعرەکە دیاری دەکرێ.

بەم پێشەکییەوە، ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە و بە شێوەی کۆنکرێتی وەڵام بدەمەوە، دەڵێم ڕاستە دوای سەرهەڵدانی جۆرێکی شیعری پۆست مۆدێرن و دەربازبوون لە ئەدەبی مودێرنیستی، سادەیی و تەنانەت (کێیچ) بەشێک بوون لە تایبەتمەندییەکانی چەشنێکی شیعری، بەڵام هاوکات شیعر هەرگیز و بە تایبەت دوای (شارڵ بۆدلێر) بە تاقە ئاراستەیەکدا نەڕۆیشتووە، بۆ وێنە، بە خێرایی تەماشای نەخشەی شیعری سەدەی بیستەم بکەن، لە لایەکەوە (تی ئێس ئیلیەت) بە دەقی (وێرانەخاک) و (چوارشەممەی خۆڵەمێشی)یەوە کە ئاگایی ئایینی و مێژوویی دەوری سەرەکیی دەبینن، خەریکی داهێنانە، لەم لاشەوە سوورریالییەکان بە تەلاقدانی ئاگایی و ڕووکردن لە نەست و شێتی و ئیماژیستەکان، بە ڕۆیشتن بەرەو وێنە عەینییەکان، کەسانی وەک پیتس و پێسوا بە ڕووکردێکی زەینی، هەروەها فۆتۆریستەکان و ڕۆمانتیکەدواییەکان بە سادەیی جوداواز لە کێیچ ئامادەن.

بە گشتی، مەبەستمە بڵێم؛ پارادایمی سادەکردنەوەی شیعر، جگە لەوەی مێژووەکەی بە درێژایی تەمەنی خودی شیعرە، شتێک نییە تایبەت هی ئەم سەردەمە بێ، وەک چۆن ڕۆیشتن بەرەو (وەک ئێوە دەڵێن) (فۆرمی گران) دەتوانێ وەها بێ.

ئەگەرچی بۆ من هەوڵدانێکی هەڵبژاردانە بە ئاراستەی ئەوە نییە کە شتەکان بکەم بە سادە و گران، پاشان یەکێکیان هەڵبژێرم و بە شێوەی هەوڵدەرانە لەسەر لایەنێک کاربکەم، بەڵام پێم وایە هەر شاعیرێک لە شوێنێکدا بە هەندێک خەسڵەت دەگات و دیدێکی سەبارەت بە شیعر بۆ دروست دەبێ، واتە پێش نووسینی شیعر، هەر شاعیرێک پێناسەیەکی (هەرچەندە ناڕوون و لێڵیش بێ) لەسەر شیعر هەیە، ئەم دید و پێناسەیە تا ئاستێکی زۆر ئاراستە و ئیتیجاهی ئەو شاعیرە دیاری دەکات. لە نموونەیەکی سادەدا بۆ کەسێک کە شیعر بریتییە لە کەلامێکی کێش و سەروادار، ناتوانێ یان نایەوێ شیعری بێ کێش و سەروا بنووسێ، یان لەوێدا

کـە کـەسـێک فـۆرم وەک ئەوەی باسم کـرد، دەبینێ، ناتوانێ هەموو هەوڵی بە ئاراستەی ناوەڕۆکدا بڕوا.

پاش هەمـوو ئەم باسانە، پێم وایە ئێسـتـە شـیـعـر بوونێکی پارادۆکسیکاڵ دەژی، هەر ئەمـەش لە فۆرمی دەقەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، هەر ئەو کاتانەی کە شیعری سادەیش دەنـووسرێ، گـومـانتـان نەبێ کـە گـرانـترین و دژوارترین دەقـەکـانیش دەنووسـرێن، ئەمـە بەشـێکی پێوەندی بە ژیانی خودی شیعرەوە هەیە، بەشێکیشی پێـوەندی بە دۆخی ئێـسـتـەی جـیـهـانەوە هەیە، کـە شـیـعـریش بوونەوەرێکی هەستـیـار و زیندووی ناو ئەم جیهانە پارادۆکسیکاڵەیە.

بـا نموونەیەک بێنمـــەوە، ڕەنگە لە هـیـچ کــاتێکی جیهاندا ئەوەندە ناوەند و چالاکی بواری ئاشتی بوونیان نەبووبێ، وەک چۆن هیچ کاتێکیش لە جیـهـاندا هێندە چەک و تەقـەمــەنی بوونیـان نەبووە، ئایا بە ئاگــایی شیعر، لە دەیان پارادۆکس و دژوازی لەمانە ئاڵۆزتر، بە ڕای ئێوە شیعر دەتوانێ بچێتە دەڤەرێکی بێ پارادۆکس و سادە و بێ مەترسییەوە؟ من پێم وا نییە شیعر ئەم کێشە و پارادۆکسانە ناوەکی نەکاتەوە.

* هەمـوو شـاعـیـرە ئەفـرێنەرەکـان، لە سـەروەخـتـی بڵاوبوونەوەدا دەقـەکـانیـان زوو هەزم نەکـراوە، هەست دەکـــەم دوا کـــۆشـــیـــعـــری ئێـــوەش بەرەوڕووی ئەم نەخـوێندنەوەیە بووەتەوە. یەکـێـک لە ڕەهەندەکــانی خـوێندنەوەش لە کـاتێکدا دەردەکـەوێ کـە خـوێنەران ڕوانینی خــۆیان بوەشــێنن، بەڵام لە دوای چاپکردنی کۆشیعرەکەتان تا ئێستە چەند نووسینێکم لە بارەیەوە بینیـوە. پێت وایە هۆکـار بۆ ئەوە بگەڕێتـەوە کـە ئێـوە تیکەڵی پێـرگـەراکـان نەبووبن، یان هۆکـارگـەلی دی لە پشت ئەم قەیرانەی نەخوێندنەوەیەدا هەن؟

– ئەوی ڕاســـتی بێ، تا ئێـــســـتـــە زیاتر لە دە خوێندنەوەی جوداواز لەسەر ئەو کتێبە شیعرییە کراون، دیارە بەشێکی بەرچاویان لە کوردستانی ئێراندا بوون، هـەر لـەوێـش بـڵاو بـوونـەتـەوە، ڕەنـگـە بـە پـێـی ئـەو دیاردەیەی ناوی (قـەیرانی ڕەخنە) و (نەخـوێندنەوە)ی لێ دەنرێ، تا ئاستێک بەختەوەریش بووبم، بەڵام بە دەر لەوە، حـەزدەکـەم لە سێ ڕەهەندەوە تەماشای ئەم باسە بکەین؛ ڕەهەندی یەکــەم: مــۆدێرنبـــوون (لە هەمـــوو بوارێکدا) وەک (بۆدلێــر) و دواجــار تا ئێــســتــەش کەسانی دی باسی دەکەن، هەمیشە ڕەهەندێکی هەیە کە ریسکە و بەدواهاتەکـانی نادیارە، ئەمـەش بە تایبـەت لە شوێنێکدا کە عەقڵی باو ناتوانێ شتی جوداواز و تازە بە خـــێـــرایی وەربگـرێ، دیارە بەرەنگاری دەکـــات، ئەم بەرەنگارییەش میکانیزمگەلێکی جوداوازی هەن، ڕەنگە یەکـێکیـان بریتی بێ لە بێ دەنگبـوون و یەکـێکیـشـیـان هێرشکردنە سەری و یەکـێکیـشیـان بریتی بێ لەوەی بە ناوی نارەسـەن و یان (نا–نوێ)وە دەسـتنیـشـان بکرێ، دیارە ئەم مـــیـکـانیــزمـــەی دواییـــان لە دوو لایەنی لە ڕواڵەتدا دژ بە یەک، لە ئەنجامـیـشـدا لە یەک لۆژیکی هاوبەشـەوە سـەرچاوە دەگـرێ، هەردووکـیـان دەیانەوێ ئەزمـــوون کـــردن لە شـــوێنێکدا کـــە خـــۆیان تێـــیـــدا گیرساونەتەوە، ڕاوەستێنن. هەڵبەت گرفتەکانی ڕەخنەی ئێمە تەنیا لەوێدا ناوەستن... لە وتارێکدا کە چەند ساڵ لەوەوپێش لە گـۆڤـاری (دەق)دا بڵاوم کـردووەتەوە، بە وردی لەسـەر هەندێک لایەنی ئەم خەسـارە دواوم، دیارە کـەسانی دیکەش باسی باشیـان لە کێشـەی ڕەخنە، یان گرفت و خەسارەکانی لای ئێمە کردووە، نامەوێ ئەمانە دووپات بکەمەوە، بەڵام گرنگترین فاکتەر لەم بوارەدا (بە ڕای من) چەند خـاڵێکن، یەکـێکیـان نەبوونی بوێری و ئەخلاقی ڕەخنەگرانە و بەرپرسایەتی ڕەخنەگر لە هەمبەر هەڵبژاردن و جوانی و تازەییدا، یەکێکی دیکەش نەمانی کایەی ئەدەب و ڕەخنەی جیددییە لە ناوەندی نووسینی کوردیدا، هاوکـاتیش جێگیـربوونی نووسینی ئینشـایی ڕۆژنامـــەییـــیـــە، لە بری ڕەخنە. خـــاڵێکی دی، نوێ نەبوونەوەی ڕەخنەی ئەدەبیـیـە بە پێی نوێکارییـەکـانی دەق. بڕوانن، ئێـسـتـەش هەر بەو پێـوەرانەی (بۆ وێنە) شیعری (ئەحمەدی شاملوو) دەخوێنرانەوە، باس لە دەقی کەسانی وەک منیش دەکرێ، دیارە گومانێک لەوەدا نییە کـــە ئەم دووانە (زاتە شـــاملوو و من) جـــوداوازین، هاوکــاتیش بۆ تیگەیشتن و دەرککردنی دەقــەکــانمان، پێویستی بە ترازان لەو پێوەرانە هەیە.

لێرەدا تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم؛ ڕەخنە بە پێی دەق، تەنانەت پێش ئەویش دەبێ بگۆڕێ، ئەمـەش کـەم بووە. نموونەیەکی دی: ئایا دەکـرێ ڕۆمــانی (ئێــوارەی پەروانە) و (پیـاوێکی شـەپقـەڕەشی پاڵـتـۆڕەشی پێـڵاو شین)، بە پێوەری (گەلەگورگ) بخوێنرێنەوە؟

ڕەهەندی دووەم: بەشـــێک لە ڕەخنەگـــرانی ئەدەبی

کوردستان، خۆیان شاعیر و نووسەریشن، لە لێکدانەوەیەکی هەڵەدا وا دەزانن باسکردن لە شیعر و بەرهەمێکی نوێ و جوداواز، مانای سڕینەوەی کاری خۆیانە، لێرەوەیە کە تا بتوانن لە بەرانبەر جوانییەکانیدا بێ دەنگ دەبن، یان دێن و بە شێوەی ئاماژەی نادیاردە لێی دەدوێن و نوێکارییەکانی بە ناوی ئەوەی کە شتێکی ئەوتۆ نین، یان ئێمە پێشتر کاری وامان نووسیوە، ناوزەد دەکەن، هەموو ئەمانەش لە دەرئەنجامدا وای لێ دێ کە دەقی سەرکەوتوو لە پەراوێزدا بێ، بەڵام دەکرێ بۆ دڵخۆشی خۆشمان بێ، بروامان بەم وتەیەی (نیما یووشیج) هەبێ کە دەڵێ: (بێژنگ بە دەست لە دواوە دێت، زەمەن لە ڕەخنەگرانی ئێمە هۆشیارترە).

ڕەهەندی سێیەم: ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئەدەب و کایەی ئەدەبی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لە بەرانبەر باشوور، مێژوویەکی جوداوازی هەیە. لە کوردستانی باشووردا نووسەر و داهێنەر ئیمکانیاتێکی زیاتریان لە بەردەستدایە، بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا وەها نەبووە، ئەگەر ئەم بیست ساڵەی دوایی بکەین بە پێوەر، ئەوە دەبینین کە بە چاوێکی لاوەکی، هەندێک جاریش بەزەییەکی ناسیۆنالیستییەوە تەماشای ئەدەب لە کوردستانی ئێراندا کراوە، ئەگەر ئەمە لە گوتە و گوتاریشدا نەگوترابێ، ئەوە لە ناخودئاگای هەندێک نووسین و کارکردنی گۆڤارەکاندا بینراوە، کە وەک ئەدەبێکی پەراوێزی تەماشای ئەدەبی کوردستانی ئێران کراوە، کە هەموو ڕووداوە جیددییەکانی ئەدەب لە باشووردا ڕوودەدەن. ڕەنگە لە داهاتوودا دەقی باش لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیش بکەوێتەوە، دیارە هەندێک نووسەر و گۆڤاری جیددی لەم هەڵەیە بەدەرن، بۆیە ناکرێ ئەمە بە گوتارێکی هەمەگیر بزانین.

من بۆ خۆم ئەو کاتەی لە هەفتەنامەی (ڕۆژهەڵات)دا ئیشم دەکرد، دیدی تەندروست و سالمی ئەو نووسەرانەی باشوور و دەرەوەی وڵات کە لەگەڵماندا هاوکارییان دەکرد، بەردەوام دەمبینی. دیارە حاشا لە توانا و دەسەڵاتی نووسینی هەندێک لە نووسەرانی کوردستانی عێراق ناکرێ، باسێکیش لەوەدا نییە کە هەندێک نووسەر و شاعیری ڕۆژهەڵاتیش زۆر ناپرۆفیشناڵانە ئیش دەکەن، بەڵام هاوکات هەندێک ڕووداوی گرنگی ئەدەبی لە کوردستانی ئێراندا ڕوویان داوە، کە بەو شێوەیەی پێویستی دەکرد، ئاوڕیان لێ نەدرایەوە، وەک چۆن ئاوڕ لە بەشێکی دەق و داهێنانی جیددی خودی کوردستانی باشووریش نادرێتەوە، چ بگا بە دەقی ڕۆژهەڵات.

ڕەنگە ئەم ئاوڕ لێ نەدانەوەیە تا ئاستێک شیعری منیش بگرێتەوە. هەڵبەت، بەش بە حاڵی خۆم، کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری جیددی باشوور ئاوڕیان لە بەرهەمەکانم داوەتەوە و لە سەریان نووسیوە، هەر چۆنێک بێت، ئەم باسە کە جەخت لەسەر شەقکردن بکەینەوە، بە لای منەوە زۆر گرنگ و جیددی نییە، چونکە وا هەست دەکەم کە زیاتر لە پەراوێزەکانی ئەدەبە، تەنانەت گرفتێکی دیکەش زیاد دەکات، هەرچەندە وەک واقیعیش بوونی هەیە، بەڵام پێم وایە ئەگەر بۆ خوێندنەوە و ئاوڕ لێدانەوە (نەک بۆ سڕینەوەی جوداوازییەکانیان لە بەرهەمهێناندا) لە یەکتری نزیک بکرێنەوە، باشتر بێ، ئەمەش دەکرێ زیاتر بیری لێ بکەینەوە.

**داهێنەر ناتوانێ پێش وەخت بڕیار بدات بە فۆرمێک کە دژوار، یان سانا بنووسێ.**

* لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شاعیران گرووپیان دروست کردووە، بۆ نموونە کەسانێک پێیان دەگوتری (شاعیرانی بەرەی چوار) هێندەی بزانم ئێوە یەکێکن لە پێشڕەوانی ئەم تەرزە شیعرنووسینە، هەروەها شاعیرانی (شیعری شێت)یش هەن، ڕەنگە هی دیکەش هەبن، بەڵام ئێمە شارەزاییمان لە بارەیانەوە نەبێ، یان ناوی بنووسەکانمان نەبیستبێ. ئایا ئێوە چ بۆچوونێکتان بۆ ئەم گرووپبەندییانە هەیە؟

– گرووپ، بەو مانا پێش وەختەی لە زەینی ئێمەدا هەیە، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بوونی نییە، ئەگەریش بووبێ، ئەوە من لێی ئاگادار نیم، ئەو ناوانەش لە لایەن خودی شاعیران و ڕەخنەگرانەوە لە هەندێک ئاراستەی شیعری نراوە، دیارە ئەو ناولێنانانەش زۆرجار لۆژیکێکی مەحکەمی لە پشتەوە نییە، ڕەنگە بتوانن بۆ دەرخستنی هەندێک لایەنی شیعری یارمەتیدەر بن، بەڵام هاوکاتیش لەگەڵ مەترسی دابەزاندن و کورتکردنەوەدا بەرەوڕوو

دەبنەوە...

من بۆ خۆم ماوەیەک هەوڵی تیۆریزە و ناونانی ئەو چەشنە شیعرنووسینە تایبەتەی خۆم بووم، بەڵام دواجار بینیم تاوشت و تەحەمولی فەزای ئەدەبی ڕۆژهەڵات لەوە کەمترە کە شتەکان لە دەڤەری گشتیدا، هەروەها بە بێ پەردەپۆشی یەکلا بکرێنەوە و نووسەر و شاعیر بەرهەمی خۆی ڕوون بکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە خودی ئەو بە گرووپ کردن و لە خانەیەکدا و لە ژێر ناوێکدا کۆکردنەوانە، دەبن بە هۆی ئەوەی کە هەموو ڕەهەندە ژیاندەر و جوداوازەکان لە چەند خاڵی هاوبەشدا کورت بکرێنەوە، ئەو خانانەش هێندە هەراو بینەوە، کە زۆرکەسی تێ بئاخنرێ، ئەمەش لە ئەنجامدا تەنیا لە زیانی دەقی جیددی و پێشڕەودایە. من بۆ خۆم یەکێک بووم لەو کەسانەی هەڵەیەکی وەهام کرد، بەڵام دواتر کە دەرکم بە خەسارەکانی کرد، دەستم لێی کێشایەوە. تەنیا ئەوەندە دەڵێم: ڕاستە هەندێک فاکتەری هاوبەش لە نێوان (بۆ وێنە) شیعری من و کەسانی دیکەدا هەن، بەڵام بە ڕای من، دەبێ کێشەکە بۆ ناوخۆی ئەو دەقانەش ببرێ، لەوێدا بەدوای خاڵە دژ و جوداوازەکاندا بگەڕێین، نەک خاڵە هاوبەشەکان. من ئەم تێگەیشتنەم لە خوێندنەوەی ژیژەک بۆ دیالێکتیکی هیگڵ بە دەست هێناوە، کە لە دیالێکتیکدا بە ڕای ژیژەک ئەمە جوداوازی و خاڵە دژ و دژوازەکانن کە گرنگن، نەک شتگەلی لاوەکی دی.

بە زمانێکی سادە، واتە سەنتێز بریتی نییە لە کۆی خاڵە هاوبەشەکانی تێز و ئانتی تێز، بەڵکو بریتییە لە بەشە دژ و دژوازەکانی هەردوولا، ئەو گرووپبەندی و ناونانە بە نیسبەتی شاعیرانی پێش خۆی و کەسانی دەرەوەی جەغزەکەوە، بە دوای دژایەتی و جوداوازییەکاندا دەگەڕێ، بەڵام دوای ئەوە کە کەسانێکی کۆکردەوە، جەخت لەسەر خاڵە هاوبەشەکان دەکاتەوە، بۆ ئەمەش ڕام وایە کە حەزێکی شێوازناسانەی لێکۆڵینەوەی کلاسیکییە، لە ڕواڵەتێکی ئەمڕۆییدا. پێم وایە دەبێ ئەو لۆژیکی دژایەتی و جوداوازی بینینە بەرەو ناوەوەی خودی ئەو گرووپ و دەستانەش ببرێن، هەڵبەت ئەمە تەنیا هەڵەیەک نییە کە ئێمە کردبێتمان، زۆرجار سوریالییەکان بە یەکچاو دەبینرێن، واتە لە هەموویاندا ئەو هێڵە هاوبەشانە دەدۆزرێنەوە کە لە مانیفێستەکانیاندا هەیە، بەڵام بۆ من جوداوازییەکی گەورە لە نێوان (ڕێنێ ماگریت) و (سلڤادۆر دالی)دا هەیە، چونکە مەودای نێوانیان بە قەد مەودای نێوان (جەکسۆن پوولاک) و (کاندینسکی)یە.

بە گشتی، من لەگەڵ گرووپبەندی و ناونانەدا دژایەتیم نییە، بەو مەرجەی دژوازی و جوداوازییەکانی نێو ئەو گرووپەش دیاری بکرێن، تەنیا لە ئاستی ناودا نەوەستین، چونکە دوای (فریدریک نیتشە) ئەمە فێربووین کە ناونان بەشێکە لە حەزی مرۆڤ بۆ دەستەمۆکردن و دابەزاندن. تێگەیشتن لە شیعری ڕۆژهەڵاتیش تەنیا بە ڕێگەی ئەو ناولێنان و ناسینی گرووپانەدا ناڕوات.

* باشە کە ئێمە لە ڕێگەی ئەم گرووپانەوە شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەناسین، وەک ئێوە لە وەڵامی پرسیارەکەماندا ئاماژەتان بۆی کرد، ئەدی چۆن بیناسین؟

– وەک گوتم؛ ناکرێ ئێمە لە ڕێگەی ناوەوە لە حەقیقەتی ئەو شیعر و دەقانە تێ بگەین، چونکە ڕەنگە ناو لێرەدا بەشێک بێ لە حەزی ناونەران، نەک حەقیقەتی گرووپ و ڕەوتەکە، وەک چۆن دەکرێ هیچ پێوەندییەک لە نێوان ناوێک و ناولێنراوەکەدا نەبێ، بەڵام دوای جێهێشتنی ئەم کێشەیەش، من پێم وایە کە شیعر و ئەدەبی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هیچ شوێنێکی دیکەش، قەت بریتی نییە لە کۆی هەموو گرووپەکان، چونکە هەمیشە ڕەوت و کەس و لایەنانێک هەن کە لە نێو ئەو گرووپانەدا نین و لەگەڵیاندا حسێب ناکرێن، دەکرێ گەلێک گرنگیش بن، ئەمەیش دەرئەنجامی لۆژیکی گشتگیرانە و یەک دەست کردن و کۆکردنەوەی هەموو دژایەتی و جوداوازییەک و دەرهاوێشتنێکە لە ژێر چەترێکدا، دیارە لێرەدا ناسینێک ئەگەر هەبێ ناتەواو و ئایدیۆلۆژیک، لە بنەڕەتیشدا ناسین و خوێندنەوەی ئەدەبی شوێنکاتێکی تایبەت، تەنیا خوێندنەوەی گشتبینانەی مانیفێستی گرووپەکان نییە، ناسینی دەقەکان و بەرهەمی کەسەکانە بە جودا، لە دواجاریشدا دەکرێ دۆزینەوەی هەندێک ڕەهەندی هاوبەشیش هەبێ.

من پێم وایە بە دەر لەم باسانە، ئێستە لە کوردستاندا بۆ ناسین و تێگەیشتنی شیعری – بۆ وێنە من – ناسین و موتاڵای هیچ کام لەو گرووپانە، تەنانەت

شاعیرەکانیش یارمەتیدەر نییە، هەرچەندە هەندێک لەو شاعیرانە حەزدەکەن بێنە ئەو ڕیزەوە، پاشان بڵێن ئێمەش پێشتر هەندێک کارمان کردووە، لە کاتێکدا دوای ئەو دەقانەی من، هەندێک کاریان کرد و بەشێکی بەرچاویشیان ناسەرکەوتوو بوون، تەنیا لە ڕواڵەتیشدا شیعرەکانیان لە شیعری من دەچن. کەواتە؛ کۆی ئەو باسانە هیچ پێوەندییەکیان بە ناسینی شیعری منەوە نییە، بەڵکو زۆر ڕاستگۆیانەن، خۆشم بە نابەختەوەر دەزانم کە جگە لە ڕەندیی مامۆستا (هێمن)، هیچم لە دەستکەوتی شاعیرانی زیندوو و مردووی ڕۆژهەڵات وەرنەگرتووە، هەرچەندە گومانم نییە لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا کۆمەڵێک کاری باش کراون و دەکرێن، بەڵام من وام زانیوە بە کەڵکی بەرهەمی شیعری من (باش، یان خراپ) نایەن، ئەگەر شتێکیشم وەرگرتبێ، وەها گۆڕاوە و کارکردی دیکەی پێ دراوە، کە ڕەنگە بە وەرگرتن دانەنرێ، وەک جیناسی شیعری کلاسیک کە لە شیعری منیشدا هەیە، بە پێچەوانەی شیعری کلاسیک، ئیدی کارکردی ڕازاندنەوەی نییە، یان ساختاری شیعری درێژی شاعیرانی کوردستانی عێراق کە لای من بە لێکدران لەگەڵ ئەزموونی شیعری فارسی و ستراکتۆری هەندێک دەقی وەک گەمیی سەرخۆش، بەردی هەتاو، ئاناباز، لووره و ویرانەخاک، ستراکتۆرێکی تەواو جوداوازی لێ دەکەوێتەوە، دەرکەوتەشی لە کتێبی (قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە) و شیعری درێژی (بمگرن ئەگینا حەوت و حەوت دەکاتە ٧٧)دا دەبینرێ.

کەواتە؛ ئەگەر بڕیار بێ شیعری من بناسرێ، دەبێ بۆ دەقەکان بگەڕێینەوە، ڕەنگە ئەوکات چەند ڕەهەندێکی هاوبەشیش لەگەڵ شیعری کەسانی دیکە (بە حوکمی جوگرافیا و ئەزموونی ژیان و سەرچاوەی هاوبەشی خوێندنەوە، وەک پێوەندی دووری نێوان دەق) بدۆزرێنەوە.

بە ڕای من ئەمەش هێندە گرنگ نییە، چونکە ئەگەر بشبێ، بە نیسبەتی منەوە نزیکایەتی لە توخمە سەرەکییەکاندا نییە، ئەمەش زیاتر بە کەڵکی لێکۆڵەرەوەکان دێ، بە کەڵکی ئەوانە دێ کە حەزدەکەن

**هەندێ جار داهێنەر بەدوای ڕەخنە و پێشنیارە تیۆریک و ڕەخنەییەکاندا دەڕوات، کە ئەمە بۆ داهێنان مەترسیدارە**

ڕەهەندێکی هاوبەشیان (هەرچی بێ) لەگەڵ شیعری جیدی و پێشڕەودا هەبێ. هەڵبەت، من پێم وایە ناسینی شیعری ڕۆژهەڵات زۆر دژوار نییە، زیاتر لە (٩٥) لە سەدی ئەو دەقانەی بە ناوی شیعرەوە ڕۆژانە لە ویبلاگە سەیر و سەمەرەکان، لە کۆڕ و شەوە شیعرییەکاندا دەردەکەون، بە پێوەرێکی ڕەخنەگرانەی ناوەندیش، لە خانەی ئەدەبی جیدی و تازەگەرانەوە دەردەچن. کەواتە؛ کەمتر لە (٥) لە سەدی دەمێنێتەوە، ئەمەش گرنگە، هاوکاتیش حەق نییە بە سانایی فەرامۆش بکرێ، بۆیە من پێم وایە لەو بەشەدا ڕووداوی شیعری ئەفرێنراوانە خوڵقێنراون و دەخوڵقێن.

* ئەو هۆکارانە کامانەن کە پەلکێشیان کردی بۆ نێو فەزاکانی نووسین و خوێندنەوە، لە کاتێکدا لە نێو کۆمەڵگەیەکی دوور لە کولتووری کوردی ژیاوی؟

– ڕەنگە وەک ئەزموونی زۆر کەسی دی، هاوکاتیش وەک (سیگمۆند فرۆید) باسی کردووە، یەکەم هەوڵەکان بۆ منیش پاڵنەری دەروونی بووبن، بەڵام دواجار مرۆڤ لە ڕێگەی خوێندنەوە و بیرکردنەوەوە بە جۆرێک لە خودئاگایی دەگا، بۆ درێژەدان بە کایەی نووسین و داهێنان.

مرۆڤ بەردەوام لە لای خۆیەوە هەست بە (بۆشایی– dehiscence)یەک دەکات، وەک لاکان دەڵێ؛ هەوڵ دەدات بە سەر ئەو بۆشاییەدا زاڵ ببێ و پڕی بکاتەوە، ئەم بۆشاییە دەکرێ لە پێوەندیی نێوان مرۆڤ لەگەڵ سروشت، ئەوی دی و جیهاندا دەرک بکرێ، دواجار مەیلی وێنەسازی لە خود، مرۆڤ پەلکێش دەکات تا بە شێوەی جوداواز ئەو درز و بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

لە ڕوانگەی (لاکان)ەوە، خاڵی بەرانبەری بۆشایی ناوبراو، پشکووتنە، ئەمەش واتە جودایی لە نێوان کولتوور و سروشتدا، کەواتە وەها مەیلێک دەتوانێ دەرئەنجامی کولتووری جوداوازی لێ بکەوێتەوە، چونکە مەیل لە نێو خۆیدا ئازاد نییە، وەک لاکان دەڵێ: «مەیل (desir)، مەیلی ئەوی دییە»، ئەم ئەوی دییەش دەکرێ یاسا و پاژانێکی دۆخی نمادین و (بە گشتی) کۆمەڵگە بن، کەسەکان بە شێوەی جوداواز و لە چوارچێوەی مەیلی زۆرجار (ئەوی دیی گەورە)دا هەوڵ بۆ پڕکردنەوەی ئەو

درزە دەدەن. لێرەدا دەرگەیەک دەکرێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژیاکان، تا ڕۆڵی پڕکردنەوە بگێڕن، بەڵام هاوکات مەیلی نووسین و داهێنانیش جێگەی خۆیان هەیە.

بەم پێیە بێ، ڕەنگە هەڵبژاردنێکی ئازادانە لە نێواندا نەبووبێ و ئەو پەلکێشبوونەی ئێوە باسی دەکەن، لە مەیلی ئەوی دییەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دروست بووبێ، دیارە لە دواجاردا مرۆڤ ئەو بۆشاییە فڕێ دەداتە دنیای دەرەوە، چونکە وا هەست دەکات ئەم جیهانە، یان ئەو کۆمەڵگایە شتێکی کەمە و بۆشاییەکی تێدایە، هاوکاتیش ئەم دەتوانێ پڕی بکاتەوە، لێرەوە سیاسەت و داهێنان کارگێڕانی خۆیان وەردەگرن، یان باشترە بڵێم هەڵدەبژێرن. بە نیسبەتی منیشەوە هەروا بووە؛ هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە زاتییە، دواجار هەستکردن بە بوونی بۆشاییەک لە جیهانی داهێناندا، ئەم وەهمە کە ڕەنگە بتوانم پڕی بکەمەوە، بەرەو کردەی نووسین ڕایکێشاوم.

* ئەگەر تەماشای وڵاتە ئەوروپییەکان بکەین؛ دەبینین لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوتی ژیاندا، وەکو لایەنی بیرکردنەوەش گەشە دەکەن، بەڵام بە نیسبەت کوردستان ئەم پرۆسەیە وەها نییە. ئێمە بیرکردنەوەکانمان لاوازن، یان قووڵ ڕۆناچینە ناو ڕەهەندەکانی کێشە گەورە مرۆییەکانەوە؟

– ئەوەی ڕاستی بێ، من لە ڕۆژئاوا نەژیاوم و ئەزموونی ژیان بەسەر بردنم لەوێ نەبووە، بۆیە ڕەنگە نەکرێ ئەو هاوتەریبییەی ئێوە ئاماژەتان پێ دا، دەرک بکەم. ئەوەی زیاتر لە دنیای ڕۆژئاواوە بە کەسێکی وەک من گەیشتووە، ئەدەب و هزری ڕۆژئاواییە، لە گوزەری کتێب و نووسینەکانەوە، ئەمەش لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژئاوادا بینیومە، ئەو وێنە ئایدیۆلۆژیک و ناتەواوەیە کە لە ڕێگەی میدیاکان و تیڤییەوە پێم گەیشتووە، لەگەڵ هەندێک وێنە، لە ڕێگەی سینەماوە، واتە بە تەنیا ئەزموونێکی خوێندنەوەییم بووە، ئیدی نازانم ئەم ئەزموونە چەندە شیاوی ئەوەم پێ دەدات لەسەر ئەو پرسە بدوێم، بەڵام گومانم لەوە نییە کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بە پێی ئەو ناسینە ناتەواوەی لێم هەیە، لایەنێکی لەسەر بنەمای هزر و فەلسەفەی ڕۆژئاوا دامەزراوە و لە پشت سیستمی دەسەڵاتداری و عەقڵی باو و شعووری خەڵکەوە، بیرمەندانی ڕۆژئاوایی ئامادەییان هەیە، هەروەها ئەوکاتەیش کە کڵێسایەک دەبینم، ئەوە لووتێر و کالوین ئامادەن، ئەو کاتانەش دەستکەوتێکی تەکنۆلۆژیک دەبینین، کە ناتوانین دیکارت و بیکێت فەرامۆش بکەین. بە جۆرێک لە جۆرەکان، منیش ئەوەم قبووڵە کە سیاسەت و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی تەرجەمەی بیری بیرمەندانیانن. مودێرنیتە لە سەرەتای لە دایکبوونییەوە، بە تایبەت لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا، جگە لە مەیلێکی بەختەوەری، هێنان و کارتێکردن لە ڕەوتی ژیان و جیهانی کەسەکانی نەبووە.

بە نیسبەتی لای ئێمەشەوە، چەندین جوداوازیی گەورە هەن، کە تەنیا بە چەند خاڵ ئاماژەیان بۆ دەکەم؛

سەودای کاریگەری دانان لەسەر جیهان و ژیان، بەرهەمی ئاڵوگۆڕێکی مێژووییە لە ڕۆژئاوادا، لە دایکبوونی سوبژە لای دیکارت بە بێ گۆڕان لە جیهان و ئۆبژەدا مانایەکی نییە، ئەگەرچی مارکس فەیلەسووفانی پێش خۆی بەوە تاوانبار دەکرد کە تەنیا جیهانیان تەفسیر کردووە، بۆیە دەبێ لەمە بە دوا بیگۆڕن، بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین کە هەر خودی ئەو تەفسیرکردنە، بە تایبەت لە دیکارت بەولاوە، بنەڕەتێک بۆ ئاڵوگۆڕ سازدەکات، بەڵام لای ئێمە نەبوونی وەها مێژوویەک و نەبوونی تەفسیر، بە دوای ئەوەشدا گۆڕان، وا دەکات ئەو جوداوازییەی ئێوە باسی دەکەن، ببینرێ. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەمەیە کە ئێمە تا ئێستەشی لەگەڵدا بێ بە سوننەت و عەقڵی باو و جێکەوتە (تا ئاستێکیش لە قاڵبی حزب و عورفدا) دەجوڵێینەوە، هەر ئەمەشە وەهای کردووە کە کەمتر گوێ لە عەقڵی نووسەران و بیرمەندانمان بگرین، واتە؛ سوبژەی ڕۆشنبیری دەرەوەی حزب گوێی لێ نەگیراوە.

من نموونەیەکی وەهام نەبینیوە لە کوردستان، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پاڵ نوخبەی حزبی و سیاسی و ئایینیدا، گوێ لەم سوبژەیەش گیرابێ، یان کرابێ بە سەرچاوە، با بەرهەمی خۆی لاوازیش بێ، لایەنی کەم خۆ چەمک و بیری بیرمەندانێکی وەرگێڕدراون، کە بۆ گوێ لێ گرتن دەبن. سەیر لەوەدایە لە بری خەڵک، دەسەڵات زیاتر گوێی لێ گرتووە (با بە قسەشی نەکردبێ) و ویستوویەتی بە لای خۆیدا ڕایبکێشێ.

بە هەرحاڵ، ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە سوننەتێکی

ئەوتۆی هزریمان نەبووە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دنیامان لە تەرجەمەی جیهانبینیی ئایینییەوە بینیوە، لەو خوێندنەوەیشدا کە بەر ئێمە کەوتووە، گۆڕان و شک و گومان لە ئەستۆی (عەبد)دا نەبووە، ئەگەرچی سەروەری و هەیمەنەی ئەم خوێندنەوەیە تا ئاستێک کەم بووەتەوە، بەڵام بە هەمان لۆژیک درێژە بە خۆی دەدات، بەداخەوە پرۆژەی گرنگی نوێکردنەوەش (نەک ئیحیا و زیندووکردنەوە، یان حزب دامەزراندن) لەم بوارەدا لە ناو کورددا نابینرێ، بەو شێوەیەی لای فارسەکان ڕۆشنبیری ئایینی کردوویەتی. دوای ئەمەش، بە سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیاکان و سازبوونی حزبگەلێک بە مۆدێلی پڕ گرفتی لینینی لە کوردستاندا، ئەو لۆژیکە سوننەتییە بە هەمان کارکردەوە دووپات بووەوە و حزب پیرۆز کرا و (ئەندام)یش لێرەدا (ئەرک)ی گوێگرتن و پێڕەوی ڕەهای پێ دراوە، (جگە لەو پاساوە دیارانەی خۆیان دەڵێن کە لە خۆڕا نییە و نزیکایەتی قووڵتر هەیە، کە ئەو لایەن و حزبە سیاسییانە دەبێ لە بنەڕەتدا دژ بە یەکتر بن، خێرا و سانا ئیئتیلاف و یەکگرتنی – هەندێک جاریش ستراتیژی– دەکەن و لە یەکتریش دادەبڕن و جودا دەبنەوە، کە لە هەردوو حاڵەتدا زیاتر لەبەر گرفتی خودی مۆدێلەکەیە لەم سەردەمەدا و ناوی جوداوازی لێ دەنرێ)، هەروەها لە بواری حزبایەتیشدا تازەگەری ستراکتۆری و بنەڕەتی و مۆدێلی نوێ لە ئاستی نەبووندایە. ئەو سوبژانە بەو هەمووە پارادۆکسەوە دیسان گوێگری خۆیان هەیە، بەڵام سوبژەی نووسەر و ڕۆشنبیر نا. دیارە لە ڕۆژئاواشدا هەموو کەسەکان (کانت)یان نەخوێندووەتەوە و (توکویل) ناناسن، بەڵام بە ڕێگە و شێوەی جۆراوجۆر (لە ڕێگەی یاسانووسین و پەرلەمانتاریزم) لەسەر ژیانی هەموویان کاریگەرێتییان داناوە، هەروەها لە ڕۆژئاوادا لە نێوان ئەندێشەی کەسێکی وەک ژیژەک و خەڵکدا، هێندە حەڵقەی نێوەندی دیکەی وەک شیکارەوەکانی گۆڤار و تیڤی هەن، کە ئەو ئەندێشەیە دەچێتە نێو خەڵکەوە.

لێرەدا نموونەیەکم بیر دەکەوێتەوە، حەزدەکەم بیڵێم کە هەمووومان دەزانین هزری (ژاک دریدا) هزرێکی نایەکگرتوو و ئاڵۆزە، بردنی بۆ نێو ژیانی خەڵکیش شتێکی دژوارترە، بەڵام لەشاری (نیویۆرک) میعمارێکی ناسراو بە ناوی (بێرنارد شۆمی)، لەسەر بنەمای ئەو ئەندێشەیە، پارکێکی گشتی بۆ خەڵک تەرخان و دروست کردووە، بۆ وێنە ئەم ئایدیایەی دریدا کە دەڵێ دالەکان بە دوای یەکدا دێن و گەیشتن بە مەدلوولی کۆتایی بوونی نییە، لای شۆمی بووە بە سازکردنی هەندێک پلیکانی بێ مەبەست لە پارکەکەدا، کە بە هیچ شوێنێک ناتگەیەنن، ئەوەی هەشە لە پلیکانەیەکەوە بۆ یەکێکی دی دەڕۆی.

لای ئێمە ئەگەر بیرمەندانێکمان هەبن کە ئەندێشە و هزرگەلێکیان هەبووبێ، لەبەر نەبوونی هەندێک ئەڵقەی پێویست و لەبەر ئەوەی خەڵک بۆ بەڕێوەبردنی ژیانیان خۆیان بێ نیاز دەبینن لە هزر، ئەو هاوتەریبییەی ئێوە مەبەستتانە، ساز نەبووە. هەڵبەت نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە دەبێ لەسەر پرۆژەی نووسەران و بیرمەندانی کورد و ئەو پرس و بابەتانەی دەیورووژێنن، ڕابمێنین و بڵێین: ئایا پرسی پێویست و گرنگن، یان پووچەڵ؟ هەرچەندە وێدەچێ پاش ئەو ڕامانە، بەرهەمی (وەرگێڕاو و وەرگێڕدراو، یان داهێنراو) بەشێکیان سەرچاوەیەکی پێویستتر و جێی متمانەتر بن، لەو سەرچاوانەی دیکەمان کە تا ئێستە زاڵن. ئەمە لە کاتێکدا وەک ژیژەک دەڵێ لەم سەردەمەدا و لە ژیانی ڕۆژانەدا بە بێ وەڵامدانەوەی هەندێک پرسی فەلسەفی، ناتوانی ڕێگەی خۆت بدۆزیتەوە، لێرەشەوە هەر کاممان دەبێ شتێکی هاوشێوەی فەیلەسووف بین، چونکە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو سەردەمێک باسە ڕۆشنبیری و هزرییەکان دەتوانن لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەربکەون، چونکە بەردەوام باسانێکی وەکو (ئازادی، دادەوری، دەسەڵات، هەڵبژاردن، شوناس، ئیرادە، بازاڕ، سەرمایە) و گەلێکی دیکە، لە ئارادان.

* لە ناو (ڕۆشنبیر)انی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی دروستیان هەیە بۆ درێژەدان بەکارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەردەمێک و کەسێک وەک (ڕۆشنبیری گەورەی کورد) دەناسێنن؟

– تا ئاستێک باسم لە گرووپ و گرفتەکانی کرد، بەڵام ئەوەی کە ئایا بوونی پرۆژەیەک بۆ باسکردن و ڕەخنە و شیکردنەوە، لە لایەن چەند کەسێکەوە دەبێ بە هۆکردی ئەوەی کە دەرکەوتەیەکی ڕووناکبیری باشمان هەبێ؟ بە ڕای من، ئەزموون و تاقیکردنەوە پیشانی داوە کە ئەمە

بابەتێکی نێگەتیڤ نییە، بەڵام دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە نابێ جەختی زۆر لەسەر هاوشێوەیی بکرێ و هەموومان لە قاڵبێکدا بیر بکەینەوە، ئەگەر وابێ، دەکرێ ئەم حوکمەمان بە سەردا بسەپێ (ئەگەر هەموومان وەک یەک بیر بکەینەوە، دیارە هیچمان بیر ناکەینەوە).

ئێستە لە ئەورووپا چەند فەیلەسووفێکی چەپی (وەک سلاڤۆی ژیژەک و ئالێن بەدیۆ و جورجۆ ئاگامبێن) ئامادەن، کە کەڵکەڵەی هاوبەشیان هەیە و لە ژێر ناوی سیاسەتی ڕادیکاڵ و سیاسەتی ڕاستەقینە و کۆمەڵێک دەستەواژەی دیکەدا پرۆژەیەک وەک ڕەخنەگرتن لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و گەلێک پرسی دیکە، لە کەڵکەڵە هاوبەشەکانیانەوە سەرچاوەی گرتووە و بەردەوامیش ئیشگەلی بۆ دەکەن، بەڵام سەرەڕای کەڵکەڵە هاوبەشەکانیان، جوداوازی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەگەرچی بەرهەمی کەمیان لێ وەرگێڕدراوە، بەڵام تا ئەو شوێنەی ئاگادارم، جیددیترین ڕەخنەکان لە یەکتری، هەرخۆیان گرتوویانە. بۆ نموونە، تەماشای ڕەخنەی ژاک ڕانسییێر بکەن لە ئاگامبێن، یان ڕەخنەی ژیژەک لە بەدیۆ و ئەوانی دی. تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بووبم، هەندێک لەو گرووپانە کاریگەرێتییان هەبووە، بۆ نموونە، لێرەدا ئاماژە بە دوو گرووپی (ڕەهەند) بە تایبەتی و هەروەها (وێران و جوایەز) لە دواتردا دەکەم، ئەمە ناشاردرێتەوە کە تا ئاستێک ئەم دوو گرووپانە کاریگەرێتییان لەسەر فەزای ڕووناکبیری و ئەدەبی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەبووە، ئەمەش ئاساییە کە لە پشت هەر گرووپبەندییەکەوە وەک هەر دیاردەیەکی دیکە، هەندێک قەسد و ئەنگیزەی ڕانەگەیەندراوی لە پشتەوە هەبێ (وەک ناساندن و مەشهوورکردنی کەس و کەسانێک، هاوکاتیش سنوورکێشان لە نێوان خود و دیتراندا)، بەڵام ئەرکی ڕەخنە دەرخستنی دەرکەوتەکان و بەدواهاتەکانییەتی، ئەرکی هەڵسەنگاندنی کاریگەرێتی و توانایی و نەستی کار و بەرهەمەکانە، نەک نییەت و ئەنگیزەکانی پشتەوە.

لە بارەی ئەمەش کە (ئەم گرووپانە هەردەمێک و کەسانێک وەک ڕووناکبیری گەورەی کورد) دەناسێنن، من لێی ئاگادار نیم، بەڵام هێندە دەزانم کە ئەگەر هەردەم لەسەر بنەمای لۆژیکێکی دیاریکراو و ڕەخنەیی ڕایەکیان هەبێ و بیگۆڕن، ئەمە پۆزەتیڤە، واتە ئەگەر ئەو گۆڕینی بیروڕایە بە مانای چەقنەبەستن و گۆڕان بێت، ئەوە پۆزەتیڤە، خۆ ئەگەر بە مانای ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و شتی لەو چەشنە بێ، ئەوە دوای ماوەیەک کارکردی خۆی لە دەست دەدات و کەس گوێ لە قسەکانیان ناگرێ.

هەڵبەت لەسەر ئەو بڕوایەشم کە ئێستە توانا و ڕۆڵی میدیا لە چاو گرووپبەندی، لە بەرجەستەکردنەوە (وەک ڕووناکبیری گەورە و شاعیر و هونەرمەند) زیاترە، بەڵام ئەو کەسەی بڕواتە نێو ئەو کایەوە، دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بێت کە وەک چۆن شەرعییەتی خۆی لە گرووپ و میدیا، یان حزبێک وەرگرتووە، هەر لەوێشەوە بیدۆڕێنێ. وەک دەزانین لەم بوارەدا لۆژیکی میدیا ئەستێرەسازییە، ئەم کارگەیەش هەرگیز لەسەر ئەستێرەیەک ناوەستێت، بەڵکو دەبێ یەکێکی دی لە جێیدا دابنێ، ئەمە لۆژیکی میدیایە، با ئەخلاقیش نەبێ.

***** کۆمەڵگە و تاکی کورد، تا چەند توانیویانە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانە بەردەوامەکانی ئەدەبدا ڕێ بکەن؟

– من لەسەر ئەو ڕایەم کە ئەدەب و کۆمەڵگە حاڵەتێکی دووفاقی و – وەک موریس بلانشۆ– دەڵێ لێک خەلافکراویان هەیە، واتە ئەگەرچی لە نێو یەکتریدان، بەڵام جودان و دوو مێژووی جوداواز دەژین، هەندێک جاریش ئەم دوو مێژووە بە سەر یەکتریدا دەکەون، بەڵام ژیانێکی هاوکات سەربەخۆ و تێکەڵیشیان هەیە.

مێژووی ئەدەب بریتییە لە هەوێن و کۆکراوەی مێژووی کۆمەڵگە و مێژووی ئەدەب خۆیشی، لەم لاشەوە مێژووی کۆمەڵگە بریتییە لەو مێژووە باوەی کە دەیناسین، هاوکات لەگەڵ مێژووی ئەدەبیشدا کە بەشێکیەتی.

ئەگەر توانیبێتم مەبەستەکەم ڕابگەیەنم، ئەوە دەتوانین لێرەوە بەم ئەنجامە بگەین کە پێوەندی ئەدەب لەگەڵ کۆمەڵگەدا پێوەندییەکی دیالێکتیکییە، واتە ڕاستەوخۆ نییە، چونکە ئەدەب چەند گوێ لە پرۆسەی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگرێ، زۆر زیاتر و پێش ئەوەش لە درێژەی مێژووی خودی ئەدەبدا دەجووڵێتەوە، هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە بڵێین ئەدەب لە واقیع دووردەکەوێتەوە، ئەگەر دووریش بکەوێتەوە، ئەم

دوورکەوتنەوەیە وەک پەرچەکردارێک ببینین، دیسان کاریگەرێتی ناڕاستەوخۆ وەردەگرێ و وەک بنەماخوازی پێکهاتەیی و (لووسیێن گۆڵدمەن) دەریخستووە، دەتوانێ هەندێک لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیان و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی شوێنکاتێک، تەنانەت لە فۆرماڵترین بەرهەمەکانی ئەو شوێنکاتەشدا ببینینەوە، بەڵام ئەمە بەو مانا دیتێرمینیستی و جەبرییە نییە کە گۆڵدمەن پێی وایە دەق هەرچەند هەوڵ بدات، لە شعووری ڕێگەپێدراوی ئەو ستراکتۆرە تێناپەڕێنێ، چونکە ئەدەب ئەگەرچی لەگەڵ ڕەوتی مێژووی کۆمەڵایەتیدا دەڕوات، ئەوە لەم لاشەوە مێژوویەکی ناوخۆیی تریش دەژی.

ڕاستە مێژووی کۆمەڵایەتی من بریتییە لەو واقیعەی کە ئێستە تێیدا دەژیم، بەڵام مێژووی شیعری من تەنیا بریتی نییە لە مێژووی ئەم واقیعە و مێژووی شیعری کوردی، بەڵکو مێژوویەکی دیکەشی لە پشتەوەیە کە مێژووی ئەدەبی جیهانییە، کەواتە ئەدەب پێ بە پێی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان ناگۆڕێ و پێ بە پێی ئەوانە و پێ بە پێی مێژووی ئەدەبی جیهانیش دەگۆڕێ.

لێرەدا دەتوانین باس لەوە بکەین کە کۆمەڵگە و تاکی کورد لەگەڵ بەشێکی ئەو گۆڕانەدا کە مێژووی ناوخۆیی خودی ئەدەب و داهێنانە، تووشی گۆڕان نایەت و بمانەوێ یان نا، مەودایەک دروست دەکرێ و هەر هەوڵێک بۆ پڕکردنەوەی ئەم مەودایە لە لایەن داهێنان و ئەدەبەوە، بە ڕای من کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

با چەند نموونەیەک بێنینەوە ئەگەر ئەم پێناسە گشتییەی لووکاچ سەبارەت بە ڕۆمان قبووڵ بکەین کە ڕۆمان حەماسەی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن و بۆرژوازییە، ئایا دەبێ ئێمە بوەستین تا بۆرژوازی و تاکی مۆدێرن لە لای ئێمەش سەرهەڵدەدەن، ئینجا ڕۆمان بنووسین؟ یان، ئەگەر لە باری بووتیقایی و جوانیناسییەوە لەوە ئاگادار ببینەوە کە سەردەمی کێش و سەروا، یان ڕۆمانی جووتیاری و... بەسەرچوونە، دەبێ دیسان ئێمە پێداگر بین و بڵێین: چونکە واقیعی ئێمە ڕێک وەک واقیعی ڕۆژئاوا نەبووە، بەڵکو لە دواترین، کەواتە جارێ دەبێ ڕۆمانی جووتیاری بنووسین و دەست لە کێش و سەروا هەڵنەگرین؟

دیارە ئەوەی ئەدەبی ئێمە دەیەوێ ئاگاداری دوایین دەستکەوت و هەوڵەکانی ئەدەبی پێشڕەوی جیهانی بێت، لەبەر ئەوەیە کە چەندە سەر بە مێژووی تایبەتی کۆمەڵگەی خۆیەتی، ئەوەندەش سەر بەو ئەدەبەیە، با لەوێدا لە بەر گەلێک هۆکار حسێبی هاووڵاتیی پلە یەکی بۆ نەکرێ، یان باشتر بڵێم؛ نەتوانێ بەشێک لەو مێژووە بنووسێ، بەڵام ناکرێ لە هەوڵەکان ئاگادار نەبێت و سوودیان لێ وەرنەگرێ. پرسەکە لێرەوە وەڵام دەدەینەوە کە تاک و کۆمەڵی ئێمە لەبەر ئەوەی لەو مێژووە بە شێوەی پسپۆڕانە و کارامە ئاگادار نییە، تەنیا مێژووی ئەدەبی کوردی و کۆمەڵگەی کوردی دەژیێ، هاوکاتیش لە پرۆسەی گۆڕانە نێوخۆییەکانی ئەدەب کەوتووەتە دواوە، ئێستە کە لەگەڵ دەقێکدا بەرەوڕوو دەبێ، ئیتر هەست بە دووری و نامۆبوون دەکات. ڕێگەچارەش ئەوە نییە کە ئەدەب دابەزێنین یان خیانەت لە مێژووی خۆی بکات، بەڵکو ئەمەیە کە خوێنەر لەگەڵ ئەو مێژووەدا ئاشت بکرێتەوە و پێی بناسێنرێت.

دیارە ئەمە چارەسەرێکی دەرەدەقییە و من ناتوانم هیچ شتێکی دی بڵێم، چونکە لەسەر ئەو ڕایەم کە ئەگەر هەر مەرجێکی دەرەدەقی بۆ داهێنەر دابنێین، ئەوە جیهانەکەی سنووردار دەکەین.

ڕەنگە هەموومان لەم ئالۆزی و گرفتە ئاگادار بین، کە لە لایەکەوە تۆ دەتەوێ ئەدەبێکی سەردەمانە بخوڵقێنی و لە پێوەر و دەستکەوتە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆ، لە تەکنیکەوە بۆ ئەزموونە فۆرمییەکان نەکەویتە دواوە، لە لایەکی دیکەشەوە خوێنەری تۆ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا نامۆیە. دیارە من نامەوێ بڵێم کە هیچ ئاسۆیەکی هاوبەش لە نێوان دەق و خوێنەری ئێمەدا نییە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەگەر گرفتێک هەبێ، تەنیا لە لای دەقەوە نییە، بەڵکو ئەمە خوێنەریشە کە بەشداری چالاکانەی نییە، ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە لە تیۆرییەکانی ئەمڕۆدا ئەوەی گرنگە خوێنەر و خوێنەری چالاکن، نەک وەرگری پاسیڤ و بەرخۆر.

***** چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– ئەوەی ڕاستی بێ، من بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە ئەگەر واقیع لە ڕووی فەنتازیاوە بنیاد بنرێ بە کوێ دەگا و چ دەرکەوتەیەکی دەبێ، ڕەنگە سامناک و مەترسیدار بێ، هەروەها پێم وا نییە ئەدەب، تەنانەت خەیاڵ و

فـەنتـازیا و داهێنانیش بە گـشـتی، ئەڵتـەرناتیـڤـێکی تەواوکارییان بۆ واقیع پێ بێ، یان ئەگەر پێشیان بێ، بکرێن بە کـردە، یان شـتـێکی بە جێ بێ. جگە لەوەش، خەیاڵ و فەنتازیا یەک جۆر نین، پێشم وا نییە داهێنان هێندە تۆتالیتـار بێ کـە بیەوێ ببێ بە جێگرەوە، هێندە دەزانم ئەو داهێنـان و ڕەهەندە ئەدەبییـانەی بە لای منەوە گـرنگن، بە نیـسـبـەتی واقـیـعـەوە هەمـیـشـە لە پێگەی ئۆپۆزیســیـۆندان و نەیانویســتــووە ببن بە جـێگرەوەی تۆتالیـتــار، بەڵام ئەمـە هەوڵـی هەمـوو داهێنانێکە کـە کاریگەرێتی دابنێ و شتێک لە واقیع کەم، یان شتێکی پێ زیاد بکا.

ڕەنگە لەم ســەردەمــەدا کــە زانست و تەکنۆلۆژیا دەیانەوێ خــەیاڵ (بە فــەرامــۆشکردنی جــوداوازی دانانەکـانی کۆلریج بۆ خەیاڵ) مـۆنۆپۆڵ بکەن و زیاتر لە ئەدەب و داهێنان خــتــووکــەی خــەیاڵ دەدەن و دیاردە خەیاڵی و سەیر و سەمەرە و فەنتازیکەکان زیاتر لە بازاڕ و دەڤەری تەکنۆلۆژیادا دەخولقێن، ئیدی ئەرکی ئەدەب و داهێنان گــەڕانەوە بێ بۆ واقــیع و دوورکــەوتنەوە لە دەوڵەمەندی خەیاڵ و فانتازیا و جووڵەیەکی پێچەوانەی هەبێ، وەک ئەو شتەی لە لای بیکێت دەیبینین. هەڵبەت بیکێت هێندە دەچێـتـە پێـشـەوە، تەنانەت فـەلسـەفـەش تێدەپەڕێنێ. گـومانێک لەوەدا نییە کاتێک کە بیکێت دەڵێ: (هەر پێــشــتــریش دەمــزانی ئەدەب شــتـێکی بۆرژوازییـە)، لێـرەشـدا مـەبەسـتی لەو ئەدەبەیە کـە بە تەکنیکبازی و خۆ قەڵەو و دەوڵەمەندکـردن، لە لۆژیکی تەکنۆلۆژیا و سەرمایە پێڕەوی دەکات، ئەمەش بەشێکی زۆری ئەدەبی گرتووەتەوە، بۆیە بە دیاردەیەکی بۆرژوازیی باسی خـودی ئەدەب دەکـات. لێـرەدا ئەدەب و داهێنان لەگــەڵ کـۆمــەڵێک پارادۆکــسی چارەســەرنەکـراودا بەرەوڕووی یەکدی دەبنەوە؛ خەیاڵ و فەنتازیا و تەکنیک و شتی تازە شتگەلی دی، هەمـوویان کراونەتە بەشێک لە لۆژیکی ســەرمــایە و بازاڕ، ئەی؛ ئایا ئەدەب دەبێ دەسـتـبـەرداری بێ، یان بەو لۆژیکە بجـووڵێـتـەوە؟ بە هەرحاڵ، ئەگەر ئەدەب ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی هەبێ، ئەوە ناتوانێ بە ڕێگەی دەسەڵاتدا بڕوات و ببێ بە واقیعێک کە هەیە و زاڵە، ئەگەر واش بێت گومانم نییە ئەدەبێک و خـەیاڵکردنێکی دیکە لە ئاست ئەو ئەدەبە بە واقـیع بووەدا، سەر هەڵبدات.

سلاڤـۆی ژیژەک لە تالیـران دەگـێـڕێتـەوە کـە لە کـاتی شـۆڕشـێکدا بـە هاوڕێکانی دەڵێ: گـوێ بـگرن، لایەنی ئێـمـە سـەردەکـەوێ، دەپرسن: کـام لایەن؟ ئەویش دەڵێ: سبـەینێ کـام لایەن سـەرکـەوت، ئەوە دەردەکـەوێ. ئەمـە نموونەی کەلبی مەسلەکی (cynicism)یە کە ژیژەک لە بەرانبـەریدا دەڵێ چەپی ئەمڕۆ بە کـەلبی مـەسلەکیـیەکی بەراوەژوو، هەمیشە دەڵێ لایەنی شکستخواردوو لایەنی منە، بەڵام بە ڕای من، ئەدەب دەڵێ کێ سەرکەوت (نەک تێکشکا و نەما) من هەر ڕەخنەگـر و ئۆپۆزیســیـۆنم و لێـرەوە شـوێن دادەنێم، کـەواتە نایەوێ ببێ بە واقـیع و دەسەڵات.

بە ڕای مـن، هەوڵـدان بۆ چارەســەرکــردنی ئەم پرس و گرفتـانە، هەروەها دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ ئۆپۆزیسیـۆن، مـانەوەی ڕاسـتـەقـینە (هەڵـبـەت مـەبەسـتم دۆزینەوە بە شێوەی تیـۆریک نییە) دەتوانێ ئەدەبی سەرکەوتووی لێ بێتە دەرەوە، تا لە دواجاردا ئەگەر ویستی لەسەر واقیع کـاریگەرێتی خـۆی دابنێ، دیارە ئەمـە بەشێکی ئەدەبە و هەمـوو ئەدەب نیـیـە، هەروەها ئۆپۆزیسـیـۆنبـوونیش بە شێوەی خودی ئەدەب مەبەستە.

* (لیـســینـگ) ڕوانینی وەهایە: (هەندێک کـەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕەخنە ڕەسەنایەتی لە مرۆڤدا کـاڵ دەکـاتەوە، بەڵام ئەگـەر من ڕەسـەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوە لە ڕێگەی ڕەخنەوە بە دەسـتم هیناون). ئەم ڕسـتــەیەی لیـســینگ لە کـوێوە لەگـەڵ (داهێنەر) و (داهێنان)ی ئەدەبدا ناکۆک، یان تەبا دەکەوێتەوە؟

– من نازانم ڕەسـەنایەتی لەم وتەیەدا بە چ مـانایەک هاتووە، وادیارە نزیکایەتی لەگـەڵ مـانای ئەفـراندن (creation)دا هەیە... هێنـدە دەزانم ڕەســـەنایەتی چەمکێکی ناتەواو و پڕ کێشەیە بۆ دوان لەسەر ڕەخنە و کاریگەرێتیی ڕەخنە لەسەر پرۆسەی داهێنان.

بەم ڕوونکردنەوە کـورتەوە، دەکـرێ پرسـیـارەکـە بەم شێـوەیە کورت بکەینەوە: ئایا ڕەخنە بە باری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا چ کاریگەرییەک و چۆن دانوستانێکی لەگەڵ داهێـنـان و داهێـنەردا هـەیە؟ بـۆ وەڵامــــدانەوەی ئـەم پرسیـارە، ڕەنگە پێویست بێ تا ئاستێک لەسەر چەمکی ڕەخنە و داهێنان بوەسـتین و بۆ هەر یەکـێکیـان پێناسـە بدۆزینەوە و بنەڕەتێکی مانایی دامەزرێنین.

وەک دەزانرێ، ڕەخنە بەشـێکی جـودا نەکـراوەیە لە

مێژووی مۆدێرنی ڕۆژئاوا، خۆشی مێژوویەکی گەورەی لە ڕۆڵ و مـانا و پێناسـە تێـپـەڕ کـردووە. دیارە دەکـرێ مێژووی ڕەخنە وەک هەندێک بڕوایان پێیەتی، بیەینەوە بۆ گفتوگۆ ڕەخنەییەکانی سوکرات لەگەڵ سۆفستاییەکاندا کـە ئەفـلاتوون بۆمـان دەگـێـڕێتـەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی بمانەوێ خۆمـان بخەینە نێو پێناسەیەکی هەراو و دوور و درێژەوە، لە بارەی ڕەخنەوە دەتوانین وردتر و بە هەندێک لێـبــوردەییــەوە ســـەرەتای (ڕەخنە) بگەڕێنینەوە بۆ ڕۆشنگەری، ئەمـەش بە دوو بەڵگە: یەکەمـیان ئەوەی لە سـەدەی هەژدەدا ئێــمــە لەگـەڵ کـەسـانێکدا بەرەوڕوو دەبینەوە کە خەریکی داوەری کردنن لە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییـەکان، تەنیا لە ئاستی جوانیناسی و چۆنیەتی پرۆسەی داهێنان و تیۆرییەکاندا نامێننەوە، لێرەوە ئێمە کـارەکـتـەرێک بە ناوی ڕەخنەگـر دەبینین، کـە پێـشـتـر نەبووە، ئەوەی پێشتریش خەسڵەتی ڕەخنەگرانەی بووبێ، زیاتر کـارەکـتـەری فـەیلەسـووف و نووسـەر بووە، دیارە کاتێک کـارەکتـەرێکی تازە لە دایک دەبێ، دەبێ ڕۆڵ و کارکردی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش هۆکاری دووەمە، واتە پێناسـەی ئەو ڕۆڵە و مـانا و کـارکردی، بۆیە دەبینین کە نووسەرانی ئینسکلۆپیدیای ڕۆشنگەری، سەرفەسڵێک یان گـوتارێک لەسـەر کـریتـیـک دەکـەنەوە و مـانای دەکەنەوە، لەوێدا فـەیلەسـووفـانی ڕۆشنگەری ڕەخنە بە مانای (داوەری کردن و هەڵسەنگاندنی هەر بەرهەمێکی هونەری، هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی) مانا دەکەنەوە.

بە گـشـتی، لە دایکبـوونی کـارەکـتـەرێک بە ناوی ڕەخنەگـر و بە ڕەسـمی ناسـینی کـردەیەک بە ناوی کریتیک، لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە تا کۆتایی سەدەی هەژدە، تەواو جێی دەکەوێ، بۆیە کەسانێک پێیان وایە سەدەی ڕۆشنگەری واتە سەدەی ڕەخنەگرتن.

لە کـۆتاییـەکـانی سـەدەی هەژدەدا، کـانت باسی ڕەخنە دەکـات، لە گـوتەیەکی ڕاسـتـدا (سـەردەمی ڕەخنە) دادەمەزرێنێ و هەموو شتێک دەکات بە ڕێڕەوی ڕەخنە، دیارە کـانت لە درێژەی پرۆژەی ڕۆشنگەریدا ڕەخنە بە هەمـان هەڵسـەنگاندن و داوەری کردن لە نێـوان ڕاست و ناڕاستدا دادەنێ و سنووردارێشی دەکاتەوە، واتە دەڤەری بۆ دیاری دەکات، بەڵام لە دوو خاڵدا جوداوازی دەبینرێ، لە میتۆد و زەینی کردنەوەدا. ئەو پێناسانە تا ئێستەش درێژەیان هەیە، دواجار لە لای هیگڵ ڕەخنە بریتی دەبێ لە خودئاگایی، هیگڵ بە پێی سروشتی دیالێکتیکەکەی، جگە لە خـودئاگـایی، بە ڕەخنە ڕۆڵی ڕەفـزکـردنەوە، هەروەها بەرزکردنەوەش دەدات. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە ڕەخنە تا ئێستەش لە نێوان ئەو پێناسەیەی (کـانت) و (هیگـڵ)دا وەک پاندۆڵ لە هاتوچۆدا بووە. دیارە ڕۆڵی ڕەخنە (لەو کاتەوە) هەندێک ئاڵوگۆڕی بە خۆوە بینیوە، بەڵام من پێم وایە لە چوارچێوەی هیگڵ و کـانتـەوە، تا ئاسـتـێکیش مـارکس نەترازاوە، ئەگـەر ترازابێـتـیش بە گوتەیەک (عەرەزی) بووە، نەک (جەوهەری).

دەکرێت ڕەخنە بە هەڵسەنگاندن و خودئاگایی گەیشتن و خودئاگایی گەیاندن، هەروەها بە ڕەفز و تەئییـدکـردن بزانین. دیارە ئەگەر بمانەوێ وردتر ببینەوە، ئەوە دەتوانین باس لەوە بکەین کە ئەگەرچی کرۆکی ڕەخنە گۆڕانێکی وەهای بەسەردا نەهاتووە، بەڵام شێوەکانی ڕەخنە چەشناو چەشنتر بوونەتەوە و میـتـۆد توانیـویەتی هەندێک ڕۆڵی لاوەکی دیکەش بە ڕەخنە بدات، وەک دەبینین ئادۆرنۆ و فـرانکفـۆرتیـیـەکـان کـاتێک باس لە ڕەخنەی ناونشین (Immanent) دەکـەن، جگە لەوەی گـەڕاونەتەوە بۆ مـارکس و هیگڵ، شێـوە و ڕووکردێکیان بەو مەبەستانە زیاد کـردووە، هەڵبـەت ڕوونتـر لە هیگڵ کـە چەمکی گەشەپێدان و بەرزکردنەوە دەهێنێتە ئاراوە، ئەمان پرۆژەی (ڕزگــارکــار) لە ڕەخنە داوا دەکــەن، هەروەها لە بری ڕووکــردنە لای ڕواڵەت و دەرکــەوتەکــانی، بۆ هەناو و بانگەشە و پارادۆکسەکان، بۆ ئایدیا و ئایدیۆلۆژیاکـان دەگەڕێنەوە، ئەم گەڕانەوانەش بۆ ناخودئاگا هەمان شتە کە لە دەروونناسیـیـەوە دەچێـتـە لای ئەوان، دواجـار تا ئێستەش درێژەی هەیە.

ئەگەر گۆشەدیدێکی بەربڵاومان هەبێت، ئەوە دەبینین کـە لە دوای کـانت و هیگـڵ و مـارکسـەوە، لە ئەرکـە سـەرەکـیـیـەکـانی ڕەخنەدا ئاڵوگۆڕییـەکی بنەڕەتی ڕووی نەداوە، ئەوەی هەبووە تەنیا گۆڕان بووە لە شێوە و بابەتی بەرباسی ڕەخنەدا. هەڵبەت دیارە گۆڕینی میتۆد و بابەت هەندێک جـار گـۆڕینی ئەرک و مـەبەسـتـیـشی لێ دەکـەوێتـەوە، بەڵام بە گـشـتی دەمـەوێ بڵـێم کـە ڕەخنە ئێستەش داوەری کردن و هەڵسـەنگاندن و مەبەستداری فەرامۆش نەکردووە بۆ دەرخستنی حەقیقەت، لایەنی کەم بۆ پێشاندانی هەڵە و ناتەواوی و ئایدیۆلۆژیا، بۆ تەعالی و ڕزگـارکـردن و ڕووخـاندن، ئەمـەش لە سـەرەتای لە

دایکبوونی ڕەخنە و ڕەخنەگرەوە لەگەڵیدا بووە.

با باسێکی خودی داهێنان بکەین، دوایی بگەڕێینەوە سەر پێوەندیی نێوان ڕەخنە و داهێنان. سەبارەت بە خودی داهێنان دەتوانین بە دوو شێوە بۆی بڕۆین، یەکەمیان بە شێوەی چەمکییە، کە چەمکی داهێنان بگرین و پێناسەی بکەین و دەرکەوتەکانی لای کەسەکان و لە ڕوانگە هزری و فەلسەفی و ئەدەبییەکاندا بدۆزینەوە، ڕەوتێکی دیکەش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی مێژوویی بۆ دەرکەوتەکانی داهێنان بگەڕێینەوە.

بە ڕای من، قسەکردن لە بارەی داهێنانەوە، یەکەم جار قسەکردنە لە بارەی ئەو شتانەی وا داهێنراون، دووەم جاریش قسەکردنە لەسەر ئەو قسانەی لە بارەی داهێنانەوە کراون. ئەگەر ئاوڕ لە مێژووی فەلسەفە بدرێتەوە، بێ گومان یەکێک لەو پرسە سەرەکییانەی تا ئەمڕۆیش فەیلەسووفان پێوەی خەریکن، پرسی داهێنانە، واتە داهێنان چییە و لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ و باشتر وایە چۆن بێت و کۆمەڵێک پرسیاری دی، کە بە دەوری ئەم پرسەوە ساز دەبن. ئەگەر ئێمە بەم ڕوانگەیەوە لە باسەکە بڕوانین، ناچارین بگەڕێینەوە بۆ یۆنانی باستان. دیارە بارستایی ئەم باسانە هێندە زۆرە کە لە توانای من و ئەم وتووێژەدا نییە، بەڵام سەرەڕای گرفتداربوونیش، هەوڵ دەدەم نەخشەیەک لەو باسانە بەدەستەوە بدەم.

لە یۆنانی باستاندا داهێنان بە شێوەیەکی گشتی بریتی بووە لە دروستکردن. لە سەرەتاوە هەموو ئەو کارانەی شتێکیان تێدا چێ کراوە، یۆنانییەکان وەک یەک شت لێیان دەڕوانی، هەموویان بە (تەخنە) کە ئەمڕۆ گۆڕاوە بۆ تەکنیک، دەبینی. دواجار وردتر دەبنەوە... داهێنانی تەولیدی و ئیکتسابی لە یەکتر جودا دەکەنەوە و لە نێو ئەم دووجۆرە داهێنانەشدا دیسان بەرهەمەکان دەبن بە دوو کەرتەوە، کەرتێکی داهێنانی ئیلاهییە، کەرتێکی دیکەش داهێنانی مرۆڤانەیە. ئەفلاتوون نرخێکی وەها بۆ داهێنانی مرۆڤانە بەو مانایەی شیعر و هونەر... دەگرێتەوە، دانانێ، لەبەرئەوەی ئەفلاتوون لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هەموو ئەو شتانەی لەم دنیایەدا هەن، تەقلید و لاساییکردنەوەیەکن لە شتانێکی تر، کە لە دنیای ئایدیال و مۆسۆلدا هەن، واتە هەموویان لقێکن لەو ئەسڵەی وا لەو دنیایەی تردا هەیە. ئەم دیدە لە لای ئەرستۆ بە جۆرێکی دی دەدۆزینەوە، ئەویش هەر لەو ڕوانگەیەوە (وەک شتێک کە دروست دەکرێ) لە داهێنان دەڕوانێ، بەڵام بە لای ئەرستۆوە خودی لاسایی سووک ناکرێ، چونکە پێی وایە ئەگەر بەرهەم تەقلیدکردنەوەش بێ لە شتی دیکەوە، دیسان نرخی خۆی هەیە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەمترین ڕامان سەبارەت بە داهێنان هەبووە، ئەمەش لەبەر ئەو هەلومەرجە کولتووری و بڕوایە بووە کە لەو کاتەدا زاڵ بوونە، چونکە کولتوور بووە پاشکۆیەکی ئایینیی باوکانی کڵێسا، هەموو کەسەکان ناچار بوون خۆیان لە ئاوێنەی ئاییندا ببیننەوە، داهێنەریش ناچار بوو خۆی لە نێو ئەو ئاوێنەیەدا ببینێتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، لەو سەدانەشدا ڕامانێک لەسەر داهێنان کراوە، وەک نووسراوەکانی ئاگۆستین کە باس لە تایبەتمەندییەکانی داهێنانی خودایی و پاشان داهێنانی هونەری لە کۆمەڵگەی خودایی و ئینسانیدا دەکەن، بەڵام دواتر کە لەم قۆناغە دەترازێین و دوای دیکارت کە سوبژە و ئۆبژە لە یەکتری جودا دەکاتەوە، هەلومەرجەکە تا ئاستێکی زۆر دەگۆڕێ، ئەگەرچی تا ئەو شوێنەی ئاگاداربم دیکارت لەسەر داهێنانی ئەدەبی و هونەری نەدواوە، بەڵام مانایەکی سوبژەیی دیکارتی، یانی مرۆڤی داهێنەر لە دوای ئەم گۆڕانکارییانەی کە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا پێکدێن و دنیایەکی مۆدێرن سازدەبێ، دەگەین بە فەیلەسووفانێک کە بە شێوەیەک ڕاماون لە چەمکی داهێنان، تا ئێستەیش ئەو حوکمانەی لەسەر داهێنان داویانە، بە نرخن و قورسایی خۆیان هەیە.

(کانت) لە (تریلۆژی)یەکەی خۆیدا کە کتێبێکی بە ناوی (ڕەخنەی وزەی داوەری)ە، باس لە (جوانی و ئەمری والا) دەکات، ئەگەرچی خۆی لە پێناسەیەکی ڕوونی داهێنانی ئەدەبی و هونەری دەبوێرێ، بەڵام پێم وایە قسەکردن لە جوانی و ئەمری والا، بە لای (کانت)ەوە قسەکردنە لەسەر داهێنان، یانی سەرەڕای ئەوەی زیاترین قسەکردنی (کانت) لەم کتێبەدا پێوەستە بە چەمکگەلێکی وەک جوانی و زەوق و (ئەمری والا)وە، بەڵام دیسان قسەکانی باس کردنن لەسەر داهێنان.

بە کورتی، بە لای (کانت)ەوە داهێنان بەو مانایەیە کە هونەرمەند (ئازادانە) بە ئایدیا و زەینییەتی خۆی

مادییەت (عەینییەت) ببەخشێ. (کانت) وەک جوانی لە نێوان داهێنانی سروشتی و مرۆڤانەدا جوداوازی دادەنێ و دەڵێ جوانی سروشتی هیچ قازانجێکی تێدا نییە، ئامانجێکیشی بۆ نییە. بە بڕوای (کانت)، ئامانجی بەرهەمی مرۆڤانە، مرۆڤییە و مرۆڤ دروستی دەکات و لە نێو خۆیدایە. بە گشتی، کانت لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە داهێنانی هونەری هەلومەرجێکی تایبەتە لە نێوان بەرەوڕووبوونەوەی زەینییەتی کەسایەتی داهێنەر لەگەڵ عەینییەت و سروشتدا دروست دەبێ، هەروەها کانت جەختی لەسەر نبووغ و بلیمەتی دەکردەوە، ئەمەش دوایی لای ڕۆمانتیکەکان ڕەنگدانەوەی تایبەتی بوو. ڕوانگەی کانت تا ئاستێک خۆی بۆ لای هیگڵی ئایدیالیستیش درێژ دەکاتەوە.

هیگڵ لەسەر ئەو بڕوایە بە ئایدیا و تەسەووراتەوە، هەلومەرجێکی سوبژێکتیڤ بە دەستەوە دەدرێت کە بە ناوی داهێنانەوە دەناسرێت و دەتوانێت دەقێک یان پارچە مۆسیقایەک بێت، هەروەها هیگڵ پێی وایە هونەر و ئەدەب داهێنراوی ڕوحن، لەبەر ئەوەش ڕوح ڕەها و موتلەقە، کەواتە دەبێت داهێنانیش وابێ، هەڵبەت هیگڵ جگە لەوەی گرنگی بە گشتی بوون دەدا و ئیرادەی ئازادی لە داهێناندا بۆی گرنگە، هاوکات ڕەهەندێکی مێژوویش بە دیدی کانت زیاد دەکات، کە ئەمەش گەلێک گرنگە، هەر لێرەشەوە دەرکەوتەی داهێنانی ئەدەبی و هونەری وەک شتێکی نەگۆڕ نابینێ و لە ڕەوتی مێژوویەکی بەرەو پێشدا مێژوومەندی دەکاتەوە. هیگڵ لە دەرئەنجامی ئایدیای ڕوحی موتلەق، کە قسە لە جوولانەوەی تەکامولی مێژوو دەکات، دەگات بەوەی کە بڵێ هونەر سێ قۆناغی گشتی تێپەڕاندووە؛ قۆناغی هونەری نمادین (هونەری میسری باستان بە نموونە دەهێنێتەوە)، قۆناغی هونەری کلاسیک (کە پەیکەرتاشی لە یۆنان و ڕۆمدا دەگاتە تەشقی خۆی) قۆناغێکی تر بە هونەری ڕۆمانتیک ناو دەبات، کە ئەمەش بە دوا شوێن و پێگەی بزاوتی هونەری دادەنێت. لێرەوەیە کە هیگڵ بە شێوەیەکی غەمگینانە دەگاتە مەرگی هونەر و دەڵێت مەعنەوییەتی سەردەمی ئێمە ئیدی وەک پێشتر ڕێگەی ئەوە نادات کە هونەر لەگەڵ ئەمری ڕەهادا یەک بگرێ و حەقیقەت دەربخات لە بری هونەریش، بۆ ئەم مەبەستە ئایین و فەلسەفە بە پێشڕەوتر دادەنێ، هەرچەندە تا ئەو شوێنەی ئاگاداربم ئەم چەمکەی (مەرگی هونەر) بەکار نەبردووە، دیارە کە بگەینە مەرگی هونەر بە ناچاری مەبەست مەرگی داهێنەری هونەریشە.

بە گشتی، عەینییەتدان بە زەینییەت و تێکەڵبوونی ڕوحی ئۆبژێکتیڤ و ڕوحی سوبژێکتیڤ، نیسبەتی داهێنەر و سروشت و دنیای عەینی، تەسەوورات و حەقیقەت، کۆمەڵە چەمکێکن تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەش خۆیان درێژ دەکەنەوە، دیارە دیدی ڕۆمانتیکەکان لە دیدی ئایدیالیستەکان جوداوازە، چونکە ئەوان گرنگی بەداهێنەر و ڕۆڵی داهێنەر دەدەن و ڕۆمانتیکەکان گەلێک باسی جوداوازیان لەسەر داهێنان هێنایە ئاراوە، کە بە زۆری جەختیان لەسەر سوبژەی داهێنەر و حاڵەتەکانی دەکردەوە، ئەگەرچی ڕۆمانتیکەکان پڕ هەڵەترین باسەکانیان لەسەر داهێنان کردووە، بەڵام زیاترین کاریگەریشیان لەسەر شێوە دیدەکان بۆ داهێنان و نییەتی داهێنەر هەبووە، تا ئاستێک کە لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا لە هەندێک شوێندا ڕەهەندی ڕۆمانتیک بە چەمکی داهێنان و نییەتی داهێنەر دەدرێت، ئەمەش باسێکی ترە، بۆیە لێرەدا قسەی لە بارەوە ناکەین.

لە هەناوی مۆدێرنیتەدا ڕووداوێک ڕوودەدات کە بە ڕای ئادۆرنۆ پێچەوانەی بزاوتی مۆدێرنەیە، ئەویش هاتنی مۆدێرنیزمە (مۆدێرنیزمی هونەری و ئەدەبی). مۆدێرنیزم بە مانایەک لە ماناکانی ئادۆرنۆ، ڕەخنەگری مۆدێرنیتەیە و بریتییە لەو هەوڵە ئەدەبی و هونەرییانەی بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتوونەتە ئاراوە. ئەگەر سەرەتای مۆدێرنیزم بۆ لای ڤاگنەری ڕۆمانتیک و بە تایبەت بۆدلێر بگەڕێنینەوە، لەوێوە تێدەگەین کە گۆڕانێکی قووڵ بە سەر مانا و چەمکی داهێنان و بە سەر خودی داهێنەریشدا دێ. بۆدلێر بە پێچەوانەی ئایدیالیست و ڕۆمانتیکەکانەوە، کە ئایدیالیستەکان بارودۆخێکی عالی و ئیستعلاییان بۆ (داهێنان) و ئەویان (ڕۆمانتیکەکان) بارودۆخێکی عالی و بەرزەجێیان بۆ (داهێنەر) لە بەرچاو دەگرت، بارودۆخێکی تا ئاستێک دوولایەنە، واتە هەم خۆی (لێرەدا بە مانای داهێنەر) لە شێوەی کەسێکی نەجیبزادە و ئەشرافدا دەبینێت و هەم وەک کەسێکی پیس و نەجیس. بۆدلێر بەم شێوە سەرەتای ڕوانینێک دروست دەکات کە بیچم دەدات بە

مۆدێرنیزم، بەو مانایەی نە داهێنەر کەسێکی پیرۆز و پارێزراوە، نە داهێنان بارودۆخێکی پیرۆز و پارێزراوە، نەمانی (خەرمانەی پیرۆز) لەم بوارەدا خوازەیەکی ناسراوە. بەم دیدەوە، نوێگەری لای بۆدلێر هەمیشە دووڕووی هەیە، دواجاریش نیتشە کاتێک ستایشی هونەرمەند و ئافرێنەر دەکات، ئەم دوو ڕەهەندە پێکەوە دێن، لایەنێکی داهێنەر کە هەمان کەسی ئەشرافزادە و ماقوولە، لایەنێکی دیکەشی ئەم کەسە تاوانبار و نەجیسەیە. بۆدلێر بەردەوام خۆیشی لەو بارودۆخەدا دەبینییەوە.

بە ڕای من، ئەم شەقبردنەی داهێنەر تا لای دۆستەیڤسکی بەرجەستەیە، تەنانەت لە هەندێک شوێندا بابەتی خودی داهێنانیش دەبێت بە جەنگی نێوان ئەم دوو ڕەهەندە و ناوەرۆکی ڕاستگۆیی هەندێک بەرهەم. دواتر کەسانێکی دیکە بیروڕایان لەسەر چەمکی داهێنان خستە نێو خانەی هەندێک زانستی وەک کۆمەڵناسی و دەروونناسی و فەلسەفەوە، کە دەروونناسی بە جەختکردنی لەسەر تاک و ئێگزیستانسیالیزم بە باسکردن لە داهێنان وەک دەرکێشانی بوون لە نەبوون و مارکسیزم بە تەماشا کردنی داهێنان وەک بەرهەمهێنان، گرنگی زۆرتریان هەیە، لەو دەڤەرانەشدا گەلێک باسی جوداواز و جۆراوجۆر هاتنە ئاراوە، بۆ نموونە؛ تەنیا لە سوننەتی مارکسیستیدا گەلێک ڕوانینی جوداواز دەبینین کە لە جەمسەرێکەوە داهێنەر وەک کرێکار و بەرهەمەکەشی وەک بەرهەمهێنان (تولید) دەبینرێن، لە جەمسەرێکی دیکەوە ئادۆرنۆ بەرهەمی هونەری وەک مۆنادی لای بنیتسی دەبینێ و پرۆسەیەکی ئاڵۆزتر بۆ بەرهەم لە نێو مێژوودا (هاوکات سەربەخۆ و لە پێوەندیشدا بە کۆمەڵگە و واقیعەوە) وێنا دەکات.

بە گشتی، لە سەدەی بیستەمدا ڕوانینەکان گەلێک بەربڵاو و جۆراوجۆر بوونەوە، ئەگەر لە درێژەی باسەکەماندا پێویست بوو، ئەوە ئاوڕیان لێ دەدەینەوە. بەم پێشەکییە درێژەوە، دەمەوێ بە شێوەیەکی کورت لەسەر پێوەندی نێوان داهێنان و ڕەخنە بدوێم. وەک دەزانین ڕەخنەگر و ڕەخنە بەو مانا ڕەسمی و فەرمییەی دەیانناسین، زادەی سەردەمی مۆدێرنەن، بۆیە ناکرێ مێژوویان بۆ دواتر ببەینەوە، هەڵبەت وەک گوترا دیدی ڕەخنەیی شتێک نییە تایبەت بە سەردەمی مۆدێرنە بێ.

هەر چۆنێک بێت، بە پێچەوانەی ڕەخنە، داهێنەر و داهێنان مێژوویەکی دوور و درێژتریان هەیە، لێرەوە دەتوانین بڵێین داهێنەر پێش ڕەخنەگر کەوتووە و بووە، لەو کاتەشدا کە ڕەخنەگر لە دایک بووە، دیسان بە دوای داهێنەردا ڕۆیشتووە، بەڵام ڕەخنە تەنیا لەوێدا نەوەستا کە لە دواوە و دەرەوەی داهێنەر و داهێنانەوە بێ، بە وردبوونەوە لە مانا و پێناسەی داهێنەر، بە تایبەت لە بۆدلێر بەولاوە، دەبینین کە ڕەخنەگر دەچێتە هەناوی داهێنەریشەوە و هەموو داهێنەرێکی مۆدێرن بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەخنەگرێکیشە، ئەمە هەم لە بەرهەمەکانیدا، هەم لەو ئاگاییەی سەبارەت بە دەقی خۆی و دیتران وەریدەگرێت، دەردەکەوێت.

لە لایەکی دیکەشەوە وەک دەبینین ڕەخنەگر و ڕەخنە وەک دوو بوونەوەری سەربەخۆ و ڕەسمی و خاوەن جێگە و پێگەش ناسراون، لێرەدا پێم وایە دەتوانین بە شێوەیەکی ساکار چوار جۆر پێوەندی لە نێوان ڕەخنە و داهێناندا بدۆزینەوە:

١- ڕەخنە لە پشت داهێنانەوە دەڕوات.

٢- ڕەخنە لە هەناوی داهێنانەوەیە.

٣- ڕەخنە و داهێنان هاوتەریبی یەکتر دەڕۆن، ئەگەرچی ڕەخنە لە داهێنان دەدوێ، بەڵام بوونێکی سەربەخۆی هەیە.

٤- داهێنەر بە دوای ڕەخنە و پێشنیارە تیۆریک و ڕەخنەییەکاندا دەڕوات.

من پێم وایە ئەوەی بۆ داهێنان مەترسیدارە، تەنیا حاڵەتی چوارەمە، باشترین حاڵەتیش بە نیسبەتی داهێنانەوە حاڵەتی دووەمە، بە نیسبەتی ڕەخنەشەوە حاڵەتی سێیەم باشترین حاڵەتە. ئەو جوداوازییانەش لەسەر ڕۆڵی ڕەخنە دێنە ئاراوە، دواتریش دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕەخنە بە مەترسیدار یان بە ڕزگارکار بزانین، جوداوازییەکە لە تەفسیری شوێن و پێگەی ڕەخنە، هاوکاتیش لە پاش یان لە پێشبوونە، نەک لەسەر خودی ڕەخنە و نەفسی ڕەخنەوە، چونکە هەموو دەقێکی داهێنەرانە، بە تایبەت وەک گوتم لە بۆدلێر بەم لاوە، وزەیەکی ڕەخنەگرانەشی تێدایە.

# ئیحسان مستەفا: پێشڕەوێکی نوێخوازی چیرۆکی کوردی

**سابیر ڕەشید**

**(١ - ٢)**

## پێش باس

ئەو چیرۆکنووسە نوێخوازە تا بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی (مەحموود زامدار) دەربارەی ئەو، لای زۆربەی توێژەرانی چیرۆکی کوردی تەنیا دوو چیرۆکی باس کراوە کە هەردووکیان لەساڵی (١٩٤٤) لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام (مەحموود زامدار) چوار چیرۆکی تریشی دۆزییەوە کە لەساڵانی (١٩٥١-١٩٥٢) لە ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاوکراونەتەوە، بەمەش دەرفەتێکی زیاتری بە توێژەران و ئاشقانی چیرۆکی کوردی دا تا جارێکی دیکە بە چیرۆکەکانیدا بچنەوەو وەک پێشڕەوێکی نوێخوازی چیرۆکی کوردی دانی پێدا بنێن(١).

دوای کتێبەکە هەریەک لە نووسەران: (نەجات حەمید ئەحمەد و دانا فایەق و سابیر ڕەشید) لێدوانیان بۆ چیرۆکەکانی ئەو چیرۆکنووسە کرد و وەک نوێخوازێکی گرنگ لە چیرۆکی کوردیدا ناویان برد(٢).

دوای ئەمەش لە ژمارە (٢٤-٢٥)ی گۆڤاری (نووسەری نوێ)دا بەهەشتی(د. عەبدوڵڵا حەداد) کە ئەو کاتە سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو، دۆسیەیەکی تایبەتی بۆ ئیحسان مستەفا ئامادە و بڵاوکردەوە کە جگە لە پێناساندن و گرنگی ئەو چیرۆکنووسە لەلایەن (د. عەبدوڵڵا حەداد)ەوە کتێبەکەی مەحموود زامدار و دوو نووسینەکەی (دانا فایەق و سابیر ڕەشید)ی گرتبووە خۆ، لەگەڵ ژیاننامەو وێنەی بڵاونەکراوەی چیرۆکنووس، ئەمەش بایەخ و ناساندنێکی تری ئەو چیرۆکنووسە نوێخوازە بوو(٣).

بایەخی ئەم کتێبەی مەحموود زامدار لەوەوەیە جگە لەوەی وەک پێشڕەوێکی چیرۆکی کوردی قۆناغی خۆی دەیناسێنێ، توانی بە ناساندنی شەش چیرۆکی ئەو چیرۆکنووسە کە ئەوانەی پێش ئەو تەنیا بە دوو چیرۆک بە نوێخوازی سەردەمی خۆی دانیان پێدا ناوە، ئەم جارە پسپۆڕان و توێژەرانی چیرۆکی کوردی بەروونکردنەوەی کەرەستەو ئامێرەکانی نوێخوازی ئەوسای چیرۆکنووس توانییان بیسەلمێنن کە نوێخوازەو شایانی هەڵسەنگاندنێکی نوێشە، چونکە پێشتر لەلایەن هەردوو نووسەر (عومەر مەعرووف بەرزنجی و حوسێن عارف)ەوە لە هەردوو کتێبی لێکۆڵینەوەیاندا کە دوایی باسیان لێوەدەکەین، بە دوو چیرۆک ئاماژەیان بە نوێخوازی ئەو داوە، تەنانەت حوسێن عارف لە(بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی)شدا تەنیا دوو چیرۆکی تۆمار کردووە (دایک)و (سکاڵای مردوو) کە یەکەمیان لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ی ساڵی (١٩٤٤)و ئەوەی تریش لە ژمارە (٥)ی هەمان گۆڤار و هەمان ساڵدا بڵاوکردۆتەوە(٤).



ئیحسان مستەفا

له چەند باسێکی دیکەی چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەی چیرۆکنووسدا باسی ئەم دوو چیرۆکە کراوەو وەک نموونەی چیرۆکی زیندوو نیشان دراون، یان تەنیا وەک ناو لە دەستنیشانکردنی قۆناغی چیرۆکنووسینی ئەو ناویان هێنراوە، بەڵام تا ئێستا وەک لێکۆڵینەوە گشتگیرترین هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی چیرۆکەکان لەلایەن ڕەخنەگر (نەجات حەمید ئەحمەد)ە کە خستۆیەتییە نێو کتێبەکەی (تیۆری بنیاتی شاراوە)وە بەوردی لە تەکنیک و ستایلی نوێخوازی ئەو چیرۆکنووسە دواوەو بە بەڵگەوە سەلماندوویەتی کە نوێخوازی سەردەمی خۆیەتی و وەک سەرەتای نوێخوازی داناوە لە چیرۆکی کوردیدا(٥).

منیش لە نووسینەکەی خۆمدا کە لە دۆسییەکەو لە گۆڤاری ڕامان بڵاوکرایەوە، پێم وایە کە ئیحسان مستەفا پێشڕەوی نوێخوازی چیرۆکی کوردییە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستییانە و بەوردی دەچینە نێو چیرۆکەکان و جیا لە نووسینەکەی پێشوو کە تەنیا خستنەڕووی کتێبەکەی (مەحموود زامدار) بوو دەربارەی چیرۆکنووس و بڵاوکردنەوەی چیرۆکە دۆزراوەکانی و بەخێرایی لێی دوابووین.

لەم باسەماندا لە لک و دەروازەیەکی تر و پشتڕاست بەڕای نووسەرانی تر هەڵسەنگاندنێکی ئەو چیرۆکنووسە پێشڕەوە دەکەین و چی لە بارەیەوە نووسراوە دەیکەین بە بەڵگەو وەک نووسینێکی ئەکادیمی لەدنیای نوێخوازی و لە هەردوو لایەنی (شێوە و ناوەڕۆک)ەوە لە سەردەمی قۆناغی خۆیدا لێی ورد دەبینەوەو ئەوەش دەسەلمێنین کە زۆر لە نووسەرانی ئێمە ئەگەر لە سەردەمی ڕابردوودا لەبەر هەر هۆیەک بێت باس نەکراون، یان پشتگوێ و پەراوێز خراون، یان بابەتەکانیان ون بووە، بەڵام ڕووی ڕاستەقینەی ئەدەب، بەتایبەتی ئەوانەی بە دڵسۆزی و پاکی لە ئەدەبدا کاردەکەن هەر بەدەردەکەوێ، با لە سەردەمی خۆیشی نەبێت، بەڵام هەموو نەوەیەک پێویستە نەوەی پێش خۆی هەڵبسەنگێنێ و دواجاریش ئەوانەی مافیان زەوت کراوە، یان ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە ئەدەبییەکان پشتیان تێ کردوون ئەوە دەردەکەون و دڵنیاشم نووسەری داهێنەر ئەگەر لە سەردەمی خۆیشیدا نەبێت، سەردەمێک دێت بەشێوەی دروستی خۆی بخوێنرێتەوەو بناسرێت، ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە دەمانەوێ (ئیحسان مستەفا)ی چیرۆکنووس وەک پێشڕەوێکی نوێخوازی چیرۆکی کوردی باس بکەین و وەک یەکەم نوێخوازی قۆناغی خۆی بیناسێنین و کەرەستەکانی نوێخوازی ڕوون بکەینەوە.

## باسی یەکەم: ئیحسان مستەفا لە قۆناغبەندی چیرۆکی کوردیدا

ئەو چیرۆکنووسە یەکەم چیرۆکی خۆی لە ساڵی (١٩٤٤) لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکردۆتەوەو دوا چیرۆکیش کە شەشەمین چیرۆکی بڵاوکراوەیەتی لە ساڵی (١٩٥٢)دا لە ڕۆژنامەی (هەولێر) بڵاوکردۆتەوە، واتە بواری چیرۆکنووسینی لەساڵی (١٩٤٤ تا ١٩٥٢)بووە، بەمەش (ئیحسان مستەفا) لەنێو قۆناغبەندی چیرۆکی کوردیدا دەکەوێتە قۆناغی دووەمی چیرۆکی کوردی کە (حوسێن عارف) لە کتێبی (چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠)دا ناوی لەم قۆناغە ناوە قۆناغی (نەشونما کردن ١٩٣٩-١٩٥٠)و بە وردی لە چیرۆکنووسانی هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژ)و (دەنگی گێتی تازە)ی کۆڵیوەتەوەو لە چیرۆکنووسانی دەنگی گێتی تازەدا باسی ئیحسان مستەفاو ئەم دوو چیرۆکەی کردووە کە لەم گۆڤارەدا بڵاوبوونەتەوە، ئەوانیش چیرۆکی (دایک)و (سکاڵای مردوو)ن و بەڕای ئەو وەستایی و بەهرەداری خۆی سەلماندووە ئەگەر بەردەوام بوایە، دەبوو چیرۆکنووسێکی

لێهاتووی گەورە(٦).

(عومەر مەعرووف بەرزنجی)یش لە کتێبی (لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩)دا ناوی لەم قۆناغە ناوە (قۆناغی هاندان و برەوپێدانی چیرۆکی کوردی ١٩٣٩-١٩٥٠) ئەویش چیرۆکنووسەکانی ئەو قۆناغەی هەڵسەنگاندووەو چیرۆکەکانی تۆمار کردوون و لە بارەی ئەم قۆناغەوە دەڵێ: «ئێمەش دوای گەڕان و بژار کردنێکی تێکڕایی سەرجەم بەرهەمەکان لەسەر ئەو ڕایە گیرساینەوە کە نووسەرە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە (ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح، مستەفا سائب، ڕەشید نەجیب، فازڵ محەمەد عیرفان، فایەق کاکەئەمین، عەلی عەبدوڵلا، شێخ سەلام، محەمەد مەحموود قودسی، مەحموود ئەحمەد- ئازاد، نووری س، پیرەمێرد، حوسێن حزنی موکریانی) بوون کە هەندێکیان یەک دوو چیرۆکیان بەدەستەوە داوەو ئیتر کپ بوون، دەستەیەکی تریان بەردەوام بوون و بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن چوون وەک ئیبراهیم ئەحمەد کە چووە ڕیزی پێشەوەو بوو بەڕابەرێکی ڕاستەقینەی چیرۆکی کوردی» (٧). ئەمە ئەگەرچی لەنێو ئەم ناوانەدا ناوی ئیحسان مستەفای نەهێناوەو لای ئەویش هەر ئەم دوو چیرۆکەی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) تۆمار کراون و لەگەڵ ئەمەش ئیحسان مستەفاو (فایەق زێوەر)ی لەڕووی هونەری شێوەو تەکنیک لە چیرۆکنووسانی قۆناغی خۆیان جیاکردۆتەوە.

بەڵام (د. عەزیز گەردی) لەکتێبی (پەخشانی کوردی)دا ئەم قۆناغەی بەسێیەم قۆناغ تۆمار کردووەو ناوی ناوە (قۆناغی پەرەسەندنی چیرۆکی کوردی ١٩٣٩-١٩٥٠)، لەبارەی ئەم قۆناغەشەوە دەڵێ: «دەتوانین ئەم سەردەمە بەسەردەمی بووژانەوەو پەرەسەندنی ئەم هونەرە دابنێین لە ئەدەبی کوردیدا. ئەوەی لەم ماوەیەدا بوو بەهۆی پێشکەوتنی ئەم هونەرە دەرچوونی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەک بوو، لەپێش هەموویانەوە گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩ ئینجا (دەنگی گێتی تازە)و (پەیام)و (ژین) بەتایبەتی گەلاوێژو دەنگی گێتی تازە زۆر چیرۆکی خۆماڵی و بێگانەیان بلاوکردەوە. لەم قۆناغەدا زۆر کەس چیرۆکیان بلاوکردۆتەوە، هەندێ بەیەک دوو چیرۆکی ساکار وازیان هێناوەو هەندێکیان بەردەوام بوون و دەوری خۆیان دیوە وەکو:

١- عەلائەدین سەجادی، ٢- هـ. ل. ب، ٣- شاکر فەتاح» (٨)،

بەڵام (د. عەزیز گەردی) بۆ ئەم قۆناغە تەنیا ئەو سێ ناوەی هێناوەو ئەوەی دووەمیشیان مەبەستی (ئیبراهیم ئەحمەد)ە کە هەندێ جار بەم شێوەیە چیرۆکی خۆی بلاوکردۆتەوە.

(د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)یش لە کتێبی (الواقعية في الادب الكردي)دا دوای باسکردنی پانۆرامایەکی خێرا بەسەرهەڵدان و نەشونماکردنی چیرۆکی کوردی لە باسی ئەم قۆناغەدا بە قۆناغی پەرەسەندن و گەشە کردنی ڕاستەقینەی داناوەو لەبارەی ئەم قۆناغەوە دەڵێ: «بەڵام گەشەکردنی ڕاستەقینە لە کورتە چیرۆکدا لە ڕاستیدا دەکەوێتە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی و دوای ئەم ماوەیە، کە لەسەر لاپەڕەکانی (گەلاوێژ)دا چەندین چیرۆکنووس پەیدا بوون، لەبارەی ژیانی گەلەوە شتیان نووسی کە دیارترینیان ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح و عەلائەدین سەجادی بوون، جا لەو چیرۆکە وەرگێردراوانەی کە زۆر بلاودەکرانەوە لەلایەن (بلە)و هی تریش لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا کە بەرهەمی گەورە چیرۆکنووسانی دنیا بوون کاریگەری زۆری لە پەرەپێدانی بەهرەی هونەری لەلایەن نەوەیەک لە چیرۆکنووسان هەبوو کە دوای گەلاوێژ پەیدابوون وردە وردە ڕێگای وەرگرتنی تەکنیکی چیرۆکی جیهانییان لەڕێگای زوبانی عەرەبییەوە گرتەبەر..» (٩).

(د. شوکریە ڕەسووڵ)یش لەکتێبی (ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب)دا دوای ئەوەی باسی ئەم قۆناغەی چیرۆکی کوردی دەکات و بە قۆناغی گەشەسەندن و پەرەپێدانی چیرۆکی کوردی لە قەڵەم دەدات و لەڕووی بایەخیشەوە گۆڤاری گەلاوێژ لە ڕووی چیرۆکی خۆماڵی و چیرۆکی بێگانەوە کاری لەسەر گەشەسەندنی چیرۆکی کوردیدا هەبووەو چیرۆکنووسانی بەناوبانگی ئەم گۆڤارە لای ئەو بریتین لە (عەلائەدین سەجادی، ڕەشید نەجیب، مستەفا سائب، شێخ سەلام، محەمەد مەحموود قودسی، مەحموود ئەحمەد، نووری س، پیرەمێرد، حوسێن حزنی موکریانی و پێی وایە کە ئەوانەی بەردەوام چیرۆکیان بلاوکردۆتەوەو بە چیرۆکنووسی گەلاوێژ ناودەبرێن

لەرووی زۆری بەرهەمیانەوە: (بلە، عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح)ن.

(د. شوکریە ڕەسوول) لەبارەی سالانی چلەکان و گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ش لەم قۆناغەدا دەڵێ: «ئەتوانین سالانی چل بەسالێکی پڕ بایەخ و دەولەمەندی چیرۆکی کوردی دابنێین بەهۆی گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەوە، هەروەها گۆڤاری (دەنگی گێتی تازەش) لە رووی بلاوکردنەوەی چیرۆکی هونەری کوردییەوە شوێنێکی دیارو شیاوی هەیە. ئەوەی کە زیاتر بەرهەمی لەم گۆڤارەدا (بەتایبەتی چیرۆک) بلاوکردۆتەوە (حوسێن عارف) بووە کە لەپاڵ گەلاوێژدا رووی لەم هونەرە کردو چەند دەنگێکی تری نووسەرانی گەیاند بە جەماوەر، بەلام ئەوەی جێی سەرنجە بابەتەکانی ئەم گۆڤارە بەزۆری رووی کردبووە فۆلکلۆرو گێرانەوەی چەند حیکایەتێکی کۆن کە پڕ بوون لە پەندو ئامۆژگاری. ئەمەیش بەزۆری لە چیرۆکەکانی (تاهیر ئەحمەد حەویزی- دڵسۆز)و (حوسێن حوزنی موکریانی)دا دەردەکەون، بەلام چیرۆکەکانی (ئیحسان مستەفا)و (چیرۆکە تاقانەکەی (فایەق زێوەر) لەرووی شێوەو تەکنیک و ناوەرۆکەوە خۆ خەریک کردنیان پێوەدیارەو لە ریزی بەرهەمە باشەکانی ئەو سەردەمە دەوەستن»(١٠).

هەر لە لێدوان لە قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی و ئەم قۆناغەشدا (عەبدولڕەزاق بیمار) لەکتێبی (پەخشانی کوردی)دا وەک پانۆرامایەک بۆ باسکردنی چیرۆکی کوردی و بایەخی سالانی چلەکان دەڵێ: «چیرۆکی کوردی کز و کەم دەسەلات مایەوە، ناوە ناوە تاکو تەرایەکی لێ بلاودەکرایەوە، ئەوە بوو سالی (١٩٣٤) محەمەد عەلی کوردی لە دیاری لاواندا چیرۆکی (دوای سەرخۆشی زۆر شێتییە)و سالی (١٩٣٦) لە (رووناکی)دا سێ ئەلقەی چیرۆکی درێژی (نازدار یان ژنی کورد لەلادێ)ی بلاوکردەوە.

تا دەگەینە سالانی چلەکان ئەنجا گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩ - ١٩٤٩) کە بەڕاستی بوو بەیەکە تۆماری چیرۆکی تازە کە لە (١٠٥) ژمارەکەیدا (٨٢) چیرۆکی وەرگێڕاو و بەرانبەر بە (٣٢) چیرۆکی هونەری خۆمان دەخوێنینەوە. گرنگترینیان چیرۆکەکانی شاکر فەتاح، عەلائەدین سەجادی و ئیبراهیم ئەحمەد»(١١)ن.

(سەلیم ڕەشید سالح)یش لەکتێبی (شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا) بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناغە دەڵێ: «دوای ١٩٣٩ دەتوانرێ بە سەردەمی بووژاندنەوەی ئەدەبی کوردی گەشەیەکی زۆری بەخۆوەبینی، ئەم گۆڕانکارییەش دوو لایەنی هەبوو، یەکێیان بەهۆی کارتێکردنی ئەدەبی بێگانەو دروست بوونی ئەدەبی میللییەوەو بەهۆی بەرەوپێش چوونی باری رۆشنبیری ئەوسا، لەلایەکی تریشەوە توانراوە لەرێگەی چیرۆکەوە گەلێ کێشەی کۆمەلایەتی چینایەتی، بخرێتەروو بەهۆی وشیاری میللییەوە چارەسەر بکرێت، دیسان بووە هۆی بەرەوپێش چوونی هونەری وەرگێڕان و لەو رێگەیەوە هاتنە ژوورەوەی گەلێ سەرچاوەی چاکی رۆشنبیری بێگانە، هەروەها بووە هۆی دروست بوون و هاتنەکایەی گەلێ نووسەر و ئەدەب دۆست کە رۆڵی گرنگیان هەبووە لە چاوکردنەوەی مرۆڤ، بەمە چیرۆکی کوردی توانی هەنگاوێکی لەبارتر بنێت و چوارچێوەیەکی فراوانتر بنەخشێنێ بۆ ئەدەبی کوردی، ئەو چیرۆکانەی لەو سالانە هاتوونەتە بەرهەم جیاوازی زۆریان هەبووە، لەرووی شێوازو ناوەرۆکیش لەگەڵ چیرۆکەکانی پێش ئەو سەردەمە، ئەو کۆمەڵە نووسەرەی رۆڵی کاریگەریان هەبووە لەو سەردەمەدا: (عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح، ئیبراهیم ئەحمەد، ڕەشید نەجیب، مستەفا سائب، عەلی عەبدوڵلا، شێخ سەلام، محەمەد مەحموود قودسی، مەحموود ئەحمەد، حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێرد،...تاد) هەندێکی رۆڵی پێشکەوتن و گۆڕانیان بینیوە لە رابەرایەتی چیرۆکی کوردی، هەرچەندە ئەم نووسەرانە هەندێکیان بەشێوازو ناوەرۆکی جیاواز لەیەکتر نووسیویانە...»(١٢).

(سابیر ڕەشید)یش ئەم قۆناغەی بە قۆناغی سێیەمی چیرۆکی کوردی داناوەو ناوی ناوە (قۆناغی نەشونماکردنی هونەری چیرۆکی کوردی ١٩٣٩-١٩٥٠)و لەم بارەوە دەڵێ: «ئەم قۆناغە بە پلەیەکی نوێ دادەنرێ لەتەکاندانی لایەنی هونەری، بەتایبەتی لەرێگای ئەم گۆڤارو رۆژنامانەی ئەو سەردەمە وەک گەلاوێژ، نزار، دەنگی گێتی تازە، پەیام. لەم قۆناغەدا چەند چیرۆکنووسێکی لێهاتوو سەریان هەڵدا وەک (عەلائەدین سەجادی، شێخ سەلام، مستەفا سائیب، ئیبراهیم ئەحمەد، عەبدوڵلا جەوهەر، دڵسۆز، ئیحسان مستەفا، فایەق زێوەر،... تاد»(١٣).

کەواتە ئیحسان مستەفا نەک هەر چیرۆکنووسێکی نوێخوازی ئەم قۆناغەی چیرۆکی کوردییە، بەڵکو رابەریشە، بەڵام چیرۆکەکانی دەست نەکەوتوون و توێژەرانی چیرۆکی کوردی تەنیا ئەم دوو چیرۆکەیان هەڵسەنگاندووە کە لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەم گۆڤارەو گۆڤاری گەلاوێژ لەگەڵ گۆڤاری دیکەدا کە ناومان هێناون لەم قۆناغەی چیرۆکی کوردیدا بەهۆی کاریگەری چیرۆکی وەرگێڕدراو کاریگەری چیرۆکی بێگانەیان بەسەرەوە بووەو لە رووی (شێوەو ناوەرۆک)ەوە بە قۆناغی نەشونما کردنی هونەری دانراوە، (ئیحسان مستەفا)ش لەم قۆناغەدا بەڕای توێژەرانی چیرۆک لە چیرۆکنووسانی پێش خۆی جیا دەکرێتەوە.

## باسی دووەم: ئیحسان مستەفا لە روانگەی توێژەرو رەخنەگرانی چیرۆکی کوردییەوە

حوسێن عارف لەکتێبی (چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠)دا لەکاتی هەڵسەنگاندنی قۆناغی ساڵانی (١٩٣٩-١٩٥٠)دا کە باس دێتە سەر چیرۆکنووسانی گۆڤاری دەنگی گێتی تازەو نۆرە دەگاتە لێدوان لە (ئیحسان مستەفا) زۆر بە جوانی مافی ئەو چیرۆکنووسەی داوە، ئەگەرچی ئەو تەنیا ئەو دوو چیرۆکەی (دەنگی گێتی تازە)ی لەبەردەست بووە ئەوانیش چیرۆکی (دایک)و (سکاڵای مردوو)ن و پێی وایە کە ئەگەر بەرهەمی دیکەی هەبووایەو بەردەوام بوایە، ئەوە رۆڵێکی گرنگتری دەبوو وەک دەڵێ: «ئیحسان مستەفا تەنیا بە دوو چیرۆک هاتۆتە کۆڕەوە، بەڵام بەهرەداری و وەستایی خۆی وەها سەلماندووە کە دەتوانین بڵێین ئەگەر بەردەوام بوایە لەسەر چیرۆک نووسین و دەستی لێ هەڵنەگرتایە، لەوەبوو لەکۆڕی چیرۆکی کوردیماندا ببوایە چیرۆکنووسێکی لێ هاتووی گەورەو خزمەتێکی زۆری بکردایە...» (١٤).

دیارە ئەگەر چیرۆکەکانی تریشی لەبەردەستی حوسێن عارف با ئەوسا رایەکی تری دەبوو و لە هەڵسەنگاندن و لێدوانی چیرۆکی (سکاڵای مردوو) دا نەیدەگوت «ئەمانە هەموو نیشانەی سەرکەوتوویی ئەم چیرۆکەی دووەمی (ئیحسان مستەفا)ن کە بەداخەوە وەک لەوەوبەر وتم و هێندەی من پێ بزانم، جارێکی تر لە کۆڕی هونەری چیرۆک نووسیندا بەرهەمی نابینینەوە..» (١٥).

(عومەر مەعرووف بەرزنجی) لەکتێبی (لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩)دا، لەمیانی هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناغەی چیرۆکی کوردیدا ١٩٣٩-١٩٥٠ چیرۆکنووسەکانی ئەم قۆناغەی هەڵسەنگاندووەو کاریگەریی گۆڤاری (گەلاوێژ)و (دەنگی گێتی تازە)شی بەسەر پەرەسەندنی هونەری چیرۆکی کوردیدا دەستنیشان کردووە، بە تایبەتی گۆڤاری گەلاوێژ کە لەرووی وەرگێڕانی چیرۆکی بێگانەوە توانییەتی کاریگەریی بخاتە نێو چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغەو قۆناغی دواتریش، بەمەش ئەو پێی وایە لەم قۆناغەدا چەند قەڵەمێکی بە برشت کەوتنە نووسین و توانییان رۆڵێکی شایستە بگێڕن «کە بەمەیش توانییان چیرۆکی کوردی بگەیەننە هەوارێکی گونجاوتر و لە سنووری حیکایەتی بێ بایەخ و تارادەیەک شێوە ریپۆرتاژی تێپەڕکەن و کۆمەڵە چیرۆکێکی بە کاکڵ بخەنەروو کە لە شێوەو ناوەرۆکدا جیاوازتر بێ لە بابەتەکانی قۆناغی سەرهەڵدان..» (١٦).

توێژەر عومەر مارف بەرزنجی کاتێ دێتە سەر باسی چیرۆکنووسانی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) لەم قۆناغەدا رای وایە کە ئەو رۆڵەیان نەبووە وەک هی چیرۆکنووسانی گەلاوێژو لەنێو ئەم چیرۆکنووسانەشدا، واتە چیرۆکنووسانی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دوو چیرۆکنووس جیادەکاتەوەو پەنجەی هونەرمەندییان بۆ رادەکێشی و بە بەرهەمە باشەکانی سەردەمی خۆیان دادەنێت وەک لەمیانی باسکردن لە چیرۆکنووسانی ئەم گۆڤارە، واتە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا دەڵێ: «بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بابەتەکانی ئەم گۆڤارە بە زۆری رووی کردبووە فۆلکلۆر و گێڕانەوەی چەند حیکایەتێکی کۆن کە پڕ بوون لە پەندو ئامۆژگاری، ئەمەیش بەزۆری لە چیرۆکەکانی (دڵسۆز)و (حوسێن حوزنی موکریانی)دا دەردەکەون کە بایەخێکی ئەوتۆشیان نەداوە بەرووی هونەری و شەقڵی گێڕانەوەیەکی ساردوسڕیان وەرگرتووە، کە ئەمیش دەڵێم پێویستە چیرۆکەکانی (ئیحسان مستەفا)و چیرۆکە تاقانەکەی (فایەق زێوەر)ی لێ دەرهاوێژین کە لە رووی شێوەو تەکنیک و ناوەرۆکەوە تارادەیەک دەستی وریایی و خۆ خەریک کردنیان پێوەدیارەو لەڕیزی بەرهەمە باشەکانی

ئەو سەردەمەدا دەوەستن. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە کە بتوانین ڕۆژگار و سەردەمی گۆڤارەکانی گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە بە قۆناغێکی لەبارو هاندانی چیرۆکی کوردی دابنێین... هەرچەندە هەندێ لە بەرهەمەکانی دەرێژەپێدانی حیکایەت و بابەتە فۆلکلۆرییەکانی کوردەوارین و کەمتر لە هونەردا تێپەڕیان کردووە..» (١٧).

ئینجا عومەر مەعرووف بەرزنجی لەپەراوێزی کتێبەکەو ناوی (ئیحسان مستەفا)دا بەم شێوەیە وەسفی کردووەو دەڵێ: (ئیحسان مستەفا) لەدەنگی گێتی تازەدا دوو چیرۆکی خستۆتە بەرچاو، بەمەش وەک دەنگێکی دیارو سەرنج ڕاکێش لە لاپەڕەکانی ئەدەبدا پەنجەی هونەرمەندی بۆ ڕادەکێشرێ» (١٨).

(د. شوکریە ڕەسووڵ)یش لەکتێبی (ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب)دا لەکاتی لێدوان لەم قۆناغە و چیرۆکنووسانی هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە)دا هەمان ڕاوبۆچوونی مامۆستا عومەر مەعرووف بەرزنجی هەیە، چونکە بیروڕاکانی ئەوی وەک سەرچاوە بۆ باسەکەی خۆی بەکارهێناوە، بۆیە ڕاشی دەربارەی (ئیحسان مستەفا) هەمان ڕایە(١٩).

(مەحموود زامدار) دوای ئەوەی چوارچیرۆکی تری ئەو چیرۆکنووسە لە ڕۆژنامەی (هەولێر) دەدۆزێتەوە کە لەساڵانی نێوان (١٩٥١-١٩٥٢) بڵاوکراونەتەوە دەگاتە ئەو ڕاستییەی کە ئەم چوار چیرۆکە دەتوانێ ڕاکانی پەسندکراو دەربارەی ئیحسان مستەفا لەوە زیاتریش تێپەڕێنێ کە (حوسێن عارف) و (عومەر مەعرووف بەرزنجی) تەنیا بەدوو چیرۆکی (دایک)و (سکاڵای مردوو) بە چیرۆکنووسێکی گرنگی قۆناغی خۆیان لە قەڵەم داوە، ئیتر زامدار هەر شەش چیرۆکەکەو چۆنیەتی ناسینی و دواندنی و ڕای خۆی دەربارەی چیرۆکەکانی و ڕای نووسەرانی پێش خۆشی لەم کتێبەیدا بڵاودەکاتەوەو بەپێشڕەوێکی نوێخوازی چیرۆکی کوردی دەیەی چلەکان و سەرەتای دەیەی پەنجاکانی دەناسێنێ و ناویش لەکتێبەکە دەنێت (دامەزراندن- ئەفراندن- پێشڕەوێک) و لەساڵی (١٩٩٩) لەلایەن بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز بە (٤٨) لاپەڕەی قەوارە بچووک بڵاودەکرێتەوە.

(مەحموود زامدار) لەم کتێبەدا دەربارەی پێشڕەوی و نوێخوازی چیرۆکنووسی ناوبراو دەڵێ: «کەڵە چیرۆکنووسێکی وەک (ئیحسان مستەفا)ی پارێزەرو هەولێری، یەکێکە لەو پێشڕەوە لە خۆبردووانەی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی ئەم سەدەیەو کەم کەسیش- زۆروکەم- هەیە ئەم مرۆڤە خاکەراو دڵازاو ڕۆشنبیرەی ناسیبێ، یان بەرهەمی خوێندبێتەوە. ئەوە لەیەک دوو بەرهەم زیاتر، هیچی تری لێ نازانێ و لەمەش زیاتر ئاشنای نەبووە..!؟ ناڵێم مەگەر ڕۆشنبیرانی چل و پەنجاکان، بەرهەمی (ئیحسان مستەفا)یان دیبێ و خوێندبێتەوەو لە پاشان و لە ئەنجامی گەلێ هۆو ئەنگێزەو هەروا وازهێنانی ئەم مامۆستایە لە نووسین و مردنی گەلێک لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەش، هەر بەجارێ لە یاد چووەو فەرامۆش کراوە. خۆ ئەم وەچەیەش بە- گشتی- هەر بەجارێ هیچی لێ نازانێ و هیچیشی نەدیوە.. هەر ئەمەش بوو هانی دام سەرەڕای لێهاتوویی و دەوری دیاری ئەو چیرۆکنووسە هونەرمەندە، تا بێم و شوێن پێیی بکەوم و خۆمی پێ خەریک بکەم و ژیاننامەو چیرۆکەکانی بخەمە بەردڵ و دەیدەی مێژوونووسانی ئەدەب، بەتایبەتیش (ئەدەبی چیرۆکنووسین)و هەروا ڕەخنەگرانی بەزات و سەلیقەو بەویژدان و نەوەی نوێ و ڕاچەنیوی ئەمڕۆی نەتەوەی کورد..» (٢٠).

ئینجا (زامدار) هەڵسەنگاندنێکی خێرای ئەو شەش چیرۆکەی ئیحسان مستەفا دەکات و لەڕووی هونەری و ناوەرۆکەوە بەگوێرەی قۆناغی ئەوسای خۆی لێی دەدوێ و دەڵێ: «جا ئەگەر بێتو بەوردی و بەچاوی هەڵسەنگاندنەوە، سەیری ئەو (شەش کورتە چیرۆکە) بکەین.. ئەوە بەوردی بۆت ڕوون دەبێتەوە کە بۆ ئەو گاڤ و قۆناغە ڕاچەنیوەی هونەری کورتە چیرۆکی کوردی ئەم چیرۆکانە بە شایستەیی و نازکێشانەوە جێگەی خۆیان ئەگرنەوەو دەشبنە سەرچاوەیەکی بەپێز، بۆ گەلێ شیکردنەوەو لێ تۆژینەوەیەکی زانستیانە و ئەکادیمیانەی بوارەکانی تەکنیک و زمان و بونیادو ناوەرۆک، چونکە- بەڕای خۆم- وەک دیارە چیرۆکەکان تاڕادەیەکی زۆر باش لەم بوارانەدا گوێی هونەرییان بردۆتەوەو بوونەتە مایەی تێڕامانێکی قووڵی سەرهەڵدان و قۆناغی ئەو سەردەمەی ئەم هونەرە بۆ ئەو گاڤە زۆر زۆر لەباربووە.

ئەو کورتە چیرۆکانە- بەگشتی- خەستی و چڕی و کورتبڕی و سادەیی و ڕوونی و ڕەوانی و ڕستە

برووسکەیی و وەسفی ناسک و وردی کەس و پاڵەوانەکانیان پێوەدیارەو لێوانلێوە لەنهێنییە جوانەکانی دەق و دووره لەدرێژدادڕی و گفتوگۆی حازر بەدەست و بەنخەنخ و گێڕانەوەی ساردو سڕو بنیادی کۆنەو گیانی وتار نووسینی بێ تام. فیچقە خوێنێکی نوێشی خستۆتە نێو شادەماری کورتەچیرۆکی ئەوسای کوردی و هەر زۆریش لەدنیای ڕاستەقانی چیرۆکنووسێن و ساتەکانی ڕاستگۆیی نزیک دەبێتەوەو دەمانخاتە بەردەم بارێکی زیرەکانەی هونەری و بیرەوەریشمان تێروپڕ دەکات و بەزمان و بەگیانێکی شاعیرانەی پاراو، هەستی مرۆڤانەمان دادەمووچێنێ و قووڵترو ڕەگاژۆتری دەکات و لە چرکەکانی ڕواڵەتبازی و کلکە لەقەیی و لە دڵگوشران و خەمۆکی ڕامان دەپسکێنێ و لەنێو جەستە گشتییەکەی چیرۆکەکاندا، نهێنێ ئیستێتیکییانەی خۆی دەدرکێنێ و هەوڵیش دەدا، ئەم نووسینانەی بکاتە چەکێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی جیهانەکەی دەوروبەری خۆی؟

ڕاستە. هەرچەندە ئەم چیرۆکانە (ئیزافە)یەکی زۆر زۆر نییە، بۆ سەر خەرمان بەرەکەتی چیرۆکی کوردی، بەڵام بۆ ئەو ڕۆژانە، جۆرێکە لە جۆرەکانی داهێنان و هەوڵێک بووە لە هەوڵەکانی نوێخوازی. ئەم نووسەرەش پێشڕەوێ بووە لە پێشڕەوەکانی ئەم هونەرە هەرە بەرزە، لە قۆناغی (گوێزانەوە)و (دامەزراندن)دا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا، شتێکی بە نرخەو بەدیدەی پڕ لە میهری ڕەخنەگرانەی پوختەوە سەیری دەکرێت و دەشبێ هەرواش سەیر بکرێت!؟..» (٢١). بەڵام (نەجات حەمید ئەحمەد)ی ڕەخنەگر و نووسەر لەکتێبی (تیۆری بنیاتی شاراوە)دا کە بەشێکی تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوەو باسکردنی چیرۆکی کوردی و بەمیتۆدێکی نوێ شرۆڤەو لێکۆڵینەوەی خۆی لە هەمبەر چیرۆکی کوردی کردووەو پەنجەی خستۆتە سەر زۆر بوار و بونیادی شاراوەی چیرۆکی کوردی و قۆناغە جیاکان و نووسەرانی زۆری بەسەر کردۆتەوە، دیارە لەبارەی (ئیحسان مستەفا)ش دوای دەرچوونی کتێبەکەی (مەحموود زامدار) بە چیرۆکەکاندا چۆتەوەو زۆر بەوردی و جوانی و زانستییانە لە چیرۆکەکان دواوەو ئەو نووسەرەشی بە لێهاتوو و نوێخواز داناوەو چیرۆکەکانیشی بە سەرەتای نوێخوازی لە چیرۆکی کوردی لە قەڵەم داوەو بەڵگەکانیشی بەم شێوەیە دەسەلمێنێ کە دەڵێ:

«ئیحسان مستەفا)، بە سەرەتای نوێخوازی دادەنرێ لە چیرۆکی کوردیدا، ئەویش لەبەرچەند هۆیەک:

١- چیرۆکەکانی ئیحسان مستەفا هەرچەندە کەمن، بەڵام لە بەکارخستنی زمان و ناوەرۆک و تەکنیکدا، هەوڵی لەبەرچاون بۆ دروستکردنی بنیادی دەوڵەمەند و پڕ مەدلوول، چیرۆکنووس بە توانایەکی سەیرەوە شێواز و تەکنیک لە پێناوی بەرجەستەکردنی جیهانە شاراوەکانی بیری خۆی دەخاتەگەڕ، زمانی وەسفی چیرۆک، لە زمانی شیعرییەوە نزیک دەخاتەوەو بەش بەش کردنی ڕووداوەکان و بنیادەکانی، هەروەک دروستکردنی بنیادی شیعری وایە کە لەوێنەی شیعری نزیک دەبێتەوە، جگە لەمەش پچڕانەکانی زمان و وەسف، هەروەها بەکارهێنانی پچڕانی سینەمایی وایەو هەموو ئەو بنیاد و وێنە ڕووکەشانەی واتا لە بۆتەی یەک بنیاتی دەقدا بەکاردێنێ، کە لەگەڵ خۆیدا ئاڵوگۆڕکاری دەخاتە بنیاتەکانی واتاوەو هێز و گوڕێکی نوێ دەخاتە خوێندنەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا چیرۆکنووس تووشی ڕستەی ڕاستەوخۆی مانا دەبێ و بەلایەنی ساڵانی چلەکانەوە کە چیرۆک هێشتا سیماو خاسییەتی هونەری کاملی نەبووە، بەشێوەیەکی نوێ، بەکارخستنێکی ئاسایی بووە. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو دەسەڵاتی بەسەر زماندا نەبووە، بەڵکو ئەو چیرۆکانەو بەراورد کردنیان لەگەڵ ئاستی زمانەوانی ئەو کاتە شایەتی ئەوە دەدەن کە چیرۆکنووس توانایەکی زمانەوانی چاکی هەبووە، ئەمە جگە لەوەی چیرۆکنووس زۆر بە تواناوە چیرۆکی گەیاندووەتە شێوازێکی ڕۆمانسی و هەندێک جار کۆمیدیش، ئیحسان مستەفا لەماوەی ساڵانی نێوانی (١٩٤٧)و ساڵانی (١٩٥٢) شەش چیرۆکی بڵاوکردووەتەوە لە بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمە، ئێستاش هەندێک لایەنی هونەری پەیوەست بە زمانی بنیادەوە بۆ خوێنەران ڕوون دەکەینەوە لەدوو توێی..» (٢٢).

(دانا فایەق) دەربارەی ئیحسان مستەفا دەڵێ: «زۆرجار کە لەگەڵ (عومەر مەعرووف بەرزنجی)دا باسمان لە چیرۆک و چیرۆکنووسانی کورد دەکرد، ئەو ڕاستەوخۆ ناوی چیرۆکنووسێکی وەکو یەکێک لە پێشڕەوانی چیرۆکی نوێی کوردی ناودەبرد، کە من نەک چیرۆکەکانیم نەخوێندبۆوە، بەڵکو هەر ناویشم

نەبیستبوو، ئەویش چیرۆکنووس و پارێزەر (ئیحسان مستەفا) بوو. ئەوەبوو نامیلکەیەکی بۆ هێنام و گوتی ئەمە سەرجەم چیرۆکەکانی ئیحسان مستەفایەو بیانخوێنەوە!! لە ڕاستیدا سەرەتا پێم سەیر بوو (سەرجەم چیرۆکەکانی ئەو چیرۆکنووسەی مامۆستا عومەر بە یەکێک لە پێشڕەوانی چیرۆکی نوێی کوردی و وەک یەکێک لە داهێنەرەکان ناوی دەبات ئەم نامیلکە بچکۆلە (٤٨) لاپەڕەییە بێت). بە هەرحاڵ نەمویرا هیچ بڵێم و نامیلکەکەم لێ وەرگرت لەسەر بەرگی نامیلکەکە نووسرابوو (دامەزراندن، ئەفراندن، پێشڕەوێک)، کە لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی (مەحموود زامدار) بوو، هەرکە گەیشتمە ماڵەوە دەستم کرد بە خوێندنەوەی و تەواوم کرد، نەخێر جارێکی دیکەش لە سەرەتاوە دەستم بە خوێندنەوەی کردەوە، زۆرم پێ سەیر بوو ئەو چیرۆکانە لە چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا نووسرابن، بۆیە لەدڵی خۆمدا گوتم (بەراستی ئەم چیرۆکنووسە زۆر لەوە گەورەترە کە باسی دەکرا) هەر ئەوەش بوو وای لێ کردم پێشتر چەند دێرێکی لەسەر بنووسم و لە (ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێدا) بڵاوی بکەمەوە. ئەم جارەش تەنیا وەک یاد خستنەوەیەکی ئەو پێشڕەوە بە پێویستم زانی ئەم چەند دێرەی لەسەر بنووسم، کە بەدڵنیاییەوە لە بەرانبەر گەورەیی ئەو داهێنەرەدا شتێکی ئەوتۆ نییە.

ئەگەر ئەو شەش چیرۆکەی ئیحسان مستەفا لەگەڵ باری ڕۆشنبیری بەراورد بکەین، ئەوکاتە و چیرۆک و چیرۆکنووسانی ئەو سەردەمەدا، هەر زوو هەست دەکەین دنیای نووسینی ئەم چیرۆکنووسە و شێوازی نووسینی گەلێک جیاوازە لە دنیای نووسینی چیرۆکنووسانی تر، هەروەها ئەم شێوازەی کە ئەم بەکاری هێناوە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیدا، نەک تەنیا لەلای چیرۆکنووسانی ئەو سەردەمە، بەڵکو لای چیرۆکنووسانی چەند دەیەیەکی دواتریش زۆر بەکەمی دەبینرێ، هەر ئەوەشە وامان لێ دەکات بڵێین.. (ئیحسان مستەفا) زۆر پێش سەردەمەکەی خۆی کەوتووە!..» (٢٣).

(سابیر ڕەشید)یش دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی مەحموود زامدار، لە ژمارە (٣٦)ی گۆڤاری (ڕامان)دا لێدوانێکی دەربارەی ئەم کتێبە بڵاوکردەوە و لەبارەی (ئیحسان مستەفا)و نوێخوازییەکەیەوە لە چیرۆکی کوردیدا دەڵێ «چیرۆکەکانی ئیحسان مستەفا پڕیەتی لە وەسفی جوان و بە زمانێکی پاراو و چڕ و کورتبڕو دەستەواژەی جوانەوە چنراون، بڕواناکەم لە چیرۆکی کوردی سەردەمی خۆیدا ئەم زمانە شیعرییەو بەم فۆرم و ناوەرۆکە نوێیەو نوێکارییەی لە تەکنیکدا کە تێکەڵاوە لە گێڕانەوەی ئاسایی و تێکەڵ بە دایەلۆگ و مەنەلۆگ و بەکارهێنانی شەپۆلی هۆش و دوورکەوتنەوە لەپێشەکی دوورودرێژو دووبارە کردنەوەو چەندان تەکنیکی تری نوێ بە کاریگەری چیرۆکی بێگانە کە لەو سەردەمە لە گۆڤاری گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە بڵاودەبوونەوە، چیرۆکنووسانی ئەوکاتەی قۆناغی خۆی نەیانتوانیوە بەم شێوازە نوێیە چیرۆک بنووسن، ئەم شێوازەش دیارە ئەوکاتە بەهۆی وەرگێڕانەوە ئاگاداری بووەو سوودی لێوەرگرتووە..» (٢٤).

(د. عەبدوڵڵا حەداد) لە ژمارە (٢٤-٢٥)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٤)ی گۆڤاری (نووسەری نوێ)دا کە ئەوکاتە سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو، دۆسیەیەکی تایبەتی دەربارەی(ئیحسان مستەفا)ی چیرۆکنووس ئامادە دەکات.

(د. عەبدوڵڵا حەداد) لەکۆتایی ژیاننامەی نووسەر ڕای خۆی لەبارەی نوێخوازی ئەم چیرۆکنووسە بەم شێوەیە دەربڕیوە و دەڵێ: «ئیحسان مستەفا لە سەردەمی خۆیدا خاوەنی تێڕامانی نوێ بوو، بە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا کاریگەر بووە.» (٢٥).

بێ گومان هەموو ئەم لێدوان و بیروڕایانەش کە دەربارەی ئەم چیرۆکنووسە پێشڕەوە دراون، هەموویان لەسەر ئەم ڕاستییە کۆکن کە چیرۆکنووس لە سەردەمی خۆیدا بە تەکنیک و شێوازێکی نوێ چیرۆکی نووسیوە، ئەگەرچی هەندێک لەو ڕایانە بەتایبەتیش ڕای حوسێن عارف و عومەر مەعرووف بەرزنجی تەنیا لەبارەی دوو چیرۆکی نووسەر بووە کە دیارە ئەوان هەر ئەو دوو چیرۆکەیان دیوە کە لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا لە ژمارە (٤)و (٥)ی ساڵی (١٩٤٤) بڵاوکراونەتەوە، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی نامیلکەکەی (مەحموود زامدار) و لەخۆگرتنی شەش چیرۆکی ناوبراو، ئەوە بیروڕاکان تەواو چەسپان و نووسەرانی تریش بەشێوەی پۆزەتیڤی دەربارەی ئەفراندن و نوێخوازی ئیحسان مستەفا نووسییان وەک ئێمە لەم باسەدا پێشتر ئاماژەمان پێداون.

## باسی سێیەم: هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکانی ئیحسان مستەفاو شوێنیان لە نوێخوازی چیرۆکی کوردیدا

### چیرۆکی یەکەم: دایک

ئەم چیرۆکە بە گوێرەی مێژووی بڵاوکردنەوەی یەکەم چیرۆکی نووسەرە کە لە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٤٤)ی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوکراوەتەوە.

عومەر مەعرووف بەرزنجی دەربارەی ئەم چیرۆکەو ڕۆڵی ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا لە چیرۆکنووسانی تر جیای دەکاتەوەو دەڵێ: (بەڵام ئیحسان مستەفا لە ڕوویەکی ترەوە لە ئافرەت دەدوێ و دەیەوێ میهرەبانی و سۆزی دایکایەتی دەرببڕێ بۆ ڕۆڵەکەی، ئەمەش لە چیرۆکی (دایک)دا دیاری دەدات: نووسەر وەک یەکێک لە کەسانی چیرۆکەکە ڕۆژێک دەگەڕێتەوە ماڵەوە دەبینێ کە پیرێژنێکی هەژار لە تەنیشت دایکییەوە دانیشتووەو چاوەڕوانی ئەم دەکەن تاعەرزو حاڵێکی بۆ بنووسێ و شکات لە کوڕەکەی بکا، چونکە هەرچەندە بەهێزی بازووی پێی گەیاندووە، کەچی لایەکی لێ ناکاتەوەو ڕەهەندەی ماڵانی کردووە، بەڵام دوای (٨) ساڵ بەسەر ئەم کارەساتەدا نووسەر لەگەڵ هەندێ لە برادەرەکانیدا بەلای گۆڕستانێکدا دەڕۆن... دەبینن کە ئەو پیرێژنەی شکاتی لە کوڕەکەی دەکرد ئێستا لەسەر گۆڕەکەی دانیشتووەو دەیلاوێنێتەوە.. چونکە سۆزی دایکایەتی بەهیچ هێزێک ناگیرێت، دایکیش لەهەموو ڕۆژگارێکدا دەری دەخات کە دایکە...» (٢٦).

حوسێن عارف دەربارەی چیرۆکی (دایک) دەڵێ: «لە (دایک)دا لە باسێکی ئاسایی دەدوێ کە سۆزی دایکایەتییە، بەڵام ئەم ئەو ڕووەی دەنوێنێ کە وەک هەستێکی مرۆڤانەی نەمر، چەندە دڕک و داڵی کارەساتی سەخت و ستەمکاری ژیانیشی تێ بئاڵێ، قەت بەری لێ ناگیرێ و بڵێسەی لە کوژانەوە نایەت.

«ئێستاش لەبیرمە، هەرچەندە ساڵەکانی پێشوو دێنمە پێش چاوم دێتە بیرم... چۆن لە بیری کەم... ها چۆن لەبیری کەم؟ من خۆم بەدەستی خۆم عەرزو حاڵەکەم بۆ نووسی». چیرۆکەکە وەها دەست پێ دەکا. واتە بە مۆنۆلۆژ کارەساتێکی ڕابردوو دەگێڕێتەوە کە کەرتی یەکەمی چواردە ساڵ لەوەبەر ڕووی داوەو کەرتی دووەمی شەش ساڵ، لە کەرتی یەکەمدا، ڕۆژێکیان چیرۆک گێڕەوە کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، پیرێژنێک دەبینێ لای دایکی دانیشتووەو چاوەڕوانی ئەم دەکا. تێیدەگا کە دەیەوێ عەرزو حاڵێکی بۆ بنووسێ بۆ داواکردنی (نەفەقە) لە کوڕەکەی.

کە ڕەنجی فەرهادی بۆ داوە تا پێی گەیاندووەو کردوویەتی بە (تیجار)و ژنی بۆ هێناوە، کەچی لە چوار مانگ لەوەبەرەوە دەری کردووەو سەرگەردان و کەساس کەوتووە. دیارە لێرەدا دەپرسێ کە ئاخۆ پیرێژن چۆن بیری بۆ ڕێ و شوێنی ئەم عەرزو حاڵ نووسینە چووە؟ چۆنیش ڕێی کەوتۆتە ماڵی ئەمان؟

چیرۆکنووس زیرەکانە وەرامی پرسیاری یەکەمی داوەتەوە کە دایکی کوڕە ئەم نەخشەیەی بۆ پیرێژن کێشاوە، هەروەکو زیرەکانەش وەرامی پرسیاری دووەمی دیاری نەکردووە، بۆ ئەوەی لای خوێنەر ببێتە باسی چیرۆکێکی تر کە خۆی دروستی کات و بیخاتە سەر ئەوەی دەیخوێنێتەوە وەک ئەوەی پیرێژن ناسیاوێکی کۆنی دایکی کوڕە بێ، یان ناسیاوێک ناردبێتییە ماڵی ئەمان، یان بەدەم سواڵکردنەوە ڕێی تێی کەوتبێ..» (٢٧).

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا خۆی لەشێوەی گێڕانەوەی هەقایەتئامێزی جاران ڕزگار کردووە کە بە پێشەکییەکی دوور و درێژ و بە زمانێکی وەسفی درێژ لەشێوەی سەرەتای هەقایەتخوانی چیرۆکی کوردی جاران کە لە سالانی ئەم سەردەمەی چیرۆکنووس باوبووە، بەڵام ئەو یەکسەر بە مۆنۆلۆژ چیرۆکەکەی لە زمانی درێژدادڕی و پێشەکی زیادە دەرباز دەکات و دوای ئەمەش بە فلاشباک کە بەگوێرەی سالانی چلەکان تەکنیکێکی نوێیە لە چیرۆکی کوردی بۆ چواردە ساڵ بەر لە گێڕانەوەی چیرۆکنووس دەگەڕێتەوە، یان بەر لەگێڕانەوەی بگێڕەوەی چیرۆکەکە کە لەم چیرۆکەدا بگێڕەوەی ئاگادار بە هەمووشت، یان بگێڕەوەی هەمووشت زانە بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە پێش ئەو چوار ساڵە عەرز و حاڵەکەی بۆ دایکی ئەو کوڕە نووسیوە تا شکاتی لێ بکات بۆ پێدانی نەفەقە، چونکە دیارە کوڕەکەی لەگەڵ دایکیدا باش نەبووە. ئەمەش سەرەتایەکی هونەری بەهێز و نوێیە لەم سەردەمەی سالانی چلەکانی چیرۆکی کوردیدا.

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا زمانی وەسفی بەکارهێناوەو

توانیویەتی بەسەر زماندا زاڵ بێت و ڕستەو دەستەواژەو دەربڕینەکانی کورتبڕن و بە ڕەوانی دەربڕاون وەک ئەم نموونانە:

– ئێستاش بە چاوی خەیاڵ ئەیبینم..

– بەدەنگێکی کزو نزم و باریک، بەدڵێکی بەکوڵ و جۆشەوە، بە قوڵپە قوڵپی گریانەوە ئەیوت و دەمنووسی..

– ژنێکی پیری چەماوەی پشت دەرپەڕیوم دی، دارێکی خواری بەدەستەوە بوو و دەهاتە پێش، کلاشە دڕاوەکەی لەدوای خۆی کێش ئەکرد..

– وشەکانی پارچە پارچە لەدڵێکی بریندارو خەمناکەوە دەهاتنە دەرەوە...

هەر لەم چیرۆکەدا، چیرۆکنووس بایەخی بەدیالۆگ داوە، بەڵام لە دیالۆگەکاندا نەهاتووە بەزمانی چیرۆکنووس قسەکان دەربڕێ، بەڵکو بەگوێرەی ئاستی بیرکردنەوەو باری ڕۆشنبیری و ئاستی زانستی پاڵەوانەکانی قسەکان دەردەبڕێت، چونکە وەک لە دیالۆگەکاندا دیارە هەندێک وشەو دەستەواژە کە لەسەر زمانی کەسانی نەخوێندەوار دەردەبڕدرێن بەهەڵە لەسەر زمان دەدرکێن، بەڵام چیرۆکنووس نەهاتووە ئەو وشەو دەستەواژانە بکاتە زمانێکی ئەدەبی، بەڵکو وەک خۆی دەریاندەبڕێ بۆ نموونە لەم دیالۆگانەدا:

– کوڕم خوا مەحاشت (١٠) دیناربی، ببی بە عاجی، ببی بە قومسۆر.

لێرە لەم دیالۆگە مەحاش هەڵەیە ڕاستییەکەی مەعاشە، هەروەها عاجی هەڵەیەو ڕاستییەکەی حاجییە، هەمدیس قومسۆریش هەر هەڵەیە.

یان کە دەڵێ:

– ئەرێ بەخوا کوڕم.. تکانم بۆ دانا کردمە تەجار! کە هیچی نەبوو. ئەرێ بەخوا هیچی نەبوو چ بکەم تاقانە بوو! چۆن بێ ئیشی ببینم؟ باوکیشی مردووە چەک و خشلی خۆم فرۆشت تکانێکی ئاوەدانم بۆ دانا. هەتا نەمردووم ژنیشم بۆ هێنا. دەست و لاقی پیاوە گەورەکانم ماچ کرد تا بیکەنە خاوەن قۆنتەرات لای حەسکەرەکان. ئەو چاوانەم کوێر بێ ئەگەر خراپییەکم بۆی ببێ.

لەم دیالۆگەدا: تکان هەڵەیە ڕاستییەکەی دوکانە
تەجار هەڵەیە ڕاستییەکەی تاجیرە
خاوەن قۆنتەرات هەڵەیە ڕاستییەکەی قۆنتەراتچییە
حەسکەر هەڵەیە ڕاستییەکەی عەسکەرە

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس هەموو دیالۆگەکانی لەسەر زمانی ئەو پاڵەوانەی کە دایکی کوڕەکەیە وەک خۆی دەربڕاون کە ئێمە نەمانویست هەموو نموونەکان بخەینەڕوو، ئەمەش لەچیرۆکنووسیندا کارێکی ڕاست و تەندروستە، نەک دەسکاری زمانی پاڵەوانەکان بکرێ بۆ ئەوەی خوێنەر ئاستی بیرکردنەوەی پاڵەوانەکانی بەهۆی زمانی دەربڕینییەوە بداتە خوێنەر و ئەمەش بەڕای من جوانییەکی تر و ڕاستگۆییەکی تری بە چیرۆکەکە داوەو بە هونەری تری کردووەو لەڕووی شێوەشەوە چیرۆکەکەی لەکەدار نەکردووە، بەڵکو یارمەتی خوێنەری داوە تا ئاستی ڕۆشنبیری پاڵەوانی چیرۆکەکە بزانێ.

لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس بەهۆی چەندان تەکنیکی جیاوە چیرۆکەکەی لەگێڕانەوەی ئاسایی ڕزگار کردووە وەک تەکنیکی مۆنۆلۆژ و فلاشباک و بەکارهێنانی دیمەن و مۆنتاژی سینەمایی و هێنانە پێش چاو و دیالۆگ و سوود وەرگرتن لە یادەوەری و بەشداریکردنی خوێنەر وەک لە کۆتایی چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس بەشێوەی موفارەقە چیرۆکەکەی داوەتە خوێنەر و تووشی سەرسوڕمانی دەکاو وای لێ دەکات بیر لە سەرەتای چیرۆکەکە بکاتەوەو پێکەوەیان گرێ بدات، لە هەمووشی گرنگتر بایەخدانی نووسەرە بە زمانی چیرۆکەکە کە خۆی لە درێژدادڕی و زمانی وەسفی زیادەو زیادەڕۆیی ڕزگار کردووەو شیعرییەتی بە چیرۆکەکە بەخشیوە و ڕستەکانی بەکورتبڕی و هەڵبواردن داوەتە خوێنەر، بەمەش خۆی لە چیرۆکی پێش خۆی جیاکردۆتەوە و خوێنەری زیرەک هەست بەوە دەکات کە ئەو چیرۆکە لەڕووی شێوەو ناوەرۆکەوە کاریگەری چیرۆکی ئەوروپایی پێوە دیارە، چونکە چیرۆکنووس خۆشی پارێزەر بووەو ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بووە دیارە هیچ نەبێ لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بە کاریگەری چیرۆکی ئەوروپایی ئەم چیرۆکەی نووسیوە کە لەو سەردەمەدا لە گۆڤاری (گەلاوێژ)و (دەنگی گێتی تازە) کە دوو گۆڤاری گرنگی ئەو سەردەمەی چیرۆکنووسن و ئەم دوو گۆڤارەش لەکاتی دەرچوونیاندا بایەخیان بەچیرۆکی وەرگێڕدراو داوە، یانیش بەهۆی زمانی عەرەبییەوە ئاگاداری ئەدەبی بێگانە بووە، چونکە نووسەر خۆی لە بەغدا خوێندوویەتی و نیشتەجێ بووە ئەو زمان پاراوییەشی وەک زامدار لێی

پرسیوە بەهۆی خوێندنەوەو ئاگاداری بووە لە ئەدەبیاتی کوردی.

**پەراوێزەکان:**

**١- بڕوانە: مەحموود زامدار، دامەزراندن- ئەفراندن- پێشڕەوێک، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٩.**
**٢- بڕوانە: سابیر ڕەشید، لێدوان لەکتێبی، دامەزراندن- ئەفراندن- پێشڕەوێک، گۆڤاری (ڕامان)، ژ (٣٦)ی حوزەیرانی ١٩٩٩، ل٣١٠، هەروەها دانا فایەق، لێدوان لە هەمان کتێب، گۆڤاری (ڕامان)، ژ (٧٢)ی حوزەیرانی ٢٠٠٢، ل٢٨٢**
**٣- بڕوانە: دۆسیەیەکی تایبەتی بە چیرۆکنووسی داهێنەر ئیحسان مستەفا، گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژمارە (٢٤-٢٥)ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، ل١٩٩-٢٠٤.**
**٤- حوسێن عارف: بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٨٣)، چ/١، ١٩٨٧، ل١٧١.**
**٥- نەجات حەمید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥١.**
**٦- حوسێن عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠)، چ/١، بەغدا، ١٩٧٧، ل٨٢.**
**٧- عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٩)، بەغدا، ١٩٧٨، ل٤٦.**
**٨- د. عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ل٥٧.**
**٩- د. عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الادب الكردي، ط١/، بيروت، ص٢٠٦.**
**١٠- د. شوکریە ڕەسووڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩، ل٢١٥.**
**١١- عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، بەغدا، ١٩٩٨، ل٢٧٣.**
**١٢- سەلیم ڕەشید ساڵح، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٧٥.**
**١٣- سابیر ڕەشید، چیرۆکی کوردی- ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٢.**
**١٤- حوسێن عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠)، ل٨٢.**
**١٥- حوسێن عارف، هەمان سەرچاوە، ل٨٤.**
**١٦- عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٩)، ل٤٤.**
**١٧- عومەر مەعرووف بەرزنجی، هەمان سەرچاوە، ل٤٧.**
**١٨- عومەر مەعرووف بەرزنجی، هەمان سەرچاوە، ل٤٧.**
**١٩- د. شوکریە ڕەسووڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.**
**٢٠- مەحموود زامدار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.**
**٢١- مەحموود زامدار، هەمان سەرچاوە، ل١٣.**
**٢٢- نەجات حەمید ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥٢.**
**٢٣- دانا فایەق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٣**
**٢٤- سابیر ڕەشید، لێدوان لە کتێبی دامەزراندن- ئەفراندن- پێشیرەوێک، گۆڤاری (ڕامان) هەمان ژمارەی پێشوو، ل٣١١.**
**٢٥- د. عەبدوڵڵا حەداد، دۆسیەیەکی تایبەتی بە چیرۆکنووسی داهێنەر ئیحسان مستەفا، گۆڤاری (نووسەری نوێ) هەمان ژمارەی پێشوو، ل١٩٩.**
**٢٦- عومەر مەعرووف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ٦٠.**
**٢٧- حوسێن عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠)، ل٨٣.**

# کاریگەری (وێرانە خاک) لەسەر (سترانی نێرگز)

**سامان دزەیی**
**(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی زمان)**

**(١ – ٢)**

**پێشەکی**

یەکێک لەو هۆکارانەی کە وا دەکات ئەدەبی نەتەوەیەک کار لە ئەدەبی نەتەوەیەکی تر بکات بریتییە لە بوونی شاکارێک لەناو یەکێک لەو ئەدەبانە. پەرینەوەی ئەو کارەش، یان لە ڕێگەی زمانە ڕەسەنەکەوە دەبێت، یان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە. بەم جۆرە ڕەنگە ئەم شاکارە چ بەهۆی تەکنیک، یان شێواز، یان ناوەرۆکەکەیەوە کار لە نووسەرێک لە نووسەران بکات. لێرەدا: (نووسەر بە ئارەزووی خۆی شارەزایی لە ئەدەبێکی بێگانە پەیدا دەکات و بە ئاگاییەوە ئەم شارەزاییە وەردەگرێت بۆ ئەوەی ئاسۆی بەهرەی ئەدەبی خۆی پێ فراوان بکات).(١) ئینجا هەوڵ دەدات نموونەیەکی بەرز و پڕشنگدار هەڵبژێرێت، یان تەکنیک و هونەری نوێ لە ئەدەبێکی تردا بدۆزێتەوە بە مەبەستی گواستنەوەیان بۆ ناو ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بەهیوای سوود وەرگرتن لەم شاکارە تا ببێتە مایەی پێشخستن و داهێنانی ڕوخساری نوێ لە ئەدەبی نەتەوایەتیدا.

نموونەگەلێک لە ئەدەبی جیهانیدا هەن کە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، لە ئەدەبی کوردیشدا بۆ نموونە (گۆران) کە لە ڕێی کاریگەری ئەدەبی ئینگلیزییەوە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخسا کە گۆمی مەنگی شیعری کوردی بشلەقێنێ و ئەنجامەکەشی داهێنانی ڕۆمانسییەت بوو لە شیعری کوردیدا.

هەروەک ئاشکرایە ڕۆڵی تاک گرنگییەکی تایبەتی لە توێژینەوە بەراودکارییەکاندا هەیە، چونکە ئەو تاکانە توانیویانە پەرە بە ئەدەبی نیشتمانی بدەن و بەرەو پێشی ببەن. یەکێک لەو شاعیرە ئینگلیزانەی ئامادەبوونێکی بەرچاوی لە شیعری کوردیدا هەیە (ت.س. ئیلیەت ١٨٨٨–١٩٦٥)ە، کە لەلایەن شاعیرانی کوردەوە لە ڕێگەی شیعرە وەرگێڕدراوەکانی ناسراوە، بە تایبەتی شیعری (وێرانەخاک). لە ڕاستیدا وێرانەخاک کاریگەریی مەزنی بەسەر (مۆدێرنیزمە) نوێخوازییەوە هەیە. ئەم کاریگەرییەش بە تەنیا بەسەر ئەدەبی ئینگلیزییەوە نییە، بەڵکو بەسەر ئەدەبی هەموو جیهانەوەیە. کەواتە شتێکی نامۆ نییە کە وێرانەخاک کاریگەری بەسەر شاعیرانی کوردەوە هەبێت، بەتایبەتیش کاتێک ئەوان مامەڵەیان لەگەڵ نوێخوازیدا کرد، لای ئێمەش نامۆ نییە کە چەندین شاعیرمان بە پێشەنگی دابنێین و بیکەنە سەرچاوەیەک بۆ ڕێبازیان بەرەو مۆدێرنیزم. لە دوای (١٩٧٠)وە گەلێک لە شاعیرانی کورد لە ڕێگەی وێرانەخاکەوە ڕێچکەی خۆیان لە شێواز و ناوەرۆک و تەکنیکی ئەو شیعرەوە گرت.

لێرەدا لە بارەی یەکێک لەو شاعیرانە گفتوگۆ دەکەین کە بە کەشوهەوای ئیلیەت ئاشنایە، ئەویش (دڵشاد عەبدوڵڵا)یە. شاعیر تایبەتمەندی خۆی لەنێو شاعیرانی هاوتەمەنیدا هەیە بەوەی کەم دەنووسێ، چونکە



ئیلیەت

بەشێوەیەکی جددی مامەڵە لەگەڵ نووسیندا دەکات و بەشێوەیەکی گشتی گرنگی بە کولتووری کوردی دەدات، وێڕای ئەوەش ئالوودەی کولتوور و ئەدەبی جیهانییە، بەتایبەتی شیعرەکانی تی.ئێس.ئیلیەت، ئەمەش لەپێناو پەرەدان بە بەهرەی شیعری و داهێنانی شێوازی نوێ لە شیعری کوردیدا.(٢) (دڵشاد عەبدوڵلا) گرنگییەکی تایبەتی بە (تی.ئێس. ئیلیەت) داوە کە بە ئاسانی دەتوانرێت تەکنیک و وێناکردنی ئەلیەتیانە لە شیعرەکانیدا هەست پێ بکرێت.

ئازاد مەولوود لە گۆڤاری «الثقافة»دا دەربارەی ئەم شاعیرە دەنووسێت: (دڵشاد بە ئاگاییەوە خوێنەر بۆ سەرچاوەکانی کولتوور، ئەفسانە، دەروونزانی پەلکێش دەکات، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئیلیەت بەهۆی زۆر خوێندنەوەی ئەم شاعیرەوە).(٣)

کەواتە ئەم شاعیرە بە ئاگاییەوە ئیلیەت دەخوێنێتەوە، ئەم ئالوودەییەی بۆ ئیلیەت بە مەبەستی فراوان کردنی بەهرەی تاکەکەسی خۆیەتی تاوەکو گۆڕانکاری لە تەکنیکی شیعری کوردیدا بکات و شێوازێکی هونەریی نوێ بێنێتە کایەوە، تاوەکو لە ریالیزمی باوی بابەتە گشتییەکان لە شیعری کوردیدا دەرباز بێت. کەواتە ئەمە هەنگاوێکە بۆ تازەبوونەوە، بۆ شیعری نوێی کوردی لە میانی کەشوهەوای مۆدێرنیزمدا پێویست بوو. شاعیر لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا خۆی لە ڕۆنان و دروستبوونی بەهرەی شیعری ئەودا باس لەو کاریگەرییە دەکات: (بەو شێوەیە چەشەی شیعریم گۆڕا. ئەو گۆڕانە کەم تا زۆر پێوەندی بە دۆزینەوەی تی. ئێس. ئیلیەتەوە هەبوو. کە من ساڵانێکی دوورودرێژ کەوتبوومە ژێر کاریگەری شیعرەکان و قەناعەتە شیعرییەکانی).(٤)

هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکردووە، لەدوای گرووپی (ڕوانگە) شاعیرانی کورد لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ بێزار بوون و زیاتر گرنگییان بە بابەتی ئاڵۆز و ئێستێتیکی دەدا، ئەمەش پێویستی بە تەکنیک و شێوازی دەربڕینی تر دەکرد.

هەربۆیەش ئاشنابوونی ئەم شاعیرە بە ئیلیەت ڕێ خۆشکەربوو لە دۆزینەوەی ئەو ئامرازە شیعریانە بۆ دەربازبوون لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ لەلایەک و لەلایەکی تریش بۆ دۆزینەوەی ئەو فەلسەفەیەی کە لە ڕووی سایکۆلۆژیاوە بۆ بنیادنانی بناغەی مەعریفی بۆ شیعرەکانی پاڵپشتی دەکرد، هەروەها دەڵێ(٥): ئیلیەت ئەوەی فێرکردم کە پەردەی دووەمی کارەسات زیندوو بوونەوەیە. ڕێک ئەوە لە سروشتدا بە مانایەکی تر ڕوودەدات.

ئەوەی لە ئیلیەت فێری بووە لەم لایەنەوە خاڵێکی گرنگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کوردستانی دوای نسکۆی (١٩٧٥) و داپڵۆسین و زەبروزەنگی ڕژێمی بەعس و جەنگی یەکەمی کەنداو، ئەم شاعیرە لە جیهانی دەرەوە بە ئاگابووە و فێربووە چۆن ئەو کارەسات و واقیعە بە چەندین جۆرە ڕێگەی داهێنەرانە نیشان بداتەوە. بۆ ڕەنگدانەوەی بیرۆکەکانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئیدیۆی شیعری فێربووە چۆن سوود لە ئەفسانە وەربگرێت.

کەواتە ئەم شاعیرە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکات و لە ئەزموونی ئیلیەتەوە ئەو کەرەستانەی دۆزیوەتەوە کە لە ئەزموونی تایبەتی خۆی بۆ وەدەستهێنانی ستایلی دەربڕین سوودیان لێوەربگرێت. ئەمەش لەگەڵ پێداویستییەکانی شیعری کوردی دوای نسکۆی (١٩٧٥)دا یەکدەگرێتەوە.

لەم بەشەدا یەکێک لە شیعرەکانی شاعیر لەگەڵ شیعری (وێرانەخاک)ی تی.ئێس. ئیلیەت بەراورد دەکەین، بە مەبەستی دۆزینەوەی لێکچوون لەنێوان هەردوو شیعرەکەدا، ئەمە وێڕای شیکردنەوەی چۆنیەتی سوود وەرگرتنی ئەم شاعیرە لە وێرانەخاک لە ڕووی



دڵشاد عەبدوڵڵا

شـێـواز و تەکنیکەوە، هەروەها دۆزینەوەی توخـمی ئیلیەتیانە لە شیعرەکەدا. سترانی نێرگز (١٩٩٩) شیعرێکی (دڵشاد عەبدوڵڵا)یە لە کۆ شیعری (بەفرنووس- ١٩٩٩)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم شیعرە وێنای کێشەی مرۆڤێک دەکات کە بەرانبەر بە سەختی و دژواریی بوون لە تێکۆشاندایە، هەوڵ دەدات خۆی لە کاریگەریی قورسی زەمەن بە دوور بگرێت، هەروەها شەپۆلێک لە وێنەی هەستداری سایکۆلۆژی دەبەخشێ و سەرگەردانییەکانی وەک مرۆڤێکی سەردەمە، هونەرمەندانە لە شیعرەکەدا دادەڕێژێت(٦).

**کاریگەری نێوان دوو دەق**

لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر وشەی (کاریگەری) پاڵپشت بەقوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسایی بۆ بەدەرخستنی ئەوەی کە چۆن شاعیر لە شیعری (سترانی نێرگز)دا کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شیعری (وێرانەخاک).

**نیسان سەرسەختترین مانگە**

دەستپێکی شیعری وێرانە خاک دەنگدانەوەی دەستپێکی (چیرۆکەکانی کانتر بری)ی چۆسەرە، بە هەمان شێوە دەستپێکی سترانی نێرگز بەم دێرە دەست پێدەکات.

**ڕێبەندان مانگی تەنیایی و خۆکوشتنە**

سترانی نیرگز د/١

بێ گومان دەستپێکی (سترانی نێرگز) دەنگدانەوەی دەستپێکی (وێرانەخاک)ە. کەواتە هەر لە سەرەتاوە شاعیر دەیەوێت شیعرەکەی هاوشێوە لەسەر شێوازی ئیلیەت بنیاد بنێت، هەروەکو ئاشکراشە کە دێری سەرەتا لە شیعردا ئەو دێرەیە کە تەواوی شیعرەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت. نەوەک تەنیا دەستپێکی شیعرەکە دەنگدانەوەی دەستپێکی وێرانەخاکە، بەڵکو لە دێرێکی تریشدا دەنگ دەداتەوە:

**زستان وەرزی سەرسەختییە**

سترانی نێرگز د/١٨

ئەو دووبارە دەنگدانەوەیەی دەستپێکی وێرانەخاک هەروا بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو پێوەندییەکی قووڵتری لەنێوان شیعرەکە و (وێرانەخاک)دا هەیە. لەگەڵ بەردەوام بوونمان لە خوێندنەوەی شیعرەکە، ئەو کاریگەرییەمان ڕوونتر بەرچاو دەکەوێت.

شاعیر (گوڵە زەنبەق) دەکات بە (نێرگز) کە گوڵێکی خۆماڵییە، بەمەش هەست دەکەین شاعیر دەیەوێت لەلایەک لە قورسیی کاریگەرییەکە کەم بکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە جیاوازی خۆی وەک شاعیرێک کە لە کولتوورێکی جیاوازدایە نیشان بدات و تایبەتمەندی خۆی دەپارێزێت. سەرەتا مانگی (نیسان) دەکات بە (ڕێبەندان)، ئەم جارەش (زەنبەق) دەکاتە (نێرگز)، بەمەش خولیای ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندیی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە دووپات دەکاتەوە کە بۆ گەشەپێدانی کولتووری نەتەوەکەی، سوود لە سەرچاوەکانی نوێخوازی ئەدەبی گەلان وەردەگرێ، بێ ئەوەی ئەم کاریگەرییە لە ڕەسەنایەتی ئەو کەم بکاتەوە.

لە هەمان کاتدا هەردوو گوڵەکە لە هەردوو شیعردا هەمان کار ئەنجام دەدەن و هەردووکیان هێمان بۆ هیوا:

**تۆ بڵێی لەم گەشتە**

**چەپکە نێرگزێک بچنم**

سترانی نێرگز د/١٠١-١٠٢

**گوڵە زەنبەق**

**لە خاکی مردووەوە سەر دەردێنێ**

وێرانەخاک د/٢

وێناکردنی بەفر وەک حاڵەتی بیرچوونەوە و جیابوونەوە لە ژیانی ڕاستەقینەدا دووبارە لە یەکچوونێکی تری هەردوو شیعرەکەیە:

**بەفر منی بە یەکجاری جیاکردەوە**

سترانی نێرگز د/ ٤
کە ئەمەش تەواو دەنگدانەوەی ئەم دێرەی وێرانە خاکە:
**زستان گەرمی کردینەوە، بە بەفری لەبیرچوونەوە**
وێرانەخاک د/ ٥-٦
کەواتە ئەو بەفرەی شاعیری کوردی جیاکردەوە، هەمان بەفری بیرچوونەوەیە کە لە (وێرانەخاک)دا زەوی پۆشی. بەفر قسەکەری لە ژیانی ڕاستەقینە جیا کردووەتەوە و وای لێدەکات چیتر مامەڵەی لەگەڵدا نەکات، هاوشێوەی بەفری بیرچوونەوە لە وێرانەخاک کە قسەکەری لە ژیان جیاکردۆتەوە و وای لێکردووە ئیتر لەگەڵ زەوی (واقیع) بەهۆی بیرچوونەوەوە پێوەندی بپچڕێت، ئەمەش هەمان بیرۆکە و هەمان وێنەیە کە هەردوو شیعرەکە لە ڕێگەی هەمان وشەوە (بەفر)ەوە پێشکێشی دەکەن. وێنەیەکی تر لە هەردوو شیعردا ئامادەبوونی هاوبەشی هەیە، چیایە کە بۆتە هێما بۆ سەربەستی:
**سەرکەوە**
**با لووتکە هەر زۆرین**
سترانی نێرگز د/ ٢١-٢٢
**لە قەد چیاکان، لەوێ هەست بە ئازادی دەکەیت**
وێرانە خاک د/١٧
لە هەردوو شیعرەکەدا چیا وەک هێمایەکی ئازادی پێشکێش کراوە. کە لە خوێندنەوەی سترانی نێرگز بەردەوام دەبین گەلێ وێنەی هاوبەش دەبینین کە لە یەکچوون و نزیکبوونەوە لەگەڵ وێرانەخاک دەردەخەن.
با سەرنجێکی وردی ئەم دێرانە بدەین:
**با منیش بە جوانی ببینم**
سترانی نێرگز د/ ٢٤
**پێویستە مرۆڤ لەم ڕۆژگارانەدا گەلێک وریا بێت**
وێرانە خاک د/٥٩
**ئاوی دەریا گەرمە و جوانە و فراوان**
سترانی نێرگز د/٢٨
ئەمەش هەر هەمان دەربڕینە کە لەم دێرەدا هاتووە:
**دەریاش خاڵی و فراوانە**
وێرانە خاک د/ ٤٢
زۆر لە وێنەکانی سترانی نێرگز هاوشێوەی وێرانەخاک بنیاد نراون:
**لەبەردی خەواڵووی بنیشی بێنە لام**
سترانی نێرگز د/ ٥٢
دەکرێت ئەم دێرە بەراورد بکرێت بە
**بەردی بێ گیان خوڕەی ئاوی لێ نایەت**
وێرانە خاک د/ ٢٤
کاریگەرییەکە ڕوونە و بە ڕامانێکی کەم دەتوانرێت لە یەکچوونێکی زۆر لەنێوان هەردوو شیعرەکە بەدی بکرێت. با سەیرێکی ئەم پرسیارەی (سترانی نێرگز) بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ پرسیارێکی (وێرانە خاک) و سەرنجی هاوشێوەیی و لێکچوونیان بدەین:
**تۆ بڵێی لەم گەشتە چەپکێک نێرگز بچنم؟**
سترانی نێرگز د/١٠١
کە ئەمەیان وێنەیەکی زۆر نزیکە لەم دێرەی خوارەوە:
**داخۆ ئەمساڵ گوڵ دەگرێت**
وێرانە خاک د/٧٢
کە ئەمەیان هەمان پرسیار و هەمان گومانە سەبارەت بەهیوا، بە کۆتایی، کە بە هێمای گوڵ پێشکێش کراون.
لەمەی سەرەوە کە پێشکێشمان کردن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت گەلێک وێنەی هاوبەش و بیرۆکەی هاوبەش و هێمای هاوبەش لەنێوان هەردوو شیعرەکەدا هەیە، ئەمەشیان کاریگەری (وێرانەخاک) لەسەر (سترانی نێرگز) بەدەر دەخات، هەروەها دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە کاریگەرییەکە لە ڕووی شێواز و وشەوە ئامادەبوونی هەیە. سترانی نێرگز کۆمەڵێک زاراوەی سادە لەخۆ دەگرێ وەکو: بەفر، زستان، بەرد، گوڵ، مردن، گەشت، بیرچوونەوە، دەریا...تاد، کە ئەمانە هەموویان هەمان زاراوەن کە لە (وێرانەخاک)دا بوونی سەرەکییان هەیە.
لێرەدا دەچینە سەر خاڵێکی گرنگی تر کە ئەوە دەسەلمێنێ ئیلیەت بە قووڵی کاریگەری لەسەر ئەم شاعیرە بەجێهێشتووە بریتییە لە میتۆدی ئەفسانەیی وێرانەخاک. ئیلیەت لە پەراوێزی وێرانەخاکدا لە یەکەم تێبینیدا نووسیویەتی:
(نەوەک بە تەنیا ناوونیشان، بەڵکو پلان و بەشێکی زۆری هێماسازی شیعرەکە لە [وێرانەخاک]دا ئیحای لە کتێبەکەی جێسی ئێل. وایستۆن بەناوونیشانی (لە کەشە ئایینییەکانەوە بۆ چیرۆکی خۆشەویستی) وەرگیراوە. من بە ڕاستی قەرزباری ئەوم. کتێبەکەی خاتوو جێسی ئاڵۆزییەکانی شیعرەکە زێتر ئاسان دەکات، لەوەی تێبینییەکانی من دەیکەن، هەروەها بەگشتی من قەرزاری بەرهەمێکی تری ئەنترۆپۆلۆژیم کە بەقووڵی کاریگەری لە نەوەی ئێمە کردووە، مەبەستم (چڵی

زێڕینە) [کتێبەکەی جەیمس فرێزەر] بە تایبەتی بەرگەکانی ئەدۆنیس، ئاتس، ئۆسیریس. هەرکەسێک بەم بەرهەمانە ئاشنا بێت یەکسەر کەشەکانی ڕووانەوە (شین بوونەوە) لە شیعرەکە [مەبەست وێرانەخاک]ە دەناسێتەوە).(٧)

بە ئاسانی دەتوانرێت ئەو لە یەکچوونانە لەنێوان ئەو تێبینییەی سەرەوەی ئیلیەت و ئەوەی دڵشاد خۆی باسی لێوە دەکات بدۆزینەوە کە لە خوارەوەدا هاتووە:

(لە چڕکردنەوەی وێنەکاندا سوودم لە ئەفسانە وەرگرتووە، لە هەندێ ئەفسانەی میللەتان کە بەشی زۆری لە تەورات و کتێبەکانی جێمس فرێزەر و ئەفسانەی کوردی وەرگیراون).(٨)

با سەرنج بدەینە ئەم دێرەی خوارەوە:

**ئەی میداس ئەی میداس**

سترانی نێرگز د/٤٩

لێرەدا شاعیر سوود لە ئەفسانە وەردەگرێ، ئەم تێلنیشانە ئەفسانەییە بۆ میداس، بێ گومان بەکارهێنانێکی ئیلیەتانەیە. شاعیر چیرۆکی میداس وەک سیمبۆلێک بۆ دەربازبوون بەکاردەهێنێت. هەروەک پاشای ماسیگر (Fisher King)ی ئیلیەت کاتێ هیچ هیوایەک نەمابوو بۆ دەربازبوون لە (ئێستا)دا. ئەمە وێڕای ئەوەی بانگکردنی میداس لە ڕابردووەوە هەروەک بڵێی ئامادەی ئێستا بێ، ئەمە شێوازێکی نموونەیی ئیلیەتانەی وێرانەخاکە.

هاوشێوەی وێرانەخاک، سترانی نێرگز ئەو هەستەمان پێدەبەخشێ کە گومان هەیە لە بوونی هیوا بۆ دووبارە ژیانەوە، هەربۆیەش دەربازبوون نییە. وەک چۆن لە وێرانەخاکدا پاشای ماسیگر نییە بۆ چارەسەرکردنی وێرانەخاک، لێرەش لە سترانی نێرگزدا گومان لە دووبارە ڕووانەوەی نێرگز هەیە:

**ئەی نەرسیس، نەرسیسم**
**تۆ بڵێی لەم گەشتە**
**چەپکە نێرگزێک بچنم؟**

سترانی نێرگز د/١٠٠-١٠٢


هەمدیسان وەرگرتنی نەرسیس لە ئەفسانە و گرێدانی بە مەبەستی ثیمە (ڕامانی سەرەکی) شیعرەکە وەرگرتنێکی ئیلیەتانەیە بە سوود وەرگرتن لە ئەفسانەکان.

بە گوێرەی ئەو نموونانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن و پاڵپشت بە تێبینی و وتەکانی هەردووک شاعیر ئیلیەت و دڵشاد دەگەینە ئەوەی هەردوو شاعیر سوودیان لە هەمان سەرچاوە بینیوە کە ئەویش کتێبی (The Golden Bouyh) (چڵی زێڕین)ی جەیمس فرێزەرە. ئەمە جگە لەوەی شاعیر خۆی دەیدرکێنێ کە بە قووڵی بە شیعر و بۆچوونەکانی ئیلیەت کاریگەربووە بۆ پەرەدان بە بەهرەکانی خۆی و ئەم میتۆدە ئەفسانەییەی (وێرانەخاک) کاری تێکردووە.

سوود وەرگرتنی سترانی نێرگز لە میتۆدی ئەفسانەیی وێرانەخاک بە تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە لە سەرەوە باسمان لێوەکرد، بەڵکو پێکهاتەی گشتی سترانی نێرگز لەسەر بنچینەی پێکهاتەی ئەفسانەیی وێرانەخاک سەرچاوەی گرتووە. لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکانی ئیلیەت بەتایبەتی وێرانەخاک، دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت کە هەڵگرتنەوەی ماددەی دیاریکراو لە کتێبەکەی فرێزەر، ئەو مانایە بەدەستەوە دەدەن کەوا ئیلیەت بە ئاشکرا شیکردنەوەکانی فرێزەری قەبووڵ کردووە، بۆیە ئەو ئەرکانەی لە ئەفسانەدا بینیویانە، یارمەتی ئیلیەتیان داوە بەهۆی ئەفسانەوە هەست و نەستەکانی دەرببڕێ.(٩)

شاعیر باس لە پلانی وێرانەخاک دەکات کە ئیحای بەشێکی زۆری هێماسازی لە کتێبەکەی جەیسی وێتسۆن دەربارەی ئەفسانەکانی (جامی پیرۆز) و کتێبەکەی فرەیزەر (چڵی زێڕین) وەرگرتووە، هەروەها دووپاتیشی دەکاتەوە کە هەر کەسێک بەو کتێبانە ئاشنا بێت، یەکسەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە لە شیعرەکەدا چەندین ئاماژەی دیاریکراو بۆ ڕووانەوە (شین بوونەوە) هەیە. کەواتە وێرانەخاک لەسەر بنەمای بیرۆکەی ڕووانەوە بنیادنراوە کە دەتوانین بەم هێڵکارییەی خوارەوە نیشانی بدەین:

لە دایکبوون ⟵ مردن ⟵ ژیانەوە



چیرۆکی ئەو پاڵەوانەی کە دەمرێ و دووبارە لەگەڵ ساڵی نوێدا دەگەڕێتەوە، ئەوە ئەو ئەفسانەی شین بوونەوەیەیە کە جەیمس فرەیزەر لە (چڵی زێڕین)دا بەناوبانگی کرد. شێوازێکی تری گرنگی ئەم چیرۆکە دەربارەی ژیان و مردنە کە لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی (جامی زێڕین)دا هەن و جەیسی وێتسۆن لە کتێبەکەیدا شی کردوونەتەوە، هەروەک سەرچاوەیەکی ئەفسانەی (پیت) هاوشێوە لەگەڵ کتێبەکەی فرەیزەر. هەندێک ڕوخساری شیعرەکە بەناوونیشانەکەشییەوە بەشێوەیەکی تایبەتی بە چیرۆکەکانی (جامی زێڕین) پێوەندیدارن کە خەسڵەتەکانی (پاشای ماسیگر) دەبەخشن.

به هەمان شێواز سترانی نێرگز پلانی شیعرەکە و پێکهاتەی بیرۆکەی سەرەکی لەسەر بنەمای خولی ژیانی نێرگز بنیاد نراوە. شوێنساتی شیعرەکە لە زستانە کە وەرزی چاندنی نێرگزە، جووڵەی ناوەوەی شیعرەکە و پێکهاتەی دەرەکی لەسەر بنەمای هیوای ژیانەوە بنیاد نراوە، ڕووانی نێرگز لە وەرزی داهاتوو کە بەهارە، هەروەها ئەمە ئاماژە بە سووڕی وەرزەکانی ساڵ دەکات، ئەمەشیان لە ڕاستیدا یەکێکە لەو شتانەی کە سترانی نێرگز بە وێرانەخاک دەبەستێتەوە. شاعیر سترانی نێرگزی بەهاوشێوە لەگەڵ وێرانەخاکدا بنیادناوە، بە هەمان چوارچێوە و هەمان باکگراوند. ئەو نەک هەر تەنیا لە ڕووی بیرۆکەی سەرەکییەوە شیعرەکەی بەگوێرەی وێرانەخاک هەڵچنیوە، بەڵکو ئەو قاڵب و خشتانەی بەکاری هێناون هەمان شتن.

(ئەو قاڵبەی کە ئیلیەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکات هاوتەبایە لەگەڵ قاڵب و چوارچێوەی سووڕەکان. وا پێدەچێ زەمەن کە ئەندازەیەکی بێ شومار لە جۆری شتەکان بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمان شتەکان دووبارە ڕوو دەدەنەوە: شەو هەر لە دوای ڕۆژەوە دێت، کەژەکان بە هەمان ڕیزبەندیی بەدوای یەکدا دێن و ژیانێک دەڕوات و یەکی تر دەست پێدەکات و گەشە دەکات و پاشان نوقمی مردن دەبێت).(١٠)

کە دەڕوانینە ئەو دێرانەی خوارەوە کە لە سترانی نێرگزدا هاتوون، وا هەست دەکەین کە هەمان شێوازی ئیلیەتانە بەکارهاتووە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد:

**بەفر و زەریا یەکیان سەرەتا**
**ئەوی تریان کۆتاییە**
**ئەی داری مراز کەسک بە**
**ئەو گوڵانەی لە شەڕی زستانێم دەکوژرێن**
**سەرکەش و گەمژە نین**
**شانۆیە ئەم ژوور و ئەو بەفرەی دەرەوەم**

سترانی نێرگز د/ ٧١-٧٦

ئەم دێرانەی سەرەوە ئاماژەیەکی ئاشکران بە سووڕی ئاو لە سروشتدا، زەریا دەبێتە هەور و دواتریش بە بەفر، بەفریش بە باری خۆی دەتوێتەوە و دەبێتەوە بە ئاو و دەگەڕێتەوە بۆ زەریا. هەمان شت سەبارەت بە سووڕی ژیانی گوڵەکان لەوێدا ئاماژەیان پێکراوە. بەم شێوەیە شاعیر وەک شانۆیەک وێنای ژیان دەکات، ژیانێک دەست پێدەکات و کۆتایی دێت و ژیانێکی تر لە بەرابەردا دەست پێدەکاتەوە، بۆیە قاڵبەکە هەمان شتە کە ئیلیەت لە وێرانەخاکدا مامەڵەی لە تەکدا کردووە، ئەمەش هەر لە خۆڕا نەبووە، بەڵکو بەهۆی کاریگەریی خوێندنەوەی وێرانەخاک و ئیلیەت بووە. هەروەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێداوە کە باکگراوندی ڕووانەوە وەکو بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکە و چەمکی سووڕەکانی ژیان لە وێرانە خاک بە قووڵی کاریگەرییان لە شاعیر کردووە بۆ ڕۆنانی سترانی نێرگز.

بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانە ڕوخسارێکی شێوازی ئیلیەتانەیە لە وێرانەخاکدا. (ئیلیەت بڕیاری داوە کە دەربازبێت لە هەموو کۆتوبەندە باوەکان، بەسوود وەرگرتن لە زمانی ڕۆژانەی ئاسایی). (١١) ئەمەشیان بیرۆکەیەکی ئیلیەتە دەربارەی شیعر. ئیلیەت لە (مۆسیقای شیعر)دا نووسیویەتی: (هەموو شۆڕشێک لە شیعردا پێویستە بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانە بگەڕێتەوە).(١٢) هەر لەم خاڵەوەش کە دەڕوانینە سترانی نێرگز ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم بیرۆکەیەی ئیلیەت بە ڕوونی پراکتیزەکراوە:

**کەس لەماڵ وەدەرناکەوێ**
**کەسیش لە ڕێیان نابیندرێ**
**هەر لەماڵ وەدەرکەوی**
**زریان توووند بەرۆکت دەگرێ**

سترانی نێرگز د/ ٩-١٢

خاڵێکی تری لە یەکچوون لەنێوان ئەم دوو شیعرەدا مامەڵەکردنی لەگەڵ چەمکی زەمەن چۆن یەکە. سترانی نێرگز هەمان هەست دەبەخشێت کە لەوێرانەخاکدا هەیە. ڕوون و ئاشکرایە کەوا زەمەن ئامادەبوونێکی قورسی هەیە کە دەکرێ بەخولگەیەکی بنەڕەتی هەژمار بکرێت،

شیعرەکەی بەدەوردا دەخولێتەوە، هەروەک لەوێرانە خاکدا ئێمە لە پێوەندی نێوان ڕابردوو- ئێستا لە جووڵەداین، دەستپێکی شیعرەکە لەزەمەندا داندراوە، نیسان ئێستای شیعرەکەیە، ڕووداوەکانی شیعرەکە لە نیساندا دێن. هەمان شت لە سترانی نێرگزدا هەیە و ڕێبەندان دەستپێکی شیعرەکەیە و شیعرەکە لە ڕێبەنداندا دەجووڵێتەوە، کە دەکەوێتە زستان لە کوردستاندا و وێنەکان لەگەڵ بەفر و شتە بە بەفر داپۆشراوەکان تەبان.

ئیلیەت وێنەکان لە ڕابردووی پڕشنگداردا دێنێت و ڕووبەڕوو لەگەڵ ئێستای نەزۆکدا دایاندەنێت. سترانی نێرگز بە هەمان شێوە لە یادەوەرییەکاندا وێنەی پڕشنگدار و کامەرانی هەڵدەهێنجێت، ئەمەش جۆرێکە لە نۆستالیژیا کە لە هەردوو شیعرەکەدا بەدی دەکرێت. ئەمەشیان هەمدیسان میتۆدێکی تایبەتمەندی ئیلیەتانەیە، هەروەک بروکس دەڵێت: (ئیلیەت بەراوردێکی تەوساوی لەنێوان ڕابردووی پڕشنگدار و ئێستای وشک و برینگدا دەکات).(١٣)

**لەسەر بەفرێ ڕاکشاوم**
**لەسەر بەفرێ چەند جار نووستووم**
**گەشتم لە بەفرێ کردووە**
**چەند جار هانام بۆ بردووە**
**من تەنیا ئەو کەس و کار و ئاسمانی ئارامم بووە**
سترانی نێرگز د/٥٩-٦٣


هەروەک باسمان کرد لە وێرانەخاکدا لە جووڵەداین بەهۆی پێوەندی نێوان ئێستا-ڕابردوو، شیعرەکە بە نموونەیەکی پڕ بە پێستی وەستانی کات دادەنرێت. لە سترانی نێرگزدا شاعیر هەوڵ دەدات بیرۆکەی دەربازبوون لە چەمکی زەمەنی فیزیکی پێشکێش بکات و دەیەوێت لە زەمەنی سایکۆلۆژیدا، یان ناوەوە بژیەت. بەفر و زەریا باشترین نموونەن بۆ شەپۆلدانی زەمەن لە شیعرەکەدا، هەردووکیان لە جووڵەدان و بەدوای یەکدا دێن، ئەستەمە بزانیت کامیان پێشتر دێت:

**بەفر و زەریا**
**یەکیان سەرەتا ئەوی تریان کۆتاییە.**
سترانی نێرگز د/٧١- ٧٢

لەگەڵ ئەمەشدا داهاتوو ئامادەبوونێکی تایبەتی هەیە:

**ئەو گوڵانەی لەشەڕی زستانێم دەکوژرێن**
**سەرکەش و گەمژە نین**
سترانی نێرگز د/٧٤- ٧٥

بۆیە ئەو گوڵانەی کە لە داهاتوودا شین دەبن، ئامادەبوونیان لە بیری شاعیردا هەیە. لێرەدا شاعیر بەشێوەیەکی سایکۆلۆژی مامەڵە لەگەڵ زەمەندا دەکات. پێوەندی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو بەشێوەی بازنەیەک دێنە بەرچاو:




ڕێکەوت نییە شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەیدا دەبێژێت کە ڕێبەندان مانگی خۆکوشتنە. ئەمە جگە لەوەی کە کاتێک هیچ چارەیەک نییە، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردووی پڕشنگداردا ئەو خۆکوشتن وەک دەربازبوون لە دڕندەیی ئێستا دەبینێت. وێڕای ئەمەش کە چەمکی خۆکوشتن هەروا بە ڕێکەوت لە شیعرەکەدا نییە، بەڵکو بۆ بیرۆکەی ئەفسانەیی ژیانەوە دەگەڕێتەوە کە لە شیعرەکەدا سوودی لێوەرگیراوە. دووبارە بینینی دەربازبوون لە مردندا هەروەک تاقە ڕێگایەک بۆ ژیانەوە بەبێ گومان لە وێرانە خاک وەرگیراوە کە لە ئەفسانەکانی بە پیت و بوون و ڕووانەوە سەرچاوەی گرتووە.

## ئەنجام

پاڵپشت بەو شیکردنەوە و نموونانەی کە لەم بەشەدا پێشکێش کران، (دڵشاد عەبدوڵلا) گرنگی بە تی. ئێس. ئیلیەتی شاعیری ئەنگلۆ- ئەمریکی دەدات. ئەو شیعرەکانی ئیلیەتی بە وردی خوێندۆتەوە، بەتایبەتی وێرانە خاک. شاعیر بە شیعری وێرانە خاک کاریگەر بووە و لە شیعری سترانی نێرگزدا سوودی لە ستایل و بیرۆکەکانی وەرگرتووە.

کاریگەربوونی لەگەڵ ڕێبازی ئەرێنی ئەدەبی بەراوردکاری گونجاوە، چونکە ئەو چەند شێواز و

تەکنیکێکی لە وێرانە خاکەوە گواستۆتەوە نێو شیعری کوردی.


سەرچاوە:

١- عــەزیز گــەردی، ئەدەبی بەراوردکــاری، بەغــدا، ١٩٧٨، ل٧٤.

٢- آزاد مـولود، هذه بعض الأجراس و هذا هو بعض رنينهـا، الثقافة عدد٦، ١٩٨٧، ل٢٢٩.

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤- دڵشاد عەبدوڵلا، حەج، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٥.

٥- دڵشــاد عــەبدوڵلا، لە وەڵامی پرســیــارێکی توێژەر لە رێککەوتی ٢٠٠٧/٢/٩.

٦- سـامـان دزەیی، کـاریگەری دەقی (وێرانە خـاک) بەسـەر دەقی (سـتـرانی نێـرگـز)دا، گـۆڤـاری رامــان، بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری رامان، ژمارە (١١٥) کانوونی یەکەم، ٢٠٠٦.

**7- Eliot, T.S. The Complete Poems and Plays, London, 1969.**

٨- دڵشاد عەبدوڵلا، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**9- Cars Callen, James (1968) "T.S.Eliot The Waste Land". Studies of Major Works in English. Edited by John Orrell. Toronto: Oxford.**

**10- Luatuah Smith, Grover (1986) "The Structure and Mythical Method of The Weste Laud", T.S.Eliot's The Waste Laud, Edited by Bloom Harold, New York.**

**11- Eliot, T.S, "The Music of Poetry", Selected Prose, Penguin Books.**

**12- Leech, Geoffrey N (1973), A Linguistic Guide to English Poetry, London, Longman GroupLtd.**

**13- Brooks, Gleanth (1939), Modern Poetry and Tradition, Chapel Hill NC, University of North Carolina Press.**

١٤- دڵشاد عەبدوڵلا، بەفرنووس، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ١٩٩٩.

١٥- عــومــەر مــارف بەرزنجی، گــۆران و ئەدەبی ئینگلیــزی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٦- ئیلیەت، وێرانەخاک، وەرگێڕانی عەتا قەرەداخی، گۆڤاری سەردەم، ژمارە (٧)، ٢٠٠٠.

**17- Cudden, J.A, A Dictionary of Literary Terms, Penguin Books, 1984.**

**18- Evaus, Ifor, A Short History of English Literature, Middlessex, 1976.**

# سەردەمی شەیدایی زمان

## «باسێک لەبارەی بەرهەمە شیعرییەکانی یوونس ڕەزایی»

**محەمەد ڕەحیمیان**
**(تکاب)**

کێ ئازایە لە دەسەڵاتی زمان یاخی بێ؟ کێ ئازایە دەمامکی زمان لە ڕوخساری جیهان دامالێ؟ کێ ئازایە لە مەنتیقی داسەپاوی زمان لادا؟ کێ ئازایە لە ئەوپەڕی بڕیارە زاڵەکانی زمانەوە لەگەڵ جیهان بدوێ؟ ئایا جیهان ئامادەیی ئەوەی هەیە بە مەنتیقێکی تازە و خوو پێ نەگرتووی زمانییەوە لەگەڵماندا بدوێ؟ ئاخۆ زمان ئامادەیی ئەوەی هەیە بۆ جارێکیش بێت لە ئەوپەڕی بڕیارە داسەپاو و سواوەکانییەوە، لەگەڵ جیهاندا ڕووبەڕوومان کات و پێمان نەڵێت شێت؟ بڵێی بەبێ ئەم دەسەڵات و دەمامک و لۆژیکە، جیهانێکی تر هەبوونی هەبێت؟ «جۆرج باتای» گوتەنی: «ئێمە بۆ ئەوەی خۆمان ژێر بنوێین دەڵێین هەر کەسێک وتەکانی لەگەڵ دەستووری زمانی ناتەبا بێت، شێتە». ئاخۆ ئێمە لە ژێریدا هەموو دیوەکانی جیهانمان پێ تاقی دەکرێتەوە؟ واتە هەموو لایەنەکانی جیهان لە ژێریماندا دەگونجێت؟ بڵێی لە ئەوپەڕی ئەزموونە خوو پێ گرتووەکانەوە، جیهان هیچ لایەنێکی بۆ ئەزموونێکی تر نەبێت؟ زمان لە چوارچێوەی عەقڵانیەتی زمانی باوەوە چەندە ئامادەیی تازەگەری سەردەمیانەی هەیە؟

ئەگەر هاتو لەسەر ئەو بڕوایە بووین کە زمان تاقە کەرەستەی تێگەیشتن لە جیهان و بوونە، یان تاقە ئامرازی دەربڕینی جیهان و مرۆڤە، ئایا ئەم کەرەستە ڕەواییە، هێشتا لواوی خوڵقاندن و تازەگەری تێدا ماوەتەوە؟ ئایا زمان هێشتا لواوی ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی سەردەمیانە و بە لۆژیکی مرۆڤی سەردەم، لەگەڵ جیهاندا بدوێ؟ یان ئیتر چارەنووسی مرۆڤ لە ئاستی جیهاندا لەوە بەولاوە بێ دەنگی و خامۆشییە؟ ئاخر هەڵاتنی مرۆڤ لە مەنتیقی زمان، هەروەک هەڵاتنە لە مەنتیقی ژیان واتە مەرگ.

بە دڵنیاییەوە دنیا و مرۆڤ و ئاخاوتن لەگەڵ جیهان، هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە، چونکە هێشتا لواوی و هەلومەرجەکانی زمان، کۆتایی پێ نەهاتووە. ئەودیوی مەنتیقی ژیری زمان، مەنتیقی شێتی زمانە. کە لایەنەکانی ژیری زمان لە زرووفی عەقڵانیەتدا سەرڕێژ بوو، تازە بەستێنی بەرین و بێ کۆتایی و نەسرەوتەی نیزامی بێ نیزامی زمان دەست پێ دەکات. لێرەدایە کە زمان ئەو دەسەڵاتە زاڵ و گرژەی خۆی تێک دەشکێنێ و دەسەڵاتی بێ دەسەڵاتی خۆی پێکدێنێ. لێرەدایە کە زمانی یاخی و نەیاری دەسەڵاتێکی داسەپاوی زمانی، دەست پێ دەکات. پاوانی نیزامە تەنراوە و چرووپرەکانی زمانی تێکدەچێ و هەلێکی ڕەها و یاخی بۆ وشەکان دەڕەخسێ، واتە شیعری شێت لە دایک دەبێت. شیعری یاخی لە پاوانە داخراوەکانی زمانی. شیعرێک کە بە ڕماندنی دەسەڵاتی زمان، داکۆکی لەسەر ئەم واقیعە



**یوونس ڕەزایی**

دەکات کە لە جیهاندا تەنیا واقیعێک دەسەڵاتی هەیە و ئەویش دەسەڵاتی زمانە. دەسەڵاتی تێکدان و پێکهێنان و ڕمـاندن و چێ کـردنەوەی پەیتـا پەیتـای جیـهـان. دەسەڵاتی داخستن و بەرفـراوان کردنەوەی ئاسۆی وتاری نێـوان مـرۆڤ و جـیـهـان کـە تووشی یەک هاتوون. دەسەڵاتی گێڕانەوە و هەڤاندنی بێ بڕانەوەی ئێستاکە.

مانیفێستی شیعری شێت ڕزگاری زمانە و هیچی تر. شیعری شێت بە دابڕان، بە بازدان و پساندنی مانا، بە هێنانی ئاوەڵ کرداری گومان، بە سڕینەوەی کردارەکان، بە چەند دەنگی، چەند مـانـایی و چووزانم چی تر، زمـان لە زیندانی دەسەڵاتێکی خۆکرد ڕزگار دەکات.

«نیـتشـە» حەقیـقـەتێکی بە وەهمێک دەزانی کـە بە بۆنەی لەبیر کردنەوەی ڕەهەندەکانی مەجازی و خوازەیی زمان، وەهم بوونی خۆی حەشار داوە و هەمیشە بە فێڵ و فـریودان خـەریکی سـەلماندن و سـەپاندنی پتـەوی و ڕەسـەنایەتی خـۆیەتی. «ڕۆلان بارت» کـە تێـدەکـۆشی داوێنی زمـان لە تانە و تۆمـەتی دەلالەت پاک بکاتەوە، خۆی بە نەخۆشێک دەزانی کە زمان دەبینێ و بەم چەشنە جـیـهـانی بەرانبـەری خـۆی، وەک نووسـراوەیەک دەهاتە بەرچاو.

پیـلانێکی وتەگـەرایانە لە ئارادایە کـە لە گـۆڕەپانی زماندا، پتەوی لە دابڕان، وێکچوون لە جیاوازی، حزوور و هەبوون لە غیاب و نەبوون بە گرینگتر دەزانێ و لەسەر یەکێتی دال و مەدلوول و لێک نەترازانی زمان و مانا و ئامادەیی وێژەر و بیسەر، پێ دادەگرێ و بەم جۆرە، وتە بەگرینگتر لە نووسـەر دادەنێ و شانازی بەوە دەکـات کە «مـانا» لە وتەدا هەمـیـشـە ئامـادەیە، لە حاڵێکدا کـە «دریدا» بە وردی و بە قـووڵی دەڕوانێـتـە پێکهـاتە و ڕەسەنایەتی زمان و حاشا لە ئامادەیی مانا ئامادەکان لە دەقدا دەکات.

کەلام تەوەری ئەفلاتوونی لە دەقی ئەدەبیـدا هەمیـشـە نووسـەر سەرکوت دەکا و وەکو کۆیلەیەک بۆ چێ کـردنی کـۆشکی مـانا، دەیچـەوسـێنێـتـەوە. لێـرەدا تەنیـا پێغـەمبـەرانی بنەماشکێنی وەفریای نقیسـار دەکەون و مـزگـێنی نەجـاتی پێ دەدەن. مـزگـێنی ڕزگـاری زمـان لە قوربانی بوونی بێ بڕانەوە لە پەرستگای مانادا.

«منم شـاعـیـری ژنانی چاوەڕوان» ، کـۆمـەڵە شـیـعـری «یوونـس ڕەزایی»ـە کـە بە شـێـوەی زمـانی، بیـچم و پێکهـاتەی تایبـەتی ڕەوایی، وێنەی شیـعـری سەییـال، بڕگـەی دەلالەتی دابڕاو، تەنزێکی شـاراوە لە تەونی ڕەوایی و خولقاندنی جیهانی پڕ جمـوجووڵی وشەکان، خۆی لە مەنتیقی پێوەر و خووپێکراوی زمانی لاداوە. با بڵێین ئەم کۆمەڵە شیعرە مەنتیقێکی سۆفستاییە دژ بە زاڵیـەتی ئەفلاتوونانەی مـانا بەسـەر شیـعـری پێوەردا. هەوڵێکە بۆ ڕزگـار کـردنی زمـان لە زیندان و پاوانی تەنگی مانا.

شیـعری «یوونس» لە ئاشنایی سروشتی زمانی پێوەر لادەدا و نیـزامـێکی تازە دژ بە ڕێسـای ئاسـایی زمـان و زەین و مـیکانیـزمی باوی ڕێزمـانی دادەڕێژێ و زمـانی شیعرەکەی دەگەیەنێتە ئاستی «گەمەی ئازاد»ی زمانی و لە بەرانبەر دەسـەڵاتی هزری چەقبەستـووی زماندا، سەر دانانەوێنێت.

لێرەدا نقیساری سەرکوتکراو بووژاوەتەوە و چیتر کەلام تەوەری نـاتوانێ بە دابەش کـردنی دەقـەکـە بە گـوزارە و ڕێزمان و چێ کردنی پرۆسەیەکی دەلالەتگەر، مـانایەکی پتـەو و سـەنتـەرمەند و هەتایی بەسـەر دەق و خـوێنەردا، داسەپێنێ.

**«ئەگـەر پێکەنین یانی ئەو شـیـعـرە سـلاو بە تۆدا دەچێنێ.**

**من شان بە شانی کازیوە ئاسۆم**

**پێ بە پێی میوە تا گەیشتن...» (ل٥)**

ئەگەرچی سەردێرێک لە چەشنی «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان» ڕستەیەکی ڕۆمانتیک و ئیدەیەکی زەقی دروشماوی دەنوێنێ و لەگەڵ مەنتیقی شیعری و شوناسی زمانی کتێبەکە یەک ناگرێتەوە و ناتوانێ گوزارشتێک، یان با بڵێین نموودێک لە جیهانی شیعرەکانی «یوونس» بێت، بەڵام بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر شیعرەکانیدا، ئەم تایبەتمەندیانە دێنە بەرچاو: لادان لە مەنتیقی زمانی باوی شیعری، ڕاچەڵەکاندنی جار بە جاری بەردەنگ و بەخەبەر هێنانەوە و دوورخستنەوەی لە ئعتیادی زمانی، کەڵک وەرگرتن لە شێوە ڕەوایەتێکی ئایینی و مەیلێکی نهێنی بە بڕیاردان و مسۆگەرکردنی وتەکان، بە مەبەستی شکاندنی بڕیارە نەگۆڕەکان، پێکهێنانی جیهانی سوریالی وشەکان، لادان لە ئاڵۆزی و سازدانی ئاڵۆزییەکی بە ئانقەست، چێ کردنی وێنەی شاعیرانەی ڕەوایی بۆ وەرگرتنی چێژی زمانی، تاک و تەریک بوونی وشەکان هاوکات لەگەڵ پێوەندییەک لە چەشنی تەداعی مەعانی، سەنتەرشکێنی و درووس کردنی چەند سەنتەری و چەق بەستن و شکاندنی پەیتا پەیتای بنەمای دەقە شیعرییەکە و جووڵەیەکی دینامیک لە بەستێنی دەقدا، ڕەوایەتێکی تازە لە شت و دیاردە ئاساییەکان، کەڵک وەرگرتن لەتوخمە جوانیناسانە کلاسیکەکان، واتە ئارایە ئەدەبییە سوننەتییەکان بە زمان و شێوەیەکی نوێ، درووس کردنی هێما سەبیالەکان، پێکهێنانی وتار لە کەشوهەوایەکی چەند دەنگیدا، چێ کردنی شوناس و ناسنامەی زمانی، ڕێ خۆشکردن بۆ نیزامی خوێندنەوەی جۆراوجۆر.

**بارانییەکانی هەڵفڕین**

**«هەرکەس پێی خۆشە سروودی وێڵی کوندە کوێر**
**سێ جار سڵاو**
**ببوورن نووسەرانی بەردە نووسەکانی درۆیینی ئەوین**
**ببوورن وەک هەمیشەکانی چاڵاو- تاریک**
**لە درۆ ئەویندارەکانی دراماتیکەوە**
**هەڵفڕیو...**
**قەسەم بە باڵ... مەودایەک لەوبەری کوێراییەوە**
**سوێند بە نووسەر... درۆیەکی دراماتیکی ئەویندار**
**هەر کەس پێی خۆشە ئەو شیعرەی من لە بەرکا**
**هە...ە هە ە... هە...ها**
**سی و سێ جار سڵاو لە عەقڵی...**
**ببوورن شێتە تاڵە بێ باڵەکانی بەڵاڵووک**
**کوێرە بێ کارەکانی کەنەفتی**
**هەر کەس پێی خۆشە هەڵفڕین**
**فڕەی کوندی کوێرە ببیستێ.**
**سێ جار سڵاو کوێرایی کوندی ئەویندار**
**ئەوین درۆی بەردەنووسەکانی نووسەر**
**دەنەخشێنێ.**
**لە زەمانی تەنیاییدا.**
**کوێرایی لەوبەری مەودایەکەوە... فڕفڕفڕ..**
**(مەسەلەن: باڵندە ڕەهاترین شیعرە**
**خۆشەویستی شاعیری بەردەنووسی درۆیەکی لە مندا سوور**
**وە تۆ ئەی شاعیری برسی ها.. ها... ها... ها...**
**هەر کەس ئەو شیعرەت لەبەرکا**
**سی و سێ جار سڵاو لە عەقڵی...**
**سڵاو لە شیعری ڕەهاتر**
**کە سەرەتای زاووزێی بۆمبە خووشەییەکان**
**خۆشی**
**خوشی**
**کە خوشانی ئەهریمەن و**
**دەستێکی تەڕ لە باراندا**
**بارانی ئەهریمەنی ڕەهاتر**
**دەستێکی تەڕی شیعراوی دەنەخشێنێ و**
**ئای لە بەسەرهاتی شاعیرێکی وەک من**
**کە لەوپەڕی خەفەتەوە**
**چاوم چۆڕاوگەی خوداوەند**
**کە من یەزدان**
**لە بێکارەترین زەماندا خالق**
**تا شیعری تەڕی کوندی کوێر**
**سادقانەترین قا... قا...**
**دەخولقێنم...**
**لەگەڵ خۆمە...**
**وشیار بە ئەی شاعیری شێت، کە وشەکان**
**بە بەرامەی سوورترین حەوادا هۆنراوە**
**چاو هەڵێنە!**
**ڕەسووڵی سووری بەرامە**
**کوندی کوێر سەرەتای کتێبی پیرۆزی هەڵفڕین و**
.... (بڕواننە ل٣٠ تا ٣٤)

١- له دەمەتەقەی نێوان شاعیر و بەردەنگەکانی، شیعرێک خولقاوە سەبارەت بە شیعر، بەڵام لێرەدا بەردەنگی شیعرەکە بەردەنگێکی مونفەعیل و بێ هەڵوێست نییە، بەڵکو بە هەڵوێستێکی تایبەتی خۆیەوە لە شاعیرەکە وەجواب دێت و وەبەر هەرای دەدات. لە بەستێنی ئەم شیعرەدا چەندین کەسایەتی هەبوونیان هەیە: شاعیر، بەردەنگی هەڵوێستمەندی ناوەوەی شیعرەکە، بەردەنگ و خوێنەری بڕیاردەری دەرەوەی شیعرەکە، کەسایەتی یوونسی ڕەزایی شاعیر (لەگەڵ تۆمە... نووسەری شینترین بەتاڵایی شیعر)، کە هەر کامێک لەم کەسایەتیانە دەنگ و ئاوازی تایبەتی خۆیان هەیە، واتە هەر کەسێک بە شوناسی زمانی خۆیەوە دەپەیڤێ.

٢- شاعیر بە ئاوازێکی قورس و بە ئەدەب و وەک بڵێی بیەوێ شتێکی زۆر جددی ڕابگەینێ دەست پێ دەکات:

**«هەر کەس پێی خۆشە سروودی وێڵی کوندە کوێر**
**سێ جار سڵاو**
**ببوورن نووسەرانی بەردە نووسەکانی درۆیینی ئەوین**
**ببوورن وەک هەمیشەکانی چاڵاو»**

دەنگێک مەنتیق و دەوامی قسەکە دەبڕێتەوە: تاریک.

ئەم وشەیە کێ دەیڵێ؟ «تاریک» وەسفی چاڵاوە کە لە زەینی شاعیر، یان خوێنەردا تەداعی دەبێتەوە؟ یان هەڵوێستی بەردەنگێکی ناو دەقەکەیە؟ با بڵێین هەرسێکیان: تەوسیف- تەداعی- هەڵوێست کە بارست و قەبارەیەکی سەییال لە قەوارەی شیعرەکەدا پێکدێنن. شاعیر درێژە بەقسەکانی دەدا:

**«لە درۆ ئەویندارەکانی دراماتیکەوە**
**هەڵفڕیو...»**

لێرەوە بۆ مەشروعییەتدان بە قسەکانی خۆی، یان بە هۆی تەنگ پێ هەڵچنینی بە بەردەنگەکەی، ئاوازێکی ئایینی بە تایبەتمەندییەکان خۆیەوە، دێنێتە گۆڕێ:

«قەسەم بە باڵ...» قسەکەی پێ دەبڕدرێتەوە: «مەودایەک لەوبەری کوێراییەوە»، دیسان ئەمە کێیە؟ تەوسیف- تەداعی و هەڵوێستەکەی پێشوو؟ با بەو گریمانەوە بچینە پێشێ کە ئەمە بەردەنگێکی هەڵوێستمەندی ناو دەقەکەیە کە ئەویش بە هەڵوێستی خۆیەوە و بە زمانێکی شاعیرانەوە، مەعریفەی خۆی لەپێناو «باڵ»دا دەردەبڕێ: «مەودایەک لەوبەری کوێراییەوە»، کە شاعیر دەڵێ: «سوێند بە نووسەر...»، هەڵوێستی ئەم بەردەنگە گریمانەییە سەبارەت بە نووسەر دەبیستین: «درۆیەکی دراماتیکی ئەویندار». لەپێناو ئەم بەردەنگە بزۆز و کارایەدا شاعیر بە ئاوازێکی دیموکراتیکەوە، وەک ڕیکلامێک بۆ شیعرەکەی دەڵێ: «هەرکەس پێی خۆشە ئەو شیعرەی من لە بەرکا»، ئەمەش پەرچە کرداری بەردەنگەکەی: «هە...ە...هە ە...هە...ها/ سی و سێ جار سڵاو لە عەقڵی...»

شاعیر وا دیارە خۆی لەم پەرچە کرداری بەردەنگ گێل دەکا: **«ببوورن شێتە تاڵە بێ باڵەکانی بەڵاڵووک/ کوێرە بێ کارەکانی کەنەفتی/ هەرکەس پێی خۆشە هەڵفڕین/ فڕەی کوندی کوێرە ببیستێ/ سێ جار سڵاو کوێرایی کوندی ئەویندار/ ئەوین درۆی بەردە نووسەکانی نووسەر/ دەنەخشێنێ/ لە زەمانی تەنیاییدا. / کوێرایی لەوبەری مەودایەکەوە... فڕفڕفڕ...** دیسان ئەو دەنگە بە دەنگی تایبەتی خۆیەوە لێی وەجواب دێت: (مەسەلەن: باڵندە ڕەهاترین شیعرە» وادیارە دەیەوێ قسەکە بە شاعیرەکە بگۆڕێ کە خەریکی گلەییە لە وەدرۆ کەوتنی ئەوین: «خۆشەویستی شاعیری بەردەنووسی درۆیەکی لە مندا سوور» دەنگێک بە فۆنت و ئاوازی خۆیەوە دەڵێ: «وە تۆ ئەی شاعیری برسی ها... ها... ها...ها../ هەر کەس ئەو شیعرەت لە بەرکا/ سی و سێ جار سڵاو لە عەقڵی...» بەم چەشنە تا کۆتایی شیعرەکە دەمەتەقەیەکی دینامیک دێتە ئەنجام و کەس دەستبەداری هەڵوێستی خۆی نابێت. ئەوەی جێگای سەرنجە ئاوازی سەییالی شیعرەکەیە کە بە پێی هەر کاتێکی تایبەتی دەگۆڕێ: هومێد، مزگێنی و بەشارەتدان، ڕق هەستان، ئامۆژگاری، ترساندن.

شاعیرێک پێغەمبەرئاسا و بە ئیمان بە پەیامی شاعیری خۆی و درۆیینی ئەوین، بانگەشەی گێڕانەوەی خۆی دەکات و لێی نابیستن تاکو بە ناهومێدی و بە باوەڕ بە پەسڵان، ئاوا کۆتایی بە شیعرەکەی دێنێ: **بمرن شاعیرانی عەقڵی ئیماندار و دەشمرن/ دەستیان بە بڕین چێ نووسەرانی تاریکی و بە بڕین چوو/ دەژیم/ دەژین و/ ژیاین/ بارانییەکانی هەڵفڕین...**

٣- دەقی ئەم شیعرە بەتەداعی مەعانی و کەڵک

وەرگـرتن لە توخـمی تەناسـوب، تەونێک لە تەداعی دادەڕێژێ: کوندە کوێر- چالاو- تاریک- هەڵفڕیو- باڵ- کوێرایی، یان تەناسوبی ئەو ئاوازە ئاییینە کە لە وشە و ڕستە و لە شێوەی دەربڕیندا دەرکەوتووە وەک: **«قەسەم بە باڵ/ سوێند بە نووسەر/ وە تۆ ئەی شاعیری برسی/ سلاو لە شیعری ڕەهاتر/ هەر کەس خۆشە ڕەهایی ئیمان بێنێ/ لەگەڵ ئێوەمە وشەکانی پیرۆزی/ بترسن لە قینی هەرەس/ بتـرسن لە باڵی تاریک/ وای لەو کـەسـەی هەڵفڕینی لێڵی ڕەها».**

تۆڕێکی ڕەنگاوڕەنگی تەداعی مـەعـانی، تەناسـوبی ئاواز و دژوازی هەڵوێسـتـەکان، پەیتا پەیتا پێکهـاتەی شیعرەکە پێکدێنێت و دەیڕەمێنێ. ئەو هەوڵە دژوازەش بۆ پێکهێنان و تێکدانی قەوارەی شیعرەکە، کەرەستەیەکی هونەری و دینامـیکە کـە شـیـعـرەکـە لە خـۆیدا دەبووژێنێتەوە.

٤- دەقەکە هێندە چالاکە کە جاری وایە بە جێگۆڕکێی وشەکان، ڕستە وێنەگەلێکی تازە دەخولقێنێ و بەردەوام دەبێت. وەک: وشـەکـانی سێ- سـلاو- کوێرایی کـوند- درۆ- بەرد- نووسەر و ئەوین کە پێشتر بەشێوەیەک لە سەرەتای شیـعرەکە هاتوون، لە نیـزامێکی تازەتردا ڕیز دەبنەوە: **«سێ جـار سـلاو کـوێرایی کـوندی ئەویندار/ ئەوین درۆی بەردەنووسەکـانی نووسـەر/ دەنەخشـێنێ»** ئەمـەش بەڵگەیەکـە لە کـەڵک وەرگـرتن لە لواوی و پتانسیەلەکانی زمانی و هێزی ڕەوایی وشەکان.

٥- تەونێکی کەلامی کە بەهاونشینی وشـەکـان چێ دەبێت، گوزارەگەلێکی جوان و چێژاوی زمانین کە بە هەر شێوە خوێندنەوەیەک جۆرە چێژێکیان لێ وەردەگیردرێ: **«ســـروودی وێڵی کـــوندە کـــوێر- نووســـەرانی بەردەنووسەکانی درۆیینی ئەوین- ببوورن شێتە تاڵە بێ باڵەکانی بەلالووک- خۆشەویستی بەردەنووسی درۆیەکی لەمندا سـوور- دەسـتـێکی تەڕی شـیـعـراوی- باڵی هەرەسی کام قینە لە ڕەهاییدا کراوە- شیعری درێژی کام هزرە لە هەڵفڕیندا نووسراوە- وای لەو شیعرەی شەوی بە سەردا دێ و/ کوندیش.** لەم چەشنە چێژە زمانـی و بڕگە تەعبیریانە، لە دێر بە دێری شیعری «بارانێک لە داس-دا»، دیسـان بەرچاومـان دەکـەوێ. شـیـعـرێک کـە بە ئاوازێکی ئایینییەوە بوون و شوناسێکی شاعـیرانەی خسـتـووەتە گـیـانی «بەفـر» کـە من بێـجگە لە هەست بەچێـژێکی زمانی خەست و خۆش لەپێناو ئەم شیـعرەدا هیچ ناڵێم. ئاخۆ چ سیـحرێک لەو گوزارە کـەلامـیـیـەدا پەنگی خواردووە کە لواوی و زرووفەکانی زمانی کوردی لە بەستێنێکی شاعیرانەدا خۆ دەنوێنن؟: (ل٤١)

**بە بەفر سوێند**
**کە سپیایی داوەریوە لە خەونی ئەم حەشیمەتە**
**کە- سەرمایەک سەربەندی ئەم شیعرانەیە و**
**کەسیرەتر**
**شاعیرێکی وەریو لە خەونی سپیایی**
**بە بەفر سوێند**
**کە ئێستا زستان تەعاروفم دەکا**
**تا دەربیجەیەک نازڵ کەم**
**لە خەونی کەسیرەی شیعردا**
**تا شاعیربم**
**بە تەعاروفی هەزاران وشەی باریوو**
**سوێند بە کەروێشکەی تەنیایی**
**جەنگەڵێک باڵندە لە خەونی سپیدا**
**ئاخۆ وەبیر دێنێتەوە**
**باڵ**
**کە: کێ دەڵێ ڕاوچی باریوە**
**لە دەشتی کاکی بە کاکی ڕەشاییدا..**
**کە: ڕاوچیان کەروێشکەی هەمیشەی هیچایی**
**لە داسدا**
**ئەوەرن...**

بە ڕاسـتی چەندە پێـویسـتـە لە دەقـێکی شـیـعـریدا، مەشروعیەتی ڕستەکان بە ماناوە ببەستین و مانا بخەینە پێش چێژەوە.

با نیمچە ئاوڕێک لە شیعری «شیعرێک بە پەراوێزی مێژووەوە» بدەینەوە کە زمان بە پەیڤێکی شاعیرانە و لە سێ کوچکەی هەرەمێکی ئەفسانەییدا سێ کارەسات و سێ کەسایەتی مێژوویمان بۆ دەگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی تووشی نوسـتـالژیا بێت، یان داوەرییـەک بکات، یان بڕیارێک بدات. لێرەدا زمان بە تەواوی توانستی خۆیەوە پێمان دەڵێت کە زمان زمانە و ئیتر هیچ.

لە کۆتایی شیـعرەکەدا سێ کەسایەتی مـێژوویی بەبێ بەرگـێکی ئایدۆلۆژیک، هێـمـای تایبـەت بەخـۆیان دەخولقێنن و بەم چەشنە سێ هێمای مەزن دەزێتە وتاری مێژووەوە: تینوویەتی -گورگ- خاچ.

شیعر کە لە وێنەیەکی زمانی و تەواو شاعیرانەدا بە ناخی مێژوودا دادەچۆڕێ و پلیکان بە پلیکان دادەبەزێتە ژێرخانە نمناک و خوێناوییەکانی زەمانەوە: (ل٤٦)

**دێمە خوار**
**شەدار**
**بەو پلیکانەدا**
**تا ئازارە باریکەی کات**
**تا ئیتر نەماوە نەفەسێک بۆ عاشق بوون**

**تاریک**
**دادەڕژێم**
**بەو ڕستەیەدا**
**تا ئالزایمیری وشەیەک**
**تا ئیدی نەماوە دەرفەتێک بۆ شاعیری**
**بەو زەمانەدا**
**هەوری**
**شاعیرم**
**تا وشکە سالّی هەمیشە**
**تاکو دلّۆپەی تینوێتی بۆ کەربەلا...**

من بە ناچاری شیعرەکە دەبڕمەوە کە ئەم شیعرە بە پێچەوانەی ئەوەی کە چەند سەنتەری و چەند دەنگ و ئامادەی هەلّوەشانەوەیە، بەلاّم لەلایەکیشەوە ڕستە و کۆپلەکانی بە چەشنێک داڕژاوە کە یەک نەفەس و بە بێ بڕانەوە تا کۆتایی دەبێ بیخوێنیتەوە. وەک بلّێی لە کاتی خولّقانیشیدا بێ وچان و بە یەک نەفەس نووسرابێت. ئەم خەسلّەتەش یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی بەیتە کوردییەکانە. با بەم بیانووەوە ئەوەش بلّێم کە شیعری ئێمە شیعری شێت بێت، یان ناشێت، دەشێت مۆرک و شوناسی کوردی خۆی پێوە بێت. بە ڕاستی ئاخۆ دەکرێ لە شیعرە شێتەی «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان»دا بە شوێن تایبەتمەندییەکانی زمان و شوناس و کولتووری کوردیدا بگەڕێین؟

**دۆڕام...**
**کە عەشقی تۆ نە لە ئەفسانەوە بێ ماناترە نە لە ڕاستییەوە**
**دۆڕای...**
**کە ئەوینی من نە لە باخەوە شکۆفەی سەردەمە نە لە پاکی شەوەوە**
**دۆڕاین...**
**کە بێ مانا تریفەکان**
**بێ مانا، مان.**
ل٥٩

١- بگێڕی (١) کە هەست بە دۆڕان دەکات و هەر سێ دەنگە کە هەر خۆیەتی: دۆڕام.../

دۆڕای.../ دۆڕاین... سێ ڕستە بە سێ ئاواز و سێ هەستی جیاوازەوە نووسراوە:

**یەکەم**: «کە عەشقی تۆ نە لە ئەفسانەوە بێ ماناترە نە لە ڕاستییەوە»، ئاوازی گلەیی و حەسرەتاوی.

**دووەم**: «کە ئەوینی من نە لە باخەوە شکۆفەی سەردەمە نە لە پاکی شەوەوە» ئاوازی تۆلّە و پەشیمانی گەرچی پەرێشانییەکەشی ناشاردرێتەوە.

**سێیەم**: دۆڕاین.../ کە بێ مانا تریفەکان/ بێ مانا مان» ئاوازی هەست بە پووچی کردن و بێ دەرەتانی.

٢- بگێڕی (١) و (٢) لەگەلّ یەک دەدوێن و هەر کەسێک بە هیوای سەلماندنی خۆیەتی: بگێڕی (١) واتە عاشق: «دۆڕام.../ کە عەشقی تۆ نە لە ئەفسانەوە بێ ماناترە نە لە ڕاستییەوە. بگێڕی (٢) واتە گراوەکەی: دۆڕای.../ کە ئەوینی من نە لە باخەوە شکۆفەی سەردەمە نە لە پاکی شەوەوە». هەردووکیان بە هاودلّییەکی پڕ سۆزەوە: «دۆڕاین.../ کە بێ مانا تریفەکان/ بێ مانا، مان» لۆژیکی وتووێژەکە بە ئاواز و بە ڕاوەستان لەسەر وشەکە دەگۆڕێ و بەم چەشنە بەستنێک بۆ دیالۆگ لە کەشوهەوایەکی ئەویندارانەدا، دابین دەکرێ.

* * *

لاپەڕەی (٧٩) هەلّدەدەینەوە و شیعری «منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان» دەخوێنینەوە، شیعرێک کە لە چەند لایەنی جۆراوجۆرەوە شیاوی سەرنجە. شیعرێکی سێیانەیی کە لەسەر سێ وێنەی «پەنجەرە» و «شەقام» و «تەنیایی»دا داڕێژراوە.

وێنەیەکمان دێتە بەرچاو: تەنیایەک لە پەنجەرەوە دەڕوانێتە شەقام. وشەی «سێ» وەک سەنتەرێک، هاوکات سێ شوێن دەگۆڕێ، بەلاّم هەروەک سەنتەرێک دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی شیعرەکەیان وێنە و عاتیفەکانی لە ناوەندێکدا کۆ کاتەوە، ئەم جێگۆڕکێیە دەبێتە هۆی ناوەندشکێنی شیعرەکە.

لە قۆلّێی یەکەمدا دەلّێت:

**پیاوتر لە دار.. بە ڕیشاڵۆی پەنجەرەتدا... ڕووناک**
**ڕاکشاوتر لە شەقام... بە ئاژاوەی چاوتدا... تاریک**
**عاشقتر لە هەور... بە تەنیاییتدا.**

بێـــجگە لەوەی کـــە هەر دێرێک وەســـفی وشـــە ناوەندییـەکان دەگـێڕێتـەوە، دەکرێ خـودی خوێنەریش بە هاونشـینی زەینی وشەکان؛ ئەم وەسفانە دابڕێژێ: پیاوی ڕاکشاوی عاشق- ڕووناکی پەنجەرەی شەقام- تاریکی شەقامی تەنیـایی- ئاژاوەی شەقـامی تەنیـایی. ئەمـجا خودی دەقەکە بە جێگۆڕکێی وشەکان کۆپلەی سێیەمی دارشتووە:

**منم پیاوی عاشقی ڕاکشاو... لەو دێرەدا کە شیعرە**
**منم پەنجەرەی ئاژاوە... لەو عیشقەدا کە تەنیا**
**منم شـــاعــــیــــری تەنیـــایی هەور.. لەو ئاژاوەی شەقامدا... کە ڕووناک**

کۆپلەی سێیەم کە هەر لە وشە ناوەندییەکانی پێشوو پێکهـاتووە، لەسـەر سێ شـتی جـیـاواز بە هەست و وێنەیەکی جیاوازەوە پێ دادەگرێ: سێ شیعری من- سێ دێری دوای ئەوین- سێ شیعری ناتەواو- کە خوێنەر تا وەخۆی دێتەوە دەبینێ ڕاکشاوە لە سێ شیعری ناتەواوی عاشقدا:

**بخـوێننەوە سێ شـیـعـری من کـە پێکەوە هەورانە بەسەرتانا...**

**بنووسنەوە سێ دێری دوای ئەوین... کـە سـپی سـپی چاوەڕوان**

**ئێوەن پیـاوانی ڕاکـشـاو لە سێ شـیـعـری ناتەواوی عاشقێکدا**

ئاخۆ شیعری شێتیش دەتوانێ بە سڕینەوەی ژیرایەتی بەردەنگ، بیباتە کەشوهەوایەکی مەستانەوە؟ ئەی چۆنە کە بە خوێندنەوەی ئەو سێ کۆپلە وەک دەڵێی پەرپووتت دەکـات، کـتـوپڕ لەخۆ دەچی و کـە دێـتـەوە سـەرخۆت، دەبینی لە سێ شیعری ناتەواوی عاشقێکدا ڕاکشاوی.. سەرمەستییەک نە لە چەشنی بیرۆکەیەکی عارفانە، یان عـاشـقـانەوە، نە لە چەشنی تەعـبـیـرێکی ڕۆمـانتـیـک، بەڵکو سـەرمـەسـتـیـیـەکی زمـانی.. بڵێ لە سـەردەمی جـادوودا نەخـۆشەکـان لەژێر دەستی کـاهـینەکـاندا بە ئەم چەشنە زمـانە نامـۆیانەوە نەچووبێـتنە دنیـای خەڵـسەوە؟ واتە جادوویەک لە پێناو کارکردی شەیدایی زمان.

پیـاوە سـیـحـرکـراوەکـانی ڕاکـشـاو لە سێ شـیـعـری ناتەواوی عـاشـقێکدا وەدەنگ دێن. ئەوان سێ کـەسن و هەر کـامەیان بە چەشنی خـۆیان عـاشـق دەبن. سێ دەنگ لە سێ سـتـووندا بە نۆرە شـیـعـری شـەیدایی خـۆیان دەهۆننەوە و هەردەنگێـک، کـەسـایـەتی تایبـەتی خـۆی هەیە: دەنگی ستوونی یەکەم- دەنگی سـتوونی دووەم- دەنگی ستوونی سێیەم: (ل٨٠)

١
**شێنتر لە جوامێری**
**باران**
**بەهارانە**
**لە ئامێزمدا دارستان**
**ئەی شیعری سەرەتای**
**ئاژاوە**
**بنووسرێوە بە**
**ڕوحمدا**
**تەنانەت ئەگەر**
**سەروایەک**
**بۆ تەنیاییم**
**دێرێک بۆ سەرەتام.**
**بارانی جوامێری**
**ئامێزم**
**سەروایەک بۆ**
**سەرەتات**
**دێرێک بۆ هەمووت**
**ئەی ناتەواوتر شیعر**
**لە ماڵئاوا**

٢
**سپیتر لە جەسارەتی**
**ئاو**
**کە هەور**
**چیها گەڵاس ئەچڕێ**
**بۆ چرکەیەک تەمەن**
**تا ناتەواوی جوامێری**
**سەروایەک**
**کە تەمەنی**
**جەسارەتی**

**شەقام**
**منم**
**شاعیری ژنانی**
**چاوەڕوان**

**٣**
**سوورتر لە میهرەبانی**
**ئاژاوە**
**چۆڕانەوەی تەنیایی**
**وشەی تاریکیم**
**وەک سەروای بولێڵی**
**ترس**
**ڕیشاژۆی پیاوێک بە**
**تەنیاییدا**
**بچڕە**
**ڕاکشاوتر لە وشە...**
**تا ئاژاوە**

باران و ئاو و ئاژاوە، سێ کوچکەی ئەم دەنگانەن کە هەر کامەیان ڕەنگێکیان هەیە و هەستێکی تایبەت بە خۆیان دەخولقێنن:

**شینتر لە جوامێری**
**باران**

**سپیتر لە جەسارەتی**
**ئاو**

**سوورتر لە میهرەبانی**
**ئاژاوە**

بەڵام دەکرێ بە جێگۆڕکێیەکی زۆر ئاسایی و بەگۆڕینی لای ستوونی بەلای ئاسۆیی، دیمەن گەلێکی شاعیرانەی تریش و دەنگەهایەکی تریش بخولقێنی:

لایەنی یەکەم:

١- سپیتر لە جەسارەتی/ باران، ٢-سوورتر لە میهرەبانی/ باران، ٣-شینتر لە جوامێری/ ئاو، ٤-سوورتر لە میهرەبانی/، ٥-شینتر لە جوامێری/ ئاژاوە، ٦-سپیتر لە جەسارەتی/ ئاژاوە.

لایەنی دووەم:

١- بەهارانە/ کە هەور/ چۆڕانەوەی تەنیایی/ لە ئامێزمدا دارستان/ چیها گەڵا ئەچڕێ/ وشەی تاریکیم. ٢-ئەی شیعری سەرەتای/ بۆچرکەیەک تەمەن/ وەک سەروای بولێڵی/ ئاژاوە/ تا ناتەواوی جوامێری/ ترس. ٣-بنووسرێوە بە سەروایەک/ ڕیشاژۆی پیاوێک بە ڕوحمدا. ٤-تەنانەت ئەگەر جەسارەتی!/ بچڕە سەروایەک/ شەقام/ ڕاکشاوتر لە وشە...

* * *

«منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان»، گەرچی هەوڵێکی تەکنیکییە بۆ هەڵێنجانی توانست و لواوییەکانی زمانی، بەڵام بەدڵنیاییەوە، نە لەکاتە ئالۆزەکانی پێکهاتن و تێکشکانی بنەماکان، نە لە کاتی پێکهاتنی بارودۆخە پۆلی فۆنیکەکان، نە لە ساتی بە سەریەک داشکانی ڕستەکان، نە لە داڕشتنی لەیەک تەنینی ماناکان، نە لە تەونی تەداعییەکان و تەنانەت لە کاتی ڕیزبوونی ڕستە ئسکیزۆفرنییەکانیشدا، بەدڵنیاییەوە هۆنە و بافتی شاعیرانەی دەقەکە تووشی خەسار نابێت.

شیعری شێت لە کاتی خولقانی خۆیدا، زمان تووشی ئەو کێشە زاتییەی دەکات کە لە کات و ساتێکی مێژوویدا دژ بە پێکهاتە سواوەکانی خۆی دەجووڵێ و لەسەر ڕا خۆی دەبووژێنێتەوە، ئەویش لەکاتێکدا کە لەژێر بیرۆکە زاڵەکانی داتەنیو بەسەر ئێستای زەماندا، زمانێکی ڕەندانە و ئازایەتییەکی شێتانە، بۆ دەربڕینی خۆت پێویستە.

**شیعری درێژی کام هزرە لە هەڵفڕیندا نووسراوە؟**

**سەرچاوەکان:**

**١- ڕەزایی، یوونس، منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان، دەزگای ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٧.**

# هەردی و قوتابخانەی ئەزموونی شیعر

**عومەر محەمەدی**
**(شنۆ)**

ڕیالیزمەکان لەسەر ئەم باوەڕەن لە زاتی هەر کام لە ئێمەدا بەشێک ڕیالیزم و بەشێک ڕۆمانتیک گونجاوە. ئەدەبیات دەتوانێ ئەم کێشە و بۆچوونانە لە بەشێکی گەورەتردا پێشان بدا هەتا تەوفیری نێوان ئەم دوانە پتر مانادار بێ. گومان لەمەدا نییە کە شاعیرانی ئێمەی کورد لە هەر قۆناغێکدا ژیابن لەم شێوازانە، چ ئەدەبی کلاسیزم، یان ڕیالیزم بێ؛ بێ بەری نەبوونە، یان دەق و دۆغر بەزمانی شیعر بۆچوونەکانی خۆیان دەربڕیوە، یان لە زمان حاڵی سروشت و دیاردەکانی سروشتەوە هەستی خۆیان دەربڕیوە. مامۆستا «هەردی» یەکێ لەم شاعیرانەی سەردەمی خۆیەتی کە بە بەراورد کردن لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا فۆرم و زمانی تایبەت بە شیعری خۆی هەبووە، چ لە ئەدەبی ڕیالیزم و چ لە ئەدەبی کلاسیزمدا هەست و نەستی خۆی بەرانبەر بە کێشەی ژیان لە شیعرەکانیدا دێتە بەرچاو. لە شیعری (هەردی)دا دوو فاکتی گرنگ دەوردەگێڕن: یەکەم بە سروشتی کردن، یان سروشت پەروەری دیاردەکان. دووەم دارشتنی فۆرم بۆ شیعر. جیاوازی زمانێکی پراکتیکی لە زمانی شیعردا ئەمەیە کە دیاردەکان هەرچەند لە واقیعدا بگونجێن، کە جێ گۆڕکێیان پێ دەکرێ و دەکەونە پاڵ کێش و برگەکانی ئاهەنگدار و لە دۆخی ئاسایی و پێشووی خۆیان دەترازێن و زمانی شیعر پەیدا دەکەن.

هەردی بە کەڵک وەرگرتنی فۆرم و کێشی تایبەت بۆ دیاردە ئاساییەکان زمانێکی تایبەت بە خۆی بۆ شیعر دروست دەکات، بە واتایەکی تر بە دەستکارییەکی شاعیرانە لە هونەری فۆلکلۆردا، ڕچەی تایبەت بە خۆی هەیە:

**ئاخ و داخ و دەرد؛ لە دەست تەنیایی؛**
**پەشێوی بێ حەد؛ دەردی بێ دوایی؛**
**ئەم سەرسامییە؛**
**بێ ئارامییە؛**
**دل ناکامییە:**
**کەی دێ کۆتایی؟**

* * *

**بۆ هەر کوێ ئەچم پێ خەرابترم..**
**ناسرەوێ دڵەی پڕ لە ئاگرم...**
**نە لەناو گوڵزار؛**
**نە لەلای خزم و یار؛**
**نە لە دەشت و شار؛**
**ئۆقرە ناگرم...**

لەم دۆخەی ڕیالیزمی شیعریدا؛ وشەکان سادە و ساکارن، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی زمانیان تێدا بەدی ناکرێ، بەڵام چۆنیەتی ڕیزبەندکردنیان بۆ سەردەمی خۆی شتێکی جوانە. پێوەندی نێوان دیاردەکان پێوەندییەکی

سادە و عاتیفییە، ئاگایی لە ڕێگای سەلماندنەوە پێکدێ، ئەوەش بۆ دەرئەنجام گەیاندنی ڕاستییەکان لە بری مانا ڕاستەقینەکەی خۆیەوە دەوری ڕستە دەگێڕێ. وشەکان لەگەڵ پاش و پێشی خۆیاندا لە پێوەندیدان. هەست کردن بەواقیعەت لە شیعردا پێویستی بە کردنەوە هەیە. لەم شیعرەدا دیاردە ئاساییەکان مانای تایبەتی و ئاساییان هەیە. ڕاستە کە وشە لە زمانی ئاسایی نزیکە، بەڵام شیعر چاودێرییەکی زمانی و فیکری هەیە؛ دیاردەکان عاتیفین و پێوەندییان بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە. شاعیر لە بەشی هۆشیار و ئاگای دەروون، عاتیفە دەردەبڕێ، هەر بۆیە زمانی شیعر سروشتییە و دیاردەکان ئەوکاتە پتر سروشتی دەبن کە شاعیر پەنا دەباتە بەر سروشت و سوکنایی دڵی خۆی دەداتەوە. سروشت کە خۆی پڕە لە ڕەنگ و هونەری جوانی ناسیبیانە؛ کاتێ ئەم هونەری جوانییە لە دیاردەکاندا خۆی دەنوێنێ، دەڕژێتە ناو وشە و دەنگ دروست دەبێ، واتا دەنگ و وشە لە پێشدا هەن. کاتێ شاعیر بە ڕیزکردنی ئەم وشانە زمانی شیعر و دەنگێکی سەربەخۆ دروست دەکات، دەتوانی خواستی ئێمەش شی بکاتەوە. «هایدیگەر» دەڵێ وشە لە شیعردا بیرکردنەوە و گوێدانە بۆ دەنگەکان کە بۆ لای ئێمە دێن. زمانێکە کە لەگەڵ ئێمە دەدوێ.»

**تاقانە خونچەکەی باخی ژیانم..**
**زیندووکەرەوەی ئاواتی بێ گیانم!**
**ڕۆشنکەری: ڕێگای ژین و مانم**
**با لەدەستی: ژینی پەستی؛ شارودێ؛ شارودێ؛**
**ڕاکەین و ڕوو بکەینە چۆڵ و هەردێ، ناو هەردێ.**
**تەنیا؛ وەک ئاسکۆڵەی کۆسار،**
**ڕوو بکەینە قەد شاخ و ناو گوڵزار**
**لە قەدپاڵی شاخی هەزار بە هەزار..**
**لە سای سێبەری درەختی ناو گوڵزار.**
**کونجێ بکەین: بە هیلانە و هەوار..**
**دەست لە گەردن، تاکو مردن، شۆخ و شاد، شۆخ و شاد،**
**خەمی دنیا: بە ماچ بدەین بە باد، هەر بە باد...**
**گۆنات، هەڵمژم پڕ بەدەم**
**سوورهەڵگەڕێ هێندە ماچی کەم...**

چەمک و ناوەڕۆک لەم شیعرەدا هەر لەسەرەتاوە بۆ خوێنەر خۆ بە دەستەوەدەر و ئاشکرایە، ئەم شیعرە ڕاڤەیەکی سادە و سەحی دەخوازێ «ئارتۆر دانتە -ar thordanto» دەڵێ: «ڕاڤەیەک کە مەبەستی ڕوونکردنەوەی نییەتی سەرەکی شاعیرە، ڕاڤەیەکی ڕووکەشە، لەم شێوە ڕاڤەیەدا دەق بەجۆرێ دروستی خۆیی لە ئاگاییەوە وەردەگرێ.» شاعیر بۆ دەربڕینی پەیامێکی کە لەواقعیەتدا هەڵدەقوڵێ شیعر دروست دەکات، ئەمەش بەر لەبیرکردنەوە پتر پێوەندی بە چەمکەوە هەیە هەتا ڕاڤەی زەینی. بەم جۆرە مەدلوول دەرفەتی بۆ زیاتر بیرکردنەوە نامێنیتەوە، چونکە مانا ڕاستەقینەکەی مەبەستی شاعیر لە پێشدا بە خوێنەر گەیشتووە. کاتێ هەردی لە داڕشتنی زمانی شیعردا بە شێوازێکی ئاسایی لە دیاردەکان کەڵک وەردەگرێ و هەر بەم شێوەیە کە هەن، دەیانخاتە ناو فۆرمی شیعرەوە؛ ئەوە دەتوانین بڵێین مامۆستا هەردی لە دۆخێکی ڕیالیزمیدا خەریکی ئەزموونگەرییەکانی خۆیەتی، بەڵام کاتێ لە نیشانە و ڕەمز بۆ شیکردنەوەی مەبەست کەڵک وەردەگرێ، شیعر لە ژوور زمانی ئاسایی دێتە گۆ، زمان چڕتر دەبێتەوە و دیاردەکان پتر ڕاڤە خوازن، لێرەدایە هەردی لە دنیای ڕۆمانتیکدا خەریکی ئەزموونی شیعرە.

### هەردی و ئەزموونی شیعر

لە ڕوانگەی پراگماتیزمەکانەوە؛ ئەزموونی هەر باوەڕێک ئەمەیە کە ئەم باوەڕە چ گۆڕانکارییەک لە ژیانی کەسایەتیدا پێکدێنێ؟ ئەم ئەزموونە هەموو ڕوانگەکانی پێدا تێپەڕ دەبێ. لە بیرۆکەی پراگماتیزمدا هەرچەند حەقیقەت وەکو چەمکێکی یۆتۆپیایی تەماشا دەکرێ، بەڵام حەقیقەت بۆ زەمان و دۆخ و کەسایەتی مەرج نییە. لە شیعری «تەپڵی بەتاڵ» ڕازی تەنیایی (ل٧٢-٧٦) ئەم مەبەستە دێتە بەرچاو:

**وەمزانی: کە نامووس و حەیا نرخی کوڕانە**
**ڕاستگۆیی و وڵات پەروەری، ئەنجامی ژیانە**
**نەمزانی برا کەم هەموو ئەم ناوە زلانە**
**وەکو تەپڵی بەتاڵ، گەرچی زل و گەورەیە. دەنگیان**
**دەسکردی خەیاڵن، لە ژیانا: نییە ڕەنگیان!...**

لە شرۆڤەکردنی چەمکێکی ڕاستیدا دوو فاکتی «ئەزموون و ڕەزامەندی» بۆ چەمکی حەقیقەت ڕەچاودەکرێ. «جیمز» دەڵێ حەقیقەت لە وێنەکان پێکهاتووە کە خۆیان بەشێک لە ئەزموونی ئێمەن. ئەمانە، تا ئەو جێگایە لە حەقیقەتدا خۆیا دەبن کە

بتـوانن یارمـەتی ئێمـە بدەن بۆ تێگەیشتن لە پێـوەندی نێـوان ڕەزامــەندیی ئێـــمە لەگــەڵ پاژەکـــانی تر لە ئەزموونەکانماندا. بەڵگە و بوون بە ئەزموونەوە پەیوەستن، ئەو دیاردانەی کـە بوونیـــان سـەلمێنراوە زمــان دروست دەکەن، بیرمەندانی دیاردەناس جەوهەری زمان لە بووندا دەبینن، ئەم بوونەش لە زاتی خۆیدا شاعیرانەیە. شیعر پێـوەندی خـۆمـاڵیـیـانەی لەگەڵ بووندا هەیە، شیـعـر ڕاستییەکان خویا دەکات و بوون لە ڕاستیدا ئامادەیی شـاعـیـر دەگـوزەرێ. زمـان لە شیـعردا دێتـەگـۆ، شیـعر بەشێوەی بنەڕەتی پێوەندی بە لایەنێکی پیرۆزەوە Da-sheilige هەیە زمـانی شیـعـر بە مـانا تایبـەتیـیـەکـەی خۆی، زمانێکی یەکانە و تایبەت بە خۆیەتی، خۆباگەری ڕازیبـوونە، بە جـۆرێ کـە هەر شـتێ بەجێ و دروست لە جێگە و پێگەی خۆیدا دادەمەزرێ. شیعر بینینی جیهانی ئاسایی شاعیرە، بە شێوازێکی ڕازدار لە ناو دڵی ڕازدا. لە شێوازی ڕیالیزمیدا، ئەوین جێگەی دیارە، ڕێزلێنان و تەوسـیف تا ڕادەی پەرەستن دێتــە بەرچاو. هەر بۆیەش ئەدەبی ڕیالیـزم لە تەوسـیـفی زێدەڕۆییـدا بە ئەدەبی ڕۆمانتیکەوە پابەند دەبێ، چونکە ئەو دەم لەنێوان دال و مــەدلولەکـــاندا هێندێک هۆ و هۆکـــار دێنە پێش کــە کـاردانەوەیان لەسـەر زەین و گـۆڕانکارییـەکـانی هەیە. دیاردەکان لە ئاستی ئاسایی خۆیاندا بەرەو ژوور دەچن، ڕەنگوڕوویەکی ناسک و جـوان بـە شـیـعـر دەبەخـشن. هەرچەند بڕیاردەرانی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی ڕیالیزمـیـدا بەرچاوە، بەڵام لێرەشـدا دەوری خۆی دەگێڕێ. هەردی لە شیـعری «دووچەشن دڵداری» و «ست فـاتمە»دا جیـاوازی چینایەتی لەنێـو وردەکـارییـەکـانی شیـعـردا بە سـۆز و عـاتیـفـە دەردەبڕێ. لە ئەدەبی ڕۆمـانتـیکیـدا ئەم چەشنە ئەوینە دەوری نەرێنی و ئەرێنی هەیە، کـــە لە درێژەی وتاردا باسی لێدەکرێ.

**ئەم دڵەی، وەک بت پەرەستێ ڕوو ئەکاتە چاوەکەت**
**نوێژ ئەکا بۆ: تیشکی چاو و زوڵفە تێک ئاڵاوەکەت**
**گەرچی ئەیشێلی بە زەبری قۆندەرە و پێڵاوەکەت**
**قەت بە دڵڕەق باست ناکەم، نایزڕێنم: ناوەکەت**
**چونکە ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەکت**
**مەستی کردووی، بۆیە نابینێ لە عاستم، چاوەکەت**
**ئەو گوڵی بۆ مێزی بادە و پۆکەر و یاری ئەوێ**
**واتە: تۆی بۆ تێپەڕینی کاتی بێزاری ئەوێ**

**من، گوڵم بۆ: تۆوی باخی ژین و دڵداری ئەوێ**
**یانی من، تۆم بۆ: ئەوینی عومری یەک جاری ئەوێ**
**تۆم ئەوێ وەک گوڵ لە باخی ماڵی مندا هەڵبدەی**
**نەک گوڵی سەر مێزی ئیمڕۆ بیت و پێخوستی سبەی!**

لە شێوازی ڕیالیزمیدا، ڕێزلێنان و بەدبینی، وەک دوو فاکتی گرنگ جێگەیان هەیە و جێگەی باسن. لە شیعری «دووچەشن دڵداری»دا ئەوین شتێکی پیرۆزە و تاڕادەی پەرەستن جێگەی هەیە. ئەم شێـوازە لە ئەدەبی کـوردیدا ئەوین یەکـانە و تایبـەتی دەکـا و هەسـتی دەسـەڵات زەق دەکـــاتەوە، هەرچەند ئەوین پێــوەندی بە مــەرامــێکی پیــرۆزەوە هەبێ، ڕەنگە بە چاویلکەی پیــاوسـالارانەوە تەمـاشـای ئەوین بکرێ لە شیـعری دوو چەشن دڵداریدا مـامۆستا هەردی ئەوین وەک شتێکی پیرۆز دەپەرەستێ، لەم شــیــعــرەدا من و ئەو دوو تەوەری ســەرەکین کــە لە دەورگـێـڕی ئەویندا دەوری نەرێنی و ئەرێنیـــان هەیە: پارە، مـێـزی شـەراب، تەلار، گـورگ، پێـخـوست، ئاوی لێڵ، لەم چەند دێرە شیعرەدا کە دەوری نەرێنی دەگێڕن بۆ «ئەو»، یان کەسایەتی بەرانبەری شاعیر. بە پێچەوانەوە دیاردەکـانی وەک تۆوی باخی ژیان، عـومـری یەک جـاری و.. لەمانەن کە دەوری ئەرێنییان بۆ شاعیر هەیە. ئەوەی کـە لە ڕووی ناوەرۆکــەوە لەم شـیــعـرەدا گــرنگە: ئەو دیاردانەی کـە دەوری نەرێنیـــان هەیە پتر دێنە بەرچاو. دیاردەیەکی تر کـە وەکو سەمبۆلی باش و خراپ کەڵکی لێ وەرگـیـراوە هێنانەوەی «گـوڵە» کە هەم دەوری نەرێنی هەیە و هەم دەوری ئەرێنی. لێـرەدا گـوڵ مـۆتیـڤـێکی لاوەکییە کە لەگەڵ چەمکی ئەوین، یان موتیڤی سەرەکی پێکەوە لکاوە و لە پێـوەندییـەکی هاوبەشـدا هەردوو دەوری نەرێنی و ئەرێنییان لە سکۆردداپە*. بیرمەندانی نیـشـانەناس دەڵێـن: لە نیـشـانەدا هەندێک هۆوهۆکـار هەن، کــە کـــاردانەوەی زەینیــــان لەســـەرە و شـــێـــوە ڕووبەڕووبوونەوەیان لێ دەکەوێتەوە. بەم پێـیـە نیـشـانە کەرەستەی پێوەندی نێوان دوو زەینی جیاوازە، کە لەگەڵ خواست، یان نیـیەت بەشێوەیەکی پیرۆز لە پێوەندیدایە لە شیـعـری «دووچەشن دڵداری و ست فـاتمە»ی (هەردی)دا هەردوو زەینییـەت هەیە، هەم زەینییـەتی شاعـیـر و هەم زەینیـیـەتی کـەسـێکی تر. لە هەردوو زەینیـشـدا دەوری نەرێ و ئەرێ هەیە. هەروەک پێشـتـر ئاماژە کـرا، چونکە هەردی ســەر بە هەردوو قــوتابخـــانەیە، دیاردەکـــان بە

سۆزێکی ڕۆمانتیکی و ئاراستەیەکی ڕیالیزمی دەخاتە ناو فۆرمێکی برگەبەندی شیعرەوە:

**فاتمە! دووچاوی مەستت، پڕ تەلیسمی جوانییە**
**پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یەزدانییە**
**بەژن و بالاکەت نموونەی: هەیکەلی یۆنانییە**
**لار و لەنجەت، مۆسیقایە، بەستەیە گۆرانییە**
**بووکی ڕازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم ست فاتمە!**
**تاقە پڕشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە...**

* * *

**گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا، ئەفسانەیە**
**هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە**
**گیانەکەم! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە**
**بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیە**
**هەر بە تەنیا خۆشەویستی شک ئەبەم، ست فاتمە!**
**سەروەتم ناوێ، بژەی تۆ، ئەوپەڕی ئاواتمە**

ڕەزامەندی بەرانبەر بە ئەوین و ناڕەزامەندی بەرانبەر بە بڕیاردەرەکانی کۆمەڵایەتی دوو تەوەری گرنگن کە تیشک دەخەنە سەر شیعری هەردی.

ئەوین لە شیعری ست فاتمەدا هەرچەند لە زات و دەروونی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ و شاراوەیە؛ بەڵام لەگەڵ هەست و خۆشەویستی لە پێوەندیدایە. ئەم ئەوینە تا ئەو جێگایە لە پێناو ڕەزامەندیدایە کە ویست و داخوازی شاعیر دابین بکات، ئەگەر ئەم ویستە لە خزمەت ڕەزامەندی شاعیردا نەبێ لەگەڵ هەڵوێستێکی نەگەیشتوویانەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە شاعیر هۆیەکەی لە شێوە ژیانی چینایەتی و کۆمەڵگادا دەبینێ. ئەم ڕوانگەیە لە زۆربەی شیعرە کلاسیکییەکانی کوردیدا دەبینرێ. هەرچەن ئەوین لای شاعیر پیرۆزە، بەڵام نیگایەکی پیاوسالارانەی پێوە دیارە. هەر بەم هۆیەشەوە ئەوین تێکەڵ بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ و لایەنە ئەدەبییەکەی تاڕادەیەک دادەبەزێ و خۆی لە قەرەی زمانی ئاسایی نزیک دەکاتەوە. ئەوەشمان لەبیر نەچێ؛ چەمکی ئەوین لە هەندێ شیعری کلاسیکی کوردیدا وەکو شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێ)ی وەفایی و (حەبیبە)ی نالی، لایەنە ئەدەبییەکەیان ئەوەندە بەهێزە کە زمان چڕ دەبێتەوە و ناوەرۆک ڕاوە هەڵگر دەبێ. کاتێ هەردی لە ساڵەکانی چل و پەنجادا خەریکی ئەزموونگەرییەکانی خۆیەتی شێوە ڕوانینێکی تری ئەدەبیانەی بەرانبەر بە ئەوین هەیە و بەشێوەیەکی ڕۆمانسیانە باوەڕی خۆی لە ئەویندا دەسەلمێنێ:

**ژیان و ئەرکی ناخۆشی: پەپوولەی ئارەزووی کوشتم**
**شەرابی جامی دڵداری، لە تافی لاوییا ڕشتم!**
**تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت، وەها تاریک و چڵکن بوو**
**شەوی تەنیایی، ڕووناکی چرای ئاواتی، خنکانم**
**دەستی ناکامی، ئاوازی دەروونی کەیلی، تاسانم**
**ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی،**
**دەروونی پڕ لە ناکامی**
**ئەپێوم چۆڵی: سەرسامی...**

شیکردنەوەی ژیان لە زمانی شیعری هەردیدا ژیانێکی مەجازییە کە لە ژوور واقعیەتدا باسی لێدەکرێ. ئەم ژیانە لە پلاتفۆرمێکی ئەدەبیدا بیچمێکی تایبەت پەیدا دەکات؛ لە بیرۆکەی فەلسەفیشدا هەر ئەمە دەسەلمێنرێ: «بارت» دەڵێ ژیان خۆی شێوەی نییە، ئەمە ئەدەبیاتە شێوە بە ژیان دەدا، وشەی ئەدەبی ناتوانێ تاڕادەی ژیانی ئاسایی دابەزێ. ئەم وشە زمانییانەی کە لەم شیعرەدا بۆ چەمک و ناوەرۆکی ژیان هەڵبژێردراون؛ ناسک و جوان و دەنگدارن. ڕەنگ و ڕووی بزاڤی جوانیناسانەیان پێوە دیارە، بزاڤێک کە لەودا هەستێکی پاساودراو بە ڕێکەوتێکی ئاهەنگدار بەدواداچوونێکی ڕوخساری و بەرجەستەبوونی ئەوینی تێدا دیارە. کێشەی مەرگ و ژیان دوو دیاردەی لێک جیاوازن، لەگەڵ یەکتر بەرانبەرن و پێوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە، شاعیر بۆ ئەم کێشەیە، کۆد، یان نیشانە بەکاردێنێ. بۆ مەبەستی جوانی ناسی و گەشەی زمان و قووڵتربوونەوەی مانا؛ تەقابول بۆ کردەوە و دژ کردەوە گرنگە. ژیان هەردوو لایەنی نەرێ و ئەرێی تێدایە. لەم شیعرەدا شاعیر لایەنە نەرێنەکەی (ژیان و ئەرکی ناخۆشی) بە هێندێ بەڵگە و نیشانەی وەک: پەپوولەی ئارەزوو، شەرابی جامی دڵداری، بەرجەستە دەکاتەوە، یان بۆ تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت؛ نیگاری خۆشەویستی و پەری دەکاتە بەڵگەی جوانیناسانە. لێرەدایە، کە وشە لە کایەی زمانیدا چڕتر و مانادارتر دەبێ. ئەم مەبەستە لە شیعری شۆڕشی نائومێدیشدا بەرچاوە:

**بناخە و چینی دیواری،!**
**تەلاری بەرزی دڵداری**
**بەسەر لانەی دڵا ڕووخا! تەپوتۆزی خەمی هێنا**

**بەدووی باڵداری ئاواتی، فریوی بێ سەروشوێنا!**
**دەسا ئەی پاییزی ماتەم! ئەوەندەم تاسە پێ ماوە:**
**هەموو ئەو یادگارە لەو: ژیانی ئەشقە جێ ماوە**
**بەجارێ وەک گەڵا سروەی خەزانت گشتی ڕامالێ،**
**بە وردی هەر گەڵایەکی ، ببا بۆ: قوژبن و چاڵێ..!**

شاعیر لەم برگە شیعرەدا شۆڕشێکی زمانی دروست دەکا. شۆڕشێکی سەرکەش و بەهەڵستکارانە، کە لەودا بەدیاردە سروشتییەکان ئەوین دەردەبڕێت، هەر بۆیە زمانیش شێوازێکی هارمۆنی لە چەشنی خۆ دەبینێتەوە، شاعیر، خۆی دیواری دڵداری هەڵچنیوە، هەر خۆشی حەزدەکا دیواری ئەوین بڕووخێ. هەرچەند کەشوهەوای نائومێدی باڵی بەسەر شیعردا کێشاوە، بەڵام ئەو سیفەتانەی کە هەڵگری مانای نەرێنین وەکو دیاردەی زمانی دەورێکی گرنگ لە شیعردا دەگێڕن. چەمکی شیعر ئەوینە؛ پێوەندی نێوان دیاردەکان پێوەندییەکی دژەمانایییە کە وێنە دەئافرێنێ و شاعیر بۆ خۆی جیهانێک ساز دەکا. هەر لەم جیهانەشدا خەونەکانی خۆی دەردەبڕێت. ئەوەی لەم شیعرەدا جێگەی باسە مەسەلەی دەسەڵاتە لە ئەویندا؛ لێرەدا دەسەڵات لە شێوەی ئاسایی بەرەو ژوورتر دەچێ، شاعیر بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی و بۆ بەرجەستەکردنی دەسەڵات دەیەوێ گەردەلوول بخاتە ژێر ڕکێفی فەرمانی خۆیەوە. لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێمەدا هەروەک ئاماژەی پێکرا، شێوە ڕوانین لە ئەوین، بۆ شێوە ڕوانینی نیگای پیاوسالارانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەگەڕێتەوە؛ ئەوکاتە کە ئەوین لە پێناو ویست و دەسەڵاتی شاعیردایە زمانی تەوسیف نەرم و هێدییە، ئەوکاتە کە ئەوین بۆ شاعیر خۆ بە دەستەوە دەر نەبێ زمانی تەوسیف توندو بەرهەڵستکارانەیە

**دەبا (با) ڕەش لە دواییدا،**
**لە بیابانی... لماویدا**
**تەپوتۆزێکی وابێنێ، هەوا یەک جاری بخرۆشێ**
**سەری ئەو قوژبن و چاڵە، وەکو گۆڕیچە داپۆشێ!**
**لە پاشانا بەبای وەشتا، لەسەردا هەوری ڕەش بێنێ!**
**بە گۆڕی یادگارا، با بە خوڕ تاوێ.. ببارێنێ..!**
**دەبا بمرێ بە یەک جاری لە گۆڕی تەنگ و تەنیادا..!**
**نیشانە و ناوی هەڵگیرێ لەناو: بازاڕی دنیادا..!**

لەم شیعرەدا ئەم وشانەی کە زمان پێکدێنن چەمکێکی دەرەکییان هەیە، کە بە گێڕانی دەورێکی نێگەتیڤی گریمانە بۆ واقیعەت پێکدێنێ، کە لەودا شاعیر دەیەوێ ئەوەی مەبەستییەتی مەحوی بکاتەوە و لە ناوی بەرێ، نماد و دیاردە سروشتییەکان دەستەمۆ دەکا. ڕۆمانتیکەکان بۆ تاوتووکردنی خەیاڵ لە تەمسیلی خەیاڵ «Diaphor» کەڵکیان وەرگرتووە. هەردی لەم شیعرەدا بەهێنانەوەی نماد و جێگیرکردنی ئەم نمادانە ڕووداوی زمانی دروست دەکا. ئەوین لە شیعری شاعیرانی ڕۆمانتیکدا کاتێ دەبێتە هەستێکی خەیاڵئامێز لە دۆخی ئاسایی دەردەچێ و تێکەڵ بە نماد دەبێ، هەندێ مۆتیڤ، یان دەروون مایەیی لێ دەکەوێتەوە، کە شێوەیەکی ئەوپەڕی دەسەڵاتیی، پێوە دیارە و شکڵ و شێوەیەکی دەرهەستی هەیە و لە تاقەتی مرۆڤ بەدەرە** هەر ئەوەندە بەسە کە لەم شیعرەی (شۆڕشی نائومێدی)دا شاعیر فەرمان بە گەردەلوول دەدا، یان نمادەکان دەخاتە ژێر خەیاڵی دەسەڵات بۆ ئەوەی کێشەکانی دەروونی خۆی دەرببڕێت. ئەمەیە ویستی شاعیر و دەسەڵاتی وشە (بریس پارێن) دەڵێ: زمان ساز نابێ مەگەر بە لەناوچوونی ئەوەی کە دەیەوێ پێشانی بدا، بە گوتەی «باتای» زمان بەردەوام دەئافرێنێ و وێران دەکا:

**بەڵێ با گەردەلوولێ بێ،**
**ئەوی بۆنێکی تۆی لێ بێ..**
**وەکو ئەو پووشە ڕاپێچی بکا بۆ: گۆڕی تەنیایی..**
**بەگوێیا بچرپێنێ: نقامی عومری کۆتایی..!**
**پەپۆ، هاوڕازی وێرانە، نیشانەی مەرگی ڕووناکی**
**بەدەنگی شومی با شیوەن بکا بۆ گیانی ناپاکی**
**لەسەر ئەو دەنگ و ئاوازە، دەبا شەیتانی ڕاڕایی..،**
**سەمای پڕ تەوسی بێ شەرمی بکا بۆ عەشقی کۆتایی!**

پێکهێنانی پێوەندییەکی ئۆرگانیکی نێوان دیاردەکان، کە دەبێتە گەشەکردن و گۆڕانکاری دەروونی دەق؛ تایبەتمەندییەکی سەرەکییە، کە سەمبۆلیستێکی وەک «کالریج» بە سەمبۆلی پێناسە دەکا. هێزی خەیاڵ یارمەتی شاعیری بەهرەوەر دەدا کە جیهانی دەرەکی بە ئاگایییەوە هاوچەشن و نمادین پاساو بدا. هەردی بە کەڵک وەرگرتن لە دیاردەکانی دژەوەستی بەرانبەرییەک؛ ژیانی چینایەتی هەژار و باڵادەستی کۆمەڵ دەخاتە فۆرمێک کە زمانی دەق هەرچەند لە چەمکدا دژ و وێرانکەرە، بەڵام ئەمە نە تەنیا نابێتە هۆی

تێکدانییەکانەی دەق، بەڵکو پێکهێنەری دەقە. ئەو کاتە کە شاعیرێکی وەکو هەردی بۆ ڕاڤەی خەونەکانی لە دیاردە ئاسایی و سروشتییەکان بۆ هەوێنی شیعر کەڵک وەردەگرێ و ئەزموونەکانی خۆی لە تەوسیف و نماددا تاقی دەکاتەوە، یان هەست و سۆزێکی پیرۆز لەنێوان خەیاڵ و ڕاستیدا ئاڵوگۆڕ دەکا. ئەم بۆچوونەی «کالڕیچ» وەبیر ئێمە دەهێنێتەوە کە دەڵێ: «من باوەڕم بە هیچ شتێ نییە جگە لە عاتیفە پیرۆزەکان و هەستە دەروونییەکان و ڕاستی خەیاڵ. هەر ئەوەی کە خەیاڵ وەکو جوانی وەریدەگرێ دەبێ ڕاستی بێ؛ ئەم ڕاستییە چ لە پێشدا هەبێ، یان نەبێ...»

لە کۆتایی ئەم وتارەدا بەو دەرئەنجامە دەگەین کە شاعیرێکی وەکو «هەردی» هەرچەند بەرهەمەکانی دەگمەنن، بەڵام لە کات و دۆخی خۆیدا جگە لە داڕشتن و بڕگەبەندی شیعردا، کارێکی گەورەی کردووە، هەستێکی جوانیناسانە و سۆز و عاتیفەیەکی هونەری لە شیعرەکانیدا دیارە؛ پەروەردەکردنی دیاردە سروشتییەکان لەناو هەست و خەیاڵی ناسکدا؛ جوانکارییەکانی شیعری «گۆران و سوارە» دەهێنێتەوە بیر. شیعرەکانی هەردی گیانی مۆسیقایان پێوە دیارە، هەر بۆیەش بۆتە سەرچاوەی ئیلهامی گۆرانییەکانی؛ قادر دیلان و هۆمەر دزەیی و عەزیزی شاروخ و عەلی مەردان، مامڵێ، حەسەن زیرەک، ڕەزازی و مەرزییە فەریقی و..تاد.

لەسەر شیعری هەردی هەر ئەوەندە بەسە کە مامۆستا گۆران دەڵێ: «هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتییە لە شیعری کوردیدا و شوێن دەستی لە هەڵبەستەکانیدا دیارە.»

*** شیعرەکانی ڕازی تەنیایی و دوو چەشن دڵداری و شۆڕشی نائومێدی لەم شیعرانەن کە ئەزموونگەرییان پێوە دیارە.**

**** هێزی باڵادەست و ئەفسانەیی لە ئوستوورەکانی ئایینی و هەندێ سەرچاوەی پیرۆزدا بەشێوەی نمادین لە خەیاڵی مرۆڤدا هەن بۆ وێنە دەسەڵاتی سولەیمان پێغەمبەر لە دەستەمۆکردنی باو دێو و درنج بە شێوەیەکی نائاسایی، ڕەنگدانەوەیەکی خەیاڵی و دەروونی بۆ مرۆڤی هەستیار هەیە، ئەم بەشە لە کولتووری کوردیدا بەرچاوە.**

**سەرچاوەکان:**

**(١) نظریه ادبی ونقد عملی؛ رامان سلدن- مترجم دکتر جلال سخنور- سیما زمانی. انتشارات پویندگان نور ١٣٧٥.**
**(٢) ساختار وتأویل متن بابک احمدی- تهران- نشر مرکز ١٣٨٠.**
**(٣) تخیل آر. ال. برت- ترجمه مسعود جعفری- تهران- نشر مرکز ١٣٧٩.**
**(٤) سمبولیسم- چارلز چدویک- ترجمه مهدی سحابی- تهران- نشر مرکز ١٣٧٥.**
**(٥) کلاسیسیزم- دمینیک سکرتان- ترجمه حسن افشار- تهران- نشر مرکز ١٣٧٥.**
**(٦) چهار پراگماتیست- اسرائیل شفلر- ترجمه محسن حکیمی- تهران- نشر مرکز ١٣٦٦.**
**(٧) ڕازی تەنیایی- ئەحمەدی هەردی (ئەحمەد حەسەن عەزیز) سلێمانی، ١٩٩١.**

بیرەوەری ٢٥ساڵ لەمەوبەر

(١٣)

# بووم بە مامۆستای زانستگا و خاوەن قوتابی

مارف خەزنەدار

**ڕۆژی یەک شەممو ١٩٨٣/٩/٤**

ئەمڕۆ لە گەڕەکی ڤێللاکانی زانستگا و ناوچەی حەججار نەچوومە دەرەوە. ماوە فراوان بوو بۆ بیرکردنەوە. هەندێ جار پێکەنینم بەخۆم دەهات و دەمێ بەزەییم بەخۆم دەهاتەوە. ئایا بۆ دەسکەوتنی پیشەی خۆشەویستی خۆم مامۆستایەتی زانستگا، ئەم هەموو ناخۆشی و ئەشکەنجەی دەهێنا؟! با ئەمەش مەسەلە نەبێ، بەڵام بۆ چ وا زوو ڕووم کردە ئەم وڵاتە پێش کردنەوەی دەرگای زانستگا و قوتابخانەکان؟ من بانگ کرابووم، ئیشوکاری ئێرەم مسۆگەر بوو، لە دەستم نەدەچوو. بۆ چ بیرم لەمە نەدەکردەوە؟ ئەوی ڕاستی بێ بیرم لە هەموو شتێک کردبووەوە، من نەمدەویست قوتابیانی ئایندەی من لە زانستگای عەننابە، بەهۆی دواکەوتنی من تاکە سەعاتێکی خوێندنیان لە کیس بچێ. پیاو لە هەموو بڕیارێکی دیاری کراو پێویستە زووتر دەست بەکار بکا نەک درەنگتر. پێم وابوو لە هەموو دەمێکیشدا مامۆستا چاوەنۆڕی قوتابی بێ نەک پێچەوانە، چونکە قازانجی قوتابی تێدایە.

ئەو ڕۆژەش دەبوو نیوەڕۆ نان لە دەرەوە بخۆم، لە ناوچەی حەججار چەند چێشتخانەیەکی شەعبی هەبوو، جۆری خواردەمەنییان زۆر نەبوو، لە هەمووش گونجاوتر بۆ من شلەی فاسۆلیای وشک بوو، بەسەمموونی فڕەنسییەوە کە «باگێت»ی پێ دەڵێن خواردەمەنییەکی خراپ نەبوو.

پاش نیوەڕۆ عاشووری کابرایەکی ڕەشی زەبەلاحی بۆ هێنامە ژوورەوە، گۆیا مامۆستای ئەدەبی عەرەبییە. لە پێشاندا خۆی بە میسری پێشکێش کرد، لە پاشاندا سوودانی دەرچوو، ئینجا وا خۆی ناساند وەکو هەموو شتێک بزانێ. دەیگوت: موحازەرەی من لە دە دەقیقە تێپەڕ ناکا، سەرچاوە بە قوتابیان پیشان دەدەم، ئینجا

پێویسته خۆیان مامۆستای خۆیان بن. وای پیشان دا که چوار کتێبی له بابەت ئەدەبی عەرەبییەوە چاپ کردووە. له لەندەن دەژی و لەوێ کۆشک و باڵەخانەی هەیە، بۆ پارە کۆکردنەوە نەهاتووە، بەڵکو بۆ سوودی قوتابیان هاتووە.

لەبەر ئەوەی بەحسێب ئەو شەوە میوانی من بوو، گەڕانێکی ناو شارم پێ کرد. شەو لەسەر ئەرز دۆشەگێکم بۆی ڕاخست، بە دەم خەوەوە قسەی زل زلی دەکرد. بەگشتی من هیچی لێ تێنەگەیشتم، کەسێکی سەیر و دڵ پڕ له گرێ بوو. کابرا ناوی محەمەد نوور عەوەز (عوض) بوو.

بەیانی که له خەو هەڵسایین باسی مێشوولەی شەوی ڕابردووی نەکرد. ئەوە ڕاستە مێشوولەی حەججار وەکو ئەوانەی سۆناتیبە نەبوون، بەڵام لێرەش وەنەبێ کەم بووبن، دیارە ئەوانەی ئێرە لەوانەی ئەوێ بە هۆشترن و زیاتر ڕێز له ئادەمزاد دەنێن. وابزانم ئەم مێشوولانە تەنیا بە من دەوێرن، ئەگینا ئەگەر ئازاری ئەم سوودانییە زەبەلاحەیان بدایە له تاوان ڕزگاریم نەدەبوو!

## ڕۆژی دووشەمموو ١٩٨٣/٩/٥

ئەمڕۆ بەیانی له زانستگاوە هاتن بەئومێدی ئەوەی له سۆناتیبە جێگەی ژیان بۆ من و زەبەلاحەکەی سوودانی جێبەجێ بکەن. زۆر بە ئاسانی و بێ چەند و چوون ئەوەم تێگەیاندن کە جێی من خراپ نییە. کابرایان برد، له بەریتانیاوە هاتبوو، کەچی هەموو سامانی جانتایەکی بچووک بوو دیشداشەیەکی سپی تێدا بوو بۆ نووستن.

لەبیرم چووبووەوە دواجار کەی خۆم شووشتووە. له ماڵەکەدا ئاو کەم بوو. ڕەنگ بوو بەشی خۆشووشتنێک دەست بکەوتایە، بەڵام بەچی گەرم دەکرا لەو کاتەی دەبەی غاز لەناو خانووەکەدا نەبوو. هەر چۆنێ بێ گوتیان له گەڕەکەکەدا گەرماوی گشتی هەیە، ئێواران لەو کاتەی ئاویان پێ دەدرێ دەرگای دەکرێتەوە. گەرماوەکە بریتی بوو له ژووری دووش. له پاش خۆشووشتن هەستم بەوە کرد هەندێ سووک بوومەتەوە.

## ڕۆژی چوارشەمموو ١٩٨٣/٩/٧

هاوڕێم نوورەدین بەیانی هاتە لام. تا ئەمڕۆش کاروباری خواردەمەنیم له ماڵەوە جێبەجێ نەکردبوو، وەکو بڵێی هێشتا خۆم لەم وڵاتەدا بە نیشتەجێی کاتیی حسێب دەکرد.

له زانستگا ئەوەیان تێ گەیاندم لەم ڕۆوە کارم دەست پێ دەکا وەکو مامۆستا بە پلەی پرۆفیسۆرێک له بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی ئامۆژگای زمان و ئەدەبی سەر بە زانستگای عەنابیە. ئەم ئامۆژگایە سێ بەشی زانستی تێدا بوو، عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی. ئیتر بەهۆی چوونی من بۆ ئەوێ پرۆژەیەکیان بە دەستەوە بوو بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی بکەن بە ئامۆژگا. هەر ئەو ڕۆژە تێیان گەیاندم بەپێی پلەو پایەی زانستی بە کۆنترین مامۆستای ئامۆژگام دادەنێن و هەر چەندە بەپێی یاسا و دەستووری زانستگا لەو وڵاتەدا نەدەبوو مامۆستای بێگانە له لیژنە جیاوازەکانی بەشی زانستی و ئامۆژگا و سەرۆکایەتی و زانستگا بەشداری بکا، بەڵام بۆ من نەک هەر نەیانگوت نابێ، بەڵکو گوتیان پێویستە له لیژنە زانستییەکانیشدا بەشداری بکەم. موحازەرە بۆ قوتابیانی ماجستێر و دکتۆرا بڵێمەوە و ڕێبەری و سەرپەرشتی نامە زانستییەکانیان بکەم.

## ڕۆژی پێنج شەمموو ١٩٨٣/٩/٨

ئەمڕۆ بەیانی له هەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستیم بە نوورەدین هەبوو، ئەم مرۆڤە بە وەفایە له کوڕ زیاتری بۆ کردم. ئەمڕۆ شاد و گوشاد بوو، چونکە لەوە دڵنیابوو من لەو زانستگایە و لەو وڵاتەدا دەمێنمەوە، بەوە بەختیار بوو له پاش ماوەیەکی تر له هۆڵی موحازەرە دادەنیشێ و گوێ له قسەکانم دەگرێ.

نوورەدین هات، ڕوومان کردە بازاڕ، هەندێ قاپوقاچاغی پێویست و کەلوپەلی چاییم کڕی، ئەو چایەی له وڵاتەوە لەگەڵ خۆمدا هێنابووم هێشتا کیسەکەی نەکرابووەوە. له وڵاتی جەزائیر بە تایبەتی له ناوچەکانی سارا و بیاباندا چایە له باتی قاوە بەکاردێن، بەڵام چاکەیان ڕەنگی سەوز و تامی تفتو تاڵە بۆ ئێمە مانانی فێری چای هیندی و سەیلانی بووین، خواردنەوەی بەجێ نییە.

بۆ یەکەمین جار لەوەتەی له نیشتمان جیابوومەتەوە مەسەلەی خواردنم جێبەجێ بوو، بەهۆی ئەوەی له ماڵەوە خواردنم بۆ خۆم دروست دەکرد و ئەوەی بموبستایە ئامادەم دەکرد.

## ڕۆژی شەمموو ١٩٨٣/٩/١٠

تووشی تەنیاییەکی کوشندە ببووم، ئەگەر خوێندنەوە و

نووسین نەبوایە بە هیچ جۆرێ نەمدەتوانی بەرهەڵستی گێتی تەنیایی ترسناک بکەم. سەرچاوەی خوێندنەوە زۆر بوو، بە تایبەتی نوورەدین لەناو نامەخانەی ماڵەوەی خۆیان کتێبی باش و دەگمەنی بۆ دەهێنام. لە بازاڕ ڕۆژنامە و کۆواری وا چنگ دەکەوتن لە عیراق قەدەغە بوون. ئەدەبیاتی هەموو لایەنە سیاسییەکان کە لە دەرەوەی عیراق خەباتیان دەکرد، بە دەستم دەگەیشتن، بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندیان بە کوردەوە هەبوو، ئەمە گێتییەکی گیانی بوو پێش ئەوەی سەرچاوەی زانستی و زانیاری بێ.

ئەمڕۆ بیرەوەری یەک ساڵەی گواستنەوەی یەکجاریمان بوو لە بەغداوە بۆ هەولێر (١٩٨٢/٩/١٠)، بۆیە بە درێژایی ڕۆژ بیرم هەر لەوە دەکردەوە. لە کاتی خۆیدا (١٩٦٠) کە لە بەغداوە چووم بۆ ڕووسیا ئەوەندە دڵ ناسک نەبووم، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ، چونکە لە بەغداوە دەرچووم، بێ گومان هەر لە منداڵیشەوە ئاوارەی شاران بووم، واتە دوور بووم لە زێدی لە دایکبوون، لە هەولێر، بەڵام ئەم جارەیان بە یەکجاری چوو بوومەوە هەولێر و لەگەڵیدا ڕاهاتبووم، سەردەمی منداڵی و مێرد منداڵیم بە ڕۆژگاری سەرەتای پیریمەوە بەستبوو. ئاوارەیی ئەم جارەم لەوێوە بوو!

نەیسە چی دەکەی و چی دەڵێی!

لە کاتی هەڵدانەوەی لاپەڕەی ئەم بیرەوەرییانە لەناو مێشکم، نەمدەزانی گەشانەوەیە، یان لێو بە بارییە، نوورەدینی هاوڕێم خۆی کرد بە ژووردا. ڕوومان کردە زانستگا، وا تێگەیشتین تا پاش جەژنی قوربان قوتابیان دەست بە خوێندن ناکەن. جەژن نزیک بوو. تاقی کردنەوەی دەوری دووەمی قوتابیان لە پاش سێ ڕۆژ دەست پێ دەکا. لە بەشی دارایی زانستگا ئەوەیان پێ ڕاگەیاندم لە پاش چەند ڕۆژێکی تر کرێی سەفەری بەغدا و عەننابە و سێ هەزار دیناری جەزائیری بەناوی پاداشت پێشکێشم دەکرێ، چونکە لەسەر داواکردنی زانستگای عەننابە خۆی ڕووم کردۆتە ئەوێ. ئەم قسانە بۆ من پووچ بوون، هەرگیز پارە لای من مەسەلەیەک نەبووە خۆمی پێوە خەریک بکەم و بیری لێ بکەمەوە.

## ڕۆژی سێ شەممو ١٩٨٣/٩/١٣

ڕۆژی پێشتر نوورەدینی هاوڕێم لای من بوو، شەو لام مایەوە. ئەمڕۆ بەیانی زوو لە خەو هەڵساین. یەکەمین ڕۆژی تاقی کردنەوەی دەوری دووەمی قوتابیانی زانستگا بوو. لەو ڕۆژەوە ئۆتۆمۆبیلی زانستگا مامۆستایانی دەگەیاندە جێی خۆیان. لە گۆڕەپانی چوارڕێیانی حەجار چاوەنۆڕ بووین. ئەگەرچی زانستگا لەوێوە دوور نەبوو، بەڵام من مەبەستم بوو ئاگاداری جۆری هاتوچۆی زانستگابم.

دیار بوو ئەمڕۆ ڕۆژی یەکەمی ساڵی تازەی خوێندنی قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندیش بوو، لە ڕێگە تاک و کۆمەڵی منداڵانم دەدی، دڵم خورپەی دەکرد، وێنەی بنیادی کورم لەواندا دەدی، ئارەزووی ئەوەم دەکرد ئەوساتە ئەوم لەگەڵ ئەواندا بدیایە نەک چاوەنۆڕ بم و لەپاش ساڵێکی تر لەگەڵ ئەم قوتابییە بچووکانە چاوم پێی بکەوێ لە ڕێی قوتابخانە.

دیمەنی تاقی کردنەوەی قوتابیانی بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی سەرنجی ڕانەکێشام، دیمەنێکە و یەک ڕووی هەیە. قوتابیان کوڕ و کچ، لاو و گەنج، هەموویان لە تەمەنێکدا بوون، دەبێ بەگشتی زۆریش زیرەک نەبن، چونکە لە دەوری یەکەم ماونەتەوە. ڕەنگ و ڕوویان ئەوەی دەگەیاند لە نەژادی جیاوازن. هەر بە چاو عەرەب لە بەربەر (ئەمازیغ) جیا دەکرێنەوە، تاکە تاکە زەنجی ئەفەریقاش پێویست بە پرسین ناکا لە ڕووی بنچو بناوانی نەژادیانەوە.

بۆ نانی نیوەڕۆ ڕووم کردە چێشتخانەی قوتابیانی زانستگا. تەنیا لەبەر ئەوەی میری بە کیسەی خۆی یارمەتی قوتابیان دەدا نانی نیوەڕۆیان بە پارەیەکی یەکجار کەم بۆ حسێب دەکا، لەبەر ئەوە تەنیا مافی قوتابییە لەوێ نان بخوا، بەڵام ئەگەر مامۆستایەک بۆ تاقی کردنەوە و بینین بیەوێ لەوێ نان بخوا، پێویستە پارەی چوار کەس بدا، واتە چوار بلیت ببڕێ، ئەویش زۆر نییە، منیش وام کرد.

هۆڵ یەکجار گەورە، پاک و تەمیز، قوتابیان بەڕیز دەوەستن، هەرکەسە خواردنی خۆی دەخاتە سەر سینییەک و لەپاش نان خواردن لە جێی تایبەتی خۆی دادەنێتەوە. ڕاستە هەر ڕۆژ دوو جۆرە خواردەمەنی پێشکێش دەکرێ، بەڵام ڕۆژانە دەگۆڕێن.

## ڕۆژی هەینی ١٩٨٣/٩/١٦

ئەمڕۆ بیرم لەوە دەکردەوە ئایا خوێندنەوە و نووسین زۆر لە تام دەردەچێ؟! ئەگەر ببێتە کارێکی ڕۆتینی ئایا

نابێتـه جـۆرێ لە جـۆرەکـانی بێ کـاری؟! وەرامی ئەم پرسـیـارانەم بۆ نەدەدرایەوە، چونکە خـۆم هەرچەندە ماندووش دەبووم، بەڵام زانیـاری تازەم دەدۆزییـەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەگـەیشـتـمـە ئەو ئەنجـامـەی تەمـەن چەند کـورت و زانسـتی چەند درێژە. من ئەم عـیـبـارەتەم لە حەزرەتی نالی نەدزیوە، ئەو دەڵێ (تەمەن کورت و ئەمەل درێژ)، وای لەم قسە جوانەی نالی!

بیرم لەوە دەکردەوە خۆم و نەتەوەکەم ببووین بە دیل لە نیـشـتـمـانی خـۆمـان بەند کـرابووین، خـاک ببـوو بە بەندیخـانە، لێـرەدا لە ئازادی دام، بەڵام شـتی ترم ون کـردووە، نیـشـتـمـان و مـاڵ و منداڵ، بۆیە ئەگـەر بڵـێن بەندی لە نیـشـتـمـانی خـۆتدا چاکـتـرە لە ئازادی لە ئاوارەییـدا، یان سـەرشـۆڕی لە وڵاتی خـۆتدا لە ئازادی دەرەوەی خاکی خۆت خۆشترە؟ ئەگەر ئەم تیـۆرییە، یان ئەم قسە ڕۆمانتیکییانە بەرەو ڕووی من بکرێنەوە، بێ دەنگ دەبم و توانای وەرام دانەوەیانم نییە.

ئەمـڕۆ ڕۆژی عـەرەفـاتی جـەژنی قـوربانە، ڕۆژی جومعـەیە، عـەرەفـات ئەگـەر بکەوێتـە ڕۆژی جومعـە بە حـەجی ئەو سـاڵە دەڵێن «حـەجی گـەورە». لە کـاتی بیـرەوەری کـەسـایەتیـدا، مـێـشکم بۆ دنیـای یادگـاری کۆمەڵایەتی دەفڕێ. بۆ لای خۆمان، بۆ گۆڕستانی شێخ محەمەدی خۆراسانی ئارامگای باوکم، بۆ گۆڕستانی چراغ مەڵبەندی سەر نانەوەی دایکم و چوار پێنج پشت لە باوک و دایک و باپیـرانی. بیـرم لە قـوربانی جەژن دەکردەوە. قوربانی ئێمە مانگایە و ڕۆژی دووەمی جەژن سەر دەبڕێ، کەچی قوربانی ئەم وڵاتەی جەزائیر بەرانە و ڕۆژی یەکەمی جەژن سەری دەبڕن. لە ڕووی مێژوویی و گێڕانەوەی ئایینییەوە ئەوان ڕاستترن، چونکە کردگار لە ئاسـمـانەوە بەرانی نارده خـوارەوە بۆ ئەوەی ئیـبـراهیم پێغەمبەر لە باتی ئیسماعیل پێغەمبەر (یان ئیسحاق پێغـەمبەر) سـەری ببڕێ، قـوربانیـیـەکە هەر بە شێـوەی بەرانیش لە هونەری شـێـوەکـاری ئەوروپاییـان ڕەنگی داوەتەوە.

شـەو درەنگ بەدەم خـەوەوە، گـوێم لە دەنگی سـاڵح تەقی فەهمی بوو، نەمزانی خەون بوو، یان بێدار بووم و بە ڕاستی گوێم لە دەنگی بوو.

# ویلیەم ئۆکامی
# جێگیربوونی ڕێبازی نۆمینالیزم

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

### پێشەکی

١- ویلیەمی ئۆکامی (١٢٩٥-١٣٤٩ز) بە ڕابەری بزاڤێکی بە تەوژمی هزری فەلسەفەیی دادەنرێ، ئەو بزاڤەی بریتی بووە لە ڕەخنەگرتن لە فەلسەفەی سەردەمی خۆی و جیاکردنەوەی لە ئایین. ئەنجامی ئەو چالاکییە دەرکەوتنی بەهاری قۆناغێکی نوێ بووە کە سەرەتاکەی لە سەدەی چواردە دەستی پێکردووە و لە ناوەڕاستی سەدەی پازدە بە تەواوەتی خەتوخاڵی داوە.

سەدەی چواردە، وەک سەدەی نۆزدە- لە دوو لاوە سەدەیەکی چارەنووسساز بووە:

**یەکەم**: پێشکەوتن و گەشەکردنی بیروبۆچوون و زمان و پرۆسەی زانستەکان.

**دووەم**: لەبەر یەکچوونی پایەکانی تەلاری لاهووتی و ئایدیۆلۆژی سەدەکانی ناوەڕاست.

شان بە شانی بابەتی زمان و مەنتیق (لۆژیک) لەو سەردەمەدا لە دەڤەری فیزیک و فەلسەفەی سروشت (بە واتای ئەوکاتە) پێشکەوتنی بەرچاویان بە دەست هێناوە. ڕابەرانی ئەم بزاڤە لە زانکۆی ئۆکسفۆردی ئینگلیز مامۆستا و توێژەرەوەی دەستبەکاربوون. لە چوارچێوەی ئەو چالاکییە زانستییانەدا بایەخدان بە داهێنانی زمانی تایبەتی بۆ هەر دەڤەر و بابەتێکی لۆژیکی و زانستی دراوە. بەپێی سەرچاوەکان لەو چالاکییانەدا زمانی تایبەتی بە بیرکاری و زمانی هاوکێشەکان Proportion لەگەڵ زمانی لۆژیک«١» و ئۆنتۆلۆژی پەرەیان پێدراوە. زمانە لۆژیکییەکە ئەو بابەتە بووە کە پەرەی بە ڕێبازی نۆمینالیزمی ویلیەم ئۆکامی دراوە.

بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لەو سەردەمەدا گرانی و برسێتی و پەتاو نەخۆشی بەربڵاو سەرانسەری ئەورووپای ئەوسایان هەژاندووە و ئەم دیاردەیەش کارێکی نالەباری

لەسەر بەڵێن و ڕۆڵی کڵێسەی مەسیحی کردووە. ئەو لایەنە لە بابەتەکەمان دەمانباتە دەرەوە، بۆیە پشتگوێی دەخەین.

خاڵی دووەم کە دەربارەی لەیەکتری ترازان و لە بارچوونی جیهاندیدی لاهووتی سەدەکانی ناوەڕاستە، دوو هەڵوێستی جیاواز لە بارەیەوە تۆمارکراوە. هەڵوێستی کۆنەپارێز و هەڵوێستی پێشکەوتنخوازان (ئەگەر بشێ ئەو دوو چەمکە سیاسییە لە بابەتی فەلسەفەدا بەکاربهێنرێن).

– بۆ نموونە پرۆفیسۆر فرەنتس برێنتانۆ بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی ڕوونی بکاتەوە مەبەست لەو لە یەکتری ترازانە چییە؟ ئایا لێرەدا ناوەڕۆک، یان ڕوخساری جیهاندیدەکەیە، یان هەردووکیان بە یەکەوە، ئۆکامی و ڕێبازە نۆمینالیستییەکەی بەهۆکاری ئەو لەناوچوونە دادەنێ«٢». برێنتانۆ دوای ئەوەی بە ناڵەبار دونس سکوتس نیشان دەدات، سروشتێکی گومانکارانە بە نۆمینالیزمی ئۆکام دەبەخشێ و ئۆباڵی لەبارچوونی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی دەخاتە ئەستۆ. بە باوەڕی ئەو لاهووتییەی نەمسایی، ئۆکامی بەرپرسیاری ئەوە بوو، مرۆڤ دڵی لەو بەڵگانە کرمێ بێن کە کاتی خۆی بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب هێنراونەوە و کۆشاوە بیسەلمێنێ کە هەمەکییەکان Universalien لە چەند چەمکێکی گشتی کە هەر تەنیا لە مێشکدان بەولاوە شتێکی تر نین و ئەوی هەیە و ڕاستەقینەیە تاکەکانن! هەروەها هەوڵی داوە ڕەخنە لەو بۆچوونە بگرێ کە چەند خەسڵەتێکی بە ڕەب داوە، ئینجا ویستوویەتی نکوڵی لەوە بکات کە هیچ کامێک لەو خەسڵەتانە دەکرێ بدرێنە پاڵ ڕەب. ئایا ئەو ڕەخنەیەی ئۆکامی لە هەرسێک بابەتی میتافیزیکی گرتووە:

– سەلمێنەی بوونی ڕەب.
– خەسڵەتەکانی ڕەب.
– نەمریی گیان.

دەکرێ بە لەبەر یەکچوونی جیهاندیدەکە دابنرێ، یان ئەمە لە خۆیدا جۆرە گۆڕان و بەرەو پێش چوونێکە پرۆسەی بزاڤی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و هزری ژیان کردوویەتی بە ئەرکێکی پێویست؟!

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، کەوا بە ئاسانی بەلایەکدا ناخرێ، دەکرێ بوترێ لەو سۆنگەیەوە مرۆڤ سەرنجی بابەتەکە دەدات، پشت ئەستوور بەو وێنەیەی دەربارەی هەردوو بابەت هەیەتی، بابەتی فەلسەفە و لاهووتی سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی دواتر کە بە ڕێنێسانس دادەنرێ، هەڵوێستەکە ڕوون و ئاشکرا دەبێ.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست درێژترین قۆناغی شارستانیەتی مرۆڤ بووە، ئەوپەڕی سست و ساردوسڕ و هێمن و لەسەرخۆ بووە، ئەو شتانەی تێیدا وتراون و داهێنراون هیچ کاتێک لەگەڵ ئەو فرە خامە و هزرمەند و کاتە زۆر و زەبەندەدا کە بۆی بەکارهێنراون نایەتەوە، بەڵام ئەو قۆناغە شتی داهێناوە و هەر تاریکی و دواکەوتوویی نەبووە، ئەگەر وانەبایە ڕێنێسانس Renaissance نەدەهاتە دی! هیچ شتێک بەبێ بنەما نابێ، لەلایەکی ترەوە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست هەروا هەڕەمەکی و بێ بزاڤ و هۆکار و کۆی گۆڕانی پێش خۆی کە کۆتاییەکەیان هێناوە نەدەبوو، لە کردن نەدەهات.

ڕێنێسانسیش بەبێ سەدەکانی ناوەڕاست و ئەو هۆکارانەی کە کۆتاییان بەو سەدە دوورودرێژانە هێنابووە، نەدەهاتە دی. کۆتایی سەدەکانی فەلسەفەی مەسیحی دەروازەی دەستپێکی سەدەی چواردە و پازدە بووە، ئەو هۆکارانەی کۆتاییان بەسەدە دوورودرێژەکان هێناوە لە لایەکەی تریانەوە ئەو هاندەرە بوون جارێکی تر ئاگری لە دایک بوونەوەی ڕێبازی مرۆڤ پەروەرییان خۆش کردووە.

ئەو گۆڕانەی بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگای ئەوسا و ئایین و دامودەزگاکانی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە لە جیهاندیدە فەلسەفەیی و لاهووتییەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرجەستە بووە. ئۆکامی کە هەوڵی داوە بە یەکجارەکی ئەو بنەمایە هەڵبتەکێنێ کە پێشتر هاوکاری و کۆمەکی نێوان فەلسەفە و لاهووت و ژیر و سروشتی لەسەر دامەزرابوو، ئەو بزاڤەی بەرجەستە کردووە کە ئەو کاتە لە برەودا بووە، بۆیە تاڕادەیەک لۆژیکی لە زمان دوورخستۆتەوە و هەوڵی داوە بیکات بە ئامرازێکی توێژینەوەی فەلسەفەی سروشتی و هیچی ترو پابەندی میتافیزیک و ئۆنتۆلۆژی نەبێت. بەڵگەشی لێرەدا ئەوەبووە کە زانست خۆی شتی دەوروبەر دەکات بە بابەتی توێژینەوە و ئامرازەکەشی دەبێ سروشتێکی شیکاری هەبێ، ئەم سروشتەش لە لۆژیکدا هەیە، ئەم هەڵوێستە ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کرد لە دواییدا بیرکاری لە زانستی فیزیکدا وەک میتۆدە بەکاربهێنرێ.

٢– هەر لە سەرەتاوە، بە تایبەتی لەو بەرهەمانەی بڵاوی کردوونەتەوە، وەک سەرچاوەکان نیشانی دەدەن، مەیل و ڕێبازی ئەزموونی، کە ئەم لایەنە لە خۆیدا

سروشتی ڕەسەنی ئینگلیز نیشان دەدات، بە ئۆکامییەوە دیاربووە و هەوڵی پتر بەپێز کردنی داوە، هەر ئەو مەیل و ڕێبازە بووە کە دواتر لەلای بیکۆن و قوتابخانەی ئینگلیزی لوک و هیوم و بارکیلی پتر گەشەی کردووە. ئەو ئاراستە ئەزموونییە دێتە بەرچاو کاتێک گومانی لە بابەتەکانی لاهووت کردووە و ئەو گومانە ئەو ئەنجامەی لێ کەوتۆتەوە، بابەت و ناوەڕۆکی فەلسەفە و لۆژیک لە لاهووت و دۆگمەکانی ئایین جیا بکرێنەوە، ژیر و بڕوا بخرێنە دوو خانەی لە یەکتری جیاوازەوە. ئەوی بابەتی بڕوا و ئیمانە بە هیچ بنەمایەکی ژیر و لۆژیک پشت ڕاست و ساغ ناکرێتەوە. ئەوی ژیریش پەسندی دەکات پەکی لەسەر بڕوا و ئیمان ناکەوێ. لۆژیک و زانست لە بابەت و ڕوخسار و میتۆددا لە لاهووت و بابەتی ئایین جیاوازن. بۆ ساغکردنەوەی ئەو بۆچوونە ئۆکامی پەنای بردۆتە بەر شیکردنەوەی زمان و لەو چالاکییەدا ڕۆڵی چەمک و هەمەکییەکان خراونەتە بەرچاو.

لۆژیک بابەتێک دەکاتە کەرەسەی توێژینەوە کە گیانی مرۆڤ لەنێو خۆیدا، بە یارمەتی ژیر دایدەهێنێ، ئەو بابەتە چەمکی پێدەگوترێ. ڕاستە چەمک وەک وشە لە زماندا بەکاردێت، بەڵام جیاوازی لەنێو هەردووکیاندا هەیە:

– چەمک Brgriff شتێکی هزری سروشتییە، بەڵام

– وشە نیشان و سمبولێکە مرۆڤ خۆیان لەنێوان خۆیاندا لەسەری ڕێک کەوتوون«٣». بەکارهێنانی وشە لە کایە و بە واتای جیاواز کێشەی لێدەکەوێتەوە بۆ نموونە کێشەی هەمەکییەکان، ئایا ئەمانە تەنیا و سیمبولن، یان شتن و بوونی سەربەخۆیان هەیە؟!

لاهووت، میتافیزیک، تیۆری زانین و لۆژیک ئەو بابەتانەن کە ئۆکامی ئەسپی خامە ڕەنگینەکەی لە گۆڕەپانەکانیاندا تاوداوە. لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتانەدا سنووری ئەو چوارچێوەیەی بەزاندووە کە بۆ جیهاندیدی لاهووتی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست ڕەنگرێژ کرابوو.

### زانینی هەستەکی

ئەو بابەتە فرە ڕەنگانەی ئۆکامی نووسیونی توندوتۆڵ بەیەکترییەوە بەندن و بگرە وەک زنجیرە ئەڵقەکانی یەکتری تەواو دەکەن، بەڵام دەکرێ لەنێو ئەو جیهاندیدە فرە ڕەنگییە بە پێزەدا چەندین لق و بەشی سەربەخۆ تیشکیان بخرێتە سەر. لقێک لەو لقانە کە کردوویەتییە بەردی بناغەی ئەو تەلارەی دروستی کردووە، تەلارێک لەسەر داروپەردووی کۆشکی تێکدراوی پێش خۆی بنیادی ناوە، بابەتی زانینە، چۆن مرۆڤ شت دەزانێ، جۆرەکانی زانین کامانەن و ئامرازی پەی بردن بە شت چییە؟

ئەگەر مرۆڤ باسی زانینی هەستەکی دەکات بەچی لە زانینێکی دیکە کە پەنا بەرێتە بەر ئامرازێکی تر جیا دەکرێتەوە؟ ئەو ئەنجامانەی لە هەڵبژاردنی زانینێک لەو دوو زانینانە کامانەن و تا چ ڕادەیەک کار لە تێکڕای فەلسەفەی خاوەنەکەی دەکەن؟!

کە دەگوترێ زانینی هەستەکی مەبەست لەو زانینەیە کە پشت بە هەستەکان دەبەستێ و لە دوو جۆری زانینی تر جیا دەکرێتەوە کە سەرچاوەکانیان لە یەکتری جیاوازن. زانینێک کە لەچوارچێوەی ئایین و لاهووتدا دەست بەکارە و سرووش (وەحی) بە سەرچاوەیەکی ترانسندێنتالی سەروو سروشتی زانین و گەیشتنە ڕاستی دادەنێ. ئەوی تریان ژیر بە سەرچاوەی گومان هەڵنەگری شت زانین دادەنێ. ئۆکامی بە پێچەوانەوە، ئەمەشی بۆ تۆمار کراوە، لەو باوەڕەدا بووە زانینی مرۆڤ بە شارەزایی و ئەزموونی هەستەکان و هەستەکی دەست پێدەکات«٤».

پشت ئەستوور بە ڕەخنەگرتن لە ڕستەکانی زمان کە فەیلەسووف و لاهووتییەکانی پێش خۆی دایانڕشتوون و جیهاندیدی خۆیانیان پێ دەربڕیبوو، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە فەیلەسووفە لاهووتییەکان لەوەدا تەفرەیان خواردووە کە فۆرم و ڕوخساری وێنەکانی ڕستەی زمانیان لەگەڵ فۆرم و پێکهاتە ڕاستەقینەکانی دەوروبەردا وەک یەک داناوە و وای بۆ چوون گوایە جیاوازی نێوان بیرۆکە و هزر بەهیچ جۆرێک لە جیاوازی هەڵکەوتی دەرەوەی هزر ناڕاستتر نییە!

ئایا بەپێی ئەو گازندەیەی ئۆکام، کە مرۆڤ دەزانێ، ئەو زانینە تەنیا چەند بۆچوونێکە کە لە ڕاستەدا بەرجەستە دەبێ، یان زانینەکە دەربارەی ئەو شت و شمەکانەیە کە لە دەرەوەی مرۆڤدان؟! ئەگەر هەڵەی فەیلەسووف و لاهووتییەکان بوعەلی سینا و تۆماسی ئەکوینی.. ئەوە بووبێ جیاوازییان لەنێوان شتی ڕاستەقینە و ڕوخسارەکیدا نەکردبێ، ناوێکی گشتی کە لە زماندا هاتبێ بە بوونەوەری ڕاستەقینەیان دانابێ، ئایە ئەو گازندەیە وا لێک دەدەرێتەوە کە مرۆڤ شتی دەوروبەر نازانێ و ئەوی دەیزانێ ئەو وێنانەیە کە هەستەکان دەیدەنە دەست و ئەو هاوردەی هەستەکانیش بەهیچ جۆرێک وێنەیەکی ڕاستەوخۆی لەبەرگیراوەی

(کۆپی) هەڵکەوت و ڕاستەقینەی دەوروبەر نین؟! ئایا دەکرێ زانین و شمەک کە دەزانرێن لە یەکتری جیا بکرێنەوە و داببڕدرێن؟!

لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەگشتی و لە بابەتی زانیندا بە تایبەتی ئۆکامی هزر و ژیرێکی توندی ڕەخنەگرانەی نیشان داوە بەوەی کە لۆژیک و ئەزموونی تاکەکەسی توندوتۆڵ بەیەکەوە گرێداوە. لەکاتێکدا لاهووتییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست زانینیان بە ڕووناکییەک داناوە کە بەسایەی بەهرەیەکی ڕەببانییەوە کەوتۆتە نێو ناخ و دەروونەوە، بە چاوی گومانەوە تەماشای چالاکی هەستەکانیان کردووە، ئۆکامی ئەو هەڵوێستەی بەجۆرێکی بڕوا و ئیمان داناوە کە بە هیچ بنەمایەکی لۆژیک و ژێر پشت ئەستوور نییە. زانین پێویستە روون و ڕەوان و ئاشکرا و بێگەرد بێت ev-ident ئەو مەرجە سەرەکییەی زانینی ڕاستەقینە لە دوو جۆر زانیندا هەیە:

**یەکەم**: زانینی ڕاستەوخۆ intuitiv

**دووەم**: زانینی ڕووت و پەتی (ئەبستراکت)«٥».

زانین پرۆسەیەکی ئاڵۆز و چڕە ناتوانێ دەستبەرداری ئامرازی زمان ببێت، بۆیە ئاساییە کە زانین و بڕیاردان بخرێنە دوو تای یەک تەرازوو و توندوتۆڵ بە چەمکەکانی نێو زمان و وێناکردن و بۆچوونەوە ببەسترێنەوە.

– زانینی ڕاستەوخۆ: لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرنگەی زمان و بۆچوون دەیگێڕن لەو زانینە بەولاوە نییە کە ڕاستەوخۆ بە شتەکانەوە بەندە و لێیانەوە پەیدا دەبێ و دەکەوێتەوە. هەر ئەو زانینەی ڕاستەوخۆی شتە، دەبێتە بنەمایەکی ئەگەر هەڵنەگری بڕیاردانێکی ڕوون و ڕەوان کە دەرفەتی هیچ گومان و دڵ کرمێ بوونێک نەدات. ئەو جۆرەی زانین لەپێش جۆری دووەمەوە دێت، هەمیشە زانینێکی بە فام و تێگەیشتن پشت ئەستوور شتی تاکە و دەبێتە بنەمایەک کە کۆشک و تەلاری کولتووری زانستی لەسەر دابمەزرێت. بەهۆی زانینی ڕاستەوخۆی شتەوە جۆری دووەمی زانین کە ئەبستراکتە پەیدا دەبێ.

ئەگەرچی زانین خۆی جۆرێکە لە بڕیاردان Urteil، بەڵام زانینی ڕاستەوخۆ لە خۆیدا بڕیار (حوکم) دان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا شتی زانینەکە کە زانراوە بە بڕیار و لە بڕیاردا بەوەی دەگوترێ هەیە، یان نییە دەردەبڕدرێ. بەلای ئۆکامییەوە زانینی ڕاستەوخۆی شتێک بەو جۆرە دەبێ کە لەو پرۆسەیەدا مرۆڤ دەتوانێ بزانێ ئایا شتێک هەیە، یان نییە، ئەگەر شتە زانراوەکە هەبوو ژیر ڕاستەوخۆ بڕیار دەدات (حوکم دەدات) کە شتێک هەیە«٦». زانینی ڕاستەوخۆ دەرفەت بۆ فام (تێگەیشتن) دەڕەخسێنێ بە ڕستەیەکی شیاوەکی گونجاو، بوونی شتە ڕێ پێ براوەکە دەربڕێ.

بەم پێیە زانینی ڕاستەوخۆ ئەنجامە نەک هۆکار، چونکە زانینی شتێک، یان بابەتێک تەنیا بەو بابەتە دەبێ کە هەیە و دەبێتە مایەی ئەوەی هەستەکان پێی بزانن. زانینیش لە بڕیاردان جیایە. کە مرۆڤ شتێک دەبینێ جیاوازی لەنێوان دوو ڕەوشدا دەکات؛

– ڕەوشی دیتنی شتەکە، ئەمە جۆرێکە لە کارلێکران لەلایەنی بابەتەکەوە.

– پرۆسەی بڕیاردان دەربارەی ئەو شتەی دیتراوە، شتەکەش خۆی لە دەرەوەی گیان و دەروونی ئەو کەسەدا هەیە کە دیویەتی. جگە لەوەی بڕیاردانەکە پشت ئەستوور بە دیتنەکە، ئۆکامی گوتەنی، لە ڕستەیەکی ڕێتێچوو بەولاوە نییە و ڕەوشی دیتنەکەش بەهیچ جۆرێک دەستەبەری ڕاستی و ڕاستەقینەیی بابەتەکە ناکات.

هەر چۆنێک بێت، بنەمای پەیبردن بە هەڵکەوت و ڕاستەقینە و دەوروبەر زانینی ڕاستەوخۆیە، هەست پێ کردنی تاکەکان و بابەتە تاکییەکانە، بەڵام ئەو زانینە ڕاستەوخۆیە تاکە ئەڵقەی پرۆسەی زانین نییە و هەنگاوی تری بەدوادا دێت. کە بە هەنگاوی زانینی ڕووت وپەتی (ئەبستراکت) ناودەبرێ لێرەدا چەمکە هەمەکییە گشتییەکان پەیدا دەبن و ڕۆ دەنرێن.

– زانینی ئەبستراکت: لەسەر بنەمای زانینی ڕاستەوخۆ سەرهەڵدەدات«٧» و پێدەگات. هەردووکیان پێکەوە پرۆسەیەکی تێکهەڵکێشی لێکنەدراوی زانین، کە تارادەیەک ساکار بێت، دەبنە مایەی کەوتنەوەی زانینێکی چڕوپڕی لێکدراوی ئەوتۆ کە لە تێبینی کردن و چالاکی هەستەکییەوە دەست پێدەکات و دەگاتە پلەیەکی لێکدراوی چڕوپڕی زانینی ژیرەکی.

ئەگەر زانینی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەیەکدا بوونی شتە زانراوەکان دووپات بکاتەوە، ئەو جۆرە زانینەی تر بەو لایەدا ناچێ، بەڵکو بەهۆش بوون و هۆشیاری بوون لە بارەی بابەتی تاکەوە بەندە. کە مرۆڤ دەبیستێ:

«دانا لاوێکی گەنم ڕەنگە و هاووڵاتی کوردستانە»

جیایە لەو بڕیار و حوکمەی لەو بارەیەوە دەدرێ کە دانا گەنم ڕەنگ و کوردستانییە، چونکە ئەو بڕیارە کە پتر زانینی ئەبستراکتە بە هیچ جۆرێک ئەوە ناگەیەنێ کە

لاوی ناوبراو بوونی هەیە. ئەو بابەتانە کە کەرەسەی زانین مەرج نییە کەرەسەی ماددی لە دەرەوەی مرۆڤ هەبووبن. بۆ نموونە ڕەوشی حەز و ئارەزوو خواستن دەکرێ بابەتی زانین بن بەبێ ئەوەی بوونێکی سەربەخۆی دەرەکییان هەبێت. ئیتر دەکرێ بگوترێ زانین تۆمار و وێنا کردن و کۆپی وێنەیەکی لە بابەتەکە چوو نییە، بەڵکو کارو چالاکییەکی ناوەکی ناخە و دەچێتەوە سەر دەستبەکاری هێز و توانای ژیر.

## ڕەب و بەڵگەکان

١- هەر لە سەرەتاوە ئۆکامی دەربارەی ئەو بابەتانەی زۆربەی هەرە زۆری لاهوتییە فەیلەسووفەکانی سەدەی ناوەڕاستی وروژاندووە، هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرای هەبووە. لە چوارچێوەی پرۆسەی بابەتی زانیندا دەست ڕەنگینانە پێوەندی نێوان بڕوای ئایینی و ژیر، پێوەندی نێوان لاهووت و فەلسەفە و زانست و نێوان زانینی تاکە شتەکان و چەمکە ڕووتە ئەبستراکتەکان، پێوەندی نێوان هەست و هۆش و هەڵکەوت و دەوروبەر و زمان و ئەو شتانەی دەوروبەر کە دەریان دەبڕێ تاووتوو کردووە و وردبینانە لێیانی کۆڵیوەتەوە، لە ئەنجامدا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی بابەتی سەلمێنەی فەلسەفە و بابەتی بڕوا پێ بوون دلێرانە لە یەکتری جیابکاتەوە، ئەو ئەنجامە بریتی بووە لەوەی ڕوونی کردۆتەوە پشت ئەستوور بە شیکردنەوەی زمان و جۆری داڕشتنی بەڵگەکان کە هەموو ئەو بەڵگانەی بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب هێنراونەوە و داڕێژراون بەهیچ بنەمایەکی ژیر و لۆژیک پشت ڕاست ناکرێنەوە، چونکە هەبوونی ڕەب تەنیا بابەتی بڕوا و ئیمانە!

ئۆکامی هەردوو بابەتی میتافیزیک و تیۆری زانینی (بە واتای سەردەمی خۆی) ئاوێتەی یەکتری دەکات و هەردووکیان لە شیکردنەوەی زماندا بەرجەستە دەکات، بەڵام شێوازێکی تایبەتی کە جێگادەستی خۆی و ڕۆڵی خامە ڕەنگینەکەی پێوە دیارە، بەرجەستەکردنەکە بەو جۆرەیەکە هیچ جۆرە پردەبازێکی نێوان زمان و دەوروبەری هەڵکەوت هەڵنابەسترێ، بەڵکو سوارچاکی ئینگلیز بەو چالاکییەی هەر لە کایە و دەڤەری زماندا ئەسپەکەی تاوداوە.

بەهۆی ئەو چالاکییەی شیکردنەوەی پێکهاتەکانی زمانی لاهووتی و فەیلەسووفەکان دەریان خستووە کە دەستەواژەکانی لاهووت و ئایین ئەو جۆرە ڕوون و ڕەواییە دڵنیایی لێکراوییەیان تێدا نییە، بۆیە دەبێ لە چوارچێوە و بازنەی فەلسەفە و زانست بخرێنە دەرەوە. لەلایەکی ترەوە زانین و پەیبردن بە بوونی ڕەب کارێکە لە توانای مرۆڤدا نییە ئەگەریش بە زانینی ڕاستەوخۆی بە شت ببەستێ، چونکە یەکەم بابەتەکە لەسەرووی توانای سروشتییەوەیە و دووەم خۆی لە خۆیدا بابەتی بڕوا و ئیمانە. بڕوا و ئیمانی لاهووتی و ئایینی بنەما سروشتی و لۆژیکییەکانی زانینی ڕوون و دڵنیایی لێکراو دوو فۆرمی ئەوپەڕی لە یەکتری جیای گەیشتنە ڕاستی و ڕاستەقینەن. بۆیە جیهاندیدی ئۆکامی سەبارەت بە لاهووت و ئایین و بەڵگەکانی پشت ڕاست کردنەوە بوونی ڕەب دەخرێتە خانەی گومان و گومانکارییەوە، تا چەند ئەو بڕیارە دروستە؟!

٢- بەپێی ئەو سەرچاوە جیاوازانەی لە ئارادان ئۆکامی گومانکار نەبووە، لە هەندێک نووسینیدا دەربڕیوە کە ئەگەرچی مرۆڤ دەتوانێ لەسنوورێکی دیاریکراودا ڕەب بناسێ و بزانێ، بەڵام خۆی بڕوای بە هەبوونی ڕەب و خەسڵەتەکانی هەبووە، ئەوی کردوویەتی بە بابەتی ڕەخنە و گازندە، ئەو هەوڵانە بووە کە لە چوارچێوەی فەلسەفەدا پشت ئەستوور بە سەلمێنە و بەڵگەی ژیر بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب دراون. ئۆکامی لەو باوەڕەدابووە ئەو بابەتە بە ژیر و لۆژیک ناسەلمێنرێ و پشت ڕاست ناکرێتەوە، چونکە خۆی لەخۆیدا بابەت و کاری بڕوا و ئیمانە!

بە چ ڕێگایەک دەکرێ مرۆڤ ڕەب بناسێ و لە بوونەکەی دڵنیابێت؟! بەلای ئۆکامییەوە ئەو پرسیارە پتر دەچێتە نێو خانەی بڕواو ئیمان و لاهووتەوە، مرۆڤ بەو توانایەی هەیەتی وا بە سووک و ئاسانی ناتوانێ پەی بە بوونی ڕەب بەرێت. بوونی ڕەب تەنیا بەهۆی ئەو بۆچوون و چەمکانەوە کە وەک خەسڵەت هی ئەون دەزانرێ و دەناسرێ، بۆیە بابەتەکە لەنێوان لاهووت و زماندا دەمێنێتەوە.

زانینی مرۆڤ بەگشتی دەچێتەوە سەر زانینی ڕاستەوخۆ، ئەو زانینە بریتییە لەوەی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بەچاو (بە هەستێک) بابەتێک بزانێ«٩» و بیناسێ و پەی پێ بەرێ، لەبەر ئەوەی ئەمە توانای مرۆڤە، بەو توانا سادە و ساکارە ناتوانرێ و ناکرێ بوونی ڕەب بزانرێ و ساغ بکرێتەوە. قۆناغی دووەمی زانین کە ئەبستراکتە ئەویش هەر پێوەندی بە شتی تاکەوە هەیە، ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیە و ناکرێ بەهۆیەوە بوونی ڕەب

بزانین، ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بەو لایەنەوە هەیە ناکرێ لە داهێنراوەوە بەرەو داهێنەر کە ڕەببە هەنگاو هەڵبگیرێ. هەروەها لە زانینی بوونی تاکێکی داهێنراوەوە کە تەنیا بە ئەو پرۆسەیە ڕاستەوخۆ هەر تاکی ئەبستراکت زانین دەبێ و دەزانرێ هیچ دەروازەیەک بە ڕووی زانینی تاکی گەوهەرێکی تر ناخرێتە سەر پشت و لەکردن نایەت. ئەوی بە زانینی ڕاستەوخۆی پەی پێ نەبردرێ، بەهۆی چەمکی تاکی ئەبستراکتیشەوە کە وەک هی زانینەکەی تر وایە پەی پێ نابردرێ، بۆیە ئەو بابەتە تەنیا هەر بابەتی بروا و باوەڕ و ئیمانە و فڕی بەسەر فەلسەفە و ژیرەوە نییە.

– ئیتر دەکرێ بەهۆی چەمکەوە بەو مەرجەی چەمکەکان هەمەکی و گشتی allgemein ساکار و ڕوون و ئاشکرا و ڕەوان بن، بوونی ڕەب ساغ بکرێتەوە، بەڵام مرۆڤ نە لە هزر و نە لە زماندا چەمکێکی Term ڕوونی شەفافی نییە کە لە وشەکە و دەلالەت و واتادا وەک یەک بن، بۆیە ناکرێ بەو ڕێگاو شێوازەی زانینی بوونی ڕەب بەبێ ئەگەر پشت ببەسترێ. کە واتا بە پشتیوانی ژیری سروشتی دەکرێ چی دەربارەی ڕەب بە بوون و ساغکردنەوەوە چی بکرێت؟! ئایا وشە و چەمکی بوون کە لە زمانی ئاسایی مرۆڤدا بەرانبەر بەهەبوونی شەمەکی ئەو جیهانە بەکاردێت بەرانبەر بە ڕەبیش بەکاربهێنرێ؟! ئایا ئەو پرسیارەی دواییان پێ لەسەر بۆچوونەکەی ئۆکامی داناگرێ کە گوتوویەتی ڕەبی لاهووت و ئایین لە ڕەبی فەیلەسووفەکان جیاوازە؟!

بەلای ئۆکامییەوە ئەوی لە زانینی ئێمەدا هەیە و بە ڕستەی زمان دەردەبردری تەنیا بۆچوون و چەمکی ڕەببە، نەک ڕەب خۆی. خۆ ئەگەر بمانەوێ شتێک لەبارەی ڕەببەوە بڵێین، ئەوە مرۆڤ بە ڕستەی زمان باسی بکەرێکی Subjekt، ناوێکی نێو ڕستەکە دەکات نەک ڕەب خۆی«١٠». لەلایەکی دیکەوە فۆرمەکانی بیر هیچ کاتێک پێکهاتە و بنەماکانی شتەکان نین و قانوونەکانی ئاکاریش قانوونەکانی خواستی ڕەب نین... ئەو جۆرە چەمک و بۆچوونە پێکەوە لکاندن و گرێدانی ژیر و خواستی ڕاست و دروست، بە هیچ جۆرێک بڕیار و فرمانە فاکت و ڕاستەقینەکانی ڕەبی لێناکەوێتەوە، چونکە بنەماکانی چەمک و بۆچوونەکان ئەوپەڕی جودا و جیاوازن لە هەڵکەوت و ڕاستەقینەی دەوروبەر، بۆیە نابێ بنەماکانی هزری مرۆڤ، کە چەمکە هەمەکییە گشتییەکان ڕۆدەنێن بەسەر جیهانی ڕاستەقینە و هەڵکەوت و بنەڕەتە ڕەببانییەکانی جێبەجێ بکرێت (Projizier).

– بەلای ئۆکامییەوە ئەو بەڵگانەی فەیلەسووفە لاهووتییەکان بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب دایانڕشتوون بەهیچ بنەمایەکی لۆژیکی ژیرەکی پشت ڕاست ناکرێنەوە.

فەیلەسووفە لاهووتییەکان، پێشتریش لە فەلسەفەی یۆنانیدا، سەلمێنەی یەکەمین هۆکاریان هێناوەتەوە. ئەو سەلمێنەیە لەبەردەم دوو پرسیاردا ئاڵۆز دەبێ:

– ئایا ئەم بەڵگەیە بوونی ڕەب وەک داهێنەر یان،

– بوونی ڕەب وەک پارێزەری داهێنراوەکان پشت ڕاست دەکاتەوە؟

بەلای ئۆکامییەوە ئەو بەڵگەیە پەسند دەکرێت ئەگەر هۆکاری یەکەم بە داهێنەر دانەنرێ و بەهۆکاری پارێزەری داهێنراوەکان دابنرێت«١١». ئێمە وای دادەنێین کە بوونی جیهان هۆکارێکی هەیە. زنجیرەی هۆکار و ئەنجام بێ کۆتایی هەتا سەر بڕ ناکات، دەبێ زنجیرەکە لەلای هۆکارێک کۆتایی بێت کە هۆکاری داهێنانی هەموو شتێکە و خۆی هۆکاری خۆیەتی و هیچ هۆکارێکی بوونەکەی نییە. ئەو ئەنجامەی لەو بۆچوونە دەکەوێتەوە بەو جۆرەیە:

– جیهان داهێنراوە.

– هۆکارێک جیهانی داهێناوە کە یەکەم هۆکارە.

– جیهان هەبووە، ئێستاش هەر هەیە کەوا بوو دەبێ هۆکارێک هەبێ، کە ئەو بەردەوام هەبوونەی جیهانی پاراستووە.

ئەگەر لە دەوروبەر و ئەو بەڵگەیە وردبینەوە دەتوانین بڵێین زۆرجار لە هۆکارێک شتێک دەکەوێتەوە، شتەکە دەمێنێتەوە و لە بووندا بەردەوام دەبێ، بەڵام مەرج نییە هۆکارەکە بمێنێتەوە و لە بووندا بەردەوام بێ. بەردەوام هەبوونی بوون و جیهان بەگشتی ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە نەک هۆکاری بوونەکەی، بەڵکو هۆکاری پاراستنەکەی هەیە. ئەم ئەنجامە لە جێگای خۆیدایە، بەڵام بە پێچەوانەی مەبەست و خواستی بەڵگە و فەیلەسووف و لاهووتییە لایەنگیرانیەوەیە، بۆیە هەر ئەوە دەمێنێتەوە بگوترێ، ئەم بابەتە ڕەب و بەڵگەکانی بوونی تەنیا بابەتی بڕواو ئیمانن.

**نۆمینالیزم، لۆژیک چەمکە هەمەکییەکان**

١– کە مرۆڤ ناوی ئۆکامی دەهێنێ وەک جوامێرێک،

شاسوارێکی گۆڕەپانی کۆتایی سەدەی سێزدە و سەرەتای سەدەی چواردە دێتە بەرچاو، سوارچاکێک بەخامە ڕەنگینە بەپێزە چاونەترسەکەی تەمومژی شێواندنی هزری سەدەکانی ناوەڕاستی بەو ڕەخنە بوێرانەیەی ڕەواندۆتەوە کە لەو بنەما لاهووتییە فەلسەفییە دۆگمەکانی جیهاندیدی کلێسەی مەسیحی ئەو سەدە ساردوسڕانەی گرتووە.

ڕابەرێک بووە لەوانەی داکۆکی لە ئازادی هزر کردووە، «ڕێبازی چەمکە هەمەکییەکان» بە داهێنانێکی ئۆکامی دادەنرێت، بەهۆیەوە خەسڵەتی گیانی لە سروشت ستێنرایەوە، بایەخ بە شتی تاک دراو جەوهەری ڕاستەقینە لە چەمک و بیرۆکە گشتییە هەمەکییەکانی زەوتکراو جارێکی تر ئەو جەوهەرە سروشت ئاسا بە شتی تاک، هەبووی ڕاستەقینە بەخشرایەوە. ئینجا ڕێگا دراوە ئەو هەمەکییانە لە سنوورێکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراوی میتافیزیکی زانینی ئەبستراکتدا شرۆڤە بکرێن و لێیان بکۆڵرێتەوە.

– وشە نۆمینالیزم ناوی ڕێبازەکەی ئۆکامییە. خۆی دوو برگەی لێکدراوە، نۆمین واتا ناو. لیزم بە واتای ڕێباز دێت. ناوەکە لەوەوە کەوتۆتەوە کە ئۆکام لەو باوەڕەدا بووە کە شتی تاک، بوونی ڕاستەقینەی هەیە و ئەو چەمکانەش تاکە شتەکان بەرجەستە دەکەن و دەردەبڕن ڕاستەقینەن. چەمکە گشتییە هەمەکییەکان لە چەند ناوێک بەولاوە نین. ئەو ناوە گشتییانە تایبەتمەندی چەند شتێکیان کۆ کردۆتەوە و گرتوویانەتە خۆیان و جیاوازی نێوانیان پشتگوێ خستووە و وەلا ناوە، ئەگەرچی وەک بوونەوەری ڕاستەقینە دێنە بەرچاو و گوێ، بەڵام ئەوی ڕاست بێ، ئەوی بوونی ڕاستەقینەی هەبێ لە جەوهەردا شتی تاکە، نەک کۆ و چەمکی هەمەکی. هەمەکی بە چەمک و بۆچوونەوە بابەتێکی ڕاستەقینەی هزر و بیرە نەک هی دەوروبەر. هەر لەو ڕێبازەوە ناوونیشانێک کەوتۆتەوە کە ئۆکامی ناوی پێ دەرکردووە ئەویش ناوی:

### تیغی تراشی ئۆکام

لە هەندێ سەرچاوەدا ئەو تیغەی تراشە بە «بنەمای ئابووری و دەست پێوەگرتن» ناوبراوە. ئەو تیغە– بنەمایە ڕێسا و ڕێ و شوێنێکە، بەشێکە لە میتۆدە و ڕێبازێکی ژیری کە داهێنەرەکەی پەنای بۆ بردووە. بەپێی ئەو بنەمایە گریمانەی پتر لە پێویست دەبێ لە تیۆرییە زانستییەکان و دەستەواژەی دەربڕینیان دوور بخرێنەوە.

وشەکە لەوەوە هاتووە، سەردەمی خۆی وەک ئێستا سەروڕیش نەتاشراون، تاشینیش پێویستی بە تیغ هەبووە، بەلای ئۆکامەوە ئەو گریمانانە وەک ئەو سەروڕیشە هاتووە بژانە پێویست نەبوون و دەبوو ساف و لووس بکرێن و بتاشرێن. ئەم تیغە ئەگەر بۆ بڕین و تاشین بەکارهێنرابێ، لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ بڕینی ئەو لقوپۆپە پتر لە پێویستییە نا جەوهەرییانەی لە تیۆرییە لاهووتی و فەلسەفەیی و زانستەکاندا سەریان هەڵداوە. ئۆکامی وتوویەتی: نابێ بوونەوەر فرە و هەمەڕەنگ بکرێت، هیچ و بێ واتایە ئەگەر بەبێ بنەما و بەبێ پێداویستی بە شت فرە«١٢» و زۆر بکرێت. ئەوی بکرێ بەهۆی کەمییەوە ڕووبدات پێویست ناکات ڕوودانەکە بەهۆی فرەوە گریمانە بکرێت. ئەو بنەمایە لە بابەتی میتافیزیکدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە و سوودی لێ وەرگیراوە. فەیلەسووف و زانای ئەڵەمان– نەمسایی ئێرنست ماخ لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەمان بنەمای بەناوی «بنەمای ئابووری» بەکارهێناوە. سوارچاکی ئۆکامی لەلایەکی ترەوە بوێرانە لە سەردەمی خۆیدا بابەتی لۆژیک و زانستی ڕێئالیستی لە یەکتری جیاکردووەتەوە.

ئەو زانستانە ئامانجەکێن، چەمکە هەمەکییەکان کە بۆ شمەک و شتی دەوروبەر گریمانە دەکرێن بەکاردەهێنن. ئەو چەمکانە لە ڕستە و دەستەواژەدا کە بابەتی دەربڕینی زانستە ئیمپرییە ئەزموونییەکانن و ئەو شتانەی لە دەرەوەی هزری مرۆڤدان دەردەبڕن، بە دەردەکەون، بەڵام گریمانەکان دەچنە ژێر باری شتە تاکییە هەندەکییەکانەوە، بەڵام چەمکە گشتییەکان کە لە شتە تاکەکانەوە ئەبستراکت کراون، تەنیا هەر لە دەروون و مێشکی مرۆڤدا هەن. هیچ شتێک و شمەکێکی دەرەوەی هزر و مێشک کە لە دەوروبەردا هەن، بە فرە شێوە و جۆر و لە لایەن فرە ڕستەوە دەرنابڕدرێن. شتی تاک و هەندەکی و چەمکی گشتی و هەمەکی شان بە شانی یەکتری هەن و لە ئارادان، بەڵام لە دەوروبەر و هەڵکەوتدا (Realitat) تەنیا هەر شتی تاک و هەندەکی هەیە، بە پێچەوانەوە چەمکە گشتییە هەمەکییەکان (Allgemeinbegriffe) کە بەهۆیانەوە شتە تاکییەکان دەردەبڕدرێن و بەرجەستە دەکرێن، تەنیا هەر لە مێشک و فامدا هەن.

زانست بایەخ بە پێوەندییەکان دەدات، بەڵام ئەو پێوەندییانە لە شتە بەرهەستییەکان و جەوهەرەکان نەکەوتوونەتەوە و پەیدا نەبوون، بەڵکو چەند بۆچوون و چەمکێک کە لە دەروون و مێشکدا هەن و وەک

خەسڵەت و سروشت شتەکان تێیاندا بەشدارن«١٣».

لۆژیک بەپێچەوانەوە، بەپێی بۆچوونی ئۆکامی مەزن، خۆی بە چەند بابەتێکەوە خەریک دەکات کە لە دەروون و گیاندا دادەهێنرێن و بەبێ ژێر ناکرێ هەبووبن. ئەو بابەتە چەند وێنەیەکی هزرین.

لە زماندا وشە و چەمک هەیە، وشە سیمبۆلێکە بەکارهێنەرانی زمانەکە لەسەری ڕێک کەوتوون، بەڵام چەمک بابەتێکی ئاسایی سروشتییە. وشە واتا و دەلالەتی هەیە، ڕۆڵی لۆژیک لێرەدا بەدەردەکەوێ، چونکە نیشانی دەدات ئایا مرۆڤی بەکارهێنەری زمانەکە دەتوانێ جیاوازی لەنێوان، وشە و شتدا بکات، یان نا؟ ئایا کە مرۆڤ باسی وشەیەک دەکات دەکرێ بەوە دابنرێت کە باسی شمەک و شت دەکات، چونکە مرۆڤ وشەکە بەکاردێنێ؟ جیانەکردنەوەی ئەو دوو لایەنە هەڵەی گەورەی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەو هەڵەی ئەنجامگیرییە:

مرۆڤ جۆرە

سوکرات مرۆڤە

کەوا بوو سوکرات جۆرە«١٤»

بێ گومان ئەوە لەوەوە هاتووە کە وشە و شت وەک یەک دابنرێن. مرۆڤ تەنیا ئەم و ئەون، بەڵام جۆرە چەمکێکی هەمەکی گشتییە، تەنیا هەر لە مێشکدا هەیە. سوکراتیش مرۆڤێکی ئاسایی دیار و بەرچاوە و ناکرێ «جۆر» بێت. چەمکەکان بەگشتی دوو جۆرن:

– ئەو چەمکانەی ئاماژە بە شت دەکەن، بە چەمکی مەبەستی سەرەتایی دادەنرێن.

– ئەو چەمکانەی ئاماژە بە چەمکی تر دەکەن، بە چەمکی مەبەستی دوو ناودەبرێن.

جۆری یەکەمیان بابەتی زانستن و جۆری دووەم کەرەسەی توێژینەوەی لۆژیکن. هەمەکییەکان لە لۆژیکدا تەنیا چەند چەمک و بۆچوونێک کە لەلایەن چەمک و بۆچوونی ترەوە دەکرێ دەرببڕدرێن. هەمەکی و ڕەگەز و جۆرەکان چەند چەمکێکی مەبەستی دوورن و ناکرێ بەهیچ شێوازێک، واتا و دەلالەتی شتەکان بن.

ئەو بۆچوونانەی ئۆکامی ئەگەرچی لەناو جەرگەی کڵێسەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام بەپێی هەلومەرج و سەردەمی خۆیان زەبری جەرگبڕ بوون لە جیهاندیدی کڵێسەی مەسیحی وەشێنراون. ئەگەر چەمکەکان، هەمەکییەکان بەهۆی ئەبستراکتەوە پەیدا بن و لە وشە بەولاوە شت نەبن، چۆن نهێنییەکانی ئایینی مەسیحی لێک دەدرێنەوە، دەبێ ڕەب و خواستی ئازاد و داهێنان (خەلق) و بەهەشت و دۆزەخ و سێ ڕەنگی پاک (باوک، ڕۆڵە، گیانی پاک) تەنیا هەر چەمک و بۆچوونی هەمەکی بن، یان شتن و بوونی ڕاستەقینەیان هەیە؟!

ئەگەر ڕێبازی نۆمینالیستی ئۆکام پەیڕەو بکرێت دوو وەڵام دەستگیر دەبن:

– ئەمانە چەند چەمکێکن بەهۆی ئەبستراکت کردنەوە پەیدابوون و ئاماژە بە هیچ شتێکی ڕاستەقینە ناکەن، بەڵکو تەنیا لە دەروون و فام و ژیری مرۆڤدا هەن.

– دەبێ تیغەکە بەکاربێت و ئەو گەوهەرە.. چەمکە پتر لە پێویستیانە ببڕدرێن و جیهاندیدی زانست و فەلسەفە لێیان پاک بکرێتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- ALain de Libera., Die mittelalterliche Philosophie. W.Fink UTB 2637 Munchen 2005. S.71.**

**2- Franz Brentano., Geschichte der mittel alterlicher Philosophie im Christlichen Abendland. Felix Meiner. Hamburg 1980. S.77.**

**3- Russell, B. Philosophie des abendlandes wien 2000. S.482.ff.**

**4- Kurt Flasch., Einfubrung in die Philosophie des Mittelalters. WB. Darmstadt 1994. S.153.**

**5- Phil. Bohner und E.Gilson., Christliche Philosophie. Bd.3. Auflage zwei. Paderborn 1954. S.611.**

**6- Copleston, F.C., Geschichte der Philosophie im Mittelalter. Munchen 1976. S.227-228.**

**7- F.C. Copleston., Ebenda. S.229.**

**8- Wohler, Hans- Ulrich., Geschichte der mittelalterlichen Philosophie. Berlin 1990.S.157 ff.**

**9- Phil. Bohner und E.Gilson., Ebenda. S.615.**

**10- Kurt Flasch., Ebenda. S.161.ff.**

**11- Phil. Bohner und E. Gilson., Ebenda. 617.ff.**

**12- Franz Schupp., Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd.2. Christliche Antike, Mittelalter. Meiner 2003. S.447.**

**13- Franz Schupp., Ebenda. S.453.**

**14- Bertrand Russell., Philosophie des Abend Lands. Eurpaverlag Munchen 2000. S.482.ff.**

# دەروازەیەک بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەوبینین

سەعید محەمەد نووری *

**پێشەکی**

بۆ دەنووین و نووستن چییە؟ سەرچاوەی شەپۆلەکانی نووستن لە چ بەشێکی دەریای گیانمانەوە دێت؟ ئەی بۆ خەبەرمان دەبێتەوە لەدوای ئەوەی بڕیاری نووستن بەدەر لە دەسەڵاتی خۆمان بەسەرماندا دەسەپێنرێت؟ ئەی خەون چییە؟ بۆ خەون دەبینین؟ خەونەکانمان تا چ ئاستێک گوزارشت لە ڕاستی ویستەکانمان دەکەن؟

زۆرن ئەو پرسیارانەی کە لە بارەی ئەم دوو بابەتە ئاڵۆز و گرنگەوە دەورووژێنرێن، بەڵام کەمن ئەو وەڵامە تەندروست و ئەکادیمییانەی کە لەم بارەیەوە گوێمان لێیان دەبێت، بۆیە وەک هەنگاوی یەکەم هەوڵ دەدەین لە دەرگای ئەم دوو بوارە قووڵ و ئاڵۆزە بدەین، بەو هیوایەی بتوانین لە ڕێگایەکی تەندروستەوە بچینە میوانداری ئەم دوو بوارەوە، بەڵام ناشکرێت ئاماژە بۆ ئەوە نەکەین کە ئەم بوارانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە رووی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی زانستییەوە یەکجار هەژارن، لەبەر ئەوە دڵنیایین کە ناتوانین چوار دەوری هەموو کونج و کەلەبەرەکانی بدەین، بەڵام هەنگاونانیش لەخۆ دوورگرتن باشترە.

**نووستن**

یەکێکە لە حاڵەتە خۆڕسکییەکان کە مرۆڤ لە چەند کاتێکدا بەرەنگاری دەبێتەوە و بە حاڵەتێکی ئاسایی و سروشتی هەژمار دەکرێت، وەک سووڕی خوێن و لێدانی دڵ و پرۆسەکانی دەزگای هەرس کردن، کە هەموو گیانلەبەرێک بەدەر لە دەسەڵات و دوور لە ویستی ئەو، ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

زانایان تائێستا نەیانتوانیوە بگەنە هۆکارە بنەڕەتییەکانی نووستن، کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی بوونی چەندان پێناسەی جیاواز بۆ ئەم

دیاردەیە، بەڵام هەمــوویان کـۆکن لەسـەر ئەوەی نووستن دەگـەڕێتـەوە بۆ هیـلاک بوون و کـۆبوونەوەی پاشـەڕۆ لە دەزگای بە ئاگاهاتن لە مێشکدا وەک (ئەیندریدکرینک) و ئەوانی دی.. لە پاش نووسـتن ســـووڕی خـــوێن لە مێشکدا خاو دەبێتەوە و خانەکانی مێشک لە یەکتر نزیک دەکەونەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی پاڵەپەستۆ لەسەری و چالاکییەکانی تا ئاستێک لاواز دەبێت.

لە ڕووی مێژووییەوە زۆرێک لە فەیلەسووف و زانایان گـرنگـیـیـان بەم دیاردە تەندروسـتـە دا، لەم بوارەشـدا فـەیلەسـووفی چینی (کـوانگ تو- ٣٠٠ سـاڵ پ.ز) دەڵێت: «دەروونی مــرۆڤ لەکــاتی نووســتندا پاک دەبێتەوە، بیرکردنەوەی فراوان دەبێت و هەموو ڕێگرەکان لەبەردەم هزریدا دەکــرێنەوە»، بەڵام هەرچی نووســەری ئەڵمـانی (یۆها فـولفـانگ)ـە دەڵێت: «نووستن مـانای شــۆڕبوونەوەیە بۆ ناو قــووڵایی هزر و داهێنان لەلای تاک». ئاشکرایە تەمــەنی مــرۆڤ (٣/١) لەگــەڵ نووستندا بەڕێ دەکرێ، بۆ نموونە ئەو تاکەی کە تەمەنی (٧٥) ســاڵە، ئەو (٢٥) ســاڵی لەگــەڵ نووســتندا دەڕوات.

زانستی سـەردەم لە ڕێگای ئامـێرە پزیشکییـەکـانەوە توانیویەتی بگاتە ئەوەی کە: (مرۆڤی نووستوو لەدوای (٥) خولەک چاوەکانی بچووک دەبنەوە و بیرکردنەوەی پچڕاو دەبێت، بەڵام لەدوای نیـو کـاتژمێر نووستنەکەی قـووڵ دەبێت و پلەی گـەرمی جـەسـتـەیی دادەبەزێت و ڕێژەی لێـدانی دڵ و هەناسـەدانی دادەبەزێت، هەروەک چۆن ڕێژەی هۆرمـۆناتەکان لە جەستـەیدا کەم دەبێـتەوە، بیرکردنەوەی کورت دەبێت، کۆی هەموو ئەمانەش مانای ئەوەیە کـە نووستن: «بریتـیـیـە لە حـاڵەتی وەسـتـانی کاریگەرییەکانی هەست و جووڵەی لەگەڵ ژینگەدا، بەڵام هەندێ چالاکی هەر بە بەردەوامی دەمـــێـنێنەوە وەک جووڵەی جەستە..تاد».

## نووستن لە ڕووی کلینکییەوە

نووستن لە ڕووی کـلـینـکـیـــــەوە زۆر ڕووی هەیە لە تەندروستی و نەخۆشیدا کە ئەمانەن:

- ڕەنگە نووستن قووڵ و بەردەوام بە لەزەت بێت.
- ڕەنگە نووستن ڕواڵەتی و پچڕ پچڕ بێت.
- ڕەنگە نووستن خـاڵی بێت لە خـەوبینین، لێـرەشـدا وەڵامدانەوە بۆ کاریگەرییە دەرەکییەکان یەکجار لاوازە و لەهەندێ کاتدا هەر نییە.

وەک ئاماژەمان بۆ کرد لە سەرەتادا زانایان لەو باوەڕەدا بوون کە سەنتەرێک هەیە، پرۆسەی نووستن لە مێشکدا بەڕێوە دەبات، بەڵام لە پاشان دەرکەوت کە سەنتـەرێک هەیە پرۆســـەی بە ئاگـــابوون بەڕێوە دەبات کـــە بە (پێکهـاتەی تۆڕی) ناودەبرێت و دەکـەوێتـە مـێـشکی ناوەندەوە، کە ئەم سەنتەرە وامان لێ دەکات بە ئاگابین و لەدوای ئەوەی لە کـارەکانی خۆی تەواو دەبێت هەست بە ئارەزووی نووستن دەکەین.

لـەم بـوارەشــــــــدا (بـافـلـۆف) دەڵـێت: «نـووسـتن هاوکـێشـەیەکە بۆ حـاڵەتی وەسـتـان لە کـارکـردن، بەو مانایەی ئەگەر سەنتەری بە ئاگابوون لە چالاکییـەکانی سست بوو، ئەوە نووستن بەرەو ڕوومـان دەبێـتـەوە، بۆیە دەکرێت نووستن بە ڕێگای جیـاواز جیـاواز داگیـرمـان بکات، وەک دووری لە ژاوەژاو، کـە ئەمــەش یارمــەتی سـەنتـەری بە ئاگـابوون دەدات لە وەسـتـان لە کـارکـردن، ئێـمە زۆرجار لە کـاتی هەبوونی هەر بەئاگاهێنەرێک کە ڕەنگە دەنگێک، یان ئازارێک بێت لە نووستن بە ئاگـا دێینەوە...تاد».

## جۆرەکانی نووستن

نـووسـتن زۆر جــۆری هەیە کـــە دەتوانین ئامـــاژە بۆ ئەمانەیان بکەین:

### ١- نووستنی دەستکرد

ئەم جۆرە لە نووستن ئاسایی نییـە، بۆیە دەرئەنجامی نووستنی سروشتی بە دەستەوە نادات، بەڵام لە ڕووی بێ ئاگاییەوە لەنووستن دەچێت، ئەم سێ جۆرەی هەیە:

- حاڵەتی تارگی.
- حاڵەتی کاتالیزم.
- حاڵەتی بۆلزم.

### ٢- نووستنی موگناتیسی (هیپنوتزم)

ناوی (هیبنوز) لەناوی (هیبنوز)ی (خوای نووستن)ی کـوڕی (خـوای شـەو)ەوە هاتووە. ئەم ناوە باوەی لامـان (نووستنی موگناتیسی) لە ڕاستیدا هیچ پێوەندییەکی بە مـوگناتیـســەوە نییـە. لەم بوارەشـدا «برۆنۆ فـرانک» و «ڕیچارد سرن» دەڵێن: «ئەوەی لە هیپنوتزمدا ڕوودەدات بریتییە لە سڕکردنی توێکڵی مێشک، بەشێوەیەک کە شـــەپۆلەکـــانی (دلـتـــا) ون دەبن و پێـــوەندییـــە بایۆئەلیکتریکەکان لەنێوان مێشکی ناوەند و فەرمانی بەرگە مێشکدا لەناو دەچێت».

جـا ڕەنگە بتـوانین کـاری تـوێکڵی مـێـشک بە چەند ڕێگایەک ڕابگرین:
- بڕوا پێ هێنان.
- هۆرمـۆنات و مـادە کـحـوولیــیـەکـان و نیکۆتین و مسکالین.
- ڕووداوە لەناکاوەکانی وەک ترس و توقین..تاد.
- بە وێنەی ورووژێنەری نێگەتیڤ وەک لە تووڕەبوون و ئازاری بەردەوامی دەروونیــیـەوە هاتبێ و دەرئەنجـامی ڕک و سووکایەتی پێ کردن بێ..تاد.

**٣- نووستنی کلاسیکی**

ئەم جـۆرەیان بەوە دەناسـرێتـەوە کـە لە زۆربەی کـاتدا داهێنانی هونەری و زانستی تێدا ڕوودەدات کە دەکەوێتە قۆناغی (ئیلهامی) نووستنەوە، بەڵام ئەم جۆرە نووستنە چەند مـەرجـێکی تایبــەتی هەیە بۆ ئەوەی لەلای تاک دروست ببێ کـە بەبێ ئەو مـەرجـانە تاک نـاتوانێ بگـاتە ئەم قۆناغە لە نووستن.

**٤- نووستنی نووستن**

بە (نووسـتنی مێـشک) دەنـاسـرێتـەوە، لە گـرنگـتـرین نیـشـانەکـانی ئەوەیە کـە هیچ جـووڵاندنێـک بۆ چاوەکـان ڕوونادات، بۆیە هیـچ جــۆرێـک لـە داهێـنـانی تێــــدا ڕوونادات.

**٥- نووستنی قووڵ**

لەم جـۆرە نووسـتنەدا جـووڵەی چاوەکـان و شـەپۆلە کارەباییەکانی مێشک بوونی هەیە، شەپۆلەکان کورت و خـێــرا دەبن، کــەسی نووســتــوو لەم جــۆرە لە ٢٥٪ نووستنەکەی بە (ئیلهام) دەباتە سەر.

**تیۆرەکانی ڕاڤەی نووستن**

پسـپـۆڕانی بواری دەروونزانی فسـیـۆلۆژی بە چەندان شێوازی جیاواز (نووستن)یان ڕاڤە کردووە کە هەریەکیان ئاراسـتـەیەکی تیـۆری دەگـرێتـەبەر کـە گـرنگـتـرینیـان ئەمانەن:

**١- تیۆری شادەمارەکان**

لایەنگرانی ئەم تیـۆرییــە لەو باوەڕەدان کــە نووستن بەهۆی گـۆڕانکاری لە سـووڕی خـوێن لە مـێــشکدا ڕوودەدات. لەم بوارەشــدا زانایان جـەخت لەســەر ئەوە دەکـەنەوە کـە ئەم گـۆڕانکاریـیـە بەهۆی زۆری خـوێن لە مــێــشکدا ڕوودەدات، بەڵام هەندێ جــار نووستن بە کەمکردنەوەی خوێن لە مێشکدا ڕوودەدات.

**٢- تیۆری نووستنی کیمیاوی**

ئەم تیـۆرییـە جەخت لەسەر ئەوە دەکـاتەوە کـە نووستن ئەو کاتە ڕوودەدات کە هەندێک ماددەی کیمیاوی لە ناو مــێــشکدا بڵاودەبنەوە و دەبنە هۆی دروست بوونی پاشەڕوو و لە خوێندا کۆدەبێتەوە و دەبێتە مایەی لاواز بوونی فرمانەکانی دەزگای بە ئاگابوون. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییـەش زانایان ئەمەیان لەسەر دوو سەگ تاقـیـیان کـردەوە و خـوێنی یەکـێک لەو سـەگـانەی کـە نووسـتنی ئاسایی بوو تێکەڵ بە خوێنی ئەو سەگە کرد کە نووستنی ئاسـایی و سـروشـتی نەبوو، بینیـیـان نووسـتنی ئاسـایی بووەتەوە.

**٣- تیۆری چاڵ**

لایەنگرانی ئەم تیـۆرییـە جـەخت لەسـەر ئەوە دەکـەنەوە کـە نووستن دەرئەنجـامـێکە بۆ دروست بوونی چاڵێک لە کـاتی کـۆبوونـەوەی خـوێنبـەرەکـاندا. ئەم چاڵە سـەنتـەری نووستنە و نووستن ڕێک دەخات و دەکەوێتە ناو مێشک لەبن نیـوەی مێشک دەبێ. بۆ نموونە تێبینی ئەوە دەکەین ئەو کەسانەی تووشی (هەوکردنەوەی مێشک) بوونەتەوە نووسـتیـان زۆر قـووڵ دەبێت. لە هەندێ پرۆسەی مێشکدا دەرکەوتووە کە توێکڵی نیوەی مێشک زۆر لە سەنتەری نووســتنەوە نزیکە. لەم بوارەشــدا زانای فـســیــۆلۆژی سویسری (مس) تاقیکردنەوەیەکی لەسەر مشکی سپی ئەنجــام دا و تێــبــینی ئەوەی کــرد کــە وەڵامــدانەوەی مشکەکان بۆ تەزووی کارەبایەکە نووستنێکی قووڵ بوو.

**٤- تیۆری بافلۆف**

بافلۆف لەو باوەڕەدا بوو کـە نووستن دەرئەنجـامـێکە، وەسـتـانی جـووڵەکـانی توێکڵی مـێـشکە کە دوایی بۆ هەمـوو مـێـشک درێژ دەبێـتـەوە، پاشـان دەگـاتە دەمـارە خوێنبەر و خوێنهێنەرەکانیش، کە لەدواییدا دەست بەسەر هەمـوو جەسـتەدا دەگرێت. نووستن لە ڕوانگەی بافلۆفەوە بریتییە لە: «پرۆسەیەکی فسیۆلۆژی بۆ وەستانی جووڵە ناوەکییەکانی جەستە».

**تێکچوونەکانی نووستن**

بەشـێـوەیەکی گـشـتی زۆرن ئەو تێکچـوونانەی تووشی پرۆســــەی نووستن دەبنەوە کــــە دەتوانین ئـامــــاژە بۆ گرنگترینیان بکەین.

**١- خەوزڕان**

خەوزڕان یەکێکە لە بڵاوترینی نیشـانە دەروونییـەکـان کە ڕەنگە هۆکارەکەی نەخۆشییەکی دەروونی، یان ژیری، یان ملمـلانێیـەکی ناوەکی بێت، یان ڕەنگە دەرئەنجام بۆ

تێکچوونی ویژدانی، یان سەرقاڵ بوونی تاک بێ بە کێشەکانی ژیانەوە.. جا ڕەنگە خەوزڕانەکە کەم بێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا تەنیا دڵدانەوەی نەخۆش بەسە بۆ باشتر بوونی.

**٢- مۆتەکە و تۆقانی شەوان**

کە ئەمانیش دوو جۆرن لەو حاڵەتانەی کە لەگەڵ خۆیاندا ترسێکی بێ سنوور تووشی تاک دەکەنەوە و دەبنە هۆی دروست بوونی دڵەڕاوکێیەکی بەهێز بۆ تاکەکە و بۆ خێزانەکەشی.

**٣- لەناکاو بە ئاگاهاتنەوە لە نووستن**

لەم حاڵەتەدا نەخۆش بەشێوەیەکی خێرا دەنوێت و زوو نووستن داگیری دەکات، بەڵام لە ناکاو بە ئاگا دێتەوە وەک ئەوەی کارێکی پێویستی هەبێت.

**٤- زۆر نووستن**

ڕەنگە زۆر نووستن گوزارشتێک بێت لە ناخی مرۆڤ، یان ڕاکردن بێت لە واقیعێکی دیاریکراو. یان ڕەنگە گوزارشت بێت لە خەمۆکی و دڵەراوکێ، وەک لە هەندێ نەخۆشی دەروونیدا دەبینرێت.

**٥- لە دەستدانی توانای جووڵە لە کاتی نووستن**

کە بریتییە لە حاڵەتی لە دەستدانی توانای تاک لە جووڵاندنی بەشە جیاوازەکانی جەستە لەلایەن کەسی نووستووەوە، ئەمە دەکەوێتە نێوان حاڵەتی نووستن و بە ئاگابوونەوە، ڕەنگە تاک خەونێک ببینێ کە تێیدا دزێک، یان ئاژەڵێکی دڕندە هێرش دەکاتە سەری، بەڵام ئەو ناتوانێ بجووڵێتەوە، یان هاوار بکات.

**٦- بازدانی نووستن**

لە سەرەتای قۆناغی یەکەمی نووستنەوە ڕوودەدات، بەشێوەیەک نەخۆش وا هەست دەکات کە لە جێگایەکی بەرزەوە بەردەبێتە خوارەوە، بۆیە دەبینین لە کاتی نووستندا ماسوولکەکانی هەندێک شڵەژاون.

**٧- سووڕانەوەی شەوان**

مەبەست لێی ڕۆیشتنە بە دەم نووستنەوە، ئەمەش بە زۆری لەنێو منداڵاندا باوە، بەڵام لەلای گەورەکانیش هەیە کە لە لێکدانەوەی ئەم حاڵەتەدا وای بۆ دەچن کە دەرئەنجامە بۆ حاڵەتی ململانێی زۆری ڕۆژانە کە تاک دووچاری دەبێتەوە.

**٨- وڕێنەی نووستن**

ئەم حاڵەتە دەگمەنە و لەلای کەسانی ئاسایی ڕوودەدات کە تێیدا تاک ڕاستەوخۆ بەر لەنووستن، یان دوای نووستن وێنەی وەهمیی دەبێت.

## خەوبینین

خەون یەکێکە لەو بابەتانەی کە مرۆڤ لە کۆنەوە خۆی پێوە خەریک کردووە، لە هەندێ کاتدا سەرچاوەی ترس بووە بۆ مرۆڤ، چونکە هیچ (ڕاڤە)، یان (شیکردنەوە)یەکی بۆ نەدۆزیوەتەوە، ئەمەش وای کردووە کە نووستن زۆر بترسێت، چونکە میکانیزمی نووستن ئیدراکی هۆشیارانەی مرۆڤ یەک دەخات، بۆیە ئەستەم دەبێت کە بتوانێ چۆنیەتی دروستبوونی خەونەکەی بزانێ. بۆیە کە بە ئاگا دێتەوە لە نووستنەکەی دەستەوەستان دەبێت لە ڕاڤەکردنی ئەو حاڵەتەی پێیدا تێپەربووە، چونکە بەئاگاهاتنەوە زۆربەی لایەنەکانی خەونەکەی ڕەش کردۆتەوە، جگە لە چەند لایەنێکی کەمی نەبێ، کە لە ڕووی واقیعییەوە ناتوانرێ بە یەکەوە ببەسترێنەوە تا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت.

لە دەستدانی سنووری نێوان جیهانی خەون و جیهانی بە ئاگایی خاوەنەکەی تووشی ناهاوسەنگی دەروونیی دەبێتەوە، ئەگەرچی هەیە تووشی زۆرێک لە تێکچوونە دەروونیی و ژیری بێتەوە، بۆیە پسپۆڕانی دەروونناسی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە توانستی مرۆڤ لە جیاکردنەوەی سنوورەکانی ئەم دوو جیهانە گەواهیدەرێکی باشە بۆ تەندروستییەکی دەروونی باش. بۆیە دەتوانین بڵێین خەون وەک بۆمبێکی ئامادە کراو وایە، کە لە زۆربەی کاتدا هەڵگرەکەی ئاشکرا دەکات و دەبێتە هۆی دروست بوونی نیگەرانی، بۆیە ئاشکراکردن و بەشداری پێ کردنی کەسانی دی، هەندێک ترسناکە. بۆ نموونە ئەگەر ئافرەتێک لە نووستنیدا خەوی بەوەوە دیت کە لەگەڵ پیاوێکدا نووستووە، یان پیاوەکە خەونی بەوەوە دیت کە لەیەک کاتدا لەگەڵ زیاتر لە ئافرەتێکدا نووستووە؛ ئەوە لایەنەکەی بەرانبەر وای لێک دەداتەوە کە هاوبەشەکەی دەیەوێت خیانەتی لێ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویست دەکات ئەو ڕاستییە بزانین کە هەموو دەرچوونێک لە مۆراڵ و دابونەرێت لە کاتی خەوندا گوزارشت نییە لە هەنگاونان ناو ئەو واقیعە، مەرج نییە هەموو خەونێکی سێکسی لەگەڵ کەسێکی نامۆدا، بەڵگە بێت بۆ هەبوونی ویستێکی شاراوە لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا، بەڵام هەرچی پێوەندی ناوەرۆکی خەونەوە هەیە، ئەوە توێژینەوە تاقیگەیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (٧٠ ٪)ی خەونەکان هاوپێوەندن بە هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەوە و (٦٥ ٪) بۆ (٧٥ ٪)ی گوزارشت لە تاقیکردنەوەی نابەختەوەری ژیان

دەکات، وەک ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ هاوبەشێکی ناشیریندا، یان ئەنجامدانی سێکسی بە زۆر، یان لە جێگایەکی کراوە، یان کەسێکی نامۆ و خۆسەپێن هەڵبکوتێتە سەر خەڵوەتی خۆشەویستی.

زانایان تا ئەمڕۆش بە تەواوی نەیانتوانیوە ئەو رووپۆشە ئاڵۆزەی کە ئەم لایەنە سیحراوییەی داپۆشیوە هەڵیماڵن، بەڵام زۆرترین شتێک کە توانیویانە لەم بوارەدا ئەنجامی بدەن جگە لە چەند گریمانەیەک لە بارەی میکانیزمی خەو و چۆنیەتی دروست بوونی لە مێشکدا هیچی دیکە نییە.

ئاشکراو روونە کە مرۆڤی ئاسایی لە دوو حاڵەتدا زیاتر گرنگی بە خەون دەدات کە ئەمانەن:

١- ئایا خەونەکان پێشبینین بۆ داهاتوو؟ ئایا داهاتووی نادیار، یان رابردووی دوور و رووداوەکانی رۆڵ لە خەوندا دەگێڕن؟ ئەگەر رابردوو بێت، ئایا رابردووی نزیکە کە تاک دەتوانێ بە سانایی بە یادی بێتەوە، یان رابردووی دوورە؟

٢- ئایا خەون خودییە، واتا تەنیا گرنگی بە رووداو و کێشە تایبەتییەکانی تاکی نووستوو دەدات، یان ناخودییە و لە کێشەکانی کەسانی دیش پێکدێت؟ توێژینەوەیەکی ئاماری ئەوەی سەلماند کە (٨٥٪) ئەوانەی باوەڕیان بە خەونە بە نهێنیشەوە بێت ڕاڤەکردنی خەون دەخوێننەوە. لە ڕاڤەکردنی ئەم دیاردەیەشدا پسپۆڕانی دەروونناسی وای بۆ دەچن ئەم ئاماژەییە بۆ باوەڕێکی ناوەکی لای ئەوکەسە دەگەڕێتەوە، کە زۆربەیان لە بەرخۆ بە پێشکەوتوو و گەورە.. تاد وا خۆیان پێشان دەدەن کە باوەڕیان بە خەون نییە و هەندێ جاریش نکۆڵی لە ڕاستی دەکەن، ئەگەر نا بۆچی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی خەون دەخوێننەوە؟ یان بۆچی هەموو بەیانیانێک گوێ بۆ گێڕانەوەی خەونەکانی یەکدی شل دەکەن؟

فرۆید یەکێکە لەو کەسانەی گرنگییەکی زۆری بە خەون داوە و بە یەکەم کەسیش هەژمار دەکرێت سەرنجی پسپۆڕانی دەروونناسی بۆ ئەم لایەنە ڕاکێشا لە ڕێگای کتێبێکی گەورەی خۆیەوە بەناوی (ڕاڤەکردنی خەون).

فرۆید بۆ هەموو خەونێک هەندێک پشتێنەی سێکسی و ویستی چەپێندراوی گریمانە کرد، ئەوکەسانەی زۆر خەون دەبینن بە نەخۆشی دەروونی وەسفی کردن کە پڕن لە گرێی دەروونی بە زۆری لە وێنەی شەویاندا خۆیان دەخەنە ڕوو بۆ گوزارشت کردن لەو ویستە چەپێندراوانە.

بۆ نموونە خەونی کەوتنە خوارێی ئافرەتێک لە جێگایەکی بەرزەوە، یان نقووم بوون و خنکانی لە ئاودا لەلای فرۆید، بەوە ڕاڤە دەکرێت کە ویستێکی سێکسی شێتانەی هەیە و ڕکی لە خۆی دەبێتەوە، چونکە خۆی بە ئافرەتێکی بێ ڕەوشت هەڵە هەژمار دەکات، یان ئەوانە کە سێکس بەشێوەی لادان ئەنجام دەدەن، لە زۆربەی کاتدا خەون بەوەوە دەبینین کە سێکس بەشێوەی ئاسایی ئەنجام دەدەن، یان ئەو پیاوانەی کە زۆر سەربزێو و شەڕانگێزن بەردەوام خەون بە ئەنجامدانی سێکس بەشێوەی مام ناوەندی دەبینن، بەڵام هەرچی داهێنەرەکانن بە پێچەوانەوە زۆر بە دەگمەن لەکاتی نووستندا خەونی سێکسی دەبینن، چونکە ئەوان لە ڕێگای کارەکانیانەوە گوزارشت لەو ویستانەیان دەکەن.

ئەوانەی زۆر خەون بە گەورەیی و سەرکردایەتییەوە دەبینن، زیاتر ئەو کەسانەن کە لە ڕووی دەروونییەوە دەمارگیر و نەخۆشن و حەزیان بە خۆ دەرخستن و درۆزنییە. ئەگەر لە خەونتدا دڵخۆش و بەختەوەربوویت، ئەوە بزانە بەشێوەیەکی تەندروست نووستوی و هزر و دەروونت ماندوو نەبوونە، بەڵام ئەگەر لە خەونتدا هەستت کرد بە ڕووتی لە شەقامێک دەسووڕێیتەوە، ئەوە بەڵگەیە بۆ هەستکردنت بە نیگەرانی و پەشیمانی لە تاوانێک کە ئەنجامت داوە و توانیوتە لە کەسانی دی بشاریتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تیۆرەکەی زانای دەروونی خاتوو (ئالان هۆبسون) دەڵێت: خەون هیچ مانایەک و بنەمایەکی نییە بۆ شیکردنەوە، چونکە بۆ خۆی جۆرێکە لە هەلوەسە و جگە لە هەندێ وێنەی ئەندێشەیی هیچی دی نییە.

## تیۆرەکانی ڕاڤەکردنی خەوبینین

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دیاردەی خەوبینین سەرنجی خەوبینەر و ڕاڤەکارەکانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەم گرنگی پێدانانەش بووە هۆی دەرکەوتنی چەندان تیۆری کە ڕاڤەی خەوبینین دەکات، لە گرنگترین ئەو تیۆرییانەش:

### ١- تیۆری شیتەڵکاری دەروونی

فرۆید لەو باوەڕەدا بوو کە خەون پێشبینی بۆ داهاتوو ناکات، بەڵکو دیاردەیەکە پەردە لەسەر ململانێی سێکسی، یان ویژدانی هەڵدەماڵێ کە تاکی خەوبینەر لەو کاتەدا بەدەستییەوە دەناڵێنێت، یان گوزارشت لە

ویستە چەپێندراوەکانی سەردەمی منداڵی دەکات. هەروەک چۆن خەون فەرمانی (پاراستنی نووستن)ی هەیە، بەو مانایەی یارمەتی کەسی نووستوو دەدات بۆ بەردەوام بوون لەسەر نووستنەکەی و لە وروژێنەرە دەرەکییەکانی دووری دەخاتەوە کە ڕەنگە بێزاری بکات، وەک ئەوەی خەون هەوڵێک بێت بۆ دوورخستنەوەی ئەو هۆکارانەی ڕەنگە ببێتە هۆی تێکچوونی نووستن، گرنگترین ئامرازەکانیشی لەم پێناوەدا بەدیهێنانی ویستەکانی کەسی نووستووە بەشێوەی ئەندێشەی وەهمی کە ناهێڵێ کەسی نووستوو بە ئاگا بێت.

لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە لەو باوەڕەدان کە هێماکان بە جێگیری دەمێننەوە، بەو مانایەی لەخەوندا هەر شتێک یەک هێماو وێنە دەکێشێ، هەروەک چۆن لەو باوەڕەدا بوون کە هەر هەموو هێماکان کۆمەڵێ ڕاڤەی سێکسی لەخۆ دەگرن.

### ٢- تیۆری کارل یۆنگ

یۆنگ وەک فرۆید تەنیا باوەڕی بە بوونی نەستی تاکی «لاشعور شخصی» نییە، بەڵکو گریمانەی بوونی نەستی کۆمەڵی «لاشعور جمعي»یشی کرد کە لەهەندێک پێکهاتەی خۆرسکی وەرگیراو پێکدێت، کە لە خەوندا لە ڕێگای هەندێک وێنەی سەرەتاوە گوزارشت لەخۆی دەکات.

یۆنگ گەیشتە ئەوەی ئەو بەشەی کە لە هەڵگرتنی خەونەکان بەرپرسە کۆنترین بەشە لە مێشکدا، لەبەر ئەوەی خەونەکان بەم پێکهاتە کۆنانەی مێشکەوە هاوپێوەندن، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت لە ڕوانگەی یۆنگەوە، زمانەکەشی لە مرۆڤی کۆنەوە بخوازێ، کە زمانی وێنە و هێمای ئەفسانەیە.

### ٣- تیۆری وروژێنەرە دەرەکییەکان

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە لەو باوەڕەدان کە خەونەکان لە دەرئەنجامی وروژێنەرە هەستییە دەرەکییەکانەوە دروست دەبن، ناوەڕۆکی خەونەکان دەوەستێتە سەر سروشتی ئەم وروژێنەرانە. بۆ ڕوون کردنەوەی تیۆرەکەیان ئەم ڕووداوە وەک نموونەیەک دەکەنە بەڵگە:

«پێویست بوو دایکەکە هەموو بەیانییەک لەگەڵ بیستنی دەنگی زەنگی کاتژمێرەکەدا خەبەری ببێتەوە و منداڵەکانی لەخەو هەستێنێ بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆچوونە قوتابخانە. خواردنیان بۆ ئامادە دەکات، بەڵام لەو کاتەدا کە دایکەکە بە مەبەستی حەسانەوە دەیەوێت لە نووستنەکەی بەردەوام بێت، دەنگی زەنگەکە هات و دایکەکە خەونی بەوەوە بینی کە گوێی لە دەنگی زەنگەکە بووە و خەبەری بووەوە و خواردنی ئامادە کرد و منداڵەکانی هەڵساند و خۆیان گۆڕی و نانیان خوارد و بەڕێی کردن و پاشان لە نووستنەکەی بەردەوام بوو تا حەسایەوە، بەڵام کە لە خەو هەڵسا بینی منداڵەکانی هێشتا نووستوون و ئەوەی کە ئەنجامی دا بوو تەنیا خەونێک بووە.

### ٤- تیۆری فسیۆلۆژی

وای دەبینێ کە خەونەکان بەهۆی تێکچوونە فسیۆلۆژییەکانی وەک خراپ هەرس کردن، یان ئازارە جەستەییەکان، یان وەک دەرئەنجامی هەوکردنەوەی خانەی دیاریکراو لە مێشکدا دروست دەبن وەک لە هەلوسەکانی (تا)دا ڕوودەدات، کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی یادگارییە هەڵگیراوەکانی ئەم خانانە بۆ ناو هەست.

### ٥- تیۆری ڕوانگەی تاقیکاری

ئەم تیۆرییە گرنگی بەو مەرجە فسیۆلۆژیانە دەدات کە بۆ ڕوودانی خەونەکان پێویستن، یان بە دەستەواژەیەکی دی دیاریکردنی ئەو ناوچەیەی مێشک کە پرۆسەی خەونەکان کۆنترۆڵ دەکات و ئاشنابوون بە هۆکارە بایۆکیمیاوییەکان کە دەبنە هۆی چالاک بوونی ئەم ناوچەیە لەکاتی خەوندا، یان بۆ ئەوە کار دەکات ڕایان بگرێت.

**سەرچاوەکان:**


**- بارنیز، ولیام (١٩٨١) علم النفس التجريبي. ترجمة حلمي نجم عبدالله. العراق: دار الرشيد للنشر.**

**- فرويد، سيغموند (١٩٨٢) الحلم و تأويلة. ترجمة جورج طرابيشي. بيروت: دار الطليعة، الطبعة الرابعة.**

**- محمود، مصطفى (بدون سنة) الأحلام. بيروت: دار العودة.**

**- عبده، سمير (٢٠٠١) تعلم كيف تمارس التحليل النفسي، دمشق، دار علاءالدين، الطبعة الأولى.**

**- عوض، عباس محمود (بدون سنة) علم النفس الفسيولوجي، بيروت، دار الطليعة.**



*** ماستەر لە دەروونناسی**

# نالی و چاوەکانی حەبیبە

ئەحمەد چاک
(بۆکان)

**پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا**
**خێل و قیچە یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا ؟**
**خێل و قیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو**
**مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکا ؟**
**چاوی هەم ڕەنگی گوڵە مەستی شەو و ڕۆژن مودام**
**یەک لە نەشکوفتە بنەفشە، یەک لە نیلوفەڕ دەکا**
**عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا، بەخواری تێدەگەی**
**کەچ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا ؟**
**هەر کەسێ نوقسانی ڕووی باوێنە سەر ڕووی ئایینە**
**شاهیدی هەرچەندە (رأي العين)ە کەی باوەڕ دەکا ؟**
**کاتیبی خێر و شەڕی عوششاقە، بۆ وەسڵ و فیراق**
**لوتف و قەهری هەر بەجارێ سەیری دوو دەفتەر دەکا**
**«نالی» ئەو وەحشی غەزالە کەس وەبەر داوی ئەکەوت**
**چونکە شاهێنی دوو چاوی تیژە دایم سەر دەکا**
دیوانی نالی: ل ١٠٨ تا ١١١

(١) لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ کێشەی زەینی نالی بەرانبەر بە چاوەکانی «حەبیبە» تاووتوو بکرێ. تا ڕادەیەکی زۆر هەوڵ دراوە دەربڕینی شاعیرانە لە پاشخانی «دیاردەناسی»دا جێ بکرێتەوە. واتە ئەو کەرەستانەی کە دەتوانن لە دەربڕینی شاعیرانەی دیاردەناسیدا یارمەتی نووسەر بدەن، هەتا ئاگایی خۆی بەرانبەر تێگەیشتنی هەستی خۆی بدرکێنێ و بەشێوەیەکی گشتی پێناسە بکرێن. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا کورتە باسێک لەسەر دیاردەناسی هۆسرل هەتا ئەو جێیە پێویستە دێتە گۆڕێ و دواتر کردەی خوازەیی دەق لە بەستێنی ئاشنایی سڕینەوەی شیکلۆفسکی.

(٢) هەروەک دەزانین لەو دەقە شیعرییەدا ئاشکرا کێشەی دوو دەستە، یان کێشەی ئەو کەسانەی بەرانبەر



نالی

بە نالی ڕاوەستاون لە گۆڕێدایە. نالی بە دەربڕینێکی جوانیناسانەوە «بەشێوەی فەیلەسووفێکی دیاردەناس» وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە سەر بە تێگەیشتنی باون و ئاشنایی سڕینەوە لە چاوەکانی «حەبیبە» دەکا. هەروەک دەزانین ئاشنایی سڕینەوە تێگەیشتنی تاکەکەسی شاعیرە لەمەڕ دیاردەیەکی تایبەت، لە دەرەوەی ئەو زەینەدا هەمموو شت ئاشنایە و ئەگەریش نامۆ بێ، ئەوە مۆرکی کەسێکی تری بەسەرەوەیە. کەوابوو ئاشنایی سڕینەوە دەتوانێ میتود، یان شێوەی بیرکردنەوەی جیاوازی کەسێکی تایبەت بێ بەرانبەر بە شتێکی تایبەت.

دیاردە لە فەلسەفەی «ئێدمۆند هۆسرل»دا بە خۆیا بوونی شتەکان لە زەیندا بەو جۆرەی هەن دەوترێ. فەلسەفەی دیاردەناسانە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە لە ڕاستیدا جیهانی دەرەوە شتێک نییە جگە لە زایەڵەی ئەو جیهانە لە زەینی مرۆڤدا، کە وابوو ئاگایی کردەیەکی خاوەن ئامانجە و بەردەوام لەگەڵ بابەتێک خەریکە. بیرکردنەوەی کەسێک لە سەر بابەتێک لە تەک ئەو ئاکامە، یان ئەو بابەتەی بیری لێدەکرێتەوە کڕوتەونێکی دایم ساز دەکەن. ڕەنگە ئێمە «مرۆڤی ئاسایی» بڕوامان وابێ کە شتەکان لە دەرەوەی زەینی ئێمەدا بوونێکی سەربەخۆیان هەیە و زانیاری ئێمە لەمەڕ ئەو شتانە، شیاوی متمانە پێکردنە و ئاوها بۆچوونێک ئەگەری گەیشتن بەناسین و مەعریفەت دەستەبەر دەکەن. وەها بۆچوونێک دەمانخاتە گومانەوە، واتە ئەگەر شتەکان لەدەرەوەی زەینی ئێمەدا بوونیشیان هەبێ، دەکرێ کۆمەڵە زانیاریی خۆمان لەمەڕ ئەوانەوە متمانەی پێ بکرێ؟ ئەو زانیارییانە تا چ ڕادەیەک دەتوانن شتی مەبەست بۆ ئێمە پێناسە بکەن؟ کەوابوو دەتوانین بە چ جۆرە ئاگاییەک متمانە بکەین؟ هوسرل بڕوای وایە ئێمە ئەگەرچی ناتوانین لەمەڕ بوونی ڕاستەقینەی شتەکان متمانە بکەین، لانی کەم دەتوانین متمانە بەو ئاگاییە بکەین کە لەمەڕ شتەکانەوە لە زەینی ئێمەدا خۆیا دەبێ. ئێمە دەتوانین شتەکان نەوەکو بوونێکی سەربەخۆ، بەڵکو وەک ئەو دیاردەیەی کە بەرانبەر بە ئاگایی ئێمە، یان لەنێو ئاگایی ئێمەدا خۆیا دەبێ، لەبەرچاو بگرین. «هەر جۆرە ئاگاییەک، ئاگایی بە نیسبەت شتێکەوەیە.» یانی لانی کەم لەو ڕاستییە ئاگادارم کە بیرۆکەی من ئاماژە بۆ شتێک دەکا. کاری بیرکردنەوە و ئەو بابەتەی بیری لێدەکرێتەوە پێوەندییەکی ناوەکی و پتەویان پێکەوە هەیە. ئێمە بۆ ئەوەی بگەینە بڕوا دەبێ جیهانی دەرەوە هەتا ئاستی ئاگایی خۆمان دابەزێنین. دەبێ هەموو ئەو شتانەی لەهەناوی ئاگاییدا نین وەلاخرێن. دەبێ هەموو ڕاستییەکان هەر بەو جۆرەی لە زەینیدا خۆیا دەبن وەکو دیاردەیەکی سەلْت و ڕەها لە هەر گرێبەستێکی دی بێنە ئەژمار. واتە: «دەبێ هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی ئەزموونی خێراو کتوپڕی ئێمەدان بخرێنە کەوانەوە.» دیاردەناسی لە بەستێنی ڕەخنەی ئەدەبییدا لەسەر فۆرمالیستەکان کاریگەریی هەبوو، واتە هەر بەو جۆرەی «هۆسرل» ڕاستەقینەی بەرچاو دەخاتە کەوانەوە و هەموو سەرنجی خۆی بۆ پرۆسەی تێگەیشتن تەرخان دەکا. شیعریش لە ڕوانگەی فۆرمالیستەکانەوە ڕاستەقینەی بەرچاو دەخاتە کەوانەوە.

ڕەخنەی دیاردەناسانە لە هەوڵی ئەوەدایە میتودی دیاردەناسانە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بەکاربهێنێت بە هەمان شێوە کە هۆسرل ڕاستەقینەی بەرچاو دەخاتە کەوانەوە. لێرەشدا پێکهاتەی مێژووی بەرهەمی ئەدەبی، هەلومەرجی بەرهەم هاتن، نووسەر و خوێنەرەکانی لەبەر

چاو ناگیرێ. لەجیاتی ئەوە موتالای ناوەکی بەرهەم بەدوور لە هەموو جۆرە کارتێکەرێکی دەرەوەیی ئامانجە. دەقیش هەتا ئاستی زانیاری شرۆڤەگەر دێتە خوارێ. هەموو لایەنەکانی بەرهەم (شێواز، مانا و..) وەکو پاژگەلێکی زیندوو لە گشتێک دێتە ئەژمار، ماکی یەکێتی دەری هەمووی ئەوانە زەینی نووسەرە. بۆ وەی ئاگاییمان بەسەر ئەو زەینەوە هەبێ، نابێ و ناکرێ ئاوڕ لە ژیاننامەی نووسەر بدەینەوە، بەڵکو دەبێ ئەو لایەنە لە ژیانی نووسەر تاووتوو بکرێ کە لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەوکات ئێمە لەگەڵ ئەو بنەمایە، یان ئەو زەینە سەروکارمان هەیە کە دەتوانین لە هەوێنەکان و جۆرەکانی تەخەییولدا ببینینەوە. لە سایەی ئاوها تێگەیشتنێکەوە دەزانرێ نووسەر لە جیهانی خۆیدا چۆن ژیاوە، واتە لە مابەینی خۆی وەک زەینێک و جیهان وەک بەرچاوێک چۆن پێوەندی دیاردەناسی سازداوە. دنیای بەرهەمی ئەدەبی ڕاستەقینەی بەرچاو نییە، بەڵکو ڕاستەقینەیەکە کە بەهۆی زەینێکی تاکەوە ئۆرگانیزە و تەجرەبە کراوە.

بەبڕوای «شیکلۆفسکی» هونەر تێگەیشتن و هەستی ئێمە دووبارە ئۆرگانیزە دەکاتەوە. لەو پێناوەدا ڕێوشوێنی باو و پێکهاتەی بە ڕواڵەت هەرمانی ڕاستەقینە واژۆ دەکا. هونەر عادەتەکانمان دەگۆڕێ و هەموو شتێکی ئاشنا لەبەرچاومان نامۆ و غەوارە دەکات و لەنێوان ئێمە و هەموو ئەو شتانەی خومان پێوەگرتووە مەودا دادەنێ. شتەکان هەر وەکو خۆیان بۆ ئێمە نیشان دەدا «بۆ چوونی دیاردە ناسانە» ئەو بۆچوونە لە ئاشنایی سڕینەوە سەلمێنەری شوێندانەری دیاردەناسی «هۆسرل»ییە لەسەر شکلۆفسکی و بە ئاشکرایی وەبیرهێنەرەوەی باسەکەی هۆسرلە کە «یەکەمین سەرنج بۆ شتەکان ناتوانێ هەڵگری هەموو جۆرە زانیارییەک بێ.»، بەڵکو ئێمە دەبێ لە هەناوی شتەکاندا نوقم بین. شیکلۆفسکی لە وتاری «هونەر بە وێنەی جوانکاری»دا شێوەی تۆلستۆی وەبیر دێنێتەوە کە بینینی شتەکان بوو لە دەرەوەی بەستێنی ئاسایی و سروشتی ئەوان.

نالی بە پێچەوانەی ناحەزانی، چاوی «حەبیبە» بەجوانی دەبینێ، بەڵام دەربڕینی هونەرمەندانە دەربڕینێکی جوانیناسانەیە. واتە ئەو ئامراز و پێوەرانەی کە دەبێ ئاستی دەقێک هەتا ئاستی جوانیناسی بەرنە سەرێ لەکار دەکرێن. یەکێک لەو ئامرازانەی لەناو بەرهەمی شیعریدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ خوازەیە. خوازە لەناو دەقدا تەنیا جوانکارییەکی ڕووت و پەتی نییە، بەڵکو شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی زەینی نووسەریشە بە نیسبەت جیهانی دەرەوە. لە پرۆسەی ناسیندا خوازە لە حوکمی دەسپێکدایە، یانی ئێمە لە زەینی خۆماندا هەستی تێگەیشتن دەکەینە وێنەیەکی زەینی و دواتر ئەو وێنە زەینییە دەگوازینەوە سەر زمان، وابوو زمان لە هەر کاتێکدا بەهۆی ئەو ڕاسپاردانەوە لەمانا نیزیک دەبێتەوە و دواتر ڕاستەقینە. خوازەی «تەرازوو» لەیەکەم بەیتی ئەو شیعرەدا قورسایی مەعریفی هەموو شیعرەکە وەئەستۆی خۆی دەگرێ و زۆربەی ئاشنایی سڕینەوەکان لەو شیعرەدا بەپێوەری ئەم خوازەیە دەکێشرێن. لەبەیتی دووەمدا غەمزە و چاو لە بەیتی سێیەمدا شەو و ڕۆژ بەنەفشە و نەیلووفەر، لەبەیتی چوارەمدا خوار و ڕۆژ و خێر و شەڕ، لە بەیتی پێنجەمدا نوقسانی ڕوو و ئاوێنە، لە بەیتی شەشەمدا خێر و شەڕ و وەسڵ و فیراق و لوتف و قەهر و دوو دەفتەر، لە بەیتی حەوتەمدا شاهینی دوو چاوی تیژە هەرکام لەو دوانە لێکدژانە لەگەڵ ئەو تەرازووە (چاوەکانی حەبیبە) لە هەڵسووکەوتدان. کەوابوو جۆری ڕوانینی نالی بۆ چاوەکانی «حەبیبە» بەهۆی ئەو خوازانەوە دیاری دەکرێ.

ئاشنایی سڕینەوە لە بەرهەمەکانی شیکلۆفسکیدا بە دوو واتا بەکار هاتووە:

١- بەواتای شێوازێک لە نووسین کە ئاگایانە، یان نائاگایانە لە هەموو بەرهەمێکی بەرزی ئەدەبیدا ڕەنگی داوەتەوە و زۆرجار شێوەی دەسەڵاتداری دەربڕینی ئەدەبییە لە دۆخێکی تایبەتدا. ئەو چەمکە لە باسە کۆنەکانی بیردۆزی ئەدەبی و لەمەڕ دەکارهێنانی جۆرەکانی مەجاز لەدەقدا زیاتر بەرچاوە کارکردی مەجازی وشە، سەرنجی زەین بۆ واتای نوێ ڕادەکێشێ و واتای ئاشنا و بێ حەمیەت دەسڕێتەوە. کاتێک سەرنج دەدەینە ئەو غەزەلەی نالی، دەبینین زۆرێک لە لایەنە مەجازییەکانی دەقەکە سەر بە دەسەڵاتی باوی زمانن لەزەمانی نالیدا. ئەو جوانکارییانە لەلایەن هەموو شاعیرانی فارس و کوردی ئەو سەردەمە ڕەچاو دەکران. لە بەکارهێنانی تیر لە جیاتی موژگان و (جمع و تفریق) و وێچواندنی ئاشناو باوەوە بگرە هەتا کێش و سەروا. لەم

ئاســـتـەدا داهێنانی ئەوتۆی ئەدەبی نابینین، چونکە لە مابەینی هەموو دەقەکانی ئەو سەردەمەدا وەکو خاڵی هاوبەش دێتە ئەژمار. لە ڕاستیدا وەکو ماکی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە، یان ئەو شێوازە (قوتابخانەی نالی) ئاشنایی سڕینەوە لە بەستێنی شێوازێکی تایبەتدا ڕەچاو دەکرێ و داهێنانی تاکەکەسی زۆر کەم تێدا دەبیندرێ.

٢- ئەو واتایە زیاتر تاکەکەسییە و لەبەرهەمەکانی «شیکلۆفسکی»دا بەربڵاوترە و هەموو ئەو گەمە زمانیانە دەگرێتە خۆی کە نووسەر ئاگایانە کەڵکی لێوەرگرتوون، هەتا دەقی ئەدەبی لەبەر دیدەی خوێنەرانی نامۆ بکات. نووسەر لەجیاتی چەمکی ئاشنا، وشە و شێوەی دەربڕینی نامۆ بەکاردێنێ. ئاوها دەستێوەردانێک تێگەیشتن لە ئاسۆکانی واتایی دەق زۆر ئەستەم دەکاتەوە و بابەت وەها دێنێتە ئاراوە کە دەڵێی لەوە پێش بوونی نەبووە. ئامانجی دەربڕینی جوانیناسانە لەو حاڵەتەدا نەک ڕوون کردنەوەی بە پەلە و ڕاستەوخۆی مانای، بەڵکو ئافراندنی هەستی نوێ، تایبەت و بەهێزە کە خۆی بەدیهێنەری واتایەکی نوێیە. لە ڕاستیدا بەهاتنی وشە و بابەتی شیعری بۆ هەرێمی تێگەیشتنی نوێ ئاشنایی سڕینەوە دەست پێدەکات. کە وابوو کاتێک نالی دەیەوێ چاوەکانی «حەبیبە» لەبەر دیدەی بەردەنگەکانی نامۆکات و ئاشناییەکی خۆی لێ بەدەستەوە بدا لەو واتایەدا زیاتر جموجووڵی خۆی نیشان دەدا. بۆ یەکەم جار «چاو»، یان نازی دولبەر بە «تەرازوو دەشوبهێندرێ، لە بەیتی دووەمدا خێلی مەعشووق بەکاری سیلە گرتن پێناسە دەکرێ، لە بەیتی سێیەمدا بۆ یەکەم جار چاو بە «بە نەفشە و نەیلووفەر» دەشوبهێ، (ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەو دوانە پێشتر لەمەڕ زوڵفەوە بەکار دەهاتن) لە بەیتی شەشەمدا کاتیبی خێر و شەڕ و لوتف و قەهر و دوو دەفتەر دیالێکتیکێکی خۆیان لەگەڵ ئەو چاوە خێلانە سازداوە. لە بەیتی حەوتەمدا بۆ یەکەم جار ئیهامی «شاهین» وەبەر چاو دەکەوێ کە بەدوو مانای شاهین «جۆرێکی باڵندە» و شاهین لائامێرێکی تەرازوو دەکار هاتووە. سەرجەم هەمووی ئەوانە و نەبوونی یەکێتی بابەت لەو غەزەلەدا بوونەتە هۆی ئاشنایی سڕینەوەی تاکەکەسییانەی نالی. کەوابوو بۆ جیاواز دیتن، یان تێگەیشتنی تاکەکەسی لە دیاردەکان ئامرازی خۆی ئاشنایی سڕینەوە پێویستە و دواتر بۆ دەربڕینەکەشی. هەمووی ئەوانە لە دەقدا ڕەنگیان داوەتەوە، واتە من بەدابەزاندنی دەق هەتا ئاستی زانیاری خۆم هەم لە کێشەی زەینی نووسەر تاڕادەیەک حاڵی دەبم (بەمانا هۆسرلییەکەی)، هەمیش بۆچوونی تاکەکەسی و دیاردەناسانەی خۆم لەدەقدا مەیسەر دەکەم. کەوابوو زمان گرنگترین دەفرە بۆ دەربڕینی ڕوانگەی نوێ لە هەمبەر شتەکانەوە هەرچەند هۆسرل زۆر گوێ بەزمان نادا و چەمک لەزەینا وەکو دیاردەیەکی ڕووت و پەتی لەمانا پێناسە دەکا، بەڵام ئەوە لە ڕاست ناچێ، چونکە ئێمە بەهۆی زمانەوە بیردەکەینەوە. زمان ئامرازی دەبڕینی واتا نییە، بەڵکو واتای بەرهەمی زمانە.

**سەرچاوەکان:**


**١- دیوانی نالی، شەرح و لێکدانەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، إنتشارات کردستان.**

**٢- ساختار و تأویل متن، بابک احمدی، نشر مرکز.**

**٣- نظریه أدبی، تری ایکلتون (عباس مخبر)، نشر مرکز.**

**٤- راهنمایی نظریه أدبی معاصر، رامان سلدن، پیتر ویدوسون (عباس مخبر)، طرح نو.**

**٥- چاوی مەحبووبە لە غەزەلی نالیدا، عەبدولخالق یەعقووبی، سروەی ژمارە ٢٣٥.**

# چەمکی گریان لە بازنەی شیعریی حەوت شاعیردا

**ئەحمەد حوسێن ئەحمەد**
**(سلێمانی)**

گریان بارێکی نامۆ و ناهەموارە، کەم و زۆر یەخەی هەموو کەسێک دەگرێ و دەیخاتە بازنەی نائومێدی و بێ دەرەتانییەوە. لە فەرهەنگی گریاندا دیاردەی سەیر و تەمومژاوی و وەڕسبوون و جاربەجارێکیش خۆشی لە ڕوخسار و لە دەرووندا هەست پێ دەکرێ. هەمیشە چاوان باجی گریان بە فرمێسک و قوڕگ و دەمیش بەناڵە و ئێش وەڵام دەدەنەوە. بۆ ئەم بابەتە لە دەرگای ئەوینی نیشتمانی دەدەین کە چەندان شاعیری بە ئەمەک و بە هەڵوێستی گریاندووە، بەڵام گریانێکی پیرۆزی ئەدیبانە، نەک گریانێ ڕاستەوخۆ لە بەزین و خۆ بە دەستەوە دانەوە سەرچاوەی لێڵ هەڵبگرێ. ئەوە گریان نییە ئەوە جۆرێکە لە کۆستکەوتن با بە وردی بڕوانینە فەلسەفەی ئەم گریانەی (حەمدی) کە چۆن شۆڕشێکی دەروونیی گشتگیرە، ئەگەر هەمووان واتا سکاڵای هەر سێ جۆر پێستەکە، سپی، ڕەش، زەرد ببنەیەک، چی بروسکەیەک پێکدێن؟ ئەگەر فرمێسکەکانیان ببنە یەک چی ڕووبارێکی خوڕ دروست دەکەن و چی بەرگەی شەپۆلەکەی دەگرێت؟ بێ گومان تا گریانە ڕەواکان نەچنە لیستی یەک بەرنامەی گونجاو و باوەڕپێکراوەوە ئامانج ناپێکن. کەرەستەی ئەم گریانە بە جێیە هەویرێکە و ئاو زۆر دەبات:

**سوبح پێناکەنێ تابێ نەوایێ شەو بە دڵ نەگری**
**گوڵی ناپشکوێ تا بلبلی سوبحێ بەکوڵ نەگری**
**بەری نابێ درەختی باخی عالەم تا هەموو وەک یەک**
**بەیەک سۆز و بەیەک شۆر و بەیەک دەم چڵ بەچڵ نەگری(١)**

نهێنی گریان کاریگەریی جوان و ناوازەی تایبەتی خۆی هەیە. (برایم ئەحمەد) کە گریاوە پرسیارێک و کێشەیەکی ورووژاندووە. گریانێ پڕ بێ لە چەکی بەرهەڵستی و ڕانەوەستان. گریانێکی وشکی وا



حەمدی

مەبەستەکەی ببێتە نامەیەکی گرنگ تا خوداوەند لێی بە ئاگا بێت و سەیری باری بەندە بکات:

**لەبەر چاوی بەد لە ترسی بەدکار**
**دڵ خۆم ئەکەمە گۆڕی یادگار**
**بە گریانی وشک بەناڵەی بێ دەنگ**
**دێنمە لەرزین تەختی کردگار(٢)**

شاعیر لە بواری تێکۆشان و گەیشتن بە ئامانجدا، لەوپەڕی ترسناکی و ماندووبووندا هێڵێکی ڕاست و چەپی بەسەر وشەی گریاندا هێناوە کە بۆ ئەو ڕێبازە بایەخی نییە و پیشەی کەسانی بێ توانا و بێ ئەزموونن. ئەو کەسانەی هەمیشە لەژێر باری گرانی داگیرکەراندا نرکەیان دێ و دەستیان گرتووە بە کلاوەکەی خۆیانەوە تا با نەیبات، بۆیە بەتیواری ڕوو لە چاوی گریاو دەکات کە فرمێسک ڕشتن هیچ دانوسان و وەڵامێکی دروستی پێ ئاشنا نابێت، بەڵکو پێچەوانەکەی، کە هەڵوێست وەرگرتن و ڕووبەڕوو وەستانەوەی ژیرانەیە، ئەگینا ئازارەکەی، تەمەنەکەی نەک وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بگرە زیاتر پەرەدەسێنێ و دەبێتە بارێکی هەرە گران و ئۆقرە لە هەڵگرانی دەبڕێت. چەوسانەوە دەبێتە خۆراکی تاڵ و ترشی ژیانە تاریکەکەی:

**چاوە وەک لێزمەی بارانی بەهار**
**فرمێسکی خوێنت بۆ پیا دێتە خوار**
**گریان کردەوەی بێ دەسەڵاتە**

**بێ دەسەڵاتان ئەرزێن لەژێر بار (٣)**

گریانی بێ دەنگی بۆ ئەزموونێکی لە دەستچوو لەجێی خۆیدایە، بۆ نموونە ڕووخاندنی کۆماری ساوای کوردستان لە مەهاباد بە دەستی دوژمنانی مرۆڤایەتی و گرتن و لە سێدارەدان و گەشمردەکردنی ئەو هەموو شەهیدە مەزنانە بە قازی محەمەدی سەرۆک کۆمارەوە گەورەترین کارەساتی مێژووییە بۆ گەلی کوردستانی ئێران بەتایبەتی و کوردستانی گەورە بە گشتی، بێ گومان پێویستیان بە شیعری فرمێسکاوی و جۆشدانە. لە شینی ئەو کۆمارە لە دەستچووەمان و پێشەوادا دەڵێت:

**بە هەناسەی سارد بە گریەی بەکۆڵ**
**دەرکێشین لەبن ڕەگوڕیشەی دڵ**
**با بە دڵۆپە فرمێسکی خوێنین**
**قوڕێ بۆ شینی ئەمڕۆ بشێلین(٤)**

هەر لە هەمان قەسیدەدا، پلانی ڕزگاربوون لە دەست ناحەزان دەستنیشان دەکات تاکو کۆتایی بەو فرمێسک و بێ دەرەتانییە بێت:

**یەکگرتن جەنگین، جەنگین، نەبەرد تا مردن**
**هەوڵ و تەقەلای گەل ئازاد کردن**

مرۆڤ لەو حاڵەتانەدا کە هەرە خۆشەویستانی لە دەست دەچێت بەرد و دار نییە، گۆشت و خوێن و ئێسقانە بەرگەی خۆڕاگرتنی نامێنێ. ناچار بە فرمێسک و سکالایەک کە لە بازنەی کەسایەتییەکەی دەرنەچێت ماوەیەک پێوەی دەناڵێ، بەڵام بە چەشنێکی وا نا دوژمن پێی بزانێ و پێی دڵخۆشبێ و لافوگەزافی باڵادەستی خۆی لێ بدات و نەوی بوون ڕووخاندنی چەوساوەکان بە هەند وەربگرێ، بۆیە فرمێسک و گریان و یاسا و کات و شوێنی دیاریکراوی خۆی هەیە.

(هێمن) کە شاعیرێکی بەرز و کۆڵنەدەر و شۆڕشگێری کورد و کوردستان بوو، گەلێک لە شیعرەکانی لە فرمێسک و سکالا خاڵی نین، ئەو کۆست گەلە گریاندوونی و جاری وابووە دەستە و ئەژنۆی کردوون، کەچی لە پێناوی بەدیکردنی ترووسکەی هیوادا هەڵساوەتەوە و تێهەڵچۆتەوە:

**نایەڵێ دوژمن بە ڕەنگە زەردەکەی من پێکەنێ**
**تا دەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشم(٥)**

لە جێیەکی تردا کەڵکی گریانی بێ دەنگی دەردەخات، کە تا ئەو دەمەی سەر دەخاتە سەر سەرین بیر لەو ڕووداوە تاڵە بەسەرچووانە دەکاتەوە، تەنانەت هی سەردەمیش، ئەمانە گریانی پیرۆز بەهانایەوە دێن، لەگەڵ

ڕشتنی هەر تکە فرمێسکێکدا کولانەوەی برینێک لە ئارادا دەبێ، بەڵام ڕێژنەی ئەو فرمێسک و گریانە تارادەیەک ئارامی پێ دەبەخشن و خەمەکانی لێ کەم دەکەنەوە، گڕی هەڵگیرساوی ناو دەروونی دادەمرکێننەوە:

**بەڵێ گریانی نیوەی شەو دەکا ناسۆری دڵ مەرهەم**
**کوڵ وکۆم دادەمرکێنێ و بەجێ دێڵێ دڵی من خەم(٦)**

شاعیر تا سەر بڕوای بە فرمێسک ڕشتن و شیوەنی بە کوڵ نەبووە، چونکە ژیان بەسکاڵا نابژرێتەوە، کاری بەردەوام و سەلیقەی وردی گەرەکە، بۆیە لە بەیتێکی تردا ڕووی دەمی دەکاتە خۆی و ئەوانەی چاوەڕوانی ڕۆژانی سەروەری و ئازادین دەڵێت: گریان ناشایستەیە و ئامانج دوور دەخاتەوە. چاکترین چارەسەر خەباتکردنە کە بەربەستی کێشە هەڵپەسێراوەکان دەکات. مرۆڤ دەبێت ئاواتی لە دڵدابێ و کاریان بۆ بکات:

**هەمە هیوا بەدوارۆژێکی ڕووناک**
**بەشی ئینسانی بێ هیوا نەمانە**
**بەشیوەن چاری کاری ئێمە نایە**
**خەبات، کەڵکی نییە مامە خەمانە(٧)**

گریان و فرمێسک ڕشتن لەلای (محەمەد سالح دیلان) لە بۆتەیەکی تردا خۆی نیشاندەدا. چرۆی ژاکاو، گوڵی پەژموردە پێویستیان بە ئاودێری هەیە تاکو تینوێتیان بشکێت و ببووژێنەوە. کێشەی ڕەوای کوردیش کە لەژێر تارمایی هەوری ڕەشدا گیر ماوە فرمێسکی ڕاستەقینەی پێدەوێ، تا ئەو کێشەیە وەک چۆن گوڵ بە ئاودان دەگەشێتەوە، ئەویش بەیەکڕیزی و دەربەستبوون بووژێتەوە. گوڵەکە، کە تەڕایی پێگەیشت و هەڵی مژی پێدەکەنێ. بە پیرەوە چوونی کێشە و ئاڵۆز بوون وەلا دەنێ، چاوە نوستووەکان هەڵدێن. ئەمانە سەرەتای بەرنامە و پرۆگرامی ڕێگای خەباتە:

**تا فرمێسکی ڕەهێڵەی خوڕ**
**نەڕژێتە سەر**
**نەڕژێتە سەر چرۆی قوچاو**
**نایەتە بەر**
**پێناکەنێ بە بای شەماڵ**
**ناترووکێنێ**
**چاوی نووستووی**
**ژێر هەوری تار(٨)**

بەجێ هێشتنی نیشتمان، دابڕانێکی گورچکبڕە. هیچ شتێک نییە جێگای دیمەنی جوانی وڵات و هاوڕێ و کەس و دۆستان بگرێتەوە، دڕکی پەژارە لێرەدا چەکەرە دەکات. کەسی بە زۆر هەڵکەندراویش گەلێ جار لە ئاکامی یادکردنەوەدا بەرهەمەکەی دەبێتە بەشیک لەتکەی فرمێسک و سکاڵا.

(شەریف) شاعیری جەنگاوەر و وشە زیندوو و هەڵوێست بەرز ئەم گرفتە هەرە دزێوانەی بینیوە و ئێشەکەی چەشتوون:

**بۆ نەگریم من کە پەروەردەی هەوای شاری خەمم**
**چی بنووسم، غەیری ئەو فرمێسکە چی بێ بەرهەمم(٩)**

لە شۆڕبوونەوەیەکی تردا، لە ڕێبازی بەرگری لە نیشتمان، لە کاروانی دانەبڕاوی پێشمەرگەدا، خۆ بینینەوەیەکی سەرفرازانە دەکاتە تابلۆی نەمری بۆ ژیان. ئەویش گەشمردەبوونە (شەهیدبوون)، گیانی دەبێتە پەیامێکی پیرۆز و لەگەڵ دایکە دڵسۆزەکەیدا دەدوێ و داوای فرمێسکی خوێنین بۆ ڕۆڵە پێکراوەکەی و خاکە ژێردەستەکەی دەکات:

**دایە گیان بگری، لەسەر خاکم کەوا شینم دەوێ**
**زۆر بگریە، دایەگیان فرمێسکی خوێنینم دەوێ(١٠)**

کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە تاوانە هەرە گەورە و ڕەشەکانی ئەم ساڵانەی پێشووی حزبی بەعسی عەرەبی دڕندە بوو کە لە ١٩٨٨/٣/١٦دا ئەنجامی دا، بەمە لاپەڕەیەکی شەرمەزاری تر چووە سەر مێژووەکەیان و پەلەقاژێی نەتەوەیەکی ئاشتیخوازی ئابڵووقەدراو سەدان قەڵەمی غیرەتمەندی هێنایە زمان. (جەلالی میرزا کەریم) لە کۆپلەیەکی قەسیدەی «لە خەمی هەڵەبجەی ژارا» لەگەڵ گریان دەدوێ و دەڵێت:

**ئاخۆ.. گریان**
**وڵاتی سەربەخۆی هەبێ؟**
**ئەم تۆماری فرمێسکەی تیا بهۆنمەوە..**
**ئاخۆ.. ئاسمان**
**ئەستێرەی ڕەنجەرۆی هەبێ**
**هەڵەبجەی ئەم هاوارەی تیا بدۆزمەوە(١١)**

(جەلالی مەلەکشا) کە لە وێنەی شیعریدا لە ڕیزی پێشەوەیە کە قەڵەمەکەی شیوەن و زاری دەکات دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو میراتەی کە لە بنەماڵەکەیەوە بۆی بەجێ ماوە. لەلایەن دوژمنانەوە سەرکوتکراوە و پڕزەیان لێ بڕاوە. کەسەکانی وڵاتە پێشێلکراوەکەی، وڵاتە کێڵڕاو و گڕتێبەربووەکەی لەمێژە زۆربەیان هەڵکێشراون لە خوێن و بڕنەوەکەی باوکیشی بێکەس ماوەتەوە و سەربەرەو خوار لە خاچدراوە، گریانی ئەدیبانە لەو

تارماییانەوە ڕێچکە دەبەستێ کە خوێن دەبێتە هەوداو سەرودڵی شاعیر دەگرێ:

**من یادگاری ئەو عەشیرەتەم**
**لەسەر سینگی ژین**
**گوڵیان بە هەودای خوێن تەقەڵ داوە**
**ئێستا من بەڵام**
**لە دەستمدا قەڵەم**
**شیوەن ئەکات و**
**بڕنەوە کورتە بزمار ڕێژەکەی**
**باوکم لەمێژە**
**سەرەونخوونە و**
**بە دیوارێکدا لەخاچ دراوە(١٢)**

دیسان لە کۆپلەیەکی تردا کە لەوە دەچێت لە تەمەنی چل ساڵیدا نووسیبێتی، لەبەرئەوەی نیشتمانی زەوتکراوە و چەوساوەیە و لە ئازادی بەدوورە.، خودی خۆی بە مردوویەک داناوە و کفنەکەیشی شیننامەیە.

لەو لاو لەو لا سەرگەردان ئەو تەرمە پڕ ئێش و ئازارەی خۆی بە کۆڵەوەیە.. ڕێگەی پێ نادەن تەنانەت لە خاکەکەی خۆیشیدا بنێژرێت:

ئەم وێنەی (بێ وڵات)ییە وەک مەلیک بەرەو لووتکە لە شەقەی باڵ دەدات، وێنەی تەمەنێکی گوشراوی بەفرمێسک و ژیاوی هەناسە ساردانە:

**چل ساڵە من**
**تەرمی خۆمم لە کۆڵ ناوە**
**دەیگێڕم و ئەشک ئەڕێژم**
**ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم**
**بستێ خاکم دەستناکەوێ**
**ئەم جەستە پڕ ئازارەی**
**تیابنێژم(١٣)**

لە کۆپلەیەکی تردا ڕاشکاوانەتر بەکامێرای هەستی گەرم و مرۆڤانەی وێنەی کوردستانە بریندارەکەی خۆی گرتووە، کە ئەوەی بیبینێ گریانی دێ. گریانێک هەر کێڵگەیەک وشک بێت بە ڕێژنەی فرمێسکەکانی ئاو دەدرێ. جەستەیەک لە بەرگی سووتاویدا هەناسە بدات و بوویێتە مۆمێک و خاوەن دڵێکی ڕوون کە کێ لە تاریکستاندا دەژی ئەم ئامادەیە ڕاستەوخۆ ڕووناکی پێ ببەخشێ، چونکە دڵە شاعیرانەکەی بە ڕووناکی گۆش بووە. کێ هەیە بەگیان و بە جەستەی خۆی ئاوا خزمەتێک بکات و بانگەوازی «بەخشش» ڕابگەیەنێ؟ بێ گومان لە لەدایکبووانی وڵاتی گریانە:

**خەڵکی وڵاتی گریانم**
**کێڵگەی کامتان وشک و برینگە**
**هەردوو چاوم پێشکەش ئەکەم**
**وەک شەم لەناو شەوە زەنگا**
**دەسووتێم و دەتوێمەوە**
**شەوگاری کامتان زۆر ڕەشە**
**دڵی ڕوونم دابەش ئەکەم(١٤)**

چەمکی گریان لە بازنەی شیعری شاعیراندا کاتێ کۆتایی دێت، کە دیاردەی چەوسانەوە نەمێنێ و سەروەری و سەربەخۆیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادی بیروباوەڕ و کارکردن لە پێناوی خۆشگوزەرانیدا جێگەی خۆیان بکەنەوە. خەرمانی هیواکان وەڵامی دروستی دڵەپەرۆشەکان بدەنەوە و ئارامی و دیموکراسی بەکردەوە باڵ بەسەر سەرانسەری وڵاتە دابەشکراوەکەماندا بکێشێت.

**سەرچاوە:**

**(١) دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقران، لە بڵاوکراوەکانی نامەخانەی گەلاوێژ، چاپخانەی (ئەسعەد) بەغدا ١٩٥٧، بڕوانە لاپەڕە ١٣٤.**

**(٢) و (٣) و (٤) برایم ئەحمەد، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، عومەر مەعرووف بەرزنجی کۆیکردۆتەوە و دوای ساغکردنەوە پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بڕوانە لاپەڕەکانی ١٩، ٢٤، ٣٩-٤٠.**

**(٥) و (٦) و (٧) دیوانی تاریک و ڕوون، هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا ١٩٧٤ بڕوانە لاپەڕەکانی: ١١٥، ١١٦، ١٥٦.**

**(٨) دیلان، محەمەد ساڵح دیلان، بەغدا، چاپخانەی ئەسعەد ١٩٦٩ بڕوانە لاپەڕە: ٦٠.**

**(٩) (١٠) ملوانکەی شین، شەریف، چاپخانەی (پەیام) چاپی دووەم ١٩٧٩ ناوی ئەو شارەی لێی چاپکراوە بەسەرییەوە نییە. بڕوانە لاپەڕەکانی: ٢٩، ٥٢.**

**(١١) ڕێگا دوورەکانی چاومان، جەلالی میرزا کەریم، چاپی سلێمانی ساڵی ١٩٩٢ بڕوانە لاپەڕە: ١٢٩.**

**(١٢) و (١٣) و (١٤) زڕەی زنجیری وشە دیلەکان، جەلالی مەلەکشا، بڵاوگەی هەژار لە سنە، ساڵی ١٣٨٣هـ. ئێرانی بڕوانە لاپەڕەکانی: ٢٢، ٢٧، ٣٣.**

# هۆزی کەڵهوڕ لە مێژوودا

عەباس سلێمان سمایل

هۆزانی کـــورد بەهۆی چەند ئەگـــەرێکەوە لە زۆربەی ناوچەکـانی کـوردسـتـان دەبینرێن، بنەمـاڵەی فـرەش لە سنووری کـوردســتـان ئاودیو بوونە و تێکەڵ بە گـەلانی دەوروبەری کـوردســتـان بوونە، زۆربەیـان لەنێـو هۆزانی دەوروبەری کوردستاندا تواونەتەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەهۆزانی کوردستان لەسەر چەند ئایین و ئایینزایەکن لەوانە: گـەردی، دیان و کاکـەیی و مـوسـڵمانیـان هەیە، هورمزیار، دیان و شیعە و سوننەیان هەیە، هۆزی میـلان و بەرازی و پینیــانیــشلی بەشـێکیــان دیانن، هۆزی شێخانی و مۆسەیی، ئیسلام و ئێزدییان هەیە. بە قسەی ئێـزدییـەکـان هۆزی مـەنتڵ بەشـێکن لە مـەندکـاو مـاوەی چەند سەد ساڵێکە بوونەتە ئیسلام، جا سەرەڕای ئەوەی زۆر هۆز هەنە بە چەند زاراوەیەک دەدوێن، وەک گـەردی بە (کرمانجی خواروو و کرمانجی ژووروو) هورمزیار، بە (کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو و کەڵهوڕی) لەک بەشـێـوەی (لەکی و کـرمـانجی خـواروو)، کـەلهـوڕیش ئەوانەی کـەوتوونەتە ناوچەی سۆرانییـان، بە کـرمـانجی خواروو دەدوێن.

جا هۆزی کـەڵهـوڕ لەو هۆزە دێرینانەیە کـە بەر لەزایین ناوی هاتووە و ڕۆڵی گەورەی لە فـەمـانڕەوایی بەشـێکی فـراوانی کـوردسـتـان و پاراستنی وڵاتدا بینیـوە و بووەتە پارسەنگی زلهێز و حکوومەتان و هەمیشە لەگەڵ هۆزانی عـەرەب و زەرد پێستـەکان و حکوومەتانی ناوەندی ئێران لە جــەنگدا بـووە، ئیــتــر بەدرێژایی مــێـــژوو بەهۆی فەرمانڕەوایی و شەڕ و شۆڕ و مەڕدارییەوە کۆچ دەکەن و دەگوێزرێنەوە و لەزێدی کۆنیان دووردەخرێنەوە.

زێدی کۆنی ئەم هۆزە لە ناوچەکانی سێگۆشەی هێڵی

نێوان کرماشان قەسری شیرین و سۆمار کرماشانە، ناوەندەکەیان شارۆچکەی هەیوانە، بەڵام ئەمڕۆ لە سەقز، سنە و ئوستانی ئیلام، ئوستانی کرماشان، دەبینرێن، هەروەها لە ئوستانی خوڕەم ئاباد، بەختیاری خوزستان، خۆراسان، ئوستانی فارس و گوگیلوە نیشتەجێن، هەروەها لە پارێزگەی بەغدا، کوت و دیالە و سلێمانی و کەرکووک و گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر نیشتەجێن وەک قوشتەپە، کەردز، کەرزۆڕ، پۆڕیجە، گردەڕەشە، بێرکۆت و دارەبەن و چەند گوندێکی دیکە.

جاران لەسەر ئایینی یارسان بوون، لێ ئەمڕۆ تەنیا تیرەیەکیان بەناوی منیشی کە لەکفراو نیشتەجێن لەسەر ئایینی یارسان ماون، ئەم ئایینەش میتراپەرستییەو لە ئایینی زەردەشتی کۆنترە. ئیتر بەگشتی ئەم هۆزە لەسەر ئایینزای شیعەن، تەنیا کەلهوڕەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر نەبن کە لەسەر ئایینزای سوننەن،

ئەمڕۆکە زۆربەی هۆزەکانی هەردوو ئوستانی ئیلام و کرماشان بە زاراوەی کەلهوڕی دەدوێن، واتە هۆزانی فەیلی لەم دوو ئوستانە و ئوستانی عەمارە و کوت و بەغدا و دیالە بەم زاراوەیە دەدوێن، جارانیش بەزاراوەی هۆزی کەلهوڕ و زەنگنە و لەک،.. دەگوترا زاراوەی گۆران.

## ناوی کەلهوڕ لە چییەوە هاتووە

ئەگەر ناوی کەلهوڕ لەناوی کلاهوری پاڵەوان، یان لە ناوی شاری کالە، یان کالح (ئەمرود)ەوە نەهاتبێت کە ئەمانەی شاری (کالە)ی پایتەختی ئاشووریان هێری بێ و داگیریان کردبێ، ئەوە بەم جۆرە ئەم ناوە لێک دەدرێتەوە: کەڵ (بەرز، پایە بەرز، چالاک، کەڵە ئاسکی کێوی (نێر)، چیا+ هۆڕ (ئاهورا مەزدا، خۆر، خوداوەندی خۆر)ە.

کەواتە هەردوو بڕگەکە بەیەکەوە ئەم واتایانە دەگەیەنێت: ئەوانەی وەک کەڵە ئاسکی کێوی چالاکن و بەسەر چیا دەکەون، ئەوانەی ئاگر، یان ڕووناکی دەپەرستن، ئەگەر هوڕ (ئور) بێ و (ئور)یش واتای ئاگر دەگەیەنێت، ئەوانەی خودای ئاهورامەزدا دەپەرستن، واتە زەردەشتین. ئەگەر ئور واتای هەوار و نیشتمان بگەیەنێت، ئەوە کەلهوڕ واتای نیشتمانی بەرز، یان چیانشینەکان دەگەیەنێت، چونکە ئور لە زمانی سۆمەرییەکاندا واتای شار و وڵات و ئاوەدانی دەگەیەنێت.

ئیتر (هوڕ، ئاهوڕ، ئاهورا) هەر دەبێت خواوەندی وارونا، یان ڤارۆنا بێت، کە خوداوەندی زۆربەی گەلانی هیند و ئەورووپی بووە، ئەم خوداوەندە لە زمانی کاسییەکان بووەتە ئاسووریاش و لە زمانی هیندی کۆنیش بووەتە سوریا. (ئاشوور)یش کە خوداوەندی خۆری ئەکەدییەکانی دانیشتووی نەینەوایە هەر لە (سووریا)وە هاتووە. کەواتە کەلهوڕ ناوێکی کۆنی هیندو ئێرانییە و تا درەنگیش ئەم هۆزە لەسەر ئایینی کۆنی خۆرپەرستن ماون و لەلایەن هۆزانی دیکەوە بەم ناوە ناویان هێناون، بەڵام لەڕووی ڕەچەڵەکەوە خۆیان بەنەوەی گودەرزی کوڕی گیو دەزانن.

ئەحمەد شەریفی لەبارەی ڕیشەو ڕەچەڵەکی کەلهوڕ لە بەرهەمی چاپنەکراوی هەژاردا دەڵێت: میر شەرەف خانی بدلیسی لە بەندی دەیەمیدا باسی فەرمانڕەوایانی کەلهوڕ دەکات و دەڵێ:

مێژوونووسان لایان وایە کەلهوڕ تیرەیەکن دەچنەوە سەر گودەرزی گیو، کە ئەو گیوە لە ڕۆژگاری دەسەڵاتداری کەیانییەکاندا بەسەر بابلرا دەگەیشت و بابلی ئێستا ناوی کووفەیە، ئەم گیوە کوڕێکی هەبووە ناوی ڕەهام بووە، بەفەرمانی بەهمەن شای کەیانی لەشکری بردە سەر شام و ئۆرشەلیم و میسر و داگیری کردن، جا هەر ئەو ڕەهامەیە کە مێژوونووسان بەناو (بەختونەسر)ەوە ناسیویانە.

جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێت: کەلهوڕ بەبنەچە دەچنەوە سەر کلاهوری پاڵەوان، کە ناودارێکی مازەندەرانی بووە و شەری بۆ فەرمانڕەوایی مازەندەران کردووە.

لە شانامەدا لەچەند دێرێکدا ناوی کلاهوڕ بەم جۆرە هاتووە: کلاهوڕ کە، لافاوە بۆ لەمپەران، هەموو نازی هەر بەو بوو مازەندەران.

لەجێیەکی دیکەدا دەڵێ: کلاهوڕ پەیدا بوو وەکو شێری نەڕ سەری دا لەسەر داری ئازاو دلێر.

لە دێرێکی دیکەدا دەڵێ: کە پەنجەی دەپەنجەی کلاهوڕ پەڕاند، هەموو ناخونی وەک خەزەڵ هەڵوەران.

بەڵام ڕۆژبەیانی لای وایە کەلهوڕ و گۆران لەیەک تیرە نین، هەر ئەوەندە پێکەوە ژیاون و لەناو یەکدا دەژین.

ڕۆژبەیانی دەربارەی وشەی کەلهوڕ گەیشتۆتە ئەم

ئەنجامـە کە، کەڵهـوڕ واتای کەڵ ئاهورا (خـوای گەورە) دەگەیەنێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بڕوایەش دەڵێت: نیشتەجێکانی چیـای زاگـرۆس، واتا گـوتی، لۆلۆ، کـاسی، ئیـلامی و مـیـتـانی، کـە هەر هۆزەی بتـی خـۆیان هەبووە و لەلایەکیشەوە هەمیشە لەگەڵ هۆزەکانی سۆمەر، ئەکەد، بابل و ئاشـووردا شـەڕ و کـێشـەیان لەناودا بووە، هەر یەکـێک سـەردەکـەوت، ژێرکـەوتووەکـەی بەتالان دەبرد، هۆزەکانی زاگرۆس بۆ ئەوەی کەس دەستی بەخوداکانیان ڕانەگات، بتەکانیان لەسەر ترۆپکی کێوی بێستوون (کە ئەو وشەیە هەر بەغستانە، واتە جێگەی خوایانە) قایم کـردووە، دیارە لەناو ئەو هەمـوو خـوا زۆرەدا ، گـەورە و گچکەش هەبووە، بە خوای لە هەمووان گەورەتر گوتراوە (کەڵ هۆر).

ئەو هۆزەی کە لەو مەڵبەندی بێستوونەدا ژیاوە، خۆیی و ناوی خۆی وەپاڵ کەڵەخوداکەوە داوە و کەڵ ئاهورای بۆ خـۆی گـرتۆتەوە و وردە وردە کـەڵ ئاهورا سـواوە و ئەم کـەڵهـوڕەی ئێسـتـەی لێ پەیدابووە، تەنانەت هەر ئەم هۆزی کـەڵهـوڕە ئاهەنگێکی گۆرانی و سـترانێکی هەیە بەناوی کـەڵهـوڕی، واتە کـەڵ ئاهورایی، یانی ئەو ئاهەنگەی کە خودای مەزن پێی خۆشە. قادر جیهانگیری دەڵێت: هۆزی کـەڵهـوڕ هۆزێکی زۆر کـۆن و مـێـژوویی کـوردن لە ڕۆژئاوای ئێـران و بەشـێکیش لە ڕۆژهەڵاتی عـیـراق نیشـتـەجێن، ناوی کەڵهـوڕ دەگەڵ شاری کـالەه (پایتەختی ئاشوور) پێوەندی هەیە.

دواتر دەڵێت: هۆزی کەڵهوڕ لە دەوڵەتگەلی ئەفشار و زەندی [کـە خـۆیان دوو هۆزی کـوردن] و (قـاجـاری)دا جێگایەکی زۆر گرنگیان هەبووە.

ئەم نووسەرە دەرهەق مەڵبەندییان دەڵێت: لەسەرەتادا هۆزەکانی کەڵهوڕ و گۆران و باجەڵان گشتیـان هۆزێکی گـەورە بوون بەنێـوی گـۆران. کـە مـەڵبـەندیان لە سنەوە دەستی پێ کردووە تا ئیلام (ناوچەی کوردانی فەیلی) و هەمـوویان لەسەر باوەڕی یارسان بوون، (سان هاک) لە دەورەی دووەمی نوێ کـردنەوەی باوەڕی یارسـان، ئەم هۆزەی دەیەک چەکـاندووە، کـە بەشی سـەروو بەگـۆران نـاوی دەرکـردووە و بەشی خـواروی بەکـەڵهـوڕ، هەر ئێسـتـاش هەندێ لەتیـرەکـانی کـەڵهـوڕ وەک تایفـەی منیـشی لەکـفـراو لەسـەر ئاییـنی یارسـانین، دەرهەق

هەوارگەیان دەڵێت: هەوارگەی هۆزی کەڵهوڕ لە درێژایی مێژوودا بەهۆی ژیانی مەڕ و ماڵاتداری و کۆچەری جۆراو جۆر بووە و هەر لەکرماشانەوە دەستی پێ کردووە، تاکو گـەیشـتـۆتە کـەرکـووک و نزیک بەغـدا (ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا) و لە سـۆمـار و نەفت شاوە دەستی پێ کـردووە تاکو بە خانەقین و مەندەلی (باشوور بۆ باکوور) دەگات، بەڵام ئەمـڕۆ زۆربەی هۆزی کـەڵهـوڕ لەم ناوچانەدا نیشتەجێن:

١- کرماشان، ٢-ماهی دەشت، ٣-ئیسلام ئاوا، ٤-دێرە، ٥-سـۆمـار، ٦-قـەسـری شیـرین، ٧-سـەرپێـڵی زەهاو، ٨- هەیوان، ٩- وێژەنان، هەروەها لەگـوار، پشـتـەی ئیـمـام حەسەن، باشـوور و باکووری پشت کوه، چلە، قەڵاسەوزی، بەدرە، مەندەلی و شارەبان و خانەقین، ئایەت مـحـەمـەد کـەڵهـوڕ دەڵێت: ژمـارەیەکی زۆر لە کـەڵهـوڕ لە شارەکـانی مـازەندەران، گـەیلان، قـەزوین، ئەردەبێل، ئازربایـجـانی خۆرئاوا و خۆرهەڵات و تاران، یان گـواسـتـراونەتەوە، یان بە کۆچڕەوی گـەیشـتـوونەتە ئەوێ.

محەمەد ڕەئووف تەوەکولی دەڵێت: تایفەیەکی کەڵهوڕ لە خوڕ خورەی نزیک سەقز هەن، گـەرمیـان و کوێسـتـان دەکەن.

## تایفەکانی هۆزی کەڵهوڕ

هۆزی کەڵهـوڕ لەسەرەتای فـەرمانڕەوایی سەفەوییەکان لەڕووی جـوگـرافـیـاوە بەسـەر ئەم سێ ناوچەیەدا دابەش کراون:

١- پلنگان، ٢- تەنگەی زەهاب، ٣- مـاهی دەشت، کـە لەنێوان کـرمـاشـان و سنووری کـوردسـتـانی باشـووری ئەمڕۆ بڵاوبوونەتەوە. کـەچی ئەمـڕۆ بەسـەر ئەم تایفـانەدا دابەشکراوە: تایفـەی نوێرانی. تیـرەکانی: جیـهـانگیـری، نوێرانی، مورادی، شیری، حەیدەری.

تایفـەی هارۆین ئاوایی، لە ئیـسلام ئاوا نیـشـتـەجێن، تایفـەی کـوڵەجـۆیی. تیـرەکـانی: کـوڵەجـۆی خـواروو، کوڵەجۆی سەروو، تەجەر.

تایفـەی شیـانی. تیـرەکـانی: قـەڵاشیـانی، میـرزایی، قـوای، بۆر بۆر، سـەزوی مـەلخـەتاوی، خـەپکە، مـارفی قۆخ. تایفـەی قۆچمی. تیـرەکان: حەمەیل، گـەردنکەی، کەڵهوڕ، قۆچمی، تیەنی(کانی)، کوچگین، حاتەم خان،

مامەڕەش بەی.

تایفەی مایەشتی. تیرەکان: بۆربۆر، چوار زەوەر، لالیان، چیاکە، کاشەمە، چیا نەرگس، چیا نەقدەلی، تایفەی مەسوێری، تیرەکان: سەلیمی، ناسری، دارفی، باندر، مەویلە، زافران، تیەنی کەو، مەسۆیری، حیکان.

تایفەی شاێنی و شوان: تیرەکان: شاێنی-خورابان، شوان خورابان، شنیەیل، کەمەری خوارو و، کەمەری ژوورو، کەمەری زەرد، گورگەیی.

تایفەی زوێری. تیرەکان: باقر ئاوایی، تەنگ شوان، دەلوی، چۆلەک، قەلاندەر.

تایفەی سیەسیە: تیرەکان: کلاودار، ئەربەخوەر ئاوی، ئەربەخوەر دێمی، بەی زاێرە، چیاکەو، چیا جەنگە (تیرەی دیکەیشی لەگەڵ تێکەڵە)، بەیانی، مەلایل.

تایفەی خالدی: دوور نییە ئەم تایفەیە، ئەو خالدیانە بن، کە لەسەدەی (٩پ.ز- ٦پ.ز) حکوومەتێکیان بەناوی حکوومەتی هالدی لە کوردستانی باکوور هەبووە، ناوەندەکەیان شاری تۆشپا (وان)ی ئەمڕۆ بووە، جا دوای ئەوەی ئەم حکوومەتە لەناو دەچێت ئەمانە بلاودەبنەوە و بەشێکیان تێکەڵ بەهۆزی کەڵهوڕ دەبن، بەناوی تایفەی خالدی، ئەمڕۆکەش ئەم تایفەیە (١٧) تیرەن: زەڕان گوشی، هۆڵگە، قەوچەی، مامەی، زەزاوەنی، پیرگە، بەرگە، سالگە، ڕەوچە، ڕیۆتەوەن، شیرگە، وارگە، سەڵمان، سەیادان، هەڵوانی، ڕەنگە ئەم تیرەیە لە ڕابردوودا دانیشتووی شاری مێژوویی هەڵوان بن، قەلاڕمن، ڕەمەزان. تایفەی کالەپا (کولەپا). تیرەکان. مەیلەسەری، تیمیانەیی، گوەچان گەورە- شۆکەیی، سەراو مەیلەسەری کولەپای گیەلانی.

تایفەی گەڕیا دوو تیرەن بەم ناوە یەک لەماهی دەشتی و یەک لە خانەقین.

تایفەی بەیاوە بەگی: لە بنەڕەتا (جاف)ن.

تایفەی قەلاشایەن: بێ تیرەن لەنزیک سەرپێڵی زەهاو نیشتەجێن.

تایفەی گیەلانی: بێ تیرەن لەگیەلان و خانەقین و مەندەلی نشتەجێن.

تایفەی شوانکارە: تیرەکانی: کازم، خانی، داربەی، وەفرئاوایی، گولێنی.

تایفەی منیشی: لە کفراو نیشتەجێن و بێ تیرەن تایفەی شارەک. تیرەکان: کەسایی، شێخ وەسیی، گاوارە، شیرگە، خواکەرەم. کەریم خانی زەند هەندێک لەم تایفەیەی گواستۆتەوە بۆ فارس. تایفەی وەرمزیار: لە سەرەتادا لە کوردستانی باکوورەوە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و ئێستا لەگەڵ تایفەی شارەک تێکەڵن.

**کەڵهوڕ لە سەقز**

تایفەیەکی کەڵهوڕ لە ڕۆستەمان و خوڕ خوڕەی سەقز نیشتەجێن.

**کەڵهوڕ لە سنە**

تایفەیەک لە کەڵهوڕ لە قەلای پاڵنگان و حەسەناوا نیشتەجێن، هەندێکیشیان لەناو شاری سنە نیشتەجێن.

**کەڵهوڕەکانی هەورامان**

لەمەڵبەندی چۆمی ژاو و گاڕود نیشتەجێن

**کەڵهوڕەکانی قوم**

کەڵهوڕەکانی قوم دووتیرەن شێر و کەرزەش

**کەڵهوڕەکانی قەزوین**

کەڵهوڕەکانی قەزوین پێنج تیرەن: تارم، ئەمیرئاوایی، ئەنجیری، بەرزەندە، شیاوەرەن.

کەڵهوڕەکانی ساین قەلاو تیکان تەپەی هەوشار ئەمانە بێ تیرەن و لە (١٢) گوند نیشتەجێن کە بە زاراوەیەکی تایبەت دەدوێن، کە بەزاراوەی کەلڕی دیرامەدییە ناسراوە، کەمێک جیاوازی لەگەڵ زاراوەی کەڵهووڕەکانی کرماشاندا هەیە.

**کەڵهوڕەکانی قزڕەوات**

لەناو شارۆچکەی قزڕەوات دوو تیرەی کەڵهوڕی بەناوی سالحی و خالدی نیشتەجێن کە زۆربەی دانیشتوانەکە پێک دەهێنن، بەلام زۆربەیان بەتورکی قسە دەکەن، بەلام تیرەی زەرگۆش لە گوندەکانی باشوور نیشتەجێن و جلی عەرەبی لەبەردەکەن، بەلام بەکوردی قسە دەکەن لەدوای ئازادبوونی عێراق تێکەڵ بەهێزی پێشمەرگە بوون و تاکو ئەمڕۆ دەوروبەری (٥٠) کەسیان لێ شەهید بووە، بێجگە لەمانە چەند هۆزێکی دیکەش لە قزڕەوات نیشتەجێن وەک قەرەئولوس، زەنگەنە..

**کەڵهوڕەکانی دەشتی هەولێر**

کەڵهوڕ بەتێکەلاوی لە ژمارەیەک لەگوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر نیشتەجێن وەک: بێرکۆت، گردەڕەشەی گەورە، قوشتەپە، دارەبەن، کەردز،

سمایلاوه، قەلات چۆغان و پۆریجه و چەند گوندێكی دیكه.

بەڕێز حاجی فاتیح دارەبەنی دەڵێت: دەوروبەری ١٤٠ ساڵ لەمەوبەر سێ برا بەماڵ و منداڵەوە لە ئوستانی سنە ئاودیوی قەڵەمڕەوی خاكی بن دەستی وەسمانی دەبن، یەكێكیان لەگوندی تاڵەبانی گەورەی كۆیە و ئەوی دیكە لەگوندی كەڵهوڕی دەشتی ساڵەیی كەركووك و سێیەمیان بەناوی لەشكری كوڕی خوادە لەباكووری هەولێر لەنزیك گردێك كە بەناوی غەری بێركۆت ناسرابوو گوندێك ئاوەدان دەكەنەوە و هەر بەناوی چاكی بێركۆت (پیركۆت) دەناسرێت و دواتر كە ژمارەیان زیاد دەبێت بەگوندەكانی دەوروبەردا بڵاودەبنەوە.

گوندی (بێركۆت)یش تا ساڵی ١٩٧٦ تەنیا كەڵهوڕی تێدا نیشتەجێ بوو.

ئەمڕۆكەش نەوەی لەشكری لە (١٠٠٠) ماڵی تێپەڕاندووە و چەندین سیاسەتمەدار و شاعیر و مەلاو ڕۆشنبیری گەورەی تێدا هەڵكەوتووە، لەوانە عەزیز محەمەد و عەبدوڵڵا پەشێو، بەڵام كەڵهوڕەكانی قوشتەپە و دەوروبەری سەرەتا لە گوندی (یەدی قو)ی ناوچەكە بە گوندەكانی دەوروبەردا بڵاودەبنەوە جا دوور نییە ئەمانە كەڵهوڕەكانی گوندی كەڵهوڕی ساڵەیی بن.

قادر جیهانگیری دەڵێت: كەڵهوڕ لەم تایفانە پێكهاتووە:

١- تایفەی چنار و كنار، كە بریتییە لە دەنێرە: ڕەجەب، باپیر، كرمە، سالگە، قەرزی، برگە، وارگە، غولامی، سەید محەممەدی.

٢- تایفەی مایەدەشت. هەشت تیرەیە: گرگاه، حەسەن ئاباد، زەینەڵ خان، موغەیرە، چو بانكارە، چلەیی، میرعوزێر، ڕیزەوەند.

٣- تایفەی سیاه سیاه یازدە تیرەیە! مۆمەیی، كشان، شل مەیدان، چلوگیر، سامان، زەڕگوش، سیادان، لكەپا، فایق ساڵح، ڕەزا، بەهرام بەگ، قۆچەیی.

٤- ئەو تایفە كەڵهوڕانەی زۆر ڕەسەن نین كە لە ئیلام و مەهراب و دەهلوران و خوزستان نیشتەجێن كە بریتین لەم تیرانە: ڕەزاوەندی، عەبدولمحەممەدی، گلەدار.

**كەڵهوڕەكانی تارم و ئەمیرئاباد**

تایفەیەكی كەڵهوڕ بەناوی كەلۆڕ لەگەڵ تایفەی چەموش گەزك تێكەڵن لەتارم و ئەمیر ئاباد و زەوییە كشتوكاڵییەكانیان لەشامدەست و شاخەكانی زەرەندە، لە زستاناندا لەدێیەكانی ناوبراودا دادەنیشن.

**پەراوێزەكان:**

١- لەو بیرو ڕایانەی كە سەبارەت بەواتای وشەی كەڵهوڕ و هۆی ناولێنانی ئەم هۆزە بە كەڵهوڕ وتراوە، بەبیروبۆچوونی ڕاولیتسۆن كاتێك ئیمپراتۆریەتی ماد لە ساڵی ٦٢١پ.ز لەسەردەمی كیاكزار شای ماد هێرشی كردە سەر ئیمپراتۆریەتی ئاشوور، لەو شەڕەدا ماد سەركەوت، جا ڕەنگە داگیركردنی شاری كالەه (كالح-نەمرودوی ئەمڕۆ) كە بەدەستی ئەم هۆزەی كورد (كەڵهوڕ) بێت و بەهۆی ئەمەوە بەكاڵەهێڕ ناویان هات، واتە ئەوانەی شاری (كالەه)یان داگیركرد و تەفر و توونایان كرد و هارییان دواتر كالەهێڕ دەبیتە كەڵهوڕ، بەڵام كەڵهوڕەكان وشەكەیان سووكتر كردۆتەوە و دەڵێن (كەلر).

٢- لە دەشتی سارەیی گوندێك هەیە بەناوی كەڵهوڕ، كاتی خۆی لەلایەن كەڵهوڕانەوە ئاوەدان كراوەتەوە.

٣- چۆلەك هۆزێكی مەڕدار بووە، لە دەوروبەری شاری كەركووك تا ساڵانی ١٩٦٣ هەواری گەرمیانیان ناوچەی حەویجە بوو.

٤- زەڕگوش: زەڕگوش لە گوندەكانی نێوان قزرەوات و شارەبان بڵاون، گوندێك لە گوندەكانیان كە كەوتۆتە شاری حەمرین ناوی زەڕگۆشە، ئەمانە جلی عەرەبی لەبەردەكەن و بەزاراوەی كەڵهوڕی دەدوێن، وشەكەش واتای گوێ بەگوارە دەگەیەنێت.

٥- خالیدی و ساڵحی بە زاراوەی كەڵهوڕی زمانی توركی قسە دەكەن.

٦- بەشێكی زۆر لە مەلخەتاوییەكان لە پارێزگەی كووت لە بۆتەی ڕەگەزی عەرەب تواونەتەوە، بنەماڵەیەكی مەلخەتاوی لەناو شارەبان نیشتەجێن، ئەوانیش هەرە بە عەرەبی دەدوێن.

٧- دەلوی: لە شاری دیوانیە گەڕەكێك هەیە بەناوی حەی ئەكراد (گەڕەكی كوردان) كە بە زاراوەی كەڵهوڕی دەدوێن، بەقسەی خۆیان نە لە ئێران و نە لە كفرییەوە نەچوونەتە ئەوێ و خۆیان بە خەڵكی ڕەسەنی ئەم شارە دەزانن.

٨- کۆلە: کەڵهوڕەکان بەم تایفەیە دەڵێن کۆلە، یان کالە جا دوور نییە هۆزی کۆلەی کەندێناوەی هەولێر کەڵهوڕبن.

٩- دوور نییە کەڵ هوڕ، لە کەڵ لوڕ بەواتای گەورە و سەرۆکی لوڕانەوە هاتبێت.

یان لە کەڵ+ وڕ (بوڕ= بڕین) هاتبێت واتەی ئەوانەی چیا دەبڕن، زۆر چالاکن، بەوانەش دەڵێن شاخەوان.

١٠- ئەمڕۆکەش کەڵهوڕەکانی کرماشان دابەشی سەر بەم دوو بەشە دەبن:

١- مەنسووری.

٢- شابازی، هەریەک لەمانەش دابەشی سەر ژمارەیەک تایفە و تیرە دەبن.

١١- میرنیا لە کتێبەکەیدا بەناوی عەشایەری کوردی ئێران کەڵهوڕی دابەشی سەر ئەم تیرانە کردووە:

خالدی، شەیبانی، سیاسیا، کازم خانی، تلیش، خەمان، کورگە، قوچەمی، هاروون ئابادی، مەنسووری، گولەچوپ، ئەڵوەندی، ماهیدەشت، بداغ بەگ، زەینەڵ خانی، شاهین، موشگیر، کەمەر.

دواتر لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێ: بەگوێرەی ڕیپۆرتاژی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی ڕێکخراوی کاروباری خێڵەکی کەڵهوڕی دابەشی سەر ٣١ تیرە کردووە: قۆچی، چلەیی، جلەوگیر، مومنی، ڕوتەوەند، ڕەزاوەند، پاپیران، کەلەپا، کورەگا، شێرزادی، عەبدولمحەمەدی، سەید تازە، برگە، چۆپینکاری، ساشمەیدایی، سەید محەمەدی، سەلمانی، زەینەڵ خانی، ڕەمەزانی، ڕێزەوەند، کەرەم پەنا ئاوا، میر عریزی، سیا سیا، باغولامی، ساڵکە، سەیادان، کەربیان، ڕەجەب، موغیرە، کولەدار، فەڕوحنی.

دواتر میرشیا دەڵێت: زەڕگوش تیرەیەکە لە تایفەی سلێمان خانی کە لە دەرەوەی شارۆچکەی ئاودانان و زەڕین ئاوای ئیلام نیشتەجێن.

١٢- هۆزی سورەمێری کە لە دەوروبەری شارەبان و خانەقین نیشتەجێن بریتییە لەم تیرانە: کەڵهوڕ، توتک، مامەجان، عەنتەر.

١٣- پوکە بەسەری تیرەیەکی هۆزی کەڵهۆڕە، لە گوندی سۆربەشی پوکە بەسەریان و چەند گوندێکی دیکەی دەشتی هەولێر نیشتەجێن. بەهۆی ئەوەی قەمیشی پوکیان لەسەر سەری وەک پەڕەمووچە چەقاندووە، بۆیە بەم ناوە ناسراون.


**سەرچاوەکان:**

**١- عشایر وایلات وطوایف کرد، اکبر وقایع نگار کردستانی به کوشش محمد رؤوف توکلی.**

**٢- کرمانشاهان و تمدن دیرینه آن، ایرج افشار سیستانی، ١٣٧١.**

**٣- ایلات وطوایف کرمانشاهان، محمد سلطانی، ١٣٧٢.**

**٤- ولاتەکەت بناسە، جەمیل ڕۆژبەیانی.**

**٥- مێژووی ڕامیاری کورد و کوردەکانی قوم، ئایەت محەمەد کەڵهوڕ، و/لە فارسی: وریا قانیع، ٢٠٠٦، هەولێر.**

**٦- خێڵ و تایفەکانی عەشایەری کوردی ئێران، میرنیا مەشهەد، و/ لە فارسییەوە: شەکەوت شێخ یەزدین، ١٩٩٥، هەولێر.**

**٧- کەلار لەمێژوودا، ئەحمەد باوەڕ، گۆڤاری پەیڤین، ژ(١٣)، ٢٠٠٢.**

**٨- کوردی کەڵهوڕ، قادر جیهانگیری، گۆڤاری سروە، ژ(١٢٦).**

**٩- گۆڤاری پەیڤین، ژ(٩)، ٢٠٠٠.**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

بەڕێز «عەبدوڵڵا حەسەن مەحموود» ناسراو بە «مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە»، پێشتر چونکە بابی پیشەی «جۆلایی» بووە، دیارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆ ئەو پیشەیە وشەی «حیاک»ی عەرەبی بەکاردێنن، هەرچەندە وەک مامۆستا فەرمووی: ئەو وشەیە سەد لە سەد بە مانای جۆلایی نییە، بگرە مانای «تەنین و دوورینە»، بەڵام وەک ناوبانگیان بووە و لە کۆندا بە «حەیباک»یش ناسراون. ساڵی «١٩٣٨»ی زایین، لە دێی «سیسێر»ی ناوچەی «سەردەشت»، چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە. لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: بۆ مانای ناوی دێکەمان «سیسێر»، کە دیارە زۆرجار ئەو پرسیارە کراوە، لە ڕاستیدا لە زمانی کوردیدا ئەم ناوە هیچ مانای نییە، ناوی گوندی دیکەی لەو شێوەیەش لە ناوچەکەماندا هەن، بۆ نموونە: دێی «سۆستان»، کە لە زمانی ئێمەدا هیچ مانایەکی نییە! بۆیە خەڵکەکە وای بۆ دەچن و دەڵێن: ڕەنگە سەردەمی «زەینەفۆن»ی پێشەوای سوپای «گریک» ئەو ناوانە دانرابن و بەکاربرابن، بۆیە تا ئەمڕۆش ناوەکان وەک خۆیان ماونەتەوە، چونکە لە ناوچەی «مەهاباد» و «بۆکان»یش، زۆر ناوی گوند و شاخ و ناوچە هەن، هی سەردەمی «مەغۆل»ەکانن و تا ئێستاش هەر وەک خۆیان ماونەتەوە! مامۆستا فەرمووی: من ساڵی «قەزای شەهربوەری»، دیارە لای ئێمە «شەهر - مانگ»ی «وەری»، کە مانگی سێیەمی هاوینە، کە لێرە لە باشوور بە ناهەق «گەلاوێژ»ی پێ دەڵێن! ئێمە لە ڕۆژهەڵات «خەرمانان»ی پێ دەڵێین. جا لە نێو کوردەواریدا بەو ساڵە دەڵێن: «قەزای شەهربوەری»، دیارە وشەی «قەزا» بەرانبەر «قضیە»ی زمانی عەرەبییە، قەزاکەش ئەوەیە لەو ساڵەدا حکومەتی «ڕەزا



عەبدوڵلا حەسەن زادە

شا» ڕووخاوە، ئەو ڕووداوە، یان قەزایەش ئەو ساڵە لە «مانگی شەهریوەری»دا ڕوویداوە. هەروەها مامۆستا گوتی: جا دایکم دەیگوت: لە قەزای شەهریوەریدا تۆ پێت هەڵگرتبوو، بەڵام بە هۆی نەخۆشییەوە لە پێ کەوتبووی، بۆیە من بەو پێیە لێکم داوەتەوە، کە دەبێ من لە دایکبووی ساڵی «١٣١٨»ی هەتاوی، یان نەخێر با لە دایکبووی «١٣١٧»ی هەتاوی بم و خۆم چکۆڵە نەکەمەوە.

* دەمانەوێ بزانین ئێوەش وەک زۆربەی سیاسەتمەدار و شاعیر و ئەدیبانی کوردی هاوتەمەنتان، سەرەتا لە سوختەخانەدا بە کتێبەکانی گوڵستان و بوستان دەستتان بە خوێندن کردووە؟

– من هەر لە سەرەتاوە بەو پێیەی لە گوندەکەمان قوتابخانە نەبوو، دەستم بە خوێندنی فەقێیاتی کردووە، دواجار بوومەتە مەلا و ماوەی «٥ – ٦» ساڵیش لە گوندێکی تر بە ناوی «شیوەسەڵ»، مەلایەتیم کردووە، هەر لەو دێیەش هاوسەرگیریم کردووە، کاتێک من ماوەی دوو، یان سێ ساڵ دەبوو، مەلا بووم ئینجا قوتابخانە لە گوندەکەمان کرایەوە، لەبەر ئەوەی «سەردەشت»، ناوچەیەکی سەر سنوور بوو، ناوچەیەکی چەپەک و دوور جادە بوو، بۆیە دێیەکەمان زۆر درەنگ قوتابخانەی بۆ هات، هەرچەندە شایانی گوتنە کە دێیەکەمان دێی هەرە گەورەی ناوچەکەیە، بۆیە هەمیشە مەلای هەبووە، مەلاکان فەقێیان هەبووە، خەڵکەکەشی زۆر پابەندی ئایین بوون، بۆیە پێوەندییان بە مزگەوت و حوجرە و ئەوانەوە بەتین بوو. بابی منیش هەروا بووە، هەرچەندە من وەک یادگاری باوکی خۆم، تەنیا کاتی کۆچکردنیم لە یاد ماوە، بۆیە برا گەورەکەمان بووە باوکی هەموومان و بەخێوی کردین. جا ئێمەی منداڵان لەو دێیە دەمانخوێند، لەو گوندەی ئێمەدا مەلا و فەقێی زۆری لێ پەروەردە بووە، بۆ نموونە: مامۆستا «مەلا خدری سارچێ»، کە ڕەئیسی حزبی خەبات بوو، دواییش هاتە ناو خەباتی شۆڕشگێڕییەوە، لەم دواییانەدا لە دەرەوەی وڵات کۆچی دوایی کرد، لە دێیەکەی ئێمە پەروەردە ببوو. جا ئێمەی منداڵ سەرەتا فەقێیەکان دەرسیان پێ دەگوتین، کتێبەکانی وەک: «سمایل نامە، ناگەهان، ئایشودە، گوڵستان و بوستان» بوون، ئەمە جگە لە «ئەحمەدی» هی «شێخ مارفی نۆدەهی»، ئەوانەمان تەواوکرد، دوای ئەوانە دەکەوتینە سەر خوێندنی زانستی زمانی عەرەبی.

* سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیتان گەر بیر مابێت، دەنگخۆشانی ئەو سەردەمانە کێ بوون؟

– دیارە لە هەموو ناوچە و گوندێکدا دەنگخۆش هەن، بێ گومان لە دێی ئێمەشدا دەنگخۆش هەبوون، بەڵام هەرگیز ناویان نەچۆتە خانەی ناوی ئەو دەنگخۆشانەی تا ئەمڕۆش ناویان بە زیندوویی ماوەتەوە، لە دێی ئێمە کەسێک بە ناوی «حەمە کۆک» هەبوو، ناوی بابی «ئەحمەد کۆک» و ناوی مامی «ڕەسووڵ» بوو، بەڵام چونکە کۆسە بوو، هەر بە «هەرزەکار» بانگیان دەکرد، ئەوانە هەرسێکیان دەنگخۆش بوون، بەڵام وەک هەندێ گۆرانیبێژ نەدەگەڕان و بۆ شایی و زەماوەند، نەیان دەگوت، واتە بۆ ئەوەیان نەبوو ناو دەربکەن، کەچی هەر لەسەردەمی منداڵیمدا دەنگخۆش هەبوون دەگەڕان و ناوبانگیان هەبوو، بۆ نموونە: «عەولای مامەش»، کە دواتر زانیم ئەو کەسە نەک هەر گۆرانی و بەیتبێژ بووە، بگرە «ئاهەنگساز»، واتە «ئاوازدانەر»یش بووە، پیاوێکی زۆر زانا بوو، وەکو بارێزە شیعر بەدەمی دادەهات. ئەوی دیکەیان «عەلی حەیران» بوو، ئەمەیان درەنگتر مرد، دووربەدوور خزمایەتیشی لەگەڵ بنەماڵەی ئێمەدا هەبوو، لەگەڵ بابی من بن ئامۆزا بوون. کەسێکی دیکە هەبوو بە نێوی «حوسێن شەیار – شایەر»، یان «حوسێنی مەحموود شەشەی»، خەڵکی گوندێکی نزیک مەهابادێ بوو، لە دواییدا هەروەک لە کوردەواریدا

دەڵێن: ژنی لە کوێ هێنا خەڵکی ئەوێیە! ئەو مام حوسێن شەیارەش ژنی لە «سەردەشت» هێنا، هەرچەندە ئەمە وەک زانیومە یەکەم ژنی نەبووە، بەڵام دیارە دوایین ژنی، یان ئازیزترین ژنی بووە، بۆیە بۆتە خەڵکی سەردەشتێ و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، ئەو حوسێن شەیارە گەنجینەیەکی زۆر دەوڵەمەند بوو، هەرچی بەیت ومەقام وگوتنی کۆنی کوردی هەیە، هەمووی لەبەر بوو، ئەمن کە لە گەڵی ئاشنا بووم، ئەو لە دەوری «٦٠» ساڵیدا بوو، بێ ئەوەی کەسێکی تری لە گەڵدا بێت، کاتێک «داوەت – شایی» دەگیرا، لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ کاتی نانخواردن لەبەر سوورە هەتاوێ گۆرانی بۆ شایی دەگوت، دوای نانخواردنیش جارێکی دی تا ئێوارە لە گۆرانی گوتن بەردەوام دەبوو، هەروەها مامۆستا لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: بەڵێ جار وا بووە، ئامێرژەنێکی لە گەڵدا بووە، بەڵام زۆربەی کات هەر بە تەنیا بووە، لەمەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەبوو: کە لێرە دەیگوت، بێ هیچ زیادەڕۆیییەک لە مەودایەکی زۆر دوورەوە گوێیان لە دەنگی دەبوو! گوتم: واتە دەنگی لە شێوازی دەنگی هونەرمەندی نەمر «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی» بوو، گوتی: بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا لەو جۆرە دەنگانە بوو. لە وەڵامی پرسیارێکی تردا گوتی: لە ناوچەی ئێمەدا بە هەموو حەیرانبێژ و بەیتخوان و گۆرانیبێژێک دەڵێن: «قام»، یان «گۆرانی»، یان «ستران»بێژ، گوتم: مەبەست لە وشەی «قام» مەگەر «مەقام» نییە؟ گوتی: نەخێر! ئێستاش لای ئێمە گەر بڵێن کەسێک گۆرانی دەڵێ، دەڵێن «قامان» دەڵێ، یانیش «قامبێژە»، یان «حەیرانبێژە»!

* ئەو کەسە دەنگخۆشانە لای ئێوە لە چ بۆنەیەک و شوێنێک «قام»، یان «گۆرانی»یان دەگوت؟

– گوند بە گوند و ناوچە بە ناوچە و شار بە شار دەگەڕان، قام، یان گۆرانی، یان حەیرانیان بۆ خەڵکی دەگوت.

* ئەدی بۆ موزیکژەنانی ئامێرەکانی موزیکی میللی وەک: دەهۆڵ و زوڕنا و دووزەلە و دەف و کەمانچەی سەرچۆک و «باڵەبان – نەرمەنای»، گەر بکرێ ناوی ئەو موزیژەنانەمان پێ بڵێی؟

– ئەو ئامێرانەی ناوت هێنان لای ئێمە زۆر بەکار دەهاتن، ئامێرەکانی موزیکی وەک: دەهۆڵ و زوڕنا تایبەت بوو بە موزیژەنە گەڕۆکەکان، کە ئەوکاتە پێیان دەگوتن: «لۆتی»! دیارە ئەو وشەیە لە زمانی فارسیدا مانایەکی بەو شێوەیە خراپی نییە. جا ئەوانە ژیانیان لەسەر ئەوکارە بوو، بۆیە جاری وا هەبوو، جگە لە دەهۆڵ و زوڕنا کەسێکیان لە گەڵدا بوو «مەیموون»ی هەڵدەپەڕاند و یەکێکی دی «جادوو – سیحر»ی دەکرد. لای خۆشمان ئامێری «بلوێر»ی قامیش و«شمشاڵ»ی لە «فلز – کانزا» دروست دەکراو و دووزەلە و«نایە – باڵەبان» و دەف و هی تر هەبوون.

* ئەو سەردەمە کۆنانە ناوی «کاروانچی»، یان «خان»تان وەبیرە، کە لێرەوە مەبەستم لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و کۆیەوە بۆ لای ئێوە دەهاتن، حەز دەکەین بزانین ئەوانە کە دەهاتن لە کوێ دەمانەوە، یان شەوانە لە کوێ کۆ دەبوونەوە؟

– ئەو «کاروانسەرا»یەی(١)، کە باست کرد، زۆرتر لە شار هەبووە، منیش هەروەک زووتر باسم کرد، لە گوند ژیاوم و زۆر کەمیش گەڕاوم، بەڵام لە بیرمە کاتێک بۆ یەکەمین جار بۆ ئیشوکاری خۆم بۆ مەهابادێ چووم، ئەمە ساڵی «١٩٥٩»ی زایینە، ئەوکاتە «قەتار» و «قەتارچی» هەبوون، من خۆم ئەوجارە لە یەکێک لەو کاروانسەرایانەدا خەوتم، هۆتێل، یان مسافرخانە هەبوون، بەڵام گران بوون، بۆ کەسێکیش بە سواری وڵاخ بهاتایە، خان هەرزانتر و شیاوتر بوو، بۆ نموونە: بۆ مرۆڤ شەوی «٥» قڕان و بۆ وڵاخەکەش تمەنێک بوو، چونکە وڵاخەکە جێگەی پتر و خزمەتیشی دەویست، بۆیە گرانتر بوو، ئەوکاتە لە مەهاباد زیاد لە مسافرخانەیەک هەبوو، جا ئەوکەسەی لە کاروانسەرا دەمایەوە خواردنی خۆی پێ بوو، هەرچەندە لەوێ خواردن بۆ فرۆشتنیش هەبوو، شتێکی تر کە بۆ من جێگەی سەرسوڕمان بوو، هەتا ئەو دەورانەی قەتار و قەتارچێتی هەبوو، لەلای مەهابادەوە قەت بۆ «سلێمانی»، یان «هەولێر» نەبووە، قەتار لەوێوە «مەبەستی لە سابلاخ»ەوە، تەنیا بۆ «کۆیە» چووە! دوایی ئەمن زانیمەوە کە پێوەندییەکی بازرگانی توندوتۆڵ لە نێوان هەردوو شاری «مەهاباد» و«کۆیە»دا هەبووە، جگە لەوە زانیم هێندێ بنەماڵە هەبوونە، کەسێکیان لە کۆیە و یەکێکیشیان لە مەهابادێ بووە، ئەوجا ئەو کەسە لە مەهاباد بۆ کۆیە چووە، یان بە پێچەوانەوە بووە، ئەوەیان نازانم! وەک پشتگیری بۆ قسەکەی مامۆستا حەسەن زادە: هەندێ قسەی «کەریمی حەمە مەلا»ی مامم بە نموونە دێنمەوە: «لە سابلاغێ،

کاتێک (عەجەم) شەڕی لە گەڵ (سمکۆ)ی کرد و تاڵانی کردن و (شکاک) هەڵاتن، هاتنە ئێرە، دوو گەنجیان تێدابوو، (سەعیدەکۆر و شێخ محەمەد)ی برای مەقام گوتن وگۆیندەیی پاش خۆیان حەرام بوو! لە شوێنێکی دی دەڵێ: «هەر ئەو ماوەیە کەسێکی دی هەبوو بەناوی (غەفوور ئاغا) لە ماڵی ئێمە بوو، شاگردی بابم بوو،ئەویش هەر کوردی ئەودیو بوو لێی قەوماببوو، بە ناچاری بۆ کۆیە هاتبوو، ئیدی لەگەڵ باوکمدا بۆ بەغدا چوو، کە هاتەوە گوتمان، چی بوو غەفوورئاغا؟ گوتی: (سەفحەیەک - قەوانێک)م خوێند، گرامەفۆنێک و قەوانێک و چل ڕوپییەشیان دابوویێ!(٢)

* حەز دەکەین بزانین هیچ بەسەرهات وسەربوردەی کۆماری مەهابادتان وەبیرماوە؟

- نەخێر، من لەو کۆمارەدا تەنیا ئەوەندەم وەبیر ماوە، منداڵ بووین لە دێیەکەمان گوتیان: «دیموکرات» هاتووە، کەسێک بە ناوی «محەمەدی مەولوودی»، فەرماندە و بەرپرسیان بوو، هەندێکیان سوارە و ئەوانی دی پیادە بوون و تفەنگیان پێ بوو، دیارە ئەوانە پێشمەرگەی کوردستان بوون، لە پەنا ماڵان «پەڵە وێنجە - قەرسیل» هەبوو، دووربیووییانەوە، جا ئێمەی منداڵانیان بانگ کرد، ئەو وێنجەیە بە باوەش بۆ وڵاخەکانیان ببەین، پێشمەرگەکان «شکاک»یان لە گەڵدا بوون، کڵاوێکی لبادی سپی قووچیان لەسەر بوو، ئێمەی منداڵ لێیان دەترساین! جارێکی دیکەش کە گوتیان: «عەجەم» هاتوون «تفەنگان» لە خەڵک بستێننەوە.

* لای ئێوە بەیتخوان و لاوک و حەیرانبێژ و دەنگخۆشی ئسوولزانی شێوە گوتنەکانی وەک: گەلۆ، بوهار، ئازیزە، پایز هەبوون، گەر ناوی هەندێ لەوانەتان وەبیر مابێت؟

- حەکایەتخوان و بەیتبێژمان هەبووە، دیارە حەکایەتخوان بە قسە ئەوەی لای بوو، دەیگێڕایەوە و بەیتبێژیش بەشێکی بە قسە و جارجارەش «بەند»ێکی دەهاویشتێ. گوتم: ناوی شێوە گوتنەکانی وەک: گەلۆ، ئازیزە، بوهار، پایزە، لە چییەوە هاتوون؟ گوتی: لای ئێمە جاران «گۆرانی - قام» دوو جۆر بوو، یەکەم: قامی مەجلیسان. دووەم: قام، یان گۆرانی داوەتان. جۆری یەکەمیان گۆرانی خاو و گران بوون بۆ نموونە: گەوهەرێ، یار غەزال و ئەوجۆرانە بوو، هەروەها بەیت و لاوک و ئازیزە و بوهار و پایزە و گەلۆ و شەو و نیوەشەو بوون، بۆ نموونە:

**نازانم نە شەوە نە نیوەشەوە نە بەیانە نە بەرداوە**

**کەڵەبابێک دەخوێنێ لەم سەری گەڕەکێ و یەکێکیش دەخوێنێ لەو سەری گەڕەکێ**

**ڕەببی کەڵەباب ئەگەر سووری ئەگەر سپی ئەگەر قوڵەشینی**

**ڕەببی کەست لە بەرەبابی ماڵی ساحێبان نەمینێ**

**چونکێ لە نیوەشەوێدا دڵداران لە خەو ڕادەپەڕێنی...تاد**

دیارە زۆر گوتنی دیکەی لەو بابەتە هەبوو. جۆری دووەمیش واتە گۆرانی، یان قامی شایی و داوەت کە خەڵکی تر هەبوون، شایەر و ئەوانە دەهاتن لە ناو شاییدا دەیان گوت. کەسێکم دەناسی بە نێوی «سەعید» خەڵکی «هەنداوێ»ی ناوچەی سەردەشتێ بوو، پێم وایە کەسێکی وەک ئەو سەعیدە دووبارە نابێتەوە، کاسبکار بوو، گۆرانی بۆ هیچ کەس نەدەگوت، مەبەستم بۆ داوەت و زەماوەند و بۆ پارە و پوول نەیدەگوت، بەڵام لە مەجلیسی برادەر و دۆستاندا دەیگوت، شتێکی زۆر سەیر بوو، گەر داوات لێکردایە بە تەنیا هۆنراوەی ئەو گۆرانی و بەستانەت بە قسە بۆ بڵێ؟ هیچی پێ نەبوو، یەک بەیتی بۆ نەدەگوترا، کەچی بە گوتن، کاتێ دەستی پێدەکرد قافییەی وای دەگوت، لە شیعری هەموو شاعیران مەوزوونتر، هەرچەندە ئەوەی ئەمڕۆ بە ئاوازێک دەیگوت، بۆ بەیانی داوای هەمان گۆرانیت لێبکردایە، بە هۆنراوەیەکی جیا لەوەی دوێنێ دەیگوت!(٣)

* لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەسی واتان دیوە، سەڵەوات و ستایشی خودا و پەیامبەران بە ئاوازی تایبەتی و بە گوتن بڵێت؟

- لەو جۆرەمان یەکجار زۆر بوون، «دەروێش» هەبوون دەگەڕان، بۆ نموونە: «دێوانە عەولا» ئێستاش کەس نەیزانی نێوی بابی چییە! یەکی تر بە ناوی «دەروێش برایم» بوو، خەڵکی دێی «کاولان»ێ بوو، بۆیە بە «بلە کاولانی» ناسرابوو، هەم سەڵەوات و هەم ستایشی خودا و پەیامبەر و چاک و پیرانی دەخوێند، هەم «زەرگ»ی لە خۆی دەدا. مەلا و فەقێکانیش لە یەک دوو بۆنەدا سەڵایان دەکرد، لە مانگی ڕەمەزانان تا پارشێو نەدەنووستن و ئینجا بە سەڵاکردن خەڵکی دێیان بەخەبەر دێنا و بە ڕۆژ دەنووستن، ڕۆژانی هەینیش بۆ نوێژی هەینی دیسان سەڵایان دەکرد تا خەڵکی کۆ ببنەوە و

نوێژی بە کۆمەڵی هەینی ببەسترێ. هەروەها لە بۆنەی مەولوود خوێندنەوەشدا مەلایەک مەولوودی دەخوێندەوە و خەڵکیش هەندێ جار بە جۆرە ئاوازێک بۆیان دەگێڕایەوە. سەید تاهیرێکمان هەبوو، «٢٠ - ٣٠» نەفەر بۆیان دەگێڕایەوە، کەچی دەنگی ئەو لە ناو هەموویاندا دیار بوو!

* ئایا تا دواجار هەر دانیشتووی دێ بووی، یان بە ماڵەوە چوویتە شار؟

- باسم کرد کە جارێکیان بۆ کار و ئیش بۆ ساباڵاغێ چووم، دواتریش دووجار بۆ خوێندنی مەلایەتی بۆ ساباڵاغی چوومەوە، نزیکەی ساڵێک مامەوە، ئەم سەفەرەیان بە تەنیا چووبووم، بۆیە لە بەشی ناوخۆیی دەمامەوە. ئەمە ساڵی «١٩٦٠»ی زایینە، لەوێ قوتابخانەیەکی «زانستی ئایینی» هەبوو، دەوڵەت کردبوویەوە، خوێندنی مەلایەتیم لەوێ تەواو کرد، ئیتر وەک گوتم لە دێی شیوەسەڵ چەندین ساڵ مەلا بووم، تا دواجار بە هۆی کاری سیاسییەوە بەجێم هێشت. لێرەش لە باشووری کوردستان ساڵی یەکەمی هاتنمان، سەڵت بووم، ماوەی ساڵێک مەلایەتیم بۆ ئاوارەکانی خۆمان کرد.

* گوتەیەک هەیە دەڵێ: گۆرانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەبێ و لە سلێمانی نەخۆش دەکەوێت و لە هەولێریش دەمرێت، بەڕای تۆ ئەم گوتەیە چۆنە و لە چییەوە هاتووە؟

- لای ئێمە بەم شێوەیەیە: گۆرانی لە «لاجانێ»(٤) لە دایک دەبێ و دەورانی منداڵی لە «ساباڵاغێ» و سەردەمی نەشونما و هەرەتی لاوێتیش لە «بۆکان» بەسەر دەبا و لە «سنە» پیر دەبێ و لە «سلێمانی» نەخۆش دەکەوێ و لە «هەولێر»یش دەمرێت! ئەمە لە بارەی زەوقەوە گوتراوە، هیچ نەبێ ئەوکاتە وابووە، لە ڕاستیدا خەڵکی «بۆکان» بە گشتی، یان زۆربەی هەرە زۆری پێوەندی بە تینیان لە گەڵ ئەو هونەرەدا هەیە. مەلا عەبدوڵڵا لە قسەکانی خۆی بەردەوام بوو وگوتی: من کاتێک بۆ جاری یەکەم بۆ دەرەوەی وڵات بۆ «پراگ»ی پایتەختی وڵاتی «چیک» بۆ لای شەهیدی سەرکردە «د. قاسملو» بە میوانی چووم، هەفتەیەک لای ماینەوە، لە بیرمە یەکێک لە بەرنامە جوانەکانی تەلەفزیۆنی ئەو وڵاتە پێشبڕکێیەکی گۆرانی و موزیک بوو، لە نێوان خانەوادەکان، واتە هەر لە باپیر و باوک و دایک و تا نەوەی نوێ دەهاتن، بۆ ئەم مەبەستە چەند خێزانێک پێشبڕکێی موزیک وگۆرانیان دەکرد و لیژنەی پسپۆڕیش دواجار دەستنیشانی باشەکەیانی دەکرد و پاداشتیان دەکردن! سەرنجم دا خەڵکی ئەو وڵاتە بە ژن و پیاو و کچ و کوڕ و گەورە و بچووکەوە، پێوەندی بەتینیان بەم هونەری گۆرانی و موزیکەوە هەیە. دەتوانم بڵێم ناوچەی بۆکانیش بە هەمان شێوە زۆربەی هەرە زۆریان ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەیان بەم هونەرەوە هەیە، بۆیەش گوتراوە: گۆرانی سەردەمی نەشونما و هەرەتی لاوێتی خۆی لە بۆکانێ بەسەر دەبات! دیارە ئەم گوتەیە: هیچ بنگە و بنەما و پێگەیەکی زانستی نییە، بەڕای من هەروا گوتراوە، لەوانەیە دەمارگرژی نێوان شار و خێڵەکانیش ڕۆڵی لە دروست بوونی ئەو گوتەیەدا هەبووبێت.

* هیچ شتێک ماوە دەربارەی هونەری گۆرانی و موزیک، بەڕێزتان حەز بکەن باسی بکەن؟

- جۆرە گۆرانییەکی فۆلکلۆریمان هەیە، بە ناوی «بالۆرە»، حەزم کرد لەبارەیەوە بدوێم. بالۆرە: بریتییە لە یەکێک لە ڕەسەنترین «ئاهەنگ - ئاواز»ەکانی، گۆرانی کوردیمان، تا ئەو ڕادەیە ڕەسەنە، کە لە ناو هیچ میللەتێکی تردا بوونی نییە! تەنانەت لە کوردستانی گەورەشدا لە هەموو ناوچەکاندا بوونی نییە، بۆ نموونە: نەم بیستووە بالۆرە لە باکووری کوردستان، یان ناوچەی لوورەکاندا هەبێت! لە بیرمە لە سەردەمی منداڵیمان جۆرێک بوو، هەر جارێک بۆ دەرەوەی دێ بۆ «مازوو» و«کەتیرە» و«گیای بەهاران»، کە بۆ ئەو مەبەستە بۆ «کوێستانان»، دەچووین، لێرە شتێکی سەرنجڕاکێش هەبوو، ئەویش «شەڕە بالۆرەی»، نێوان کوڕ و کچان بوو، کوڕی وا هەبوو گوێی لێ دەبوو، خوشکەکەی ئەوە شەڕە بالۆرەیەتی لەگەڵ کوڕێکدا، کەچی پێی دڵگران نەدەبوو، چونکە بۆ خۆیشی پاش تۆزێک لە گەڵ کچێکدا بە گوتن دەکەوتە شەڕە بالۆرە. کوڕەکان کاردانەوەی خراپیان بۆ ئەوکارە نەبوو، بالۆرەبێژیش تا لەو قسانەی بە گوتن دەیکرد تەواو دەبوو، ئینجا بە پەنجە لە قورگی خۆی دەداو گۆرانی دەگوت، بۆ خاتری جۆرێک لەرانەوەی سەرنجڕاکێش دروست بێت، کە شتێکی زۆر سەیری خۆشی لێ دەردەچوو، ئەو هونەرە لە ناوچەی ئێمەدا یەکجار باو بوو، تا ئەمڕۆش هەر ماوە، ئەوەندە هەیە هەندێ جار شارستانییەت هەندێ شتی خراپ لەگەڵ

خۆیدا دێنێت، بۆ نموونە: ئەمڕۆ کوڕوکچانمان پێیان شەرمە ئەوە بکەن، بالۆرە هونەرێکی «خۆماڵی»یە و شتی فەرهەنگی بێگانەی تێکەڵاو نەبووە و بە پاکی ماوەتەوە، هەر لە دێر زەمانیشەوە گوتنی بالۆرە هیچ خەوشی و عەیبەی لەسەر نەبووە. هەروەها مامۆستا ئەوەی باسکرد کە: لە فەرهەنگی کوردیماندا هەمیشە ناوی «مێ» پێش نێرینە هاتووە، بۆ نموونە: گوتراوە: ژن و پیاو، ژن و مێرد، خوشک و برایان، کیژ و کوڕ، دایک و باب.. تاد.

* ئێوە وەک کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار تا چەند کارتان بۆ ئەوە کردووە، ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکەتان لێرە و دوا پایەی هونەر و هونەرمەندان بزانن، چونکە وەک دەزانن، ئەمڕۆ لە دنیادا هونەر و ئەدەب و وەرزش پێناسەی گەلانن؟

– لە ناو حزبدا هەمیشە هونەر و ئەدەب و شیعر و گۆرانی بایەخی شیاوی خۆی پێدراوە، لە ساڵەکانی حەفتادا کاک «محەمەدی مەلا کەریم»، کە بە هیوام تەندروستی باش بێت، ساڵێکیان وتارێکی بڵاوکردەوە و نووسیبووی: حزبی دیموکرات تەنیا حزبە، بایەخی بە زمانی کوردی داوە، ئەوانی دی زمانەکەیان کردووە بە ئامرازێک تا خزمەتی بەرژەوەندی حزبەکانیانی پێ بکەن، لە ساڵەکانی حەفتادا لەگەڵ ئەوەی ئێمە توانای دارایی یەکجار خراپمان هەبوو، بەڵام کتێبمان دەنووسی و وەرمان دەگێڕان، بە چاپمان دەگەیاند، شتێکی ڕەمزیمان دانابوو، بە ناوی «بنکەی پێشەوا»، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ نەبوو، نە دەزگا بوو، نە بودجەی هەبوو، نە چاپخانەیەکی هەبوو، کەچی توانیمان، کتێبەکانی وەک: «تاریک و ڕوون»ی «هێمن» و «کاروانی شەهیدان»ی «کەریمی حیسامی» و «کوردستان و کورد»ی «شەهید قاسملو» کە خۆم کاری وەرگێڕانەکەیم کردبوو، ئەو کتێبانەمان بە چاپ گەیاندن و لەسەر بەرگەکان ئەو لۆگۆی «بنکەی پێشەوا»یەمان دانابوو، جگە لەوە ئێمە لە کاتی شۆڕشی میللەتانی ئێران دژی شا بە کوردیشەوە، بۆ «مەهاباد» گەڕاینەوە، ئەوکاتە هەموو «میزانیە»ی حیزبمان «١٢٠»هەزار تمەن بوو، کەچی «سیمفۆنیا»ی «ئیقبالی حاجیبی»مان هێنا و لە مەهاباد نمایش کرا، بۆ ئەو مەبەستە «٩٠» هەزار تومەنمان خەرج کرد، واتە «٣/٤»ی ئەو میزانیەی ئەوسامان بۆ ئەو کۆنسێرتە دانا! جگە لەوە هونەرمەندی ناودار «محەمەدی ماملێ»، بۆ ڕێبەرانی حزبمان یەکێک لە نزیکترین کەسەکان بووە، هەروەها «حوسێن شەیار»، زۆر لێمان نزیک بوو، یەکێک لە شانازییەکانم کە لێرانە حەز دەکەم باسی بکەم ئەوەیە هونەرمەندی گەورە «تایەر تۆفیق»م لە نزیکەوە دیوە! بەڵام حزبێکی سیاسی کە بۆ خۆت دەزانی لە شاخە و لە ڕووی داراییەوە دەسەڵاتی کەمە، یان نییە، هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێت، زۆر ئاواتی گەورەترمان لەو ڕووەوە هەن، حەزمان دەکرد بە دیمان بهێنایە، تەمەنمان لە نێو شاری مەهابادێ بە ئازادی، هەمووی نزیکەی ساڵێکی خایاند(٥).

**پەراوێز:**

**١) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وشەی «کاروان»، «قەتار» و بۆ «کاروانچی» وشەی «قەتارچی» و بۆ «خان»یش وشەی «کاروانسەرا» بەکاردێن.**

**٢) بڕوانە گۆڤاری «ڕامان» ژمارە «١١٦»ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ن لاپەڕە «١٨٩- ١٩١».**

**٣) دیارە مەبەستی مامۆستا ئەوەیە: شایەرێکی چاک و لێهاتوو بووە.**

**٤) بە هەموو ناوچەی «خانێ» دەڵێن: «لاجان»، جا «چەم»ێکی بە ناو دادێ، ئەوبەرەی لای شاری خانێ «بەری پیرانان» وئەو بەرەکەی تر «بەری مامەشان»ی پێ دەڵێن.**

**٥) دیارە مەبەستی لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێرانە لە «١٩٧٩».**

**تێبینی: ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی «٢٠٠٩/١٢/٤» لە هەولێرەوە لەگەڵ دایکی دڵداری هاوسەرم بەرەو شاری کۆیە کەوتینە ڕێ، بە مەبەستی دیداری بەڕێز «مەلا عەبدوڵڵای حەسەن زادە»، کە زووتر لە لایەن لاوی بەڕێز کاک «ڕەسوولی سوڵتانی»ی بە سوپاسەوە، ئامادەگی بۆ کرابوو، لەوێ لەلایەن خانەوادەی ئەو بەڕێزەوە پێشوازیمان لێکرا و ئەم چاوپێکەوتنەی ئێستای لێ دەرچوو.**

# به داخه‌وه دۆستان عیشقیان له بیرکرد

**محه‌مه‌د جه‌واد که‌سایی**
**له فارسییه‌وه: ناسر که‌ریمی**
**(بۆکان)**

مـاینه‌وه،.. چ مـانه‌وه‌یه‌کی هه‌ڵه! به عـیـشـقی ئه‌م مـۆسـیـقـایه، به خـۆشـه‌ویسـتی ئه‌م ئه‌ده‌بیـاته، به خۆشه‌ویستی هه‌مـوو ئه‌و که‌سانه‌ی دروستیان کردووه و له‌وانه‌یه له داهاتووشـدا دروستی بکه‌ن. کێ چ ده‌زانێ؟ کـه‌واته هه‌ڵه نه‌بوو دیسـان ده‌مـێنینه‌وه، هه‌رچه‌ند به گومانه‌وه شـانازی به‌مانه‌وه‌ی خۆم ده‌که‌م. له په‌نجاکاندا کاکڵی مۆسیقای ئێـران دلۆڤانی، نه‌رمی و حه‌ز بوو به ئه‌دایه‌کی بوێرانه‌وه، ئامـانجدار و حه‌ماسه‌خولقێن بوو، پێ به پێی ڕه‌وتی کـۆمـه‌ڵگا به‌ره‌و پێشـه‌وه هه‌نگاوی ده‌نا. (شـۆڕشی ئیـسـلامی، شـه‌ڕی سـه‌پێنراو و دیارده به‌جێ ماوه‌کان له‌و) هه‌رچه‌ند ئامـێری تار له‌و ساڵانه‌دا وه‌کـو زه‌مـانی قـاجـار هه‌ڵنه‌په‌سـێردرا، به‌ڵام ده‌ربڕینی مۆسیقایی توندوتیژ و ڕه‌خنه‌هه‌ڵگر بوو، شیعر و هه‌مـوو هۆنراوه‌کـانیش هه‌ر به‌م شـێـوه‌یه، چونکه هونه‌ر ڕه‌نگدانه‌وه‌ی کـۆمـه‌ڵایه‌تی و ڕامـیـاری و کـولتـووری ڕۆژگاری هونه‌رمه‌نده.

هه‌روه‌کـو «که‌مـاڵه‌دین ئیـسـمـاعـیل» که به ده‌سـتی مـه‌غـووله‌کـان له سـاڵی ٦٣٥ی کـۆچی مـانگیـدا کـوژرا، کـاره‌سـاتی ده‌ست به‌سـه‌رداگرتن و قـه‌ڵت و بڕ کـردنی ئه‌م هۆزه دڕنده‌یه به‌م شێوه باس ده‌کا:

**کوا چاوێ هه‌تا بگری له‌سه‌ر خاکی خۆی**
**بۆ چاره‌ڕه‌شی و ئه‌و خه‌مه وا باری بۆی**
**دوێنێ که له‌سه‌ر ته‌رمی سه‌دان که‌س گریان**
**ئه‌مڕۆ نییه خه‌مبارێ له‌سه‌ر سه‌د گڵکۆی**

ئاوری ڕق و قـینی مـۆسـیـقی له سـه‌رده‌می شـه‌ڕی سه‌پێنراو بڵێسه‌ی سه‌ند و له نیشتمانی خۆی، له ئایین و نامووسی خۆی، له مه‌ته‌رێزی کولتوور و هونه‌ردا خۆی نیشان دا.

به‌ڵام حوسێن عه‌لیزاده له‌و ته‌یفه که‌مه مۆسیقیزان و مۆسیقیسازانه‌یه که پێی وایه مۆسیقای ئه‌م ساڵانه‌ی دوایی له‌سـه‌ر هێـڵی ئه‌وین ده‌گـه‌ڕێ و به مـوزیکی

خانەقایی باو لە سی-چل ساڵی دوایی کە مۆسیقای عیرفانیشی پێ دەڵێن و جەماوەری تایبەت بەخۆی هەیە و ئێمە بە ڕێزەوە سەیری دەکەین، ڕوویەکی نیشان نەداوە.

بایەخی کاری ئەو «نەینەوا» و لەم شێوە کارانە نییە، بەڵکو بەچاوێکی ئاوالەتر دەڕوانینە بۆچوونی جیاوازی ئەو بۆ هونەری مۆسیقا و دژایەتی لەگەڵ لاسایی کردنەوەی گەلانی تر.

شتێکی کە ئەوی لە هەشتاکاندا زەق کردۆتەوە ئەوەیە کە عەلیزادە لە دڵی ڕاهێنانەکانی کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان هاتۆتە دەرێ و وەک هەورەتریشقە تۆز و خۆڵی عادەتی سڕیوە و خۆی گەیاندۆتە حاڵ و هەوایەکی جیاواز، ئەوە لە ساڵانێکدا بوو کە گەورەکانی موزیک کەم بوون، یان دیار نەبوون و مۆسیقای ئێران بە هەڵکەوت ببووە بارێکی قورس و و دژوار. عەلیزادە زۆر جار موزیکی ئێران بە قەرزاری ڕەسەن دۆستەکان دەزانێ کە پاراستوویانە و پەرەیان پێ داوە، بەڵام ڕوانین و زانستی ئەو بۆ دانان و سازکردنی مۆسیقا، ڕزگاری بوون لە سوننەتەکان و بە پێداگرتن لەسەر ڕەسەنایەتی مۆسیقایی زاووزێ دەکا.

لەگەڵی دەبین و بەشێک لە بۆچوونە بەنرخەکانی دەخوێنینەوە:

عەلیزادە باسی بێزاری خۆی سەبارەت بە مۆسیقای بێ ڕیشە و بێ ناسنامە دەکا:

ئەو کەسانەی لە ڕابردووی خوێندن و سەردەمی قوتابی بوون و ئەزموونەکانی من ئاگادارن دەزانن گرینگترین ئەزموونەکانی من بە مۆسیقای سوننەتی و ژەندنی ڕەدیف و ژەنینی خۆرست بەستراوەتەوە، من پێوندییەکی قوولم لەگەڵ موزیکی سوننەتی ئێراندا هەیە کە حاشا هەڵنەگرە، بەڵام لە ڕاستیدا باوەڕم بە مۆسیقایەکی بێ ڕیشە و ناسنامە نییە. گرینگ ئەوەیە کە لەدوای لاسایی کردنەوەدا گیر نەکەین، مرۆڤ دەبێ بتوانێ تواناییەکانی نێو دەروونی خۆی پەرە پێ بدا، ئەگەر خاڵێکی بەهێزی هەیە با دەرکەوێ.

من بۆ کەسێ پەیمانم مۆر نەکردووە کە لاسایی کەرەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو بم، قەت خۆم بە چوارچێوەیەکی تایبەتەوە نەبەستۆتەوە، هەوڵم داوە لەگەڵ قوولترین ئەزموونەکانی سەردەمی خۆم بم، پێم وایە هیچ شتێک بێ هەوڵ و تێکۆشان دروست نابێ، لە مۆسیقای ئێمەدا هیچ بەرهەمێک لەخۆوە لە دایک نەبووە، ئاوازدانەرێک کە دەیەوێ کارێکی گەورە بخوڵقێنێ، دەبێ بارستاییەک لە ئەزموونەکانی کۆنی لە مێشکیدا گونجاندبێ، هەروەها ئەو گەنجە خۆشەویستانەی کە دەیانەوێ مۆسیقای نوێ



حوسێن عەلیزادە

بخوڵقێنن، دەبێ بە خەستی هونەری باوی پێش خۆیان ئەزموون کردبێ، ئەم جار بۆ ئافراندنی بەرهەمی نوێ تێ بکۆشن، ئەگینا هونەرەکەیان بێ ڕیشە و ناسنامە دەبێ وەک بڵقی سەر ئاو زوو دەردەکەوێ و زووش لەناو دەچێ.

بۆ ئەوەی بتوانین لە داوی لاسایی ڕزگاربین، دەبێ ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرین:

١- ڕاهێنانێکی تێروتەسەل بکەین.

٢- پێوەندییەکی قووڵمان لەگەڵ یاسا و ڕێسای موزیکدا هەبێ.

٣- هێزی دەروونی خۆمان بەرینتر بکەین.

٤- تواناییەکانی خۆمان پەروەردە بکەین.

٥- هەمیشە کۆکراوەیەکی ئەزموونەکانی کۆنمان لەگەڵ بێ.

٦- خۆمان بەچوارچێوەیەکی تایبەتەوە نەبەستینەوە.

٧- بەو مرخە زۆرەی هەمانە و بەو هەموو پرۆڤەیەوە لاسایی کەرەوە نەبین.

٨- هەمیشە بە نوێخوازی و داهێنانی نوێ لە مۆسیقادا هیوادار بین.

ڕەنگ بێ لە هیچ کۆمەڵگایەک لە بارەی دیاردەیەکی هونەری ئەوەندە جیاوازی بیروبۆچوون نەبێ یەکێ لەسەر ئەوە سوورە گیانی لەسەر موزیک و حەز بەو هونەرە دابنێ، کەچی کەسی واشمان هەیە دوژمنی ئەو هونەرەیە و تەنانەت حەز ناکا چاویشی بە ئامێر بکەوێ. بەڕاستی لەکوێ؟

عەلیزادە هەروا بەردەوامە و دەڵێ: مۆسیقا هونەرێکی بەربڵاوی خەڵکییە، لەگەڵ ژیان و ڕوح و هەستی خەڵک تێکەڵاوە، بە ڕاستی مۆسیقی نکوڵی لێ ناکرێ.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا موزیک سەر لێ شێواوترین

دیاردەی هونەرییە، سەیرە لەگەڵ ئەوەی گرینگییەکی تایبەتی هەیە، هەوڵێکی کاریگەر نادرێ بۆ باشتر کردنی بارودۆخی مۆسیقا. لە بارەی هەموو دیاردە کولتووری و هونەرییەکانەوە قسە دەکرێ، بەڵام کە گەیشتە مۆسیقا خۆی لێ دەبوێرن، لە جێی دۆزینەوەی ڕیگاچارەیەکی دروست لەو بارەوە، پێی ویست و سەلیقەی تاکەکەس دێتە ئاراوە، هێشتا ڕەخنە و توێژینەوەکانی موزیک لە هەنگاوەکانی سەرەتاییدان.

ئەو پێدا هەڵدان و وەسفانەش کە لە مۆسیقا دەکرێ، زیاتر سەرەتایی و نادروستن، وەختێ تەنانەت لە کەسی مۆسیقایی دەپرسی کە ئەم پارچەیەت پێ چۆن بوو؟ وەڵامی ئەوەندە سەرەتایی دەبیستی کە پێت بە عەرزەوە دەنووسێ. پێشتر باسمان کرد مۆسیقا هونەرێکی بەربڵاوی هەموو لایەنەیە کە لەگەڵ ژیان و هەست و ڕوحی خەڵک تێکەڵاوە، هەر بۆیە ناکرێ مۆسیقا لەبەرچاو نەگیرێ. کاتێ مۆسیقا لە چوارچێوەی زانکۆی هونەرە جوانەکان، زانستگایەک کۆنسێرت و ژمارەیەک هەڵگری دەنگ دەناسێنی، یان بە گوتە ئەمڕۆییەکان ئاکادیمی لەدایک دەبێ و دادەبەزێنرێ، لەگەڵ ئەوەی بەم شێوەیە شایانی باسوخواسە، بەڵام کاتێ لەنێو خەڵکدا و لە هەستی خەڵکدا جێگایەکی نەبێ، بە کەڵکی چی دێ؟ لەدواییدا دەڵێین هێشتا ڕەخنە و توێژینەوەکانی موزیک لە قۆناغی سەرەتاییدایە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە زۆربەی بیروبۆچوونەکانی ئێمە لەسەر ئەو مۆسیقا سەرەتاییە قەتیس ناکەین لە دیکۆری ئەو باوەڕانە دەستێک، تەنانەت پتەیەکیش بدەین، کەواتە تەمەنێک لەنێو بازنەی ئەم بۆچوونانەدا دەمێنینەوە. ئا لێرەدایە کە دەردەکەوێ لە جێی ئەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزینەوە ویست و داخوازی تاکەکەسی دێتە ئاراوە و ڕەنگی بۆچوون بە خۆیەوە دەگرێ و جێی شک و گومانی تێدا نامێنێ، کەواتە ئەو پێناسانەی بۆ مۆسیقا دەکرێ، زیاتر سەرزارەکی و نادروستن، لە ڕاستیدا کولتووری ڕەخنە و دیالۆگ لەسەر موزیک، یان هەر هونەرێکی دیکە بۆ کولتووری ئەو کۆمەڵگایە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە بۆ ڕازاندنەوە و گەشەپێدانی مۆسیقا دەبێ لەپێشدا لە کولتووری کۆمەڵگاوە دەست پێ بکەین، ئەوکاتە دەکرێ لە ئەهلی هونەرەکە بەجێی پێناسەی سەرزارەکی و نادروست و هەروەها وەڵامی سەرەتایی، بیروڕای دروست و بەجێ و گونجاو ببیستین و هیوادار بین کە موزیکەکەمان پڕ مانا و ژیارمەند بێ.

هەروا درێژە بە باسەکەمان دەدەین، هێشتا زمانێکی ڕەوان و گونجاو بۆ پێناسە و هەڵسەنگاندنی موزیکی ئێران لە ئارادا نییە، لەبەر ئەوەیە کە تەنانەت بەڕێز (...) کە لە مێژساڵە لە بواری مۆسیقای سوننەتیدا توێژینەوە دەکا، لە باس کردنی شێوەکانی ژەنیاری لە ئیدیۆمی (شیرین ژەن) و لە جۆری ئەمە کەڵک وەردەگرێ لە ڕاستیدا ئەم شێوە ئاخاوتنە دروست و وەستایانە نییە، بە واتایەکی دیکە ئیحساسییە، چونکە بەم وتەیە ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر کەسێک شیرین ژەن نەبێ تاڵ ژەنە، هێندێ کەسیش لە ئیدیۆمی «مۆسیقای ڕادیۆیی» کەڵک وەردەگرن و تیروتانەی تێ دەگرن، بێ شک بە «مۆسیقای سندووقخانەیی» باوەڕیان هەیە، دەیانەوێ کە موزیکی ئێرانی لە جەماوەر و خەڵکی ئێران دابڕن، ئەم هەوڵەشیان تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە.

عەلیزادە دابەش کردنی مۆسیقا بە زانستی و نازانستی بە هەڵە دەزانێ و دەڵێ: مەخابن دابەش کردنی مۆسیقا بە زانستی و نازانستی ئەو گومانە دروست دەکا کە موزیکی گەلانی ڕۆژهەڵات و یەک لەوان مۆسیقای ئێران ڕەمەکییە، کە بە پێچەوانەوە هەر موزیکێک نەزم و یاسای تایبەت بەخۆی هەیە و ئیدیۆمی موزیکی زانستی و ڕەمەکی لە بنجوبنەوانەوە بێ مانایە و کەس ناتوانێ بڵێ «بیسمیللا خان» هونەرمەندێکی گەورە نییە، چونکە لە یاسای مۆسیقای ڕۆژئاوا کەڵک وەرناگرێ.

عەلیزادە درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: ئێمە لە مێژووی مۆسیقای خۆماندا زۆر کەسایەتی هەڵکەوتە و مەزنمان هەبووە و هەمانە، بەڵام حەیف و مەخابن خۆدۆڕاندنی گەلانی ڕۆژهەڵات لە ئاستی گەلانی ڕۆژئاوا بۆتە هۆی ئەوەی کە گرانباییەکانی خۆمان بە چاوی ڕۆژئاواییەکان ببینین و بە چاوی جوانیناسی ئەوان بڕوانینە ڕوخساری هونەرەکەی خۆمان.

نازانم گرفتی ئێمە چییە؟ کە باوەڕ بەخۆ بوون لە نێوماندا گەورە نەبووە، هەر لەبەر ئەوە و زۆر هۆکاری تر، ئێمە حەز و خۆشەویستی خۆمان سەبارەت بە موزیک و ئەدەبیاتەکەمان ئاشکرا ناکەین. کەواتە ئەو ڕێگایەی گرتوومانەتە بەر بەرەو کوێ دەڕوا؟ ئەم لێک دابڕانە کولتوورییە و دابڕانە ڕیشەییە چ ئەنفالێکە بۆ ئێمە و بیروئەندێشەی ئێمە و مۆسیقای ئێمە بەگشتی و هونەر و کولتووری ئێمە.

عەلیزادە لە بارەی مامەڵەی کولتوورەوە دەڵێ: ئەگەر ئەزموونەکانی نێونەتەوەیی لە خزمەت کولتوور و باوەڕەکانی ئێمەدایە، بۆچی بە هۆشیارییەوە کەڵکی لێ وەرنەگرین؟ ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە ئاڵشتی کولتووری بەشێوەیەکی بەرچاو باوە، کولتووری مرۆڤایەتی، کە موزیکیش بەشێک لەوە،قەت لەو ئاڵوگۆڕە بێ شوێن وەرگرتن و شوێندانان نەبووە، کەواتە ئەگەر بڕیار وایە شتێک وەرگرین، دەبێ ئەو وزە و

تواناییەشمان هەبێ شتێکیش ببەخشین نەوەکو یەک لایەنە ڕوانین و کرچوکاڵی و شک و گومان بەسەر باوەڕەکانی ئێمەدا زاڵ بێ. ئەگەر پێوانەیەکمان بۆ هەڵسەنگاندن نەبێ، بێ گومان لە دوای زێدەخوازی و کەم کاریدا گیر دەکەین. قەبووڵ کردنی هەر شتێک لە مۆسیقادا ئەگەر سوننەتە نەتەوەییەکانیش بێ لە ڕیزی سوننەتخوازی کوێر کوێرانەدایە. ئێمە دەبێ ڕەسمی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵگادا پەرە پێ بدەین، پێویستیمان بە پێداچوونەوە و بژار کردن هەیە. پێداچوونەوە و بژارکردن و داڕشتنەوە لە کولتووری ئاسایی ماشین سوارییەوە بگرە تا دەگاتە کولتوری قووڵ و پڕ لە ڕازی مۆسیقا بۆتە پێویستی، تارادەیەکیش ئاواتێکی گەورە و مەحاڵ!

عەلیزادە بە وردی ئاماژە بە گیروگرفتەکانی کولتووری ئێمە دەکا کە هەر ڕستەیەکی ئەوە هەڵدەگرێ بە چەند لاپەڕەیەک باسی لێ بکرێ:

١- بۆچی لە ئەزموونەکانی نێونەتەوەیی هۆشیارانە بە خزمەتی کولتوور و باوەڕەکانمان کەڵک وەرنەگرین؟

٢- ئەرێ لە ئاڵشتی کولتووری سەرکەوتوو بووین؟

٣- زاڵ بوونی یەک لایەنە ڕوانین و کرچوکاڵی و شک و گومان لەسەر باوەڕەکانی مۆسیقای داهێنەر و مۆسیقازانی ئێمە تا کەی؟

٤- بۆچی دەبێ پێوانەیەکی دروستمان بۆ هەڵسەنگاندن نەبێ؟

٥- بۆچی لە داوی زێدەخوازی و کەم کاریدا گیرمان کردووە؟

٦- وەرگرتنی بێ ئەم لاولای هەر شتێک لە مۆسیقادا تا کەی؟

٧- دەمارگرژی و سوننەت پەرستی لە موزیکدا ئێمەی بۆ کوێ بردووە و دەبا؟

٨- ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵگای ئێمەدا، بە تایبەتی هونەری مۆسیقا چ پێگەیەکی هەیە؟

لە ڕاستیدا مۆسیقای ئێمە لە تەنگژەی ئەوەدا نییە کە ژەنیار و گۆرانیبێژ و ئاوازدانەری کەمە، لەبەر ئەوە دەناڵێنێ کە مۆسیقازان و خاوەن بیر و زانای کەمە کە سارەوانی ئەم کاروانە فیکری و کولتوورییە بێ، تەنانەت بواری ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لە هونەری مۆسیقای ئێمەدا زۆر بەستراوەتر و تاریکترە لە سینەما و ئەدەبیاتەکەمان! ئاکام؟

عەلیزادە لە وتەی موتربەکراو و ئیدیۆمی «مۆسیقای سوننەتی» لە باتی «مۆسیقای ئێرانی» زیاتر لە چل ساڵە بە هەڵە کەوتۆتە سەر زارو زمانان، دەداتە بەر ڕەخنە و دەڵێ: «بۆچی دەبێ موزیکی ئێران سنووردار کەین بە مۆسیقای سوننەتی کە بۆ خۆی دیاری ڕۆژئاوایە و هاوتیرەی «ترادیسیون»، یان «تردیشناڵ»ی ئەورووپایە، ئێمە کوێرکوێرانە دابەش کردنی ڕۆژئاواییەکانمان لە موزیکدا قەبووڵ کرد، بێ ئەوەی بپرسین ئەم مۆسیقای سوننەتییە سوننەتی کوێیە؟ کام ناوچەی جوگرافیایی ئێران لەخۆ دەگرێ.

عەلیزادە درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: هیچ دیاردەیەک لە دنیادا نییە کە بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵنەگرێ، سوننەتیش لەم هەنگاو هەڵگرتنە بێ بەش نییە و لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی خۆی دەگونجێنێ بەرەو کامڵ بوون، بەڵام ئەم ڕەوتە لەسەرخۆ و بە ئارامی دەچێتە پێشێ.

ئەگەر موزیکێک بەرەو پێشەوە نەڕوا و خۆی لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی دنیا ڕێک نەخات دەبێتە موزیکێکی بەردین، بەڵام لە خۆمان ناپرسین بۆچی دەبێ موزیکی ئێمە سوننەت پەرست بێ؟ بۆچی بۆ موزیکەکەمان لەنێوی سوننەتی کەڵک وەربگرین؟ باشە ئەم وشەیەمان لە وتار و نووسراوەکانی پێش چلەکاندا هەبووە؟ ڕەنگ بێ وامان بە قازانج بێ لە جێی سوننەت پەرستی، سوننەت بشکێنین، سوننەتەکان مسۆگەر بکەین و وردبینانە بۆ داهێنانی نوێ کەڵکی لێ وەربگرین.

عەلیزادە نیگەرانییەکی دیکەی خۆی باس دەکا و بە بێزارییەوە دەڵێ: ئاخر مەگەر ئەو هەموو مۆسیقازانانە کە ساڵانێکی دوورودرێژە لە گۆڕەپانی موزیکی ئێراندا ئەسپی خۆیان لینگ داوە و لە کەلێن و قوژبنەکانی ئاگادارن، سەریان لە بن بەرداشدا ماوەتەوە کە ڕەدیفی سوننەتی میرزا عەبدوڵڵای ئێمە دەبێ «ژان دورینگ» کە خوێندکاری پێشووی زانکۆی هونەرە جوانەکان بووە و یاسای موزیک لەلای ئەو مامۆستایانە فێر بووە بنووسێ؟ بۆچی لەم وڵاتە پانوبەرینەدا کەسێک نەبووە ئەم کارە ئەنجام بدات؟ ئەم پیرەدارە کە ساباتی مۆسیقای سوننەتییە و ڕیشەی لە دڵی ئەم کولتوورەدایە، بۆچی لە پڕ لە باخی دراوسێکەماندا شین بووە؟ ڕەنگ بێ مریشکی جیرانەکان قاز بێ وا فەڕەنسییەکان ڕەدیفی میرزا عەبدوڵڵامان بۆ دەنووسنەوە، سەیرە، سەرەڕای ئەم شەرمە شانازیش بە خۆمان دەکەین! دیسان ورد بوون و شوێن کەوتنی کولتووری! وا دیارە کەس لە کەسە. بەچی ڕا دیارە «ڕێنووسی زمانی فارسی»یش هەر ئەورووپاییەکان بۆمان نانووسنەوە! ئەوان دەیانەوێ پێمان بڵێن ئێمە لە خۆتان باشتر دەتانناسین! هەر بۆیە ئەگەر بیری لێ بکەینەوە ئابڕووچوونە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکیش بە بۆچوونەکانی «داریووشی

سەفوەت» بکەم. ئەو بەڕێزە دەفەرموێ: «ژان دورینگ» مرۆڤێکی گەورە و کەم وێنەیە.. ئەو، هەموو جۆرە فرتوفێڵەکانی ئامێرە ئێرانییەکان دەزانێ و ئامێرەکانی وڵاتانی دیکەی ئاسیایی دەژەنێ. لە هەموو شت گرینگتر، ڕەدیفی مۆسیقای ئێرانی کردۆتە نۆتە، کە یەکێک لە خزمەتە باشەکانی ئەوە بە موزیکی ئێران.

سەفوەت لە درێژەدا دەڵێ: لە موزیکی ئەقڵی و پێشکەوتوویانی نوێ بوونەوە موتاڵایەکی زۆری کردووە، بەڵکو بزانێ ڕێگای داهاتووی مۆسیقای ئێران کامەیە و بۆچوونیشی هەیە. هەربۆیەش داوام لێ کرد بە یەکەوە کۆبوونەوەیەکمان هەبێ... بەڕێز دورینگیش لە بارەی تازەگەری و ئەو شتانەی ئێستا پەیدابوون و لە ڕاستیدا ڕەنگبێ ببنە کۆسپ لەسەر ڕێی موزیکی کۆنی ئێران قسە بکا. بەیەکەوە هێندێ لە قسەکانی ژان دورینگی فەڕەنسەیی دەخوێنینەوە:

ئەگەر لە گرووپێکدا زیاتر لە چوار ژەنیار بژەنن، شک و گومان دروست دەبێ. زیاتر لە شەش ژەنیار، جێگای پرسیارە، کۆڕێکی گەورە کە بیست ژەنیاری هەبێ، پشێوی تێ دەکەوێ و گوێ گرتن لەو موزیکە دژوار دەبێ.

مۆسیقای سوننەتی ئەگەر گرووپی لێ درێ وەک تۆپی نێوبۆشی لێ دێ. کەڵک وەرگرتن لە ئامێری ڕۆژئاوایی جگە لە ڤایلۆن سوننەت دەرمان داو دەکا. ئەگەر ئاکۆردەکان و هارمۆنی لە گوێ بدا، ئەو موزیکەی دەیبیستین جیاوازی و دژایەتی تێدا دەبێ.

«لوید میلێر»ی فەڕەنسەیی نووسەری کتێبی «موزیک و ئاوازی ئێران» ئاوا دەنووسێ: هەربۆیە پێداگری ئێمە! لە توێژینەوەدا لە سەرەتاوە لەسەر کۆی ناوەرۆکی ئاوازەکانی «کەریمی»یە کە بەرانبەرە لەگەڵ تیۆری و فەلسەفەی سەفوەت لە موزیکی دەیەکانی ١٩٧٠، کات و زەمانێک هەردوو مامۆستا بۆ پاراستنی سوننەت هەوڵیان دەدا کە ئەگەر بە پێچەوانەوە بوایە ئەم (سوننەتە)! لەبیر دەکرا. قسەکەی عەلیزادە دووبارە دەکەینەوە کە دەڵێ: ئێمە بێ ئەم لاو ئەولا دابەشکردنی ڕۆژئاواییەکانمان لە مۆسیقادا قەبووڵ کرد! بێ ئەوەی بپرسین ئەم سوننەتە هی کوێیە؟ ئەم داستانە باسێکی تێروتەسەلی دەوێ کە لەم باسە کورتەدا ناگونجێ.

عەلیزادە لە ڕەدیف و داهێنان دەدوێ، من بۆ خۆم لەگەڵ ڕەدیف ژیاوم، لەم بوارەدا قوتابیم پەروەردە کردووە، بەڵام بۆچی بەوان پێشنیار دەکەم ڕەدیف لێ نەدەن؟ چونکە وا بە پێویست دەزانم ئەوان دوای فێربوونی ڕەدیف بڕۆن بە شوێن هەست و ویست و بەهرەکانی خۆیاندا. بەداخەوە ئەم ئەسڵە گرینگە لە شێوە ڕاهێنانەکانی ئێمەدا ون بووە.

بێ شک هەموو مۆسیقازانە بەرچاوەکانی ئێران، لەگەڵ ڕەدیف ژیاون، بەڵام نەک ئەو ڕەدیفەی لە کتێب و دەفتەردایە، بەڵکو ئەو ڕەدیفە ڕەوانەی کە هەموو گۆشە و کەلێنێکی لەنێو دەست و پەنجە و قوڕگی بەتوانای هونەرمەندی مۆسیقیدایە و ئەمڕۆکە بەشێکی بەرچاوی لەنێو گەنجینەی شوێنەوارە تاپۆ کراوەکان بۆمان ماوەتەوە، کەواتە پێویستە قوتابی موزیک لەگەڵ فێربوونی ڕەدیف، تەنانەت دوای ئەویش بزانێ و بتوانێ خۆی لەنێو چوارچێوەی موزیکدا بدۆزێتەوە.

عەلیزادە ئاماژە بەوە دەکا کە ئەم دیاردەیە لە ڕاهێنانەکانماندا لەبیر کراوە، ئەو لە بەشێکی تردا لە بواری ڕاهێنانەکانی موزیک لە ساڵانی ڕابردوودا دەڵێ: شێوەی ڕاهێنانی مۆسیقا جێگای نیگەرانییە، ئێوە بڕواننە مێژووی هونەرستانی موزیک لە دوای شۆڕشی ئیسلامی و هەڵیسەنگێنن بزانن بە چ ئاکامێک دەگەن؟ پێم وایە ئەگەر هونەرستانەکان داخرایەن، یان بە بەشی تایبەتی بسپێردرایەن، گەلێ باشتر بوو، زانکۆ هونەرییەکانیش هەروەتر. تۆ بڵێی گەنجەکانی ئێمە نەیانویستبێ مۆسیقا فێر بن، یان مرخیان نەبووە، تەواوی ئەم ڕووداوانە لە بێ بەرنامەیی ساڵانی ڕابردووەوە سەریان هەڵداوە و ئێستا خۆ دەردەخەن و ئەم بارودۆخە نالەبار و پڕ ئێش و ژانەیان دروست کردووە.

لە هەلومەرجێکدا کە ڕەخنە و تاووتوو کردن لە هەموو بوارەکانی موزیکی ئێمە بە گشتی ژێری ڕووخەک بووە، پێویستی بە ڕەخنەی بەجێ و بەکەڵک هەیە، لەلایەن کەسانی وەک حوسێن عەلیزادە و زانایانی بواری موزیکەوە کە بە داخەوە لە پەنجەکانی دەست تێ ناپەڕن. تاووتووکردن و هەڵسەنگاندنی پێویست کە بتوانێ بۆ ئەم موزیکە ببێتە فریشتەی ڕزگاری.. بۆ عەلیزادە و بۆ موزیکی ئێران ئارەزووی سەرکەوتن و شادیمان هەیە.

**پەراوێز:**

**١- ڕەدیف: لە ئێران بە هەموو دەزگا و ئاواز و گۆشەکانی مۆسیقا دەگوترێ.**


**٢- ئاڵشت: ئاڵوگۆڕ.**

**٣- مرخ: توانایی، بەهرە (استعداد).**

**سەرچاوە: گۆڤاری «هنر موسیقی» ماهنامە فرهنگی، هنری، اجتماعی، شمارە ٩٨.**

# ئەو چرکانەی لە موچڕک و تەزوو موتربە کراون

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**




شیعر ئەو چێژە ڕوحییەیە کە مرۆڤ ئاوێتەی جوولآنێکی دەروونی دەکات. ئەو چێژە شیعرییە هەمیشە یەک جۆر نییە و لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر جیاوازە. هێندێک لەو چێژانە لە هەناو و ناوەڕۆکی شیعرەکەدان. هێندێک لە کێش و مۆسیقاکەیدان و برێکیشیان لە فۆرم و شێوەی شیعرەکەدان. جا ئێمە دەتوانین بەکۆمەڵە وشەیەک بڵێین شیعر، کە بە لایەنی کەمەوە ئەو چێژە شیعرییە لە یەکێک لەو بەشانەیدا بێ، ئەگەریش شاعیر بتوانێ ئەو چێژە لە هەموو بەشەکانی ئاژین بکات و بە تروسکەی ئەزموونی خۆی بیڕازێنێتەوە، ئەوکاتە شیعرێکی نەمر دەخوڵقێ و بەرگی سەوزی هەرمان لەبەر دەکا. هەموو ئەو کەسانەی شەیدا و هۆگری شیعرن، بۆ ڕاوکردنی ئەو چێژانە شیعر دەخوێننەوە و دەیانەوێ لە دنیای دەرەکی و ناوەکی شیعرەکەدا کۆمەڵێ چێژ و جوانی بدۆزنەوە و مووچڕک و تەزوو مێروولە بە لەشیان بکات.

ئەمڕۆ بەداخەوە ئەوەندە دەق و کۆمەڵە وشەی بێ ناوەڕۆک و تەنانەت ناحەز و قێزەونیش بەناوی شیعرەوە بڵاو دەبێتەوە کە خوێنەری تامەزرۆ و هۆگری شیعریان وا لێ کردووە ئیتر حەز بە خوێندنەوەی شیعر ناکەن و جاری وایە هەر بە بیستن و خوێندنەوەی جاڕزییەکی تاڵ و زبرییەکی هەست ڕووشێن خۆ لە ئاوێنەی ڕوحیان دەساوێ و بێزاریان دەکا.

لەم سەردەمە ئاڵۆز و سارد و پڕ لە پەتایەدا کە کۆمەڵ تووشی دەردی بێ دەرمانی ماددی بووە و هیچ کەس فریا ناکەوێ ئاوڕ لە جوانی و ئەدەب و چێژی ڕوحی بداتەوە. وشکە شیعریش ئەوەندەی تر چاوی چێژی خوێنەریان کوێر کردۆتەوە و کارێکیان کردووە خوێنەری شیعردۆست و تامەزرۆی دوێنێ، ئەمڕۆ گاڵتە بە شیعر بکات و تەنانەت بەچاوی سووک تەماشای شاعیر بکات و بە بوونەوەرێکی هەرزەوێژ و هەڵەوەڕی دانێ و لە دڵی خۆیدا پێی پێ بکەنێ و بەشێتێکی پاک و خاوێنی بزانێ!

زۆرینەی بەناو شاعیرانی ئەمڕۆ لەگەڵ هەموو ڕەسەنایەتی و جوانی

و دەروەست بوونێک بێگانەن و هەرەش لە برەی ئەو زمانە و رێزمان و رێنووسەکەی ناکەنەوە کە پێی دەنووسن. بەو هیوایەی قەڵەم بە دەستی وشەرێزکەری ئەمڕۆ چاوێک لە رابردووی زێرین و دەروەست بوونی شاعیرەکانی بکاتەوە و بەخۆدا بێتەوە و مشووری زمان و ئەدەبەکەی خۆی بخوا. بەجێی ئەوەی خۆی ببێتە مێمڵ و خۆرەی زمان، بیر لە گەشانەوە و جوان کردن و دەوڵەمەند کردنی بکاتەوە و دڵسۆزانە ئاپۆر و پەتای لێ دوورخاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم هەموو دەستە، دەراوی کانی شیعر لێڵ دەکەن و ئاگایانە، یان نائاگایانە دەیانەوێ قوڕ و لیتەی بە گەرووودا بکەن، بە خۆشییەوە چەند قەڵەمی جددی و دەروەست، دڵسۆزانە چالاکی دەنوێنن و ماندوونەناسانە بوونەتە ئاوەڕوونکەرەی ئەو کانیاوە و ساتێ هەدادانیان نییە و هەوڵی بۆ دەدەن و دەیانەوێ بە گیان و بەدڵ خزمەتی پێ بکەن و لە شلوێ بوون و خنکان بیپارێزن.

یەکێک لەو لاوە بە هەست و دڵسۆزانە قادر عەلیخایە کە دەتوانم وەک پەنجەرەیەکی بێگەرد تەماشای بکەم کە لەوێوە هەتاوی شیعر دەرژێتە ماڵی وێژە و ئەدەبەوە و چێژ و مووچڕکی شیرین بە دڵی تامەزرۆی شیعر دەبەخشێ. من نامەوێ لە خۆڕا تاریفی بکەم، یان شووتی وەبن هەنگڵی دەم. داوا لە خوێنەران دەکەم خۆیان کتێبی (سروودی پەپوولە شەهیدەکان) بخوێننەوە و کڵاوی خۆیا بکەنە قازی.

ئەوەتا خەمی شیعر هەڵیدەچۆقێنێ و لەناخەوە هەستی کردووە کە درم و پەتای ماددی چۆن دزەی کردۆتە ڕوحی شیعرەوە و خەریکە دەیپووکێنێتەوە. شیعری (بانگەوازێک بۆ گەڕانەوەی ڕوحی تۆراوی شیعر) ژانی شاعیرە و لە تاوی نەخۆش کەوتنی پەری شیعر لە دڵییەوە گڕی خەم و ئازار کەلاوڕێژ دەکا.

**کەس بۆن بە شووشەی شیعرەوە**
**ناکا، لێرە!**
**لەسەر تاقچەی هیچ ماڵێکدا**
**گوڵدانێک شیعر نابینی!**

**زۆر دژوارە ئاشت بوونەوەی**
**وا زیز بووە لەم هەرێمە**
**پەریزادەی شەنگی شیعر**

**بۆن بە گیرفانەوە دەکەن ئێستا**
**بە هەناسەی بایەک دەژین**
**لەلای یاری پارەوە دێ!**

شاعیر دەڵێ: هەتا ئێمە شەیدای جوانی و سەرخۆشی چێژی شیعر بووین، ژیانمان ئاوا ساردوسڕ و خەماوی نەبوو. خۆشەویستی لە دڵماندا تاوڵی ئەشقی هەڵدابوو و حەز و هیوا لەناویدا دەستەملان بوون. شادی و ئەوین لە نیگاماندا شەپۆلی دەدا و ڕەوە مەلی باڵ ڕەنگینی پاکی و یەکڕەنگی لەچاومانەوە هەڵدەفڕین و ئاسمانی شیعر ژوانگەیان بوو. ئاشقان بەدوای پەناوپەسیودا نەدەگەڕان بیکەنە ژوانگە و بە بەرچاوی خۆر و مانگ و ئەستێرەی شیعرەوە دەمدەمانی یەکتر دەبوون.

**ژوانگە دەست نەدەکەوت**
**بۆ ماچ و موچ و دەستەملان**
**تا ئەوکاتەی ئاسمانی سامالی ئێرە**
**چراخانی ئەستێرەی گەشی شیعر بوو!**

**لە هەوارگەی زنوێری دڵەکانماندا**
**باری نەکردبوو هێشتا خێڵی ئەوین**

**مەلی باڵ نەخشینی وشەی**
**ئەشق و ئەوین و ئازادی**
**لێ هەڵدەفڕێ هێلانەی دەم.**

**تارای بووک و**
**ئاڵای ئاڵی سەر گڵکۆی شەهید**
**بوو شیعر،**

**لەسەر خوانی هەموو ماڵێک**
**پەرداخێک شیعریان دادەنا**

قادر عەلیخا هەستی بەو نامۆ بوونەی خەڵک کردووە. دەزانێ شیعر و وێژە دنیایەکی پاک و بێگەردە و لە ریا و درۆ دوورە. دڵەکان لەو هەرێمە پاکە دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە کەوتوونەتە گێژاوی فێڵ و تەڵەکەوە، داوی پیلان و دەهۆ لە لاق و ملیان ئاڵاوە و دەرەتانیان نییە بەرەو ڕزگاری بڕۆن. تۆز و دووکەڵی درۆ و خۆفریودان هەناسەی لێ بڕیون و پەنجەی لە ئەوکیان توند کردووە و خەریکە دەیانخنکێنێ. شاعیر دەزانێ ئەگەر دڵەکان لەو دنیا پاکە

تەرە نەبوایەن و چزەبزەی پڕ باق و بریقی پارە چاوی هەڵنەخەڵەتاندایەن و ڕوحی داگیر نەکردایەن، ئاوا تووشی ڕۆژە ڕەشی و خەم نەدەبوون. ئەو دەزانێ خەڵک، ئەم هەوارە زەنوێر و جوانەیان بەجێ هێشتووە، بۆیە حەسانەوەیان نییە و تووشی گێژاوی ئەو ژیانە ساردوسڕ و خەماوییە بوون.

**ئەگەر مەلەکانی ئێرە**
**سۆزی سروودی شیعریان**
**بەگوێچکەدا بخوێندرایە**
**دەستەملانی داو نەدەبوون**
**بۆ مستێک دان**

**ئەگەر ئاسکەکانی ئێرە**
**ژەکی شیعر گۆچی کردبان**
**بیرە بیرە نەدەبوون و**
**هێند سرک بوون**
**گوللەی ڕاوچی نەیدەپێکان.**

**ئەگەر ماسییەکانی ئێرە**
**تەنیا جارێک**
**وسڵیان کردبا**
**لەنێو گۆمی مەندی شیعرا**
**دەمی قولابی دەهۆیان ماچ**
**نەدەکرد.**

**ئەگەر سەگەکانی ئێرەش**
**تامی شیعریان ناسیبا**
**هیچیان گورگە مێش نەدەبوون.**

شاعیر بە دڵێکی کەیل و خەمناکەوە دەڕوانێتە دنیا تاریک و ساردەکەی ئەمڕۆ کە کەوتۆتە ژێر بارستاییەک تەپوتۆز و تەمتومان و چرە دووکەڵی ماددیاتەوە، بۆیە ئاشقانە باوەشی بۆ خۆر و سروە و بارانی شیعر گرتۆتەوە و داوای لێدەکا لەگەڵ دڵە خەم تێزاوەکان ئاشت بێتەوە، داوا لە دڵەکانیش دەکا کێڵگە و پێدەشت و گوڵجاری هەستیان بۆ شنە و پرشنگ و خوناوە ڕاخەن.

**شیعر تاڤگەی باڵابەرزی**
**بە هەوێنی هەزاران ڕەنگاڵە**
**نەخشاو!**
**شەنگە ڕۆژی**
**نێو ئامێزی**
**تەم تێزاوی لێڵی هزرم**
**شوورەی ئەشق و**
**شنەی ئاڵی**
**بلاوێنێ هەست و دەروون!**
**پەرەوازە بوونی ڕوحی ژیانە**
**تەرە بوونت**
**کۆچ کردنی تامە ماچە**
**بارکردنت**
**سەرگەردانی بۆنی ئەشقە**
**ئاوارە بوونت**
**کووژانەوەی زەردەخەنەی لێوی دڵە**
**ئاوا بوونت.**
**گەڕانەوەت،**
**لە چاڵ نانی داهۆڵی ڕەشی دەهۆیە**

**ساماڵ بوونی**
**ئاسمانی تەلبەند کراوی ئەوینە**
**شنەی جوانی و**
**پاقژی دێنیتەوە لەگەڵ خۆتا**
**لاولاوی حەز**
**لە چناری سەوزی ژیان دەهاڵێنی**
**دەسا وەرە و**
**دەستمان بگرە،**
**بمانبەوە بۆ جێژوانی**
**ئەشق و**
**ئەوین و**
**خۆشویستن.**

تا ئێرە بۆمان دەرکەوت کە قادری عەلیخا چەندەی کەڵکەڵەی شیعری لەسەردایە و بۆی دەسووتێ. لە تاوی تۆرانی ڕوحی شیعر لەناخەوە هەڵدەچۆقێ.

بۆیە ئاشقانە دەڕوانێتە سەردەم و دەوروبەری خۆی و چرکە شیرین و تاڵەکانی ژیان گوڵبژێر دەکا و لە داری باڵابەرزی شیعریان موتربە دەکا.

**لەو ئاسمانە ڕەنگ گورگەدا**
**لەم خاکە تەم تێزاوەدا**
**شوورەی شەوان**
**لەمپەرن بۆ ڕووباری تیشک**
**شەمی شیعرەکانتان هەڵکەن.**
«شەمی شیعر، لاپەڕەی/٨»

**دەستم لەچیا بەرنادەم**
**سەر بۆ هەتاو و تیرێژی نانەوێنم**
**وەکو بەفری لووتکەی قەندیل**
**دەبمە سەهۆڵ**
**نابم بە ئاو**
**ئەگەر هەزاران ساڵی تر**
**بە ڕمبی چاوی بمکێڵێ**
**تیشکی هەتاو**
«باوەڕ، لاپەڕەی/٤٢»

**کاروانکوژە**
**کە لە کۆشکی ئاسمانەوە**
**چاو لە باڵای زەوی دەبڕێ،**
**نایەتە ژوانی دڵدارێک.**
**پەردەی ڕوخساری لادەدا**
**ئۆخژنی بێت**
**بە لاشەی ساردی ڕێبوارێک.**
«دەهۆ، لاپەڕەی/٤٦»

**چاوەڕوانم خۆر دەستەملانی ئاسۆ**

**بێ**
**گەرووی ڕەوەز**
**بانگی ئێوارێ بخوێنێ.**
**بە تاسەوەم**
**سفرەکەمان پڕ بێ لە گوڵ**
**ماچی لێوت**
**ڕۆژووی ئەم ژینەم بشکێنێ.**
«بەربانگ، لاپەڕەی/٤٧»

**ڕشانەوەی ئەو خوێنانەن**
**دەستی مرۆڤ**
**دەیڕێژێتە دەروونی خاک**
**ئەو گڕکانە مەزنانەی**
**لەناخی ئاخ دێنە دەرێ.**
«گڕکان، لاپەڕەی/٥٧»

**هۆ سەرچۆپی!**
**ئەی ڕێبەری گەڕی شایی**
**وا سەرگەرمی**
**سیلەی چاوێک ناپڕژێنی**
**لە گاوانی**
**گەڕی زنجیری شاییەکەت**
**لەسەت لاوە**
**لێک پچڕاوە**
**پێ نازانی.**
«شایی، لاپەڕەی/٩٥»

**دام بە «ڕزگار»**
**تووڕی داتە**
**زبڵدانەکەی بەر درگا و**
**گوتم: بە توون!!**
**کە سەعاتەکەی دەستم دی**
**دوا کەوتبوو**
**لە گەڕیانی چەرخی گەردوون!**
«کات، لاپەڕەی/٢٤»

**هەر بە ڕەنگێک**
**تەنیا ڕەنگێک**
**سەدان شاکاری کەم وێنە**
**دەنەخشێنێ دەستی زستان!**
«وێنە، لاپەڕەی/٥٥»

**مەڵێن نابێ ئەگەر گوتیان:**
**لە سوێی حەزی**
**لووتکەیەکی شۆخ و شەنگدا**
**دەریایەکی نەرمو نیان**
**خۆی گرداوە!**
**سەیر نییە ئەگەر بڵێن:**
**دار بووزێکی ئاشقمان دیت**
**هەزاران قەف**
**لە باڵای لاولاو ئاڵاوە!**
«گری دەریا لاپەڕەی/١٩»

**سیروان،**
**سیروان!**
**خۆزگەم بەخۆت**
**هێند سەرکێشی**
**لە ئاست لەمپەر دانامێنێ!**
**ئەوکت ناگرن،**
**پەنجەی یاسا دەستکردەکان،**
**بێ پەساپۆرت**
**هێڵی سنوور دەبەزێنی!**

قادر عەلیخا شاعیری کورتە شیعرە و بە چەند وشەی سادە جوانترین تابلۆ دەخوڵقێنێ و زۆربەی کورتە شیعرەکان خاوەن کێش و سەروان و زەبری کۆتایی شیعرەکە خوێنەر دادەچڵەکێنێ و چێژێکی شیرین و هونەری بە ڕوحی دەبەخشێ، بۆیە دەتوانم بڵێم ڕەسەنایەتی زمان و وردەکاری و زمان پاراوی و چێژی شیعری لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی شیعری قادر عەلیخایە.

# پەروەردە کردنی منداڵانی ئازادو سەربەخۆ

**عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**
**(کەرکووک)**




پازدە ساڵ پترە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەو فێرکردن، شان بەشانی ئەوانیش رووناکبیران و نووسەران و خەمخۆرانی پەروەردەکردنی منداڵان لەخێزان و لە قوتابخانەو خوێندنگەکاندا، باس لەوە دەکەن کە کێشەکانی دەروون و کەسێتی تاکی کورد بەر لە هەر هۆکارێکی تری سیاسی و ئابووری و کولتووری، بۆ سەردەم و قۆناغی منداڵی دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە خێزان و قوتابخانەدا، هەروەک لەسەر ئەوەش کۆکن ئەگەر منداڵ لە خێزاندا، بەهۆی ناڕۆشنبیری دایک و باوکەوە بەتایبەتی، دووچاری گرژی دەروونی بهێنرێت بەهۆی بە دروستی وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانەوە، دەبێ قوتابخانە بکرێتە نێوەندێکی پەروەردەیی و دواتر فێرکردن، بۆیە لە پێناوی دامەزراندنی نێوەندێکی پەروەردەیی لەو جۆرەدا سەدان و هەزاران وتار و لێکۆڵینەوە و کۆڕ و کۆڕبەند و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و نووسین لەمیدیا چاپکراوەکاندا پێشکەش کراون و زۆربەیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێ بەپێی هەلومەرجی نوێی ژیانی سیاسی و ئابووری سەردەم، ئاوڕێکی جدی لە گۆڕین، یان هەموارکردنی میتۆدەکانی خوێندن بدرێتەوە، تا نەک هەر زەمینەی لە باری دروستکردنی منداڵ، یان قوتابییەکی تەندروست بڕەخسێت، بەڵکو زەمینەی لەباری تاکی تەندروست لە هەموو توێژەکان دەستەبەر بێت و وەرچەرخانێک بێتە ئاراوە، لە خێزانەوە تا گەورەترین نێوەند و دامودەزگەکانی حکوومەت و نێوەندەکانی خێزان و کۆمەڵی مەدەنی، بەڵام بەداخەوە تا ئەم ساتە هەنگاوێکی کرداری بۆ ئەم بانگەوازە نەنراوە، ئەوەش جگە لەوەی مەترسییەکی گەورەی بۆ بەردەوامبوونی بەهەڵە پەروەردەکردن و مانەوەی هەڵەکان هەیە کە هۆکاری مانەوەمانن لەم هەلومەرجەی ئێستاماندا، هاوکات دەبێتە هۆی دواکەوتنمان لەگەیشتن بەڕەوتی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان و مانەوەمان وەک نەتەوەیەکی بەکارهێنەر نەک بەرهەمهێن، ئەمەش گەورەترین کێشەی بەهەدەردانی سامان و تەنگژە ئابوورییەکانە کە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر تەواوی لایەنەکانی دیکە ژیان دەبێت.

کەواتە گەر بمانەوێت بنەمایەک بۆ چوونە نێو دنیای وەرچەرخان و

پێشکەوتن دەستبەر بکەین، بێ گومان دەبێ لە پرۆسەی پەروەردەو خوێندنەوە دەست پێ بکەین، چونکە گومان لەوەدا نییە کە تاکی کورد بەگشتی دەقی بەم بونیادەی ئێستاوە گرتووەو هەموو دیاردە سیاسی و ئابووری و کولتوورییەکانیش پتر هاندەری ئەو چەقبەستن و دەقگیریەن، بۆیە تا ئەوپەڕی سنوور پێویستیمان بە پەروەردەکردنی منداڵی ئازاد و سەربەخۆ هەیە، تا ئەو چەقبەستن و دەقگرتووییە تێکبشکێت.

کتێبی (پەروەردەکردنی منداڵانی ئازادو سەربەخۆ) بەوردی باس لەچۆنێتی دامەزراندن و ئامادەکردنی منداڵی ئازاد دەکات بۆ کۆمەڵگە، ئەویش لە میانەی دامەزراندنی قوتابخانەی خاوەن میتۆدی تەندروستەوە.

کتێبەکە لە نووسینی (دکتۆر نیل)و قادر وریا لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی، دکتۆر نیل لە پێشەکییەکەیدا جەخت لە خاڵێکی زۆر گرنگ دەکاتەوە کە "ناتەواوی" کەسێتییە و بریتییە لە کەموکورتی دەروونی و پێی وایە کە (بنەماڵە) و (کۆمەڵگە) هاوسەنگی منداڵ تێک دەدەن و لەڕووی کەسێتییەوە (ناتەواو)ی دەکەن و لەگەورەییشدا ئەو (ناتەواوی)یە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە ڕەفتارە ناحەزی و شەڕەنگێزیەکاندا دەبێت.

دکتۆر نیل دەڵێت : (من لەسەر ئەو باوەڕەم کە بنەماڵەو کۆمەڵ لە تێکدانی تەعادولی (هاوسەنگی) نەخشێکی گرنگیان هەیە، منداڵی (ناتەواو ئەو منداڵەیە کە لەژیاندا هەست بە شادی و ڕەزامەندی ناکات و هەر بۆیە لەگەڵ خۆی و کەسانی دەوروبەری دەکەوێتە بەر بەرەکانێ... ل٥) .. دواتر دێت و باسی ئەم بە (ناتەواوی) پەروەردە بوونە دەکات لەتەمەنی گەورەییدا، چونکە ئەو بارە سایکۆلۆژییە ئەگەر چارەسەر نەکرێت بەردەوام دەبێت و لەباری ناتەواوی یان بوونی کێشەی سیاسی و ئابووری، بەدرێژایی گوزەرکردنی تەمەن کەڵەکەبوویەکی گرژی و ئاڵۆزییە دەروونییەکان دەبنە فاکتەری زیاتر "ناتەواوی" کە ئەوەش لەڕووی ڕەفتار و ئاکارەوە پەرچەکرداریان لەسەر تاک دەبێت لەژیاندا... لەو بارەیەشەوە دەڵێت: "ئەو کەسانەش کە تەمەنیان لێ ڕابردووەو "ناتەواو"ن هەر ئەو گیروگرفتەیان هەیە، پیاوێکی بەختیار هەرگیزاو هەرگیز حەز لە ئازار و ئەزیەتی کەسانی دیکە ناکات، پشتیوانی لە شەڕ و خوێنڕێژی ناکاو بەچاوی سووکەوە ناڕوانێتە ڕەگەزی ڕەش پێستەکان..."

ئەگەر بڕوانین ئەم ئاکارانە بەزۆری لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەشێوەیەکی بەرفراوان هەیە، تەنانەت لە خێزانێکدا کە باوک بەزۆری و دواتر بروا ئینجا دایک لە هەندێک باردا بە مەبەستی تەمێ کردن گوێ بە ئازاردانی ڕۆڵەکانیان نادەن و لێدان کراوە بە ئامرازێکی ترساندن بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، یان ئازاردان و تەنانەت کوشتنیش لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکان، یان لە پێناوی پڕکردنەوەی کەموکورتییەکان کە دەکرێت بەشێوازی ڕەواتر پڕ بکرێنەوە.. هەروەک دکتۆر نیل جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو تاوان و شەڕەنگێزی و شەڕ و بێزارییەکان لەنەخۆشیی دەروونییەوە سەرچاوە دەگرن.

لە بەشی یەکەمدا باس لە قوتابخانەی "سومرهێل" دەکات کە وەک قوتابخانەیەکی نوێ و خاوەن بیروڕای شۆڕشگێڕانە ناسراوەو بنەماکەی بریتییە لە ئازادیی قوتابییان لە سنوورێکی دیاریکراودا کە ئەو سنوورە پەراوێزی ئازادییەکان بەرتەسک ناکاتەوە، بەو هۆیەی دەچنە بازنەی "یاسا"وە کە قوتابییان خۆیان لە دارشتنیدا بەشداربوون و بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕیوە.

یەکێک لەو ئازادییانە ئەوەیە کە قوتابی بەزۆر نابرێتە پۆلەوە بۆ وانەخوێندن، ئەو دەزانێت کە بۆ خوێندن چووەتە ئەو قوتابخانەیە، بەڵام زەنگ لێدان و ڕیزبوون و پێنج یان شەش وانەی بۆ نەکراوە بە یاسا کە ئەگەر نەچێت دەربکرێت یان لێی بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی قوتابییان بەڕێکوپێکی دەچنە پۆلەکانەوەو بەدەگمەن حاڵەتی نەچوون بۆ پۆل هەبووە، کە ئەوەش دواتر توانیویەتی لە خوێندندا سەرکەوتووبێت، لەوبارەیەوە دەڵێت " تاقە نموونەیەک نەبێت کە قوتابییەک بۆ ماوەی سێزدەساڵ لەچوون بۆ سەر کلاسی دەرس خۆی بوارد هیچ کەس زۆری لێنەکرد بەشداری بکا، هەر ئەو قوتابییە کاتێک بڕیاری دا بخوێنێت، توانی بەشێوەیەکی زۆر خێرا بخوێنێ.. ل١٠" دیارە ئەو قوتابییە دواتر دەبێتە ئەندازیاری کارەبا.

لە ئاستی ئەم نموونەیەدا

پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا قوتابخانەکانی ئێمە ئامادەن بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ منداڵێکدا بکەن تا بۆ خۆی خواستی خوێندن لە مێشک و دەروونیدا چەکەرە دەکات؟ داخۆ خێزانەکان ئامادەن منداڵی لەو جۆرە، سەرشێت نەکەن تا دەگاتە بڕیارێک؟

دواتر باس لە خاڵێکی گرنگ دەکات کە کاریگەرییەکی زۆری بۆ ئامادەبوونی سایکۆلۆژیی فێربوون و وەرگرتن هەیە، کە ئەوە بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نەک هەر بۆ منداڵ، بەڵکو لە قۆناغی چوونە زانکۆشدا لەمپەری زۆری لەڕێدا دانراوە، ئەو خاڵەش هۆگری و تامەزرۆییە بۆ فێربوون.

دیارە تامەزرۆیی بۆ خوێندنی بابەتێکی دیاریکراوە کە بۆ پرۆسەی فێربوونەکە ڕێخۆشکەر دەبێت، ئەمە بەئاشکرا دەکرێت هەستی پێ بکرێت کە هەر قوتابییەک پتر لەو وانەیەدا زیرەکە و نمرەی باش دەهێنێت کە لەگەڵ هەست و هۆگری و تامەزرۆییدا بۆ وانەکەی گونجاوە، بۆیە ئەو دیاردەیەی کە قوتابییەک لە هەموو وانەکاندا بەو جۆرە بێت دیاردەیەکی دەگمەنە و ناکرێتە پێوەری دژ بەو بۆچوونەی پێشوو.

دواتر ئاماژە بە خاڵێکی تری لەسنوور بەدەر دەدات کە لە پرۆسەی پەروەردەی ئێمەدا ئەگەر یاسا یان ڕێنماییەکیش بۆ مامۆستایان هەبێت، کەمترینیان جێبەجێی دەکەن و ڕەنگە زۆربەشیان هەر قەناعەتیان پێی نەبێت، ئەویش پرسی "ترسە" واتە ترسی قوتابی لە مامۆستاکان و بەڕێوەبەر، نەک هەر ترسان لەوانەکان و ئامادەنەکردن و نەنووسینیان، بەڵکو ترس لە جووڵەو ڕەفتار و هەندێک لەو ڕووداوانەی کە ڕەنگە بێ مەبەست لە قوتابی بوەشێتەوە، وەک شکاندنی شووشەی پەنجەرەی پۆلێک لە کاتی یاریکردندا. بۆ نموونە من بۆخۆم بەبیرم دێت لە ساڵەکانی حەفتاکاندا کە ئەو کاتە لە پۆلی سێی سەرەتایی بووم، لەدەرەوە هەڵماتێنم دەکرد، مامۆستایەکمان دراوسێشمان بوو، ئاگام لێنەبوو لە ناکاو هات و لە کۆڵان گرتمی و تووکەکانی لاجانگمی هێندە بەتوندی ڕاکێشا ئازاری بەڕۆحم گەیاند.

خۆ داری دەستی مامۆستا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو زیانی زۆری بە پێوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا گەیاندووە، کە گەورەترین زیان بێ هیوایی قوتابییە لەدروستبوونی خۆشەویستی و سۆز و متمانە لەگەڵ مامۆستاکانیدا.

جارێکی دیکەیش لەپۆلی یەکەمی ناوەندی بووم پەڕەی تاقیکردنەوەی وانەی مێژوومان بۆ هاتەوە، کە ڕوانیم مامۆستا لە تەواوی وەڵامەکان نیشانەی ڕاستی لێدابوو، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وابوو نمرەی کەمی بۆ دانابووم کە لەسەرووی حەفتا پلەیشەوە بوو، کاتێک چووم بۆ ژووری مامۆستایان و ئەم بۆچوونەی خۆم پێ ڕاگەیاند، بەشەق دەری کردمە دەرەوە، لەکاتێکدا دەبوو لەوەم حاڵی بکات! لەو بارەیەوە دکتۆر نیل منداڵێکی (٩) ساڵان دەکاتە نموونە کە بەتۆپ تۆپێن شووشەیەکی شکاندووەو بێ ترس چووەتە لای و پێی وتووە کە ئەو شکاندوویەتی... دەڵێت " ئەو بۆیە دێ مەسەلەکەم لەگەڵ باس دەکا چونکە لێم ناترسێ و دەزانێ تووڕە نابم... ل١٠".

دواتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو هەوڵەکانی مامۆستایان لە وانەکانی ئەم سەردەمەدا کە دەیانەوێت بەکاتەکانی دەوام کردن بەقوتابییانی بگەیەنین و فێریان بکەین، بەتایبەتی ئەو وانانەی قوتابییان حەزیان لێ نییە، هێزی داهێنەرانەی قوتابییان لەنێو دەبەن، چونکە ئەو وانانە وەک هزرێکی لە قاڵب دراوی لێهاتووە، بەبڕوای ئەو دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ منداڵدا بە پلەی یەکەم بایەخ بە یاریکردن بدرێت، دواتر فێربوون و خوێندن، هەموو ئەوانەی لە قوتابخانەکاندا قوتابییان هەیە، دەرک بەو ڕاستییە دەکەن کە منداڵەکانیان چەند بەوانەی وەرزش دڵخۆشن، دیارە لەو قوتابخانانەدا کە بایەخ بەم وانەیە دەدەن و پشتگوێی ناخەن، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەگەر یاریکردن بکرێتە بەشێکی گرنگ لە خوێندندا ئەوکات زەمینەی فێربوونی وانەکانی دیکە لەبارتر دەبێت.

کەواتە مامەڵەکردن لەگەڵ باری دەروونی منداڵ لە پرۆسەی خوێندندا کارێکی زۆر گرنگە، پتر بەو مەبەستەی لە قوتابخانەدا چارەسەری ئەوگرێ دەروونییانە بکرێت کە منداڵ لەناو خێزاندا دووچاریان دەبێت، بەڵام بەداخەوە لە قوتابخانەدا نەک هەر ئەمە ناکرێت، بەڵکو دەروونەکان ناسازتر دەکرێن... دکتۆر نیل دەڵێت " قوتابخانە لە هەموو وڵاتانی جیهان چ سەرمایەداری چ سۆسیالیست یان کۆمۆنیست بۆ فێرکردنی لاوان

دروست کراوە، بەڵام باشترین پۆلەکان و چاکترین کەلوپەل و ئامرازی نێو تاقیگەکان ناتوانن ئەو گیروگرفتە عاتیفی و کۆمەڵایەتییانە چارەسەر بکەن کە منداڵان لە ئاکامی فشاری ناپێویستی مامۆستا، یان دایک و باوکان و کۆمەڵدا بەمەبەستی فێربوونی دەرسەکان تووشیان هاتووە... ل١٧"

خاڵێکی دیکەی گرنگ لە پرۆسەی خوێندندا کە پێم وایە بەهیچ شێوەیەک بەهەند وەرنەگیراوە، حیساب نەکردنە بۆ دەنگ و بۆچوونی دیکە، قوتابی لەو بڕیارانەدا کە لەقوتابخانەدا دەردەکرێن... چ لە خوێندن یان لە هەر کارێکی تردا بێت، بەتایبەتی کە لە هەندێ باردا بۆ پاککردنەوەی پۆلەکان و قوتابخانە کار بە قوتابییەکان دەکرێت و هیچ پرسێک بەوە ناکرێت کە کێ حەزی لەو کارە هەیە یان نییە.

لەم کتێبەدا هاتووە "من هیچ وەختێک ناتوانم لە قوتابخانە قوتابییەک ناچار بکەم کە لە باخەوانی و ئاودانی گوڵەکاندا یارمەتیم بدات، چونکە ئەوان پێیان باشترە کاتی ئازادی خۆیان بەکاری تایبەتی خۆیانەوە بەسەربەرن.. ل٢٠"

دیارە بەهۆی هەبوونی کارگوزار و باخەوانەوە دیاردەی کارکردن بەمنداڵان لە قوتابخانەکاندا زۆر کەمە، بەڵام ئەم حاڵەتە دەرەوەی قوتابخانە دەگرێتەوە.. واتە خێزان کە لە زۆر باردا بەهۆی نەبوونی و لەهەندێک باریشدا بەبیروبۆچوونێکی وەک ئەوەی دەڵێت "با منداڵ قایم بێت، قاڵ بێت، فێری کاسبی بێت " ئیش بە منداڵ دەکەن لەو تاقەدا کە ناچێتە قوتابخانە یان لە پشووەکانی نیوەی ساڵ و سەری ساڵ و لەڕۆژانی هەینیدا، لەکاتێکدا ئەگەر پرسیان پێ بکرێت و ئازاد بکرێن و ترسیان نەبێت، ئیشەکە ناکەن چونکە یاریکردن بە باشتر دەزانن، بەڵام گەورەکان تەرخانکردنی کاتی زۆر بۆ منداڵەکانیان بە مەترسییەکی گەورە دەزانن، گوایە لەوانەکانیان دوادەخات، دواڕۆژیان دەکەوێتە مەترسییەوە، کە ئەمەش وا نییە، بەڵکو ئەو منداڵەی لە یاریکردن تێر دەبێت دەتوانێت بە ئاسانتر وانەکانی ئامادە بکات... " ئەگەر منداڵ دەرەتانی ئەوەی پێ بدرێ بەدڵی خۆی یاری بکا، هەرکات دەرسەکانی دەوربکاتەوە، بەمەرجێک هۆگری دەرسەکان بێت، دەتوانێ لەماوەیەکی کەمدا خۆی بۆ تاقیکردنەوەکان ئامادە بکات، بەڵام ئەمە زۆر بەکەمی لەلایەن دایک و باوکانەوە قبوڵ دەکرێت.. ل٢٥" لە کاتێکدا ئیشکردن بەمنداڵ بەنابەدڵی، بەتایبەتی ئەو ئیشانەی کە بەتەنیا خۆیان لە کۆڵان و بازاڕەکاندا دەسوڕێنەوە، منداڵ زیاتر دەخاتە بەر چەندین جۆرە مەترسییەوە، کارکردن بەپێی حەزوئارەزوو بۆ گەورەش بەهەمان شێوەیە، وەک لەم کتێبەدا بەنموونە هێنراوەتەوە، ئەو کەسانەی حەزیان لە هەڵپەڕکێ کردن هەیە، لە کۆڕێکی هەڵپەڕکێدا بەڕادەی چل کیلۆمەتر بەپێ ڕۆیشتن ماندوو دەبن، بەڵام نە پێیان ناخۆشەو نە ئەوەندەش ماندوویان دەکات. بەشی دووهەمی کتێبەکە تایبەتە بە (ڕاهێنان) کە باس لە چەند ڕەفتار و هەڵسوکەوت و حاڵەتە دەرەونییەکان دەکات کە بە ئاکارەوە پەیوەستن.

لەسەرەتای ئەم بەشەدا دکتۆر نیل باس لەئازادیی منداڵ دەکات تا نەبێتە منداڵێکی سەرکوتکراو، چونکە منداڵی سەرکوتکراو هەموو خەسڵەت و ئاکارە نێگەتیڤەکانی تێدا کۆدەبێتەوەو تا گەورەییش هەر کاریگەرییان لەسەر بەردەوام دەبێت.

بەڵام هاوکات جیاوازی لەنێوان ئازادی و بەر لێ بەرەڵاکردندا دەکات کە منداڵ هەرچی ویست بیکات، هاوکات ئەوەش بەهەڵە دەزانێت کاتێک منداڵ بەهەر هۆیەکەوە بێت هەڵەیەک دەکات بەلێدان وەڵامی بدرێتەوە.

لەو بارەیەوە ئاماژە بەسێ جۆر خێزان دەکات، خێزانێک کە توندوتیژن و لەو خێزانانەدا منداڵ ئازاد نین خێزانگەلێکیش کە بێ سیستم و بەرنامەن لە ژیاندا و منداڵ تیایدا چی دەوێت دەیکات، ئەگەر هەڵەش بێت، خێزانێک کە خاوەن بەرنامەن و لەوێدا منداڵ و گەورە مافی وەک یەکیان هەیە.

لەلایەکی دیکەوە باس لە ئاسەواری ترس و مەترسیەکانی سەر منداڵ دەکات و پێی وایە ترسی منداڵ لە گەورە، ترس لەسزادان، لە وەرگرتنی نمرەو دەرنەچوون لە قوتابخانە دەبێتە هۆی دۆزەخکردنی ماڵ و قوتابخانە لە منداڵ، لەکاتێکدا لەدێر زەمانەوەو بەئێستاشەوە، زۆرێک لە ئێمە "ئەگەر منداڵ ترسی نەبێت دەمانخوات " یان لەدنیای پەروەردەکردندا کردۆتە دروشم، هەروەک ئاماژەش بەوە دەکات کە لە

سروشتدا وەک دیاردە ترس یەکێکە لە پێویستییەکانی مانەوە، بەڵام ترس لای منداڵ لە زۆر باردا لەلایەن هەڵسوکەوتی دایک و باوکەوە لەلای چەکەرە دەکات، بەتایبەتی ترسی لە جەستەی خۆی لەبارەی مەسەلە سێکسییەکانەوە، هەروەک دەڵێت دەبێ جیاوازی لەنێوان ترسی سروشتی و ناسروشتیدا بکەین، ئەو ترسان لە ئاژەڵی دڕندەو شۆفێری ناشی و کارەباو لافاو و ئەم جۆرە حاڵەتانە بەترسێکی سروشتی دەزانێت، بەڵام بەردەوام ترسانی منداڵ لە قالۆنچە و دێو و درنج بە نەخۆشی دەروونی دادەنێت، بۆیە سەیرە ئەگەر منداڵێک تا تەمەنی شەش ساڵانیش لەو جۆرە مێروانە بترسێت، دایک و باوک بێدەنگ و بێ هەڵوێست بن لە ڕەواندنەوەی ئەو ترسە.

لەبارەی ترسەوە دەڵێت "خەڵکێکی زۆر وا بیردەکەنەوە ئەگەر منداڵ ترسی هیچ شتێکی نەبێت نابێ بە ئینسانێکی پاک و خاوەن شەرەف، ئەوان دەبێ بزانن ڕاستی و ئاکار جوانییەک کە ئاکامی ترسان لە جەهەننەم و پۆلیس و سزادان بێ، ڕاستی و ئاکار جوانی نییە، بەڵکو ترس و داماوییە... ل٤٧".

بەلای ئەم دەروونناسەوە خۆشەویستی دەبێ ئەڵتەرناتیڤی ترساندنی منداڵ بێت، لەماڵ یان لە قوتابخانە، چونکە منداڵ بەترساندن لەدایک و باوک و مامۆستاش بێزار دەبێت، تەنیا بەدروستکردنی خۆشەویستی و متمانەو پێوەندییەکی دروست دەتوانین منداڵ بەسەر ترسەکاندا زاڵ بکەین.

ئەم کتێبە خوێندنەوەی پتر هەڵدەگرێت و پێویستە شارەزایان پتر ناوەرۆکەکەی شی بکەنەوەو بەزۆرترین ڕێژەی دایک و باوکەکانی بگەیەنن، بەتایبەتی کە لە بەشەکانی دیکەدا باس لە ڕەوشتەکان، مەسەلە سێکسییەکان، کاریگەریی بیروڕاو بۆچوونی دایک و باب لەسەر منداڵ، ئازادی کتێب خوێندنەوەو بینینی فیلم، گیروگرفتەکانی منداڵ وەک خەڵک ئازاراداان و شەڕەنگێزی و بەد ئاکاری، دزی، دەروونناسی و چارەسەری منداڵ، گیروگرفتەکانی دایک و باوک وەک خۆشەویستی و دوژمنایەتی منداڵی ڕوو هەڵماڵراو، هێز و دەسەڵات لای منداڵ، نیگەرانی دایک و باوکان، ناسینی منداڵ لای دایک و باوک، کە هەموو ئەمانە دۆزی گرنگن و دەبێ بەدروستی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، بەمەش گەورەترین کێشەکانی ژیان چارەسەر دەکەن و کۆمەڵگەی تەندروستیان پێ دادەمەزرێت.

**کتێبی: پەروەردەکردنی منداڵانی ئازادو سەربەخۆ.**
**نووسینی: د. ئەی، ئێس نیل.**
**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: قادر وریا،**
**ژمارە لاپەڕەکان ١٩٢.**
**لە چاپکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هیوا، ساڵی چاپکردن ٢٠٠٠.**

# ماسکە و ڕوح
# لە ڕۆمانی عەتردا

**پاتریک زۆزکیند**
**لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا**

ژیان و نووسین بەتایبەتی نووسینی ئەدەبی زۆربەی جارەکان ئەگەر ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ژیانی نووسەر نەکات، ئەوە بێ گومان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و مۆراڵی نووسەرە، جا چ بە بەکارهێنانی کەرەستەی تازە و خوڵقاندنی جیهانی فەنتازی بێت، یان سوود وەرگرتن بێت لە داستان و ئوستورە و کەرەستەکانی پێش خۆی، لە هەموو حاڵەتەکاندا، بەختەوەرترین مرۆڤ، یان ڕەزیلترین و بێزارترین مرۆڤی سەر ڕووی زەوی هەڵدەبژێرێت.

پاتریک زۆزکیند بۆ خۆ ڕزگارکردن لەو گۆشەگیری و پەناهەندەییەی خۆی، پەنا بۆ ڕوحی مرۆڤ دەبات، کە سەرچاوەی خۆشترین بۆنە لە ژیاندا، ئەوەی ئەم بۆنەی نەبێت، پەنا بۆ ماسکە دەبات.

پاتریک زۆزکیند لە ٢٦ی مارسی ١٩٤٩ لە شترانبێرگەر لە بایرن لە دایکبووە، نووسەرێکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانە، کوڕی ویلهیلم ئیمانوئێل زۆزکیندەی نووسەر و وەرگێڕە. پاتریک کەساتییەکی تایبەتی لەنێو ژیانی ئەدەبیدا هەیە، زۆر کەم چاوپێکەوتن دەکات، بە دەگمەن لە شوێنە گشتییەکاندا دەردەکەوێت، کۆمەڵێک خەڵاتی ئەدەبی ڕەتکردۆتەوە وەک (خەڵاتی توکان لە ساڵی ١٩٨٧) و (خەڵاتی ئەدەبی FAZ لە ساڵی ١٩٨٧) و (خەڵاتی دەرکەوتنی فەرەنسی ساڵی ١٩٨٦)، هەروەها لە کاتی ڕێزلێنانی بە بۆنەی بە فیلمکردنی ڕۆمانەکەی (پەرفوم) لە مونشن ئامادە نەبوو. زۆرکەم وێنەی هەیە. بە ناوبانگترین نووسینی ڕۆمانی عەتر (پەرفوم)ە کە لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاوبووەتەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر ٤٦ زمان و ١٥ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە، ماوەی ١٠ ساڵ لە کتێبە داواکراوەکان بووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ کراوەتە فیلم.




(یان باپتیست گرینیۆلی) لە پیسترین و بۆگەنترین شوێنی پاریس، کە بازاڕی ماسی فرۆشانە لە دایک دەبێت، دایکی وەکو چوار منداڵەکانی تر بەدەستی خۆی ناوکی دەبڕێت و هەر لەوێ لە نێو زبڵ و زەوی شەختەبەند فڕێی دەدات بۆ ئەوەی لە ماسی فرۆشتن

دانەبڕێت و بتوانێت خۆراکی ڕۆژانەی دابین بکات، بەڵام (گرینیۆلی) بە یەکەم گریان هێزی خۆی نیشان دەدات و دژایەتی ئەو قەدەرە دەستکردە دەکات. دوای ئەوەی دایکی بە تۆمەتی کوشتنی منداڵەکانی لە سێدارە دەدرێت، گرینیۆلیش دەبرێتە دایەنگەی (مەدام گیلارد)، هەر لەوێ گرینیۆلی هەست بە بۆنی هەموو شتەکانی دەوروبەری دەکات و پەنجەی یەکە یەکەی منداڵەکان بۆن دەکات و دەبێتە هەستیارترین لووتی پاریس، لە تەمەنی هەشت ساڵی گرینیۆلی لەلایەن مەدام گیلاردەوە دەفرۆشرێتە (گریماڵ)ی پێستەچی، ئەویش دەیبات بۆ ناو سەنتەری شار وەکو کۆیلە کاری پێدەکات، کەچی مەدام گیلارد خێر لە پارەکە نابینێت و هەر لەوێ لە پێناو حەوت (فرانک)ی نرخی گرینیۆلی دەکوژرێت. گرینیۆلی بەردەوام بە دوای خۆشترین بۆندا دەگەڕێت، لە کارکردن و لە پشوو مەستی بۆنکردنە، بۆنی هەموو شتەکانی ئەم شارە دەکات، لە ناکاو هەست بە بۆنێکی جیاواز لە بۆنەکانی تر دەکات، کە نزیک دەکەوێتەوە کچێکی شۆخوشەنگی لیمۆ فرۆشە، بڕوا بە لووتی خۆی ناکات، کە ئەم بۆنە دەکات، دوای کچە دەکەوێت تا لە گۆشەیەکی شار دەستگیری دەکات و لووتی بە سنگ و مل و پرچییەوە دەنووسێنێت، کچە لە ترساندا دەیەوێت هاوار بکات، کەچی گرینیۆلی ناتوانێ دەست بەرداری بێت، بۆیە دەیکوژێت، ئینجا بۆنی دەکات، بەڵام لەگەڵ مردنی بۆنەکە دوای چەند دەقیقەیەک نامێنێت. ئەم حاڵەتەش گرینیۆلی تووشی وەحشییەت و نائومێدی و بێزاری دەکات، دەگەڕێتەوە لای (گریماڵ)ی خاوەنی، لەوێش بەهۆی دواکەوتن و خۆدزینەوە دارکارییەکی باش دەکرێت، بەڵام گرینیۆلی هیچ باکی بە لێدان و کەمی خواردن نییە، بەڵکو هەموو خەیاڵی لای ئەوەبوو چۆن بتوانێت بۆنەکان بپارێزێت و لە یادی نەکات، ئەمە گەورەترین ئامانج و هیوای بوو. گرینیۆلی تا ئەو کاتەی تەمەنی گرنگی بە خۆشوشتن و پاکو خاوێنی لەش و جلەکانی نەدەدا، کەچی عەشقی بۆنی خۆش بوو. ئێوارەیەک پێستە بۆ (بالدینی) عەترفرۆش و کیمیاگەر دەبات، لەوێ هەست بە بوونی شەنسێک دەکات و توانا و ستایلی خۆی نیشان دەدات لە دروستکردنی عەتر. ئەمەش وا لە (بالدینی) دەکات ئەم قوتابییە لە (گریماڵ) بکڕێتەوە، هەمدیس (گریماڵ) خێر لە پارەکە نابینێت و بەسەرخۆشی لە پردی ناو شار دەکەوێتە خوارەوە و دەخنکێت.

گرینیۆلی بە تێکەڵکردنی چەندین ماددەی جۆراوجۆر عەتر دروست دەکات و (بالدینی) دەکاتە دەوڵەمەندترین کەسی شار، بەبێ ئەوەی خوێندەواری هەبێت، یان ناوی ئەو مادە و گوڵانە بزانێت کە تێکەڵیان دەکات، هەروەها لەلای مامۆستا (بالدینی) فێری کۆمەڵێک تەکنیک و تاقیکردنەوە دەبێت، کە لە دروستکردنی عەتری تازەدا یارمەتی دەدەن، تا دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە بتوانێت لە کەرەستەی نوێ بۆنی هەمیشەیی دروست بکات، چی ئاسن و شووشە و پێستە و شتی تر هەیە لە تاقیگەی بالدینی تاقی دەکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و ئەم تاقیکردنەوە دوورەوە زۆر کاری تێدەکات و نەخۆش دەکەوێت تا ئەو ڕادەیەی دکتۆری پاریس دەڵێ دەمرێت، بەڵام دوای ئەوەی لەسەر جێگە لەگەڵ بالدینی دەکەوێتە گفتوگۆ و دەپرسێت: ئایا سەرچاوەی خۆشترین بۆن چییە؟ بالدینی نازانێت، بەڵام بۆ سەردەمی فیرعەونەکانی میسری دەگەڕێنێتەوە و بە ئەفسانە ناوی دەبات، کەچی گرینیۆلی بڕوای بە ئەفسانە نییە و هەر ناشزانێت ئەفسانە چییە، بۆیە دەڵێت: مامۆستا سەرچاوەی خۆشترین بۆن (ڕوحی مرۆڤە) بەڵام ناتوانین بیپارێزین. ئینجا بالدینی پێی دەڵێت: لە شاری (گراسە) دەتوانێت فێری دروستکردنی ئەو عەترە بێت کە لە هەموو ژیانی بە دوایدا دەگەڕێت.

گرینیۆلی چاک دەبێتەوە و بە دروستکردنی هەزار بۆن خۆی لە بالدینی دەکڕێتەوە و نامەی سەفەر بۆ (گراسە) لە بالدینی وەردەگرێت و دەکەوێتە ڕێ. بالدینی ئەم شەوەی لا خۆشترین شەوە کە بۆتە خاوەن خۆشترین بۆن و زۆرترین بۆن، زۆر بە دڵخۆشی و بەئارامی دەخەوێت، بەڵام وەکو ئەوانی تر ناتوانێت لەم شەوە زیاتر بژێت، خانووەکەی بەسەردا دەڕووخێت، بە خۆی و پارە و عەتر و خانووەوە

دەکەوێتە ڕووبارەوە.

گرینیۆلی لە پاریس دەچێتە دەرەوە و بە دەشتودەر و کێوەکاندا ڕێ دەگرێتەبەر، هەتا دووریش دەکەوێتەوە دژونتر و چڵکنتر دەبێت، دەگاتە شاخێکی بورکانی و دەچێتە ئەشکەوتێک لەو شاخە و حەوت ساڵ لەم ئەشکەوتەدا ڤیگتاری (نەباتی) ژیان بەسەر دەبات، کە جگە لە بۆنی بەرد بۆنی هیچ شتێکی تری لێنایەت و دابڕانێک بوو لە نێوان خۆی و مرۆڤەکانی تر، بەڵام لە ناخی خۆیدا لەگەڵ ئەو بۆنە دەژیا، کە بە پاڵاستی بۆنەکانی دادەنا، گرینیۆلی چێژی لەم پێگەی خۆی دەبینی کە بە فەنتازیای خۆی گەورەترین دەسەڵاتی سەر زەوی بوو، بەڵام شەوێک لە خەونێکی ناخۆشدا ڕادەچلەکێ، بۆنی هەموو شتێک دەکات تەنیا بۆنی خۆی نەبێت، خەریکە لە ناو بۆگەنی خۆیدا دەخنکێت، لەوکاتەدا هەست دەکات کە بۆنی هەموو شتێک دەکات جگە لە بۆنی خۆی نەبێت، بۆی دەردەکەوێت کە بۆنی تایبەت بەخۆی نییە و کەسێکی ونبووەو هیچ گرنگییەکی نییە تەنیا بوونی هەیە، خەریک بوو شێت بێت، بەڵام هێزی بۆنکردن هەبوو لە دەرەوە بۆنی کچی جوانی دەکرد، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە بەرەو شار کەوتە ڕێ.

گرینیۆلی بۆ بەدەست هێنانی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەی لە ڕێگای عەترەوە دەتوانێت بە دەستی بخات، دەچێتە لای (مەدام ئارنۆلفی) لە شاری گراسە کە خاوەن کارگەی بەدەست هێنانی عەترە، لەوێ فێری ئەوە دەبێت چۆن بۆن لە گوڵ جیادەکرێتەوە. لە یەکەم پیاسەی گرینیۆلی بە نێو ئەو شارەدا هەست بە بۆنێکی نایاب و زۆر سەرنجڕاکێش دەکات، وەکو بۆنی ئەو کچە لیمۆفرۆشەی لە پاریس کوشتی، ئەو بۆنەش بۆنی (لاورا)ی جوانترین کچی شار و کچی بازرگانێکی دیاری شاربوو لە ئاهەنگی مارەبڕینیدا، گرینیۆلی بڕیار دەدات کە پرۆژەکەی تەواو بوو دوایی بێتەوە، چونکە لە (بالدینی) مامۆستایەوە فێری نەغمەی بۆن ببوو، کە دەیگوت: بۆن دەبێت لە نەغمە و نۆتەی بزانێت بۆ تەرکیبەیەکی دەقیقی ڕوحی خۆشەویستی، چونکە بۆن وەک نەغمەی مۆسیقا وایە، نەغمەی عەتر چوار بۆن، یان چوار نۆتەیە بە جوانی و پاکی هەڵبژێردراوە و ئەم هارمۆنیەتە دروست دەکات. هەر بۆنێک لە سێ نەغمە پێکدێت (سەر، دڵ، قاعیدە) هەمووشیان پێویستیان بە دوازدە نەغمە هەیە، نەغمەی یەکەم، یەکەم باری سەرنج دروست دەکات پێش ئەوەی بگاتە نەغمەی دڵ، کە چەند کاتژمێرێک دەخایەنێت و لە نەغمەی قاعیدە کە چەند ڕۆژێک دەمێنێتەوە پێی دەڵێن: کلکی بۆن. هەروەها عەتری ڕەسەن بە زیادکردنی نەغمەیەکی زیاد دروست دەبێت، بەمەش سەیتەرە لەسەر ئەوانی تردا زاڵ دەبیت، ئەم دوازدە نەغمەیە هێزی فیرعەونەکان بوو، دوای چەند هەزار ساڵ لە گۆڕی ئەوان عەترێکیان دۆزییەوە، کە سەریان کردەوە خۆشترین بۆن بوو، هەستیان دەکرد چوونەتە ئاسمان، بەڵام نەغمەی سێزدەم بۆنێکی زیندووە و ناتوانرێت دەست نیشان بکرێت.

دوای ماوەیەک پشێوی لەناو شار بڵاودەبێتەوە و کەسێک چی کچگەلی جوانی شار هەیە هەڵیاندەبژێرێت و دەیانکوژێت، بە ڕووتی و پرچ بڕاوی لە کۆڵان و ناو ماڵان و کڵێسەکان جێیان دێڵێت، بەڵام بەبێ ئەوەی دەستدرێژی سێکسییان بکاتە سەر. دوای کوشتنی بیست و چوار کچ، بۆ ماوەیەکی کەم ئارامی ڕوو لە شار دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا (ئانتۆنی ریکیس)ی باوکی (لاورا) بیر لە سیستمی ئەو بکوژە دەکاتەوە، هەست بەوە دەکات کە کوژراوی داهاتوو کچە شازادەکەی ئەوە، بە زووترین کات لە شار دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی کچەکەی ڕزگار بکات، کەچی گرینیۆلی هەر بە بۆنەکەی شوێن پێی هەڵدەگرێ و دەیدۆزێتەوە و لەناو جێگاکەی خۆیدا دەیکوژێت و بۆنەکەی لێوەردەگرێت، وەک بۆنی کچەکانی تر، بەڵام ئەم جارە لە کاتی تێکەڵکردنی بۆنەکان دەستگیر دەکرێت.

گرینیۆلی بە تاوانی کوشتنی کچەکان بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت، دە هەزار کەس لە سەنتەری شار بۆ بینین و ڕیسواکردنی کۆدەبنەوە، بەڵام کە گرینیۆلی دەچێتە سەر سەکۆی سێدارە هەموو خەڵکەکە تێکڕا بە جەللادەوە خۆشیان دەوێت و دەیپەرستن، ڕۆژی پێشوویان لە

بیـر چووەوە کـە داوای مـەرگـیـان دەکرد، هۆیەکەشی بۆنی ئەو کچانە بوو، دڵۆپێک لەو عـەترەی ڕژاندە ناو پارچە پەڕۆیەکەی گیـرفـانی و بەڕووی خەڵکەکەدا هەڵیتـەکاند، لای ئەو دە هەزار کـەسـەی کـە چاوەڕێی مـەرگـیـان دەکـرد بووە فریشتە و داوای بوردنیان بۆ کرد، هەمـوویان مـەسـتـبـوون و خـۆیان ڕووتکردەوە و کەوتنە ڕامووسان و سێکس کردنێکی نائاسایی کە نە دەیان توانـی ڕوونی بکەنـەوە، نە لەگـەڵ ئەخـلاق و مـۆراڵیـشـیـان دەگونجا. گرینیۆلی ئازادکرا، باوکی (لاورا) لەبەر بۆنی کـچـەکـەی داوای لە گرینیۆلی کرد ببێتە کوڕی و برای لاورا. لە جیاتی گرینیۆلی (دۆمەنیک درۆیت) مێردی (مەدام ئارنۆلفی) خاوەن کارگە لە سێدارە درا، چونکە پرچ و جلی کـچـەکـان ئـەو دۆزیـیـەوە و بـووە بەڵـگـە لەسەری.

گرینیۆلی بەرەو پاریس گەڕایەوە و بەشی ئەوەندەش عـەتری مـابوو، کە بتـوانێت کۆنترۆلی هەمـوو دنیـا بکات، خـاوەن هێـزێکی گـەورەتر بوو لە پارە و مـردن، هێـزێک کـە کۆتایی نایەت لە زاڵبـوون بەسـەر خۆشەویستی مرۆڤـایەتی، کەچی گـرینیـۆلی بەم دەسـەڵاتە مـەزنە دڵخۆش نەبوو، چونکە نەیدەتوانی خـۆی و خـەڵکی خـۆش بوێت، هەروەها هەسـتی دەکرد کـە خەڵک ئەویـان خـۆش ناوێت، بەڵـکو عـەترەکـەیان خـۆش دەوێت، ئەوە تەنیـا مـاسکەیە و هیـچی تر، ئەم بیـرکـردنەوەیەش گـەیاندییـە ئەوەی تف لە خۆی و عەتر و دنیا بکات.

گـرینیـۆلی لە پاریس دەچێـتـە بازاڕی مـاسی فـرۆشـان شـوێنی لە دایکبـوونی، پیـسـتـرین شـوێن کـە ئەوی تێـدا هاتۆتە دنیـا و کـەس خـۆشی نـەدەویـست، لـە نـزیـک کـۆمـەڵێک کچ و کـوڕی بەرەڵڵای سـەرشـەقـام، عـەترەکـەی دەڕژێنێـتـە سەر لەشی، کاریگەریی عـەترەکە وا لەو کـۆمـەڵە کـەسـە دەکـات وەک فریشـتـە خۆشیـان بوێت و هەر یەکە بەشێکی بۆ خۆی بەرێت و بیخوات، گرینیـۆلی جگە لە جلەکانی، هیـچی تری لەسەر ئەم دنیایە نەمایەوە.

**سەرچاوە:**

**Das Perfum**
**Die geschichte eines**
**Moerders**
**Ptrick Sueskind,1985**

# له هەولێر ئانری دۆلو وی میوانی گۆڤاری ڕامان بوو

ڕۆژی شـــەممەی ڕێکەوتی ٢٩ی تشــــرینی دووەمی ٢٠٠٨ لە شــاری هەولێـــر، لە هۆڵی ئوتێل چوارچرا، شاعـیر و ڕۆژنامـەنووسی ناوداری فـەڕەنسایی (ئانری دۆلو وی) کە پێشتر بە میوانداریی فیستیڤاڵی گەلاوێژ هاتبووە سەردانی کوردستان، لە شاری سلێمانییـەوە گـەیشـتـە شـاری هەولێـر، ئەو هاتنەی بە مـەبەسـتی بەسـەرکـردنەوەی چەند داوودەزگـایەکی ئەکـادیمی و ڕووناکبیری و دیبلۆماسی بوو. لە ماوەی مانەوەی خۆیدا لە شاری هەولێر بە دەستـپێشـخەری گۆڤـاری (ڕامان) ئێـوارە دیالۆگـێکی بۆ ڕێکخرا، کـە ئەو ئێـوارە دیالۆگـە دەستـەبژێرێک ڕووناکـبیر و نووسـەر و شاعـیری شاری هەولێری لەخۆ گرتبوو.

لەو ئێـوارە دیالۆگەدا کە (د. فـەرهاد پیـربال) بەڕێوەی دەبرد و دیالۆگـەکانی لە فەڕەنساییەوە دەکردە کوردی و کوردییەکانیشی دەکردە فەڕەنسی، سەرەتا ئەم شاعیرەی بە ئامادەبووان ناساند و ئەوەی ڕوون کردەوە کە بێجگە لە شـاعـیـرایەتی ئانری دۆلو وی، لە سـاڵی ١٩٤٩وە یەکێک لە بەناوبانگترین گۆڤارەکانی تەرخان کراو بۆ شیعریش بەڕێوە دەبات، لەبەر ئەوە بە نیازە لە داهاتوودا یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤارەکەی بۆ شیـعری کـوردی تەرخان بکات. پێش ڕاپەڕین هیچ دەزگایەک، گۆڤارێک لەهیچ شـوێنێک ئامـادە نەبوون کـاری لەو جـۆرە بکەن، چونکە دەبوایە پێشتر ڕەزامەندیی لە حکوومەتی عیراق وەربگیـرێ تا کـارێکی لـەم جـۆرە بۆ ئەدەبیـاتی کـوردی بکرێ، بۆیە ئەو دیالۆگــە زۆر پێـویست بوو بکرێ تا پرۆژەکە کـامڵـتـر بێ و ئاسۆکانی نوێبوونەوەی شیـعری کوردی زیاتر بۆ ئانری دۆلو وی ڕوون بکرێتەوە.

جێگەی باسە ئەم شاعیرە کە باری سەرنجێکی تایبەتی سەبارەت بە شیعری کوردی لە لا دروست ببوو لە ڕێگەی ئەو نموونە شیـعرییـانەی بۆی کرابوونە فەڕەنسی بیروڕای خـۆی دەردەبڕی، ئامـادەبـووانیش بە پرسـیـــار و ڕوون کـردنەوە، کۆمـەڵێ باس و بابەتی گرنگیـان سـەبارەت بە شیعر بەگشتی و شیعری کوردی بە تایبەتی ورووژاند. شایانی گوتنە ئەم ئێـوارە دیالۆگـە ڕاستـەوخۆیە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند.

سـەرەتای گفـتـوگۆکـە د. فـەرهاد پیـربال ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە دەناسێنێ:

(مـوحـسین ئاوارە، د. ئەکـرەم خـامـۆش، مـەحـمـوود زامدار، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، هاشم سەڕاج، کەریم کـاکـە، د. ئازاد حـەمـە شـەریف، ئازاد عـەبدولواحـیـد، فـەریدوون سـامـان، د. سـەروەر عـەبدوڵڵا، زانا خـەلیل، عەبدولخالق یەعقووبی، سەرکەوت وەلی، پەیامنێرێک، وێنەگرێکی تەلەفزیۆنی).

د. فەرهاد پیـربال: ناوی کۆڕگێـڕ (ئانری دۆلو وی) لە سـاڵـی ١٩٤٩ یەکـەم گـۆڤـاری تەرخـان کـراو بـۆ شـیـعـر بەنـاوی (ئێکسـیـــۆن پـۆیەتیک- Action Poetique) دەردەکـات، کە یـەکـەمین و کـۆنتـرین گـۆڤـاری تایبـەتە بە شـیـعـر و تا ئێـسـتـاش بەردەوامـە لە دەرچوون. لەو چەند سـاڵـەی دوایـیـدا هەمـیـشــە ژمـارەیەک لە ژمـارەکـانی گۆڤارەکەی تەرخان کردووە بۆ شیعری نەتەوەیەکی دیاری کراو، لەو ژمارە تایبەتییانەی تەرخان کراون بۆ شیعری میللەتانی جیـاواز و من دیومن و لە سلێـمـانی پیـشـانی



**ئانری دۆلووی – فەرهاد پیرباڵ**

خەڵکمدان تایبەتن بە شیعری (تبتی، هەنگاری، سووریایی، مەکسیکی، پیرۆیی...تاد و ئەم هەر جارەی ژمارەیەکی گۆڤارەکەی بۆ شاعیرانی میللەتێک تەرخان کردووە. لەم دواییەدا کە خەریک بوو فیستیڤاڵی گەلاوێژ ساز دەکرا بە سەرپێیی بە کاک مەلا بەختیارم گوت هەموو جارێک ئەو هەموو عەرەبە دێن، با جارێکیش فەڕەنسییەک بانگهێشت بکرێت. ئەوەی قەبووڵ کرد و وتی کە بە خۆیشی ئەو پڕۆژەیەی هەبووە کەسانی بیانی بانگهێشت بکات. گوتم ئەوە دەرفەتێکە هەم لە فستیڤاڵەکە بەشدار بێ و هەم لێرە بەخۆی ئەو پڕۆژەیەی ئەنجام بدات، ئەوە بوو میوانداری کراو هات. لە سلێمانی بواری ئەوەمان نەبوو لە پڕۆژەکەی بدوێین، لەوێ هەندێک شیعری وەرگێڕاوی لە ئەحمەدی مەلا وەرگرتبوو، هەندێکی لە من وەرگرت، هەندێکی لە برادەرانی دیکەی فەڕەنسی زان وەرگرتووە، کەم تا زۆر دەیەوێ ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکەی بۆ شیعری کوردی تەرخان بکات، هەرچۆنێک بێت ناچمە نێو وردەکاریی ئەو بابەتە و بەخۆتان چ پرسیارێکتان لە بارەی ئەو بابەتەوە هەیە، یان لەبارەی هەرچی پێوەندی بە شیعری فەڕەنسییەوە هەبێ، لێی بکەن و با ئەمڕۆ گفتوگۆیەک دروست ببێ. ئەوەی ئەمڕۆ بە پێشنیاری مامۆستا مەحموود زامدار و کاک ئازاد عەبدولواحید کرا، کە حەزیان کرد لە هەولێر دانیشتنێک ڕێک بخرێ، منیش زۆر حەزم کرد و پێم خۆش بوو وەک چۆن لە چایخانەیەک دادەنیشین چایەک دەخۆینەوە، ئاوا دانیشین و چ پرسیارێک، گفتوگۆیەکمان هەبێ لێی بکەین، لەسەرچی پرسێکی پێوەندییان بە شیعری ئەمڕۆی فەڕەنسییەوە هەبێ، یان بارودۆخی شیعر لە ئەمڕۆی فەڕەنسەدا قسەمان بۆ بکات و تێبینییەکانی، ڕایەکانی خۆی لە بارەی بارودۆخی شیعری ئەمڕۆ لە فەڕەنسا چۆنە قسەمان بۆ دەکات. لەکۆتاییشدا چ پرسیارێکتان لێی هەیە با لەو دانیشتنەدا لێی بکەین و قسەی لەبارەوە بکەین.

ئانری دۆلو وی نزیکەی حەفتا، هەشتا کتێبی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا چاپ کردووە.. بەشێک لە کتێبەکانی بۆ من هێناوە. لە لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکانیدا بیبلۆگرافیای کتێبەکانی نووسیوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆری لە گۆڤارەکەی لە ساڵی ١٩٤٩وە تا ئەمڕۆکە چاپ کردووە، بە پلەی یەکەم شاعیرە، بە پلەی دووەم سەرنووسەری گۆڤارێکی شیعرە، کە کۆنترین گۆڤاری شیعری فەڕەنسایە. ئاگام لێیە و پێ دەچێ لە زۆر وڵات ئاوها بێ، تەنیا لە بواری شیعر دەنووسێ و تەنیا لە بواری شیعر وەڵامی پرسیار دەداتەوە. مەزەندە دەکەم ئەوەندە ئاگاداری بوارەکانی دیکە نەبێ. دەتوانن ئەوە بکەنە پرسیارێک. واتە هەموو بڕشتی خۆی هاویشتۆتە بواری شیعرەوە. (٩) زمان دەزانێ: ڕووسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، چیکۆسلۆڤاکی، ئیسپانی، ئیتاڵی، فەڕەنسی، پورتوگالی، ئەوەی ئەو زمانانە دەزانێ، دەتوانێ بەو زمانانە پرسیاری لێ بکات. ناچارین هەندێک بە پەلە قسە بکەین، لەبەر ئەوەی بابەتەکە بابەتێکی زۆر فراوانە، بۆیە ناچارم هەندێک لە شتەکان بەشێوەیەکی چڕوپڕ باس بکەم. بۆ ئەوەی بوار هەبێ بە فراوانی بچینە سەر بابەتەکان، ئێوەش ئەگەر پرسیارتان هەبێ، قسەی لە بارەوە بکەین.

کۆڕگێڕ: وشەیەکی زۆر بە پەلەتان لە بارەی بارودۆخی ئابووری شیعر پێشکەش دەکەم. بارودۆخی ئابووری ئەوەی پێوەندی بە شیعرەوە هەیە لە فەڕەنسادا زۆر خراپە. جەماوەری شیعر زۆر کەمە. ئەگەر دەوڵەت یارمەتی بۆ شیعر نەبێ، بواری ئەوە دروست نابێ شاعیر بتوانێ شیعری خۆی بڵاو بکاتەوە، بۆ گۆڤاری ئەدەبییش هەمان شتە. لەبواری ئابوورییشەوە کارەکە زۆر قورسە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو شیعرانەی لەو بارودۆخە خراپە ئابوورییەشدا هەن، ئەو شیعرانە زۆر زۆر باشن. ژیانێکی شیعری زۆر دەوڵەمەند و زۆر جۆراوجۆر هەیە کە زۆر شتی تازەی تێدایە. بەبێ ئەوەی هەندێک لە شتە کۆنەکانیش، مەبەستم لە کارە سونەتییەکانە کە پێوەندییان بەشیعرەوە هەیە پشتگوێ خرابن. لە فەڕەنساش وەک هەموو دنیا زۆر خەڵک هەن شیعر دەنووسن. وەک لە هەموو دنیاش دەبینین لە فەڕەنساش

ئەو شیعرانەی زۆر زۆر باشن ژمارەیان کەمە. لە فەڕەنسا پێنج- شەش شاعیر هەن کە زۆر زۆر باشن. ئەمە مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەو پێنج-شەش شاعیرە باشەدا، ژمارەیەکی زۆریش شاعیری خراپ هەن. لەناو هەموو ئەوانەدا بۆچوون و ڕەوتی جۆراوجۆر هەیە. زۆر شاعیر هەن کە بە فۆڕمێکی ترادیسۆنێر (تەقلیدی)، یان کۆن دەنووسن. (دوای ماوەیەک قسەکردنی کۆڕگێڕ بە زمانی فەڕەنسایی، د. فەرهاد وتی، ئەو شتانەی ژماردی ڕیتمی شیعری کۆنی فەڕەنسی بوون) کە لەلای ئێمەش هەیە و ئەوانە دەگرێتەوە کە بەپێی سیستمی کۆنی عەرووزی دەنووسن. هەروەها دەڵێ لە شیعری فەڕەنسی سیلاب واتە بڕگە هەیە. زۆر شاعیر هەن بەردەوامن و بەو شێوەیەی جاران دەنووسن. زۆریش هەن بە سیستمی ئازاد دەنووسن، کە سیستمێکی جیهانییە و لە هەموو جیهاندا هەیە. شیعری ئازادی ئەنتێرناسیۆناڵ کە لە هەموو وڵاتانی دنیادا دەیبینین، لە فەڕەنسادا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم لە دایک بوو. لە هەمان کاتدا ئەو شۆڕشە گەورەیەی کە لە شیعری فەڕەنسیدا بەرپا کرا ئێوە لێی ئاگادارن. لەو دەوروبەرەدا ئەو شاعیرانەی ناومان بردن سەریان هەڵدا و شیعری فەڕەنسییان بەرەو گۆڕان برد. سی ساڵێکە، یان هەندێک زیاترە لەگەڵ سەرهەڵدانی بنیادگەری، تەنانەت ئەمڕۆکەش لیڤی شتراوس کە تەمەنی سەد ساڵی ڕێکە، هێشتا هەر زیندووە و سەری خۆی نەدۆڕاندووە- مەبەستی نەدۆڕانی مەزهەبەکەیەتی- کە ئەو دامەزرێنەری ستراکتۆرالیزمە لەگەڵ جاکۆبسن و ئەوانە، پیاوێکە خۆشم دەوێ، زۆر بوێرە و زۆر هەڵوێستی جوانی لەکاتی سەختدا هەبووە، ئەو بۆچوونی خۆی دەربڕیوە. کەواتە لەماوەی ئەو چل ساڵەی دواییدا جۆرە شۆڕشێکی نوێ هاتە نێو شیعری فەڕەنسییەوە، ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە هاوزەمانی ستراکتۆرالیزم سەری هەڵدا، لەسەر بنەمایەکی ئەوتۆ بوو کە بریتییە لەو پرسیارەی کە کێ دەنووسێ؟ کاتێک من دەنووسم، کێ دەخوێنێتەوە؟ من دەخوێنمەوە؟ دەبینین ئەو دوو پرسیارە پێوەندییان بەگرێ کوێرەی ستراکتۆرالیزمەوە هەیە و پێوەندییان بە (شیکاری دەروونی) و ئەو دووانەوە، (بنیادگەرایی) و (شیکاری دەروونی) هەیە.

هەموو ئەوانە پێوەندییان بە نەمانی نووسەرەوە هەیە، واتە بزربوونی نووسەر. ئەو کەسەی کە دەڵێ من دەنووسم درۆ دەکات، درۆزنە، لەبەر ئەوەی (من) وجوودی نییە. ئەو قسەیەی ڕامبۆتان بەبیر دێتەوە کاتێک ئەو قسەیەی



کرد کە دەڵێ (من ئەوەی ترم- je est autre). من ئەوم. ڕستەکەی ڕامبۆ ئاوایە، واتە کاری کەسی سێیەم بۆ خۆی بەکاردێنێ. ناڵێ (ئا یام- I am) دەڵێ (ئای ئز- I is) کەسێکی ترم، واتە بۆ شاردنەوەی خۆی، زمان بەکاردێنێ. مەبەست ئەوەیە کە لە ڕامبۆوە ئەو پرسیارە دەست پێ دەکات کە دواتر بنیادگەرەکان خستیانە ڕوو. پرسی ئەوەی (من) لەناو ئەدەبدا بزر دەبێ و نامێنێ و دەبێتە ئەو. ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ ببینە خەونێک بۆ ڕامبۆ. سەد ساڵێک زیاترە لە فەڕەنسا بەهۆی ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژی و چی و چیانەی هاتوونەتە ئاراوە هەڵوەشێنراوەتەوە، بزاڤە شیکارییە دەروونییەکان، مارکسیەت، ئەمانە هەموویان دەوریان لە گۆڕینی ئەو چەمکانە و ئەو تێگەیشتنانەدا بینی کە جاران بۆ شیعر هەبوون. ڕێبازەکانی وەک فۆتۆریزم ودادایزم و سوریالیزم و ئەوانەی باسمان کردن، ئەمانە کە هاتنە کایەوە ئەگەر هیچ نەبووبن، داکۆکی کردن بوون لەو قسەیەی پێشتر ئاماژەم پێ کرد، واتە مەسەلەی لەناوچوونی من و مەسەلەی لەناوچوونی ئەو تێگەیشتانەی جاران بۆ شیعر هەبوون، ئەو ڕێبازانەی ناوم بردن دووپات کردنەوەیەک بوون بۆ ئەو گۆڕانەی لە تێگەیشتنی شیعر لای ئەوروپاییەکان هەبوون. ئەمە یەکێک لەو گۆڕانانە بوو، کە وای کرد هەموو ئەو بارودۆخەی شیعر بگۆڕێ. چی شیعر بگۆڕی؟ خاڵێکی گرنگ بگۆڕێ ئەویش لەناوچوونی سۆزداری و سۆزنواندن بوو کە لە ناو شیعردا بوونی نەما. سۆز و هەستی سادە و ساکار شتی زۆر خۆیین، یان هی کەسێکن، بەڵام ئەگەر هەروەک گوتمان وجوودی نەمابێ، مانای ئەوەیە دەبێ ئەو هەست و سۆزانە جێگەیان لەشیعردا نەمێنێ.

لێرەوە نووسین خۆی دەگەیەنێتە دنیایەکی بەتاڵ لەو شتانەی باسمان کردن. نووسین خۆی دەگەیەنێتە ناو

دۆخێکی زۆر قورس و توند و دوور لەو سۆز و شتانەی باسمان کردن، بۆیە بابەتەکانی شیعر وای لێهاتووە کە لە هەموو شوێنێک، تەنانەت لەناو ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، هەواڵەکان، ژیانی ڕۆژانە، بابەتی خۆی هەڵێنجێ، بێجگە لەوانەی باسم کردن. کەواتە ئیشی شاعیر دەبێتە ئیش کردن لەناو ئەو شتانەی غەیری ئەوەی باسم کردن، بەشێوەیەکی وەها کە شاعیر بێت لەمەودوا لەناو زماندا ئیش بکات. وا لەخۆی بکات بە قسە بێ، بەهۆی زمانییەوە وا بکات زمانی خۆی قسە بکات. لەناو زماندا قسە نەکات، بەڵکو زمانی خۆی ئازاد بکات. ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری فەڕەنسا، نەک هەر فەڕەنسا، بەڵکو هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوا و واتێدەگەم ئەمریکاش هەروایە.

ڕەوتێکی دیکەی شیعر کە هەر بە هەمان هێزەوە کاریگەرییش دەخاتە سەر ئەوانەی دیکە، ئەو شیعرەیە کە ئێمە لە فەڕەنسا ناوی دەنێین (ڤیزوێل- Visuel) (بینراو)، (دیدەیی). حەز دەکەم لەسەر ئەو (سۆنۆخ- Soneure)ەش ڕاوەستین. (سۆنۆخ) لە دەنگەوە دێ، لە ئینگلیزیشدا هەیە، کە شیعری دەنگی پێ دەڵێن. شیعری بینراو و شیعری دەنگی (ئەوەی پێوەندی بەدەنگەوە هەیە).

(د. فەرهاد پیربال دەڵێ داوام لێ کرد کەمێک لەسەر ئەو دوو جۆرە شیعرە قسەمان بۆ بکات).

کۆڕگێڕ: نموونە بۆ شیعری وێنەیی وەکو ئەوەی ژنێک بێ، جلکی خۆی داکەنێ و خۆی ڕووت بکاتەوە. بۆ شیعری دەنگیش، تێکست لە شیعری دەنگیدا قورسایی ناخاتە سەر پێوەندی دەنگیی ڕستەیەک لەگەڵ ڕستەیەکی دیکەدا، یان وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا، بەڵکو هەر هەموو قورساییەکەی لەسەر خودی دەنگ لەناو شیعرەکەدا دەبێ، دەبێ لەسەر شیعری دەنگی نموونەیەکتان بدەمێ:

یەکەم جار نووسینێکی نۆڕماڵتان بۆ دەخوێنمەوە:

چوومە بازاڕ پارەم گۆڕییەوە، کردمە ئۆرۆ (یۆرۆ) لەناو بازاڕی هەولێر.

ئەوەی ئێستا شیعری سۆنۆخە. (شیعرەکە لەلایەن کۆڕگێڕەوە بە فەڕەنسی دەخوێندرێتەوە) (فەرهاد پیربال دەڵێ لەخوێندنەوەکەدا عیراقی کردە سێ بەش)

دیسان فەرهاد پیربال شی دەکاتەوە و دەڵێ:

(یانی وشەکان لەت لەت دەکات- زۆرتر دەنگی وشەکان دەکاتە شیعر)



کەواتە شیعری سۆنۆخ لەکاتی خوێندنەوەدا تەئکید لەسەر مانا ناکات، وەکو ئەوەی وشەکان هیچ مانایەکیان نەبێ و تەنیا دەنگەکە بێ، هەوڵ دەدا بەو دەنگە سەیرانەی لە چوارچێوەی کەرت کردنەکەدا دروست بن، بەو دەنگانە مانایەکی تەواو جیاواز لەمانای خۆی دروست بکات، ئەوەیە شیعری سۆنۆخ. بێ گومان ئەوانەی لەو هونەرەدا سەردەکەون ژمارەیان کەمە، بەڵام خۆشتان دەزانن ئەوانەی شیعری ئاسایی دەنووسن، ئەوانیش ژمارەیان کەمە. سێیەم ڕەوتی بەهێزی شیعری ئەمڕۆی فەڕەنسا، دەرکەوتنی زۆر بە جەنجاڵ و قەرەباڵغی ژنانە. ئەمە دیاردەیەکی دنیاییە، بەڵام بەتایبەتی لە فەڕەنسادا بەهێزە. لەبەر ئەوەی ئێمە بەدرێژایی مێژوو، مێژوویەکی تایبەتی پیاوانمان هەبووە، پیاوان شیعریان گوتووە، لەو مێژووەدا بە دڵنیاییەوە ژنی تێدا نەبووە. بۆ نموونە سەدەی نۆزدە، سەدەی هەرە گەورەی شیعری فەڕەنسا، ڤیکتۆر هۆگۆ، لامارتین،... تاد. یەک ژن لەناو ئەو پیاوانەدا نەبووە. یەکێک هەبووە کەستان لێرە نایناسێ، شاعیرێکی خراپیش نییە. ئەو تاکوتەرا شیعری هەبووە و هەموویان خراونەتە ناو جانتایەکی بچکۆلەوە. نەوجاست لەیتەر، ئەوە نەوەی گەورەی شاعیرە سوریالیستەکانی فەڕەنسا بووە. (کۆمەڵێک ناودێنێ بەهۆی بە پەلە وتن و فۆنەتیکەکەی پێمان ساغ نەکرایەوە) یەک ژنیان لەگەڵ نەبووە. شتێکی زۆر سەیرە.

(فەرهاد پیربال (نەوجاست لەیتەر) دووپات دەکاتەوە، پاشان بە فەڕەنسی بۆ کۆڕگێڕ دەدوێ)

کۆڕگێڕ: لێکدانەوەمان بۆ ئەوە نییە، منیش دەزانم چی دەڵێی مەسەلەی کۆمەلایەتی و ئابووری هەر ئەوە نییە، ئەو شتانە لە ئیسپانیا و لە ئەمریکا و ئەوانە بووە، لەوێش ئەوە هەبووە، بەڵام دیسان ژنی گەورەی شاعیریان

نەبووە، هۆیەکان لە دەستمان ڕا دەکات، چل ساڵێکە ژنی زۆر پەیدابوونە، لە هەموویان باشتر، شتی باشی ئەوتۆیان هێناوەتە ناو شیعر کە شتی گەورەیە، نەک شیعری ژنانە و هەر بڵێی شیعرێکی ژنانەیە، هەر لەو ئاستە نا، لەبەر ئەوەی شیعر مەسەلەی سێکسی تێدا نییە ژن بینووسێ، یان پیاو، بەڵام ئەوان گۆشەنیگایەکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیان هەبووە، بەتایبەتی لە بەستێنی ژیان و جەستە و سێکسواڵیتە، توانیویانە بە توانا بن و باس لە چێژ وەرگرتن بکەن. ئێمە زۆر جاران توانای ئەوەمان نەبووە باس لەو چێژ وەرگرتنەی خۆمان بکەین، بەڵام ئەوان باسی دەکەن. لای ئێمەی پیاو باس لە سێکس دەکەین، وەک چۆن بەرازێک باسی دەکات، بەڵام ئەوان بوێرانە و جوان باسی دەکەن، ئێمەی پیاو وا باسی ژنان دەکەین وەک خۆشەویستی حاڵەتێکی زۆر میتافیزیکی بێ، هەرواش باسی خۆشەویستیمان کردووە، بەڵام ژن توانای ئەوەیان هەیە قسە بکەن، باسی ڕاحەت بوون، بەشێوەیەکی زۆر سادە باسی لەزەت و چێژ وەرگرتنی خۆیان بکەن، کە ئەمە زۆر نایابە، ئەمە زۆر گرنگە. ژیانی سێکسواڵیتە مەیدانێکی فراوانی لەناو زەینی ئێمەدا داگیر کردووە.

دیسان ئەو ژنانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی ئەو لایەنانەی ژیانیان کردووە کە ماوەیەکی زۆرە پشتگوێ خراون، یان لە ئەوروپا بە جۆرە نەخۆشییەکیان لە قەڵەم دەدا، ئەو ژیانە فەرامۆش کراوەی ئەو ژنانە، ئەوان توانیویانە باسی ئەمانەش بکەن، ئەوەش شتێکی زۆر گرنگە و لێرەدا ڕادەوەستین، ئیتر هەرچی پرسیارێکتان هەبێ تکایە.

ئازاد عەبدولواحید: ساڵانێکی دوور و درێژە لە ناو ڕەخنە و ئەدەبیاتی فەرەنساییدا، گەورەیی شیعر و هونەر و داهێنانی شیعر لەوەدا دەبینرێ کە چۆنی گوتووە، نەک چی گوتووە. جیاوازی شیعرێکی جوان و داهێنەرانە لەگەڵ شیعرێکی ئاسایی هەر ئەوە بووە. پرسیارەکەی من لەوەدایە کە ئەو دەڵێ من لەساڵی ١٩٤٩وە گۆڤارێک بەڕێوە دەبەم تایبەتە بە شیعر و دۆسیەی بۆ شیعری هەموو گەلانی دنیا کردووەتەوە، ئەوان بە چ پێوەرێکی ڕەخنەیی و ئێستێتیکی، شیعر هەڵدەسەنگێنن و شیعری باش و خراپ لێکتر جودا دەکەنەوە؟

کۆرگێڕ: یەکەم پێوەر کولتوورە، هەموو ئەوانەی لە گۆڤارەکەدا کاردەکەین بەردەوام بە چەندین زمانی ئەوروپایی و نا ئەوروپایی دەخوێنینەوە، ئێمەی ئەندامانی گۆڤارەکە زۆر شیعر دەخوێنینەوە. ئێمە کاتێک شیعرێکمان بۆ دێ چەند کۆپییەکی دەکەین و بەسەر خۆمانیدا دابەش دەکەین و هەموومان دەیخوێنینەوە. ڕەنگە یەکێک بە شێوازی شارێکی دی نووسیبێتی، یان بە شێوازی کەسێکی دی نووسرابێ، ئەوانە هەموویان دەخوێنینەوە. لەبەر ئەوەی ئێمە لەناو ئەو گۆڤارەدا ژمارەمان زۆرە و سەر بەزمان و کولتووری جۆراوجۆرین، ئەو هەمەچەشنیی کولتوور و پێوەرە جۆراوجۆرانەی هەمانە یارمەتیمان دەدەن لەسەر ئەو چێژە جۆراوجۆرە کۆک بین و ئەو کولتوورە جۆراوجۆرەی هەمانە وامان لێ دەکا بتوانین لەسەر ئەو بنچینەیە شیعرەکان هەڵبسەنگێنین، بەڵام لەلایەکی دیکەوە کاتێک لەگەڵ یەکتر بەهەڵەدا دەچین، ئەوەش لێکدی قەبووڵ دەکەین. زۆر حیساب بۆ ئەوەش دەکەین ئەو ئایدیۆلۆژیەتەی ئەوڕۆ لەناو هەر شیعرێکدا هەیە ئاگاداری بین. بۆ نموونە، نموونەیەکت بدەمێ. پێش نزیکەی چل ساڵێک، واتە لە ساڵانی ١٩٧٨ بە دواوە زۆر قورس بوو شیعرێک دژی کۆمۆنیزم بنووسرێ، ئەمڕۆکە بۆتە مۆدەیەک، هەر کەس هەڵدەستێ شیعر لە دژی کۆمۆنیزم دەنووسێ. کەواتە زۆر ئاگامان لەو پرسانەیە.

ئازاد عەبدولواحید: پێش ئەوەی کۆڕەکە دەست پێ بکات، لەو ماوە کورتەدا کە لەگەڵ برادەران بیروڕامان ئاڵوگۆڕ کرد، باسی ئەوە دەکرا گوایە شیعری کوردی زۆری بە کەڵکی وەرگێڕان نایەن. من پێم وایە یەکێک لەو ڕەخنە گەورانەی ڕووبەڕووی شیعری کوردیمان دەبێتەوە ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری ئەو شیعرە بەحوکمی ئەوەی میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو، هەمیشە چەوساوەتەوە و زوڵمێکی زۆری لەسەر بووە، بۆیە ئەو شاعیرانە هەمیشە لەناو مێژوودا ئیشیان کردووە، واتە لە دەرەوەی مێژوو ئیشیان نەکردووە، شیعری ڕاستەقینەش هەر ئەوانەن کە شاعیرەکانی لەدەرەوەی مێژوو ئیشیان لەسەر کردووە. پرسیاری من ئەوەیە ئێمە کۆمەڵێک زاراوەی وەک شاعیری گەورە و شاعیری یەکەم و شاعیری پلە دوو و ئەوانەمان هەیە، ئایا لە فەرەنساش ئەو جۆرە نازناوانە هەیە؟

کۆرگێڕ: ماوەیەک لە فەرەنسا ڤیکتۆر هۆگۆ بەشاعیری نەتەوەیی فەرەنسا لە قەڵەم دەدرا. ئەمڕۆش هەر ڤیکتۆر هۆگۆمان خۆش دەوێ، بەڵام ئەو نیشتمانپەروەری و ناسیونالیزمەی ڤیکتۆر هۆگۆی ئەوسا، ئەمڕۆ ئێمەی ماندوو کردووە، تاقەتمان لێی چووە، بۆیە بۆ ئێمە

ئەمڕۆکە ڕامبۆ شاعیرێکی زۆر لە ڤیکتۆر هۆگۆ گەورەترە، لەبەر ئەوەی ڕامبۆ نووسی (من ڕقم لە فەرەنسایە) وەکو ڤیکتۆر هۆگو کە نیشتمانپەروەر بوو، ناسیونالیست بوو، شیعری نەگوت. من باش لەوە تێدەگەم کە جەنابت دەڵێی شیعری کوردی بووەتە قوربانی مەسەلە نەتەوەییەکەی خۆتان، لەو حاڵەتەتان تێ دەگەم، بۆیە ئێوە لە میللەتانی دیکە دەرناهاوێژرێن. ناسیونالیزم شتێکی قۆڕە، لە هەر جێیەک بێ لە بۆ هەموو کەس هەر وایە. منیش خەڵکی وڵاتێکم کە وڵاتەکەم وەک ئیمپریالیستێک دەوری خراپی دیتوە. من نامەوێ دڵتان بئێشێنم، یان گلەییتان لێ بکەم. کە دەڵێی ئەگەر لای فەرهاد، یان لەلای هەر برادەرێکی دیکەش هەندێک سەرکۆنەی بارودۆخی شیعری ئەمڕۆی کوردیم کردبێ، یان بە شتێکی ساکار خوێندبێتمەوە و لە شیعری ئەمڕۆی کوردی نارازی بووبم، مەبەستم ئەوە نەبووە دڵتان بئێشێنم، من نەهاتوومەتە وڵاتی ئێوە و ناو ئێوە بۆ ئەوەی وانەتان پێ بڵێمەوە، وانەتان فێر بکەم، شیعری ئێوە ئیشی خۆتانە، ئیشی من نییە. من لە دەرەوەم، خوێنەرێکی بێگانەم، لەوانەیە هەڵەش بم، لەوانەیە شیعری ئێوە خۆش بێ، بەڵام ڕێگەم پێ بدەن بۆچوونی خۆم بڵێم، لەوانەیە هەڵەش بکەم. زۆرم پێ سەیرە، کاتێک دیتم زۆرێک لە نووسەرانی کورد داخیان لەوەیە کە لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان بەباشی نەناسراون، زۆرم پێ سەیرە کە نووسەری کورد هەست بەو مافخوراوییە دەکات کە لە دەرەوە نەناسراوە. بۆ ئەو کارە دەبێ هەوڵی جۆراوجۆر و چەند لایەنە بدەن. من هاتوومەتە ئێرە بۆ ئەوەی شت فێر ببم. دەبینم نووسەری کورد زۆر زۆر کەمن کە زمانێک بزانن، زمانێک بێجگە لە زمانی میللەتەکەی خۆیان. زۆر کوردم دیوە گوتوویەتی بەڵێ من بە ئینگلیزی قسە دەکەم، کەچی نەیتوانیوە فیکر و بۆچوونی خۆی بە ئینگلیزی بە من بگەیەنێت.

د. ئازاد حەمە شەریف: ئەوەی من لە شیعری ئینگلیزی و لە شیعری فەرەنسیدا بینیومە تەنیا ئەو شاعیرانەی لە کۆمەڵگە و کولتوورەکەی خۆیان یاخین، ئەوانەن کە بە پلە یەک گەیشتوونەتە ترۆپکی شیعر، کە ئێستا دەڵێی شیعر مردنی خۆی ڕاگەیاندووە، ئایا شاعیرەکان ئەو توانایەیان نەماوە و پاسیڤ بوون؟

کۆرگێر: یەکەم ئیلیەت پیاوێکی یاخی نەبوو، بە پێچەوانەوە پیاوێکی ڕاستڕەو بوو. ئیلیەت کۆلۆنیالیزمی ئینگلتەرای قبووڵ کرد. دووەم هاتوهاوار و گوتنی ئەوەی کە من دژم و یاخیم، مەرج نییە تەنیا بە هاتوهاوار بێ، ڕێگەی دیکەی یاخی بوونیش هەیە. ناتوانم ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەت نەدەمەوە، بەشێوەیەکی سروشتی لە فەرەنسا وەک وڵاتانی دیکە توانەوەی ئایدیۆلۆژیەتە شۆڕشگێڕەکان، زەبری زۆر بەهێزیان لە هەموو ئەو جۆرە شێوازە جۆراوجۆرانەی ئیلیزام دا. ناتوانین ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو بەگژداچوونەوەیە لە دژی ئیستالینیزم یاخی بین، وەک چۆن لە سالانی پەنجایەکان دەبینرا. ئەگەر ژان پۆل سارتر ئەمڕۆ زیندوو بوایە، ئەو شتانەی نەدەنووسی کە لە سالانی پەنجایەکاندا نووسیونی. وەلامی من ئەوەیە.

عەبدولخالق یەعقووبی: دوو پرسیارم هەیە، یەکەم ئەوەی کە لە شیعری مۆدێرنی فەرەنسی شاعیر بە جۆرێک زمان وە دەنگ دێنێ، بەواتایەکی دیکە زمان نەک وەک ئامرازێک کەڵکی لێ وەردەگرێ، بەڵکو وەک ئامانجێک وایە، ڕای ئەو لەو بارەیەوە چۆنە؟

د. فەرهاد پیربال: ئەو کە گوتی ئامانج، مەبەستی لە ئامانج باسی شیعری دەنگ و ئەمانە بوو، من نەمگوت ئامانج، ئەویش نەیگوت ئامانج، باسی ئەوەی کرد لەجیاتی ئەوەی قورسایی بخرێتە سەر ڕستەکان، گوتی قورسایی دەخرێتە سەر دەنگەکان، من تەنیا تەرجومەتان بۆ دەکەم، ئەو بەو شێوەیەی نەگوتووە.

عەبدولخالق یەعقووبی: مەبەستی من ئەوەیە تا چ ڕادەیەک ئەو گرنگیدانە بەزمان وەک ئامراز چاوی لێ دەکرێ، واتە قورسایی دەخرێتە سەر خودی زمانەکە؟ لەو نێوانەدا بە جۆرێک مانا و ناوەڕۆک نەبێ بە قوربانی؟ وەکو ڕامبۆ گوتی (من ئەوەی ترم) ئەمە بۆ خۆی نیشانەی ئەوەیە کە جۆرێک لە دیالۆگ لە شیعردا هەیە، لە پشت هەر دیالۆگێک جۆرێک لە گۆڕینەوەی بیرۆکە و هزر هەیە؟

کۆرگێر: من باوەڕ ناکەم کارکردن بەو شێوەیە خەتایەک بێ، لە ئاستی شیعر کەم بکاتەوە، هەروەها دیسان دەوری کۆمەڵایەتی شیعر کەم بکاتەوە، یەکەم بەڵگە، ڕۆڵی کۆمەڵایەتییانەی شاعیر، بوونی نییە. گەورەترین شاعیرە فەرەنسییەکانی ئەمڕۆی فەرەنسا کە برادەری منن و دەیانناسم، لەناو پەنجاو پێنج ملیۆن فەرەنسیدا، تەنیا هەزار خوێنەریان هەیە. جگە لە ۲۰۰ ملیۆن فەرەنسی زمانیش کە لە هەموو دنیادا هەن. کەواتە کوا شیعر دەتوانێ دەوری کۆمەڵایەتی بگێڕێت؟ تاقە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی کە هەمانە، بەشدار بوونە لە دروست کردنی داهێنانێک لەناو ئەو زمانەماندا و بە ئەکتیڤ کردنێتی، کەواتە با واز لەو شیعرانە بێنین. ئارەزووی خۆشتانە چ

دەکەن بکەن.

عەبدولخالق یەعقووبی: لە پرسیاری دووەمدا باسم لەوە کرد کە ناسیونالیزم

د. فەرهاد پیربال: ئا وەڵامی دایەوە و گوتی ئەمە قۆڕە و تەواو بوو.

عەبدولخالق یەعقووبی: گوتاری ناسیونالیزم لە مێژووی ئێمەدا وەکو میللەتی کورد گوتارێک بووە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندی بە چارەنووسی ژیانی ئێمەوە بووە، ڕەنگە هۆیەکی گەورەی ئەوەی بۆچی شاعیرانی کورد زۆربەی پاڵیان بە گوتاری ناسیونالیزمەوە داوە و لە دەنگی ناسیونالیزمەوە قسە دەکەن، هۆیەکەی ئەوە بووبێ کە ئێمە لە بارودۆخێکی تایبەتی ناسیونالیستیداین، ڕەنگە میللەتی فەڕەنسا لەو بارودۆخەدا نەبووبێ. کەواتە ئەو شتەی ئەو لەدەرەوەی ناسیونالیزمی کوردی قەزاوەتی لەسەر دەکات، ئەوە بەشێکە لە ژیان و جیهانبینی ڕۆژانەی ئێمە وەک میللەتی کورد، ئێستا من پرسیاری ئەوەی لێدەکەم: ئایا دەکرێ قەزاوەت کردن لەسەر ناسیونالیزم تەنیا بە حوکمی ئەوەی جۆرێک لە ئایدیۆلۆژی سیاسی بێ، بەو شێوەیەی کە بۆ وێنە شیعر لە دەرەوەی ناسیونالیزم ببینین؟ ئایا ناسیونالیزم تەنیا کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر شیعر هەیە، ئایا ئەو قسەیە ڕاستە؟

کۆرگێر: من ئەوانە هەمووی تێدەگەم، هۆکاری مێژوویی هەیە. لەوانەیە ناسیونالیزم کاریگەری پۆزەتیڤیشی لەسەر شیعر هەبێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ڕوحت تەسک دەکاتەوە.

عەبدولخالق یەعقووبی: بەڵام ناسیونالیزم ناتوانێ لە ژیانی ڕۆژانەی کورد داببڕێت.

د. سەروەر عەبدوڵڵا: مەبەستت چییە لەوەی کە دەڵێی کۆتایی هاتنی سۆز و سۆزداری و عاتیفیەت؟ دەڵێن لە شیعری فەڕەنسیدا کۆتایی هاتووە، لەکاتێکدا ئەمە یەکێکە لە تێزەکەی جاکۆبسن؟

کۆرگێر: ناسنامەی شیعر وجوودی نییە، تا شاعیرەکان شیعر نەنووسن، شیعر وجوودی نییە، شیعر نییە. دیمەنەکان، پیاو، ئەوانە شیعری نین. ئەوەی کە شیعرییە نووسینە. دووەم باسی ئەوەم کرد کە هاتنی ئافرەت بۆ ناو ژیانی ئەدەبی بۆچی گرنگ بوو؟ لەناو بەستێنی جوانیناسی شیعربدا، چەندان سەدەیە پیاو هەمان شتیان نووسیوە، خۆشم دەوێی، خۆشم ناوێی. منت خۆش دەوێ؟ منت خۆش ناوێ؟ حەز ناکەم تۆ بەجێم بێڵی، یان دەستم لێدەی. دەستم لێدە، بمشۆ... ئەو قسە قۆڕانە. خۆ نابێ هەر ئەو قسانە دووبارە بکەینەوە، ئەوە بەسە و کۆتایی بێت.

ئەو شتانە لەناو شیعردا بەسە، مردین هێندەی بیانڵێینەوە. ژنانیش گوتیان بەسە، بەس ئەو قسەقۆڕانە دووبارە بکەنەوە. ژنێک پیاوێک پێی دەڵێ خۆشم دەوێی، ژنەکە باش دەزانێ ئەو دەیەوێ سێکسی لەگەڵ بکات، ئەگەرچی ئەمە وەڵامدانەوەیەکی قورسە، ئەگەر ئەوە بە پیاو بڵێن ناخۆشە. ژن لەناو شیعری خۆیاندا ڕاستییەکی تازەیان بە تۆ گوت، ئیستێتیک ئەوەیە دەنا نییە. ئەوەی کە ڕاستە، پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە چۆن کارێکی وابکەین لەپێناو گواستنەوەی شتێک لە پەخشان بۆ دروست کردنی شیعرێک، ئەوە تاکە پرسیارێکی گرنگە، شتێک لە پەخشانەوە بگوازینەوە. بۆ نموونە ئەوڕۆ لە فەڕەنسا لە ناو خۆمان سەد شاعیرێک پرسیارێکی زۆر خۆش کە لە ڕامبۆی دەپرسین ئەوەیە: ئایا شیعری پەخشان وجوودی هەیە، یان نا؟ زۆر لە ئێمە وا تێدەگەین نا، لەبەر ئەوەی شیعری پەخشان بریتییە لە پەخشانی چڕ. شیعر هیچی دیکە نییە جگە لە فۆرمێک، ئەو فۆرمەی کە زۆر شت دەگۆڕێ بۆ شتی تازە.

د. ئەکرەم خامۆش: (بە ئەڵمانی) میرابۆ نووسەرێکی فەرەنسی بوو، دوای ئەوەی حەزی لە ئافرەتێک کرد، هەڵات چووە دەرەوەی فەڕەنسا، کە هەڵات سزای لە سێدارە دانی بۆ دەرچوو، دوای ئەوەی لویسی شازدەم تاجی لەسەر نرا، گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. دوای ئەوەی مرد چەند دوکیومێنتێک لەلایەن خەڵکەوە دۆزرانەوە، ئەوکاتە میرابۆ ببووە پەرلەمانتاریش، خەڵک زۆر خۆشیان دەویست، بەڵام کە بەڵگەکانیان گرت، بۆیان دەرکەوت میرابۆ قەڵەمێکی سیخوڕە، لەبەر ئەوە لە گۆڕستانی شۆڕشگێڕان نەیانهێشت و بردیانە گۆڕستانی دزان. ئایا لەو سەردەمەی ئێستادا خەڵکی وا هەن لە فەڕەنسا جاشی دەربار بن؟

وەڵامی کۆرگێر: میرابۆ بۆ ئێمە نموونەیەکی خراپە، لەبەر ئەوەی نووسەر نییە، وتاربێژێکی هاتوهاوارکەری کاتی شۆڕشە، جاش بوو، ئەوەی کە پێوەندی بە رووسیا و پاشانیش بە سۆڤیەتەوە هەیە، بینینی ئەو شتانە لەو سەردەمەی رووسیا، لەگەڵ ئێستادا جیاوازە، لەبەر ئەوەی گەورەترین ڕەوتی شیعری ئەوکاتە مەسەلەی فۆتۆریستەکان بوو. من بەشێکی زۆرم لێ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی. فۆتۆریسم پێش شۆڕش بووە.

مەحموود زامدار: بارودۆخی شیعر لە کوردستاندا چۆن دەبینی؟

کۆرگێر: من وەڵامم پێ نییە، ئێوە دروستی دەکەن. من دەتوانم یارمەتیتان بدەم. دەمەوێ هەوڵ بدەم ئەدەبیاتی کوردستان و شیعری کوردی بەخەڵکی دیکەی جگە لە خۆتان بناسێنم. لە ئێستاوە فەرەنسا خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کوردستان هەیە. ئێمە خۆشەویستیمان بۆ مەسەلەی کورد هەیە. ماوەیەکی زۆرە، زۆر لە خەڵکی ئێوە هاتوونەتە فەرەنسا، یان بڵێین پاریس. بەشێوەیەکی گشتی ئێمە پێشوازییەکی باشمان لە ئێوە کردووە، لەناو ئێمەشدا ڕاسیزم هەیە، بەڵام هەموو خەڵک ڕاسیست نییە. تاقە شتێک کە دەتوانم بڵێم بۆ نووسینی شیعری کوردیی ئەمڕۆ زۆر پێویستە، ئەوەیە دەبێ بزانن خەڵکی دیکە چی نووسیوە، ئەوە زۆر گرنگە.

ئازاد عەبدولواحید: لەبەر ئەوەی سەرچاوەگەلی فەرەنسی کەم دەگەنە ئێرە، پێمان باشە ئەو کە لە ١٩٤٩وە ئەزموونێکی دوور و درێژی لەگەڵ شیعردا هەیە، جار بە جار ئەو شیعرانەی کە لەلای ئەوان نموونەی باڵان لە شیعری هاوچەرخی فەرەنسیدا، ئەوانە لە ڕێگەی کەسێکی وەک د. فەرهادەوە بگەیەنێتە دەستمان بۆ ئەوەی لەسەر ئەوانە ئیش بکرێ و فەرەنسی زانەکان وەریان بگێڕین و وەک نموونەی جوان بیانناسێنین، چونکە زۆربەی ئەو شیعرانەی ئەمڕۆکە بەهۆی وەرگێڕانەوە دەیانخوێنینەوە لە ئاستێکی باشدا نین و وێنەیەکی شێواو و خراپ لەلای خوێنەری کورد دروست دەکەن، دواجار داوا دەکەین بە فەرەنسی شیعرێکی خۆیمان بۆ بخوێنێتەوە.

کۆرگێر: ئێستە دیوانە شیعرەکانی خۆمم پێ نییە. هیچ شیعرێکی خۆشم لەبەر نییە. ئێمە ڕانەهاتووین شیعری خۆمان لەبەر بکەین. (ڕوو دەکاتە د. فەرهاد و پێی دەڵێ تۆ لە جیاتی من وەڵام بدەوە)

د. فەرهاد پیربال: مەبەستی ئەوەیە پێتان بڵێم زۆر لە گۆڤارەکانی دەریان کردوون، هەر هەموو ژمارەکانی بۆ من هێناوە، منیش بەڵێنم داوە ئەو گۆڤارانە کە هەندێک شتیان تێدایە پێوەندییان بەو قسانەوە هەیە کە ئێستا کردنی، یان پێوەندییان بە شتی دیکەی غەیری خۆیەوە هەیە کە کردی، بەتایبەتی ئەو سێ ڕەوتەی باسی کرد. بەهیوای ئەوەی کە وەریان دەگێڕین گاڵتەمان پێ نەکرێ. دووەم شت دیوانەکانی خۆی کە هەموویانی بۆ من هێناوە، بەڵێنم داوە بە ئەویش و بەڵێن بە ئێوەش دەدەم، ئیش لەسەر کارەکانی بکەم. ١٠- ١٢ دیوانی بۆ هێناوم، ڕەنگە بە شێوەی (ئەنترۆپۆلۆژیایەکی) بچووک چاپیان بکەین، بەڵام بەڵێن دەدەم کە کار لەسەر هەموو ئەو شتانە بکەم.

د. ئازاد حەمە شەریف: باشترین نموونەی شاعیران لە ١٩٨٠ بۆ ئەمڕۆ ئەگەر دوو، یان سێ شاعیری دیاریکراومان پێ بڵێ. بۆ نموونە ئەو شاعیرانەی گوێمان لێیان بووە (گلیی فیک- هێنری میشۆ-....) کێ نموونەی باشترین شاعیری فەرەنسی ئەمڕۆیە؟

کۆرگێر: دەیڵێمەوە من نەهاتوومەتە ئێرە بۆ ئەوەی وانە بڵێمەوە، بەڵام شاعیر هەن حەزم لێیانە، بۆ نموونە هێنری میشۆ شاعیرێکی گرنگە و حەزم لێیە، شاعیرانی دیکە زۆر کەمتر، بەڵام ئەو شاعیرێکی باشە، شاعیری دیکەش هەن کە حەزم لێیان بێ. یەک لە شاعیرانی ساڵانی پەنجاکان کە من خۆشم دەوێ (ئەندرێ دو بۆشێ)یە.

زۆر کەس ماون کە ئێوە نایانناسن و لەناو کەللەی مندان، شاعیرانی نەوەی من کە گەنج نین، زۆربەمان تەمەنمان خەریکە دەگاتە هەشتا ساڵ (ژاک گوبۆ) شاعیرێکی گەورەیە. (میشیل گیکی)، (کۆرگێر بە پەلە کۆمەڵێک ناو دەڵێ) لەناو گەنجانیشدا ناو هەن. ئایا بیست ساڵی دیکەش شاعیری باش و باشتر دەمێنێ؟ ئەوە نازانم، بەڵام ناو هەن، گەنجیش هەن و دەنووسن.

زانا خەلیل: لەناو شیعر و کولتووری فەرەنسیدا، کە بە وڵاتی فیکر و تەوژمی نوێ و هونەر و هەستی جوان ناسراوە، ئافرەت بەخۆی بوونەوەرێکی هەستەوەرە، چۆنە لای ئێوە شاعیری گەورەیان لەناودا پەیدا نەبووە؟

کۆرگێر: من بەشێوەیەکی کورت وەڵامی ئەوەم دایەوە، پێم وایە واقیعەکە ئەوهایە. یەک شاعیری گەورەمان هەیە لە سەدەی شازدە (لوئیز ئۆلابێ)، لەو کاتەوە ژنێکی گەورەی شاعیر پەیدا نەبووە. بۆ ئەوەی شاعیرێکی گەورە هەبێ، دەبێ هەزاران شاعیری خراپ هەبن، ئەمە وەک تۆپانێ وایە.

هاشم سەراج: وتت پرسی سۆز لە شیعردا نەماوە، لەلای شاعیرانیش سۆز لاواز و سست دەبێ. شاعیرێک لە پرسە مرۆییەکان و ئەو ڕووداوانەی کە دەیانکا بە شیعر، سۆز و هەستی مرۆیی دەیجووڵێنن، ئەوجا ئەو شیعرە دادەڕێژێ.

کۆرگێر: لەلای من سۆز هیچم بۆ ناکات، زیاتر وام لێ دەکات بمنوێنێ.

**ئا: رامان**

## باوهاوس- Bauhaus

بزووتنەوەیەکی هونەری سەرتاپاگیری بوو، ساڵی ١٩١٩ لەلایەن ڤالتەر گرۆپیوس W.Gropius لە ڤایمار-Weimar ڕاگەیاندرا. ڤالتەر گرۆپیوس کە ئەندازیار و هونەرمەندێکی بیناسازی بەرلینی بوو، هەر لەو ساڵەدا قوتابخانەیەکی بیناسازی و هونەرەکانی تەتبیقی بەناوی باوهاوس دەکاتەوە. باوهاوس واتە: ماڵی داهێنان، ماڵی دروستکردن و داهێنان. لە سەرەتادا تاڕادەیەکی زۆر گرینگی بە شانۆ دەدرا، بەڵام دواتر گشت بوارە هونەرییەکانی گرتەوە وەک: هونەری شێوەکاری، تەلارسازی و بیناسازی، پەیکەرتاشی و شانۆ..تاد. ساڵی ١٩١٩ ڤالتەر گرۆپیوس لە (مانیفێستی باوهاوس)دا حەز و ئارەزوو و ڕوانینی خۆی بەهێزەوە دەردەبڕێ بۆ تێکەڵ کردنی هەموو هونەرەکان، گونجاندن و ئاشت کردنەوەی هونەرەکان لەگەڵ تەکنیک و تێکەڵ کردنیان بە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، لەم بارەیەوە دەڵێ: (پێویستیمان بە ئیرادە و تێگەیشتن و بنیادنانێک هەیە هەموو تێیدا بەشداربین بۆ دامەزراندنی هونەری تەلارسازی نوێ، تەلارسازی ئاینده، کە تیایدا هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی یەک بگرێ لەگەڵی و هەموویان بەیەکەوە یەک هونەر دروست بکەن، یان پێکبهێنن، ڕۆژێک دادێ دەستی ملیۆنان کارگەر بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، وەک سەمبۆلێکی کریستاڵی ڕوانینێکی تازە..)

زۆر بەخێرایی کۆمەڵێک هونەر دێن و خۆیان دەگەیەننە باوهاوس بۆ بەشداری کردن لەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەدا، وەک کاندنسکی و پۆل کلێ، دەرهێنەری شانۆگەری و کۆریگراف (سەماناس) ئۆسکار شلێمەر- O. Schlemmer، کە هونەرەکانی نواندن و نمایش سەراو بن دەکا و سەرلەنوێ شتێکی تازەتر پێشکەش دەکا کە لەنواندن و سەما پێکهاتبێ. هەموو ئەم هونەرمەندانە لەگەڵ هاتنی نازیزم پەرتوبڵاو دەبنەوە و ئاوارە دەبن. گرۆپیوس ناچار دەبێ لە ئەڵمانیا ڕابکا و ساڵی ١٩٣٣ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگیر دەبێ.

## بورلێسک- Burlesque

زاراوەیەکە لە زمانی ئیتاڵییەوە کەوتۆتە ناو زمانەکانی تری ئەوروپایی، بە مانای فۆرمێکی تایبەتی کۆمێدی دێ کە پێوەندی بە ڕۆشنبیری و کولتووری میللییەوە هەیە، بە تایبەتی پێوەندی بەو جەژنە میللییانەوە هەیە کە لە سەردەمی بووژانەوە، یان لە سەدەکانی ناوەڕاست بە شێوەی کەرنەڤال بەرپا دەکران.

باختین یەکێ لەو کەسانەیە کە زۆر جوان باسی کەرنەڤاڵ و بورلێسکی کردووە.

بورلێسک لە زمانی عەرەبی بە مانای (هزلی، سخرية) دێ، دەشێ لە کوردی بە گاڵتەجاری و گەڕەلاوژە وەربگێڕدرێ کە ئاستێکی کۆمێدی زۆر نزمە، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو زاراوەکە وەکو خۆی دابنێینەوە. ئەم جۆرە کۆمیدییە سوود لە ئاوەژووکردنەوەی مانا و زەیف و فێڵ وەردەگرێ بۆ وەرگێڕانی نیشانەکانی گەردوون، یان جیهان، (گاڵتەجاڕی- farce) ناوەرۆکی سەرەکی پێکدەهێنێ. نواندن و نمایشە کۆمێدییەکان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بورلێسکەوە هەیە، یان جۆرێکە لێی، هەروەها نمایشی لێبوک (مهرج)یش. لەنێوان ساڵانی ۱۹۲۰ تا ۱۹۳۰ لە سینەمادا زۆر بەکارهاتووە، وەک فیلمەکانی ماکس لیندەر- M.Linder، چاپلن- Chaplin، بوستەر کیتۆن- B.Keaton، مارکس برازەرس- M. Brothers.

لە سەدەی حەڤدە بورلێسک لە فرانسا دەبێتە مۆدێلێکی ئەدەبی تایبەتی. پێشەنگی بورلێسک لە فرانسا (سکارۆن- Scarron)ە، هەڵبەت دوای بلاوکردنەوەی کۆمەڵە شیعری (هەندێ شیعری بورلێسک) لە ساڵی ١٦٤٣. لەلایەن ئەسوسی- Assoucy لەگەڵ کتێبی (دادگایی پاریس) سوودی لێ وەرگێراوە، هەروەها لەلایەن پێرۆ- Perrault لە (دیوارەکانی ترواده- Les Murs de Troie) نووسەر ئەو وێنە مەزنەی کەسایەتییەکان لە ئینادە هەیانە، لێیان دادەماڵێ و بچووکیان دەکاتەوە و دەیانهێنێتە ئاستی کەسانی ئاسایی. کە بورلێسک دەکەوێتە ناو (بێ مانایی) زوو بزر دەبێ. بوالۆ- Boileau، ڕەخنەگری فرانسی ناسراوی ئەو سەردەمە لە کتێبی (هونەری شیعر- Art Poetique) دژی دەوەستێتەوە، بەڵام ماریڤۆ- Marivaux لە سەدەی هەژدەم درێژەی پێ دەدا، وەک لە کتێبی (هۆمیرۆس خۆگۆڕ- Homere trabesti) کە لە ساڵی ١٧٣٦ بلاوبۆتەوە بە جوانی دەردەکەوێ.

بورلێسک نەیتوانی وەک جۆرێکی ئەدەبی درێژە بە خۆی بدا، بەڵام لەناو کۆمێدی هەردەم دەدۆزرێتەوە.

## پارۆدی- Parodie

پارۆدی بە زۆر مانا دێ وەک: لاسایی کردنەوەی ساتیریکی، شێواندن، وێنەیەکی ساتیریکی، هەندێ جار لە بورلێسک و گاڵتەجاڕی نزیک دەبێتەوە. بەگشتی واتە کارێکی ئەدەبی لاسایی کەرەوەی کارێکی ئەدەبی ڕەسەن بێ و مانای ڕەسەنی کاری دووەم بشێوێنێ. بۆ نموونە ڕۆمانی دۆن کیخۆتە-ی سێرڤانتێسس، نموونەیەکی پارۆدی جوانە بۆ ڕۆمانی سوارچاکی سەدەکانی ناوەڕاست. شانۆگەرییەکانی مۆلییێر پڕیەتی لە پارۆدی، بۆ نموونە لە شانۆگەری (بە زۆر کراوە بە پزیشک) گاڵتە بە زمانی پزیشکەکان دەکا، لە شانۆگەری ژنە زاناکانیش بە هەمان شێوە. کێشەی سەرەکی پارۆدی ئەوەیە، لەو ساتەی دەیەوێ مۆدێلێک ئاوەژوو بکاتەوە، لە هەمان کاتدا وەریدەگرێتەوە و بەکاری دەهێنێتەوە. پارۆدی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆشی بە (نێوتێکست- Intertextualite)ەوە هەیە، کە ئەمەی دوایی زۆرجار زاراوەی (دەق ئاوێزان)یشی بۆ بەکاردەهێنرێ.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی چوارده ساڵەی تەمەنی ڕامان

# تا ئێستاش (ڕامان)م بە سەنگینترین و ڕاقیترین گۆڤارەکانی بواری ڕۆشنبیری کوردی زانیوە

زانا خەلیل

پرسیاری جەوهەری و گرنگ ئەوەیە: بۆچی بوونی گۆڤاری (ڕامان) زەروورەتێک بووە و مانەوەشی پێویستترە؟

– لەو سێ چوار ساڵەی دوایی خەریکە یەکەم هەنگاو بەرەو تایبەتمەندبوون لە میدیای کوردیدا بەگشتی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە تایبەتی دەهاوێشترێ، کە ڕامان لە دامەزراندنییەوە تا ئێستا بەو ڕەوتە ڕاستەدا هەنگاو دەنێ.

– پاراستنی تایبەتمەندی لە بواری ڕۆشنبیری و ئەو سەنگینی و گرانییەی کە بۆتە ناسنامەی ڕامان لە بڵاوکردنەوە و لێک جیاکردنەوەی بەرهەمەکان یەکێک لەو هۆیانەیە کە هەمیشە ڕامان بەسەرکەوتوویی خۆیمان نیشان دەدا.

– دیزاینی جوان و بێ هەڵەیی لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکاندا یەکێکی ترە لەو هۆیانەی کە وا لە نووسەر دەکات حەز بکا بەرهەمەکانی لەو گۆڤارەدا بڵاو بکاتەوە.

– گۆڤاری ڕامان گۆڤارێک نییە تەنیا لەپێناوی دەرکردنی گۆڤار دەربچێت، وەک زۆر لەو گۆڤارانەی ئێستا دەردەچن، ئامانج لە دەرکردنی ئەو جۆرە گۆڤارانە تەنیا دەرکردنی گۆڤارە، کەچی ڕامان بە سیاسەت و نەهج و پرۆگرامێکی دیار کار دەکات و دەزانێ دەیەوێ چی بکات و بە وردی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو هەنگاو دەنێ.

– دەرچوونی ڕامان لە کاتی خۆیدا لە هەموو مانگێکدا و جێبەجێکردنی ئەو پەیمان و ژوانەی کە لەگەڵ خوێنەراندا هەیەتی یەکێکی ترە لەو هۆیانەی کە وای کردووە ببێتە جێی متمانەی خوێنەرانی خۆی.

– ڕامان وەک سەنتەرێک بۆ بەیەک گەیاندنی نووسەرانی کورد لە هەر کوێیەکی دنیابن، ڕۆڵی بەرچاو و گرنگی خۆی هەیە، بە واتایەکی تر ڕامان هەموو سنوورەکانی دنیای لەنێوانی نووسەران تێک شکاندووە، کە ئەوەش هۆیەکە بۆ ئاگاداربوون لە هەموو ئەو جووڵە و گۆڕانانەی کە لە ئەدەبیاتی کوردی و جیهانیدا ڕوودەدەن.

– هەندێ جار گلەیی ئەوە هەیە کە ڕامان گۆڤارێکی پڕفرۆش نییە، ئەمە لە هەموو دنیا هەر ئاوایە، گۆڤارێک کە بەو تایبەتمەندییەوە دەردەچێت و بە تایبەتیش لە بواری ڕۆشنبیریدا کار بکات، تەنیا خەڵکی پرۆفیشناڵ دەیخوێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشەوە ڕامان خاوەنی خوێنەرێکی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ چەندییەتی خوێنەری کورد بەشێوەیەکی گشتی.

– بە درێژایی ئەو چوارده ساڵە، بەردەوامبوون لە دەرکردنی گۆڤارێکی ئاوا، دیسان خاڵێکی هەرە گرنگە و بەهێزی ئیرادە و ڕوحی بەرگری ستافی کاری ئەو گۆڤارەمان نیشان دەدا.

– ڕامان ئێستا وەک سەرچاوە شوێنی بەرچاو و دیاری هەیە، زۆرێک لەو قوتابیانەی کە لە بوارەکانی زمان و ئەدەبیاتدا دەخوێنن، سەرچاوەی سەرەکی باسەکانی دەرچوونیان ئەو گۆڤارەیە، بە واتایەکی تر بۆ خوێندنەوەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا (ڕامان) سەرچاوەیەکی سەرەکی و جێی باوەڕ و پڕ لە زانیارییە، کە ئەوەش خزمەت و ئاسانکارییەکی یەکجار زۆری پێشکەش بە ئەدەبیاتی کوردی کردووە.

– لە کۆتاییدا ئەو سەرکەوتنە گرنگەی کە ئەو گۆڤارە تا ئێستا بە دەستی هێناوە و ئومێد دەکەین کە لە ئایندەشدا زیاتر بە دەستی بێنێ، بە پلەی یەکەم بۆ سەرنووسەری ئەو گۆڤارە (کاک ئازاد عەبدولواحید) و ستافی کاری ئەو گۆڤارە دەگەڕێتەوە ، دەستخۆشییان لێدەکەم و منیش یەکێکم لەو خوێنەرانەی کە لە یەکەمین ژمارەکانی ئەو گۆڤارەوە تا ئێستاش، ئەو گۆڤارەم بە سەنگینترین و ڕاقیترین گۆڤارەکانی بواری ڕۆشنبیری کوردی زانیوە، بۆیە هەمیشە لە سەرخستنی ئەو گۆڤارەدا بە گوێرەی ئەو توانا کەمەی کە من لەو بوارەدا هەمە هاوکاری دەبم.

# نامەی گۆران بۆ مارف خەزنەدار

کاک مەعرووف. ڕۆژباش

لە ڕۆژی ١٠/٤/ ١٩٦٢ەوە لە مۆسکۆم. لەگەڵ گەیشتنم، هیچ درەنگ نەدرام، ڕاست بەکێش کرام بۆ نەخۆشخانەی یەکەمی کەرەملین. لە نەخۆشخانەش هەتا ئەمڕۆ پوولی پۆستەم چنگ نەکەوت، لەبەر ئەوە تا ئێستا نووسین و ناردنی ئەم نامەیە دواکەوت، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لە عیراق دەرچووم، نیازم وابوو لەگەڵ گەیشتنم بە مۆسکۆ، دەستبەجێ ڕەوانەی بکەم، بەڵام عزەدین (١) زوو پێی زانیم و توانی لە پاش دوو ڕۆژ خۆی بگەیەنێتە لام.

لە هاتنما جەمالی برات هەتا فڕۆکەخانەی بەغدا ڕەوانەی کردم. ئاگاداری کردم لە لەش ساغیی هەموو ئەندامانی خێزانت بە منداڵەکانتەوە. ئەو دەستەیەش لەگەڵی بوو بە (مەلا محەمەد کەریم(٢) و حەمە کەریم (٣) و... هتد) هەموو سڵاویان پێشکەش ئەکرد.

هەندێ ڕاسپێریشم پێیە، هەڵمگرتووە بۆ کاتی دیدەنیمان ئەگەر بۆمان بلوێ، من ئێستا نازانم تا چەندی تر لەم نەخۆشخانەیە ئەبم، یان دوایی ئەچم بۆ کام بنکەی حەسانەوە دەچم، ئەگەر سەردانم بۆ خۆت نالوێ بەهۆی لیژنەی ئاشتیخوازانی مۆسکۆوە(..... peac)ەوە نامەم بۆ بنووسە. ئەو کاتە منیش چیم پێیە لە کاغەزی دووەمدا بۆت هەڵئەڕێژم.. هەندێ دۆستم لەناو ئەندامانی یەکێتیی نووسەرانی تاشقەنددا هەیە، نازانم ئەیانبینی؛ لە ڕێکەوتا سڵاومیان پێ بگەیەنی؟

لە بارەی ناساغییەکەمەوە هیچ خەمت نەبێ، زۆرباشم، تەنانەت ئەمڕۆ پزیشکەکەم سەربەستی کردم بۆ خواردنی هەرچی دڵم دەیگرێ.

ئیتر جارێ خوات لەگەڵ، برام.

**١- عزەدین: مەبەستی د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵە.**

**٢- مەبەستی محەمەدی مەلا کەریمە.**


**٣- مەبەستی محەمەد کەریم فەتحوڵڵایە.**


**ئیمزا**

**دڵسۆزتان گۆران**

**١٩٦٢/٤/٢٧ مۆسکۆ**

**ئا: ڕامان**






# ئەدەبی نەوەی نوێ

ئارام سدیق
(سلێمانی)



یەکێک لەو باسانەی کە ناوبەناو لە بڵاوکراوە ئەدەبییەکاندا بابەت و لێدوانی جۆراوجۆری لە بارەوە دەدرێت مەسەلەی ئەدەبی نەوەی نوێیە، ئەو نەوەیەی لە پاش ڕاپەڕین چاوی کراوەتەوە و لە دەیەیەک زیاتر نابێت بەرهەمەکانی بڵاودەکاتەوە. زۆرجار گوێمان لە بۆچوونی سەیر و سەرنجڕاکێش دەبێت لەمەڕ ئەم نەوە نوێیە و بەشێک لەو بۆچوونانە بە شانوباڵی ئەم نەوەیەدا هەڵدەڵێن و پێیانوایە، کە گەنجانی خاوەن داهێنان لەنێو ئەم نەوەیەدا بوونی هەیە و دەکرێت کۆشکی ئومێد لەسەر داهێنانەکانی ئەوان هەڵبچنرێت. هاوکات بەشێکی تر لەو بۆچوونانە پێیان وایە نەوەی نوێ هیچی نەکردووە و هێشتا سیمای تەواوەتی نووسینەکانیان دیاری نەکراوە، کە من لام وایە ئەو بۆچوونەی دووەم زیاتر بابەتیانەیە و ناتوانرێت بە تەنیا بینینی چەند دەقێکی نووسەرێکی گەنج ئیتر بڕیار لەسەر باش، یان خراپی ئەو نووسەرە بدرێت.

لە ڕاستیدا دیاریکردنی سیمای ئەدەبی دەیەیەک، یان نەوەیەک، ناکرێت بە لێدوانی سەرپێیی و بە وتاری کورت دەرببڕدرێت، بەڵکو ئەوە پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر و لێکۆڵینەوە هەیە. چۆن ئێمە بتوانین بەر لەوەی نووسەرێک کتێبێکی چاپ کردبێت، یان ژمارەی تێکستە بڵاوکراوەکانی لە پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕ نەبن، بڕیاری ئەوە بدەین، کە ئەو نووسەرە داهێنەرە، یان داهێنانی کردووە. بێ گومان بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام نووسەر و کام تێکست داهێنەرە، ئەوە نابێت حوکمی پێشوەختی لە بارەوە بدرێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە ڕۆژگار حوکم بدات، نەک مەزاجی شەخسیی نووسەرێکی بەتەمەن.

لە ئێستادا ئەو تێکستانەی دەقی نەوەی نوێن و لە بڵاوکراوە جۆربەجۆرەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، کەم تا زۆر ئاگاداریانم و پێم وانییە هیچ کام لەو دەقانە توانیبێتیان وەکو تێکستێکی جیاواز دەربکەون و لە بابەتێکی جیاواز بدوێن و لە فۆرم و ڕوانگەی جیاوازەوە لە دنیا بڕوانن و خاوەنی دنیابینی تایبەتی خۆیان بن، نەک سێبەری تێکستەکانی پێش خۆیان. لام وایە ئەگەر نووسەرێکی نوێ خواستی ئەوەی نەبێت، کە نووسەرانی پێش خۆی تێپەڕێنێت و باشتر لەوان بنووسێت، ئەوە ناتوانێ وەک ئەوانیش بنووسێت. خۆ ئەگەر نووسەرێک خواستی ئەوەی هەبێت وەکو نووسەرێکی پێش خۆی بنووسێت و لەو بچێت، ئەوە بێ گومان دەبێتە کۆپییەکی خراپی ئەو نووسەرە، نەک وەکو ئەو، واتە کێشەکە لەوەدایە ئەو نەوە نوێیەی دەنووسن (لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆیان و خۆشم سەر بەو نەوەیەم)، بەڵام من ئەو خواستی تێپەڕاندنی نەوەی پێش خۆیانیان تێدا نابینمەوە، هەر بۆیە بەرهەمەکانیان سێبەری بەرهەمی نەوەکانی پێشوون، نەک تێکستێک کە خۆی خاوەنی تایبەتمەندی بێت و ئێمە پێشتر پێی ئاشنا نەبووبێتین. بێ گومان لێرەشدا حاڵەتی دەگمەن و تێکستی جوان دەبینین، بەڵام هێشتا زووە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئەم نووسەرە داهێنەرە، یان نا.

لە ئێستادا ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ئێمە چاوەڕوانی تێکستی زیاتری نووسەرانی نەوەی نوێ بین و هانی ئەو دەنگانە بدەین، کە تروسکەی داهێنانیان تێدایە و بواری ئەوەیان بۆ بڕەخسێنین گەشە بکەن. نەک خۆمان بە دیاریکردنی سیمای داهێنانی دەیەکانەوە سەرقاڵ بکەین، لە کاتێکدا هێشتا ناڕوونییەکی زۆر لەو دەنگانەدا هەیە کە لەو دەیەیەدا دەرکەوتوون. لە ئێستادا لام وایە زووە بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەدەبی نەوەی پاش ڕاپەڕین بکرێت، نەک نەوەی نوێ، چونکە هێشتا سیمای تەواوەتی نەوەی پاش ڕاپەڕینیش بەتەواوی دیار نییە. ڕەنگە وەک ناو بتوانین ڕستێک ناوی زۆر ڕیز بکەین، بەڵام وەک بەرهەمی داهێنان و جیاکاری لەگەڵ نەوەی هەشتاکان قسەکردن لە بارەیەوە سانا نییە، واتە هەموو قسەکردنێکیش لە ئێستادا لە بارەی ئەدەبی نەوەی نوێوە، قسەکردنێکی بێ بەرنامە و ناپێویستە.